خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

---

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا

مەلالای جۆیا

لە ئینگلیزییەوە:
دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

له بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا
زنجیره (136)

ناوی كتێب: ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاكاندا
بابەت: بیرەوەریی
ناوی نووسەر: مەلالای جۆیا
وەرگێڕانی: دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز كەمال و كەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانه
ساڵی چاپ: 2016
چاپخانه: حەمدی
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوكراوەكانی: دەزگای ئایدیا بۆ فكر و لێكۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**

**ideafoun@gmail.com**

**www.facebook.com/dezgai.idea**

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانه گشتییەكان
ژمارەی سپاردن ( 1652 )ی ساڵی2016ی پێدراوه

# ژنێك لەنێو سەردەستەی میلیشیاکاندا

مەلالای جۆیا

لە ئینگلیزییەوە:
دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر

2016

# پێڕست


پێشەکی................................................................7

بەشی یەکەم: لەڕێگەی فەرەحەوە........................................15

بەشی دووەم: گەورەبوون لە پاکستان...................................35

بەشی سێیەم: تارمایی تاڵیبان..............................................61

بەشی چوارەم: نۆڕینگەیەك، هەتیوخانەیەكو داگیرکارییەکی دی..............85

بەشی پێنجەم: «مەلالایەکی تر، مایوەندێکی تر»...........................105

بەشی شەشەم: یادەوەری گەڕانەوەم بۆماڵەوە................................131

بەشی حەوتەم: وەرزێکی مەترسیدار........................................157

بەشی هەشتەم: ئاهەنگی هاوسەرگیریو هەڵبژاردن........................183

بەشی نۆیەم: خانەی سەردەستەی میلیشیاکان..............................207

بەشی دەیەم: دەرکردن...........................................................239

بەشی یانزەیەم: تێڕوانین لە هەندەرانەوە.....................................265

بەشی دوانزە: مەلێکی تەنها باڵ..............................................293

بەشی سیانزە: ئەو جەنگەی کۆتایی نایەت....................................323

بەشی چواردە: ئەو رێگا دورودرێژەی لەپێشمانە............................353

دوا وتە.............................................................................375

کۆتایی: هەر دڵۆپ دڵۆپی ئاوە، رووبار دروست دەکات.....................389

# پێشەکی

## خۆڵکردنە چاوی جیهان

من خەڵکی وڵاتێکی لێوڕێژم لە تراژیدیام، کە پێیدەڵێن ئەفغانستان.

ژیانم چەند گۆڕانکارییەکی نائاسایی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام لەچەندین ڕەهەندەوە، چیرۆکەکەم بەسەرهاتی نەوەیەکی ئەفغانستانە. لە ماوەی ئەو سی ساڵەی کە تێیدا ژیاوم، وڵاتەکەم بەدەست بەڵا، کارەسات و جەنگی بەردەوامەوە ناڵاندویەتی. زۆرینەی ئەو ئەفغانیانەی لەتەمەنی مندان، یاخود گەنجترن، تەنها مانای خوێنڕێژیو ئاوارەیی و داگیرکاری دەزانن. کاتێك لەئامێزی دایکمدا منداڵێکی ساوا بووم، یەکێتی سۆڤیەت وڵاتەکەمانی داگیرکرد. کاتێك چوار ساڵان بووم، ناچاربووین لەگەڵ خێزانەکەمدا وەك پەنابەر بچینە ئێران، پاشان لە پاکستان بژین. لە جەنگی ساڵانی هەشتاکاندا، ملیۆنەها ئەفغانییان کوژران، یان هاوشێوەی خێزانەکەم دەربەدەرکران. دواجار کاتێك روسەکان وەدەرنرانو حکومەتە کارتۆنییەکەیان روخێنرا، توشی شەڕێکی قورسی ناوخۆیی لەنێوان سەردەستەی میلیشیا ئوسوڵگەراکاندا بووینەوە، دوای ئەوانیش فەرمانڕەوایی تاڵیبانی بەدکردارو دواکەوتوی بەدوادا هات.

لەدوای کارەساتی 11ی سێپتێمبەرەوە، زۆرێك لە ئەفغانییەکان پێیانوابوو لەگەڵ رووخانی تاڵیباندا، لەشێت هەندێك رووناکی، دادپەروەری و پێشکەوتن بێتەئاراوە، بەڵام وا دەرنەچوو. جارێکی تر ئەفغانییەکان لەلایەن ئەوانەوە، کە بانگەشەی هاوکاریکردنیان دەکردن، ناپاکییان بەرامبەر کرا. زیاتر لەحەوت ساڵ پاش داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، هێشتاش لەبۆتەی داگیرکاری دەرەکیدا دەخولێینەوە، حکومەتیش گەرچی پشتگیری ئەمەریکای هەیە، بەڵام پڕە لەو سەردەستانەی میلیشیا، کە کتومت هاوشێوەی تاڵیبانن. لەباتی بەدادگایی گەیاندنی ئەم سەردەستە خوێنڕێژانە،

لەپای ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هاتون ئەم کەسانەیان لەپێگەی دەسەڵاتدا جێگیرکردووەو لەڕێی بەکارهێنانی دەسەڵاتیانەوە، بەردەوامن لەتۆقاندنی هاووڵاتیانی ئەفغانی.

ڕەنگە بیستنی ئەمە راچڵەکێنەر بێت، وەك ئەو راستییەی دەربارەی ئەفغانستان هەیە، لەپشت پەردەی قسەو وێنەی تەماوییەوە شاردراوەتەوە و بەوردی لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکا نییەوە لە ناتۆ داڕێژراوە، سەیر ئەوەیە بەردەوام دوپاتدەکرێنەوە، بێئەوەی میدیاکانی رۆژئاوا هەڵوێستەی لەسەربکەن.

پێدەچێت پێتانوابێت، کە لەگەڵ رووخانی تاڵیباندا، یەکسانی و دادپەروەری باڵی بەسەر وڵاتەکەمدا کێشابێت، ژنانی ئەفغانی وەك من لەهەڵبژاردندا دەنگدەدەن و خۆهەڵدەبژێرن، هاوکاری دەکرێن، وەك بەڵگەیەك لەسەر ئـەوەی، گوایە هێزی سەربازی ئەمەریکا دیموکراسی و مافی ژنانی بۆ ئەفغانستان هێناوە، بەڵام ئەمە سەرلەبەری درۆ و خۆڵکردنە چاوی جیهانە.

من لاوترین ئەندامی پەرلەمانی ئەفغانستانم، بەڵام لەپۆستەکەم لادرام‌و هەڕەشەی کوشتنم لێکرا، لەبەرئەوەی چی راستە لەبارەی سەردەستەی میلیشیاکان‌و تاوانکاری حکومەتە کارتۆنییەکەی حامید کارزایەوە، دەیڵێم. تا ئێستا لانی کەم لەپێنچ هەوڵی کوشتن‌و ژمارەیەکی زۆری پلانگێڕی رزگارم بووە، لەبەرئەمە ناچارکراوم لەوڵاتەکەی خۆمدا وەك هەڵهاتویەك بژیم. خاڵێکی متمانەدار بەرپرسی دەستەی پاسەوانەکانمەو نزیکەی هەموو شەوێك شوێنی مانەوەمان دەگۆڕین، تا دوژمنەکانمان زەفەرمان پێنەبەن.

بۆ شاردنەوەی شوناسم، دەبێت لەژێر جلوبەرگی قورسی بورکادا* هاتوچۆ بکەم، لای من هێمای چەوساندنەوەی ژنانە وەك کفنێك وایە لەبەر مرۆڤێکی زیندودا. تەنانەت لەڕۆژە رەشەکانی سەردەمی تاڵیبانیشدا، دەمتوانی لەژێر ئەو بورکایەدا بڕۆمە دەرەوە و لەشوێنە پەنهانەکاندا وانە بەکچان بڵێمەوە،

بەڵام ئێستا لەژێر بورکاکەم و لەگەڵ پاسەوانە چەکدارەکانیشمدا هەست بە سەلامەتی ناکەم. میوانەکانم بۆ چەك دەپشکنرێن، تەنانەت لەئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەشمدا، دەبوایە گوڵەکان بپشکنرێن لەبەر مەترسی بوونی بۆمب تیایاندا. ناتوانم ناوی ئەندامانی خێزانەکەم و هاوسەرەکەم ئاشکرا بکەم، چونکە توشی مەترسی خراپ دەبن. لەبەر هەمان هۆکاریش، چەند ناوێکی دیکەی ناو ئەم کتێبەم گۆڕیوە.

ناوی خۆم ناوە (جویا)، ناوێکی خوازراوەو لەسەردەمی تاڵیباندا، کاتێك وەك چالاکوانێك بەپەنهانی کارمدەکرد ئەو ناوەم بەکاردەهێنا. جویا وەك ناوێك، گرنگییەکی زۆری هەیە لە وڵاتەکەمدا. سەروەر جویا، نوسەرو شاعیرو دەستورناسێکی ئەفغانی بوو، لەسەرەتای سەدەی بیستداو دژی نایەکسانی تێدەکۆشا. نزیکەی بیستوچوار ساڵی ژیانی لەبەندیخانەکاندا بەسەربرد، دواجاریش لەبەرئەوەی نەیدەویست دەستبەرداری بیرو بنەما دیموکراتییەکانی ببێت لەناوبرا.

دەزانم، بەوەدا کە نامەوێت دەست لە بەرهەڵستیکردنی سەردەستەی میلیشیاو ئوسوڵگەراکان هەڵبگرم، ناخوازمو نەرمی نانوێنم لەسەرکۆنەکردنیاندا، ئەشێت ناوم بچێتە پاڵ ناوی جویاو لیستی دوروودرێژەی ئەو ئەفغانیانەی لەپێناو ئازادیدا گیانیان سپاردووە، بەڵام خۆ ناتوانیت سازش لەسەر راستییەکان بکەیت. من لەمەرگی پێشوەخت ناترسم، لەدۆخێکدا پێشخستنی یەکسانیو دادپەروەری لێبکەوێتەوە. تەنانەت گۆڕیش ناتوانێت بێدەنگم بکات، چونکە دوای منیش کەسانی تر هەنو لەسەر ئەم رێبازە بەردەوام دەبن.

ئەوەی مایەی دڵگرانییە ئەوەیە، کوشتنی ژنێك لە ئەفغانستان وەك کوشتنی باڵندەیەك وایە. ئەمەریکا بەقسەی زلو باقوبریقی وەك (ئازادکردنی ژنە ئەفغانییەکان) هەوڵیداوە پاساو بۆ داگیرکردنەکەی بهێنێتەوە، بەڵام

لەوڵاتەکەماندا بەبێ دەستگەیشتن بەیەکسانی هەر لە قەفەسداین، تا ئەم ساتەش لەلایەن تاوانکارە رق-لەژنەکانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێین. هێشتا فەندەمێنتالیستەکان دەڵێن «ژنان یان دەبێت لەماڵی خۆیاندا بن، یاخود لەگۆڕدا». هێشتا لەزۆربەی شوێنەکاندا ئەگەر ژنان دانەپۆشراو بن، یان بەتەنهاو بێ نێرینەیەکی ناسیاو بەشەقامەکاندا گوزەربکەن، ئەوا ژیانیان لەمەترسیدایە. هێشتا کچان لەهاوسەرگیریدا دەفرۆشرێن. لاقەکردن هەموو رۆژێك روودەدات و تاوانکاریش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت.

لە ئەفغانستان تەمەنی ژنـانو پیاوان زۆر کورتە، هــەردەم بە هۆی توندوتیژی، لەدەستدانی کەس، خەم و پــەژارەوە دەژاکێن. لێرە مەودای تەمەن کەمترە لە چلوپێنج ساڵ، ئەمە ئەو تەمەنەیە، کە لە رۆژئاوا پێیدەڵێن «ناوەڕاستی تەمەن». ئێمە لەوپەڕی هەژارییدا دەژین. %70ی ئەفغانییەکان ژیانی رۆژانەیان لەسەر کەمتر لە دوو دۆلار دەگوزەرێنن. وەك خەمڵێنراوە، زیاد لەنیوەی پیاوان و %80ی ژنانی ئەفغانی نەخوێندەوارن. لەو چەند ساڵەی رابردودا، سەدەها ژن ئاگریان لەجەستەیان بەرداو ژیانی خۆیان لەناوبرد، تا لە تەنگو چەڵەمەکانی دنیا قوتاریان بێت.

ئەمە ئەو مێژووەیە، کە من پێیدا تێپەڕیوم، ئەو بارودۆخە جەرگبڕەیە، کە لەگەڵ کەسانی تردا بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری کاری لەسەر دەکەین، من هیچ لەو خەڵکە ستەمدیدەیە باشتر نیم. چارەنوس و مێژوو بەچەند شێوەیەك منی کردۆتە «دەنگی بێدەنگ»ی ئەو هەزارەهاو ملیۆنەها ئەفغانییەی، دەیەها ساڵە لەبەرامبەر تاڵاوی جەنگو نادادپەروەریدا خۆڕاگربوون.

چەندەها ساڵە پشتیوانەکانم هانمدەدەن کتێبێك دەربارەی ژیانم بنوسم، منیش هەمیشە رەتمکردوەتەوە، لەبەرئەوەی دەربارەی خۆم بنوسم هەست بەئاسودەیی ناکەم. دەزانم خودی بەسەرهاتەکانم بەتەنها گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام دواجار هاوەڵەکانم رازییانکردم دەستبکەم بەنوسینی ئەم کتێبە،

وەك ڕێگایەك بۆ باسکردنی نەهامەتییەکانی گەلی ئەفغانستان لە گۆشەنیگای ئەندامێکی نـەوەی سەردەمی شـەڕی وڵاتەکەمەوە. هـاوڕابـووم لەسەر بەکارهێنانی هەژموونە تایبەتیەکانی خۆم، وەك دەروازەیەك بۆ گێڕانەوەی مێژووی سیاسی ئەفغانستانو سەرنجخستنە سەر سێ دەیەی فەرمانڕەوایی خـراپو سەرکوتکاری، گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو هەڵمەتە مەترسیدارەی بەڕێوەمبرد بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی هەژاری پارێزگاکەمو ئەو پەلامارە زارەکیو جەستەییانەی، وەك ئەندام پەرلەمانێك یەخەیانپێگرتم، هەروەها باسی ئەو فێڵو تەڵەکەو پلانگێڕییە نایاساییانە بکەم، کە بۆ دورخستنەوەم لەپۆستەکەم گیرابوونە بەر، هەرچەند بەهەڵبژاردن بەدەستمهێنابوو. هەموو ئەمانە ئەو گەندەڵیو نادادپەروەرییانە ئاوەڵادەکەن، کە کۆسپ و تەگەرەن بۆ ئەفغانستان لەهەمبەر بەدیهێنانی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەدا. لێرەوە ئەشێت بڵێین ئەمە تەنها چیرۆکی من نییە، بەڵکو بەسەرهاتی گەلە تێکۆشەرەکەمە.

لەدوای تراژیدیای 11ی سێپتێمبەرەوە، زۆر کتێب دەربارەی ئەفغانستان نوسراون، بەڵام کەمێکیان وێنەیەکی ڕاستو تەواوی ڕابردوی وڵاتەکە دەخەنە بەردیدەی خوێنەر. زۆربەیان بەدورو درێژی باسی سەردەستەی میلیشیایی و ستەمکارییەکانی ڕژێمی تاڵیبان دەکەن، بەڵام هەمیشە یەکێك لەسەردەمە هەرە تاریکەکانی مێژووەکەمان فەرامۆشدەکەن، یاخود دەشارنەوە، ئەویش فەرمانڕەوایی موجاهیدە ئوسوڵگەراکانە لەنێوان ساڵانی 1992 و 1996دا. هیواخوازم ئەم کتێبە سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت بۆ ئەو زەبرو زەنگانەی ئەم سەردەستە میلیشیایە ئەنجامیانداو لەئێستادا دەستییان گرتووە بەسەر ڕژێمەکەی حامید کارزایدا.

هاوکات هیواخوازم ئـەم کتێبە ببێتە مایەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە بێشومارانەی دەربـارەی ئەفغانستان بڵاوبوونەتەوە. هەندێکجار لەڕاگەیاندنەکاندا ئەفغانییەکان وەك گەلێکی دواکەوتوو، تیرۆریست، تاوانکارو

داردەست وێنادەکرێن. ئەم وێناکردنە هەڵەیە لەڕادەبەدەر مەترسیدارە بۆ وڵاتەکەمو ڕۆژئاواش. ڕاستی ئەوەیە، کە ئەفغانییەکان گەلێکی نەبەردن و ئازادییان خۆشدەوێت، مێژوویەکی شکۆمەندو کولتورێکی دەوڵەمەندیان هەیە. ئێمە هەم توانای پارێزگاریکردنی سەربەخۆییو خۆبەڕێوەبردن، هەم بڕستی بڕیاردانمان لەچارەنوسی خۆمان هەیە.

لەمێژە ئەفغانستان وەك مەیدانێکی مەترسیدار بەکاردەهێنرێت بۆ (یاریی گەورەی) نێوان زلهێزەکان، هەر لە ئیمپراتۆری بەریتانییەوە، تا ئیمپراتۆری سۆڤییەت، لەئێستاشدا ئەمەریکییەکانو هاوپەیمانەکانی، کە هەوڵیاندا لەڕێی دابەشکردنییەوە فەرمانڕەوایی بکەن. ئەوان پارەو دەسەڵاتیان بەخشیوەتە جـەردەو ئوسوڵگەراو سەردەستەی میلیشیاکان، ئەمانیش لای خۆیانەوە گەلەکەمانیان بەرەو نەهامەتیو هەڵدێری سەخت بردووە. ناخوازین خراپ بەکاربهێنرێین و وێنایەکی ناشرینمان نیشانی جیهان بدرێت. نیازمان بە ئاسایشو دەستی هاوکاریی هاوەڵەکانمانە لەسەرانسەری جیهاندا، نەك ئەم (جەنگی تیرۆر)ەی لەلایەن ئەمەریکاوە سەرکردایەتی دەکرێتو لەڕاستیدا جەنگێکە دژی گەلی ئەفغانستان. گەلی ئەفغانی تیرۆریست نین، بەڵکو ئێمە قوربانی دەستی تیرۆرین. ئێستا خاکی ئەفغانستان پڕە لەکێڵگەی مین، فیشەك، تەقەمەنی و بۆمب، لەکاتێکدا ئەوەی ئێمە زۆر پێویستمانە نەخۆشخانە، نۆڕینگەی پزیشکی و قوتابخانەی کوڕانو کچانە.

هەروەها نابەدڵ بووم لەنوسینی ئەم یادەوەرییە، چونکە هەردەم بیرمدەکردەوە، کە پێویستە سەرەتا کتێب دەربـــارەی ئـەو چالاکوانە دیموکراتخوازانەی مێژووی ئەفغانستان بنوسرێت، کە شەهیدکراون، هەڵبەت لەگەڵ ژنو پیاوە پاڵەوانەکانیدا. هەمان هەستم هەیە دەربارەی هەندێك لەو خەڵاتە نێودەوڵەتییانەی لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن گروپە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤەوە پێمبەخشراون. ئەوانەی لەپێش منەوە ئەو ڕێچکەیان

گرتووەتەبەر شایەنی زیاترن. ئەو ڕێزلێنانە بۆ من سەربەرزییە، بەڵام خۆزگە دەخـوازم ئەو خۆشەویستیو پشتیوانییەی بە من بەخشراوە، بدرابایە بە منداڵانی بێباوك و بێوەژنانی ئەفغانی. بۆ من، ئەو خەڵاتو ڕێزلێنانانە بۆ هەموو گەلەکەمەو هەر پاداشتێکی پێمبگات، تەنها نەختێك هەستی زیاتری بەرپرسیارێتی بۆ خەباتە هاوبەشەکەمانم دەخاتەئەستۆ. لەبەر ئەم هۆیە، هەموو ئەو داهاتانەی لەم کتێبەوە دەستمدەکەوێت، دەبەخشرێت بۆ پشتیوانیکردنی ئەو پرۆژە مرۆییە پێویستانەی لە ئەفغانستاندا ئەنجامدەدرێن و ئامانج لێیان، باشترکردنی ژیانی خەڵکە.

لەم ساتەی ئەم وشانە دەنوسم، بارودۆخی ئەفغانستان بەردەوامی بەرەو خراپتر دەڕوات، نەتەنها بۆ ژنان، بەڵکو بۆ هەموو ئەفغانییەکان. لەنێوان دوو دوژمندا گیرمانکردووە، تاڵیبان لەلایەكو ئەمەریکاو هێزەکانی ناتۆو هاوەڵە سەردەستە میلیشیاکانیان لەلایەکی تر. هاوکات لەگەڵ هەر هێرشێکی ئاسمانیدا، کە هاووڵاتی مەدەنی دەکوژێت، لەگەڵ هەر بەرپرسێکی گەندەڵی حکومیی، کە لەسەر بەرتیلو دزیو فزی قەڵەودەبن، لەگەڵ هەر تاوانبارێك، کە لەدەستی یاسا هەڵدێت، هێزە بیرتەسکەکانی وڵاتەکەمان دەسەڵاتیان پتردەبێت.

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا، باراك ئۆبامای سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان، باسی لەناردنی دەیـان هـەزار سەربازی تری بیانی بۆ ئەفغانستان کرد، بەڵام دژی تاعونی گەندەڵیو زۆرداریی قسەی نەکرد، گەرچی وڵاتەکەمانی وێرانکردووە. دەزانم کە هەڵبژاردنی هیوای گەورەی بەخشیوەتە گەلی ئاشتیخوازی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام بۆ ئەفغانەکان، پێکهێنانی زیاتری هێزی سەربازی لەلایەن ئۆباماوە، تەنها مایەی نەهامەتی و مەرگی زیاتری هاووڵاتیانی بەشمەینەتی بەدوادادێت، هەڵبەتە ڕەنگە نەشبێتە هۆی لاوازکردنی تاڵیبانو ئەلقاعیدە. هیوادارم وانەکانی ئەم کتێبە، بگاتە سەرۆك

ئۆباماو ڕێسادانەرەکانی لە واشنتۆن، ئاگادارییان بکاتەوە کە گەلی ئەفغانستان داگیرکاری دڕندانەو پشتیوانیان لە سەردەستەی میلیشیاکانو بازرگانانی مادەی هۆشبەر بەتوندی ڕەتدەکەنەوە.

لە ئەفغانستاندا، خەڵکی دیموکراتخواز چەندین دەیەیە بۆ مافەکانی ژنانو مافەکانی مرۆڤ خەبات دەکەن. مێژوومان ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەم بەهایانە لەڕێی هێزی دەرەکییەوە ناسەپێنرێن. هەرگیز ماندو نابم لەگەیاندنی ئەو پەیامە بە گوێبیستەکانم، کە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت سەربەستی ببەخشێتە نەتەوەیەکی تر. پێویستە ئەم بەهایانە خەباتیان بۆ بکرێتو گەل خۆی بەدەستیبهێنێت. ئەو بەهایانە کاتێك گەشەدەکەنو دەبوژێنەوە، کە گەل لەخاکی خۆیاندا بیانچێنێت، بە خوێن و فرمێسکی خۆی ئاویانبدات.

لە ئەفغانستان، وتەیەکمان هەیە زۆر ئازیزە لام: (ڕاستی وەك خۆر وایە، کاتێك دەرکەوت، کەس ناتوانێت بەری پێبگرێت، یان بیشارێتەوە). هیوادارم ئەم کتێبەو چیرۆکەکەم، ئەگەر بەڕێژەیەکی کەمیش بێت، ببێتە مایەی درەوشانەوەی بەردەوامی ئەو خۆرەو لەهەر شوێنێك دەیخوێننەوە، هاندەرتان بێت تا کار بۆ ئاشتیو یەکسانیو دیموکراسی بکەن.

# بەشی یەکەم
# لەڕێگەی فەرەحەوە

من، لە 25ی نیسانی 1978 لەگوندە خنجیلانەکەی (زیکەن)، لەناوچە شاخاوییەکانی (ئاناردارا)، لەڕۆژئاوای ئەفغانستاندا لەدایکبووم. سێ ڕۆژ دوای لەدایکبوونم، کودەتایەك بەپشتیوانی سۆڤیەت تەواوی ژیانمانی بۆ هەتا هەتایە گۆڕی. لەماوەی ساڵێکدا بووینە وڵاتێکی داگیرکراو، لەو کاتەشەوە ئێمەی ئەفغانی جەنگ تەواوی ئەو شتانەیە، کە ئاشنایەتیمان لەگەڵدا هەیە.

لەنێو دە منداڵی خێزانەکەماندا، من دووەم منداڵم، حەوتمان کچینو من لەهەر شەش خوشکەکەم گەورەترم. هەرچەندە خێزانەکەم بەدەست بێبەشبوون لە زۆر شتەوە ناڵاندویەتی، بەڵام ئەو بابەتەی هەرگیز لەنێوماندا کەموکوڕی نەبووە، خۆشەویستی بـووە، هەرچەند هەمیشەش لەترسدا ژیاوین. یەکێك لەبیرەوەرییەکانی تافی منداڵیم، بەتایبەتی لەوکاتەی پۆلیس هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەمانو بۆ باوکم دەگـەڕان خۆنوساندنمە بەقاچی دایکمەوە، هەموو ئەو ماڵەیان بەسەریەکدا دا بۆ دۆزینەوەی سەرەداوێك و بەڵگەیەك، هەموو چەکمەجە، جانتاکانیان پشکنی، گشت دۆشـەك و سەرینەکانیان لێكوپێك کردەوە. تەنانەت دایکیشم نەیدەزانی لەکوێ بوو. لەوکاتەی لەگەڵ موجاهیدین دژی داگیرکەرانی سۆڤیەت دەجەنگا، باوکم قاچێکی لەدەستدابوو، پاشان ناچاربوو ئەفغانستان بەجێبهێڵێت. خێزانەکەم پێیوابوو لەتاراوگە و لە ئێران دەژی، بەڵام چەند مانگێك بوو، هیچ کەسێك هیچ شتێکی لەبارەوە نەبیستبوو. دراوسێکان بەدایکمیان دەوت (بێوەژن). باپیرم ئامۆژگاری دایکمی دەکرد بێهیوا نەبێت، بەڵام لەراستیدا نەیاندەزانی داخۆ باوکم زیندوە، یان مردوو.

ماوەیەکی کەم پاش لەدایکبوونم، خێزانەکەم باریانکرد بۆ شاری فەرەح لەپارێزگای فـەرەح، شارێکە دەکەوێتە سەر سنوری ئێران. ئەو ناوچەیە شوێنێکی هەژارنشینە و دانیشتوانی کەمە، بەڵای وشکەساڵی و گەردەلول هەراسانی کردووە. تەنها نیو ملیۆن خەڵك لەتەواوی پارێزگاکەدا دەژین و پەنجا

هەزاریان لەناوچەکانی دەوروبەری شاری فەرەحن. لەئێستادا فەرەح لەچاو کابوڵی پایتەخت لەبیرکراو و فەرامۆشکراوە، گەرچی کاتی خۆی جار هەبووە سوپای بێشومار بەدرێژایی رێگەکەی رژاونەتە نێو رووبار، دۆڵەکانییە وە و لەنێوان شارە دێرینەکانی حیرات و قەندەهاردا هاتوچۆیان بووە. داریوشی یەکەمی فارس، رۆژێك لەڕۆژان لێرە فەرمانڕەوایی کردووە. پاشماوەی قوڕین و خشتەکانی ئەو قەڵایەی بە(قەڵای کافر) ناسراوە و لەلایەن ئەسکەندەری گەورەوە دروستکراوە، هێشتا لەسایەی شاخەکانی فەرەحدا بەپێوە ماون. دواتر جەنگیزخان لەکاتی تێپەڕبوونی بە ئەفغانستاندا فەرەحی تاڵان و کاولکرد. لەم نزیکانەشدا ئیمپراتۆری بەریتانی هەوڵی ماشینەوەی ئەفغانستانی دا، وەك چۆن سۆڤیەتییەکانیش ئەو کارەیان کرد. ئێستاش ئەمەریکییەکانو هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی ئەم هەوڵدەدەن. ئەفغانستان هەمیشە کاروانسەرای داگیرکەران بووە، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتی ستراتیژیی وڵاتەکەوە لەناوجەرگەی ئاسیادا، بەوپێیەی دەکەوێتە نێوان هندستانو روسیا لەلایەك، ئێران و چین لەلایەکی ترەوە. وتەیەکی بەپێز لە ئافەریقادا هەیە دەڵێت: «کاتێك فیلەکان بەشەڕدێن، ئەوەی کە ژێرپێ دەکەوێت گژوگیایە «. ئەو گژوگیایە ئەفغانستانە، بەڵام خۆ هەمیشە لە ژێرپێدا نامێنێتەوە. تامەزرۆیی بۆ ئازادی لەدڵی هەموو ئەفغانییەکدا قوڵپدەداتو بەو دواییانەش، گشت داگیرکەرە بیانییەکانمان دەرکرد. ئەمە شتێکە رەنگە حکومەتی ئەمەریکا لەبەرچاوی گرتبێت، چونکە بەناوی ئازادکردنمانەوە دێهاتەکانمان بۆمباران دەکات.

وەك پێشتر وتم، ناتوانم ناوی راستەقینەی دایك و باوکم، یان خزمە نزیکەکانم ئاشکرابکەم. چوون دەربڕینی راشکاوانەی کاری سیاسیم، تەواوی خانەوادەکەم دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام دەتوانم پێتانبڵێم، کە باوکم پیاوێکی رۆشنبیرە و باوەڕی بەدیموکراسی هەیە. قوتابخانەی ئامادەیی تەواوکردووە، برەوی بەخوێندن داوە، تا لەزانکۆی کابولدا ببێتە پزیشك، بەڵام بە هۆی

تێوەگلانی لەسیاسەت، ئەو چەوساندنەوەیەی لەکاتی داگیرکردنی سۆڤیەت و لەساڵی 1979دا هاتەئارا، بەهیچ کلوجێك دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا کاری پزیشکی درێژە پێبدات.

لەلایەکی ترەوە، دایکیشم هەلی خوێندنی بۆ نەڕەخساو ژیانێکی سەختی گوزەراند. دایكو باوکیشی لەکاتێکدا تەمەنێکی ئەوتۆی نەبوو، کۆچی دواییان کرد، هەروەها دەبوایە ئاگای لەمنداڵەکانی خۆیو هەندێك خوشكوبرای بچوکتریشی هەبێت. دوو برا گەورەکەی بوونە کاسبکاری خێزانەکە. باپیرم (باوکی دایکم) بۆ ماوەی چل ساڵ سەرۆك هۆزێکی دەستپاكو بەڕێز بوو. خەڵکی زیکەن پێیاندەوت (داربـەدەسـت)، لەبەرئەوەی وا ناسرابوو، کە بەداردەستەکەی لەکەسێکی دابوو، دوای ئەوەی زانیبووی بەرتیلی وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەی سەرۆك هۆزەکان لە ئەفغانستان لەپیاوە دەوڵەمەندەکانن، وەلێ باپیرم هێندە دەستپاك بوو، هیچ شتێکی بۆخۆی نەدەویست. دەمێکە کۆچی دوایی کردوە، هیچ شتێکی لەپاش بەجێنەماوە بۆ منداڵەکانی، لەبەرامبەردا گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیە هاوکاری دایکم، خوشك و براکانیان کرد. کاتێك دایکم لەدایکبوو، خانەوادەکان ڕێکیانخست تا مێرد بە باوکم بکات. ئەم دابونەریتە تا ئەمڕۆش لەگوندەکانی ئەفغانستان باوە و رەواجی هەیە.

زۆرجار پەیامنێرەکان داوای باسکردنی رابردوی بنەماڵەکەم لێدەکەنو منیش هەمیشە پێیاندەڵێم، «من ئەفغانیم. تاجیکی، پەشتونی، هەزارە، ئوزبەکی، نوریستانی، بالوچی، پاشاییو گروپە نەژادییەکانی تریش، هەموو بۆمن وەك یەکن». لە زیکەن، پەشتونەکانو تاجیکییەکان تێکەڵاونو ژنخوازیی لەنێوانیاندا هەیە، لە ئاشتی و برایەتیدا دەژیـن. پێمباشە پاساو نەدەینە ئەوانەی کەڵك لە جیاوازیی ئایینیو خێڵەکی وەردەگرن بۆ دابەشکردنمان. لای بێگانەکان، وڵاتێکی دابەشبوو دەست بەسەرداگرتنی زۆر ئاسانە، ئەوە شتێکە من بەدرێژایی ژیانم دژی وەستاوم.

دایكو باوكم ناویان لێنام (مەلالای)، لە ئەفغانستاندا ناوێكی باوە. ئەو ناوەیان لەخۆشی یەكێك لەگەورەترین جەنگاوەرە ئازادیخوازەكانی مێژووی وڵاتەكەمانەوە لێنام، بەناوی مەلالای مایوەندی. لە قوتابخانەو لە ماڵەوەش، هەموو منداڵە ئەفغانییەكان فێری نەبەردیو گیانفیدایی مەلالای دەبن، لەخەباتكردنی بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی لەدەست ئیمپراتۆری بەریتانی. مەلالای ژنێكی خوێنگەرمو نیشتیمانپەروەر بوو، لەكاتی جەنگی دووەمی ئەنگلۆ-ئەفغان لەساڵی 1880دا، خۆی گەیاندە هێڵەكانی پێشەوەی جەنگێكی گرنگ دژ بە هێزە داگیركارەكانی بەریتانیا لە مایوەند لەپارێزگای قەندەهار بۆ چاودێریكردنی بریندارەكان. لەساتەوەختی یەكلاكەرەوەدا، كاتێك بەریتانییەكان بەرەو سەركەوتن دەڕۆشتنو جەنگاوەرە ئەفغانییەكانیش ورەیان لەڕووخاندابوو، ئاڵای لەئاڵاهەڵگرە كوژراوەكە وەرگرتەوە و بەرزیكردەوەو وای لەپیاوەكان كرد بگەڕێنەوە ناو مەیدانی جەنگەكە. مەلالای بەهەڵبەستەكانیو بەرەنگاربونەوەی دوژمن، ورەی جەنگاوەرە ئەفغانییەكانی بەرزدەكردەوە:

لاوی خۆشەویست، ئەگەر لەگۆڕەپانی جەنگی مەیوەند-دا گیانت بەخت نەكەیت

سوێند بەخوا، كەسێك وەك هێمای شەرمەزاری رزگارتان دەكات!

هێندەی پێنەچو مەلالای مایوەندی كوژراو ژیانی كردە قوربانی بۆ گوڕوتین بەخشین بە جەنگاوەرە بەرگریكارەكان، بەجۆرێك بەریتانییەكانیان توشی تێكشكانێكی سەرسوڕهێن كرد. نزیكەی سێ هەزار ئەفغانی كوژران، بەڵام تەواوی لەشكرێكی بەریتانیش تێكشكێنرا، ئەم سەركەوتنە ئاماژەیەكی گرنگە لەخەباتی گەلەكەماندا بۆ سەربەخۆیی. دایكو باوكم ناوی مالالایان لێنام، چون باوكم پشتیوانێكی كۆڵنەدەرێكی دیموكراسیو مافەكانی مرۆڤ بوو، لەحاڵێكدا ئەم بەهایانە لەژێر گەمارۆدا بوون.

هەرچەند دواتر باوكم گەورەترین كاریگەری لەژیانمدا دروستكرد،

بەڵام لەساڵانی سەرەتای ژیانمدا باوکم نەدەناسی. لەبەر بارودۆخی سیاسی لەوڵاتەکەدا، دەبوایە دور لەئێمە بژیو بـەردەوام خۆی بشارێتەوە. باوکم بەشێك بوو لەو نەوە چالاکە سیاسیەی، کە تەمەنیان لەوکاتەی بە(سەردەمی دەستوری) ناسراوە، بەڕێکرد، واتە ساڵی 1964 تا 1973.

لەساڵی 1964دا، شا زاهیر لەژێر فشاری گـەورەی بزوتنەوەکاندا دەستورێکی تازەی داناو دەسەڵاتی رەهای شاهانەی تێدا چەسپاند، بەڵام چەند یاسایەکیشی لەخۆدەگرت بۆ زامنکردنی مافەکانی ژنانو پێکهێنانی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو. لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا، زۆر پارتی سیاسی تازە دامەزرانو حەرەمەکانی زانکۆ بوونە بۆتەی گەرموگوڕی چالاکی سیاسی.

ئیسلامییە فەندەمێنتاڵیستەکان، ریفۆرمخوازە ناسیۆنالیزمەکان و کۆمۆنیستەکان، توانیان تاڕادەیەك خۆیان رێکبخەن. لەگەڵ ئەوەی باوکم سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی نەبوو، بەڵام لەسەرەتای چونە زانکۆوە لەساڵی 1972، لەبزوتنەوەکانی دیموکراسی و بواری مافەکانی مرۆڤدا زۆر چالاك و کارابوو.

ئەم ماوە کورتەی لێبوردەیی لەساڵی 1973دا کۆتاییهات، کاتێك دەسەڵاتی شا لەلایەن محەمەد داود خان-ی ئامۆزایەوە روخێنراو خۆی بە سەرۆكو ئەفغانستانیشی بەکۆمار راگەیاند. ساڵی 1978 داود لەکودەتایەکدا بەناوی (شۆڕشی سەور) یان (شۆڕشی نیسان) لەلایەن ئەو سەرکردانەی لە پارتی دیموکراتی گەلی ئەفغانستان (پ د گ أ) (PDPA) بوونو سۆڤیەت پشتیوانیان بوو (پارتێکی کۆمۆنیست بوو) کوژرا، لەکاتێکدا پێشتر هەر ئەو سەرکردانە هاوکاری داود بوون بۆ لابردنی شا زاهیر. ئەم کودەتایە لەکاتی دەستێوەردانی راستەوخۆی سۆڤیەت لەکاروباری ئەفغانستاندا روویـدا. (پ د گ أ)ی هاوپشتیوانی سۆڤیەت، (خەڵق) و (پارچەم)، دوو لایەنە سەرەکیەکەی ئەو پارتە، دەستیان نەپاراست لە سەرکوتکردنو کوشتنی نەیارەکانیاندا (هەروەها کوشتنی یەکتریش) لەپاکسازیی گشتیدا. نور موحەمەد تەراکی، واتە یەکەم

فەرمانڕەوای داردەستی سۆڤیەت هەرزو لەلایەن حەفیزوڵا ئەمینەوە کوژرا، فەرمانڕەوایی کورتخایەنی ئەمیش تاساڵی 1979ی خایاند. کاتێك سوپای سۆڤیەت رژایە ناو کابول، حەفیزوڵایان کوشتو بارەك کەمال وەك فەرمانڕەوای ئەفغانستان لەشوێنی ئەو دانرا، چونکە داردەستێکی گوێڕایەڵ و جێی متمانە بوو.

کاتێك باوکم لەو ساڵانەدا بەشی پزیشکی لە کابول دەخوێند، وەك پشتیوانێکی کۆڵنەدەری دیموکراسیو نەیاری هەردوو دەسەڵاتی پاشایەتیو داردەستەکانی سۆڤیەت ناسرابوو. دەسەڵاتداران لە کارو چالاکیەکانی باوکم ئاگاداربوون.

کاتێك لە شاری فەرەح بووین، رۆژێکیان باوکم گەڕابووەوە بۆماڵەوە، هەندێك بەرپرسی حکومی هاتنە لای باپیرم و سکاڵایان لەدەست چالاکییەکانی کرد. باپیرم زۆر روو لەخوا بوو، دەرمانخانەیەکی بچوکی هەبوو، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی بەڕێوەیدەبرد. لەناوچەکەدا ریشسپییەکی بەڕێز بوو، لە فەرەح، کەسایەتییەکی ناسراو بوو. ماڵەکەی بەڕووی هەموو کەسێکدا ئاوەڵابوو، هەرچەند ئەو رۆژە ئەو شتەی بەدڵنەبوو، کە میوانەکانی پێیانراگەیاند.

«کوڕەکەت بەشداربووە لەهەندێك لەو خۆپیشاندانانەی لەزانکۆ ئەنجامدراون».

لەوەڵامدا باپیرم وتبووی، «نا، پێموانییە وابێت. کوڕەکەم تەنها بۆ خوێندن دەچێت بۆ زانکۆ».

ئەو بەرپرسە حکومییانە باسیان لەوە کردبوو، کە لەڕاستیدا باوکم لەژمارەیەك لەو ناڕەزایەتییانەدا وتاربێژبووە و وا رێکخرابوو رۆژی دواتریش لە فەرەح وتار بخوێنێتەوە. بەباپیرەمیان وتبوو پۆلیسی هەواڵگری بەباشی ئاگاداری بەشداری کوڕەکەی هەن لەبزوتنەوەی خوێندکاراندا و ئەگەر واز لەو

چالاکییە زیادەڕەوییانە نەهێنێت، ئەوا لەبەندیخانە خۆی دەبینێتەوە. باپیرم بێتاقەت و نیگەران ببوو، بۆ سەلامەتی باوکم فەرمانی پێکردبوو رۆژی دواتر لەماڵ دەرنەچێت.

تا بیسەلمێنێت چەند راستگۆیە، باپیرەم بە باوکمی وتبوو، ئەگەر بڕواتە دەرەوە ئەوا لێخۆشبوونی نییەو رێگەشی پێنادرێت پێبخاتەوە ناو ئەو ماڵە. لەڕاستیدا ئەو شەوە باپیرە دەرگاکەی بەکلیل لەسەر باوکم داخستبوو.

سەرەڕای ئەوەش، باوکم زۆر سوربوو بەشداری لەو خۆپیشاندانانەدا بکات. سەرین و خاولی لەژێر بەتانی جێگەکەی خۆی داناو بە هۆی یارمەتی ئامۆزایەکییەوە، توانیبووی لەپەنجەرەی ژووری نوستنەکەیەوە بچێتە دەرەوە. تا نانی نیوەڕۆ و دواتر باپیرە پێیوابوو باوکم هێشتا خەوتووە، بەڵام کاتێك زانی فریودراوە، زۆر توڕە ببوو. لەگەڵ ئەوەشدا نزای بۆ سەلامەتی باوکم کردبوو. بۆ ماوەی هەفتەیەك باوکم نەهاتبوویەوە بۆ ماڵەوە، تا رێز بۆ توڕەبوونەکەی باوکی دابنێت. دواجار، باپیرە لێیخۆش ببوو، ئەویش گەڕابوویەوە ماڵەوە.

لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا، باوکم چەندین جار ژیانی خستە مەترسییەوە، لەسەرەتای -1970کاندا بۆ ماوەی شانزە مانگ زیندانی کرا، ئەمەش بووە هۆی دواخستنی خوێندنەکەی. لەساڵی کاتێك 1979دا سەربازەکانی سۆڤیەت رژانە ئەفغانستانەوە، بەناچاری دەستی لەخوێندن هەڵگرت.

هاوشێوەی زۆرێك لەگەنجەکان، باوکیشم چووە ریزی شەڕەوە دژی ئەو داگیرکردنە. لەو دەمەی هێشتا منداڵێکی ساوا بووم، باوکم لەگەڵ موجاهیدەکانی ناوخۆ دەستیکرد بە مەشقو راهێنان. وەك زۆرێك لەو گروپانەی لەگوندەکان دروستدەبوون، ئەوانیش بەچەكو تفاقی سنوردارەوە، بەباشی خۆیان رێکخست. خاڵە ئازادیشم، (ئەم ناوەو ناوەکانی تری ناو ئەم کتێبەم لەبەر هۆکاری ئەمنی گۆڕیوە) چووە نێو ریزی جەنگاوەرە ئازادیخوازەکانەوە، لەکاتی کردە پەنهانییەکانیاندا لەپارێزگاکەدا، هەردەم لەگەڵ باوکمدا دەهاتو دەچوو.

شەوێکیان بارەگاکەیان، لەچیاکانی نزیك گوندەکەمان بوو، لەلایەن سەربازانی سۆڤیەتەوە هێرشی کرایە سەر. دوای چەند رۆژێك پێکدادانی سەخت، موجاهیدەکان خـواردن، فیشەك و تەقەمەنییان لێبڕاو ناچار پاشەکشەیانکرد. پێش ئەوەی سەربازەکانی سۆڤیەت ناوچەکە بەجێبهێڵن، بارەگاکەیان خاپور کردو مینی دژە مرۆییان لە هەموو شوێنێکی ئەو ناوچەیە چاند، تەنانەت لەچواردەوری لاشەی ئەو سیانزە کەسەی موجاهیدین، کە لەوێ کوژرابوون، مینیان چاندبوو. باوکم و خاڵە ئازاد ئەو ئەرکە پڕ مەترسییەیان خستە سەرشانی خۆیان بۆ هێنانەوەی تەرمەکانیان بۆ خێزانەکانیان، بەڵام پێش ئەوەی ئەرکەکە بەتەواوی جێبەجێبکەن باوکم پێینایە سەر مینێك. هێزی تەقینەوەی دابووی بەزەویداو بێهۆشی کردبوو، کاتێکیش بەئاگا هاتبووەوە، قاچی چەپی لێکوپێك ببوەوەو خوێنی لەبەر رۆشتبوو. خۆشبەختانە خاڵە ئازاد لەو نزیکانە بوو، خێرا چووبوو بەدەمیەوەو بەپەڕۆیەك قاچی توند بەستبوو تا خوێنبەربوونەکەی بوەستێنێت. لەڕاستیدا باوکم رێنماییکردبوو چۆن چارەسەری بۆ بکاتو ببووە هۆی رزگاربوونی. دوای سی کاژێر رێکردنی ترسناك، خاڵە ئازاد توانیبووی باوکم بگەیەنێتە نەخۆشخانەی ئێران. ئێستاش هەمان ئەو خاڵەی ژیانی باوکمی رزگارکرد بەرپرسی ئاسایشی منە.

بۆئەوەی باوکم نەمرێت، پزیشکەکان ناچاربوون بەشێکی قاچی ببڕنەوە و سێ نەشتەرگەریی بۆ ئەنجامبدەن. ئەو یەکێك بوو لەو سەدەها هەزار ئەفغانییەی لەجەنگی درێژخایەنی دژ بەسۆڤیەتدا ئەندامی جەستەیان لە دەستدابوو. لەسەرژمێرییەکی ساڵی 2005دا، لەلایەن رێکخراوی هاندیکاپی نێودەوڵەتییەوە بۆ (زۆرترین پلەی کەمئەندامان) ئەنجامدرا، ژمارەی ئەفغانییە کەمئەندامەکان بە 867 هـەزار کەس خەملێنراوە، هەروەها ئەو کێڵگە مینرێژانەی وەك ئەوەی باوکمی تێدا کەلەپاچە بوو، هێشتا لەوڵاتەکەدا زۆرو زەبەندن و لەپاش گەڕاونەوەی چێنەرەکانیان بۆ وڵاتی خۆیان، هێشتا ماون،

کاری جەرگبڕی خۆیان دەکەن و بەردەوام منداڵانو جوتیاران دەکەونەداویان و دەبنە قوربانی.

پێدەچێت بزانن، کە بەرکەوتنی باوکم لای دایکیشم زۆر سەخت و دژوار کەوتەوە و کاریگەری دانا. ئەوەی زیاتر بارودۆخەکەی خراپکرد ئەوە بوو، پاش ئەوەی باوکم ئەم کارەستەی بەسەرهات، گەلێ مەترسیدار بوو بۆی لەگەڵ ئێمە بژی. لەو ماوەیەدا، سۆڤیەت و جاشە ئەفغانییەکانیان، هەزارەها کەسی نەیاریان لەناوبرد. لەماوەی فەرمانڕەوایی کورتخایەنی حافیزوڵا ئەمین-دا، خودی حکومەتە کارتۆنییەکە، ناوی دوانزە هەزار کەسی لەلیستێکدا بڵاوکردەوە، کە لەگرتوخانەکاندا کوژرابوون، هاوکات لەپای رووداوی ئەم کردەوەیە، سەرزەنشتی نور محەمەد تەراکی-یان دەکرد. باوکم زۆرێك لە هاوڕێ و هاوپیشەکانی لەدەستداو دەیزانی هێزە هاوپشتیوانەکانی سۆڤیەت، دەیانەوێت ئەویش لەناوبەرن، لەبەرئەوە بۆ بەدبەختی دەبوایەیە بەجێمانبهێڵێت و لەئاوارەییدا بژی.

کاتێك باوکم بەجێیهێشتین، مامە باباك چاودێریدەکردین و بژێوی خێزانەکەمانی دابیندەکرد. ئەوکاتەی ئەمە روویدا، من تەنها منداڵێکی ساوا بووم، نەمدەزانی ئەو چی منە و فێربووم بەمامم بڵێم (بابە). بەدرێژایی ژیانم، مامە باباك زۆر لێمانەوە نزیکبووە. لەگەڵ ئەوەی مامم کەسێکی سیاسی نەبوو، بەڵام لەبەر چالاکی سیاسی باوکم دژی داگیرکاریی سۆڤیەت، سێجار زیندانی کراو ئەشکەنجەدرا. دەسەڵاتداران بەردەوام سزایان دەدا، لەبەرئەوەی شوێنی براکەی پێنەدەوتن. دواتر چالاکیەکانی منیش بووە هۆی ئەوەی لەلایەن هەندێك کەسەوە هەراسانبکرێت. توشی نەخۆشییەکی قورسی دڵ بوو، بەجۆرێك چارەسەری تەنها لەدەرەوەی وڵاتدا هەبوو. مامە باباك لەمایسی 2006دا کۆچی دوایی کرد. مەرگی ئەو کارەساتێکی دڵتەزێن

بوو بۆ تەواوی خێزانەکە، ئێستاش مەراقی ئەوەمە، کە ئەو کاتە ئیشێکی وەهام نەبوو، خەرجی چارەسەرکردنی بۆ بدەم.

مامە باباك براکەی گەلێ خۆشدەویستو لەزۆر رووەوە لەباوکم جیاواز بوو. باوکم لەپیاوە ئەفغانییەکانی هاوتەمەنی خۆی نەدەچوو، لەماڵماندا دەسەڵاتی پیاو زاڵ نەبوو. کاتێك میوانی پیاومان دەهات، مامم وای پێباش بوو لەچك بکەین، بەڵام باوکم بەلایەوە گرنگ نەبوو. رۆژێکیان مامم لەچکێکی بۆ هێنانمو داوای لێکردم بیپۆشم، هەروەها پێیخۆش نەبوو لەگەڵ پیاودا تەوقەبکەم.

مامم مامۆستایەکی خانەنشین بوو، بەڵام ئەوکاتەی چوینە لای، تا لەگەڵیدا بژین، ناچاربوو بگەڕێتەوە سەر کارەکەی بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی هەردوو خێزانەکە. هێشتا حەزی بەفێرکردنی منداڵان دەکردو لەناو مامۆستاو قوتابیەکانیدا زۆر خۆشەویست بوو، هەرچەند لە یاساو رێساکانیدا زۆریش توندبوو.

وەك کچێکی بچووك، زۆر هۆگری نەنکم (دایکی باوکم) بووم، ئەویش لە فەرەح دەژیا. زۆربەی ئەو شتانەی دەربارەی ئەو دەیزانم، لەگێڕانەوەی کەسانی دیکەوە بە من گەشتوون. زۆر منی خۆشدەویستو گەلێ جار لەکاتی ژەمە خواردنەکاندا، لەخواردنەکەی ئەوم دەخوارد. ئەمە خۆشییەکی گەورە بوو، چونکە لەدابونەریتی ئێمەدا، کەسە بە تەمەنەکان هەمیشە باشترین خواردنیان پێدەدرێت. جارێکیان نەنکم پێیوتم دوای ئەوەی مرد، بچمە سەر گۆڕەکەی، ئاوی لەسەر دابنێم، سێجار هاوار بکەم و بڵێم: «دەمەوێت گوێم لەدەنگی بێت».

ئەو رۆژانـەی باوکم لەتاراوگە بوو، نەنكو باپیرم لەگەڵماندا دەژیان. تەنانەت ئەوکاتەی باپیرم تەمەنی زۆربوو، هێشتاش لەشی زۆر سووك بوو. کاتێك منداڵ بووین، پێیاندەوتین تەمەنی لەسەرو سەد ساڵەوەیە، بەڵام پێویستە

ئەوە بزانن، کە لە ئەفغانستان بەرواری لەدایکبوونی زۆر کەس تۆمارنەکراوە، لەبەر ئەم هۆکارەش، هەردەم زیادەڕەوی لەتەمەنی خەڵکیدا دەبینرێت. باپیرم گوفتار شیرین بوو، بۆ هەر شوێنێك بڕۆشتایە، حەزیدەکرد قسە لەگەڵ خەڵکی نەناسیاودا بکات. بەشێوەیەك ئەو یەکەم «سیاسەتمەدار»ی خێزانەکەمان بوو. پێمخۆشە کە هەندێك خو و رەوشتم لەوەوە بۆ ماوەتەوە.

باپیرە کەسێکی خانەدان، سادە و بێفیز بوو، هەمیشە خەڵکی لەپێش خۆیەوە دادەنـا. لەکاتی منداڵیمدا چیرۆکێکی باپیرەیان بۆ گێڕامەوە، کە لەبنەماڵەکەماندا زۆر بەناوبانگ.:

باپیرە هەندێك میوانی دەبێت بۆ نانی نیوەڕۆ، لەو دەمەی خەریکن خواردن دابنێن، هەواڵێکی ناخۆشی پێدەگات: کوڕە دوانزەساڵەکەی، کوڕە گـەورەی بوو، کە پێشتر زۆر نەخۆش بوو کۆچی دوایـی دەکـات. لەباتی ئەوەی دەستبەجێ هەواڵەکە بە میوانەکانی رابگەیەنێت، باپیرە ناهێڵێت بزانن و دەیەوێت هەمووان بەخۆشییەوە نانەکەیان بخۆن. دوای ئەوەی نانەکە دەخۆنو قسەوباسی خۆشی بەدوادا دێت، هەواڵە دڵتەزێنەکەیان پێڕادەگەیەنێت و هەموان دەخاتە گریەو دڵدانەوە، بۆ ئەو مەرگەساتە ناخۆشە. باپیرەم لەناوچەکەماندا زۆر خۆشەویست بوو.

کاتێك پۆلیسەکانی حکومەت دەهاتنو ماڵەکە دەگەڕانو پرسیاری شوێنی باوکمیان لێدەکردین، هەمیشە باپیرم لەپای ئەو کارو کردەوانەی دەیاننواند، شەرمەزاریدەکردن. بیری نیشتمانپەروەریو سەربەرزی دەخستنەوە، تا وایانلێبکات هەستبکەن، کە خزمەتی دەسەڵاتدارێکی خراپەکاردەکەن. دەیوت، «مایەی شەرمەزارییە ئەفغانەکان شەڕ لەگەڵ ئەفغانەکان دەکەنو دەیانکوژن».

پۆلیسیش لەوەڵامدا هەردەم دەیوت، «ببورە، باپیرە، ئێمە تەنها ئەرکی خۆمان بەجێدەهێنین».

لەو کاتانەی دەسەڵاتدارەکان دەهاتنە ماڵمانو هەموو شتێکیان دەپشکنی،

باپیره شیعری بۆ دەخوێندنەوەو هەندێکیشی بەخەیاڵی خۆی دادەڕشت، دەهۆ نییە وە، بیرۆکە ئاینی و سیاسییەکانی تێدادەچنین. ئەو بەهرەیەکی داهێنەرانەی هەبوو بۆ نوسین، خوێندنەوە و پەیوەندیکارێکی بێوێنە بوو.

جارێکیان هەندێك لەپۆلیسەکان پاساویان بۆ کارەکەیان هێنایەوە و بەڕەوایی پێیانڕاگەیاند، «ئێمە کەسانێکی باشین، تەنها ئەو کارەی لەسەرمانە ئەنجامی دەدەین».

باپیرەش دەستبەجێ وەڵامیدایەوە، «بەڵێ، راستدەکەیت. ئێمە خەڵکە خراپە راستەقینەکەین. تکایە ببورن لێمان، پاشان پۆلیسەکان زۆر شەرمەزاربوون و رۆشتن.

جارێکی تر پۆلیسەکان تەماشای ئەو وێنە هەڵواسراوانەیان کرد، کە وێنەی باوکم، هاوڕێ، هاوپیشەکانی بوون و زۆرێکیان کوژرابوون، یاخود لە کونجی بەندیخانە نرابوون. کاتێك یەکێك لەپۆلیسەکان ئاماژەی بۆ وێنەی باوکم کرد و بەناخۆشییەوە پرسی، «ئەم پیاوە لەکوێیە؟» وەڵامی باپیرە خوێندنەوەی شیعرێکی زۆر جوانو نیشتمانپەروەر بوو. کاتێك لەخوێندنەوەی شیعرەکە تەواوبوو، هەندێك لەپۆلیسەکان چاویان پڕبوو لە فرمێسكو خێرا رۆیشتن.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك جار پۆلیسەکان ئێجگار توندوتیژبوون. چیرۆکی سەیرمان بیستبوو لەبارەی دەسەڵاتدارەکانو هەڵکوتانە سەر ماڵان بەدوای گومانلێکراوەکانیاندا، روویدابوو، تەنانەت منداڵی گەورە و منداڵی ساوای ناو بێشکەشیان کوشتبوو.

ڕەنگە بشێت وێنایبکەن ئەم ساڵانە لەڕووی دەروونییەوە بۆ دایکم چەندە سەختبوون. وەك پێشتر باسمکرد، هەر زوو دوای ئەوەی باوکم قاچێکی لەدەستدا، ناچاربوو بەیەکجاری ئەفغانستان بەجێبهێڵێت. لەو بڕوایەدا بووین لەوڵاتی ئێرانی دراوسێمان پەنابەربێت، بەڵام ماوەیەکی زۆری پێچوو، دایکم هیچ هەواڵێکی هاوسەرەکەی پێنەگەشت. شەڕو پێکدادان باڵی رەشی بەسەر

تەواوی وڵاتەکەماندا کێشابوو، ئێمەش هیچ ڕێگەیەکی پەیوەندیکردنمان بەباوکمەوە نەبوو، تەنانەت نامەیەکیشمان پێنەدەگەشت.

دایکم بەتەواوی ترسی لێنیشتبوو، پاشان لەوکاتەی چوارساڵ بووم، ڕۆژێکیان خاڵە ئازاد هات بۆ لامانو هەواڵێکی زۆر خۆشی پێبوو: کە باوکم هێشتا زیندوە، ئیتر کاتی ئەوە بوو بەخێرایی هەمووومان بڕۆین و بچینە ئێران بۆ لای باوکمان. دایکم لەخۆشیدا تاساو بڕوای نەدەکرد، هێشتا بەڕاستی هاوسەرەکەی زیندو بێت.

جەنگ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بەرەو خراپتر دەڕۆشت. ئەو پێکداданو دووبەرەکییە تاڵو دژوارەی لەمیاندا بوو، هیچ ئاماژەیەکی کۆتایهاتنی پێوە دیارنەبوو. ساڵی 1982، دەیان هەزار ئەفغانی بەلێشاو لەوڵات هەڵهاتن، تا لە جەنگ و زەبرو زەنگەکانی قوتاریان بێت. خێزانەکەی ئێمەش چووە نێو ئەو کـۆڕەوەوە. ئەوەندەی پێمان هەڵگیرا شمەکمان پێچایەوە، پارێزگای فەرەح و ئەفغانستانمان لەپاش خۆمان بەجێهێشت. خاڵە ئازاد، دایکم، برا گەورەکەم و خوشکێکی بچوکم خۆمانکردە ئۆتۆمبیلێکەوە بۆ ئەو گەشتەی ئێران و ماڵئاوابییمان لە باپیرە کرد. ئەوە دوا دیداری باپیرە بوو. ئەو مایەوە و هەرگیز خواستی نەبوو پارێزگا خۆشەویستەکەی، فەرەح بەجێبهێڵێت. کاتێك ساڵی 1987 لەوێ کۆچی دواییکرد، بیستمان کە سەدان خەڵك لەگوندە دوورە دەستەکانەوە چووبوون بۆ پرسەکەی.

هاوشێوەی زۆرێك لە ئەفغانییە هاوتەمەنەکانم، زۆربـەی سەردەمی منداڵیم لـەدەرەوەی وڵاتو لەکامپە پەنابەرەکاندا بەسەربرد. لەماوەی جەنگدا، بەڕاستو دروستی ملیۆنەها ئەفغانی ئاوارە بوونو بەزۆریش لەکامپە جەنجاڵەکانی ئێرانو پاکستاندا ژیان، ئەمە بەدەر لەو ئەفغانیانەی لەماوەی داگیرکردنەکەی سۆڤیەتدا کوژران، ساڵی 1979 دەستپێکرد تا 1989ی درێژەی خایاندو زیاتر لەیەك ملیۆن کەس قوربانی لێکەوتەوە.

تا ئەوکاتەی ولایەتە یەکگرتووەکانیش لە ئەفغانستان تێوەگلا. لەژێر ناوی خەباتی رەوای موجاهیدین بۆ ئازادکردنی وڵاتەکە، ولایەتە یەکگرتووەکان دەستیکرد بەپارە دابینکردن، راهێنان و پڕچەککردنی ژمارەیەك لە کەسە هەرە توندڕەوەکانی جیهان وەك، گوڵبەدین حیکمەتیار، عەبدول رەسول سەیف لەگەڵ ئوسامە بن لادن، بێگومان ئوسامە ئەفغانی نەبوو. یەکێك بوو لەو هەزارەها بیانییەی ولایەتە یەکگرتووەکانو پاکستان دروستیانکردنو مەشقیان پێکردن، پاشان بە هاوکاری سەرمایەدارە توندڕەوەکانی عەرەبستانی سعودیە، پارەیان بۆ دابینکردن. ئەم دەستێوەردانە یارمەتی روخاندنی هەتا هەتایی یەکێتی سۆڤیەتی داو کۆتایی بە جەنگی سارد هێنا، بەڵام ئێمەی توشی بەڵای فەندەمێنتاڵیستە چەکدارەکان کرد. تەنانەت پێش ئەوەی سۆڤیەت وەدەربنرێت، زۆرێك لەگروپە توندڕەوەکان دەستیانکرد بەشەڕکردن لەگەڵ یەکتریداو ژیانی ئەفغانییەکانیان کردە دۆزەخ، لەکۆتایشدا هەردوو دەسەڵاتدارە باڵادەستەکە ئەفغانستانیان بۆ مەرامو بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێنا. بۆ ئێمەی ئەفغانی، ئەم جەنگە توشی گەلێ کاولکاری گەورەی کردین، بەجۆرێك هێشتاش لەهەوڵی سازێژکردنیانداین، هەروەها ئەو تۆوی دووبەرەکییەی چاند، کە گەشەیکردو بووە هۆی مەینەتیو کوێرەوەری، کە هەتا ئەمڕۆش بەدەستیانەوە دەناڵێنین.

دوای بەجێهێشتنی ئەفغانستان، یەکەمجار چوینە شاری زاهیدان لەڕۆژهەڵاتی ئێران. دەبوایە بەئاگابین و پلانەکانمان بەخەڵکی رانەگەیەنین، چونکە دەسەڵاتدارانی وڵات لەهەوڵی بەرپێگرتنی ئەو کۆچە بەلێشاوەدابوون، کە لەئاکامی جەنگەکەوە هاتبووە گۆڕێ. لەهەمانکاتدا ولایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ پاکستان و ئێران هاندەری ئەو کۆڕەوە بوون، چونکە کاری دامەزراندنی موجاهیدینی بۆ ئەوان ئاسانتردەکرد، دواتریش پڕچەکیان کردن بۆ شەڕکردن دژی سۆڤیەت. پاکستانو ئێران دەیانویست ژمارەی پەنابەران زیادبێت، چونکە پارەیان لەنەتەوە یەکگرتووەکانو وڵاتە

کۆمەکبەخشەکانی تر وەردەگرت. سەرەڕای ئەوەش، حکومەتی ئەم وڵاتە دراوسێیانە، دەیانتوانی لەنێو پەنابەرە ئەفغانییەکاندا، کاری خۆیان بکەنو وەك بەکرێگیراوی خۆیان دایانبمەزرێننو لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا پارتی سیاسییان لێدروستبکەن. لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا، هەشت پارتی تازەی هاوپشتیوانی ئێرانی دامەزرانو حەوت پارتی تریش، لەژێر دەسەڵاتی دەزگای هەواڵگری ناوەندی پاکستاندا (ISI) دروستبوون.

لێکچونی کولتوری، ئێرانی کردبووە شوێنێکی سروشتی بۆ ئەوانەی وەك ئێمە لەرۆژئاوای ئەفغانستانەوە هەڵهاتبوون. یەکێك لەزمانە فەرمییەکانی شارەکەمان لە ئەفغانستان، بریتی بوو لە(داری)، شێوەزارێکی زمانی فارسییەو زمانێکی نەتەوەیی ئێرانە. هەرکات ئەفغانییەك لەسنوری وڵاتەکەی بچوبایەتە ئێران، ئەوا گوزەراندنی ژیان لەدەرەوەی کامپە مەترسیدارو قەرەباڵغەکاندا بەبێ رەزامەندی حکومەت بەهەموو شێوەیەك قەدەغە بوو. لەکامپەکانی زاهیدان، رۆشنبیرە دژە ئوسوڵگەراکانی وەك باوکم کرابوونە ئامانج و دەکوژران، لەبەر ئەو پاساوە ئەو بەبێدەنگی لەشارۆچکەکەداو لەتاکە ژورێکی خانویەکی کرێدا لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەژیاو دواجاریش هەمومان چوینە لای ئەو.

من خۆم ئەو کاتەم لەبیر نییە، بەڵام لەساڵانی دواییدا، زۆرجار دایکم چیرۆکی یەکگرتنەوەی لەگەڵ باوکمدا لە زاهیدان بۆ دەگێڕاینەوە. کاتێك پێیخستە ناو ژورەکەوە، وەك ئەوە وابوو هەموو بیناکە پڕبێت لەڕووناکی. دایکم وتی، بینینەوەی باوکت وەك پەرجوی زیندوبوونەوەی وابوو لەپێش چاوی خۆیدا.

هێشتا زۆر منداڵ بووم، تەنها چوار ساڵم بوو، لەبەرئەوە نەمدەزانی ئەو پیاوە یەك لاقە باوکم بوو. یەکەمجار، نەمهێشت باوەشم پێدابکات و ماچم بکات. هەست و سۆزم زیاتر بۆ مامم دەجوڵا، هەروەك راهاتبووم پێیبڵێم «باوکە». هێشتا نەمدەزانی چەند بەختەوەرم، کە باوکم مابوو، وەك ئەو

هەزارەها منداڵە ئەفغانیانە نەبووم، کە لەو دەساڵەی جەنگدا بێباوك کەوتن.

باوکم زۆر هەوڵیدا سەرنجو خۆشەویستم بەلای خۆیدا رابکێشێت. لەو نزیکانە بازاڕێکی لێبوو لەگەڵ مێزێکی ساردەمەنی فرۆش، کە بەموەلیدەیەکی دەنگ زل ساردکەرەوەکەی ئیشپێدەکرد. زۆرجـار پێش ژەمەخواردنەکان دەیانناردم بۆ بازاڕەکە بۆ نانکڕین و باوکیشم کەمێك پارەی زیاتری دەدامێ، تا لەکاتی گەڕانەوەدا ئایسکرێم بۆخۆم بکڕم. ئەمە خۆشییەکی زۆر بوو بەلامەوە و تا ئەمڕۆش ئایسکرێم بیرەوەرییە خۆشەکانم بۆ دەگێڕێتەوە.

هەندێکجار، حەزی زۆرم بۆ ئایسکرێم توشی گرفتی دەکردم. جارێکیان بۆ نانی ئێوارە میوانمان هەبوو، منیش کەمێك پێش نانخواردن نێردرام تا نان بهێنم. بەڕوونی و رەوانی پێموترا: «خێرا بێیتەوە. بۆ ئایسکرێم کڕین نەوەستیت»، بەڵام نەمتوانی ئایسکرێم نەکڕم. نەك هەر بۆ ئایسکرێم کڕین دواکەوتم، بەڵکو کاتێك خەریکی خواردنی بووم، لەگەڵ هەندێك منداڵیشدا کەوتمە قسەکردن. کاتێك گەڕامەوە، هەموویان بێزاربوون. زانیم کە منداڵێکی چەند ناگوێڕایەڵ بووم، لەگەڵ ئەوەشدا باوکم هیچ قسەیەکی پێنەوتم.

وردە وردە تێگەیشتم و زانیم باوکی راستەقینەم کێیە. یەکەمجار پێیوتم، کە زانی ئیتر بە باوکی خۆمم داناوە ئەو کاتەبوو، کە گوێی لێبوو لەبەرخۆمەوە گۆرانییەکم دەوت، «باوکم تەنها یەك قاچی هەیە، باوکم تەنها یەك قاچی هەیە». بێگومان ئەوە شیعر نەبوو، بەڵام باوکم شاگەشکە بوو، کە گوێی لەو گۆرانییەم بوو.

بەردەوام خوشك و برام بۆ زیاد دەبوو، ئیتر باوکیشم نەیدەتوانی بژێوی ژیانمان بە باشی دابینبکات، سەرەڕای ئەوەی خوێندەوارێکی باشو ئیشکەرێکی چاك بوو. ئیشێکی وەها نەبوو خەرجیمان دەربهێنێت. لە فەرەح، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەمەند نەبووین، بەڵام هەژاریش نەبووین. وەلێ ئەو کات، لەگەڵ ئەو هەزارەها خێزانە ئەفغانییە دەربەدەرانەدا، توشی بارودۆخی سەخت بووین.

بە گشتی ئەفغانییەکان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە وەك مرۆڤی پلەدوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. پاسەوانەکانی کامپەکە پێیاندەوتین «چەپەڵ»و بەزۆر قورسترین ئیشمان پێدەکرا لەبەرامبەر بڕە پارەیەکی کەمدا. مەلاکانی ئێران تەنها لەگەڵ ئەو ئەفغانیانە دۆستایەتییان هەبوو، کە سەر بە هەشت پارتە فەندەمێنتاڵیستە داردەستەکەی خۆیان بوون. دواتر یەکیانگرت و بوونە «پارتی وەحدەت» یان «پارتی یەکگرتوو»، هەندێك لە وەزیرەکان و زۆرێك لەبەرپرسەکانی حکومەتەکەی حامید کارزای، بۆ نمونە کەریم خەلیلی سەر بەم پارتەن. بە هۆی کردەی خوێنمژانەی پارتی وەحدەت لەجەنگی ناوخۆی ساڵی 1992 تا 1996، دەبێت ئەم پیاوانە لێپێچینەوەی تایبەتیان لەسەر ئەو کردەوانە لەگەڵدا بکرێت.

ئەم گروپانە لەکامپەکاندا دەسەڵاتی تەواویان هەبوو بۆ بـەزۆر بە سەربازکردن، تیرۆرکردنو لەناوبردنی نەیارەکانیان. لەڕاستیدا لەبەر ئەم هۆکارانە، بۆ ئێمە سەلامەتتر بوو لە زاهیدان بژین، نەوەك ترسی گرتندابین لەلایەن پۆلیسەوە، تا دواتر بۆ یەکێك لەخانە ترسناکەکانی راگرتن بگوازرێینەوە.

ئەم خانانە هاوشێوەی ئۆردوگا زۆرەملێکان وابــوون، بۆ سوککردنی ئەفغانییەکان و شکاندنی شکۆمەندیی نەتەوەییان دروستکرابوون. راگیراوەکان توشی ئەشکەنجە، دیپۆرتکردنەوە و شتی خراپتریش دەبوونەوە. هەندێك لەخانەکانی راگرتن/ دیپۆرتکردنەوە بریتی بوون لە (تال ئی سی، ئەسکەر ئاباد، سەفید سانگ). خراپترین جۆری مامەڵە لەگەڵ پەنابەرە ئەفغانییەکان لە ئێران لەساڵی 1998دا بوو، ئەویش رەشەکوژی کامپی سەفید سانگ بوو، ئەو رووداوە زۆر کەس نایزانێت. دوای ئەوەی راگیراوەکان لەبەر خراپی بارودۆخیان پەشێوییان خستەوە و هەوڵی هەڵهاتنیاندا، زیاتر لەشەست کەسیان لێکوژرا، هەندێکیان بەدەستدرێژی هێلیکۆپتەر مردن.

بۆ ماوەی چوار ساڵ وەك ئاوارە لە ئێران ژیاین. دواى ساڵێك لەبارودۆخی

سەخت، بەڵام ئاسودە لە زاهیدان، لەبەر هۆکاری ئابوری ناچاربووین سەدەها میل بەرەو باکور بڕۆین بۆ ئەو شوێنانەی کەمتر حەزیان بەمیوانداری دەکرد، بۆ کامپی خونوك بوزغەلە. لەوکاتەدا نزیکەی هەشتاو پێنج هەزار ئەفغانی ئاخنرابوونە کامپە پیسو پۆخڵە جەنجاڵەکانەوە، لەسنوری بیابانی شاری بیرجەند-دا. جیهان ئەم ناوچەیە دەناسێت بەهۆی فەرشە قەشەنگەکانیو مێژووەکەی وەك خاڵێکی گرنگی (رێڕەوی ئاوریشم)*ی بەناوبانگەوە، بەڵام ئێمە بەشێوەیەکی تر ئاشنای ئەو شوێنەبووین، تێیدا فەرامۆش و لەبیرکرابووین و لەبەر گەرمای رۆژدا برژابووین، شەوانیش لەسەرماندا هەڵدەلەرزین.

خانووەکانی کامپەکە بەپەلەپڕوسکێ، لەقوڕ و خشت بەڕیز دروستکرابوون و زێرابەکانیشیان لەدەرەوە بوو. زۆربەی خانووەکان دەرگای رێکوپێکیان نەبوو، شەوانیش ترسناك بوو. چەند رووداوێکی تۆقێنەر روویاندابوو کاتێك رێوی، گورگ، گیانەوەری کێوی تر دەهاتنە ناو کامپەکەوە و پەلاماری خەڵکیان دەدا و منداڵی ساوایان دەکوشت، لەو کاتەی لەخەودا بوون. هەرگیز بیرمناچێتەوە، کە دایکم ئامۆژگاری دەکردین ئەگەر خەبەرمان بـووەوە و ئاژەڵێکمان لەکوخەکەماندا بینی چۆن هاواربکەین و داوای یارمەتیبکەین. تەنانەت دەستبەندێکی بە خوشکە تازە لەدایکبووەکەمەوە بەستبووەوە، بەجۆرێك ئەگەر هەر شتێك بەسەر کۆرپەکەدا بهاتایە، خەبەری دەکردەوە.

ئەوەی لەم مەترسی و کەموکوڕییانە خراپتربوو، نەبوونی قوتابخانە بوو لەو کامپانەدا. منداڵە ئەفغانییەکان رێگەیان پێنەدەدرا بچنە قوتابخانە ئێرانییەکانو مافیان نەبوو سیستمی پەروەردەو خوێندنی خۆیان لەکامپەکە دا دابمەزرێنن. ئەمەش جێی قبوڵ نەبوو لەلایەن خێزانەکەم و بەتایبەتیش باوکم، کە زۆر بڕوای بەگرنگی خوێندن هەبوو، بەتایبەتی بۆ کچان. لەوکاتەدا تەمەنم حەوت ساڵ بوو، کە لەقوتابخانە دواکەوتبووم. لەبەرئەوە، باوکم و دایکم هەموومانی کۆکردەوە و ماڵئاواییمان لە ئێران کرد.

# بەشی دووەم
# گەورەبوون لە پاکستان

ئەو گەشتەی لە ئێرانەوە بۆ پاکستان بە پاسێکی گـەورەی شڕوپڕ ئەنجامماندا، دوو ڕۆژی خایاند. من زۆر منداڵ بووم‌و لەزۆربەی گەشتەکەدا نوستبووم. ڕێگەیەکی زۆر سەخت‌و پڕ مەترسی بوو، دزو جەردەی ئێجگار زۆری لێبوو. خێزانەکەم‌و پەنابەرە ئەفغانییەکانی تر، زۆر لەپۆلیسی ئێرانی دەترسان، چونکە ئەگەر بیانویستایە دەیانتوانی رەوانەی گرتوخانە بەدناوەکانمان بکەین.

ئێمە لە (کوێتا) جێگیربووین، گەورە شاری پارێزگای (بلوجستان)ەو ناوچەیەکی شاخاوییە لەڕۆژئاوای پاکستاندا، بەرامبەر سنوری پارێزگای قەندەهاری ئەفغانستانە. کوێتا بە (باخچەی میوەی پاکستان) ناوی دەرکردوە و میلێك لەئاستی دەریاوە بەرزە، بەزنجیرەیەك لوتکە چیا دەورەدراوە، کە ناوی زۆر خۆشیان هەیە، وەك موردار و تاکەتو. کوێتا شارێکی سەرەکی و بەروبەر ئاساییە، هەرچەندە بەپێی پێوەرەکانی پاکستان هێندەش گەورە نییە. ئەو کاتەی ئێمە لەوێ دەژیاین ژمارەی دانیشتوانی رەنگ بوو لەملیۆنێك کەس کەمتر بێت. ئەو جارەیان لەکامپی پەنابەراندا نەدەژیاین‌و خانویەکی بچکۆلانەی هەرزانمان بەکرێگرت، باوکیشم ئیشی جۆراوجۆری دەکرد. لەو ساڵانەدا، زۆربەی پەنابەرە ئەفغانییەکانی ناو پاکستان، یان لە کوێتا نیشتەجێبوون، یاخود لە پیشاوەر، بەڵام کوێتا بۆ چالاکوانە دیموکراتخوازەکانی وەك باوکم سەلامەتتر بوو.

دوای ماوەیەکی کەم لەگەیشتنمان بە پاکستان، بۆ یەکەمجار چوومە قوتابخانە. یەکێك لەو هۆکارانەی وای لەخێزانەکەم کرد کوێتا هەڵبژێرێت بۆ نیشتەجێبوون، ئامادەگی قوتابخانەیەك بوو بەناوی قوتابخانەی وەتەن، شایانی باسە لەنێو چالاکوانە دیموکراتخوازەکاندا، ناوبانگێکی باشی هەبوو. ئەوە تاکە قوتابخانە بوو بۆ پەنابەرە ئەفغانییەکان لەو ناوچەیەدا، کە کچانیش دەیانتوانی تێدا بخوێنن. قوتابخانەکە بەشی کوڕان‌و کچانی هەبوو، سەدەها منداڵ تیادا دەیانخوێند. بەهۆی پشتیوانی‌و هاوکاری دارایی رێکخراوێکی نهێنییەوە بەڕێوەدەبرا بەناوی (RAWA) (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی ژنانی ئەفغانستان)،

لەکۆتایی ساڵانی 1970کاندا دامـەزرا بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنانو یارمەتیدانی شۆڕش دژی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە.

ئەوە قوتابخانەیەك بوو، کە دەبوو لێیبمێنیتەوە—هیچ بژاردەیەك نەبوو تا وەك قوتابییەکی قوتابخانەی ئاسایی بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە، واتە دەبوایە بۆ ماوەیەکی زۆر لەباوانم جیابوومایە. ئەمەش هەم لای من هەم دایكو باوکیشم زۆر سەخت کەوتەوە، بەڵام بڕوایان وابوو گرنگ ئەوەیە باشترین خوێندن دەستەبەربکەم. بیرمە ئەوکاتەی دایکم و باوکم یەکەم ڕۆژی قوتابخانە بەجێیانهێشتم، دەستمکرد بەگریان. تەنها حەوت ساڵ بووم، کاتێکی زۆر خەمناكو ترسێنەر بوو، کە لە دایك، باوك و هەموو خوشك و براکانم دووربکەومەوە، هەروەها زۆر خەمی قژم بوو، خەمی هەموو شتێکم بوو. لەوکاتەدا ئێجگار حەزم لەو قژە درێژە ئەستورەم بوو، کە بەسەر شانمدا هاتبووە خوارەوە و زۆرم لەدایکم کرد بەڵێن لە مامۆستاکان وەربگرێت ئاگایان لەقژم بێت.

وەختێکی جێگیربووم، وانەکانم بەڕاستی بەلاوە خۆشبوو. هەر لەسەرەتاوە حەزم لەخوێندنەوەو نوسین بوو، بەتایبەتیش شیعرو پەند، ئەوانەی لام سەرەنجڕاکێش بوون ، لەبەرمدەکردنو بەدەنگی بەرز دەمخوێندنەوە. هەرچەند ئەم قوتابخانەیە لەلایەن ڕێکخراوێکی سیاسییەوە پێداویستی بۆ دابیندەکرا، هەموو مامۆستاکان بڕوایانوابوو، کە منداڵەکان دەبێت ژیانی منداڵێتی خۆیان بژین. هەموو وانە ئەکادیمییەکانمان دەخوێند، هاوکات وەك منداڵ کاتی یاریکردنیشمان بۆ تەرخانکرابوو.

مامۆستاکان بە زۆری هەوڵیاندەدا خەمو خەفەتی گیروگرفتە سیاسییەکانی ئەفغانستان نەدەن بەگوێی ئەو منداڵە بچوکانەدا، فێری چەند ڕاستییەکی بنچینەییان دەکردین، دەربارەی ژنێك بەناوی (مینا)، دامەزرێنەری نەبەردی ڕێکخراوی (RAWA) بوو، زانکۆی ئەفغانستانی تەواوکردبوو، پاشان خۆی بۆ کاروچالاکی کۆمەڵایەتی یەکلاکردبوویەوە.

ڕۆژێکیان مامۆستاکەمان هەموومانی برد بۆ هۆڵی سەرەکی، بۆ کۆبونەوەیەکی تایبەتی. هەمووان زۆر خۆشحاڵ بووین، خوازیاربووین بزانین بۆنەکە چییە؟ پاشان مامۆستا میوانێکی پێناساندین، کە هاتبوو قسەمان بۆ بکات، ئەویش مینا بوو. بڕوام نەدەکرد ئەو کەسایەتییە ناودارە لەوێ بێت. لەپێشماندا وەستابوو. هەرگیز ئەو کەسە نەبوو، کە بەخەیاڵی خۆم وێنامکردبوو، بەڵکو ئەو کەسێکی زۆر جوانو گەنج بوو. مینا لە قسەکانیدا، گرنگی خوێندنی بۆ کچان پێڕاگەیاندین. لە ئەفغانستانیش دەسەڵاتی فەندەمێنتاڵیستە توندڕەوەکان لە بەهێزبووندا بوون، بڕوایان وابوو دەبێت تەنها کوڕان بچنە قوتابخانە.

دواتر، مینا لەگەڵ قوتابییەکان دانیشت، زۆر بەسۆزەوە قسەی بۆ کردین و پرسیاری ئەوەی دەکرد، داخۆ وانەکانمان بەخۆشی بەسەردەبەین و ئاخۆ مامۆستاکانمان بەدڵە یان نا. شیرینی بۆ هێنابووینو زۆر بەتایبەتی بەخێرهاتنی ئەوانەی کرد، کە لەقوتابخانەکەدا تازەبوون. ئەوکاتە زۆر شەرمن بووم، کاتێك قسەی لەگەڵ هەندێك لەهاوپۆلەکانمدا دەکرد من بەبێدەنگی دانیشتبووم. لەناکاو روویکردە من و وتی قژت چەند جوانە. ئەمە لەقاوغەکەی خۆم هێنامیەدەرێ. لەوەڵامدا وتم، «سوپاست دەکەم»، پاشان چەند قسەیەکی ترمانکرد. بیرم نایە باسی چیمانکرد، بەڵام هەرگیز بیرمەندییەکەیم لەیادناچێت.

ساڵی 1978، دوای چەند ساڵێکی کەم لەو یەکتربینینە، مینا بووە شەهیدێکی تری رێگەی رزگاری ژنانی ئەفغانی. تەمەنی تەنها سی ساڵ بوو کاتێك لە کوێتا رفێنراو پاشان کوژرا. لە کوێتا ئاسەواری نەماو دوای شەش مانگ دووکەس لەبکوژەکانی دەستگیرکرانو دانیان نا بەتاوانەکانیانداو ئەو شوێنەیان ئاشکرا کرد، کە بەپەلە لاشەکەیان تێدا شاردبووەوە. دەوترێت کوشتنەکەی لەسەر دەستی فەندەمێنتاڵیستەکان بووبێت، واتە پارتەکەی گولبەدین حیکمەتیار هاوکاری کردبن و بەپشتیوانی (KHAD) ، کە لقێکی ئەفغانی دەزگای ئاسایشی سۆڤیەت (KGB) بوو، ئەنجامدرابێت. ئەمە ئەو بەڵگانە بوون، کە ئەو دوو

پیاوەی لە پاکستان دەستگیرکران بەر لەسێدارەدان، ئاشکرایانکرد. خوێنی مینا تا ئەمڕۆ جۆشوخرۆش بە خەبات و تێکۆشانی هەموو ژنانی ئەفغانی دەدات. گەرچی منداڵێکی بچوکیش بووم، زۆر خۆشحاڵم بەوەی دەرفەتێکم بۆ رەخسا لەنزیکەوە بیبینم. ئەو لای من وەك هاندەر و بزوێنەرێك لەژیانمدا دەمێنێتەوە.

زۆرجار دوژمنەکانم بانگەشەی ئەوە دەکەن، من ئەندامی (RAWA)م. دواجار، سەدان و بگرە هەزاران منداڵی ئەفغانی لەقوتابخانەکانی سەر بە (RAWA)-دا لە پاکستان فێری خوێندەواری کراون، وەلێ ئەمە مانای ئەوە نییە هەموویان، کە گەورە بوون دەبنە چالاکوانی ئەو رێکخراوە. من کەسێکی سەربەخۆم، بەڵام شەرم نامگرێت بڵێم زۆرێك لەهەمان بیروباوەڕی ئەوانم هەیە. هەرکات بڕیارمدا لەچوارچێوەی رێکخراوێکدا کاربکەم، کە ببێتە مایەی زیاتر کارابوونم، ئەوا بێدوڵی پەیوەندی بە (RAWA)-وە دەکەم. ئەوان گروپێکن وا لەژنانی ئەفغانی دەکەن، هەست بە گەورەیی و سەربەرزی خۆیان بکەن، من لە خەبات و کۆششی بێوچانی ئەوانەوە، لەپێناو مافەکانی ژنان و دیموکراسیدا، گەلێ شت فێربووم.

لەقوتابخانەکەدا، هەموو مانگێك بۆمان هەبوو دووجار بڕۆینەوە ماڵەوە و سەردانی خێزانەکەمان بکەین. بیرەوەرییەکی زۆر خۆشم هەیە لەگەڵ یەکێك لەو شۆفێرانەی، کە دەیگەیاندینەوە ماڵەوە. پێماندەوت (مامە سەعید). پیاوێکی بەسۆز و میهرەبان بوو، لەقوتابخانەکەماندا وەك خۆبەخشێك کاریدەکرد و هەرزو لای بوومە کەسێکی خۆشەویست. کاتێك لەگەڵیدا سەردەکەوتین، هەمیشە دەمویست لەپێشەوە دابنیشم. زۆرجار چکلێت و شیرینی بۆ دەهێناین، قسەو نوکتەی خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە و دەیخستینەپێکەنین. زۆر بەداخەوە، دواتر ئەم پیاوە ئازیزەش لەلایەن توندڕەوە ئوسوڵگەراکانەوە کوژرا.

هاوشێوەی ئەم دوو رووداوە کارەساتبارە لەداهاتوشدا ئەگەری رودانیان هەبوو، بەڵام ژیانم لەو قوتابخانەیەدا کاتێکی خۆشی گەورەبوون، ئاشنابوون و

فێربوون بوو. لەگەڵ ئەوەشدا یەك بیرەوەری زۆر ناخۆش (تەنانەت هەژێنەر) م لەو قوتابخانەیە هەیە. رۆژێکیان پێیانوتم دەبێت قژە درێژە جوانەکەم ببڕم، ئیدی هۆشم لای خۆم نەما. هەوڵمدا رابکەم، بەڵام مامۆستاکان گرتمیان، هەموو پرچە جوانەکەیان بۆ بڕیم. کاتێك لەئاوێنەکەدا تەماشای خۆمم کرد بەقژبڕاوی، دەستمکرد بە گریان و ژیرنەدەبوومەوە. مامۆستاکان هێند دڵڕەق نەبوون، بەڵام لەبەرئەوەی رشك و ئەسپێ لەسەری قوتابییەکانی دابوو، دەبوایە قژی هەمووان ببڕن، تا بەر بەزیاتر بڵاوبوونەوەی بگرن. رەنگە من بەختەوەریش بووبم بەوەی بەقژبڕینێك رزگارم بوو، نەك بە تاشینی سەرلەبەری.

لەو چەند ساڵەی لە پاکستان ماینەوە، لەبەر بارودۆخی کارکردنی باوکم، چەند جێگۆڕکێیەکمان کرد. یەکەمجار لەکوێتا ماینەوە، پاشان لەشاری (لاهۆر)، باکوری رۆژهەڵاتی پاکستانو لەنزیك سنوری هیندستان ژیاین. دواترو دواجار، لەکامپە گەورەکانی پەنابەرانی ئەفغانی لەدەوروبەری پیشاوەر لەباکوری رۆژئاوای پاکستان گیرساینەوە.

پیشاوەر کەمێك لە سنوری ئەفغانستانەوە دوورە و لە (رێڕەوی خیبەر) ی بەناوبانگەوە نزیکەی 150 میل لە کابولەوە دوورە، لەبەرئەوە بەلای زۆرێك لەپەنابەرەکانەوە، کۆبوونەوە لەو شوێنەدا ئاسایی بوو. کامپە پەرشو بڵاوەکانی ئەم ناوچەیە، ببوونە لانەی سەدان هەزار ئەفغانی هەڵهاتوو لەجەنگی وڵاتەکەمان. هەندێك لەکامپە گەورەکان بریتیبوون لە حەرەکەت، ئەکۆرا خاتاك، شامشەتو لەگەڵ جالۆزای. لەم ساڵانەی دواییدا حکومەتی پاکستان دەستیکرد بەداخستنی زۆرێك لەو کامپانەی بۆ چەندین دەیە لێوان لێو بوون لەئاوارەی ئەفغانی.

ئێمە لەکامپی (پاشایی)دا دەژیـان، بەرێگەیەکی سەختو دژواردا، نزیکەی نیو کاژێری دەخایاند، تا دەگەشتیتە رێگای سەرەکی، لەوێشەوە بۆ کامپی حەرەکەت نیو کاژێری دیکە دوور هەڵکەوتبوو. کاتێك لەناوەڕاستی

-1980کاندا گەیشتینەجێ، ئەم کامپانە زۆر جەنجاڵ بوون و جێی هیوا نەبوون. خێزانەکان بەناچاری دەبوایە لەکوخت و کوخی قوڕینەدا تێکترنجاو بژین. لەکامپەکەوە، دووکەڵی ڕەشی کارگەکانی خشت دروستکردنی ئەو نزیکانەمان دەبینی، زۆرێك لە پیاوانو ژمارەیەکیش لەمنداڵان بۆ چەندین کاژێر ڕۆژانە کاری زۆر دژواریان تێدا دەکرد. ئەو دەمە کاتێکی سەختبوو بۆ خێزانەکەم، سەرباری ئەوەی گوزەرانی ئێمە لەزۆرێکیشیان باشتربوو. خۆراك، ئیش و کار زۆر دەگمەن بوو. زۆرێك لەپەنابەرەکان بەدەست گرفتی تەندروستییەوە دەیانناڵاند، هەڵبەت پەیوەندی بە بەدخۆراکییەوە هەبوو. بیرەوەری ئێجگار تاڵی منداڵە ڕەش و ڕووت و لەڕو لاوازەکانم لەیادە، کە لەئامێزی دایکی بێدەرەتانیاندا بێناز کەوتبوون.

زۆربەی کامپەکانی دەوروبەری پیشاوەر، لەلایەن پارتە ئوسوڵگەراکانەوە شیرازەکرابوون و دەزگای هەواڵگری پاکستان هاوکاریدەکردن. پارتی گوڵبەدینی حیکمەتیاری بەدناو لەکامپەکانی شامشەتو، وارساك گرتوخانەی تایبەتی خۆیان هەبوو، تیایاندا زۆرێك لەچالاکوانە دیموکراتخوازەکانیان دامرکاندبوویەوە.

ئەو کامپانەی لەلایەن سێ گروپەکەی موجاهیدینەوە بەڕێوەدەبران باشتربوون و نەختێك سەلامەتتربوون. خۆشبەختانە، کامپی پاشایی یەکێك بوو لەوانە. ئەویش لەلایەن گروپی (جەبهەی نەجات)-ەوە دامەزرا بوو، لەلایەن سەبغەتوڵا موجەددییەوە سەرپەرەشتی دەکرا. ئەنجومەنی گروپەکە کۆمەڵێك ئەفغانی بیرکراوەی تێدابوو. لەگەڵ ئەوەی کامپەکە بەناوی نەتەوەی پاشاییەوە ناونرابوو، کە کەمینەن لە ئەفغانستان، بەڵام ژمارەیەك نەتەوە و هۆزی دیکەش بەخۆشی و ئاشتەواییەوە شانبەشانی یەکتری دەژیان. لەماوەی ساڵانی 1980کاندا، دانیشتوانی کامپی پاشایی، هەندێکیان بۆ پارێزگاری خۆیان چەکداربوون، بەرپەچی هێرشو هەڕەشەکانی باندە ئوسوڵگەراکانیان دایەوە، چون ئەو ڕێگە پێشکەوتووەی بەڕێوەبردنی کامپەکەیان پێخۆش نەبوو. لەهەمووی گرنگتر ئەوە

بوو، کامپی پاشایی قوتابخانەی لێبوو لەلایەن خەڵکی ڕۆشنبیرەوە بەڕێوەدەبرا. لەوکاتەدا، لەزۆربەی کامپەکانی تردا، تەنها قوتابخانەی کوڕان هەبوو، تیادا قوتابییەکان بەبیروڕای توندو میلیشیایی ئیسلامی گۆشدەکران. زۆربەی قوتابخانەکان لەلایەن عەرەبستانی سعودییەوە فەند دەکران‌و زۆرجاریش ئەو قوتابخانانە تاکە بژاردەی کوڕە ئەفغانییەکان بوون. منداڵە بێ دایك‌و باوکەکان دەستبەجێ ڕەوانەی ئەو مەدرەسانە دەکران، کە تەنها ئاشنایەتیان لەگەڵ جیهادو کوێرباوەڕی توندا پەیدادەکرد. ئەمە ئەو شوێنە بوو، کە پێیدەوترا کارگەی تاڵیبان و تەواوی نەوەیەکی پەنابەرە ئەفغانییەکانی تێدا گەورەبوون. وشەی (تاڵیب) واتە (قوتابی)، گومان لەوەشدا نییە، کە زۆربەی جەنگاوەرەکانی تاڵیبان لەو مەدرەسانەو لەناوچەی پیشاوەر خوێندویانە و پەروەردەکراون. بەمشێوەیە ئامادەگی بەربڵاوی فێربوونی فەندەمێنتاڵیستی لە پاکستاندا، بووە مایەی هێنانی تەنگ و چەڵەمە بۆ ئەفغانستان.

لەناوجەرگەی ئەم بارودۆخە سەختانەدا، دایك‌و باوکمان شوێنێکیان بۆ دۆزینەوە تیادا ئوستادی بیرکراوەی هەبوون تا فێرمان بکەن. خۆم نەدەگرت تا بەیانی دابێت‌و لەگەڵ خوشك‌و براکانمدا بچم بۆ ئەو قوتابخانە خنجیلەیە. کچان‌و کوڕان لەپۆلی جیادا دەیانخوێند، بەڵام هەمان پرۆگرامی خوێندنمان هەبوو. بەدەر لەبیرکاری، کە هەرگیز بەلامەوە خۆش نەبووە، لەهەموو وانەکانی تردا زۆر باشبووم. جارێکی تر لە نوسین، داڕشتن‌و خوێندنەوەدا بەزمانی داری پلەی نایابم بەدەستدەهێنا. بیرمە کاتێك مامۆستاکەمان داوای نوسینی داڕشتنێکی لێکردین دەربارەی ئازادی، من چەند لاپەڕەیەکم بۆ نوسی، لەبەرئەوەی دەمزانی مانای فەرمانڕەوایی ئوسوڵگەراکان چیدەگەیەنێت لەکامپەکانی دیکە و ئەفغانستان، باسی مانای ئازادیم بۆ نوسیبوو، کە بوونی وڵاتێکە تێیدا هەموو دانیشتووانەکەی مافی یەکسانیان هەیە بەژنانیشەوە. لەماڵەوە یارمەتی خوشك‌و برا بچوکەکانم دەدا لەوانەکانیاندا.

وەك قوتابی هەستمان نەدەكرد ئێمە چەندە بەختەوەربووین. بەڕوونی بیرمە كاردانەوەی یەكێك لە مامۆستاكامنان چۆن بوو، دوای ئەوەی هەندێك سكاڵای ئەوەیانكرد، گوایە لەدەست قوتابخانەو خوێندن بێزاربوون. وەڵامەكەی كتومت ئەمە بوو: «دەبێت بزانن ئەم هەلی خوێندنەی لەم ساڵانەدا بۆتان رەخساوە، باشترین كاتی ژیانتان دەبێت».

ئێستا دەزانم قسەكانی تەواو لەجێی خۆیدابوو. ئاواتەخوازم هەموو منداڵە ئەفغانییەكان ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسایەو بەدەست زۆریی خوێندنو قوتابخانەوە ماندوو ببوونایە.

هەروەها لەقوتابخانەكەماندا وانەی وەرزش بۆ كوڕانو كچانیش هەبوو، من زۆر بەلامەوە خۆشبوو، چونكە زۆر گورجوگۆڵ بووم. گۆڕەپانی قوتابخانەكە بەدیوار دەورەدرابــوو، ئەمە تاكە شوێنی یاریكردنی كچان بوو، بەڵام وەك كوڕەكان رێگەمان پێنەدەدرا لەكامپەكەدا یاریبكەین. بەتایبەتی حەزم لەیاری باسكەبوو. هەندێك لە دایكو باوكە ئەفغانییەكان رێگەیان بەكچەكانیان نەدەدا یاریی وەرزشی بكەن، لەبەرئەوەی وادانرابوو تەنها بۆ كوڕان گونجاو بێت، بەڵام باوانی من رێگەیان بەكچەكانیان دەدا هاوشێوەی كوڕەكان یاریبكەن. ژمارەیەكی ئێجگار زۆری كچە ئەفغانییەكان تەنها كاركردن دەزانن و لەتەمەنێكی زۆر منداڵیەوە ملكەچو دەستەمۆ دەكرێن.

دایكوباوكم لەماڵەوە لەڕێی رادیۆیەكی مەوداكورتەوە، یان ئەو پەنابەرە تازانەی دەگەشتنە كامپەكان هەواڵی بەرەوپێشچوونەكانی جەنگیان وەردەگرت. لەناوەڕاستی -1980كاندا، لەبەر زیادبوونی رقو كینەی گەلی ئەفغانستانو بەهێزتربوونی بەرەنگاری، یەكێتی سۆڤیەت بەرەو دۆڕاندنی جەنگەكە دەڕۆیشت. لەوكاتەدا ژمارەیەك وڵاتی دەرەكیش، بەرچاوترینیان بریتیبوون لە ئەمەریكا، پاكستان، ئێران و عەرەبستانی سعودی لەو جەنگو ململانێیەوە گلان. ئەمەریكا هەوڵی بەكارهێنانی بەرەنگاربوونەوەی ئەفغانییەكانی دەدا،

تا دژی سۆڤیەت بجەنگن و خۆی ببێتە تاکە زلهێزی ناوچەکە، هەروەها لەو باوەڕەدام ئەمەریکا دەیەویست تۆڵەی خۆی، لە یەکێتی سۆڤیەت بکاتەوە، بەرامبەر شکستی ئەمەریکا لەجەنگی ڤێتنامدا. ئەمەریکا دەیویست دڵنیابێت لەوەی سۆڤیەتیش لەم ڤێتنامەیاندا گیرۆدە دەبێت.

ساڵی 1985، سی ئای ئەی ملیۆنەها دۆلاری بۆ موچە و تفاقی سەربازی تەرخانکرد و دەیدایە چەند گروپێکی بەرەنگاری، کە لەلایەن هاوپەیمانە ئسوڵگەراکانی دەزگـای هەواڵگری پاکستانەوە (ISI) دەستەبژێرکرابوون. سەرکردەکانی ئەم پارتانە، سەردەستەی میلیشیاکانو کەسە توندڕەوە ئاینییەکانی وەك، گوڵبەدین حیکمەتیار، عەبدول ڕەسول سەیف، بورهانەدین ڕەببانی و ئەحمەد شا مەسعود بوون. عەبدول عەلی مەزاری، کەریم خەلیلی، موحەمەد موحەقیق و شێخ ئاسیف موحسەنی سەرکردەی گروپی هاوشێوە بوونو لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکران. لای وڵاتانی بیانی گرنگ نەبوو، کە ئەم سەرکردانەی ناوی ئیسلامو جیهادیان، لەلایەك بەمەبەستی هەڵایسانی جەنگ بەسەر گەلەکەی خۆیاندا، لەلایەکی ترەوە بۆ چەوساندنەوەی ژنانی ئەفغانی بەکاردەهێنا.

لەکۆتایی ساڵانی -1980کاندا، دواجار لەوەدەچوو ئازادی بەرەوپیرمان بێت. سۆڤیەت لەهەوڵی باشکردنی دەرفەتەکانیاندا بوون، بەلابردنی کارمڵو جێپێگرتنەوەی بە موحەمەد نەجیبوڵا، ئەویش داردەستێکی تری سۆڤیەت و بەرپرسی پێشوی پۆلیسی هەواڵگری ئەفغانی (KHAD) بوو، بەڵام موجاهیدین لەهەوڵی نزیکبوونەوە و پەلاماردانی کابولدا بوون، ساڵی 1989، دواهەمین سەربازی سۆڤیەت ئەفغانستانی جێهێشت، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام بوو لەپاڵپشتیکردنی نەجیبوڵاو ئەویش لەپایتەخت مایەوە، هەتا ئیمپراتۆری سۆڤیەت رووخاو پارەی لەدەستدا نەما.

کاتێك بۆ دواجار میلیشیاکان لە28ی نیسانی 1992دا کابوڵیان گرتەدەست،

لەسروشتی دەسەڵاتیان تێگەیشتین. یەکەمجار خەڵکی ئاهەنگیان دەگێڕا، بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو هیواو ئاواتەکانیان بووە خۆڵەمێش، کاتێك ئەم توندڕەوانە سەلماندیان، کە لەسۆڤیەت خراپترن. سەرەتا درکمان نەکرد، بەڵام 28ی نیسان، بووە ڕۆژێکی رەشی تر لەمێژووی وڵاتەکەماندا، هاوشێوەی بەرواره بەدناوەکەی 27ی نیسان، کاتێك داردەستەکانی سۆڤیەت دەسەڵاتیان گرتەدەست.

هەرچەند بڕوام بە یەکێتی نەتەوەیی هەیە و حەزناکەم بەپاشخانی ئاینی و نەژادییەوە ناو لەخەڵك بنێم، بەڵام پێویستە شتێك بزانین دەربارەی گروپە جۆراوجۆرەکانی ئەفغانستان، بۆئەوەی لەو رۆژە خوێناویانە تێبگەین، کە بەرێوەبوون. لەسەدەی پانزەوە کاتێك ئەفغانستان لەکۆمەڵە زەوی و زارێکی بچوکی دەرەبەگەکانەوە، کرایە یەك وڵات، لەوکاتەوە پێکهاتەیەکی تێکەڵبووە لەگروپی نەژادیی. لەئێستادا دانیشتوانی ئەفغانستان بە 32 ملیۆن کەس دەخەملێنرێت، پێکهاتوون لەنەتەوە جیاوازەکانی پەشتون، تاجیکی، هازار و ئوزبەکی، لەتەك ژمارەیەك گروپی بچووکی دیکە. هەردوو زمانی فەرمی بریتین لەفارسی، کە لەلایەن تاجیکییەکانەوە قسەی پێدەکرێت لەگەڵ زمانی پەشتوو، کە پەشتوونییەکان قسەی پێدەکەن، لەمدیو و ئەودیوی سنوری نێوان ئەفغانستان و پاکستان. بۆ چەندین سەدە ئەم نەتەوانە لەژێر یەك ئاڵادا پێکەوە ژیان، بەڵام دوای ئەوەی میلیشیاکان چوونە ناو کابول، ئەو یەکێتییە هەڵوەشایەوە و لەناوچوو.

بۆ کەسانی دەرەکی تێگەشتن لەم بابەتە قورس دەکەوێتەوە، بەڵام خەڵکی لای ئێمە موجاهیدن دابەشدەکات بەسەر دوو جۆردا: موجاهیدینی راستەقینەو موجاهیدینی تاوانکار. لەسەرەتای جەنگی سۆڤیەت-ئەفغاندا، زۆرینەی ئەوانەی دژی هێزەکانی سۆڤیەت خەباتیاندەکرد، بەخۆیان دەوت موجاهیدین، یاخود بڵێین «جەنگاوەرانی پیرۆز». ئەوانە هاوشێوەی باوکم ئەفغان پەروەربوون و دژی داگیرکارە سەرکوتکارەکان یەکیانگرتبوو. کاتێك لەکۆتایدا

رژێمی نەجیبوڵا لە 28ی نیسانی 1992دا رووخا، موجاهیدینە راستەقینەکان چەکەکانیان دانا، بەڵام لەم بەروارەدا توندڕەوەکانو ئەو گروپانەی برسی دەسەڵات بوون، جەنگی ناوخۆیان هەڵگیرساند. ئەم تاوانکارانە لەئێستادا پێیاندەوترێت جیهادییەکان، تا لەموجاهیدە خاوەنشکۆکان جیابکرێنەوە.

لەگەڵ ئەوەی موجاهیدەکان دژی ئیمپراتۆرێکی بێباوەڕ دەجەنگان، بەڵام راست نییە گەر بێژین، تەنها لەبەر ئایینەکەیان شەڕیان کرد، چونکە ئەمە بابەتێکی کەسییە، بەڵکو بۆ مافەکانمان دەجەنگان، بۆئەوەی لەژێردەستەیی بێگانە ئازاد ببین.

دوو ساڵ بەر لە ئێستا، لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگفتوگۆکردنی بابەتێکدا بەشداربووم، نوێنەرێکی پارتی جەماعەتی ئیسلامی رەببانییەکان باسی لەوە کرد، کە ئێمە «جەنگی روسییەکانمان لەبەر ئیسلامەتی کرد»، بەڵام من راستمکردەوەو وتم، «نەخێر، جەنگی روسییەکانمان بۆ ئازادی کرد».

زۆری سەرکردە سەرەکییە یاخیبووەکان سەر بەنەتەوە جیاوازەکان بوون. لەحاڵێکدا دوژمنێکی هاوبەشیان هەبوو، کەچی زۆرجار بەربەرەکانی لەنێوانیاندا دروستدەبوو، هەروەها لەلایەن CIA-یەوە پارەیان بۆ دەڕژا، وەلێ توانییان لە خوێنڕشتنو یەکتربڕی خۆیان بەدووربگرن. سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی گرنگە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە، کە لەساڵانی داگیرکاری سۆڤیەتدا، زۆرێك لەلایەنەکانی موجاهیدین لەسەر دەسەڵات کەوتنە شەڕ و هەندێکیشیان هاوپەیمانێتی کاتییان لەگەڵ داردەستەکانی سۆڤیەت بەست لەبەر دەسەڵاتی خۆیان. لەگەڵ نەمانی سۆڤیەت، ئەم دەستەو تاقمانە جەنگێکی ناوخۆی تەواویان هەڵگیرساند، مەرامیان پارەو دەسەڵات بوو، وەك ئەو شەڕەی لای ئێمە پێیدەوترێت شەڕە سەگ.

دەمێك سەربازەکانی نەجیبوڵا ئاشبەتاڵیان کرد، سوپای حیکمەتیار، پەشتوونی بوون، لەگەڵ سوپای مەسعود، تاجیکی بوون، وەك چۆن گەلە

سەگێك لەسەر پارچە ئێسقانێك دەكەینە شەڕ، كەوتنە پێكهەڵپژان لەسەر كۆنترۆڵكردنی كابول. گوڵبەدین لـەدەرەوەی شار بوو، هەزارەها موشەكی بەسەر كابولی پایتەختدا باراند. عەبدول رەشید دۆستەمی ئوزبەكی دڕندە، فەرماندەیەكی سەربازی بەهێزبوو لەڕژێمە كارتۆنییەكەی سۆڤیەتدا، پەیوەندیكرد بە مەسعودەوەو تا ئەوكاتەی هەستیكرد بەرەو دۆڕاندن دەڕۆن، پاشان لایەنەكەی گۆڕیو خۆی بەموجاهیدین راگەیاند. داڕشتەی ئەمجۆرە هاوپەیمانێتیانە، چەندینجار گۆڕانكاری بەسەردا هات، تەنانەت پاش ماوەیەك عەبدول رەشید دەستی خستە دەستی حیكمەتیاریشەوە. ئەو لایەنانەی لەململانێدابوون، شەڕەكەیان خزاندە ناو شاری كابولەوە، لەكاتێكدا لەجەنگی یەكێتی سۆڤیەتدا زیانی بەرنەكەوتبوو. سەردەمانێك ئەو شارە پایتەختێكی زۆر قەشەنگ بوو، لەجیهانەوە سەرنجی گەشتیارانی بەلای خۆیدا رادەكێشاو پێیدەوترا «بووكی شارەكان». سەردەستەی میلیشیاكانی تر لەهەوڵی پێكهێنانی حكومەتێكی كاتیدا بوون، بەناوی ئەنجومەنی جیهادی ئیسلامی، لەلایەن سەبغەتوڵا موجەددی سەركردایەتی دەكرا بۆ راگرتنی ئەو پاشاگەردانییە، بەڵام شەڕ هەر پەرەیدەسەند. میلیشیاكانی دۆستەم، سەیف، مەسعود، مەزاری و حیكمەتیار شارەكەیان تاڵانكردو خەڵكەكەیان روتاندەوەو ژنانیان سەردەبڕیو لاقەیاندەكردن. لەكۆتایدا تەنها لە كابول 6580- هـەزار كەسی بێتاوان كوژران، هەرچەند بەڵگەیەكی فەرمی دروست نییە، تاوەكو ژمارەی تەواوی قوربانییەكان بخاتەڕوو. بە گوێرەی نەتەوە یەكگرتووەكان زیاتر لە 90%ی شارەكە خاپووربوو. دواجاریش مەسعودو رەببانی هاوەڵە تاجیكییەكەی، هەوڵیاندا دەسەڵاتیان بخەنەگەڕ بۆ هێنانەئارای حكومەتێكی بەناو ناوەندی، بەڵام لەڕاستیدا وڵاتەكە بۆ دەرەبەگایەتی پارچە پارچە ببوو، چیتر لەلایەن زۆردارو جەردە ركابەرەكانەوە فەرمانڕەوایی دەكرا.

لەو ماوەیەدا، ئەو دەستەو تاقمانە، پێكهەڵپژانی نەتەوەكانیان لەوڵاتدا

بەسەر تیادا کەسە هەرە بێتاوانەکان و بەدبەختەکانی ئەو نەتەوانە، زۆرترین ناهەمواری و ئازاریان چەشت. ئەمڕۆش ئەم پارتانە چەند ناحەزبن لای پارتەکانی تر، لای نەتەوەکانی خۆشیان بەهەمان ئەندازە قێزەونن.

بەداخەوە دوای رۆیشتنی سۆڤیەت، راگەیاندنەکانی جیهان، چاویان لەسەر ئەفغانستان هەڵگرت‌و ژمارەیەکی زۆر لەو تاوانانەی لەو ساڵانەدا ئەنجامدران، باش نەکراونەتە بەڵگەو بگرە هەر نەزانراون. یەکێك لەکارەساتە هەر گەورەکان، رەشەکوژی هازارەکان‌و لاقەکردنی ژنان بوو لەگەڕەکی ئەفشاری کابول، کە لەلایەن رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤەوە راپۆرتی لەسەر درابوو. ئەو گەلەکوژییە لە 11ی شوباتی ساڵی 1993دا لەلایەن هێزەکانی سەیف، مەسعودو ئەوانی ترەوە دەستپێکرد، دوای شەڕو پێکدادانیان لەگەڵ هێزەکانی مەزاری. لەماوەی چەند رۆژێکدا، هێزە چەکدارەکانی مەزاری دوای ئەوەی سەدەها کەسی بێتاوان‌و داماو لە ئەفشەر گیانیان لەدەستدا، پاشەکشەیان کرد. هەنوکەشی لەسەر بێت ئەو ناوچەیە لەبارودۆخێکی ناهەمواردایە.

ساڵی 1992، بۆ ماوەیەکی کەم خێزانەکەم گەڕایەوە بۆ فەرەح. ئەوکاتە چـواردە ساڵبووم، بیرەوەرییەکانی ئەو چەند مانگەم تۆقێنەرن. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کاولکارییەکە لە کابول روویدا، بەڵام تەنانەت لە فەرەحیش پاشاگەردانی‌و شەڕی نێوان پارتە جۆراوجۆرە موجاهیدەکان لەئارادا بوو. ئیسماعیل خان، خۆی بەئەمیری هیرات دانابوو، هێزەکانیشی دەسەڵاتیان بەسەر پارێزگاکانی ئەو دەوروبەرەدا سەپاندبوو، لەوانە پارێزگای فەرەح.

خێزانەکەم لەگەڵ ماڵی مامە باباك گەڕانەوە، رەوشەکە هێندە خراپ بوو، بەدەگمەن دەمانتوانی لەماڵەکانمان بێینە دەرەوە. لەشەقامەکاندا پاشاگەردانی بوو. کچان لەلایەن چەتە بەرەڵاکانەوە دەڕفێنران‌و لاقەدەکران‌و دەکوژران. تەنانەت لەماڵەکانی خۆشماندا هەستمان بەسەلامەتی نەدەکرد. شەوان، جەنگاوەرە چەکدارەکانی گروپە موجاهیدینە تاوانکارەکان، هەڵیاندەکوتایە

سەر ماڵی خەڵك. كاتێك ئەم هێزانە دەهاتنە شارەكانەوە، لە ژوری نوستندا كلیلمان لەسەر دەدراو گڵۆپمان لێدەكوژێنرایەوە، پێماندەوترا نقەمان لێوە نەیەت. تۆقیبووینو نەشماندەوێرا دەنگبكەین، لەبەرئەوەی پیاوەكان هاتو هاواریان دەكردو شتی ئەو ماڵەیان بەسەر یەكدا دەداو هەرچییەكیان بەدڵبوایە دەیانپێچایەوەو دەیانبرد.

نەمانتوانی لە فـەرەح بمێنینەوە، ماوەیەكی زۆریـش بوو لەكامپی پەنابەرانی پاشایی لە پاكستان گەڕابووینەوە. جەنگی سۆڤیەت نزیكەی پێنج ملیۆن ئەفغانی ئاوارەی كامپەكان كرد، دوای گەڕانەوەشمان بەهۆی شەڕی موجاهیدەكانەوە لەوێ گیرمانخوارد. كامپەكان بەهاتنی پەنابەری تازە زیاتر تێكترنجابوون، بە تایبەتی ئەو كەسانەی كابولی پایتەختیان بەجێدەهێشت. حكومەتی پاكستانیش كە لەجەنگی سۆڤیەتدا پێشوازی لە پەنابەرەكان دەكرد، ئەمجارەیان پەڕینەوەی خەڵكیان لەسنورەكانەوە ئێجگار سەختكردبوو. زۆرێكیان لەناوخۆی وڵاتدا، بوونە ئاوارەو بەناچاری لە ئەفغانستان كامپیان دروستكرد.

زۆربەی گەلانی رۆژئاوا بڕوایان پێهێنراوە گوایە دڕندەیی، توندوتیژیو سەركوتكاری توند دژی ژنان لە ئەفغانستاندا لەگەڵ رژێمی تاڵیباندا سەریهەڵدا، بەڵام ئەمە درۆیەكی شاخدارەو زیاتر خۆڵكردنە چاوی جیهانە، لەلایەن ئەو زۆردارانـەی زاڵن لەو حكومەتەی ئەمەریكا پاڵپشتیدەكات و پێیدەوترێت حكومەتە دیموكراتەكەی حامید كارزای. لەڕاستیدا هەندێك لەخراپترین ئەو زەبرو زەنگانەی لەم ساڵانەی دوایی شەڕی ناوخۆدا ئەنجامدران، لەلایەن ئەو پیاوانەوە بوو، كە ئێستا دەسەڵاتدارن.

ژنو منداڵ یەكەمین قوربانی دەستی شەڕی ناوخۆ بوون. لەژێر ناوی ئیسلامدا، ژنان لەمافە هەرە سەرەتاییەكانی ژیانیان بێبەشكرابوون. هەندێك لەسەردەستەی میلیشیاكان دەرگای قوتابخانەكانیان بەڕووی كچاندا داخستو

تەنانەت قەدەغەیانکرد ژنان دەنگی پێڵاوەکانیشیان بێت. لەسەرەتای حوزەیرانی ساڵی 1992دا، وتەبێژی حکومەتی کاتیی ئایەتوڵا ئەسیف موحسەنی (لەئێستادا هاوڕێیەکی نزیکی کارزایو ئەمریکایە) لەگەڵ سەید عەلی جاقید (ئێستا ئەندام پەرلەمانە) ژمارەیەك یاسای تازەیان بەناوی «یاسای خۆداپۆشینی ژنان» سەبارەت بەهەڵسوکەوتی ژنان بۆ رای گشتی راگەیاند. تیادا هاتووە، «ئەوەی نکۆڵی لەحیجاب بکات بێباوەڕە، ژنی بێباوەڕیش بێئابڕووە»، هەروەها مەرجەکانی خۆداپۆشینی بەم شێوەیەی خوارەوە خستبووە روو:

1- نابێت خۆیان بۆنخۆش بکەن.

2- نابێت جلی سەرنجڕاکێش لەبەربکەن.

3- نابێت جلی تەنك لەبەربکەن.

4- نابێت جلی تەسكو توند لەبەربکەن.

5- پێویستە تەواوی جەستەیان داپۆشن.

6- نابێت جلەکانیان لەجلی پیاوان بچێت.

7- پۆشاکی ژنانی مسوڵمان، نابێت لەپۆشاکی ژنانی نامسوڵمان بچێت.

8- ئەو جوانکاریانەی لەقاچی دەکەن، نابێت دەنگیان لێوە بێت.

9- نابێت پۆشاکی وەها لەبەربکەن، کە خشەخشی لێبێت.

10- نابێت لەناوەڕاستی شەقامەکاندا بێنو بڕۆن.

11- نابێت بەبێ رەزامەندی پیاوەکانیان لەماڵ بچنەدەرەوە.

12- نابێت قسە لەگەڵ پیاوی نەناسدا بکەن.

13- ئەگەر قسەکردنەکە پێویست بوو، ئەوا دەبێت بەدەنگێکی نزم بدوێنو پێنەکەنن.

14- نابێت تەماشای کەسانی نەناس بکەن.

15- نابێت لەگەڵ کەسانی نەناسدا تێکەڵاو بن.

لەوکاتەدا لەزۆربەی بەشەکانی ئەفغانستاندا، ژنان دەبوایە لەترسی

فڕاندن، لاقەکردنو کوشتن بورکا بپۆشن. کچە گەنجەکان بەزۆر لەفەرماندە جیهادکارەکان مارەدەکران. ئەم بەناو مسوڵمانانە بەئاشکرا چوار ژنیان مارە دەبڕی، لەئیسلامدا ڕێگە پێدراوە، بەڵام زۆربەیان زیاتر لەچوار ژنیان هەبوو. لاقەکردنیان وەك چەکێك بۆ زاڵبوون بەسەر خەڵكو تۆقاندنیاندا بەکاردەهێنا. پیاوەکانیان تا منداڵی چوارساڵیان لاقەدەکردو مەمکی ژنیان دەبڕییەوە. لە پاکستان هەواڵمان پێدەگەشت، کە ئەم تاوانکارانە ژنی مردو، پیرەژنیشیان لاقەکردبوو، کاری هێند قێزەون بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نایەت.

ناهید حەسەن شەهیدێکی نـاوداری سەردەمی زەبروزەنگی مێژووی وڵاتەکەمانە. کاتێك تەمەنی سیانزە ساڵبوو، لەسەرەتای ساڵی 19-93دا فەرماندەیەکی جیهادکارو نۆکەرەکانی هەڵیانکوتایە سەر شوقەکەی لە کابولی پایتەخت. دوای ئەوەی برا دوانزە ساڵەکەیو خزمە نێرینەکانی تریان بەر دەستڕێژی گوللەدا، ناهید وای پێ باشبوو لەپەنجەرەی شوقە شەش قاتەکەیانەوە خۆی فڕێبداتە خوارەوە، وەك لەوەی لاقە بکرێت. ئێستاش بۆ یادەوەری مەزارگەکەی ئەو کچە لەو شوێنەدا ماوە، کە دابووی بەزەویدا.

تەنها ژنان نەکرابوونە قوربانی، بەڵکو پیاوانیش لە مەترسی لاقەکردنو رفاندندا بەدەرنەبوون. بزماریان بە کەللەسەری خەڵکدا دەکوتا و لێیان دەگەڕان تا گیانیان دەردەچوو. هەندێکی تر دەکرانە سندوقەوە و ئاگریان تێبەر دەدرا. سەرپەڕاندنی ئاشکرا هەبوو. هەرکات خەڵکی دژی نادادپەروەری بهاتنایەتە دەنگ، یان سوکایەتییان پێدەکراو لێیاندەدرا یانیش دەکوژران. ناسەقامگیری لە کابول هێند خراپ بوو، کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی نمونەیەکی بڵاوکردەوە، تیایدا هاتبوو، کە خێزانێك کچەکانیان رفێنرابوو، پاشان کوژرا بوو، ئەوانیش لەناچاریدا تەرمەکانیان هێنابوویەوە بۆ ماڵەوەو لەوێ ناشتبوویانن، لەبەرئەوەی ناشتنیان لەگۆڕستان سەلامەت نەبوو. ئەو راپۆرتەی ساڵی 1995ی ڕێکخراوەکە بەناوی، «ژنانی ئەفغانستان: کارەساتی مافەکانی مرۆڤە»ەوە بوو.

موجاهیدینە تاوانکارەکان زانکۆ و قوتابخانە گشتییەکانیان سوتاند. مۆزەخانەی کابول، یەکێك بوو لە دەوڵەمەنترین مۆزەخانەکانی جیهان، لەو چەند ساڵەدا وەك سەنگەرێکی سەربازی بەکاردەهات و 70%ی ئەو سەدەها هەزار کەلەپورەی مێژووەکەیان بۆ چەند هەزار ساڵێك دەگەڕایەوە تاڵانکراو بەبادران. دەزگای ئەرشیفی نەتەوەیی تاڵانکرا. کتێبخانەکانو تەنانەت قورئانی پیرۆزشیان دەسوتاند. دەرگاو پەنجەرەی دامودەزگا حکومییەکانیان دەدزی، تەنانەت لەماڵەکاندا راوڕووتیان دەکرد. زێڕو گەوهەرە گرانبەهاکانی پارێزگای (بەدەخشان)-یان دزی. مەسعود بازرگانێکی گەورەی ئەم خشڵو گەوهەرانە بوو، بەڕووسەکانی دەفرۆشت. چەند رۆژێك بەر لە 11ی سێپتیەمبەر، مەسعود کوژرا. ئێستاش لەحکومەتەکەی کارزایدا، ئەم تاوانکارە بەدناوە وەك پاڵەوانێك وێنادەکرێت، هەروەها حکومەتی فەرەنساش، کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مەسعوددا هەبوو، بەتایبەتی کاری بۆ دەکات، تا وەك ناودارێکی گەورە وێنای بکات، بەجۆرێك بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵا لەبواری ئاشتیدا پاڵێورا.

سەرەڕای ئەوەی ئاینی ئیسلام سنگفراوانە لەئاست ئاینەکانی تردا، بەڵام زۆردارە ئوسوڵگەراکان هەموو بیروباوەڕەکانی تریان سڕییەوە. زۆرینەی گەلەکەمان مسوڵمانن، بەڵام کەمینەیەکی بچوکیش هیندۆس و سیخ-ن. ئوسوڵگەراکان تەنها سوکایەتییان بەهیندۆسەکان نەدەکرد، بەڵکو بۆنە ئاینییەکانیشیان لێ قەدەغەکردبوون، ناچاریان کردبوون پارچە قوماشێکی زەرد لەقۆڵیان ببەستن، تا بەئاسانی بناسرێنەوە کە هیندۆسن، ئەمەش هەمان ئەو کارەیە، کە هیتلەر دەرهەق بە جولەکەکان ئەنجامیدا. تەنانەت نێرینەی هیندوسەکانیان خەتەنەدەکرد، هەرچەندە لەکولتوری ئەواندا نەریتی لەم چەشنە نەبوو. ئێستاش هیندۆسەکان لە ئەفغانستان رێگرییان لێدەکرێت لەبەرامبەر بوونی شوێنێك بۆ سوتاندنی مردووەکانیان، کە رەهەندێکی کولتورەکەیانە. ئەوانیش لەبەرامبەردا ناڕەزایی دەردەبــڕنو هەڕەشەی

بەجێهێشتنی ئەفغانستان بۆ یەکجاری دەکەن، لەپای بێبەشکردنیان لەم مافە سەرەتاییە.

لەحاڵێکدا ساڵانی جەنگی ناوخۆ خوێناویترینو سەرسەختترین کاتی سێ دەیەی رابردوی ئەفغانستان بوون، کەچی میدیاو زۆربەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بایەخیان پێنەدەداین. تەنانەت هەندێك خەڵك دەڵێن ئەمەریکا دەیەویست جەنگی ناوخۆی ئەفغانستان رووبدات، لەبەرئەوەی لەپاشماوەی ئەو هەموو چەكو تەقەمەنییە دەترسا، کە لەدەستی موجاهیدەکاندا مابوویەوە. ولایەتە یەکگرتووەکان، دەیخواست لەنێو خۆیاندا شەڕی یەکتر بکەن، ئەو چەك و تەقەمەنییانەی شکی دەبەن، لەیەکتریدا تەواویبکەن. لەراستیدا تا 1-1ی سێپتەمبەر، جیهان سەرنجی نەخستەوە سەر ئەفغانستان. تا ئەوکاتەش ئەو زەبرو زەنگەی دژی گەلەکەمان بەکاردەبرا، وەك کێشەیەکی ناوخۆیی لەقەڵەمدەدرا.

بەختەوەر بووم، کە پێش ئەوەی ببینە قوربانی شەڕی ناوخۆ، باوکم هێند ژیربوو ئێمەی بردەوە بۆ ئەفغانستان. بەردەوامبوونم لەخوێندن لەشاری فەرەح کاری نەکردەو ئەستەم بوو. گەڕاینەوە بۆ کامپی پاشاییو لەگەڵ خوشكو براکانم چوینەوە بۆ هەمان قوتابخانە.

کاتێك لەپۆلی نۆیەم بووم، بیستم رێکخراوێکی ناحکومی، لەکامپەکەدا بەرنامەی خۆیان هەبوو، بەدوی کەسانێکدا دەگەڕان، تا گەورەکان فێری خوێندەوارییەکی سەرەتایی بکەنو یاریدەی رێکخستنی وانەکانی منداڵان بکەن. منیش بۆئەوەی یارمەتی دابینکردنی بژێوی خێزانەکەم بدەم، داواکارییەکم پێشکەشکردو هەرزو وەك مامۆستا دەستم بەکارکرد. موچەی مانگانەم پێنج سەد روپیە بوو، دەکاتە نزیکەی حەڤدە دۆلاری ئەمریکی.

زۆری رۆژەکان دەچووم بۆ قوتابخانەو وانەکانی خۆمم دەخوێند، پاشتریش تا ئێوارە دەمامەوە تا وانە بەژنان بڵێمەوە، فێری نوسین و خوێندنەوەیان

بکەم. کاتێك دەستم بەم کارە کرد 1-415 ساڵان بووم، فێرکردنی ئەو گەورانەش بۆ من ئەرکێکی گران بوو، بەڵام خۆش بوو. مەراقم بوو مامۆستایەکی باش بم. یەکەمجار کە لەپۆلدا قسەم کرد، شەرم دایگرتم و پەشۆکام، بەڵام دوای ماوەیەك هەوڵدانی زۆر بەسەر ترسەکەمدا زاڵبووم.

دەبوایە ڕێزو متمانەی خوێندکارەکان بەدەستبهێنم، ئەگینا نەدەهاتن بۆ خوێندنەکەیان. ڕۆژێکیان نەخۆشبووم و داوام لەهاوڕێیەکم کرد لەبری من وانە بڵێتەوە، بەڵام وادیاربوو ئەم جێگرتنەوەیە بەدڵی ئەو خوێندکارە گەورانە نەبوو. ڕۆژی دواتر، لەپۆلدا یەکێك لەژنەکان لێم توڕەبوو: «جارێکی تر نەکەی غیاب بیت».

زۆری خوێندکارەکان ژنانی کلۆڵ و داماو بوون، ئەوە یەکەم دەرفەتیان بوو، بچنە خوێندنی فەرمی. دەمزانی بەلای هەندێکیانەوە چوونە قوتابخانە شتێکبوو زۆریان لەخۆیان دەکرد، چوون ئەگەر ئیشوکاری ماڵیان بە تەواوی بەجێبهێنایە، منداڵەکانیان تێربکردایە، چاودێرییان بکردنایە، ئەوا کات بەشی خۆشیانی نەدەکرد. زۆرجار نەدەهاتن و هەندێکیشیان بەتەواوەتی دەستیان لەخوێندن هەڵگرت، بەتایبەت کاتێك بەلای خێزانەکانیانەوە زۆر سەختبوو.

لەبەر ئەم بارودۆخانە، پێشنیازم بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کرد، هەندێك پێداویستی سەرەکی ناوماڵ بکڕن، تا وەك دیارییەك بیدەینە ئەو کەسانەی دەهاتن بۆ خوێندنو وانەکانیان بەدروستی دەخوێند. پێموابوو ئەمە هاندەرێکی باش دەبێت بۆ ژنان تا بەردەوام لەخوێندنەکەیاندا ئامادەبن. دوای ئەوە، لەدوا وانەی هەموو هەفتەیەکدا ژنەکان پارچە سابوون، یان برنجو پێداویستی تریشیان پێدەدرا، لەبەرامبەریشدا ڕێژەی خوێندکارەکانم بەخێرایی زیادی دەکرد!

یەکێك لەخوێندکارەکانم ژنێك بوو لەکامپێکی دراوسێوە دەهات، کە بنکەی فێربوونی خوێندەواری بۆ ژنان تێدا نەبوو. زۆر حەزی بەفێربوون دەکرد، بەڵام

هاوسەرەکەی پێیخۆش نەبوو. پێیوتبوو دەبێت چاودێری منداڵەکانی بکات، لەکاتێکدا خۆی بەدرێژایی ڕۆژ لەکارگەیەکی دروستکردنی خشتدا کاریدەکرد، بەڵام کاتێك هاوسەرەکەی دەچووە سەرکار، منداڵە گەورەکانی رادەسپارد ئاگایان لەبچوکەکان بێت، خۆشی بەدزییەوە دەهات بۆ خوێندن. لەماوەی شەش مانگدا فێری نوسین و خوێندنەوە بوو، بەبێ ئەوەی مێردەکەی پێی بزانێت.

دواتر لەکامپەکەی خۆیدا دەستیکرد بەفێرکردنی ژنانو لەبەرابەریشدا بڕێك پارەی لەفێرخوازەکانی وەردەگـرت. کاتێك مێردەکەی پێیزانی، تووڕە نەبوو، بەڵکو زۆر دڵخۆش بوو بەوەی ژنەکەی یارمەتی دەداتو بڕێك پارەی دەستدەکەوێتو بەوجۆرە پێکەوە پێداویستییەکانیان دابیندەکەن. لەوکاتەوە ئەم پیاوە هانی ژنانی تری دەدا، خۆیان فێری خوێندن بکەن.

وانە وتنەوەم کاریگەری بۆ سەر خێزانەکەشم هەبوو. دایکم کە هەرگیز دەرفەتی چوونە بەر خوێندنی بۆ نەڕەخسابوو لەسەردەمی منداڵیدا، لەوکاتەدا بڕیاریدا بچێتە بەر خوێندنو لەپۆلەکەی خۆمدا وانەم پێ دەوتەوە. هەستێکی تایبەتیم هەبوو، کە بتوانم یارمەتی دایکی خۆم بدەم، تا فێری نوسین و خوێندنەوە ببێت. بەهەمانشێوەی فێرخوازەکانی تر مامەڵەم لەگەڵ دەکرد، لەکاتێکدا ژمارەیەکیان تەمەنیان لەدایکیشم سەروتر بوو.

زۆر چێژم لەوانەوتنەوە دەبرد، بەڵام هێشتا منداڵ بوومو بەپەرۆش بووم زیاتر فێرببم. بەتایبەتی خوازیاری فێربوونی زمانی ئینگلیزی بووم، بەڵام مەخابن وانەی ئینگلیزی لەهەمان ئەو کاتەدا بوو، کە لەپۆلەکەی بەرامبەردا وانەم دەوتەوە. پێش ئەوەی لەئێوارااندا بڕۆمەوە، دەچومە ئەو پۆلە بەتاڵەی وانەی ئینگلیزی تێدا گوترابووەوە بە هیوای ئەوەی چەند وشەیەك لەسەر تەختەڕەشەکە بەجێمابێت. ئەگەر وشەی لێبوایە، دەمنوسیەوە و هەوڵمدەدا ماناکەی بدۆزمەوە.

ئەزموونەکانم لەکامپەکاندا زۆر شتی دەربـارەی خەڵکی ئەفغانستان فێرکردم. بەچاوەکانی خۆم ئازارو مەینەتیو نایەکسانیم بینی، هێزو گرنگی خوێندنم بۆ دەرکەوت. ئەم ئەزموونانە کاریگەرییان لەسەر جیهانبینیم هەبوو. بۆ خۆشم زۆر شتی ترم دەخوێندەوە.

باوکم زۆر حەزی بەخوێندنەوە دەکردو هەمیشە هانیدەدام تا دەتوانم کتێب بخوێنمەوە. بـەردەوام ئەم پەندەی بەیاد دەخستینەوە، «پێمبڵێ چیدەخوێنیتەوە، منیش پێتدەڵێم تۆ کێیت». جارێکیان لەکتێبخانەیەکی دەستی-دودا دیارییەکی بۆ کڕیم، کتێبێك بوو لەزینداندا خوێندبوویەوە و بەدڵی ببوو. ڕێنوێنی دەکردم کتێبی گرنگ بخوێنمەوە، تا زۆرترین شتیان لێوە فێربم، ژیانو بیرۆکەکانیان لێوە دارێژم. باوکم کۆمەڵە کتێبێکی باشی بەزمانی فارسی هەبوو، شەوانە نەدەخەوتم و تا درەنگانێکی شەو بەدیار چراکەمانەوە کتێبم دەخوێندەوە.

کتێبی (داستانی بەرەنگاری) خانمی ئـەشرەف دهقانی، بەتایبەتی کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر چێکردم. نوسەر ئەم کتێبەی بۆ بەڵگەکردنو خستنەڕووی ترسو تۆقاندنەکانی ناو گرتوخانە ئێرانییەکان نوسیوە، لەکاتێکدا ئەو و چەندەها کەسی تری وەك زیندانیی سیاسی تیادا بەندکرابوون. کۆڵنەدەریی دهقانی دژ بەمامەڵەی خراپو نایەکسانی، هەمیشە گوڕوتینی پێبەخشیوم، هەروەها کتێبەکانی مەکسیم گۆرکی لەوانە (دایك)، (ڕۆژگارەکانی زانکۆم) لەگەڵ ژمارەیەك لەڕۆمانەکانی (جاك لەندەن) لەیادنەدەکران، بەتایبەتیش ڕۆمانی (دان چەرمو).

حەزو ئـارەزوم بۆ شیعریش هەبوو، لەسیحری زمانی شیعری فارسیو ئەفغانیدا تواببوومەوە. شاعیرێکی گەورەی ئەفەریقی-ئەمەریکیشم دۆزییەوە، لانگستن هیوز، نوسینە پاراوەکانی گەلێ بەجوانی نایەکسانی دژ بە ئەمەریکییە پێسترەشەکان دەخاتەڕوو. بێرتۆڵت برێخت، شیعری هەستبزوێنی بۆ چالاکوانە

کۆمەڵایەتییەکانی سەرانسەری جیهان نوسیوە و زۆرێکیانم لەبەرکرد، وەك:

پیاو هەیە بۆ رۆژێك خەبات دەکاتو کەسێکی باشە
پیاو هەیە بۆ ساڵێك خەبات دەکاتو کەسێکی باشترن
پیاو هەیە بۆ چەندین ساڵ خەبات دەکاتو باشترینە
بەڵام هەشە تەواوی ژیانی خەبات دەکات
ئەمانە بێهاوتاو بێوێنەن*

پارچەیەك شیعری (گەورەیی فێربوون)-ی بێرتۆڵت برێخت-م داناوە بۆ ئەو ژنانەی دەڵێن چیدی کاتی دەستکردن بەخوێندن بەسەرچووە.

شتە سادەکان فێربە!
بۆ ئەوانەی کاتیان بۆ هاتوەتە پێش
هەرگیز درەنگ نییە!
ئەی بی سی دی فێرببە. ئەمە بەس نییە،
بەڵام فێری ببە! ترست لێی نەبێت.
دەستپێبکە! پێویستە هەموو شتێك بزانیت.
پێویستە پێشەنگیی وەدەست بێنی.

ژیاننامەکانیش سەرنجیانڕادەکێشام. ژیاننامەی محەمەد موسەدیق-م خوێندەوە، بەشێوەیەکی دیموکراسی وەك رابەری ئێران هەڵبژێردرابوو، بەڵام بەهاوکاری ئەمەریکا لەساڵی 1-953دا حکومەتەکەی روخێنرا. ژیانی ئەم سەرکردانەم خوێندەوە و شتیان لێوە فێربووم: گاندی، چی گیڤارا، پاتریس لومومبا، باگات سینگ، سەعید سوڵتان پور، ڤیکتەر جاراو چەند کەسی دیکەش. ژیانی نیلسۆن ماندێلا، بەتایبەتی هەستی دەبزواند. بیست و حەوت ساڵی تەمەنی لەزینداندا بەسەربرد، بەڵام هەرگیز رێگەی نەدا بەوانەی دەستبەسەریان کردبوو بیرو باوەڕی بگۆڕن و ورەی تێکبشکێنن. دیوارەکانی

زیندان نەیانتوانی کۆڵنەدانو بەردەوامی ماندێلا دامرکێننەوە. ژیاننامەی ئەو کەسایەتییە سروشبەخش بوو.

لەکامپەکاندا فیلمی ڤیدیۆیی زۆر بەردەست نەبوو، بەڵام لەیادمە تەماشای فیلمی (سپارتاکۆس)-م کرد، چیرۆکی کۆیلەیەکە لە سەردەمی رۆمانییەکاندا دژی دەسەڵات دەوەستێت. چیرۆکی یەکێك لە شۆڕشە هەرە کۆنو گرنگەکانە لە مێژوودا، تا دوا سات گەورەیی جەنگ پیشاندەدات، تا ئەو کاتەشی کە ئەشێت سەرکەوتوو نەبیت. کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەر دانام.

فیلمێکی تر کە بێئەندازە چێژم لێبینی و بەڕاستی ژیانی گۆڕیم (گادفلای، Gadfly) بوو، چیرۆکێکی رۆمانسی و قارەمانی دەروەست بە شۆڕش بوو، لە ئیتالیا بەرهەمهێنرابوو. ئەوکاتەی تەماشامکرد، تەمەنم نزیکەی شانزە بۆ حەڤدەساڵ دەبوو. لانی کەم سێجارم بینیوە، هەروەها چێژم لەڕۆمانەکەشی وەردەگــرت، لەلایەن ئیسێل لیلیان ڤۆینك-ەوە نــوسراوە. سەرسام بووم بەکارەکتەری ئارسەر (رۆڵی گادفلای دەبینی)، خۆشەویستی وڵاتەکەی لەدڵدا چەسپیبوو، سوربوو لەسەر خەبات لەپێناو دادپەروەریدا، هەرچەند ئەم کارەی نەمانی پەیوەندی نێوان خۆیو باوکی لێکەوتەوە.

لەو کاتانەدا لەڕێی کاسێتەوە گوێم لە گۆرانی دەگرت. هەواداری داریوش بووم، گۆرانیبێژێکی ئازادیخوازی ئێرانە، هەموو ئەلبومەکانیم هەبوو.

هەموو ئەمانە، چ بارودۆخی کامپەکان، چ وانەوتنەوەم و خوێندنەوەم، تێگەیشتن و تێڕوانینمی لەهەمبەر جیهانەوە دەگــۆڕی، شیعرەکانی برێخت-م بەدڵوبەگیان وەرگرتبوو. دەمویست شتێك ئەنجامبدەم. لەسەروو هەمووشییەوە، دەمویست خۆتەرخانبکەم، هەوڵبدەم تێبکۆشم بۆ باشکردنی بارودۆخی خەڵکی ئەفغانستان.

لەکاتی شەڕی ناوخۆدا، تاڵیبان لەمزگەوتەکانی پاکستاندا مەشقیاندەکردو تازە وەرگیراوەکان دەنێردران بۆ شەڕ دژی سەردەستەی میلیشیا موجاهیدەکانی

پێشوو. بەیارمەتی حکومەتی پاکستان، چەکدارانی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا پلانڕێژی دامەزراندنی جۆرە دەوڵەتێکی ئیسلامیان بۆ خۆیان دەکرد. لەئەیلولی 19-96دا، سەردەستەی میلیشیاکانیان وەدەرناو دەسەڵاتیان گرتەدەست، ساڵی 1998 زیاد 95%ی وڵاتەکەیان کۆنترۆڵکرد. تاڵیبان بەڵێنیان بەگەلەکەمان دا ئاسایشیان بۆ دابینبکەن. بەهۆی بێزاریو شەکەتی لەدەست ئەو چەند ساڵەی جەنگو پاشاگەردانی میللەت پێشوازییان لە رژێمی تازە کرد، بەو هیوایەی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بێنێتەکایەوە. وەلێ ئەسەف هیواو ئاواتەکان زۆر بەخێرایی بەباچوون. تاڵیبان هەمان ئەو تاوانانەی ئەنجامدایەوە، کە لەلایەن برا جیهادیەکانیانەوە بە سەر ئەفغانییەکان هێنرابوون. ئاسایشی وڵاتیش وەك گۆڕستانی لێهاتبوو.

لەوکاتەی لەکامپەکەدا ژیانمان دەگوزەراند، لەڕێگەی رادیۆوە ئاگامان لەهەواڵەکانی دەرەوە دەبوو. هەمیشە دڵتەنگ دەبووم لەکاتی بیستنی ئەو زەبروزەنگەی لە ئەفغانستان روویدەدا، هەروەها بەردەوام هەواڵی راپەڕینی گەلی فەلەستینمان دەبیست، چۆن منداڵە فەلەستینییەکان چاونەترسانە شەڕیان دژی داگیرکاری هێزەکانی ئیسرائیل دەکرد.

لەباوکم پرسی، «بۆ ئێمە خەڵکی فەلەستین نین، وا منداڵەکانیشیان هێندە ئازاو جەربەزەن؟»

لەوەڵامدا باوکم وتی، «ئەگەر بەو شێوەیە هەستدەکەیت بۆچی بیر لەوە ناکەیتەوە لەوڵاتەکەی خۆتدا ببیت بە فەلەستینییەك؟»

ئەو وتەیەی کاریگەری زۆری کردەسەرم. بۆ چەند رۆژێك بیرم لەو قسەیەی باوکم دەکردەوە. دەمویست کار لەسەر ئەوە بکەم کە لە ئەفغانستان چی دەگوزەرا، باوکیشم رێنوێنی دەکردم.

لەدەوروبەری ساڵی 1998دا، بۆ یەکەمجار دامەزرێنەرانی (رێکخراوی پەرەپێدانی تواناکانی ژنانی ئەفغانی)م بینی (OPAWC). تازە دەستیان

پێکردبوو، هێشتا وەك ڕێکخراوێکی ناحکومی (NGO) تۆمارنەکرابوو، بەڵام زۆر پەرۆش بوون لە ئەفغانستان کاربکەن. تەنها زارەکی بیستبوویان کە من لەکامپەکاندا وانە دەڵێمەوە، پلانەکانیانی خۆیان بۆ باسکردم. دەیانویست ڕەوشی تەندروستی و پەروەردەی ژنانو کچان باشتر بکەن، بەوپێیەی ئەوان یەکەم و بەدترین قوربانی دەستی هـەژاریو نـەداری بوون. لەسەرەتادا دایاننابوو بایەخی سەرەکی بە ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ ژنان بدەن، بۆیە بەدوای خۆبەخشدا دەگەڕان.

لێپرسراوانی ئەم ڕێکخراوە رازییانکردم پەیوەندی بەدۆزەکەیانەوە بکەم. دوای پۆلی دوانزە تامەزرۆ بووم بچمە زانکۆ و لەخوێندنی فەرمی بەردەوام بم، بەڵام لەلایەنی داراییەوە ئەو خوێندنە بۆ من ئەستەم بوو. بڕوام بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە هەبوو، کارکردن لەگەڵیاندا ڕێگەیەکی تر بوو بۆ بەردەوام بوون لەخوێندنەکەم. هێشتا بیرکردنەوەکانم بەڕاستی سیاسی نەبوون، بەڵام ئایدیای چالاکی ئەنجامدان لەمێشکمدا بوو بۆ خزمەتکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی.

سەرەنجام وەك چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی فـول تایم، پەیوەندیم بەڕێکخراوەکەوە (OPAWC) کرد. بەدوای کەسێکدا دەگـەڕان بینێرن بۆ پارێزگای هیرات بۆ وانەوتنەوە بە کچان، بێ گوێدانە تالیبان، یاسا و ڕێساکانیان. بڕیارمدا ئەم پرۆژەیە لەئەستۆ بگرم و خۆم بدەمە بەر ئەو مەترسییەی هەیبوو. ئەمەش ئەو کاتە بوو، کە نازناوی جۆیام بۆخۆم هەڵبژارد بۆ پاراستنی شوناسی خێزانەکەم.

بەدەر لەچەند مانگێکی کەم، شانزە ساڵم لەتاراوگە بەسەربرد. کاتی ڕۆیشتنەوە بۆ ئەفغانستان و وڵاتەکەم ئیدی هاتبوو.

# بەشی سێیەم
# تارمایی تاڵیبان

شاری دێرینی هیرات لەباشوری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستاندا هەڵکەوتووە، بە هەبوونی قەڵاو سەنگەری گەورە، شەقامی فراوانی سەرشار بەد ڕەخت، مزگەوتی نەخشدار و قەشەنگ بەناوبانگە. لەڕووی زۆری ڕێژەی دانیشتوانەوە، سێیەمین شاری وڵاتە، لەڕووی کولتور و مێژووەوە، یەکێك لەسەنتەرە هەرە گرنگەکانی ئەفغانستانە. خەڵکی هیرات بە مێشککراوە و بایەخپێدەری خوێندن ناسراون.

مایەی ئەسەفە، کە هاوشێوەی تەواوی ناوچەکانی دیکەی ئەفغانستان، هیرات ماوەیەکی دورودرێــژ بەدەست جەنگ، حوکمڕانی گەندەڵ و مشەخۆرەوە ناڵاندویەتی. یەکەمین پێکدادانی جەنگی نێوان سۆڤیەت – ئەفغانستان لەم ناوچەیەداو ساڵی 1979 روویدا، دوای ئەوەی خەڵکی هیرات دژی راوێژکارەکانی سۆڤیەت لە شارەکەدا راپەڕین. لەبەرابەردا هێزی ئاسمانی سۆڤیەت بێبەزەییانە کەوتنە بۆردومانی هیراتو لەماوەی تەنها یەك هەفتەدا بیستوچوار هەزار خەڵکیان کوشت. لەماوەی جەنگی ناوخۆی ساڵی نەوەدەکانی سەدەی رابردودا، ئیسماعیل خان بووە پارێزگاری شاری هیرات و وەك دەرەبەگێك ناوچەکەی بەڕێوەدەبرد. خان، فەندەمێنتاڵیستێکی توندوتیژ و هاوپەیمانێکی نزیکی ئەو مەلایانە بوو، کە ئێران بەڕێوەدەبەن، یەکێکیش بوو لەو سەرکردە موجاهیدانەی پێشوو، کە دژی داگیرکاری سۆڤیەت وەستانەوە، بەڵام دواتر پەلاماری گەلی ئەفغانستانیان دا. بۆ نمونە، چەکداری دەنارد بۆ پشتیوانی هێزەکانی جەماعەتی ئیسلامی، واتە ئەوانەی خەریکی تاڵانکردنو کاولکردنی کابول بوون. بەهۆی سەرکردە میلیشیاییەکانی وەك خان-ەوە، ئەو ساڵانەی شەڕی ناوخۆ لەڕادەبەدەر کارەساتبارو جەرگبڕبوون. کاتێك لەساڵی 1995دا تاڵیبان دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت، خان هەڵهات بۆ ئێرانو لەپلانێك دەگەڕا تا بگەڕێتەوە.

هاوشێوەی ئەو سەردەستە ئوسوڵگەرا میلیشیایانەی جێگەکەیان

گرتەوە، تاڵیبانیش ئیسلامیان بەشێوازێکی خراپ بەکارهێناو بەناوی ئاینەوە یاساورێسای توندوتیژ، داپڵۆسێنەر و دواکەوتوویان بەسەر خەڵکیدا سەپاند. هەموو پیاوێك ناچارکرا ریشی بەربداتەوە و ژنانیش بەزۆر لەکفنی بورکا ئاخنران. گومان لەوەدا نییە زۆربەی خەڵکی لەوە ئاگادارن، کە تاڵیبان بەتوندی هەموو جۆرە خوێندنێکی فەرمی بۆ ژنانو کچان یاساغکرد، بەڵام خەڵکی رۆشنبیرو سەربەرزی هیرات ئەو کارەیان پێ قبوڵ نەکرا. دەیانویست هەموو منداڵەکانیان بخوێنن، لەبەرئەوە ئاسایی بوو، کە (OPAWC) داوایان لێکردم بچم بۆئەم شارەو بەپەنهانی کاری مامۆستایی بکەم.

زۆر خەمباربووم کامپەکانی پیشاوەر دوای خۆم بەجێبهێڵم، چون تێیدا گەورە ببووم، یان ماڵئاوایی لەو خوێندکار، هاوڕێ و دراوسێیانە بکەم، کە چەندین ساڵ بوو شانبەشانی یەکتر کارمان دەکرد، بەڵام ئەوکاتە گەورە ببووم و ئەفغانستان ئەو شوێنە بوو، کە دەمویست لێی بژیم، دەمەویست بگەڕێمەوە بۆ ئەو وڵاتەی بە ناچاری لەتەمەنی چوار ساڵیدا بەجێمهێشت، سەرەڕای ئەوەی دەشمزانی ئەمە کارێکی زۆر مەترسیدار دەبێت.

تاڵیبان سزای سەختی دانابوو بۆ هەرکەسێك پێشێلی یاساکانیانی بکردایە. قامچی لێدانو سەرپەڕاندنو هەڵواسین لەبەرچاوی خەڵکی جێبەجێ دەکراو زۆرجاریش لاشەی کەسەکە بۆ چەندین رۆژ بەبەرچاوی خەڵکەوە دەهێڵرایەوە. لە کابولی پایتەخت، یاریگای غازی ببووە پێگەیەکی قێزەونی لەسێدارەدانی هۆڤییانەی خەڵکی، تەنانەت لاشەی مردووەکانیش بەبێوەیی نەدەمانەوە. هەندێك لەپەنابەرە ئەفغانییەکان لە پاکستان پێیان باشبوو تەرمی مردوەکانیان ببەنەوە بۆ وڵاتی خۆیان تا لەوێ بیاننێژن. جارێکیان خێزانێك هەوڵیاندەدا تەرمی کوڕێکی نەوجەوانیان لەڕێی سنوری تورخەم-ەوە ببنەوە بۆ ئەفغانستان، تاڵیبان رێیانپێگرتن، داوایانکرد تابوتەکە بپشکنن. کاتێك کردیانەوە، بینییان تەرمی کوڕێکی تێدایە، کە ریشی نییە. بە کەسوکاری مردوەکەیان راگەیاندبوو

ئەو کوڕە بێباوەڕ بووە، چونکە ریشی نەبوو، لەبەرئەوە بەپێی یاسای ئەوان دەبوایە (داری حەدی) لێبدرێت. سەرئەنجام لاشەکەیان لەتابوتەکە دەرهێنابوو لەبەرچاوی خێزانەکەیدا کەوتبوونە قامچی لێدانی، پاشان رێیان پێدابوون لەسنور بچنە ئەو دیو. هەموو کەسێك لەکامپەکەدا ئەم بەسەرهاتەو هاوشێوەکانی ئەو بەسەرهاتەیان بیستبوو.

سەرەڕای ئەو شتانەی خێزانەکەم دەربارەی رژێمی تاڵیبان دەیانزانی، بڕیاریاندا پشتیوانیم بکەنو لەگەڵم بێن بۆ هیرات. هەموو پێکەوە چوینە ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر، گەشتێکی دورودرێژمان بەرەو نیشتمان دەستپێکرد.

گەشتێکی پڕ هەستو سۆز بوو بۆ تەواوی خێزانەکەم. هەرچی خوشكو برا بچوکەکانیشمە، ئەوە یەکەمجار بوو ئەفغانستان ببینن. لەو ساتەی لەسنورەوە دەپەڕینەوە، پاشماوەو ئاماژەی کاولکاری ئەو چەند ساڵەی جەنگو حکومەتە سەرکوتکارانەکانمان دەبینی. جادەو رێگاوبانەکان وێران بوون، تانكو ئۆتۆمبێلی سوتاوی سەربازی سروشتی ناوچەکەیان شێواندبوو. کاتێك بۆ پشودان دەوەستاین، منداڵەکان ئاگادار دەکرانەوە لەجادەکە دوورنەکەونەوە، نەکا ببنە یەکێك قوربانی ئەو کێڵگە مینڕێژکراوانەی پاشماوەی جەنگەکانی پێشو بوون. لەخاڵەکانی پشکنیندا هێزەکانی تاڵیبان دەیانوەستاندین و شتومەکەکانمان دەگەڕان. ئەمە ئەزمونێکی زۆر ترسناك بوو، بیرمە ئەو پیاوە چارەقورسانە لێکۆڵینەوەیان لەباوکم دەکرد و جۆرەها پرسیاریان لێدەکردین، تا دڵنیابن مسوڵمانین. لەکۆتایی گەشتەکەماندا، گەرماو ناڕەحەتی هەموومانی شەکەتکردبوو، تەنانەت پێستم بە تۆز و خۆڵی رێگاکە رەنگی گۆڕابوو. ئەو پێشبینیانەی بۆ بینینی ئەفغانستانی خۆشەویست هەمبوو جارێکی دی بە بینینی روخساری خەفەتباری پیاوان و ژنانی لەبورکا پێچراوی کەنەفت، کە بەدرێژایی شەقامەکانی هیرات وەك خێو دەهاتن و دەچوون، بێتاقەتی کردم.

ماوەیەکی ویست تا لە گەڕەکەکەماندا راهاتینو خەڵکی لایان ئاسایی

بووەوە. بێشك لەوكاتەدا لەبەر چەند هۆكارێك ئاسایی بوو خەڵكی گومان لەدراوسێكانیشیان بكەن. هەموو كەسێك دەبوایە پاسەوان بایە دژی هەواڵدەرو پیاوانی تاڵیبان، بۆیە كاتێك لەگەڵ خێزانەكەم گەیشتینە هیرات ماوەیەكی زۆری پێچوو، تا دەستبكەم بەوانە وتنەوە، هەروەك پرۆسەیەكی سەختیش بوو. دامەزراندنی قوتابخانەیەكی نهێنی كارێكی هێند ئاسان نەبوو، بە تایبەتی لەشارێكی قەرەباڵغدا، دەبوو زۆر ئاگاداری خۆم بم.

بەر لە هەموو شتێك، نێرینەكانی خێزانەكەمان دەبوو ریش‌و سمێڵیان بهێشتایەتەوە، ئەوە شتێك بوو پێشتر نەیانكردبوو. هەرزو برا گەورەكەم‌و باوكم ریشێكی چڕو درێژیان هێشتەوە، دەبوو لەچەناگە بۆ خوارەوە پڕبەدەست بایە، هەڵبەت بە پێی ئەو یاسایانەی بۆ نێرینە دانرابوون. لەڕاستیدا دەبوو بەر لە گەڕانەوە بۆ ئەفغانستان ریشیان درێژ بكردایە، ئەگەر ریشیان تاشرابایە ئەشیا رێگرییان لێبكەن. لەوكاتەدا كردبوومان بە نوكتەو دەمانوت ریش هێشتنەوە، بووەتە ڤیزا بۆ چوونە ناو ئەفغانستانەوە. یەكێك لەهاوسێكانمان لە هیرات پاش ماوەیەك ئەوەی دركاند، كە لەبەر ئەو ریش هێشتنەوەی باوكم و براكەم، سەرەتا گومانیان لێكردوین‌و پێیانوابووە تاڵیبانین، لەحاڵێكدا ئەوان لای خۆیانەوە هەوڵیاندەدا لەگەڵ ئەو ریشەدا خۆیان رابهێنن.

لەو ساڵانەدا دەبوایەیە فێرببم بوركا بپۆشم، گەرچی یەك تۆزیش حەزم لێنەبوو. تەنها تەنگ‌و هەناسەبڕ نەبوو، بگرە زۆر لەوە ناخۆشترە، كە بەخەیاڵتاندا دێت، ماوەیەكی پێچوو تا فێریبووم. باوكم هەمیشە پێیدەوتم لەناو كۆمەڵێك ژنی بوركا لەبەردا دەمناسێتەوە، لەبەرئەوەی نەمدەزانی پێیەوە بڕۆم. دەیوت رێوڕۆیشتنەكەم لە پەنگوین دەچێت. دەی بە هۆی ئەو پارچە قوماشە تۆڕئاسایەی بەپێش چاوتدا دەدا، بەردەمی خۆت بەباشی نەدەدی. ژێر بوركاكەش زۆر گەرمەو تیایدا دەتاسێیت. تاكە سودی ئەو رۆبە شین‌و درێژە ئەوەبوو، كە كتێبی قوتابخانەو كەلوپەلە قەدەغەكراوەكانی دیكەی لەژێردا دەشاردرایەوە.

بەدەر لەو سنوردارییە قورسەی لەسەر پۆشینی جلوبەرگ دانرابوو، زۆر شتی تر لەژێر دەسەڵاتی تاڵیباندا قەدەغە کرابوون. تەلەفزیۆن، فیلم، گۆرانی و مۆسیقا یاساغبوون. ئەگەر بهاتباو ماڵەکەتیان بپشکنیایە، هەر شتێکیان لەو کەلوپەلانە بدۆزیایەتەوە دەستبەجێ دەیانشکاند. تەنانەت هەبوونی هەر کتێبێکی دیکەش بەدەر لە قورئان، مەترسی لەسەر بوو، بە تایبەتی ئەگەر وێنەی مرۆڤی تێدابووایە. لەژێر دەسەڵاتی تاڵیباندا، گرتنو بڵاوکردنەوەی وێنەی مرۆڤ کارێکی نائیسلامیانە بوو. رۆژنامەی رۆژانەی تاڵیبان وێنەی تێدا نەبوو.

تاڵیبان دەستەو تاقمی پیاوەکانیان دەنارده ناو خەڵکەوە تا یاساوڕێساکانیان جێبەجێبکەن، ئەگەر لەو دەورووبەرانە بەدیمان بکردنایە، یان بمانزانیایە بۆ پشکنینی ماڵەکانمان دێن، ئەوا کتێب و نوسینەکانمان دەشاردەوە. جارێکیان، دوو دەفتەرم سوتاند، کە پڕبوون لەبیرەوەریی تایبەتی خۆم، چوون دەترسام لەکاتی پشکنینی ماڵەکەماندا بیاندۆزنەوە. دەمێکی تەماشامدەکردنو دەفتەرەکانم دەسوتان، بۆیان دەگریام، بەڵام لەوە دەترسام بکەونە دەستی تاڵیبان، ئەمەیان ژیانی تەواوی خێزانەکەمی دەخستە بەر مەترسی.

تاڵیبان لە ئەفغانستان بەردەوام بوو لەڕێگریکردنی کەمایەتییە ئاینییەکان بۆ بەئاشکرا بەجێهێنانی سروتی ئاینییان، وەك ئەو دەیان هەزارە هیندۆسەی لەکابولو پارێزگاکانی تر دەژیـان، بەڵام رقو کینەیان بەئەندازەیەك زۆر بوو، کە تەنانەت کەلەپوری کولتوریی بێهاوتای وڵاتەکەشمان بووە قوربانی دەستی ناپاکیان. کێشانی وێنەی مرۆڤ لای ئەوان تاوانێك بوو دژی ئیسلام. کارە هەرە بەدناوەکەی تاڵیبان، تەقاندنەوەی پەیکەرە دوو هەزار ساڵەکەی بودا بوو لەپارێزگای بامیان، گەورەترین پەیکەری بودا بوو لەجیهاندا. ڤیدیۆی بودا تەقێنراوەکە یەك لەدوای یەك لەتەلەفزیۆنە نێودەوڵەتیەکاندا پیشاندەدرا. رۆژانە، زۆر کاری تێکدەرانەی دیکە دەرهەق بە پیرۆزییەکان ئەنجامدەدران.

دەموچاوی وێنەکان و تابلۆکانیان دەڕوشاند و دەشێواند. سەری بوکەڵەی نمایشکردنی جلوبەرگیان لێدەکردەوە، ئەو پارچە بەنرخانەی لە مۆزەخانەکاندا هەبوون و لەشێوەی مرۆڤدا بوون، دەشکاند.

نوێژی رۆژانە لەژێر چاوەدێری توندا بوو. هەموو، پیاوێك دەبوایە پێنج فەرزەکەی نوێژ لەمزگەوت ئەنجامبدات. ئەگەر پیاوەکانی تاڵیبان گومانیان لەکەسێك بکردایە نوێژێکی بەکۆمەڵ نەکردووە، دەیانگرت‌و دەیانبرد بۆ مزگەوت تا نوێژەکەی بکات. هەندێکجار کوڕو پیاوی وا هەبوو، لەڕۆژێکدا حەوت بۆ هەشت جار نوێژە فەرزەکانیان دەکرد، لەبەرئەوەی تاڵیبان بەهەڵە تۆمەتباریدەکردن گوایە نوێژێکیان نەکردووە. جاری هەبوو لێدانیان دەخوارد، یان مامەڵەی خراپتریان دەرهەقدەکرا.

لەگەڵ ئـەوەی هەڵسوکەوت‌و بەجێگەیاندنی ئەرکی ئایینی، خەڵك لەنزیکەوە لەژێر چاوەدێرییەکی توندو زۆرەملێدا بوو، بەڵام ورەو تاقەتیان نەڕوخابوو. خێزانەکەم و ئەو هاوڕێیانەی جێی متمانە بوون، لەناوخۆیاندا گاڵتەیان بە تاڵیبان دەکرد. دوای ئەو شەڕە ناوخۆییەی روویدا ئاواتەخوازی باروگوزەرانێکی باشتر بوون، بەڵام لەبری ئەوە وەك ئەفغانییەکان دەڵێن، «کاتێك زەوی شەق بوو، مەیمونی لێهاتە دەرەوە». هەندێك کەس دەناسم، لەناویاندا پیاوانی بەتەمەن هەبوو، لەلایەن تاڵیبانەوە لێدانیان خواردبوو لەبەر جێبەجێنەکردنی یاساکانیان، ئەوانیش لەداخدا ریشیان دەتاشی، گەرچی پێشتر هەرگیز ریشیان نەتاشیبوو.

گەنجان بەشێوازی جۆراوجۆر دژی تاڵیبان دەوەستانەوە. هەندێك لەکچانی دراوسێمان بوونە هاوڕێی نزیکم. جاروبار بانگێشتم دەکـردن‌و بۆ خۆشی خۆمان هەڵدەپەڕین، لەحاڵکدا تاڵیبان بەتوندی قەدەغەی کردبوو. هەندێکمان بەدزییەوە جلوبەرگی مۆدێرنمان لەبەردەکرد، گەرچی بەرگدرووەکان بەپارەی زۆر دەیاندروو. هەندێکجار کچان لەژێر بورکاوە جلوبەرگی ستایلی رۆژئاواییان

دەپۆشیو ماکیاژیان دەکـرد. حەزم بەهەبوونی ئەم کاره دەکـرد، چونکە هەستمدەکرد رێگایەکە گەنجان گرتویانەتە بەر بۆ پیشاندانی بەرهەڵەستی دژی تاڵیبان.

دوای وانەوتنەوە لەکامپی پەنابەران و بینینی راستەوخۆی ئەوەی چۆن فێربوون متمانەو شانازی لای ژنان دروستدەکات، زۆر پەرۆش بووم لە هیرات دەست بەوانە وتنەوە بکەم. بە هاوکاری چالاکوانەکانی (OPAW) سەرەتا دۆست و ناسیاومان لە گەڕەکەکەماندا پەیداکرد، بۆ دۆزینەوەی کەسانی پشتیوانکار. زۆرێك لە هاوپیشەکانم لە(OPAW) گەنج و رۆشنبیر بوون، کاتێك روویان لەکارو چالاکی کرد، لەبەرئەوەی چوونە زانکۆیان لێ قەدەغەکرابوو. قورسترین بەشی ئەو کارە دۆزینەوەی شوێنێکی سەلامەت بوو بیکەین بەقوتابخانە. وانەکان هەمیشە لەژێرزەمینی ماڵی کەسە خوێندەوارەکاندا دەوترایەوە. کاتێك دروستدەکرا، ئیدی ئاستەم بوو بشاردرێتەوە کە قوتابخانە نییە، چەندی شوێنەکەشی چەپەك بایە. بۆ ئەوەی گومان دروست نەبێت، بە خوێندکارەکانم دەوت لەدوو کەس بۆ سێ کەس زیاتر رێنەکەن بەرەو قوتابخانەکە، بەڵام هەندێکجار دەترسانو ناچار پێکەوە دەهاتن. شتێکی ئاسایی بوو، کە کچەکان توشی ترسو دڵەڕاوکێی تاڵیبان ببوون، هەر بۆیەش بە کۆمەڵ دەهاتن. پاش چەند جارێك لەمجۆرە رەفتارکردنە گومانی تاڵیبان زیاد بوو، سەرئەنجام شوێنی قوتابخانەکەیان دەدۆزییەوە. ئەوانەی ماڵەکەی خۆیان بەدزییەوە دەکردە قوتابخانەی کچان دەخرانە زیندان، یاخود خراپتریان بەسەردەهات. کاتێك ئەمە روویدەدا، زۆر پێی بێتاقەت دەبووین، زۆرجار مانگێك یان زیاتری پێدەچوو، تا ماڵێکی ترمان رێکدەخست بۆ وانەوتنەوە. لە هیرات پیاوێك دەناسم رەوانەی قەندەهار کرا، لەوێ بۆ چەندین ساڵ زیندانی کراو ئەشکەنجە درا، تەنها تاوانی ئەو هەبوونی گۆڤارێکی (RAWA) بوو، کە بابەتێکی دژی تاڵیبان لەخۆگرتبوو. دوای رووخانی تاڵیبان خۆشبەختانە ئەو پیاوە لەزیندان ئازادکرا.

لەسەرەتادا قەرەباڵغی ناوپۆل کێشە نەبوو. دۆزینەوەی خوێندکار ماوەیەکی خایاند. لە هیرات، سەرەتا خوێندکارەکان خوشکە بچوکەکانم و ژمارەیەکی کەم لەمنداڵی ئەو خێزانانە بوون، کە پێشتر پەیوەندییان لەگەڵ (OPAW)-دا هەبوو. دواتر بابەتەکە بڵاوبوویەوەو پەیتا پەیتا کچی زیاترمان دیتەوە، کە هەمانشێوە ئارەزویان بۆ فێربوون هەبوو، بێگومان رۆژانە رەوشی ئاسایش لەناوچەکەدا، کاریگەری لەسەر رێژەی ئامادە بووان دادەنا. رۆژێکیان وانەم تەنها بە سێ خوێندکار وتەوە.

پێچەوانەی کامپەکانی پەنابەران، لێرە هەموو خوێندکارەکانم منداڵ بوون. لەپۆلی یەکی سەرەتایی تا پۆلی دوانزە، بەدەر لەبیرکاری، هەموو وانەکانم بەو کچانە دەوتەوە. بیرکاری وانەیەك بوو باش نەبووم تیادا، لەبەرئەوە مامۆستای تر دەهاتو بیرکاری دەگوتەوە.

هەرچەند ئەو قوتابخانانەی دامانمەزراندن نافەرمی بوونو بەرنامەرێژی تەوایان بۆ نەکرابوو، هاوکات مامۆستای زۆر گەنجو بێئەزموونی تێدابوو، بەڵام شانازی بەو چەشنە باشەی پەروەردەو خوێندنەوە دەکەم، کە توانیمان بەو کچانەی ببەخشین. گومانم نییە، کە ئەو کچانەی دەچوونە قوتابخانەکانی ئەو رێکخراوە، خوێندنێکی باشتریان هەبوو، وەك لەو قوتابخانانەی تاڵیبان بۆ کوڕانی رەخساندبوو. ئەم راستییە دەڵێم، چونکە یەکێك لەو خوشکە بچوکانەم، کە خۆم وانەم پێوتبوو، تەمەنی لەگەڵ تەمەنی ئەو برا بچوکەکەم، هێند جیاوازی نەبوو، کە لەو ساڵانەدا ئەو دەچووە قوتابخانەی تاڵیبان، کەچی لەگشت وانەکاندا لەدوای خوشکەکەیەوە بوو. وانەی ئاین بە زمانی عەرەبی بوو، مامۆستاکانیش لەگەڵیان توندبوون. جاروبار براکەم بەگریانەوە دەهاتە بۆ ماڵ، تومەز لێدانی دەخوارد، کاتێك بیری دەکردەوە مێزەر لەسەر بنێت، یاخود هەندێك شتی ئەنجامدەدا کە لای ئەوان تاوان بوو.

بیرەوەرییەکی گەلێ ترسناکم هەیە لەسەر ئەوکاتەی تابورێکی تاڵیبان

خەریکبوو یەکێك لەقوتابخانەکانمان بدۆزنەوە. لە ژێرزەمینی ماڵێکدا وانەم دەوتەوە، لەوکاتەی یەکێك لەژنەکانی ماڵەکە هاواری لێکردین، کە تاڵیبان هاتوون. بەخوێندکارەکانم وت خۆیان بدەن بە زەویداو بێدەنگ بمێننەوە، گڵۆپەکەم کوژاندەوە. لەو تاریکییەدا گوێمان لەدەنگی پێیان بوو، لەسەرەوە تەپەی دەهات. خۆشبەختانە نەهاتنە خوار بۆ ژێرزەمینەکە. دوای ئەوەی نزیکبوو بگیرێین، ئیدی هیچ چارەیەکی دیکەمان نەما، جگە لەدۆزینەوەی شوێنێکی تازە بۆ بەردەوام بوونو درێژەدان بە وانەکانمان.

خێزانەکەم چەندین خانویان بەکرێگرت، هەرکاتیش درکمان بکردبا لەمەترسیداین، ماڵەکەمان باردەکرد. هەندێك جار بۆمان دەردەکەوت دراوسێکانمان پشتیوانی تاڵیبان بوون، لەو حاڵەتانەدا دەبوو باربکەین. زۆر ئاستەم بوو شوێنێکی باش بدۆزینەوە تا لێی بژین. سەلامەتترین شوێن ئەو گەڕەکانە بوو، کە کرێیان گران بوو. خانوی زۆر هەرزانیش هەبوو، بەڵام لەو گەڕەکانەبوون، کە زۆر مەترسیدار بوون.

لەڕاستیدا، هەرزو دوای ئەوەی گەیشتینە هیرات، بینیمان واپێویست دەکات بۆماوەیەك خێزانەکە لێکجیاببێتەوە. پێویستبوو لەو شوێنەوە نزیك بم کە (OPAW) بۆ قوتابخانە دەستنیشانی کردبوو، بەڵام ئەو خانووەی تێیدا دەژیاین بۆ هەموو خێزانەکەمان گونجاو نەبوو، لەبەرئەوەی برا گەورەکەم لەناوەڕاستی بیست ساڵیدا بوو لەتەك ژمارەیەك لەخوشکە گەورەکانم لەو خانووەدا لەگەڵ من دەژیان، لەکاتێکدا دایكوباوکم لەگەڵ منداڵە وردەکان لەخانویەکی تردا دەژیان، بەڵام بێگومان یارمەتییاندەداین. باوکم سەریلێدەداینو خواردنی بۆ دەهێناین، ئاگای لێماندەبوو.

لەو خانوەدا، لەگەڵ ماڵەکەی تەنیشتمان پەیوەندییەکی دۆستانەمان دروستکرد. تێبینی ئەوەیان کردبوو چەندێك ماڵەوە بەجێدەهێڵم، لەبەرئەوە بەجۆرە گومانێکەوە پرسییان، «ئەو هەموو هاتنو چونەت لە چییە .....

خەریکی چیت؟» لەو ساڵانەدا، زۆربەی ژنان هەموو کات لەماڵەوە دەمانەوە.

لەبەرئەوەی متمانەم بەم دراوسێیانە هەبوو، پێموتن من مامۆستام. پێش ئەوەی ئەو نهێنییەیان لا بدرکێنم، هەندێکیان پێیانوابوو کە من کچێکی باش نیم.

کاتێك راستییەکەیان زانیو تێگەشتن سەرقاڵی چیم زۆریان پێخۆش بوو، دەیانویست زیاتر دەربارەی چۆنیەتی دەوامی قوتابخانەکە بزانن. منداڵەکانیان رێزیان لێدەگرتمو هەندێکجار کوڕە بچوکەکانیان لەهەڵگرتنی کتێبی قوتابخانەدا هاوکارییان دەکردم. کاتێك دەگەشتینە سەر سوچی کۆڵانەکەمان، دەیانبینی بەرەو ماڵ دێمەوەو ماندوم بەدەست هەڵگرتنی ئەو هەموو دەفتەرە رەشە گەورەی خوێندکارەکانەوە لەژێر بورکاکەمدا، تا تەماشای ئەرکەکانی ماڵەوەیان بکەم، یەکسەر بەخۆشییەوە بەرەو رووم دەهاتنو دەیانوت، «خوشکم، یارمەتیتبدەم؟»

منیش بەڕێزەوە وەڵامم دەدانەوە، «بەڵێ، بە قوربان»

ئەمە بیرەوەرییەکی تاڵ بوو بۆ من، کە ئەو منداڵە بچوکانە پشتیوانی خۆیان بۆ دووپاتدەکردمەوە، ئەو منداڵانەی هەڵوێستی ئەو خەڵکانەیان نەبوو، کە وڵاتەکەیان بەڕێوەدەبرد.

کچی دراوسێکانیشمان بوونە هاوڕێم، بەڵام یەکێکیان بڕوای نەدەکرد بەڕاستی من مامۆستام، لەبەرئەوە رۆژێکیان پێموت، «لەگەڵمدا وەرەو بەچاوی خۆت ببینە!»

لەوانەیە ئەمە کەمێك سەرەڕۆیی بوبێت، بەڵام پێموابوو رێگەیەکە تا خوێندکاری زیاتر رابکێشم بۆ وانەکان. هەڵبەت سەریگرت. هاتو بەچاوی خۆی تەماشای وانەوتنەوەکەی کرد، کاتی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە پرسی، ئەگەر بتوانێت خوشکە بچوکەکەی و خوشکەزاکەی دەهێنێت بۆ قوتابخانە. بەو شێوەیە خوێندکاری تازەمان وەردەگرت. پرۆسەیەکی خاوبوو، بەڵام خەڵاتی

گەورە ئەوە بوو، کە هەموو جارێك کچێکی تازە پەیوەندی پێوەدەکردین.

بەزۆری لەناو شاردا وانەم دەوتەوە، هەندێکجاریش دەڕۆیشتم بۆ گوندە نزیکەکان. هەرچەند ئەمە بەردەوام روویندەدا، دەشیا لەمانگێکدا دووجار بچومایەتە دەرەوەی شار. زۆرجار کە دەبوو بچوینایەتە دەری شار، باوکم بە سواری ماتۆڕەکەی خوشکەکانم و هاوپۆلەکانیانی دەگەیاند. بێوێنە بوو، بە تاکە قاچێکەوە و بە سواری ماتۆڕەکەی ئێمەشی دەگەیاند، جار هەبوو ژمارەمان دەگەشتە پێنج کەس. سیانمان، بە بورکاو هەموو پێویستییەکانەوە لەدوای باوکمەوە سوار دەکەوتین، دوو خوشکی بچوکیشم لەپێش خۆیەوە سوار دەبوون.

لەو ساڵانەدا باوکم جۆرەها ئیشی کرد، تا بژێوی خێزانە گەورەکەمان پەیدابکات. هەر ئیشێکی پەیدا کردبا، یەکسەر شانی دەدایەبەر. لەبەر خوێندەوارییەکەی، جارجار بە ئامۆژگاری پزیشکی و پشکنین، یارمەتی دراوسێکانی دەدا، هەندێکیان پێیاندەوت «دکتۆر». دایکم بەشۆخییەوە پێیدەوت، هەرچەند لەبەر بەشداریکردنی لەخەباتی دژی سۆڤیەتییەکان، نەیتوانی ببێتە پزیشك، وا ئێستا هەرچۆنێکبێت خەڵکی بە «دکتۆر» بانگی دەکەن.

تەندروستی باوکم باش نەبوو، لەبەرئەوەی بێئەندازە ئیشی دەکردو فشاری زۆری لەسەربوو. رۆژ هەبوو، کە لە ئیش دەگەڕایەوە قاچی هەڵدەئاوساو خوێنی لێدەهات، شەوانیش ژانی بەسوێ بوو. تاکە چارەسەر پشودان بوو، بەڵام ئەمەش ئەستەم بوو، چون تەنها ئەو و برا گەورەکەم توانای ئیشکردنیان هەبوو، بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکەمان. دراوسێکان تێبینییانکردبوو باوکم چەند بە زەحمەت ئیشدەکات، دەیانوت لەپیاوێك کە دوو قاچی ساغو سەلیمی هەیە، سەرساختانەتر ئیش دەکات. بۆ بەدبەختی ئێمە، ژنان مافی کارکردنیان نەبوو، بۆیە لەماڵەوە من و خوشکەکانم هاوکاریمان دەکرد. ئەم ساڵانە گەلێ

سەخت و دژوار گوزەران، هەروەك لە لایەکی ترەوە وشکەساڵیش ببووە هۆی بەرزکردنەوەی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان.

ئەو ژمارە خانووەی لەو ساڵانە تێیاندا ژیایین، لەگەڵ دەرفەت دەهاتە پێشێ باوکم دەستی بە چاندنی گوڵو سەوزە دەکرد. هەمیشە دەیویست باخچەیەکی هەبێت. لەم بارەیەوە دایکم گاڵتەی لەگەڵ باوکم دەکرد، دەیوت لەبری ئەوەی هەوڵی بوونە پزیشکی بدایە، دەیتوانی خۆی بکات بە باخەوان، چونکە هەمیشە مژۆڵی رووەك چاندن و ئاودانیان بوو.

لەژێر دەسەڵاتی تاڵیباندا، هێشتا ئایسکرێم هەبوو، بەڵام ئەو دوکانانەی دەیانفرۆشت، وەك پێشتر نەبوون. چەند کورسیو مێزێك بۆ پیاوان دانرا بوو، ژنانیش دەبوایە لەشوێنێکی جیاواز بوونایەو بەزۆریش بەپێوە دەوەستان. کاتێك ئایسکرێمان دەخوارد، دەبوایە لەژێر بورکاوە بیخۆین. فێربوونی خواردنی ئایسکرێم لەژێر بورکاوە شتێکی زۆر ناخۆشبوو. دەبوایە بەدەستێك قوماشی سەر دەموچاوت بەرزبکردایەتەوە و بە دەستەکەی تریش بیخۆیت، ئەمەش ئایسکرێمەکەی بێتام دەکرد.

سەرەڕای هەموو رێوشوێنە توندەکان، هێشتاش بازاڕی رەش هەبوو. لەو ساڵانەدا هۆلیود فیلمی تایتانیکی بەرهەمهێنا، لەئەفغانستانیش بەدزییەوە دەفرۆشراو تەماشادەکرا. خەڵکو باندەکان بەقاچاخ فیلمەکەیان لە سنوری ئێرانەوە دەهێنا. گەنجان بە تایبەتی هەواداری ئەو فیلمە بوون. منداڵان و گەنجان بەدزییەوە ئاهەنگی تەماشاکردنی فیلمەکەیان رێکدەخست.

پێموایە دەوروبەری ساڵی 199-9و کاتێك بیستویەك ساڵ بووم، تەماشای ئەو فیلمەم کرد. منو خوشکەکانم بانگهێشتکراین لەگەڵ منداڵی دراوسێکانمان تەماشای فیلمەکە بکەین، ئەوانەی لەگەڵیان ببووینە هاوڕێ. ئەو ماڵە ژورێکی نهێنییان هەبوو، تەلەفزیۆنو ڤیدیۆی تێدابوو. باوکم پێی باشبوو یەکێکمان بچوینایە بۆ تەماشاکردنی فیلمەکە، لەبەرئەوەی ئەگەر هەموومان بچوینایە

ئەوا دراوسێکانمان توشی گرفت دەکرد، بەڵام توانیمان رازی بکەین، پێموایە پێنج لەکچەکان چوین بۆ تەماشاکردنی تایتانیك. لەکاتی تەماشاکردنی فیلمەکەدا توشی دڵەڕاوکێی ئەوە ببووین، کە پیاوەکانی تالیبان پێبزانن. هەرکاتێك تەقەی دەرگاکە بهاتبایە، فیلمەکەمان دەکوژاندەوە. نەماندەویست تالیبان تەلەفزیۆنەکە بشکێنن.

چێژم لەفیلمەکە بینی، نەتەنها لەبەرئەوەی چیرۆکێکی خۆشەویستی بوو، بەڵکو دەربارەی قوربانیدان بوو، هەروەها پیشانیدەدا کە دەوڵەمەندەکان چەند لوتبەرز بوون و هەژارەکانیش چەند بەناڕەوایی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لەوکاتەدا وتم ئەم فیلمە دەریدەخات، کە هەموو کەسێك دەبێت خەون و ئامانجی هەبێت و هەوڵی بەدەستهێنانیان بدات. لە ئەفغانستان دەمانتوانی ئامانجی ئازادبوونمان لەدەست تاڵیبان هەبێت. کچەکانی تر گاڵتەیان پێدەکردم، گوایە هەوڵدەدەم لەهەموو شتێکدا هەندێك رەهەندی سیاسی بدۆزمەوە، تەنانەت لە چیرۆکێکی خۆشەویستی هۆڵیۆدیشدا. لە یادمە هەموومان تاساین کاتێك لەکۆتایی فیلمەکەدا (جاك) مرد، باوەڕمان نەدەکرد بمرێت. خۆزگەمان دەخواست رزگاری ببوایە و لەگەڵ (رۆز)دا بەیەك بگەیشتنایە.

فیلمی تایتانیك هێند رەواجی هەبوو، تەنانەت لەبازاڕەکاندا بەئاشکرا زۆر شت پێیدەوترا «تایتانیك». جلوبەرگ و تەنانەت شامپۆش هەبوو پێیاندەوترا تایتانیك! هەندێك لەبازرگانەکان سەوزەیان دەهێنا ناویان لێنابوون تایتانیك. ئیتر دەتتوانی بچیت بۆ بازاڕ، پیاز، تەماتە، باینجان، پەتاتە و شتی دیکە بەناوی تایتانیکەوە بکڕیت. ناونانی سەوزە بەناوی فیلمێکی هۆڵیۆدەوە زۆر سەیر بوو لەلام. لەتەواوی وڵاتەکەدا ببووە شتێکی باو. (رووبـاری کابول) بەناو جەرگەی بازاڕێکی پڕ هاتوهاواردا تێدەپەڕێت، کە دەکەوێتە سەنتەری پایتەختەوە. لەوەرزی هاویندا کاتێك ئاوەکە وشکدەکات، خەڵکی دوکان و بازاڕە بچوکەکانیان دەگوازنەوە بۆ شوێنی ئاوە وشکبووەکە. هاوینێکیان

خەڵکی بە دوکانو بازاڕەکانی ئەو شوێنەیان دەوت (بازاڕی تایتانیك)، ئەو ناوە بۆ چەندین ساڵ هەروا مایەوە. هاوزەمان دەنگوباسی ئەوەش هەبوو گوایە مەلایەك لەبۆنەیەکی ئاینیدا راگەیاندبوو، کە ئەو کەسانەی سەرپێچی خوا دەکەن وەك تایتانیك تێكوپێك دەشکێن. لێرەوە تێگەشتین ئەوانەی فیلمەکەیان یاساغکردبوو خۆشیان تەماشایان دەکرد.

دوای رووخانی رژێمی تاڵیبان لەساڵی 200-1دا، یەکێك لەو شتانەی خەڵك پێش هەمووو شتێکی تر پەنای بۆ برد و بریتی بوو لەکڕینی شریت و دی ڤی دی، لەبازاڕەکاندا پڕفرۆشترین کەلوپەل بوونو لەماوەیەکی کەمدا بازاڕەکان لێوان لێو بوون لەم بابەتانە. لەهەفتەکانی سەرەتای دوای نەمانی تاڵیباندا لە کابول، خەڵك لەهەمووو شەقامێکدا مۆسیقاو گۆرانییان لێدەدا. لە کابول، بەدەر لەمۆسیقای ئەفغانی، گۆرانی هیندیش لەهەمووو شوێنێك لێدەدرا، هەرچی پارێزگای فەرەحە، لەوێ گۆرانی فارسی بەتایبەت باوی بوو.

بەبڕوای من، گرنگترین بەرهەڵستی دژی تاڵیبان ئەو قوتابخانە نهێنییانەی کچان بـوون. (OPAWC) تاکە گرووپێك نەبوو بەو شێوەیە بەرنامەکانی رێکخستبێت، بەڵکە چەندین دەستەو تاقمی تر هەبوون لە ئەفغانستان، کە خۆیان دابووە بەر هەمان مەترسی. هەندێکجار کەمێك یارمەتی داراییان لەگروپەکانی دەرەوە پێدەگەشت، بەڵام زۆربەی کات خەرجییەکان تەنها لەسەر خۆیان بوو.

(OPAWC) هاوکاری دیکەی پێشکەش بەو خەڵکانە دەکرد، کە نەداربوونو لەبارودۆخی سەختدا ژیانیان دەگوزەراند، منیش لەهەندێك لەو چالاکیانەدا بەشداریم کرد. جارێکیان کەلوپولو پێداویستیمان بۆ ئەو ئاوارانە برد کە لەخێمەکانی کامپێکدا دەژیان، پێیدەوترا کەمپی ماسلەخ، لەدەرەوەی هیرات هەڵکەوتبوو. ئەمانە ئاوارەی ناوخۆ بوون، لەناوچەی چەغچرانەوە هاتبوون، هەروەك توشی وشکەساڵییەکی زۆر سەخت هاتبوو. خەڵکێکی ئێجگار برسی

بوون. بینینی ئەو چەرمەسەری و دۆخی ناڕەحەتیان گەلێ بەژانو سوێ بوو. شتێکی ئەو رۆژە ناخۆشانەم بە تایبەت بیرناچێتەوە، منداڵێکم بینی لەگیانەڵادا بوو، تەنها پێستو ئێسقانەکەی مابووەوە. بیرەوەریی نەبوونیو کەمدەرامەتی ئەو رۆژانە ئێستاش گوڕوتینم پێدەبەخشن تا چالاکی سیاسیم هەبێت و راستییەکان بدرکێنم. کاتێك پەیوەندیم بە (OPAWC)-ەوە کرد، تەمەنم بچوك بوو، وەك ئێستا بایەخم بەسیاسەت نەدەدا، بەڵام دەمویست چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی بم، ئەوەشم بەدڵ بوو، کە ئەم رێکخراوە بایەخ و گرنگی بە ژنان، تەندروستی و خوێندن دەدا.

ئەو هەموو کاروچالاکیانە بۆ من کاتێکی زۆر سەختبوون. ئەگەر رۆژێك بەخت یاوەرم بوایە، ئەوا لەئێوارەو چەند ساتێك پێش نانی شێوان دەگەشتمەوە مـاڵ، دواتریش دواهەمین کەس دەخەوتم. زۆرجـار کە لەخانوی جیادا نەدەژیاین، لەگەڵ باوکم شەو تا درەنگانێ دەماینەوەو من لەبەر چرادا خۆم بۆ وانەکانی رۆژی دواتر ئامادەو سازدەکرد. بۆ بابەتەکانی قوتابخانەی ئامادەیی دەبوایە باش خۆم ئامادە بکردایە ئەگینا نەمدەتوانی بەباشی وانەکان بڵێمەوە.

ئەگەر کاتم هەبایە ئەوا تا درەنـگ دەمامەوە، بۆ خۆشی خۆم شتم دەخوێندەوە. لای من، خوێندن گرنگیو تایبەتی خۆی هەبوو. لەسەرو ئەزموونەکانمەوە، خوێندن منی کرد بەو کەسەی ئێستا هەم، یارمەتیدام لەگرنگی ئەو بەهایانە تێبگەم، کە خەباتیان بۆ دەکەین. وەلێ لەئێستادا گوزەرانم هێند کاتم بۆ ناهێڵێتەوە، تا بخوێنمەوە.

لەو ساڵانەدا من تاکە کەس نەبووم لەخێزانەکەمدا ژیانی خستبێتە مەترسیەوە. براکەشم بەشێوازی خۆی چالاکوان بوو. کامێرایەکی هەبوو ئارەزوی کرد بڕواتە دەرەوەو بەدزییەوە وێنەی پێبگرێت. گیرفانێکی تایبەتی هەبوو کامێراکەی تێدا دەشاردەوە، ئەگەر بیویستایە وێنەی شتێك بگرێت زۆر بەخێرایی کامێراکەی دەردەهێناو وێنەکەی دەگرت، نەشیدەهێشت ئاشکرا

ببێت. ئەمە کاری برا گەورەکەم بوو، ریشێکی درێژو چڕی هەبوو، زۆر بە باشی بەزمانی پەشتو قسەی دەکرد، هەڵبەت زۆری چەکدارانی تاڵیبان بەو زمانە دەدوان. ئەم رەهەندانە لەزۆر بارودۆخی مەترسیدار رزگاریان دەکرد.

سەرەڕای ئەمانەش، براکەم جارێك لەگەڵ تاڵیباندا کەوتە تەنگو چەڵەمەوە. بۆ پیاسەکردن رۆیشتبووە دەرەوە، توشی کەسێکی لەسێدارەدراو هاتبوو، لاشەکەی بەستونێکی کارەباوە سەرەوخوار هەڵواسرابوو. ئەمە وەك پەیامێکی ترسێنەر بوو بۆ ئەو کەسانەی لەشاردا سەرپێچییان دەکرد. براکەشم کامێراکەی دەرهێنابوو بەخێرایی وێنەیەکی گرتبوو. پێدەچێت سەربازەکانی تاڵیبان ئەم کارەی براکەمیان بینیبێت، چون گرتبوویانو تێروپڕ کوتابوویان، پاشان بردبوویان بۆ بنکەی پۆلیس. دوای لێکۆڵینەوە، لەگەڵیدا رۆیشتبوون بۆ دوکانێکی وێنەگر بۆ شۆردنەوەی فیلمەکەی.

لەوکاتەی وێنەکان شۆرابوونەوە، براکەم لەگەڵ دوو پیاوی تردا دەستبەسەر بوو، ئەوانیش لەکاتی وێنەگرتندا گیرابوون. دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، پیاوەکانی تاڵیبان چەند وێنەیەکیان هێنابوو، یەکەمجار براکەمیان بردبووە لاوەو لێیان پرسی بوو: «ئەمانە وێنەکانی تۆن؟» هەرچەندە ئەوانە وێنەی براکەم نەبوونو وێنەی ئاهەنگی گواستنەوەی کەسێك بوون، بەڵام براکەم وتبووی بەڵێ. جارێکی تر کەوتبوونە سەریو باشیان لێدابوویەوە، دواتریش مەرەخەسیان کردبوو. دوای ئەوەی بەسەلامەتی بۆی دەرچوو، خەمی وێنەکانی لێهات بوو، هەروەها خەمی ئەو پیاوانەشی بوو، دەبوو چییان بەسەربێت، ئەگەر بەگرتنی وێنەکانی ئەو تاوانباربکرێن، لەبەرئەوە لەدەرەوە مابووەوە، تا ببینێت چی روودەدات. خۆشبەختانە دوو پیاوەکەی تریش ئازاد کرابوون.

دواتر زانیمان خاوەنی دوکانی وێنەگرەکە فێڵی لەچەکدارەکانی تاڵیبان کردبوو، بەوەی وێنەی دیکەی پێدابوون، چونکە دەیزانی ئەگەر تاڵیبان وێنەی ئەو کەسە لەسێدارەدراوەیان ببینیایە، ئەوا هەمان شتیان بەسەر براکەمدا

دەهێنا. ئەمە نموونەیەکی تری بەرەنگاربوونەوەی بێدەنگی خەڵك بوو، ئەوان ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە بۆ رزگارکردنی هاونیشتیمانییەکانیان.

کات گەیشتە نیوە شـەو، براکەم هەر نەگەڕابوویەوە، هەموومان لەدڵەڕاوکێدا بووین. دایکم ماوەیەك بوو بەدەست خەمۆکییەوە دەیناڵاند، بۆیە ئێجگار پەشۆکابوو. هاواریدەکردو دەگریا، پێیوابوو براکەم کوژراوە. کاتێکیش بە سەلامەتی گەیشتە ماڵ، دایکم هێواش هێواش هاتەوە سەرخۆ. باوکم پێیوت واز لەوێنەگرتن بهێنێت، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو، دەیویست ئەو تاوانانە دۆکومێنت بکات، کە تاڵیبان ئەنجامیدەدان.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی تاڵیباندا، هاتوچۆکردن لەناو شاردا بۆ ژنان مەترسیدار بوو، چونکە هەرکات بوایە گریمانی ئەوە هەبوو رێیان پێبگیرایەوە و ئاستەنگیان بۆ دروستبکرایە. ئەگەر لەبازاڕدا ژنێك بەبێ مەحرەم (کەسێکی نێرینەی نزیکی خێزانەکە، وەك مێرد، کوڕ، باوك، برا) ببینرایە ئەوا پیاوەکانی تاڵیبان لەو شوێنەدا رایاندەگرت و رەنگە بەخراپیش سزابدرایە. لەگەڵ ئەوەشدا بەچاوی خۆم بینیومە و لەخەڵکی تریشەوە حاڵەتی وەهام بیستووە کاتێك ژنێك بەبێ مەحرەم بگیرایە، پیاوێك کە بەو ناوچەیەدا تێدەپەڕی، ئەو ژنەی رزگار دەکردو دەهاتە پێشەوەو دەیوت، «من لەگەڵیدام، من مەحرەمی ئەوم». ئەگەر تاڵیبان بیزانیایە ئەو پیاوانە بەڕاستی مەحرەمی ئەو ژنانە نەبوون، ئەوا توشی مەترسییەکی گەورە دەبوونەوە. بەپێچەوانەی ئەو هەڵە تێگەیشتنانەی، کە دەڵێت هەموو پیاوێکی ئەفغانی دژی ژنانە، زۆرێك لەپیاوان زۆر بەسۆز، میهرەبانن و ژیانی خۆیان خستوەتە مەترسییەوە بۆ هاوکاریکردنی ژنان.

بە تایبەتی بۆ کچێکی گەنجی وەك من زۆر مەترسیدار بوو کتێبی قوتابخانەی بەنهێنی هەڵگرتبێتو بە شەقامەکاندا هاتوچۆ بکات. هەندێکجار لەگەڵ باوکمدا دەڕۆیشتمو بەهۆی ئەوەوە کەمتر گریمانی رێ پێگرتنم هەبوو. لەبیرمە جارێکیان وەستاندیانینو پشکنیانین، بەڵام بورکاکەم رزگاریکردم.

فەرمانیان پێکردم قۆڵم هەڵبڕم، بەڵام لەبەرئەوەی دەستیان لێنەدام کتێبەکانیان نەدۆزییەوە، کە لەژێرەوە شاردبومنەوە. ئەوەش یەکەمجار بوو، کە بەڕاستی بۆمدەرکەوت لەبەرکردنی بورکا هەندێك سودیشی هەبوو. ئەوە یەکەمجار بوو، بەڵام دوایەمین جاریش نابێت.

ئەو رۆژانەی وانەکان زۆریان پێدەچوو، یاخود بۆماڵەوە درەنگ دەکەوتم، هاتنەوەم بە تەنها بۆ ماڵەوە زۆر مەترسیدار دەبوو. لە هیرات و هەموو شارو شارۆچکەکانی ئەفغانستان، تاڵیبان لـەدوای کاژێر شەشی ئێوارەوە هاتوچۆکردنی بۆ ئەو ژنانەی بەتەنها بوون، قەدەغەکردبوو. ئەگەر بۆ شکاندنی ئەو فەرمانە دەستگیربکرایتایە، رەنگە زیندانی کرابایت و لێدانت بخواردایە و تەنانەت بشکوژرایتایە.

شەوێکیان درەنگ کەوتم، خاوەنی ئەو ماڵەی قوتابخانەکەی لێبوو، داوای لێکردم شەو لەوێ بمێنمەوە، بەڵام هیچ هۆکارێك نەبوو تا ماڵەوە ئاگاداربکەمەوە، نەخاوەن ماڵەکەو نەئێمەش تەلەفۆنمان نەبوو. لەهەمانکاتدا نەمدەویست دایكو باوکم نیگەرانبن داخۆ بۆچی نەگەڕابوومەوە بۆ ماڵ، لەبەرئەوە هەرچەندە بە تەنها بووم‌و کاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆی ژنان بوو، بڕیارمدا بەرەو ماڵەوە بەڕێبکەوم.

بە بورکاکەم خۆم‌و دەستەیەك کتێبم داپۆشی‌و بەو ئێوارە درەنگە کەوتمەڕێ. لەبری ئەوەی راستەوخۆ رێگەی ماڵەوە بگرم، بەشێوەیەکی ئاسایی نزیکەی سی خولەکەی پێدەچوو، رێگەیەکی درێژترم هەڵبژارد، بە شەقامە لاوەکییەکاندا رۆیشتم، بەو هیوایەی لەلایەن تاڵیبانەوە بەدینەکرێم. چومە لای راستی شەقامەکەو هەوڵمدەدا بەوپەڕی تواناموە بەخێرایی رێبکەم، تا نەبمە مایەی سەرنجی کەسانی دی. خۆزگەم دەخواست ئەملاو ئەولای خۆم ببینم و چاو بۆ تابورەکانی تاڵیبان بگێڕم، بەڵام لەبەر بورکاکەم نەمدەتوانی تەماشا بکەم‌و ئاوڕبدەمەوە، پاشان بەخەیاڵمدا هات، کە بینینی دەوروبەرم لەیادبکەم

و بەهیوابووم بەرچاو نەکەوم. دواجار لەهەموو شت گرنگتر، گەیشتنم بوو بە سەلامەتی.

شەقامە خۆڵاوییەکانی هیرات کپبوون، هەرچەندە تازە خۆر ئاوا ببوو، بەڵام گەرمییەکەی بێوێنە بوو. لەپشت دیوارە قوڕینەکانی خانووەکانەوە بۆنی سیرو لێنانی چێشتی (بۆلانی)-م دەکرد، گوێم لەغەڵبە غەڵبی دەنگی پیاوان بوو.

بە تاك و تەنهاو لەیەکێك لەو شەقامە تەنگەبەرە کەمێك ڕووناکانەدا، لەپڕتاو گوێبستی دەنگی بزوێنەری ئۆتۆمبیلێك بووم لەپشتەوە لێم نزیکدەبووەوە. بێ تەماشاکردن، دەمتوانی بڵێم کە یەکێك بوو لەو پیکابە تۆیۆتایانەی پڕبوون لەپیاوەکانی تاڵیبان‌و بە کوچەو شەقامەکاندا دەگەڕان. دەمزانی ئەو پیاوانە چەکدار بوون‌و پێنەدەچوو کچێك فەرامۆشبکەن، کە بەتەنها بێت و لەوکاتەدا لەسەر شەقامەکان بێت. ئەگەر ڕایانبگرتمایەو کتێبەکانیان پێ بگرتمایە، مەگەر خوا بیزانیایە چییان بەسەردەهێنام.

هەنگاوەکانم خێراتر کرد، بەڵام پیکابەکە پتر لێم نزیکدەبووەوە. لایتەکانی پێشەوەی لەسەرم شەوقی دەدایـەوە و بیرم لە ئـازار و مەینەتی دایکم دەکردەوە، ئەگەر بگیرێم و نەتوانم بگەمەوە ماڵەوە. چەند جارێکی تر توشی حاڵەتی مەترسیدار ببوومەوە لەگەڵ دەورییەکانی تاڵیبان، بەڵام لەو جارانەدا برا گەورەکەم بە هۆی ریشە کاریگەرەکەی و زانینی زمانی پەشتو لەگیروگرفت دەربازی کردبووم. ئەمجارەیان تەنهابووم، کاتێکیش بیرم دەکردەوە، داخۆ چیم بەسەردێت دڵم خورپەی دەکرد.

هەتا توانیم بەلەسەرخۆیی خۆمکرد بەحەوشەی ماڵێکداو دەروازەی کۆنی تەختەی حەوشەکەم کردەوەو بەرەو دەرگای پێشەوە رۆشتم. خانویەکی زۆر سادەو ساکار بوو، حەوشەکەی بەتەل دروستکرابوو. لە دەرگاکەمداو هەناسەم گرت و ئاگام لێبوو ئۆتۆمبیلەکە لەشەقامەکەدا هێواشی کردەوەو پیاوەکانی ناوی تەماشایاندەکردم. ئەوپەڕی هەوڵمدا بەئارامی بمێنمەوە.

ژنێکی بەتەمەن دەرگای ئەو ماڵە نەناسەی کردەوە. تا توانیم بەهێمنی و بەڕێزەوە پرسیم، «ببوورە دایە گیان دەتوانم بێمە ژوورەوە پەرداخێك ئاو بخۆمەوە؟»

بەبێ ئەوەی یەك وشە بڵێت، ئاماژەی بۆ کردم بچمە ژوورەوەو دەستبەجێ تێگەشتم، کە دەیزانی چیم بەسەر هاتووە.

لـــەژوورەوە، ئاوەکەی بۆ هێنام، پاشان بۆ چەند خولەکێك پێکەوە چاوەڕێمان کرد تا چەکدارەکانی تاڵیبان شەقامەکەیان جێهێشت. وەك جۆرە سەرزەنشتکردنێك وتی، «رۆڵەکەم، لەم کاتانەدا بوون لەدەرەوە مەترسیدارە». لەوەڵامدا وتم، «دەزانم دایکە گیان، بەڵام پێویستە بچمەوە ماڵەوە بۆ لای دایكو باوکم».

هەرچەند دەیزانی کتێبم پێیە، بەڵام چ پرسیارێکی لێنەکردم. کێ دەیزانی چیم بەسەردەهات، ئەگەر کەس دەرگاکەی لێنەکردمایەتەوە، یان ئەگەر پیاوێك دەرگاکەی لێبکردمایەتەوە.

وەختێکی ویستم بەرەو ماڵ بگەڕێمەوەو ماڵئاوایی بکەم، ژنەکە وتی، «خوا بتپارێزێت کچم». تێگەیشت کە لەبارودۆخێکی مەترسیدار رزگاریکردم.

لەڕاستیدا ئەو تێکەڵاوبوونو هاوکارییە شتێکی نامۆ نەبوو. هەموو رۆژێك لە ئەفغانستان، ئێستاشی لەسەر بێت، ئەگەر نەڵێم هەزارەها ئەوا سەدان ژنی ئاسایی ئەم جۆرە گیانی هاوکارییو پشتیوانییە لەگەڵ یەکتر دەکەن. بەپێی پێویستو دوای دەیەها ساڵ زەبرو زەنگ، ئێمەی ژنان وەك خوشك پارێزەری یەکتر مامەڵەدەکەین.

کاتێك ئەو شەوە چومەوە سەر شەقامەکان، زۆر خێراتر لەپێشو بەرەو ماڵەوە رێمکردو هەموو جارێك پێم بە خواروی بورکاکەدا دەنا. گوێم هەڵخستبوو بۆ بیستنی دەنگی ئۆتۆمبێل، بەڵام خۆشبەختانە ئەو شەوە گوێم لەو دەنگە نەبووەوە. چەند جادەو کۆڵانێکی ترم بڕی و لەکۆتایدا گەیشتمەوە ماڵەوە.

خۆمکرد بە ماڵداو گەیشتمە باوکم و باوەشم پێداکرد. دایکم لەجێدابوو، بەڵام هێشتا خەوی لێنەکەوتبوو. لەخۆم پەستبووم وا بەو چەشنە دایکم نیگەران کردبوو، لەپای درەنگ کەوتبووم داوای لێبوردنم لێکرد. بەهیچکام لە دایكو باوکم نەوت، کە هێزەکانی تاڵیبان چەند لێم نزیکببوونەوە.

زۆربەی خوشكو براکانم نوستبوون، بەڵام منو باوکم بەدیار چراکەوە ماینەوەو هەندێك لەکتێبەکانی قوتابخانەم کـردەوە. هاوشێوەی زۆرێك لەشەوەکانی تر، باوکم لەئامادەکردنی وانەکاندا بۆ رۆژی دواتر یارمەتیدام، وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە، کە دەربارەی بابەتەکان لای من گەلاڵە ببوون.

وانەوتنەوە لەقوتابخانەیەکی نهێنی کچاندا، کارێکی مەترسیدار بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بیرم لەوازلێهێنانی نەدەکردەوە. وا هەستمدەکرد شتێکی باشو بەسود بۆ گەلەکەم دەکەم، لێوان لێو بووم لە وزەو گەرموگوڕی. هەستمدەکرد بێبەشکردنی کچان لەخوێندن، نادادپەروەرییەکی زۆر گەورەیە. تاڵیبان دەیەویست لەتاریکدا بژین، لەبەرئەوەی هەرکات کۆمەڵێك لەخوێندن بێبەشبکرێن، ئەوا نازانن مافەکانیان چییەو چۆن بۆ مافەکانیان تێبکۆشن. کاتێك کچێکی بچکۆلانە بووم، دەبوایەیە بڕۆم بۆ قوتابخانە، هەرچەند لەکامپی ئاوارەییشدا دەژیاین. بۆچی دەبوایە ئەو ئاستە بنەڕەتییەی خوێندن بۆ نەوەی دوارۆژ بەردەست نەبێت؟

لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی فەرمانڕەوایی تاڵیباندا، خەڵکی لەسەرانسەری جیهانەوە، وردە وردە لەتاوانەکانی ئەو رژێمە بەئاگاهاتن. هەندێك ژنانی چالاکوانی لەخۆبوردوی وڵاتانی تر بەقورسی کاریانکرد بۆ پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئەفغانستان. بۆ نمونە ئیڤ ئێنسڵەر، کە هونەرمەندو شانۆنوسێکی ئەمەریکییە لەو کاتەدا سەردانی ئەفغانستانی کردو هەوڵی بەرزکردنەوەی هۆشیاری خەڵکیدەدا لەبارەی نەهامەتییەکانمانەوە. سەرەڕای ئەوەش جیهان بە گشتی زۆر سەرنجی نەدەخستە سەر ئەفغانستان، بەڵام هەموو ئەمانە بەزویی گۆڕانیان بەسەردا هات.

لەهاوینی ساڵی 2001دا، من لەکەرتی رۆژئاوای ئەفغانستاندا نازناوی بەڕێوەبەری (OPAWC)م پێبەخشرا، لێپرسراوێتییەکی گەورە بوو. لەوکاتەدا هێشتا (OPAWC) رێکخراوێکی ناحکومی نهێنیو تۆمارنەکراو بوو. دوای چەند ساڵێك کارکردن بۆ ئەو رێکخراوە، توانیم متمانەیان بەدەستبهێنم. لەو کارە تازەیەدا لێپرسراوێتی چالاکیو هەڵسوڕانی ئەو رێکخراوەم لەپارێزگاکانی هیرات، فەرەح و نیمروز لەئەستۆ بوو. دڵخۆش بووم ئەو پۆستە تازەیەم پێبەخشرا بوو، بەڵام توشی دوودڵی و دڵەڕاوکێ بووم، لەچۆنییەتی راماڵینی ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو لێپرسراوێتییانە.

لەو سێ پارێزگایەی لەژێر دەسەڵاتی مندا بوون، فەرەح لەهەموویان دوورتـر و پێویستی زیاتر بـوو، لەگەڵ ئەوەشدا توشی زۆر ئاستەنگ و نەهامەتی سەخت ببووەوە، لەبەرئەوە دوای بیرکردنەوەو لێکدانەوە بڕیارمدا بگوازمەوە بۆ ئەو پارێزگایە. ئەو گواستنەوەیە گەڕانەوەش بوو بۆ زێدی خۆم، بەتەنیا نەڕۆشتم. خێزانەکەم ئێجگار پشتیوانی کارەکەم بوون و بەپەرۆش بوون بگەڕێنەوە بۆ فەرەح، هەروەك لەوێ دەرفەتی کارکردنو بوژاندنەوەی ئابوری باشتربوو بۆیان دەڕەخسا، بۆیە بڕیاریاندا لەگەڵمدا بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارێزگایەی چوار ساڵی سەرەتای تەمەنی منداڵیم تێدا بەسەربردبوو.

بەجێهێشتنی هیرات لـەلام ئاسان نەبوو، بـەڵام پێویستبوو بـڕۆم. پەیوەندییەکانم لەگەڵ خوێندکارەکانی ئەو قوتابخانەیە زۆر نزیکبوو، زۆر بەوریایی و زەحمەت داماممەزراندبوو، هەروەها بیرەوەری خۆشی ئەو منداڵانەو ئەو خەڵکە نەبەردەم هەبوو، کە رێیانپێدابن ماڵەکانیان وەك قوتابخانە بەکاربهێنین. خەڵکی هیرات زۆر شتیان فێرکردم. من تەنها کچێکی گەنج بووم، کاتێك وەك چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی لەبارودۆخە مەترسیدارو زەحمەتەکاندا دەستم بەکارکردن کرد، ئەندازەیەکی ئێجگار زۆر لە خەڵکی هیرات دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردم.

بڕیارەکە جێبەجێکرا، جارێکی دی خێزانەکەمان باریکرد. کەلوپەلەکانمان پێچایەوەو گەشتمان بەرەو شاری فەرەح دەستپێکرد. یەکەمجار چوینەوە بۆ ماڵی مامە باباك، پێش ئەوەی شوێنێکی تر بۆ خۆمان بدۆزینەوە. لەوەدابوو لە فەرەح دابمەزرێینەوە کاتێك شەوی 11ی سێپتەمبەر لەڕادیۆوە چەند هەواڵێکی تۆقێنەر بڵاوکرایەوە. تیرۆریستەکان چەند فڕۆکەیەکیان فڕاندبوو، پاشان خۆیاندابوو بەسەنتەری بازرگانی جیهانیدا لە شاری نیویۆرك و پنتاگۆن لە واشنتۆن دی سی. لەو ڕووداوەدا، هەزارەها ئەمەریکی برینداربوون و مردن. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەموو کەسێك درکیبەوەکرد، کە جەنگێك بەڕێوەیە.

# بەشی چوارەم
# نۆڕینگەیەك، هەتیوخانەیەكو داگیرکارییەکی دی

زۆربەی چەکدارەکانی تاڵیبان، پێش ئەوەی یەکەم بۆردومانی شارەکە بکرێت، فەرەحیان بەجێهێشتبوو. هەندێکیان ریشیان تاشیبوو تا لەکاتی هەڵهاتندا کەمتر جێگەی گومان بن، ئەوەش دوڕوویی ئەوانی دەردەخست، هەروەك یاسا (پیرۆزەکانی) خۆیان شکاندبوو، تا خۆیان رزگاربکەن. پێش ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هێرش و پەلامارەکانی دەستپێبکات، زۆرێك لەدەسەڵاتدارە لۆکاڵییەکان رایانکردبوو. هەمان چەشنی فەرەح لەتەواوی وڵاتەکەماندا زۆر کەس بێدەروەست ژیانیان تیاچوو.

رادیۆ لە فەرەح شەو و رۆژ لەسەر هەواڵەکان بوو، دەمانزانی بەوزوانە جەنگێك هەڵدەگیرسێت. هەندێك لە دانیشتوان تۆقیبوونو ماڵەکانیان بەجێهێشتبوو، ئەگەرچی کەمێك پاش ئەوەی تاڵیبان وڵاتەکەیان چۆڵکرد، گەڕابوونەوە. بەدرێژایی چەندین رۆژ حەشامەتێ خەڵك دەهاتنە شارەکەو کۆمەڵێك دەڕۆشتنو نەیاندەزانی لەکوێ خۆیان حەشاربدەن، یان دەچوون لەگەڵ خزمو نزیکان خێمەیان هەڵدەداو هەواریان دەخست. ئەوانەی ماڵەکانیان لەنزیك پێگە سەربازییەکانی تاڵیبانەوە هەڵکەوتبوو، بێئۆقرەو لەدڵەڕاوکێدا بوون، ترسەکەشیان لەجێی خۆیدا بوو.

یەکەم ئامانج، کەرت و پەرتکردنی تاوەری راداری فەرەح بوو، بەهۆی موشەکێکی کـروزەوە، کە لەژێردەریاییەکی ئەمەریکییەوە لەکەنداوی عەرەبەوە هەڵدرابوو. پێدەچێت ئەمە یەکەم گـورزی ئاسمانی بووبێت لەتەواوی جەنگەکەدا. ئەو تەقینەوە گەورەیە خانووە قوڕەکانی شارەکەی راتەکاند، هەندێك ماڵی نزیك پێگە سەربازییەکانی تاڵیبان زیانیان پێگەیشتو ژمارەیەك هاووڵاتیش برینداربوون. خۆشبەختانە کەس نەکوژراو زیانی گیانی لێنەکەوتەوە، بەوپێیەی زۆری خانووەکان پێشتر چۆڵکرابوون.

رۆژی دواتر، فڕۆکە بۆمبهاوێژە ئەمەریکییەکان بەسەر شارەکەدا گڤەیان دەکـردو لەوێستگەکانی رادیـۆو تەلەفزیۆنەکانیان دەدا، ماڵی حیکمەتیار

گوڵبەدینی فەرماندەی پارتی ئیسلامیش کەوتە بەر هێرشەکەیان. دەنگەکە رایدەچڵەکاندی و منداڵان دەستیان بەگوێیانەوە دەگرت، دەیانقیژاندو دەگریان. لەگەڵ بەردانەوەی هەر بۆمبێکدا، دوکەڵو تەپوتۆز دەچوو بەئاسماندا. لەیەکەم هێرشدا بۆ سەر فەرەح هیچ هاووڵاتییەك نەكوژرا، بەڵام زۆرێك بریندارببوون. ئەو هەواڵانەی لەناوچەکانی دیکەی ئەفغانستانەوە پێمان دەگەشتن زۆر ناخۆش بوون.

هەمان چەشنی ئەو مرۆڤە بێتاوانانەی لە 11ی سێپتەمبەردا مردن، سەرەتای داگیرکاری بۆ سەر ئەفغانستانیش ژیانی زۆر کەسی بێگوناهی بەدوادا هات. لەو ساڵانەدا، هەزاران هاووڵاتی بە هۆی دەستڕێژی گوللە، هاوەنو بۆردومانی ئاسمانی، خۆتەقاندنەوە و بۆمبی دەست تیرۆریستەکانەوە گیانیان لەدەستدا. بەم مردنو کاولکارییانە دەڵێن «زیانی مرۆیی»، هەڵبەت ناوێکی زۆر سادەیە بەراورد بەو کوشتارگەیەی من بەچاوی خۆم دیم. رۆژێك بە ناو سەنتەری شاری فەرەحدا گەڕام و کاولکاری ئاکامی جەنگەکەم دەبینی. ژمارەیەك بینا داڕوخابوون، بۆ تۆقانی من لاشەی مردوی جەنگاوەرەکانی تاڵیبان، هێشتا لەشەقامەکاندا لاڵوپاڵ کەوتبوونو لەخوێنی خۆیاندا گەوزابوون.

دوای هێرشو پەلامارەکە، لە فەرەح بۆ چەند مانگێك هیچ هێزێکی زەمینیمان نەبینی، لەبەرئەوەی ئەمەریکاو ناتۆ زۆرتر پشتیان بەگورزە ئاسمانییەکان بەستبوو. وەختێك هێزی زەمینی گەشت، بارەگایەکی تۆکمەو قایمیان لە دەرەوەی شار دامەزراند، لەگەڵ خەڵکی هیچ تێکەڵاوبوونو لێکنزیکبوونەوەیان نەبوو. کاتێك دەمانبینین زۆر ترسناكو پڕچەك بوون، بەسواری ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان دەهاتنو دەچوون، توخنکەوتن یان وەپێشکەوتنیان کارێکی مەترسیداربوو. لە ساڵانی سەرەتای داگیرکردنی ئەفغانستاندا، لەبەر رووخانی رژێمی سەرکوتکاری تاڵیبانو پێدانی گەلێك پەیمانو بەڵێن بەگەلی ئەفغانستان، زۆرێك لەخەڵکی هاوسۆزبوون لەگەڵ

هێزەکانی ئەمەریکا و هێزی هاوپەیمانان، بەڵام لەساڵانی دواتردا، لەبەرئەوەی هیچ بەڵێنێکیان نەبردەسەر، هیچیان بۆ خەڵك نەکرد، حکومەتێکی گەندەڵیان پێکهێنا، ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیان کوشت، ئیدی پشتیوانی گەلی ئەفغانستانیان لەدەستدا. خەڵك بۆیان دەرکەوت، کە ناوی بریقەداری (هێزی یاریدەدەری ئاسایشی نێودەوڵەتی) داگیرکارییەکی دیکەی ئەفغانستانە لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە.

لەحاڵێکدا خەڵکی فەرەح بەڕۆشتنی تاڵیبان خۆشحاڵو کامەران بوون، بەپڕکردنەوەی کەلێنی دەسەڵات بەو شێوەیە هیچ دڵخۆش نەبوون. سەردەستەی میلیشیاکان، هەڵبەت زۆریان پێشتر لەوڵات چووبوونە دەرەوە، گەڕانەوە تا شوێنە خاپورکراوەکان تاڵانبکەن. هاوشێوەی خودی تاڵیبان، دروستبوونی بەشێك لەسەر دەستەی میلیشیاکانیش دەستکیسەی حکومەتی ئەمەریکا بوو.

لەو دەمـەی تاڵیبان دەسەڵاتیان گرتەدەست، هاوشێوەی زۆردارە فەندەمێنتاڵیستەکانی پێش خۆیان، داڵدەدەر و پشتیوانکاری ئوسامە بن لادنی تیرۆریستی سعودی، ئەیمەن ئەلزەواهیری هاوەڵی میسریو شوێنکەوتووە دەرەکییەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە بوون. پێشتر ئەمەریکا بۆ چەندین ساڵ مەرایی بۆ تاڵیبان کردبوو، بەوەی گوێی نەدەدا بە جەورو ستەمیان، دەمێك لەهەوڵی رێککەوتندا بوو لەگەڵیان بۆ کۆمپانیای نەوتی (یونۆکاڵ)و پرۆژەی هێڵی وزە بەناو ئەفغانستاندا. هەروەها ولایەتە یەکگرتووەکان هانی رژێمەکەی دەدا رێوشوێنی توند بگرێتەبەر لەهەمبەر بەرهەمهێنانی مادەی هۆشبەری ئەفیون. لەو سەروبەندەداو لەنیسانی 200-1دا ویلایەتە یەکگرتووەکان 43 ملیۆن دۆلاری دایە تاڵیبان، وەك پاداشت لەبەرابەر رێگەنەدان بە وەبەرهێنانی رووەکی خەشخاش، لەهەمانکاتدا ئەمەریکییەکان چاویان داخستبوو لەئاست ئەوەی، چی لەکامپەکانی مەشقو راهێنانی تیرۆریستاندا بەدرێژایی سنوری پاکستان روویدەدا.

بەڵام ساڵی 1998، دوای ئەوەی شوێنەکەوتوانی قاعیدە دوو باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە ئەفەریقیا تەقاندەوە، سی ئای ئەی رووی وەرگێڕایەوە سەر ئەو درندانەی خۆی، هاوکاری دروستبوونی کردبوون. دوای ئەوەی موشەکی کروز، کوشتنی ئوسامە بن لادنی لێنەکەوتەوە، بریکارە ئەمەریکییەکان دەستیانکرد بەهەڵڕژاندنی پارە بۆ ناو گیرفانی ئەحمەد شا مەسعود، تا شوێنپێی بن لادن هەڵگرێتو لەناوی بەرێت. گەرچی مەسعود بە مسوڵمانێکی لەخواترس دادەنرا، کەچی لەدۆڵی پەنجشیری باکوری کابول خۆی مەڵاس دەداو پارەی لە قاچاخچیانی مادەی هۆشبەری هیرۆین وەردەگـرت، یانیش بەنایاسایی ئەو خشڵو گەوهەرە گرانبەهایەی ئاودیو دەکرد، کە لەکانەکانی پەنجشیر دەرهێنرابوون.

مەسعود، فەرماندەیەکی سەربازی هاوپەیمانێتی شلۆقی ئەو سەردەستەو سـەرکـردە میلیشیایانە بـوو، کە پێشتر لەلایەن تاڵیبانەوە دەسەڵاتیان لێزەوتکرابوو، بەڵام ئەوکاتە خۆیان ناونابوو (بەرەی یەکگرتوی ئیسلامی بۆ رزگاری ئەفغانستان)، زیاتر وەك (هاوپەیمانێتی باکور)، ناسرابوو. دوای ئەوەی تاڵیبان شکستی بەدەسەڵاتی ئەو بەرەیە هێنا، زۆرێك لەئەندامەکانیان هەڵهاتن بۆ وڵاتانی دراوسێ و لەلایەن ئێران، روسیا، فەرەنسا، هندستان و هەندێك وڵاتی دیکەشەوە پەنادران. ئەمانە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە لە هەوڵی رێکخستنو بەرەنگاربوونەوەی چەکداریدان، وەلێ لەڕاستیدا دەسەڵاتیان بەسەر %5ی وڵاتدا دەشکا، هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر لەناکاو بەختو چارەنوسی گۆڕین.

لەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆردومانی ئاسمانی دەکرد، سی ئای ئەی-و هێزە تایبەتەکان گەیشتبوونە پارێزگاکانی باکوری ئەفغانستان، بۆ پێشکەشکردنی ملیۆنەها دۆلاری نەختو چەكو تەقەمەنی بە فەرماندەکانی هاوپەیمانێتی باکور. ئەوانیش سەرلەبەریان ئەو توندڕەوانە بـوون، کە

میلیشیاکانیان لەسەردەمی شەڕی ناوخۆ دا، ئەفغانستانیان تاڵانکردبوو، لە نمونەیان: دۆستوم، سەیف، خەلیلی، ڕەبانی، فەهیم، ژەنەراڵ عارف، دکتۆر عەبدوڵا، حاجی قادر، ئوستاز عەتا محەمەد، داود، حەزرەت عەلی و چەندانی تر. تەنها لە مەسعودیان کەمبوو، هەروەك چەند ڕۆژێك بەر لە کارەساتی 11ی سێپتەمبەر کوژرا. شوێنەکەی مەسعود وەك سەرکردەیەکی سەربازی هاوپەیمانێتی باکور، لەلایەن نزیکترین هاوەڵییەوە بە ناوی فەهیم پڕکرایەوە، پیاوێکی سەرسەختی رابردو رەش بوو. لەوکاتەی راگەیاندنەکانی رۆژئاوا خەریکی وێناکردنی ئەم سەردەستە میلیشیایانە بوون، وەك (هێزی بەرەنگاریی دژە تاڵیبانو رزگارکەری ئەفغانستان)، گەلی ئەفغانستان لەو بڕوایەدا بوون، کە ئەمانیش هیچیان لە تاڵیبان باشتر نییە.

هێزەکانی هاوپەیمانێتی باکور، بەخێرایی دەستیان بەسەر شارو پارێزگاکاندا گرتو بەرەو کابول پێشڕەوییانکرد، ئامادەو پەرۆشی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی جەنگەکە بـوون. وەختێکیش گەڕانەوە دەسـەڵات، ئەم سەردەستەو میلیشیاییانە، دەستیانکرد بەشەپۆلێکی تازەی تاوانو زەبرو زەنگو کاری دڕندانە. لەسەرەتای رۆژانی داگیرکاری ئەمریکادا، هەزارەها چەکداری تاڵیبان لە کوندوزی باکوری ئەفغانستان تەوقدران. بەبەرچاوی میدیاو هێزەکانی ئەمەریکاوە گیراوەکان رادەستی ئەو پیاوانەکران، کە لەژێر فەرمانی دۆستوم-ی سەردەستەی ئوزبەکیدا بوون، تا بگوازرێنەوە بۆ گرتوخانەیەك لە شبرغان، بەڵام پیاوەکانی دۆستوم هەموو گیراوەکانیان لەنێو کۆنتێنەرە ئاسنینە قەپاتەکانی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانیان ئاخنی. کاتێك بارهەڵگرەکان گەیشتنەجێ، نزیکەی دوو هەزار زیندانی خنکابوون و گیانیان لەدەستدا. وەك دەوترێت، پیاوەکانی دۆستوم سەرجەم ئەو مردوانەیان لەناوچەی داشتی لەیلی لەنزیك شاری مەزاری شەریف وەك گۆڕی بەکۆمەڵ بەشۆفڵ کە بە ژێر خۆڵدا. ئەم تاوانەی جەنگ بەنهێنی مایەوە، تاوەکو رۆژنامەنوسان پەردەیان لەسەر

هەڵماڵی. دوای ئەو هەموو ساڵە، هێشتا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی فەرمی بۆ ئەم رەشەکوژییە نەکراوە.

19ی تشرینی یەکەمی 2001، رۆژنامەی نیۆرك تایمز لەڕاپۆرتێکدا رایگەیاند، کە «دەستەو کۆمەڵەی ئەو سەردەستانەی لەسەرەتای نەوەدەکاندا ئەفغانستانیان پارچەپارچە کردو بەهۆی ناپاکیو گەندەڵییەوە، لەلایەن تاڵیبانەوە تێکشکێنران، جارێکی تر گەڕانەوە تەختی دەسەڵاتو بەهەمانشێوازی پێشوو کەوتنەوە پیادەکردنی دەسەڵاتیان». ئەوکاتەی سەردەستەی میلیشیاکان دەسەڵاتیان گرتەوە دەست، گەڕانەوە سەر هەمان نەریتو خووی پێشویان، دەستیاندایەوە لاقەکردن و سزادانی دوژمنەکانیان، لەگەڵ پاداشتکردنی جەنگاوەرانیان. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤو چەند رێکخراوێکی دیکە، کەیسی زۆر قێزەونی لاقەکاری ژنانی پەشتویان دۆکیومێنت کردووە، تەنها لەبەرئەوەی لەهەمان رەچەڵەکی تاڵیبانن. لەکەیسێکدا، کچێکی 14 ساڵ بەناوی فاتمە، لەلایەن دوو سەربازەوە لەباکوری ئەفغانستان لاقەکراوە و سێ سەربازی تریش دایکی کچەکەیان لاقەکردووە. بەگوێرەی راپۆرتێکی واشنتۆن پۆست، کاتێك دایکەکە لێیان دەپرسێت چۆن دەستیان دەچێتە لاقەکردنی کچانو ژنانی بێتاوان، لەوەڵامدا دەڵێن لەبەرئەوەی «ئێوە سەر بە تاڵیبانن‌و بە نەتەوە پەشتوون».

لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی ئەفغانستان لەلایەن هاوپەیمانێتی باکورەوە، ئیدارەی ئەمەریکا توشی گرفتێك بووەوە، ئەویش چۆنییەتی دامەزراندنی حکومەتێکی لایەنگری ئەمەریکا بوو. دەیانزانی پێویستە ئەو حکومەتە پەشتونەکانیش لەخۆبگرێت، هەروەك زۆرینەی گروپە نەژادییەکانی ئەفغانستانە، بەڵام سەردەستەیەکی متمانەداری پەشتونیان نەبوو تا دەسەڵاتی بدەنێ. سی ئای ئەی نەیتوانی رووبکاتە حیکمەتیاری ناحەزو توندڕەو، چوون یەکێك بوو لەپیاوە پەسەندەکانی پێشوی، ئەویش لەبەرئەوەی چووە ریزی تاڵیبانو تیرۆریستە عەرەبەکانەوە بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجەکانیان لە ئەمەریکا.

لەبری ئەو سەرنجیان خستەسەر سەرکردەی هۆزێکی پەشتونی کەمینە لەباشوری ئەفغانستاندا، واتە حامید کارزای. لەسەردەمی شەڕی خوێناوی ناوخۆدا، کارزای جێگری وەزیری دەرەوە بوو. بڕواش وابوو لەسالانی 1980کانەوە لەئاستی بالادا پەیوەندی بە سی ئای ئەی-ەوە هەبوبێت. پێش ئەوەی بکرێتە دەسەلاتدار، میدیاکانی ئەمەریکا کامپینێکیان دەستپێکرد بۆ وێناکردنی کارزای وەك سەرکردەیەکی بەرگریکارو سەرەکی دژی تالیبان. پێشتریش دەستەی هێزی تایبەتی پێنجەمی سوپای ئەمەریکا، نێردران بۆ پارێزگای ئاروزگان بۆ پاراستنی کارزای، گوایە لەوکاتەدا لەگەڵ تالیباندا دەجەنگا.

لەکۆتایی ساڵی 2001دا، هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان، کۆبوونەوەیەکیان لەشاری بۆن-ی ئەلمانیا رێکخست بۆ ئەو سەرکردە ئەفغانیانەی لەتاراوگە دەژیـان، ژمارەیەکی زۆری سەردەستە میلیشیا بەدکارەکان لەنێویاندا ئامادەبوون. ئامانجی کۆبوونەوەکە دانانی پەیکەرێکی دەسەلات بوو بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیو دام و دەزگای نوێ. زۆرینەی ئەفغانییەکان لەو بـاوەڕەدابـوون، کە ئەمە سەرەتای سەردەمێکی تازەی پڕ کارەساتو هەڵدێردەبێت بۆ گەلانی ئەفغانی.

لەگەڵ ئەوەی کۆبوونەوەکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرپەرشتی کرا، بەڵام دەسەڵاتدارترین کۆڵەکەی کۆبوونەوەکە کەسایەتیەکی پارێزکاری سەردەمیو دەسەڵاتدارێکی وەزارەتــی دەرەوەی ئەمەریکا بوو، زاڵمای خەلیل زاد. خەلیل زاد، لەدایکبووی ئەفغانستانە و لەساڵی 1984ەوە بووەتە هاووڵاتییەکی ئەمەریکی، راوێژکارێکی باڵای سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ریگانو هەردوو سەرۆك، بۆشو بۆشی کوڕبوو، هەروەها لەماوەی ساڵانی 1990ەکاندا، راوێژکاری یونۆکاڵ بوو بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنەکانی دامەزراندنی بۆری گاز لەگەڵ تالیباندا. لە (بۆن)، خەلیل زاد یارمەتی سەرگرتنی رێککەوتنە نهێنییەکانیدا، سەرئەنجام هەندێك لە سەردەستە میلیشیا دڕندەکان،

پۆستی زۆر گرنگیان لەحکومەتی تازەدا پێبەخشرا، لەبەر ئەو هۆکارە، لەئێستادا زۆرێك لەگەلی ئەفغانستان خەلیل زادو ئەمەریکییەکان وەك بەدیهێنەری ئەوسیستمەی ئێستا دەبینین کە لە کابول لەئارادایە، بۆیە لێپرسراوێتی دەرد و نەهامەتی گەلی ئەفغانستان لە ئەستۆی ئەوانیش دایە.

لە کۆتایی کۆنفرانسی بۆندا، بوونی سوپایەکی داگیرکەری تازە لە ئەفغانستان پەسەندکرا، ئەویش (هێزی یاریدەدەری ئاسایشی نێودەوڵەتی) یان (ISAF) بوو، بەو هۆیەوە شوێنی رژێمە توندڕەوە ئوسوڵگەراکەی تاڵیبان، بەرژێمێکی دیکەی میلیشیا ئوسوڵگەرا پڕکرایەوە، لەگەڵ هەندێك کەسایەتی تەکنۆکراتو بەرزخوازی سەر بە ئەمەریکا. کارزای نازناوی سەرۆکی کاتی پێبەخشرا. (لۆیا جیرگا)-ی باری نائاسایی بۆ بەهاری داهاتوو رێکخرا تا رەوایی بە دەسەڵاتە گوێزراوەکە بدرێت.

لەمێژووی وڵاتەکەماندا، هەرکاتێك ئەفغانستان توشی گۆڕانکاریو چاکسازی حکومەت بووبێتەوە، سەرۆك هۆزەکانو سەرکردەکانی تر کۆڕو کۆبوونەوەی نەریتباویان بەستووە، پێیدەوترێت (لۆیا جیرگا). هەندێك لەو لۆیا جیرگا-یانە رێکوپێكو سەرکەوتوو بوون، هەندێکی تریان بێسەروبەرو بێئەنجام. لە رووداوێکدا، ساڵی 1747 لەباشوری شاری قەندەهار، لۆیا جیرگا-یەك بەسترا بۆ هەڵبژاردنی پاشا. دوای گفتوگۆکردن بۆ ماوەی 9 رۆژ، لەکۆتایی لۆیا جیرگا-کەدا ئەحمەد شا دورانی هەڵبژێردرابوو، لەبەرئەوەی تاکە ئەندام بوو، کە لەو گفتوگۆ دوورودرێژەدا چ قسەیەکی نەکردبوو. دورانی، دەستیکرد بەیەکخستنی هۆزە جۆراوجۆرەکانو دەرەبەگەکان بۆ پێکهێنانی ئەفغانستان.

ساڵی 1928 لەلایەن پاشا ئەمانوڵا-وە بانگەوازکرا بۆ لۆیا جیرگا-یەکی دیکە، بۆ دەربڕینی پشتیوانی بۆ پاکێجێکی چاکسازی، تیادا سەربەستی زیاتر بۆ ژنان پێشنیارکرابوو. لە لۆیا جیرگا-کەدا، پاشا داوای لە شاژن سورەیا کرد لەچکەکەی لەسەری بکاتەوە، بۆئەوەی بیسەلمێنێت، کە بەگرنگییەوە لەو بابەتە دەڕوانێت،

بەڵام ئەو هەنگاوە پێچەوانە بوویەوە و کۆبوونەوەکە بەهەراو زەنا ئاشبەتاڵی لێکرا.

یەکەمین لۆیا جیرگا لەپاش تاڵیبان لەحوزەیرانی ساڵی 2002دا، لەکابول بەسترا، 1500 نوێنەر لەو کۆبوونەوە بێسەروبەرەدا بەشدارییانکرد، تیادا ئەندامانی هاوپەیمانێتی باکور باڵادەستبوون. لەڕاستیدا ئەم لۆیا جیرگا-یە، گاڵتەجارییەکی تەواوبوو، هاوشێوەی کۆنفراسەکەی بۆن ئەمەشیان لەپشتەوە لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە بەڕێوەدەبراو لە کابول ئاڕاستەی هەموو هەڵومەرجێکیان دەکرد.

وەك چاوەڕواندەکرا، ئامادەبووانی لۆیا جیرگا، حامید کارزایان وەك سەرۆکی گواستنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی ئەفغانستان (TISA) هەڵبژارد. زۆربەی خەڵك دەیانزانی ئەو کەسەی ئەمەریکییەکان بۆ ئەوپۆستە پەسەندیان کردبوو، ئەو بوو. ئەو لەسەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە پشتی بەهاوکاری ئەوان بەستبوو. تەنانەت دەستەی پاسەوانە ئەم نییە کانیشی سەربازی پڕچەکی ئەمەریکی بوون.

جیرگاکە رەوایی بەئامادەیی ئەمەریکا لە ئەفغانستانو حکومەتەکەی حامید کـارزای بەخشی. هاوکات ویستیان سەردەستەی میلیشیاکانی هاوپەیمانێتی باکوریش دڵخۆشبکەن، لەبەرئەوە بەپێچەوانەی خواستی گەلو بەڕێنوێنی ئەمەریکا، لەجیرگا-کەدا ئەحمەد شا مەسعود، سەردەستەی میلیشیای کۆچکردو بە(پاڵەوانی نەتەوەیی) دانرا، بۆ خۆشحاڵکردنی پەشتونە دڵسۆزەکانیش، پادشای پێشو زاهیر شا، ئەو کاتە تەمەنی لە نەوەد ساڵ زیاتر بوو، لەتاراوگەی ئیتالیاوە گەیەنرایەوە ئەفغانستان تا وەك (باوکی نەتەوە) رێزی لێبنرێت.

سـەرەڕای رق وکینەی هاونیشتیمانییەکان، جارێکی دی سەردەستەی میلیشیاکان، خەریکی دامەزراندنەوەی دەرەبەگایەتییەکەیان بوون. ئیسماعیل

خان لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکانی گەڕایەوە بۆ هیراتو بووە پارێزگار. وەك سەرۆکی ناوچەی باکوری رۆژئاوای ئەفغانستان، خان هەندێك لەداردەستەکانی خۆی لەپۆستە گرنگەکاندا دانا، ئەوانیش لەگەڵ رژێمی ئێران پەیوەندییان هەبوو، حکومەتی ئێرانیش دەیویست رۆڵی خۆی لەو حکومەتە تازەی ئەفغانستاندا بگێڕێت، کە بەپشتیوانی ئەمەریکا دامەزرابوو. دوای ئەوەی تاڵیبان لەپارێزگای فەرەح دەرپەڕێنران، ژمارەیەك گروپی ئوسوڵگەرا کێبڕکێی گرتنەدەستی دەسەڵاتیان بوو لە پارێزگاکەدا. یەکەم پارێزگاری فەرەح عەبدول حەی نیعمەتی بوو، هاوپەیمانێکی خانو ئەندامێکی پارتی جەماعەتی ئیسلامی بورهانەدین رەببانی بوو.

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی بەڕووخانی فەرمانڕەوایی سەرکوتکارو دواکەوتوی تاڵیبان خۆشحاڵ بوون، لەلایەکی دی ئەو بەرەوپێشچوونە تازانەش، مایەی بێهیواییەکی زۆر بوون بۆیان. حکومەتی ناوەندی لەو پارێزگایەدا دەسەڵاتێکی کەم یاخود دەسەڵاتی هەر نەبوو. سەردەستە میلیشیا گەندەڵەکان خەریکی تاڵانکردنی فەرەح بوون، واتە فەرمانڕەوایی تاڵیبان بەفەرمانڕەواییەکی دیکەی ترس ئەنگێزە و پاشاگەردان جێگەی پێگیرابوویەوە.

هەر لەسەرەتاوە، بەرپرسە لۆکاڵییەکانی فەرەح ئەو پرۆژانەی (OPAWC) و منیان پێخۆش نەبوو، کە هەوڵماندەدا جێبەجێیانبکەین. پێداویستییە بنچینەییەکانی مرۆڤ چەندین ساڵ بوو لە فەرەح پشتگوێخرابوون و کەموکوڕییەکی خراپی چاودێری تەندروستی لەئارادابوو. کاتێك رامانگەیاند لەشارەکەدا نۆڕینگەیەکی پزیشکی بێبەرامبەر دەکەینەوە، بەرپرسەکان زۆر تورە بوون لێمان. ئەوان دژی ئەو راستییە بوون، کە من وەك بەڕێوەبەرێك ژن بم و بەرامبەر سەردەستە میلیشیاییەکان بوەستمەوە. پێیانوابوو رەنگە نۆڕینگەکە وەك سەنتەرێك بەکاربێت دژی پڕوپاگەندەکانی سەردەستەکانیان.

ساڵی 2002، چاوم بەنوێنەری پارێزگار کەوت، دەربارەی پلانەکەمان

بۆ کردنەوەی نۆڕینگەیەكو تۆمارکردنی لەوەزارەتی تەندروستی دواین. ئەوەم بۆ روونکردەوە، کە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەین تاوان نییە، تەنها دەمانەوێت یارمەتیو خزمەتی خەڵکی ناوچەکە بکەین. بەدورودرێژی باسی پڕۆژەکە، پێویستیو هەبوونی خزمەتگوزاریی لەو چەشنەو بێدەرەتانی بنکەی تەندروستیم بۆ کرد، بەڵام ئەو پیاوە زۆر بەناشرینی قسەکانی پێبڕیم.

وتی، «چیتر کاتم مەگرە! زیاتر لەسەری مەڕۆ. نۆڕینگەکەت بکەرەوە، بەڵام گرەنتی سەلامەتیو ئاسایشتان ناکەین».

دوای ئـەوەی قسەکانی پێبڕیم، خواحافیزیم لێنەکرد. نوسینگەکەم بەجێهێشت، پەستو بێهیوای کردم. روونو ئاشکرا ئەمە ئاگادارکردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو، هەڕەشەیەك بوو، هەتا ئەمجۆرە پیاوە بیرتەسکانە لە دەسەڵاتدا بمێنن، ئەوا هەموو گەلی ئەفغانستان بێ مافو بێ ئاسایش دەمێننەوە.

ساڵی 2003 ئەو رۆژەی (نۆڕینگەی هاموون)-مان کردەوە، بۆنەیەکی گەورەمان گێڕا. ریش سپی گوندەکانی دەوروبـەر بەشدارییان لەبۆنەکەدا کرد، خەڵك وتاریان دەخوێندەوەو لەبەشە جیاوازەکانی پارێزگای فەرەحەوە پەیامی پشتیوانیمان پێدەگەشت. کەسانی ئاسایی، کە بەو ناوەدا گوزەریان دەکرد، دەهاتنو پشتیوانی خۆیان دەردەبڕی، پێشنیاریان بۆ دانانی پرۆژەی داهاتوو دەکردو سەرکۆنەی هەڵوێستە نەرێ نییە کانی پارێزگاریان دەکرد. کاتێك باسی ئەو هەڕەشەیەم بۆ کۆمەڵە خەڵکێك کرد، کە گرەنتی ئاسایشمان ناکرێت، لەبەرامبەردا وەڵامی ئەوان زۆر پاڵنەر بوو. وتیان، «خەڵکی ئاسایشتان بۆ دابیندەکات». ئەوەش کاتێکی زۆر خۆش بوو.

لەڕۆژەکانی سەرەتادا قەرەباڵغییەکی زۆر لەناوەوەو دەرەوەی بیناکەدا هەبوو، بەڵام هەموویان تەنها بۆ بۆنەکە نەهاتبوون، بەڵکو لەبەرئەوە بوو، کە نۆڕینگەیەك لەناوچەیەکی هەژارنشین، بێبەشکراودا چاودێری و خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بەهاووڵاتیان دەکرد. لەڕاستیدا ئەرکێکی زۆر قورسمان

لەسەرشان بوو. کەسانی نەخۆش زۆر لەدوورەوە بەسواری گوێدرێژو بەپێ ڕێیان بڕیبوو، تا بگەنە نۆڕینگەکەمان. هەبوو هێند پێویستی بەچارەسەری پزیشکی بوو، کە ناچار شەو تابەیان لەحەوشەکەدا دەمانەوە تا سەرەیان بێتو چاویان بە پزیشك بکەوێت. هەرچەند هەموو جۆرە نەخۆشی و برینداریيەکمان دەبینی، بەڵام تەنها سێ پزیشك و شەش پەرستارمان هەبوو. ئەگەر بارودۆخی نەخۆشەکە زۆر خراپ بوایە و پێویستی بەچارەسەری بەپەلە هەبوایە، دەماننارد بۆ ئەو نەخۆشخانانەی، کە لە هیرات و کابول بوون، لەوێ کەلوپەل و چارەسەری پزیشکی باشتریان تێدابوو. بینینی ئەو هەموو خەڵکەی کە نەماندەتوانی یارمەتی سەرجەمیان بدەین خەفەتباریدەکردین، ئەمە ڕاستییەکی ناخۆش بوو، جۆشوخرۆشی بۆ کردنەوەی نۆڕینگەکە کەمدەکردمەوە.

لەسەرەتای ئەو ڕۆژانەدا، خەڵکی سەریان سوڕمابوو، تەنانەت حەپەسا بوون، کە دەیانبینی چەند گەنج بووم. خۆشم گرنگیم بەو لایەنە دەدا، بەڵام هاوکات دەمویست ڕێزو متمانەی نەخۆشەکان و ستافەکە بەدەستبهێنم. تەمەنم تەنها بیست و پێنج ساڵ بوو، بەڵام گەنجتر دەردەکەوتم، پتر بە منداڵێك دەچووم نەك کەسێکی گەورە، هەروەها نیگەرانی ئەوەش بوون، کە داخۆ پزیشکەکان وەك لێپرسراوی نۆڕینگەکە پەسەندم دەکەن یان نا. بیرمە جاری وا هەبوو کاتێك بەرپرسێك بۆ نۆڕینگەکە دەهات پرسیاری لێدەکردم، «کەسی بەرپرسی ئەم نۆڕینگەیە لەکوێیە؟»

لەوەڵامدا دەموت، «من بەرپرسم»، ئەوانیش هەمیشە بەوپەڕی باوەڕنەکردنەوە تەماشایان دەکردم.

لەپێش ئەو میوانانەدا زۆر بەجدی خۆم پیشاندەداو بێ دەربڕینی خەندەو پێکەنین باسی خزمەتگوزارییەکانم بۆ دەکردن، بەڵام دواتر هاوپیشەکانم گاڵتەیان لەگەڵ دەکردم لەمەڕ ئەوەی، چۆن خۆم پیشانداون. دەیانوت، «هێی،

مەلالای تۆ بە بێ ئەوەی خوێندنی پزیشکی تەواو بکەیت بویتە پزیشك؟»

خزمەتکردنم وەك بەڕێوەبەری نۆڕینگەکە، زۆر بەزوویی کردمی بەکەسایەتییەکی دیاری شاری فەرەح. خزمەتگوزارییەکانمان خواستی زۆر لەسەر بوو، بەشێوەیەك پێڕانەدەگەیشتین، کە بڕیارماندا ئەمبولانسێك بکڕین. توانیمان خەرجی ئۆتۆمبێلێکی ڤان وەدەستبخەین‌و کەسێکیش بدۆزینەوە، تا وەك شۆفێر کارمان بۆ بکات. شۆفێرە داماوەکەمان زۆر لەخۆبوردوو بوو، زیاد لەپێویست کاریدەکردو شەکەت‌و ماندوو دەبوو. ناوچەکە لەڕووی ڕێگاوبانەوە هێند خراپ بوو، کە سەرەڕای گواستنەوەی نەخۆش‌و بریندارەکان، داوای لێدەکرا مردووەکانیش بگوازێتەوە بۆ گۆڕستان، هەروەها ئەو کەسانەش بگەیەنێتەوە ماڵ، کە ڕێگەیەکی دووریان بڕیبوو، تا بگەنە نۆڕینگەکەو خۆیان نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە. لەپارێزگای فەرەح ئەو ئەمبولانسە ناوبانگی دەرکردبوو. زۆر نمودی نەبوو، بەڵام کارێکی گرنگ‌و بەرچاوی دەکرد.

بەراورد بەو بودجە کەمەی هەمانبوو، خەرجی سوتەمەنی ئۆتۆمبێلەکە ئێجگار زۆر بوو. حکومەت پشتیوانی نەدەکردین و ئێمەش تەنها ژمارەیەکی کەم کەسی بەخشەرمان هەبوو. ئەوەی شکماندەبرد، پشتیوانی‌و هاوکاری کەسانی ناوخۆ بوو. هەرچۆن بیانتوانیایە یارمەتییاندەکردین، بۆیە تاڕادەیەك دەمانتوانی ئەمبولانسەکە بـەردەوام ئیش پێبکەین. فیتەرەکان بەخۆڕایی کاری چاککردنەوەی ئەمبولانسەکەیان لەئەستۆ دەگرت، دەیانوت خۆشحاڵن، کە دەتوانن یارمەتی خۆیان پێشکەشبکەن، دەیانوت «ئەمە ئۆتۆمبێلی ئەو خەڵکەیە».

لەکۆتایی ئەو ساڵەدا، بومەلەرزەیەکی بەهێز شاری مێژوویی بام-ی لەباشوری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی بەرباد کرد. دەوترێت کە زیاد لەبیست هەزار کەس لەو کارەساتەدا تیاچوون، ژمارەیەك ئاوارەی ئەفغانیش لەنێویاندا بوون. ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دیکەش بەبرینداری و بێ ئاو و کارەبا مابوونەوە.

هەندێك خەڵكی بام توانیان خۆیان بگەیەننە شاری فەرەحو هاتن بۆ نۆڕینگەی هاموون، تا یارمەتیبدرێن. ڕۆژێکیان ژمارەیەك رزگاربوو گەیشتن، ڕووداوێکی جەرگبڕیان بەسەردا هاتبوو. ژنو پیاوێك هاتن یەك منداڵیان پێبوو، پێیانوتین کە حەوت منداڵیان لەو زەمین لەرزەیەدا تیاچووە، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا بەهۆی بارودۆخی نالەبارو هەژاریو گیروگرفتەوە، ئەفغانستان سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، (OPAWC) توانی فەندی زیاتر کۆبکاتەوە. دوای ئەوە، سەرەڕای نۆڕینگەکە توانیمان هەتیوخانەیەکیش دابمەزرێنین. لەئەنجامی ئەو چەندین ساڵەی شەڕو شۆڕو هەژارییەوە، بەداخەوە ئەفغانستان وڵاتێکە سەرشار لە منداڵانی بێباوك. ڕەنگە تێگەیشتنی ئەمە ئەستەم بێت، بەڵام هەندێك دایكوباوك پێیان باش بوو منداڵەکانیان لای ئێمە بەجێبهێڵن. لەڕاستیدا هیچ بژاردەیەکی تریان نەبوو. هێندە هەژارو نەداربوون مەحاڵ بوو بتوانن منداڵەکانیان بەخێوبکەن، ئیدی دەهاتنە لای ئێمەو داوای هاوکارییاندەکرد. دەیانزانی منداڵەکانیان لەهەتیوخانەکەدا بەتەواوەتی خواردنیان پێدەدرێت، تا ئەو کاتەی باری دارایی خۆیان باشتر دەبێتو دەیانبەنەوە لای خۆیان. ئەوەی دەمانکرد خزمەتگوزارییەکی تێکەڵاو بوو، لەتەمەنی حەوت ساڵەوە تا پانزە ساڵ منداڵمان وەردەگرتو لەتواناماندا بوو چاودێریو شوێنی حەوانەوە بۆ نزیکەی 30-40 منداڵی کوڕو کچی خاوەن پێداویستی لەیەککاتدا دابین بکەین.

لەماوەی ئەو ساڵانەدا بڕیارمدا لەبری ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەم بژیم، لەتاقە ژورێکی پشت هەتیوخانەکەوە ژیام، تا لە ئیشو کارەکانمەوە نزیك بم. تەنها یەك دۆشەکم هەبوو، کارەبام نەبوو. بۆ خوێندنەوەی شەوانەش چرایەکم هەبوو دامدەگیرساند.

منالانی ئەو هەوتیوخانەیە، مایەی خۆشیو شادی بوون. هەرکات دەربکەوتمایە لە دەورم خڕدەبوونەوەو خۆیان پێدا هەڵدەواسیم، پڕ جوڵەو وزە بوون. یەکەمجار خەمم بوو، کە چۆن جڵەویان بکەم، چونکە زۆر دەجوڵانو

دەبزوان، وەلێ ڕۆژ بەڕۆژ ئەو بەشەی کارەکەم، کە لەگەڵیان ئەنجاممدەدا خۆش و خۆشتر دەبوو.

زۆری ئەو منداڵانە پاشخانێکی ئێجگار بێڕەونەقو بێدەرەتانیان هەبوو. لە ئەفغانستان واباوە بەدەست نان بخورێت، بەڵام ئێمە دەمانویست فێریان بکەین بە کەوچكو چەقۆو چەتاڵ نان بخۆن، بێگومان ژمارەیەکی زۆریان لەپای ڕووداوی ترسناکی گیانلەدەستدانی دایكو باوکیان، توشی زەبری دەروونی ببوونەوە. چیرۆکی کارەسەتبارو جەرگبڕیان دڵتەنگو ماتەمباری دەکردم، بەڵام ئەمە پتر هانیدەدام، تا کارێکیان بۆ بکەمو بەجۆرێك هاوکاری ساڕێژبوونی برینەکانیان بکەم. مەرگو مردن لای منداڵانی ئەفغانی شتێکی نامۆو سەیر نییە، بەڵام ئەوپەڕی توانای خۆمان دەخستەگەڕ، تا دەرفەتێکی لەباری ژیانیان بۆ دابینبکەین.

هەوڵماندەدا کاتێکی پڕخۆشیو شـادی پێکەوە بەسەربەرن. بیرم لەگرنگی دابینکردنی ژیانو هەلومەرجی منداڵانە دەکردەوە بۆیان، پاشانیش هەوڵماندەدا کاتو نێوەندێکیان بۆ بهێنینە ئارا تا بەبەردەوامی بیر لەو نەهامەتیو ئازارو گیروگرفتانە نەکەنەوە، کە وڵاتی گیرۆدە کردبوو، نیشتمان بەدەستیانەوە دەیناڵاند. هانماندەدان یارییبکەن و کاتێکی شاد بەسەربەرن. منداڵەکان کاتی خۆشیان، بەتایبەت لەئاهەنگەکانی لەدایکبووندا بەسەردەبرد، چوون لەو بۆنە تایبەتانەدا دەبوایە هەمیشە کەشێکی پڕجۆشمان بسازاندایە. جار هەبوو هەموویانمان کۆدەکردەوە نوکتەو قسەی خۆشمان دەگێڕایەوە، هاوکات تاوتوێی بابەتی زۆر گرنگمان هەبوو تیادا باسی گیروگرفتو هەستەکانیان دەکرد. دەرفەتیان پێدرابوو گلەییو گازندە لەیەکتری بکەنو فێربن چۆن ململانێی نێوانیان چارەبکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پۆلێکمان هەبوو وانەی تێدا بخوێنن. مامۆستایەك هەبوو وانەی پێدەوتن، هەندێکجاریش خۆم دەچومە لایانو لەبۆنە تایبەتەکاندا چوکلێت یان شیرینم دەدایە ئەو خوێندکارانەی وەڵامیان بە دروستی دابوویەوە.

هەندێکجار بەدەنگی بـەرز چیرۆکەکانی سەمەد بەهرەنگی-م بۆ دەخوێندنەوەو باسی ئەو وانانەم بۆ دەکردن، کە لەو چیرۆکانەوە فێرببووم. کاتێك منداڵ بووم چیرۆکەکانی بەهرەنگی-م زۆر لا خۆش بوون، پێموایە ژمـارەیـەك لەچیرۆکە هـەرە باشەکانی بۆ منداڵان نوسیوە. هەموویان سەرشارن بە رەهەندی پەروەردەیی، هانی منداڵان دەدەن بەهرەوەر بن، بیربکەنەوە، بەجۆرێك بتوانن جیهان بەرەو باشتر ئاراستە بکەن، هەڵبەت گەلێ کەمەندکێشکەرن. خوێندکارەکان ئەم چیرۆکانەیان زۆر پێخۆش بوو، کاتێك بۆمدەخوێندنەوە فرە پرسیاریان لا دروست دەبوو.

ئەو منداڵانە ژیانیان گۆڕیم‌و دڵیان خرۆشاندم. ئەمە یەکەمین ئەزموونم بوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری منداڵ کاربکەم، وەك گوڵی رازاوە وەها بوون. ئەگەر ماندو یان خەفەتبار بوومایە، هەمیشە ئەو منداڵانە ورەیانبەرزدەکردمەوە. کاتێك دەبینی منداڵان دڵخۆش‌و کامەرانن، ئیدی وا لەتۆش دەکەن شادمان بیت.

لەگەڵ منداڵانی هەتیوخانەکەدا شتی ناخۆش‌و دڵشتەزێنیش پێکیەوە گرێدەداین. کاتێك یەکێك دەبوایە بڕۆیشتایە بۆ ئێمە رووداوێکی خەفەتهێن بوو. هەندێکجار ئەندامانی خێزان، یاخود خزمێك دەهات‌و دەیبردنەوە بۆ ماڵەوە، بەزۆری کاتێك، کە منداڵەکە کەمێك تەمەنی دەچووەسەر، بۆ نمونە دەگەشتە سیانزە، یان چواردە ساڵ. زۆرجار نیگەرانی ئەوە بووین، کە رەنگە خزمی کچەکان پلانی ئەوەیان هەبێت بیانفرۆشن، یان بەشویان بدەن، بەڵام بێگومان لـەڕووی یاساییەوە هیچ شتێکمان پێنەدەکرا ئەگەر بیانویستایە منداڵەکە ببەنەوە بۆ ماڵەوە.

کچێك هەبوو پێشتر ماوەیەکی لەهەتیوخانەکەی ئێمەدا بەسەربردبوو، بەگژ دایك‌و باوکیدا چووبووەوە کاتێك ویستبویان بەمێردی بدەن‌و داوای مارەییەکی زۆریان لەو پیاوە کربوو، کە هاتبووە داخوازی. پێیوتبوون ئەو مرۆڤە

ئاژەڵ نییە تا بەپارەیەکی زۆر بفرۆشرێت. ئەمە وانەیەك بوو لای ئێمە فێرببوو، هەڵبەت کاریگەری لەسەر ماڵەوەیان چێکردبوو.

ناخۆشترین بیرەوەریم لەخانەکەدا ئەو حاڵەتە بوو، کە بەسەر کچێکدا هات بەناوی رەهیل. پێش ئەوەی لەدایکبێت باوکی کۆچی دوایی کردبوو. دایکیشی، کە زۆر هەژار بوو، دوای ئەوەی منداڵەکەی بوو نەخۆش کەوت و مرد. سەرئەنجام رەهیل بەتەنها مایەوە. مامێکی سەرپەرشتیاری بوو، رۆژێکیان ئەو مامەی بڕیاریدابوو کە وەختی بەشودانی رەهیل هاتووەو بەنیاز بوو بیداتە کوڕەکەی خۆی، گەرچی ئالودەی ماددە هۆشبەرەکان ببوو. ئیدی رەهیل هەڵهات بۆ خانەکەمان لە فەرەح. لەوکاتەدا تەمەنی شانزە ساڵ بوو، زۆر بێتاقەت بوو، چونکە نەیدەویست بەزۆر بدرێت بەکوڕە مامەکەی. کاتێك باسی ئەو تەنگو چەڵەمەیەی بۆ کردم دەگریا، بێگومان ئێمەش وەرمانگرتو ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان لەگەڵدا تا فێری خوێندنی بکەینو چاودێرییەکی باشی بۆ فەرهەمبهێنین.

پاشترو رۆژێکیان مامی رەهیل هات بۆ هەتیوخانەکە. زۆر بەجوانیو بەڕێزەوە قسەی لەگەڵ دەکردینو داوای لێکردین ئەگەر بکرێت رەهیل بۆ چەند رۆژێکی کەم بڕواتەوە ماڵەوە لەگەڵیداو چاوی بەخزمانی بکەوێت. رەهیل بۆ یەك رۆژیش نەیدەویست خانەکە بەجێبهێڵێت، بەڵام پێمانوت چ نییە دەتوانیت بڕۆیتەوە و سەردانی کەسوکارت بکەیت. وایدانابوو کاتێکی کەمی پێبچێت. بە سەردانەکە رازی بووین، لەڕاستیدا ئێمە نەماندەزانی ئەم پیاوە چی لەمێشکدایە بەرامبەر برازاکەی ئەنجامیبدات. وەختێك رەهیلییان گەیاندە ماڵەوە، دەستبەجێ مەلایەکیان هێنابوو، خێرا بۆنەیەکی مارەبڕییان بۆ رێکخستبوو، بەزۆر ئەو دوو ئامۆزایەیان لەیەکتر مارەکردبوو، پاشان دوو هاوسەرە نوێیەکە بەپەلە فڕێندرابوون بۆ ئێران تا لەوێ ژیانیان بگوزەرێنن.

بەداخو ئەسەفێکی بێپایانەوە، پاش ماوەیەك زانیمان رەهیل خۆی

سوتاندووە. خۆسوتاندن دیاردەیەکی تازەیە لە ئەفغانستاندا. راستی رێگەیەکی باوی کارەساتئامێزی روو لەزیادبوونەو ژنانو کچان پەنای بۆ دەبەن، تا لە ناخۆشی و مەینەت چەشتن دەربازیان ببێت. رێژەیەکی زۆر بەرزی خۆکوشتن لەنێو ژنانی وڵاتەکەماندا ئامادەگی هەیە، ئەمەش ئاکامی ژانو ئاڕیشەی مامەڵەی خراپە، کە رووبەڕوویان دەبێتەوە. وا هەستدەکەم ئێمە رەهیڵ-مان کوشتبێت، چونکە رەوانەی ئەو چارەنوسە رەشەمان کرد، ئەویش نەیتوانی لەو باودۆخەدا بژی. هێشتاش لەخۆم قەڵسم، کە ئەزموونی ئەوەم نەبوو لەو فرمێسکی تیمساحی مامی تێبگەمو رادەستمان کرد بیباتەوە ناو کەسوکاری.

لەسەرەتای ئەو ساڵانەدا کە چالاکی کۆمەڵایەتیم ئەنجامدەدا، توشی ژمارەیەك حاڵەتی قورسو گرانی دیکەش بوومەوە. جارێك رۆیشتین بۆ دابەشکردنی خواردەمەنیو ئاردو رۆن لەناوچەیەکی بیابانی پارێزگای هیرات، بە ئەندازەیەك فڕن گەرم بوو. لەوێ توشی رەشەبایەکی زۆر خراپ بووین، بەجۆرێك هەستمدەکرد سییەکانم پڕبوون لەلم و تۆزو خۆڵ. بۆ ماوەی دوو رۆژ نەخۆش کەوتم. کاتێك نانم دەخوارد تامی لمم دەکرد، وەلێ خۆشحاڵ بووم، کە گەشتی بیابانمان کرد تا خواردن بگەیەنینە دەستی ئەو خەڵکە. هیواو ئاواتم ئەوەیە هەموو لایەك درکبکات، کە تەنانەت کارێکی بچوکی یارمەتیدان جیاوازییەکی ئەرێنی ئەندێشەنەکراو بۆ خەڵکی خاوەن پێداویستی دەهێنێتەئارا. بەداخەوە لەسەرەتای ئەو ساڵانەدا ئەو کارانەی ئەنجامماندەدا، ئەرشیفمان نەکردنو هیچ وێنەو ڤیدیۆیەکی تۆمارکراوی ئەو خەڵکانەمان نییە، کە پێویستیان بەیارمەتیدان هەبوو، بەڵام دواتر فێربووین هەموو شتێك دۆکیومێنت بکەین.

لەساڵی 2003داو ساڵێك دوای بەستنی لۆیا جیرگا، نەتەوە یەکگرتووەکان بانگێشتکرا، تا چاودێری هەڵبژاردنەکانی دووەم لۆیا جیرگا بکات، ئەم کۆبوونەوەیان پەسەندکردنی دەستورێکی تازەو بڕیاردان لەسەر چارەنوسی وڵاتەکەمانی لەخۆدەگرت. لەپارێزگاکەی ئێمەدا نۆ نوێنەر هەڵبژێردرابوون، حەوت پیاو و دوو

ژن بوون، تا بچنە کابول و بڕیار لەسەر چارەنوسی وڵات بدەن.

دەمزانی ئەو جەنگەی پێیدەگوترا جەنگی ئـازادی بەسەرکردایەتی ئەمەریکا ببووە هۆی مەرگی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتی بێتاوان، هەڵبەت وەك زۆری ئەفغانییەکانیش متمانەم بەداگیرکەرە بیانییەکان نەبوو. هاوشێوەی خەڵکە دیموکراتەکانی تر، منیش هەستمدەکرد ئەمەریکا بەهۆی پشتبەستنی بەئیسلامییە ئوسوڵگەراکان هەمان هەڵەکانی رابـردوی دووپاتدەکردەوە. ئەفغانستانو گەلەکەی جارێکی تر بوونە قوربانی لەگەمەیەکی ستراتیژیدا، کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانییەکانییەوە ئەنجامدەدرا. هەموو کەسێك دەیزانی کە هەڵبژاردنی دیموکراتی و راستەقینە لەژێر سایەی چەك و تفەنگدا ناکرێت، دەشمانزانی زۆرینەی ئەو نوێنەرانە سەردەستەی میلیشیاو داردەستەکانی ئەمەریکا بوون. دەبوایە کەسێك بچێتە ئەو کۆبوونەوە گەندەڵەوە و لەبەرچاوی جیهان سەرکۆنەو ئیدانەی بکات.

لەوکاتەدا تەنها تەمەنم بیستو پێنج ساڵ بوو، لەسەرەتای لاویمەوە چەندین ساڵ بوو لەنێو خەڵکی فەرەحدا کارم کردبوو. دەیانناسیم و لەپێش هەموو شتێکدا هەستم بە ئازار و مەینەتی سەختیان کردبوو، بەتایبەتی ئازارەکانی ژنان. هەستمدەکرد پێویست بوو دەنگی گەلەکەمان ببیسترێت. ئەمە پاڵینام بەشداری بکەم لەپرۆسەی سیاسی تازەی ئەفغانستاندا. سووربووم لەسەر ئەوەی یارمەتی کۆتایهێنانی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی سەردەستەی میلیشیاو ئوسوڵگەراکان بدەم و دەشمزانی زۆرینەی ژنو پیاوی ئەفغانی هاوبەشی ئەم ئامانجو مەبەستە بوون. ئەرکی سەرشانم دەرخستنی سروشتی راستەقینەی جیرگا بوو لەناویدا، لەبەر ئەوەی زۆر لاو بووم، هەرگیز متمانەی ئەوەم نەبوو هەڵببژێردرێم، بەڵام لەبیری خۆمدا وتم، «بابزانین چی روودەدات ئەگەر خۆمی بۆدابنێم».

لەو کاتەدا تێنەدەگەیشتم چۆن ئەو بڕیارە بۆ هەتا هەتایە ژیانم دەگۆڕێت.

# بەشی پێنجەم
# «مەلالایەکی تر، مایوەندێکی تر»

لە بنکەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە فەرەح، زیاتر لەسەد ژن لە هۆڵێکی کەمێك رووناکدا کۆببوونەوە و لە پێشمەوە وەستابوون، خۆیان بە عەبای رەش داپۆشیبوو، هەڵبەت ئەمە لەڕۆژئاوای ئەفغانستاندا زۆر باوە. بە تەمەن هەموویان لەمن گەورەتربوون، هاتبوون تا نوێنەرایەتی گوند و شارۆچکەکان، لە هەموو سوچو کۆڵانێکی پارێزگاکەوە بکەن. زۆریان منییان وەك بەڕێوەبەری گەنجی نۆڕینگە خۆڕاییەکە دەناسی و منیش بە باشی دەمناسین. ئەو چیرۆکانەم بیستبوو، کە کەسی ئازیزیان لەدەستدابوو، توندوتیژییان بەرامبەر کرابوو، وێڕای ئەوەی لەوان گەنجتر بووم، بەڵام ببوومە هـاودەم و ئامۆژگاریان. پێشترو لە سەردەمی هۆڤیانەی تالیباندا، ژنانی فەرەح هاوشێوەی هەموو ژنانی تری ئەفغانستان، تالآوی چەوساندنەوە و سەرکوتکارییان چەشتبوو، منیش بە تاسەوە بووم وەك نوێنەری خۆیان لە لۆیا جیرگا، هیواو متمانەی خۆیانم پێ ببەخشن.

بۆ کۆبوونەوەی دەستنیشانکردنی نوێنەرەکان، لەشاری هیراتو فەرەح بەڕێوەچوو، ژنانو پیاوان لێکجیاکرانەوە. ئەم جیاکارییە جێندەرییە بەشێکی لەبەرئەوەبوو، رێگری لەپیاوان بکرێت چاو لەژنەکانیان سورنەکەنەوە، یان کاریگەرییان لەسەریان نەبێت لەکاتی بڕیاردانیاندا. بەداخەوە هێشتا ژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی ئەفغانستان، بەهیچ شێوەیەك رازی نین ژنان لەسیاسەتدا بەشداریبکەن. ژنان دوو نوێنەری مێیینەیان هەڵدەبژاردو پیاوانیش شەش نێرینەی هاوتای مێیینەکانیان هەڵدەبژارد. یەك نوێنەری زیادەش لەلایەن حامید کارزایەوە دەستنیشاندەکرا، لەو کاتەدا سەرۆکی حکومەتی کاتی وڵات بوو. دواتر زانیمان کە ئەو دەسەڵاتەی هەیبوو بەکاریدەهێنا، تا لۆیا جیرگاکە پڕبکات لەسەردەستەی ملیشیاکانو وەك خۆی پێداگری لەسەر دەکرد، بەشداریکردنیان کلیلی خستنەگەڕی سیستمە تازەکە بوو.

شەش کاندیدی دیکەی مێینە هەبوو، هەریەکەشمان سێ خولەکمان بۆ

قسەکردن بۆ دانرابوو. من پێشتر ئەزمونێکی زۆری قسەکردنم هەبوو بۆ گروپە بچوکەکان، دەربارەی نەهامەتیو مەینەتییەکانی خەڵکی فەرەح، لەبەرئەوە قسەکردن شتێکی زۆر سرووشتی بوو بەلامەوە. هەمیشە حەزم بەگەڕان دەکرد، تا زیاتر بەخەڵکی ئاشنابم و گوێ بۆ خەم و مەراقەکانیان رادێرم. ئەم نەریتەم لەباپیرمەوە بە میرات گرتبوو، کە دەرمانخانەیەکی هەبوو، هەروەها پێیخۆشبوو بە سواری گوێدرێژەکەی دەوروبەری شار بگەڕێت و دەستگیرۆیی نەداران بکات، لە هەموو بەشەکانی پارێزگای فەرەحدا ناسرابوو، بەڵام ئەمەیان جیاوازبوو، ئەمە یەکەم وتاری فەرمیو راستینەم بوو.

من لەناوەڕاستی ریزەکەدا بووم. ئەوانەی یەکەمجار قسەیانکرد بەشێوەیەکی گشتی باسی ئەوەیان دەکرد، کە چەند پێویستییان بەدەنگی ژنانە، ئەگەر بەدەنگی ئەوان هەڵبژێردرانایە چییان بۆ دەکردن، بەڵام نەچوونە سەر باسی تراژیدیای راستەقینەی ژنان لە ئەفغانستان و پێویستیمان بۆ یەکسانی لە مافەکانماندا.

لەسەر مێزەکەو لەپێش ژوورەکەدا راوەستام، دەترسام بیرو بۆچونەکانیشم وەك دەمم وشك بنو هیچم پێنەگوترێت، بەڵام بیری ئەو چەوساندنەوانەم کەوتەوە، کە ئێمەی ژن لەوڵاتەکەماندا بەسەرماندا دێت، ئیدی دوودڵی، ڕاڕاییەکەم بووە هەڵم و توڕەییو کینە شوێنی پێ لەقکرد.

زۆرم بۆ وتن هەبوو، دەمویست لەو چەند خولەکە کەمەدا، باسی هەموو ئەو شتانە بکەم، کە لەژیانمدا ئەنجامم دابوون، ئەو هەنگاوانەی بۆ دواڕۆژ هیوام پێیانبوو، هەموو ئەو داکۆکییانەی دەمویست بۆ ژنانی ئەفغانستان پێیان لەسەر دابگیرێت. مکوڕبووم، کە هەرگیز سازش لەگەڵ ئەو تاوانکارانە نەکەم، کە مێژووی وڵاتەکەمانیان بە خوێنی رۆڵەکانی رەنگکردبوو، هەروەها هەمیشە دەنگ بۆ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەرزبکەمەوە و پاڵپشتییان لێبکەم.

وەختێك قسەمدەکرد، زانیم پەیامەکەم جێی خۆی کردوەتەوە، لەبەرئەوەی

کاتێك ژنەکانی تر قسەیاندەکرد ئامادەبووان ورتە ورتیان دەکرد، دەنگەدەنگیان دروستدەکرد گوێیان پێنەدەدان، بەڵام کاتێك من دەستمپێکرد هەموو لایەك بێدەنگ بوونو گوێیان هەڵخست. لەماوەی قسەکردندا چەندجارێك چەپڵەیان بۆ لێدام، ئیدی دڵنیابووم لەوەی دەنگەکانیشیان بەدەستدەهێنم.

تەواو بیرم نییە لەوتارەکەدا چیم وت، بەڵام بەباشی کشو ماتی ژنانی ناو هۆڵەکەم لەیادە، لەو کاتەی لەقسەکانم تەواوبووم. لەو بێدەنگییەدا هەستم بەهیواو تێگەیشتن دەکـرد. ئەو ژنانە زۆر خوێندەوار نەبوون. لەڕاستیدا هەندێکییان نەخوێندەوار بوون، سەرباری ئەوەش باش لەپەیامەکەم تێدەگەشتن، چونکە من لەمەڕ ژیانی راستەقینەی ئەوان، نەهامەتی و بارگرا نییە کانیانیانەوە دەدوام. هەستم بەبایەخی سەرنجدانیاندەکرد، لەوەش گرنگتر هەستم بە هاوچارەنووسی هاوئاهەنگی دەکرد لەگەڵیان، بێشك درکم بە لێپرسراوێتییەکی گەورە دەکر بەوەی بەدیهاتنی هیواو خەونەکانیانم لەئەستۆ دەگرت.

دوای ئەوەی هەموو کاندینە ژنەکان قسەیانکرد، دەنگ درا، بەرپرسەکانی UN کە پرۆسەکەیان رێکدەخست دەنگەکانیان جیاکردەوەو گەڕانەوە هۆڵەکە، تا ئەنجامەکە ئاشکرابکەن. کاتێك ئەنجامەکەیان راگەیاند من هەڵبژێردرابووم، ئامادەبوانیش کەوتنە چەپڵەڕێزان. لەکۆی زیاد لەسەد دەنگی نوێنەرەکان من 45 دەنگم بە دەستهێنابوو. نەفەس-ی هاوڕێشم دووەم دەنگ، 25 دەنگی بەدەستهێنابوو. ئەو ژنە توندڕەوانەی لەدژی ئێمە رکابەرایەتییان دەکرد، زۆر لەدواوە بوون. سەرسام نەبووم بەو دەنگانەی بەدەستمهێنا، چونکە کاتێك دەنگمدا بینیم سندوقەکەی من وەرەقەی دەنگدانی لەسەر دەڕژا لەکاتێکدا زۆرێك لەسندوقەکانی تر بگرە وەك بەتاڵ وابوون.

کاتێك ئەنجامەکانم بیست زانیم بەرپسیارێتییەکی گەورە کەوتووەتە سەر شانی منو نەفەس، بەخۆم دەوت «ئێستا پێویستە شتێك بکەم، تا ببمە مایەی

متمانەی ڕاستینەی ئەو ژنانە». ئەو هەڵبژاردنەم زۆر بەگرنگ وەرگرتبوو، ماوەی چەند ڕۆژێك بەتەواوی مێشكمی سەرقاڵكردبوو. لەخۆم دەپرسی: «دەبێت چی بكەم، تا پاداشتی ئەو متمانە بەخشینەیان بدەمەوە؟»

دواتر، ڕێكخەرانی ئەو هەڵبژاردنە لۆكاڵییە هاتنە لامو پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەكردم. بەرپرسی كارەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان لە فەرەح، پیاوێكی تەمەن مامناوەندی ئەفریكی بوو، هاتە لامو سەری ماچكردم، پێیوتم قسەكانم تەواو ڕاستن، وەلێ ڕكابەرەكانت ترسان بەوشێوەیە ڕاشكاوانە قسەبكەن. هەم ئەو هەم تەواوی ڕێكخەرەكانی تر خۆشحاڵبوون، كە كەسێكی ئاوا گەنج هەڵبژێردرابوو. ئەوان پڕ هەستو سۆز بوون. كارمەندێكی ژنی ئەفغانی چەپكێك گوڵی لەباخی حەوشەی بینای نەتەوە یەكگرتووەكان كردەوەو پێشكەشیكردم. ژنێكی تر چووە دەرەوەی كۆمەڵگەكەو پاكەتێك چوكلێتی كڕیو وەك نەریتێكی ئەفغانستان هەڵیدا بەسەر مندا. هەندێك ژنی دیكە چاوەكانیان پڕبوون لە فرمێسكو هەندێكی تریش نزایان بۆ دەكردم، خوا سەرفرازت بكات، هیوادارم سەركەوتوو بیت...»

ژمارەیەك ئەندامی لیژنەی هەڵبژاردنی نەتەوە یەكگرتووەكان، بردیانمە كەنارەوەو پێیانوتم، «تۆ هێشتا لاویتو لەبەر خۆت نابێت لەكۆڕی لۆیا جیرگا لە كابول بەم شێوەیە قسەبكەیت». وادیاربوو زۆریان بەڕاستی نیگەرانم بن. دڵنیاش نیم، دەشێت ویستبێتیان بمترسێنن و بێدەنگ بم.

دوای ئەوەی دایكم بیستبووی دوای دەنگدانەكە چی ڕوویداوە، دەستیكردبوو بەگریان. ئەو پێشتریش نیگەران بوو كاتێك بڕیارمدا لەو ئاستەی كاری سیاسیدا بەشداریبكەم، ئاگاداركردنەوەكانی چاودێرانی نەتەوە یەكگرتووەكانیش، هێندەی تر تووشی دڵەڕاوكێی كردبوو. دایكم لەخانەوادەیەكی پارێزكاردا پەروەردە ببوو، هەمیشە شپرزەو دەپەشۆكا كاتێك دەیبینی هێند ئاشكرا ڕاشكاو قسەمدەكرد. هاوشێوەی هەموو كچێك، نەمدەویست دایكم بێتاقەتو خەمبار

بکەم. دەستم بەڕوویدا هێناو فرمێسکەکانم بۆ سڕی. پێموت، زۆر ئاگام لەخۆم دەبێت‌و دڵنیامکردەوە سەلامەت دەبم. ئەوی بەڕاستی لەدایکم دەویست دڵخۆشبوونی بوو بەرامبەرم، بیرکردنەوە بوو لەو راستییەی، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك بڕوایان بە قسەکانی کچەکەی هەبوو.

لەو ساتەوەی هەڵبژێردرام بۆ ئامادەبوون لە لۆیا جیرگا-دا، ژیانی خێزانەکەم گۆڕانکاری تێدا هاتەکایەوە. چەند رۆژ دواتر، باوکم، تەواوی خێزانەکەم و هاوڕێکانم لەگەشتەکەماندا خواحافیزییان لێکردین. دەبوایە نوێنەرەکان خۆیان بچونایە بۆ هیرات و لەوێشەوە بەفڕۆکە دەگوێزرانەوە بۆ کابول. من‌و دایکم، نەفەس‌و هاوسەرەکەی بەپاسێکی گشتی گەشتەکەمان کرد. ئەو رێگە پڕ هەڵبەزو دابەزە شەش کاژێری خایاند تا گەشتینە هیرات، لەگەڵ ئەوەشدا رێگاکە بۆ ژنان زۆر مەترسیدار بوو. ئیسماعیل خانی سەرکردەی میلیشیاو پارێزگاری هیرات، بەهەمانشێوەی تاڵیبان مەفرەزەی سەربازی خۆی دروستکردبوویەوە بۆ سەپاندنی ئوسوڵگەرێتی دواکەوتووی خۆی. هاوشێوەی تاڵیبان، پیاوەکانی خان بەپارێزگادا دەگەڕان‌و پیاوانیان هەراساندەکرد، لەپای پۆشینی جلوبەرگی رۆژئاوایی، کاسێت، ڤیدیۆ و گۆرانیان لەبازاڕاکاندا وردوخاش دەکردو دەسوتاند، هاوکات ژنانیان دەتۆقاند. ئەگەر بیانزانیبا ژنان لەگەڵ پیاوێکدان، کە کەسی نزیکیان نییە، ئەوا بەشەقامەکاندا کێشیاندەکردن، بۆ شەرمەزارکردنیشیان پشکنینی پزیشکیان بۆ ئەنجامدەدرا، تا دڵنیابن لەوەی سێکسیان لەگەڵ کراوە، یاخود نا.

لەبەرئەوە لەکاتی رۆشتنمان بۆ هیرات، بەناچاری دەبوایە خۆمان بە بورکا دابپۆشین. وەك پێشتریش وتم، لەبەرئەوەی تەنها پارچە قوماشێکی تۆڕئاسا لەپێش چاوتدایە زۆر ئەستەم بوو بزانیت دەوروبەرت چی لێیە، بەڵام کاتێك لەپەنجەرەکەوە روانیمە دەرەوە، جارجار ئامێرو ئۆتۆمبێلە تێکشکاوەکانی جەنگم بەدرێژایی لاڕێیەکە بەرچاودەکەوتن.

کاتێك گەشتینە فڕۆکەخانەی هیرات، لێپرسراوی زیاتری هەڵبژاردنەکان، بەگەرمییەوە پێشوازییان لێکردین‌و دەستبەجێ پرسیان، «کامتان مەلالای جۆیایە؟»

منیش وەڵاممدانەوە، «منم، بۆچی حەزدەکەن بزانن؟»

کارمەندێکی هەڵبژاردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هیرات وتی، «لە هیرات زۆر شتمان دەربارەی تۆ بیستووە. لەوێ وتارێکی باشت پێشکەشکرد، دەستخۆش بۆ چاونەترسیت».

پاشان دەنگی نزمکردەوەو وتی، «بەڵام تکایە لە کابول ئاگات لەخۆت بێت».

دایکم لەتەنیشتمەوە وەستابوو، کارمەندێکی دیکەی ژنی نەتەوە یەکگرتووەکان، لێپرسراو بوو لەڕێکخستنی کاروباری نوێنەرەکان، هاتە لام‌و بەناخۆشییەوە وتی، نابێت ئەو قسانەی لە هیرات کردبووم لە کابول دووبارەیان بکەمەوە، چوون لەوێ هیچ کەسێك نییە پشتمبگرێت.

گوتی، «تۆ زۆر گەنجیت. ئەم کارە بۆ تۆ مەترسیدارە». پێش ئەوەی وەڵامبدەمەوە، دایکم هاتەدەنگ‌و پێیوت، «بۆچی کەس پشتیوانی لێناکات؟ من لەوێ دەبم تا پشتگیری بکەم‌و دڵنیام زۆر کەسی تریشی لێدەبێت، کە لایەنگری دەکەن».

زۆر سەربەرزو خۆشحاڵ بووم، کاتێك دایکم بەو شێوەیە پشتیوانی لێکردم. ماچی خواحافیزم لێکردو لەگەڵ نەفەس-دا سواری فڕۆکەکە بووین.

هەموو ڕاگەیاندنەکان، لەنێویاندا CNN و BBC، لە کابول دابەزین بۆ چاودێریکردنی نوێنەری هەڵبژێردراوی هەموو پارێزگاکان، کە تاوتوێی داهاتوی ئەفغانستانیان دەکرد. سەرجەمی نوێنەرەکان 502 کەس بوون، لەو ڕێژەیە 114 یان ژن بوون. بەشێکی تەواوی پایتەخت بۆ بۆنەکە تەرخانکرابوو، بەشی سەرەکی حەرەمی زانکۆ کرایە (شاری لۆیا جیرگا)، بەشە ناوخۆیی خوێندکاران

بۆ نوێنەرەکان کرایە شوێنی حەوانەوە. منو نەفەس لەژوورێکی بەشە ناوخۆییەکەدا پێکەوەبووین. خۆی دەبوایە چوار کەس لەژوورێکدابن، بەڵام دواتر پێیانوتم، کە جگە لە نەفەس کەس نەیوێرابوو لەگەڵمدا بێت!

ئەڵمانیا چادرێکی ئێجگار گەورەی بۆ ئەو کۆڕبەندە، ئەو هۆڵەی هەموو ئەندامانی لەخۆدەگرت دابینکردبوو، وەك ئەو چادرانەی وەك بارِ لە بۆنەی ئۆکتۆبەرفێستدا بەکاردێن. ئەو هۆڵە گەورەی (زانکۆی پۆلیتەکنیك) لەو کاتەدا وەك شوێنی شرۆڤە و گفتوگۆکردن بەکاردەهات، تیادا بڕیار لەسەر دەستورێکی تازە دەدرا بۆ وڵات.

ئاسایش زۆر توندو تۆڵبوو، لەلایەن پۆلیسی ئەفغانستان لەلایەکو هێزی چەکداری ئەمنی بیانی لەلایەکەی تری دابینکرابوو، ئەوە بەشێك بوو لەکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو راستەوخۆ لەدوای داگیرکاری ساڵی2001ی ئەمەریکاوە هاتبوون، لەبەر ئەو بۆنانەی پەیوەندییان بە لۆیا جیرگا-وە هەبوو، هاتوچۆی ئۆتۆمبێل بە شێوەیەکی رۆتینی لە کابول وەستێنرابوو، یاخود ئاراستەکەی گۆڕدرابوو. هەموو هاتووچۆی ئۆتۆمبێلەکان وەستێنرابوون بۆ ئەو نمایشە گەورەی دیموکراسیو «ئەفغانستانی نوێ». لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەجێ روونبوەوە، کە بەشێکی زۆری ئەفغانستانە کۆنەکە هێشتا هەر لەجێی خۆیدابوو.

زۆرینەی ئەو نۆ نوێنەرەی لەپارێزگای فەرەحەوە هاتبوون، پشتیوانی سەردەستە میلیشیاکان نەبوون، هەرچەند ناکرێت هەمان هەڵوێست لەمەڕ نوێنەری زۆرێك لەپارێزگاکانی ترەوە بڵێیت، بەتایبەت پارێزگاکانی باکوری ئەفغانستان، کە سەردەستەی میلیشیاکان کۆنترۆڵی تەواویان بەسەریدا هەبوو. لەڕاستیدا هەندێکیان خراپترین پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بوون کە لەمێژوودا بەرۆکی بە وڵاتەکەمان گرتبێت.

کاتێك بینیم سەردەستەی میلیشیاو تاوانبارە ناسراوەکانی دیکەی جەنگ،

لەو کۆڕبەندە گرنگەدا لەڕیزی پێشەوە دانیشتوون، توشی شۆك بوومو واقم وڕما. بەدرێژای ژیانم گوێبیستی کاری بەدو چەپەڵی ئەوان بوومو هەندێك لە خراپەکارییەکانیانم بەچاوی خۆم بینیبوو. لەو کامپی ئاوارانەی تێیدا گەورەبووم، چیرۆکی دڕندانەو بێبەزەییانەی ئـەوان، لەسەر زاری هەموو کەسێك بوو، هەروەها ئەو خانەی بێ سەرپەرشتانەی لەپارێزگاکەی خۆم لە فەرح بەڕێوەم دەبرد، پڕبوو لەو منداڵانەی، کە باوانیان بەهۆی ئەو پیاوانەوەو هاوپەیمانەکانیانەوە تیاچووبوون.

حامید کارزای مافی ئەوەی هەبوو 52 نوێنەر دەستنیشان بکات. یەکێك لەو کەسانەی دەستنیشانی کرد، سەرۆکی لۆیا جیرگا-کە بوو، واتە سەبغەتوڵا موجەددی. زۆری سەردەستە میلیشیا بەدناوەکان، لەلایەن کارزایەوە هەڵبژێردرابوون، لەکاتێکدا زۆربەی بەربژێرەکانی دیکە، بەهۆی قۆرخکردنی هەڵبژاردنی نوێنەرەکان، یان چاوترساندنی کاندیدە رکابەرەکانیانەوە ببوونە نوێنەر.

ئەوی زیاتر سەرسوڕهێنی کردم ئەوە بوو، کە هیچ کەسێك لەماوەی چەند رۆژی یەکەمی کۆڕبەندییەکەداو لەمیانی وتارەکەیدا باسی ئەو تاوانبارانەی نەدەکرد. نوێنەرەکان پتر خەریکی پیرۆزباییکردن بوون لەیەکتر. کەس نەیدەویست باسی گرفتە گەورەکە بکات، مەبەستمە بڵێم کۆبوونەوەکە سەرشاربوو بەو پیاوانەی لەچەند دەیەی رابردوودا ئەفغانستانیان کاولکردبوو، جەنگی ناوخۆیان هەڵگیرساندبوو، لەهەڵپەکردنیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، دەیان هەزار کەسی بێتاوانیان کوشتبوو. لەپێشچاوی کامێراکانی رۆژئاوا، سەردەستەی میلیشیاکان ماسکی دیموکراسییان بەسەر دەموچاویاندا دابوو، وەلێ ئێمەی ئەفغانی، دەمانزانی چەندە تاوانکاربوون. پێشتر دەترسام کۆبوونەوەکە تەنها نمایشێکی دیموکراسی بێتو لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا کۆیی پێبهێنرێت، بەڵام ئەوەی بەچاوی خۆم بینیم، گەلێ لەوە خراپتربوو،

کە پێشبینیم دەکرد. بینینی ئەو دوژمنانەی گەل، کە خەریکی بڕیاردانان بوون لەسەر دەستوری نوێ، زۆر ئازاربەخش دەکەوتەوە.

عەبدول رەسول سەیف، ریشێکی درێژی سپیو مێشکێکی فاشیستی هەیە، ئوسوڵگەرایە، خاوەنی مێژوویەکی بەخوێن سورە. ئەو کەسەیە لە هەشتاکاندا بۆ یەکەمجار ئوسامە بن لادنی تیرۆریستی نێودەوڵەتی، بانگهێشتی کرد بۆ ئەفغانستان. عەبدول هاوزەمان، راهێنەرو ئامۆژگاری خالید شێخ محەمەد بوو، واتە ئەو پیاوەی کە ئەمەریکا، بە داڕێژەری هێرشەکانی 1-1ی سێپتەمبەری دانابوو بۆ سەر سەنتەری بازرگانی جیهانیو پنتاگۆن. کەسانی ئاسایی لە ئەفغانستان عەبدول بەباشی دەناسن، لەبەرئەوەی هێزە تایبەتەکانی لەسەرەتای سالآنی -1990ەکـانـدا، زەبـرو زەنـگو رەشەکوژییان دەرهەق بەهەزارەها کەس لەکابولدا ئەنجامدا. لەڕاپۆرتێکی مانگی شوباتی ساڵی 19-93ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، کە لەو رەشەکوژییەی رۆژئاوای کابولدا، عەبدول بە پیاوەکانی وتبوو، «کەس بەزیندویی مەهێڵنەوە و هەمویان بکوژن». کەچی لەو شوێنەدا ئەو پیاوەی لێبوو، کە دەبوایە هەر لەو کۆبوونەوە بەناو دیموکراتییەدا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، لەپای ئەو تاوانانەی لە جەنگدا ئەنجامیدابوو. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەڕاپۆرتێکدا رایگەیاند، کە پیاوەکانی عەبدول لەڕێی ترسو تۆقینو بەرتیلی تا (500) سەد دۆلاری دەنگیان کڕیبوو، بۆئەوەی بۆ لۆیا جیرگا هەڵبژێردرێت.

هەروەها لەڕیزی پێشەوەدا بورهانەدین رەببانی دانیشتبوو، ناوبراو شوێنکەوتەی موجەددی بوو وەك سەرۆکی رژێمی سەرسەختی موجاهیدین، هەروەك لەسەرەتای ساڵانی 1990ەکاندا لەجەنگی ناوخۆوە تێوەگلابوو. ئەوە رەببانی مەلاو سەرکردەی ئوسوڵگەراکانی جەماعەتی ئیسلامی بوو، کە یاساو رێسای بۆ ژنان دەرکردو هاوشێوەی یاساکانی تاڵیبان خراپبوون. هەڵبەت وەك سەرکردەیەکی سیاسیش، هاوپەیمانێتی لەگەڵ مەسعودو میلیشیاکانی بەستبوو

گەرچی بەئەنقەست هەزارەها هاووڵاتیان لە کابول رەشەکوژ کرد.

عەبدول رەشید دۆستومیش لـەوێ بـوو، ئەویش لەلایەن کارزایەوە دەستنیشانکرابوو. ئەو سەردەستە ئوزبەکییە بەدناوە بە هۆی جامانە زلەکەی، ریشە درێژەکەی، قژە کورتو سمێڵی چڕو پڕیەوە، زۆر بەئاسانی دەهاتە بەرچاو. بەهۆی بونیادی پتەوی جەستەیی‌و رەفتاری شەڕانگێزانەیەوە بە»زۆرانبازەکە« ناوی رۆشتبوو، هاوکات بەهۆی نەبوونی بەزەیی لەگۆڕەپانی جەنگ‌و وەرگرتنی چێژو خۆشی لەتۆقاندنی رکابەرەکانیدا، ناوبانگی دەرکردبوو.

زۆرێــك لـەو سەردەستە میلیشیایانە، کەسایەتی سـەرەکـی بوون لەهاوپەیمانێتی باکوردا، هەڵبەت خۆیان کردبووە هاوبەشی ئەمەریکا لەڕوخاندنی تاڵیباندا. کەسایەتی باڵادەستی نێو هاوپەیمانێتییەکە، بریتی بوو لە محەمەد قاسم فەهیم، کاتێك ئەحمەد شا مەسعود کوژرا، بووە میراتگر بۆ سەرکردایەتیکردنی سەرتاپای هاوپەیمانێتی باکور. دوای دەرپەڕاندنی تاڵیبان، فەهیم فەرمانبەرداری ئەو هێزە بوو، کە بۆ یەکەمجار چوونە ناو کابول. سەرکردە باڵاکانی تری هاوپەیمانێتی باکور لە کۆبوونەوەکەدا بریتی بوون لە یونس قانونی، دواتر بووە سەرۆکی پەرلەمان، هەروەها عەبدوڵا عەبدوڵا، بووە یەکەم وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی سەرۆك کارزای. کەریم خەلیلی، دواتر بووە جێگری سەرۆك لەگەڵ محەمەد موحەقیق، کە سەرکردەی پارتی وەحدەتی سەر بە ئێران و ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، بێشك دەبێت هەردوکیان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت. بە تەنیشت ئەوانیشەوە ژەنەراڵ محەمەد داود دانیشتبوو، ئەویش سەرکردەیەکی دیکەی میلیشیابوو، دواتر لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەستنیشانکرا بۆ سەرۆکایەتی (نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان)، هەرچەند خۆی و کەسوکارەکەشی خەریکی بازرگانی مادە هۆشبەرەکان بوون.

دەسەڵاتدارێکی دیکەی میلیشیا بەناوی، سدیق چاکاری ئامادەی ئەو

دانیشتنەبوو. سدیق لەسەروەختی شەڕی ناوخۆدا وەزیری زانیاری بوو، پاساوی دەهێنایەوە بۆ تەختکردنی کابول لەگەڵ خاکدا، بەوپێیەی لەساڵانی حکومەتە کارتۆنییەکی سۆڤیەتدا، ئەو شارە ببووە (نائیسلامی)و پێویستبوو لەگەڵا خاکدا یەکسانبکرێتو لەو قەقنەسەی دەمێنێتەوە شارێکی ئیسلامی لەسەر قوتبکرێتەوە. چەند ساڵێك دواتر، لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ سدیقدا کەوتینە مشتومڕ، کاتێك پێموت لەپای ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ، دەبێت دادگایی بکرێت، ناوی سەرۆکی پێشوی ئەمەریکای هێنا گوایە پشتیوانی لەموجاهیدەکان کردبوو، وتی: «لەباتی ئەوەی وەك رۆناڵد ریگان مەدالیای شەرەفمان پێبەخشیت، دەتەوێت دادگایمان بکەیت!»

وەختێك چاومگێڕا بەنێو ئامادەبوواندا، ریشە سلڤەرو چاوە رەشەکانی ئیسماعیل خانم کەوتنە بەرچاو. لەو بڕوایەدام، کە ئەویش دەبێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەر ئەو کارانەی لەسەروبەندی شەڕی ناوخۆدا ئەنجامیدان، کەچی لەبری ئەمە، دەسەڵاتی پێدرابوو، تاوەکو لەبڕیاردان لەسەر دەستورە نوێیەکە بەشداربێت.

هەروەها لەنێو نوێنەرەکاندا تەکنۆکرات، لایەنگرانی پاشایەتی، تەنانەت هەندێك داردەستی پێشوی سۆڤیەتیش ئامادەبوون، شایانی وتنە ژمارەیەکی زۆریان لەتاراوگە ژیابوونو دوای چەند دەیەیەك بۆ یەکەمجار گەڕابوونەوە وڵات. سەرەڕای ئەوەش وەك پسپۆڕ لە کاروباری ئەفغانستاندا کاریاندەکرد، لەحاڵێکدا لەبەرابەر سەردەستەی میلیشیاکاندا ترسنۆکانەو بێدەنگ داکورمابوون. دیمەنی بێباکیان هاوشێوەی ئامادەبوونی خودی تاوانکارانی جەنگ بەسوێو ژان بوو بەلامەوە.

هەندێك لەنوێنەرەکان هاوشێوەی بازرگانە رۆژئاواییەکان بەرگیان پۆشیبوو، هەندێکی تر پتر جلوبەرگی نەریتباوی ئەفغانییان لەبەربوو، بەڵام وەك چۆن ناتوانیت کتێبێك لە بەرگەکەیەوە هەڵبسەنگێنیت، ئاواش ناشێت لەڕێی

جلوبەرگیانەوە بوترێت کێ ئوسوڵگەراو کێ دیموکرات بوو. بۆ ئەو بۆنانە، عەبدول رەشید دۆستوم، قات و بۆینباخی لەبەردەکرد، لەکاتێکدا عەبدول رەسول سەیف جامانەو کەوای دەپۆشی. زۆرێك لە توندڕەو و تاوانکارەکان، ریشیان تاشیبوو تا رووی راستەقینەی خۆیان بشارنەوە، رەنگە لەتاسەی ئەو هیوایەش بووبێت، کە خەڵکی تاوانەکانی رابردویان لەیادبکات. وتەیەك هەیە لە ئەفغانستان دەڵێت: «گوێدرێژ هەمان گوێدرێژە، وەلێ کورتانەکەی تازەیە».

وەختێکی بەهۆڵەکەدا دەمـڕوانـی، دەنگی ئەو بێوەژنانەی ئـازارو نەهامەتییەکانیان بۆ باسکردبووم لەگوێمدا دەزرنگایەوە. بیستنی تاوانو کردەوە قێزەونەکانی ئەو پیاوانە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام بینینیان لەنزیکەوەو لەکاتێکدا لۆیا جیرگا-یان بەڕێوەدەبرد، یاخود گوێگرتن بۆ وتارەکانیان ئەشکەنجەی دەدام. دەبوایە بێمە قسە.

چەند رۆژێـك بێوچان هەرشتێکی بەخەیاڵمدا دەهـات گرتمەبەر، تا دەرفەتێك بڕەخسێنمو قسەکانم بەگوێی ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا بدەم، بەڵام لەبەرئەوەی لەتەواوی نوێنەرانی ئامادەبوو منداڵتربووم، هاوکات ژن بوونم زیاتر کارەکەیان قورستر کردبوو، تا سەرنجی ئەو پیرەپیاوانەی سەرپەرشتی کۆبونەوەکەیان دەکرد، بۆلای خۆم رابکێشم. سەبغەتوڵا موجەددی سەرۆکی کۆڕبەندەکە، بەئاشکرا لایەنگری ئوسوڵگەراو سەردەستەی میلیشیاکانی دەکرد، بۆیە یەك لەدوای یەك مایکەکەیان دەگرتەدەستو قسەی خۆیان دەکرد، ئەو تەنها دەیویست هاوڕێ و هاوپەیمانەکانی لەپێشدا قسەبکەن.

زۆر پەستو بێزاربووم، کە پاش چوار رۆژ چاوەڕوانی، گوێبیستی کەسێك نەبووم باسی گۆڕانکاری راستەقینەی دیموکراتی بکات، لێرەوە ئیدی پلانێکم بەخەیاڵدا هات، تا دەنگم ببیسترێت. لەگەڵ ئەوەی مانای وشەیی (لۆیا جیرگا) بە (کۆبوونەوەی گەورەو ریش سپییەکان) دێت، بەڵام بیرم لەڕێگەیەك کردەوە، تا ئەو لایەنە نەرێنییەی تەمەنم بەسودی خۆم بشکێنمەوە.

له 17ی کانونی یەکەمی 2003دا، لەپێش کۆڕبەندەکەدا لەدوانگەکەی موجەددی نزیکبوومەوە. جامانەیەکی لەسەربوو، ریشێکی سپی هێشتبوویەوە، دەموچاوی گرژو تاڵ بوو. دوای پاشەکشەی سۆڤیەت، موجەددی یەکەم سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئەفغانستان بوو، بەڵام بۆ ئەوکاتە پیر ببوو، تەنها وەك سەرکردەیەکی رەمزی وەها بوو. دەمزانی کە پێشتر هەم ئەو، هەم ئامادەبووانی دیکەش، لەبارەی نوێنەرە گەنجەکەی پارێزگای فەرەحەوە بیستبوویان، گوایە زۆر ڕاشکاوانە و لەڕوو قسەی کردووە، بەڵام توانای بینینو بیستنی موجەددی زۆر باش نەبوو، لەبەرئەوە هەوڵمدا فریویبدەم. لەسەرلا وەستابوومو حیجابەکەشم بۆ شێواندنی شوناسم بەکارهێنا، پێموت من نوێنەری پارێزگاری بامیانم، وەك نوێنەرێکی نەوەی گەنجان، دەبێت دەرفەتی قسەکردنم بۆ بڕەخسێندرێت. زۆر نوێنەری دیکەش دەورووبەری موجەددیان گرتبوو، دەیانەویست سەرنجی ئەو بەلای خۆیاندا رابکێشن. دواجار نابەدڵ رازیبوو نۆبەم بداتێو بەتەواوی ئامادەبووانی کۆڕبەندەکەی راگەیاند، «ئەو منداڵانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، گوایە دەرفەتی تەواویان پێنەدراوە قسەبکەن». لەمێژبوو چاوەڕێی ئەو دەرفەتەم دەکرد. چادرە گەورە سەرەکییەکە، بەسەدان نوێنەری لەخۆدەگرت، هاوکات ئامادەبوونی چاودێرانی نێودەوڵەتیو راگەیاندنی ناوخۆو بیانی هێندەی تر، کۆڕەکەی قەرەباڵخ کردبوو. هەرچەند ناتوانرێت بوترێت، کە تەواوی جیهان تەماشای ئەو رێورەسمەی دەکرد، بەڵام دەشێت بڵێین، کە نزیکەی هەموو جیهان ئاگاداری ئەو رووداوە بوو، پاشان هەموو چرکەساتێکی رێورەسمەکە بەشێوەی راستەوخۆ لەتەلەفزیۆنی ئەفغانستانو رادیۆی کابول-ەوە پەخشدەکرایەوە.

بەدبەختانە، ریزێك نوێنەر لەپێشمەوە بوون، دەیانویست ئەو دەرفەتە دەگمەنە بقۆزنەوەو قسەی خۆیان بکەن. نوێنەرێکی گەنجی ئوزبەکی خەڵکی باکور لەپێشمەوە بوو. سەرباری ئەوەی دەرفەتەکەم پێدرابوو، وەلێ بەو پیاوە

گەنجەم وت، کە زۆر لەسەرخۆو هێمن دەرەکەوت، «تکات لێدەکەم برام، رێگەم پێدەدەیت یەکەمجار قسە بکەم؟» زۆر بەڕێز و ئەدەبەوە داوام لێکرد.

خۆی وەك نورەدین (ناوی راستەقینەی نییە)، ناساندو پرسی ناوت چییەو بۆچ هێند بەتاسەوەم قسەبکەم. لەوەڵامدا وتم، «من جۆیام. ئەوەی دەبێت بیڵێم نهێنییە، بەڵام دڵنیام بەدڵت دەبێت».

وادەردەکــەوت نورەدین زۆر پێی خۆشبێت. دەیویست بزانێت لۆیا جیرگاکەم پێ چۆن بوو، هاوشێوەی من، ئەویش بەئامادەبوونی ئەو ژمارە لەسەردەستەی میلیشیا زۆر بێزاربوو. تەنانەت پێشنیاری ئەوەی کرد، کە خۆپیشاندانێکی نارەزایی لەدژیان رێکبخەین.

پێموت، «نا براکەم، لەپێشدا پێویستە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بدەین، ئەم دادگەرییە بۆ هەڵماڵینی رووی راستەقینەی ئەوان بەکاربهێنین. ئەگەر رێگەیان نەدا ئەم کارە بکەین، ئەوا یارمەتیتدەدەم ئەو خۆپیشاندانە رێکبخەیت».

نورەدین رێگەیدا لەڕیزەکەدا بچمە پێشیەوە. جارێکی تر سەرۆکی کۆبوونەوەکە پێیوتم، سێ خولەکی تایبەتیم پێدەدات بۆ قسەکردن. ئەو جارەیان زۆر جیاوازبوو لەو وتارەی لە فەرەح پێشکەشمکرد. لەوێ لە کابول ئامادەبووان تێکەڵو بێشومار لەو هۆڵە زەبەلاحەدا بەشدارییان کردبوو، کەشوهەوای هۆڵەکە پڕ لە گرژیو ئاڵۆزی بوو. لێدانی دڵم خێراتر ببوو. هەوڵمدەدا لەسەرخۆبم، ئەو خاڵە سەرەکیانە بیرنەکەم، کە بەنیازبووم بیانگەیەنم، لەچکەکەی سەرم دادەکشاو دەبوایەیە چاکی بکەمەوە، لەبەرئەوەی باڵام تەنها پێنج پێ بەرزە، کەسێکی لێپرسراو مایکرۆفۆنەکەی بۆ نزمکردمەوە. هەتا توانیم بەخێراییو راستەوخۆ لەناخی دڵمەوە دەستم بە قسەکردن کرد:

«من ناوم مـەلالای جۆیا-یە، نوێنەری پارێزگای فەرەحم. بەیارمەتی ئامادەبووانی بەڕێز، بەناوی خواو شەهیدانی رێگەی رزگاری، پێمخۆشە چەند خولەکێکی کەم قسە بکەم.

ڕەخنەی من ئەمەیە بە هاونیشتمانییەکانم، بۆچی ڕێگەدەدەن دروستیو ڕەواییو لەبری لۆیا جیرگا بەهۆی ئامادەبوونی ئەو تاوانکارانەی وڵاتەکەمانیان تووشی ئەم بارودۆخەی ئێستا کرد، بچێتە ژێر پرسیارەوە. بۆچی ڕێگەدەدەن ئەو تاوانکارانە ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بن؟ ئەوان لێپرسراوی ئەم بارە نالەبارەی ئێستامانن!»

نورەدین زەردەخەنەی دەکرد، دەمزانی ئەوەی دەموت بەدڵی بوو. لەو ڤیدیۆیەی ئەو ڕۆژە تۆمارکرا، لەپشتمەوە ژمارەیەك نوێنەری گەنج هەن، ئەوانیش زەردەخەنە گرتبوونی، وەختێك کاریگەری ئەو قسانەیان بینی. ژمارەیەکی زۆری ئامادەبووان کەوتنە چەپڵەڕێزان، بەڵام زۆربەی ئەو ستەمکارو زۆردارانـــەی لەبەردەممەوە دانیشتبوون بێدەنگبوون، بەدەموچاوێکی بەردئاساوە مۆڕەیان لێدەکردم.

پێشتر سەرۆکی هەموو لیژنەکان هەڵبژێردراون. بۆچی هەموو ئەو تاوانکارانە ناکەیت بەلیژنەیەك، تا بزانین دەیانەوێت چی بۆ ئەم گەلە بکەن! ئەوان بوون وڵاتەکەمانیان کردە بێشەی شەڕی ناوخۆو جەنگی نێودەوڵەتی! هەمان ئەم دژەژنانەی کۆمەڵگەکەمان بوون، کە وڵاتیان توشی ئەم بارودۆخەی ئێستا کـرد، هەنوکە بەتەمان هەمان کار دووبـارە بکەنەوە. بڕوامایە تاقیکردنەوەی کەسێك، کە پێشتر تاقیکراوەتەوە هەڵەیەکی گەورەیە.

نورەدین تێبینیو سەرنجەکانی خۆی نوسیبوو. پێدەکەنیو چەپڵەی لێدەدا، ئەوانی تریش کەوتنە چەپڵەڕێزان. لەپاڵ ئەمەدا، ژمارەیەك دەنگی ناحەزیش هەبوون، کۆمەڵێك لە سەردەستەی میلیشیاکان هەستابوونە سەرپێو هاواریاندەکرد، دەستیان لێڕادەوەشاندم، منیش تا دەهات دەنگم بڵندتر دەکردەوە، بۆئەوەی باش گوێیان لێم بێت.

پێویستە لەدادگای نەتەوەییو دادگا نێودەوڵەتییەکاندا دادگایی بکرێن! لەحاڵێکدا ئەگەر ئەم تاوانکارانە لەلایەن گەلەکەمانەوە (گەلی پێ پەتی

ئەفغانەوە) بەخشرابن، ئەوا مێژووی وڵاتەکەمان هەرگیز لێیان خۆش نابێت. ناوەکانیان لەمێژووی وڵاتدا تۆمارکراوە ....

لەناکاو لەهۆڵەکەدا گوێم لەدەنگی خۆم نەما. نزیکەی نەوەد چرکەی تر قسەمکرد، کاتێك سەرۆکی کۆبوونەوەکە قسەی پێ بڕیم.

موجەددی وتی، «باشە، سوپاس، تەواو بەسە. تۆ داوای سێ خولەکت کردبوو، کاتەکەت تـەواو. خوشکم، لەسەرەتای دانیشتنەکەوە دەڵێم، کە وتەکانتان رێكوپێك بنو بەشێوەیەکی جوان دەرببڕرێن، بەجۆرێك هەستی کەس بریندار نەکەن. نابێت هیچ کەسێك سوکایەتی پێبکرێت، ئەگەر سکاڵاشت هەیە، ئەوا دەتوانیت بەنوسراو بیدەیتە سکرتێرەکانی لۆیا جیرگا- پاشان ئێمە بەدواداچونیان بۆ دەکەین».

لەسەرەتادا بە بەردەوامی قسەمدەکرد، بەڵام زوو بۆمدەرکەوت قسەکانم بارودۆخێکی زۆر گرنگیان دروستکردوە. دەنگە دەنگ و غەڵبەغەڵبێکی زۆر دروستببوو. پیاوە توڕەو قەڵسەکان خۆیان بەرەو رووم رادەپسکاند. چاکاری، یەکەم کەس بوو، کە لەدژی من دەنگی هەڵبڕیو بۆ جوڵاندنی ئەوانی تر هـاواری دەکـرد «لەگەڵ شیوعیەتدا لەناوچیت». تەنانەت یەکێك لەژنە نوێنەرەکان هەڕەشەی لێکردمو دەستی بۆ رادەکێشامو هاواریدەکرد، «پانتۆڵی ئەو لەشفرۆشە دابنێنو لەسەریەوە بئاڵێنن».

لەسەرەتادا وادەردەکەوت موجەددی باش تێنەگەیشتبێت چی روویدابوو. هێشتا بڵندگۆکان ئیشیان دەکردو رێورەسمەکەیان تۆماردەکرد، گوێمان لێبوو سەرۆکی کۆبوونەوەکە دەیوت، «لەقسەکانی تێنەگەیشتم، ئەوە چی وت».

کەسێك لەتەنیشتیەوە دانیشتبوو بەدەنگێکی نزم پێیدەوت، «ئەو بەتەواوی کەسایەتیو ناوبانگی خەڵکی جیهادکاری زڕاندو دەڵێت ئەوان ناپاكو.... تاد».

روخساری موجەددی کرژ بوو. هاواریکرد «خوشکی خۆم، تەماشاکە چیتکرد! هەموو کەسێکی ئێرەت بێزار و بێتاقەت کرد. پێتوایە کەسێك دەبێت

بەو قسانە سوکایەتیو بێڕێزی بەهەمووان بکات؟ هەڵەتکرد!»

بەڵام موجەددی خۆی هەڵە بوو. من هەموو نوێنەرەکانم بێزارو بێتاقەت نەکردبوو، ژمارەیەکی زۆریان لایەنگری من بوون. لەناوەڕاستی ئەو هەراو بێسەروبەریەدا، ژنێك بەناوی عائیشە گرتمیو بووە قەڵغانم. خۆی خستە نێوان منو هێرشکەرەکانو هاواریدەکرد، «ئەمە کچمە، دەستی لێنەدەن!» کاتێك پیاوێك خۆی درێژکرد لێمبدات، ئەو ژنە قیژاندی و وتی، «دەست بەرزکردنەوە لەژنان دژی بنەماکانی ئیسلامە».

عائیشە بەباشی هەموو ئەو جۆرە خراپەکاریو کارە ناشرینانەی دەزانی، کە ئەو پیاوە توڕانە دەیانتوانی ئەنجامی بدەن. دەیانتوانی لەتوپەتمبکەن. دواتر زانیم، کە برایەکی عایشە لەلایەن ئەو سەردەستەی میلیشیایانەوە کوژرابوو، لەبەرئەوە ئەویش بەوپەڕی تواناوە هەوڵیدەدا لەهەمان چارەنوس بمپارێزێت.

لەهەمانکاتدا سەیف، سەردەستەی میلیشیای باڵاو یەکێك لەهەرە مێشکپوتەکانی ساڵانی شەڕی ناوخۆ، خۆی گەیاندە پێشی هۆڵەکەو بەدەنگێکی توندو بەرزو هەڕەشەئامێز، بە نوزەیەکی ناخۆشەوە کەوتەسەرم، «وەختێ بەو قارەمانانەی ئەم وڵاتەیان ئازادکرد، دەڵێیت تاوانکار، ئەوە لەخۆیدا تاوانە!»

بەردەوام بوو لەو جۆرە قسانەو خەڵکەکەی لەدژم هاندەدا. موجەددی چاوەڕێی سەیف-ی دەکرد لەقسەکانی تەواوبێت، بۆئەوەی لەهۆڵەکە بمکاتە دەرەوە.

وتـی، «ئـەم خوشکە سنوری ڕێـزو حورمەتی بەزاند. بەئامادەبووان ڕادەگەیەنم لەکۆبوونەوەکە بیکەنە دەرەوە، ئەو نابێت ئامادەی گفتوگۆکان بێت». بەشێوەیەك دەستی ڕادەوەشان وەك ئەوەی مێشێك دەربکات. «بڕۆ دەرەوە! ئەفسەری ئاسایش، لایەنی ئاسایش بیبەنە دەرەوە!»

لەکۆبوونەوەکەدا، ژمارەیەك ژن خۆیان بردە پێشەوەو لە موجەددی پاڕانەوە بمبەخشێت.

لەوەڵامدا وتی، «تکایە لەشوێنەکانی خۆتان دانیشن. نابێت، لێخۆشبوونی نییە ....»

لەوکاتەی عائیشەو نوێنەرە پشتیوانەکانی تر چواردەوریان تەنیبووم، یەکێك لەسەردەستەی میلیشیاکان لەسەرەوە هاواریکرد، پێویستە پۆزش بۆ ئامادەبووانی کۆڕو کۆبوونەوەکە بهێنێتەوە. هێندە پڕ جۆشوخرۆشو خۆشحاڵبووم هەستم بەترس نەدەکرد. داوامکرد بگەڕێمەوە سەر مایکرۆفۆنەکە، بەڵام بەو نیازەی درێژە بە قسەکانم بدەم، نەوەك داوای لێبوردن. بەوەدا کە هاوڕێکانم هەستیانکرد بەتەمای چیم، گرتیانمو دایاننیشاندم. عائیشە تکایلێکردم هەڵنەستم، چونکە دەیزانی بەڕاستی ژیانم لەمەترسیدابوو.

کاتێك موجەددی بینی من لەقسەکانم پەشیمان نابمەوە، زیاتر تووڕە بوو: «ئا، هێشتا داوای لێبوردن ناکەیت؟ ئای خوایە، تەنانەت داوای لێبوردنیش ناکات!» پاشان بە «شیوعی»و «بێباوەڕ» ناوی هێنام، ئیتر زانیم دەبێت بڕۆم.

پشتیوانکارەکانمو گروپێکی ئاسانکاری نەتەوە یەکگرتووەکان قۆڵ لەقۆڵی یەك چواردەوریان گرتم، تا بمپارێزن لەو دەمەی هاوەڵییان دەکردم بۆ دەرەوەی چادرەکە. بەهێواشی بەنێو ئەو حەشاماتەدا ڕۆشتین، کە هێشتا بە دەنگی بەرز هاوارو هەڕەشەو سوکایەتییان پێدەکردم. دواجار توانیمان بڕۆینە دەرەوە، لەوێ سواری ئۆتۆمبێلێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کرامو بەخێرایی بۆی دەرچووین.

لەو ساتە بەدواوە ژیانم هەرگیز بێمەترسی نەبووە. لەو کاتەدا بیرم لەسەلامەتی خۆم نەدەکردەوە، بەڵکو زۆر خۆشحاڵبووم، کە توانیم سروشتی راستەقینەی ئەو ڕێوڕەسمە دەربخەم، هەروەها ئەوەشم بۆ دەرکەوت، کە قسەکردن بەوێنەی چەك هێزو کاریگەری خۆی هەیەو پێویستە بەردەوامی باس لەڕاستییەکان بکەم، ئەویش لەپێناوی گەلی ئەفغانستان بەوپێیەی لەمێژبوو بێدەنگ کرابوو. یەکێك لەو هۆکارانەی کە وایکرد قسەکانم کاردانەوەیەکی هێندە بێئەندازەی لێبکەوێتەوە ئەو راستییە بوو، کە من ژن

بووم، هاوكات تەمەنم زۆر نەبوو. لای ئوسوڵگەراكان، ژن نیوە مرۆڤە، ئامڕازێكە بۆ پڕكردنەوەی هەموو حەزو ئارەزویەكی پیاوان، بۆ منداڵبوون بۆ ئیشی ناو ماڵ. لەو بڕوایەدا نەبوون، كچێكی گەنج لەپێش چاوی گەلی ئەفغانستاندا دەمامكی سەر دەم و چاویان دادەدڕێت.

دوای هەڵهاتنم لەو دیمەنە بێسەروبەرە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە، گوازرامەوە بۆ خانویەكی سەلامەت لەگەڕەكێكی بێمەترسیو گرانبەهای كابولی پایتەخت. كە دوركەوتمەوە لەهاوپیشەكانم، بێتاقەت بووم، بەڵام مانەوەشم هاونوێنەری پارێزگای فەرەح پێماندرابوو، لەگەڵ نەفەسی هاوڕێم، گەلێ مەترسیدار بوو.

بەدڵنیاییەوە، ئەو شەوە كۆمەڵێك لەو كەسانەی بەقسەكانم قەڵسبوون، هەڵیانكوتابووە سەر بەشی ناوخۆیی ئەو زانكۆیەی لێی دەمامەوە. رستێك داربەدەست بوونو نیازیان بوو داركاریم بكەن. قسەی ناشرینیان كردبوو، خۆیان كردبوو بەژووری نەفەسی هاوڕێمدا.

پرسیبوویان، «ئەو كچە لەشفرۆشە لەكوێیە؟ وەختێكی دۆزیمانەوە، سەرەتا لاقەی دەكەین، ئینجا دەیكوژین!»

نەفەس لەوەڵامدا بەناخۆشییەوە پێیوتبوون، «جۆیا لێرە نییە، بڕۆن چیتان لەدەست دێت بیكەن».

بڕوایان پێنەكردبوو، ژوورەكەیان بەسەریەكدا دابـوو، لەپشت جێگا نوستنەكانو گەرماوەكەدا بۆ من گەڕابوون. دواجاریش ئەو دەستەو تاقمە بەدەستی بەتاڵ رۆشتبوون. ئیتر ئاشكرابوو كە تەنانەت خودی لۆیا جیرگا-ش شوێنێكی سەلامەتو پارێزراو نەبوو لەتوندوتیژی. ژیانم (لەلایەن نوێنەرە هاوپلەكانمو هاوپەیمانەكانم) كەوتە مەترسی، نەفەسیش بۆ بەرگریكردن لە شەرەفو رەوشتی من، ژیانی خۆی خستبووە مەترسییەوە، بۆیە لای من وەك خوشكم وایە.

دوای ئەو رووداوە، تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان نەفەسیان هێنا، تا پێکەوە لەو ماڵە، یاخود چەند ماڵە پارێزراوەدا بژین، بۆیە لەچەند شوێنێکی جیاواز دەماینەوە. ویستیان بۆ پاسەوانی سەربازی ئەمەریکی لەدەرەوەی ژوورەکەمان دابنێن، بەڵام من رەتمکردەوە ئەمریکی بن. پێمراگەیاندن دەبێت پاسەوانەکان ئەفغانی بن. ئەو سەربازە ئەفغانیانەی بۆیان هێناین، لەگەڵمدا زۆر بەرێز بوون، ستایشی قسەکانیان کردم. یەکێك لەسەربازەکان بەناوی سەید ئەکبەر چاکەتێکی بۆ هێنام، چونکە وەرزی زستان بوو، کابول زۆر سارد بوو. لەگەڵ ئەوەشدا قورئانێکی پیرۆزی بچوکی پێدامو پێیوتم ئەگەر لەگەڵ خۆم هەڵیبگرم، ئەوا پارێزراو دەبم. ئەو سەربازە بووە یەکێك لەپشتیوانکارە باشەکانمو پەیوەندیم لەگەڵیدا ماوە.

رۆژی دواتـر نەمتوانی بچمەوە بۆ لۆیا جیرگا. لەکاتێکدا شوێنەکەم پەنهان بوو، بەڵام بەهۆی روماڵکردنی قسەکانمەوە، لەرێی راگەیاندنە نێودەوڵەتییەکانەوە قسەکانو ناوم لەجیهاندا دەنگیاندایەوە. نەوەد چرکەم پێدرا تا پەیامەکەم بگەیەنم، بەڵام ئەو پەیامە کورتە بەملیۆنەها خەڵك گەیشت. لەو خانووە پارێزراوەدا بۆ رووماڵی ئەو هەواڵە تەماشای هەموو راگەیاندنە ئەفغانییەکانو BBC و تەلەفزیۆنو رادیۆکانم دەکرد. یەکێك لەپاسەوانە ژنەکانی UN هاتو بردمی بۆ ژوورێك کە تەلەفزیۆنی تێدابوو، پێیوتم، «تەماشاکە چیت کردووە، قسەکانت لەهەموو شوێنێك بۆتە سەردێری هەواڵ». یەك لەدوای یەك کەناڵەکانی دەگۆڕیو لەهەموویاندا وتەکانی من ببووە سەرباسی هەواڵەکان.

هەموو رۆژێك لەکۆتایی لۆیا جیرگا-دا، موجەددی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دەبەست. ئەو رۆژەی من وتارەکەم خوێندەوە، تەواوی کۆنگرەکەی دەربارەی من بوو، رۆژنامەنوسەکانیش چەند پرسیارێکی قورسیان لێکرد. پێکەنینم دەهات کاتێك درۆیەکی کردو وتی بە مەلالای جۆیای نەوتووە «شیوعی»و

«بێباوەڕ». ڕۆژنامەنوسەکان پێیانوت کە تۆماری ئەو قسانەیان لایە!

رادیۆ ئازادی، رادیۆی ئەوروپای ئازاد بەشی ئەفغانی، رادیۆی بی بی سی بەشی فارسیو پەشتونیو دەنگی ئەمەریکا، هەموویان بەرنامەی راستەوخۆیان لەسەر وتارەکەی من پێشکەشکرد، خەڵکی دەیانتوانی تەلەفون بکەنو تێبینیو سەرنجەکانیان بخەنەڕوو. وەڵامو کاردانەوەی کەسانی ئاسایی ئەفغانی، زۆر کاریان تێکردم، بەتایبەتی ئەوکاتەی پشتگیرییان بۆ وتەکانم دەردەبڕی. زۆرێکیان دەیانوت جۆیا پاڵەوانە.

لەوتەکانمدا ناوی هیچ کەسێکم بەتاوانکار نەهێناو وشەی جیهادی، یاخود موجاهیدینیشم بەکارنەهێنا، بەڵام گەلی ئەفغانی کتومت دەیانزانی مەبەستم کێ بوو. وەك ئەو پەندەی دەڵێت، «دووپشکە لەخۆی بە شکە،». سەردەستەی میلیشیاکان نەیاندەتوانی تاوانەکانیان بشارنەوە.

لە 20ی کانونی یەکەمی ساڵی 2003، نزیکەی 300 کچو ژن لە فەرەح گردبونەوەیەکی نارازییان ئەنجامدا، بۆ پشتیوانیکردن لە قسەکانم و سەرزەنشتکردنی هەڕەشەکانی موجەددی بۆ دەرکردنم لە لۆیا جیرگا، داوایانلێکرد داوای لێبوردن لەگەلی فەرەح بکات بۆ مامەڵەکردنی خراپی لەگەڵ نوێنەرەکەیاندا. ئەوە یەکەمین نارەزایی ژنان بوو، بۆیە گەلی فەرەح لەیادیناچێت.

لەڕۆژانی دوای پێشکەشکردنی وتارەکەم، هەموو رۆژنامە رۆژانـەو هەفتانەکانی ئەفغانستان، لاپەڕەی یەکەمیان تەرخانکردبوو بۆ ئەو چیرۆکانەی لەسەر من نوسرابوون. تەنانەت رۆژنامەیەکی هەفتانە ژمارەیەکی تایبەتی تەرخانکراوی سەبارەت بەمن لەچاپدا، پڕبوو لە بابەتو چاوپێکەوتنی ئەرێنییانە. ناونیشانی پەڕەی پێشەوەی چیرۆکەکە بریتی بوو لە «مەلالایەکی تر، مایوەندێکی تر» (ئاماژەیەك بوو بۆ هاوناوەکەی من، ئەویش مەلالای مایوەندی قارەمانو پاڵەوان بوو). گۆڤارێکی ژنان کە وێنەی منی لەسەر

بەرگەکەی بوو، هەمووی فرۆشرا (بەڵام بەداخەوە لەلاپەڕەکانیدا هیچ باسێکی منی تێدا نەبوو!) بێگومان بڵاوکراوە جیهادییەکانیش بابەتیان بڵاودەکردەوەو تێیدا سەرکۆنەیان دەکردم، بەڵام پێمڕاگەیەنرا کە لەناو خەڵکیدا بازاڕیان نەبوو.

ڕۆژنامەی نیۆرك تایمز بابەتێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی «گەنجێکی ئەفغانی بەبوێری باسی لە بابەتە باسنەکراوەکان کرد»، هەروەها (پەیمانگەی راپۆرتی شەڕو ئاشتی) بابەتێکی بەناونیشانی «وتارەکەی جۆیا دیواری بێدەنگی دەڕوخێنێت»، بڵاوکردەوە تەنانەت BBC لەڕاپۆرتەکانیدا پێیدەوتم «ئازاترین ژن لە ئەفغانستان»و هەر زوو هەموو راگەیاندنەکانی رۆژئـاوا هەمان دەستەواژەیان دووبارەکردەوە. بەشەوێك لەجیهاندا بوومە کەسێکی ناسراو.

لای من، راگەیاندنی راستییەکان هەڵبژاردە نەبوون. ناوبانگیو ناوداریو سوپاسی تایبەتم نەدەویست، بەڵکو دەبوایە بێمە قسەو راستییەکان بڵێم. ئەوە ئەرکو لێپرسراوێتی من بوو، بەرامبەر ئەو خەڵکەی دەنگیان پێدابووم، متمانەی خۆیان پێبەخشیبووم. بەڵێنم پێدابوون هەرگیز سازش لەگەڵ دوژمنانی مافەکانی مرۆڤ نەکەم، لێرەوە من هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو. راستی من لەبەر ئەم هۆکارەش بوو، کە لەسەرەتادا وەك نوێنەرێك خۆم بردەپێشێ.

یەکێك لەو وتانەی کەلام شیرینە لەشانۆی (ژیانی گالیلۆ)-ی نوسەری ئەڵمانی (بێرتۆڵت برێخت)ە وەرمگرتووە، دەڵێت «کەسێك کە راستییەکە نازانێت، تەنها گێلەو بەس. وەلێ ئەوی راستییەکە دەزانێت و دەڵێت درۆیە، تاوانکارە».

نەمدەتوانی لەپای بێدەنگبوونم رێگە بەخۆم بدەم، بچمە ئاستی ئەو تاوانکارانەی جەنگ، ئەو کەسانەی بێزم لێدەکردنەوە، لەبەرئەوە ژمارەیەك دیمانەی تەلەفونیم لەناوەوەی ئەفغانستان ئەنجامدا، بەهەموو کوچەو کۆڵانێکی وڵاتەکەم گەیشتو بڵاوبوویەوە. یەکێك لەو رۆژنامەنوسە ئەفغانییانەی لەو چەند رۆژەی دوای وتارەکە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازدام،

زەکیە زاکی بوو، چالاکوانێکی مافەکانی مرۆڤ و بەڕێوەبەری وێستگەی پەخشی (رادیۆی ئاشتی) بوو. کاتێك پرسیاری لێکردم چۆن ژنان بتوانن بەباشترین شێوە مافەکانیان بپارێزن، وتم هەرکات ژنان تێگەیشتن، کە کلیلی ئازادبوونیان لەدەستی خۆیاندایە، ئیدی بوێرییان تێدا دەردەکەوێتو بەربەستەکانی سەر رێگەکەیان لادەبەنو ئامادەی قوربانیدان دەبن.

بەدەستهێنانی ماف ئاسان نییە، هەرکات لەمە تێگەیشتین، ئیتر پێویستە بە وریایی‌و بێپسان کاربکەین، دەبێت هیچکات بێباك و بێخەم نەبین. لەوڵاتەکەماندا پێشینەیەکی دوورودرێژی ئەو ژنانەمان هەیە، کە قارەمانانە بۆ مافەکانمان جەنگاون و هەندێکیان شەهیدکراون. ئەوی مایەی کارەساتە ئەوەیە، کە لە 6ی حوزەیرانی 2007دا زەکیەش چووە ریزی ئەو شەهیدانەوە، کاتێك چەکدارانی سەردەستەی میلیشیاکان لەکاتی چونەوەیدا بۆ ماڵەوە لە پارێزگای پەروان کوشتیان. زەکیە، چەندین ئاگادارکردنەوەی لەلایەن سەردەستە زۆردارەکانەوە پێگەیشتبوو، تا دەست لەبڵاوکردنەوەی پەیامەکانی هەڵبگرێت، بۆیە دواجار کوشتیان. تاکە تاوانی ئەو بە کارهێنانی راگەیاندن بوو بۆ بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و مافەکانی ژنان.

رۆژێك دوای وتارەکەم، دەزگای هەواڵگری ئەفغانستان، کە لەدەستی جیهادکارەکاندا بوو، لەڕاگەیاندنەکاندا بڵاویکردەوە، مەلالای جۆیا ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی ژنانی ئەفغانستانە (RAWA)، لەبەرئەوە نیازیان بوو لێپێچینەوە لەگەڵ خۆی‌و خانەوادەکەی بکەن. هەرچەندە (RAWA) رێکخراوێکی نایاسایی نییە لە ئەفغانستان، بەڵام هێشتا بەپەنهانی کاردەکات، چونکە رەخنەگرێکی بەهێزو رژدە دژی هاوپەیمانێتی باکورو حکومەتی ئەفغانستان. لەگەڵ ئەوەی من ئەندامی (RAWA) نیم، بەڵام هەرکات کەسێك هاتو بەئاشکراو بێترس لەدژی سەردەستەی میلیشیاکان قسەیکرد، ئەوا وەك کەسێکی سەر بە (RAWA) مۆری لێدەدرێت، ئەوجا بەئەرێنی یان نەرێنی

قسەبکات. لەگەڵ ئەوەی دەزگای هەواڵگری هەڕەشەی لێپێچینەوەکەی جێبەجێنەکرد، بەڵام لەوە دەترسام، کە خانەوادەکم بێننە بەرچاوت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن.

کاتێك توانیم لەڕێی تەلەفونەوە پەیوەندی بە دایکم و باوکمەوە بکەم لە فەرەح، دایکم دەستیکرد بە گریانو پێیوتم، دەبێت ئاگات لەخۆت بێت و خۆتبپارێزی. باوکم پێیوتم شانازیت پێوە دەکردمو بڕیاری ئەنجامدانی هەر شتێکیش بدەیت، پشتیوانیتلێدەکەم.

دوای وتارەکە زۆر هەستی جیاوازو هەمەجۆرم بۆ دروستبوو. ژمارەیەکی زۆر خەڵك بەهەندێك بەرپرسی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە پێیانوتم، کە بەهیچ شێوەیەك نابێت بگەڕێمەوە بۆ کۆبوونەوەکە. لەمەترسییەکان تێدەگەیشتم، بەڵام دەشمزانی، کە چیتر تەنها خۆم خاوەنی ژیانم نیم. بەرامبەر گەلەکەم بەرپرسیارێتییەکم لەئەستۆدا بوو، نەك تەنها لە فەرەح، بەڵکو لەتەواوی ئەفغانستاندا. نەمدەویست بەهۆی بێدەنگبوونمەوە دوژمنەکانم سەربکەون، لەبەرئەوە پێداگریم لەسەرئەوە کرد، کە بگەڕێمەوە بۆ لۆیا جیرگا، چونکە تاوتوێی ئەوەمدەکرد، ئەگەر خۆم بەدوور بگرم، ئەوا سەرکەوتن بۆ دوژمنانی دیموکراسیو سەرکەوتن بۆ سەردەستەی میلیشیاکان مسۆگەرە.

رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کاریان لەسەر ئەو پرسەی من دەکرد، هەرووەها لەپێناو بەشداریکردنم، بەردەوام بەیاننامەیان دەردەکرد.

«دەسەڵاتی دەستوری لۆیا جیرگا گوزارشت لە گەلی ئەفغانستان دەکات، هاوکات دەرفەتێکە بۆ وەلاتانی هەموو ئەو خراپەکارییانەی لەڕابردوودا ئەنجامدران، بەمەبەستی دامەزراندنی سیستمێکی نوێ، بەچەشنێك تێدا مافی هەموو لایەکی زامن کردبێت. ئەگەر نوێنەران هەڕەشەیان لێبکرێت، یاخود لەدەربڕینی دیدو بۆچونیاندا رێگرییان لێبکرێت، ئەوا پرۆسەی داڕشتنی دوارۆژێکی نوێ بۆ ئەفغانستان دەکەوێتە بەر مەترسی کوشندەوە.

لەکۆتاییدا، دوای ئەوەی کاربەدەستانی UN بۆ ماوەیەك گفتوگۆیان لەگەڵ کـردم، رازی بوون بگەڕێمەوە بۆ لۆیا جیرگا. دڵنیام لـەوەی تاکە هۆکار، کە رێگەم پێدرا بگەڕێمەوە بۆ کۆبوونەوەکە، دەربڕینی پشتیوانی گەورەی گەلی ئەفغان بوو لەهەموو سوچو کۆلانێکی وڵاتدا بۆ پەیامەکەم. نمونەیەکی ئەو گوڕوتینو بزاوتنە لەلایەن هاووڵاتیانی ئاسایی پارێزگای کاپیسا بەرجەستەکرا. دوای پێشکەشکردنی وتەکانم لە لۆیا جیرگا، گوندنشینەکانی ئەو پارێزگایە لەڕادیۆی BBC گوێبیستی چاوپێکەوتنێکم ببوون، پاش ئەوە پارەیان کۆکردبوویەوەو ژنێکیان وەك نوێنەری خۆیان بەدرێژایی پەنجا میل بەپاس ناردبوو بۆ کابول، تا پشتیوانی خۆیان دەرببڕن. ئەو ژنە لەپارێزگای کاپیسا-وە خۆی گەیاندبووە پایتەختو چەند کاژێرێك گەڕابوو تا بارەگای رادیۆی BBC دۆزیبوویەوە. کاتێك گەیشتبووە بارەگاکە، بەپێشکەشکارانی رادیۆکەی وتبوو، هاتووە تا رایبگەیەنێت خەڵکی کاپیسا پشتگیری لە پەیامەکەی من دەکەن. لەبەشی فارسی رادیۆی BBC چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ ئەو ژنەدا ئەنجامدابوو. رۆژ بەڕۆژ دەنگم زیاتر بڵاودەبووەوە، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زیاتری خەڵك دەنگمیان پتر بەرزو بڵنددەکردەوە.

دواجار بڕوام وابوو بۆ حکومەتی کاتی واباشترە، رێگەم پێبدات بگەڕێمەوە نێو لۆیا جیرگا، لەبری ئەوەی رقو کینی خەڵکی بەرامبەریان زیاتربێت.

لەوکاتە بەدواوە لەبەرئەوەی دەگەڕامەوە دەبوایەیە پاسەوان چواردەوریان بگرتمایە، تا جارێکی تر رووبەڕوی ئەوانە ببمەوە، کە وڵاتەکەمیان وێرانکردبوو. لای خۆمەوە سوربووم لەسەر ئـەوەی، بەرامبەریان بوەستم و سەر بۆ هەڕەشەکانیان دانەنەوێنم.

# بەشی شەشەم
# یادەوەری گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە

چەند ڕۆژێك دوای وتارەکە، گەڕامەوە نێو ئامادەبووانی لۆیا جیرگا، ئەمجارەیان بە ئۆتۆمبێلێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆیشتم، کە هیچ ئاماژەیەکی ئەو ڕێکخراوەی لەسەر نەبوو، لەهەمانکاتدا ڕستێك پاسەوانی تایبەت بەخۆم و بەهێز هاوەڵییان دەکردم، کە نەمدەناسین. بۆ هەر شوێنێك بڕۆشتمایە ئەو دەستە پاساوانە بە دوامەوە بوون. کاتێك وەفدەکان بۆ جارێکی تر چاویان پێمکەوتەوە، سەریانسوڕما. هەڵبەت هەندێکیشیان بەگەڕانەوەم خۆشحاڵو ئاسودە بوون. نورەدین، نوێنەرە ئۆزبەکیەکە، کاتێك منی بینی بەڕوویەکی خۆشەوە بەرەوڕووم هات تا قسەم لەگەڵ بکات، بەڕێزەوە وتی: «گەورەترین شت لەژیانمدا کردبێتم ئەو ساتە بوو، کە ڕێگەم پێدای پێش من وتارەکەت بخوێنیتەوە. هەرچەندە من پیاوم، بەڵام ئەو بوێرییەم نەبوو، بەوێنەی تۆ قسەبکەم. تۆ مێژووت بۆخۆت تۆمارکرد».

سەرباری ئەوەش، ژمارەیەکی زۆری وەفدەکان گەڕانەوەی منیان پێخۆش نەبوو. کاتێك بەلایاندا تێدەپەڕیم هەندێکیان هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکردم، هەر لەو ڕۆژەدا لەسەر مێزی خوانی نیوەڕۆ لەکافتریاکەدا هەندێك نوێنەری ژنی تـوڕەو کینە لـەدڵ، لەپای ئەو قسانەی کردبووم، چەقۆو چەتاڵیان لێڕادەوەشاندمو سەرزەنشتیان دەکردم. چەند ڕۆژ دواتر بۆ نانی نیوەڕۆ، پاسەوانەکان دەوریان تەنیم، وادیاربوو خەمی ئەوەیان بووبێت هەمان حاڵەتە ڕووبداتەوە، بەتایبەت لەکاتێکدا ژنێك خۆی لێ نزیکدەکردمەوە، ئەم خانمە ڕۆژی پێشکەشکردنی وتارەکەم پێیوتم لەشفرۆش، بەڵام ئەمجارە ڕووخسارێکی شەرمەزارو پەشۆکاو سیمای داگرتبوو.

دەستیکرد بەتکاکردن، «تکایە لێمخۆش ببە. دەبوایە هەڕەشەم لێ بکردیتایەو پەلامارم بدایتایە. من ناچار بووم، زۆرم بۆ هێنرا ئەو کارەبکەم، بەڵام خۆم لەگەڵ وتارەکەت هاوڕام. منیش بەهەمانشێوە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی خێزانەکەم بە هۆی سیاسەتی چەوتی ئەم سەردەستە میلیشیایانەوە

لەدەستداوە، بەڵام ئەو زۆردارانە کەمپینێکیان بۆ ڕێکخستم تا بمهێننە ئێرەو ببمە نوێنەر، لەبەرئەوە دەبوایە بەدڵی ئەوان بجوڵێمەوە، ئەگینا ژمارەیەکی زیاتری خێزانەکەمیان دەکوشت».

ئینجا هەستمکرد ئەو ژنە هەستی راستەقینەی  خۆی دەربڕی و لەلام سەنگین بوو،  بڕوا بکە هەمان ئەو ژنە بوو، کە چەند رۆژێك لەوەوبەر بەناخۆشترین قسە سوکایەتی پێکردمو دڵی تەزاندم، بۆئەوەی بەڕاستی بیسەلمێنێت لایەنگری منە رۆژنامەیەکی میری دایە دەستم، بابەتێکی تێدابوو، کە یەکێك لەخزمە نزیکەکانی نوسیبووی. بابەتەکە دوروو درێژو بەپێز بوو، تێدا پشتیوانی لەمن دەکردو ئاماژەی بە قسەی ناو وتارەکەم کردبوو. وتی، «پەیوەندی بەم پیاوەوە بکە، ئەو پێتدەڵێت من چەند دەردەسەریو زەجرم چەشتووە. رەنگە بەهۆی ئەم بابەتەوە خزمەکەم لەپیشەی فەرمانبەری دووربخرێتەوە، بەڵام ئەو پشتیوانیت لێدەکات و منیش بەهەمانشێوە».

بــەوردی وێم بۆ گرتبوو کاتێك، دەیگێڕایەوە چۆن ئەو سەردەستە میلیشیایانە بەدڕندانەترین شێوە دوو کوڕیان کوشتووە. «ئەگەر نەمبوری، خواش نامبەخشێتو بۆ هەتا هەتایە هەست بە تاوانباری دەکەم». خۆی بۆ درێژکردم و وتی، «تکائەکەم رێگەم بدەیت پێیەکانت ماچ بکەم».

لەمکاتەدا پاسەوانەکان هاتنە نێوانمانەوە. لەبەر باری ئاسایشی من رێگەیان نەدەدا کەس لێم نزیکبێتەوە، یاخود باوەشم پێدابکات. لەوساتەدا هەموو ئەوانەی لەدەورمان بوون، بەپاسەوانەکانیشەوە، بەبیستنی بەسەرهاتی ئەو ژنە، زۆر کاریگەربوون. وتم، «ئەویش قوربانی دەستی ئەم سەردەستە زۆردارانەیەو بڕوا دەکەم قسەکانی راستو دروست بن».

پاسەوانەکان گەڕانەوە دواوەو باوەشم بەو ژنەدا کرد، کە چەند رۆژێك پێشتر بەسەرمدا قیژاندیو ناشرینترین وشەی پێوتم. هەردوکمان دەستمانکرد بەگریان. داوالێکرد جارێکی دیکە بەوشێوەیە رەفتارنەکات، پێموت دەبێت

وازبهێنێت لەسازشکردن لەگەڵ ئەو سەردەستانەدا، بوێریت هەبێت پێیانبڵێت «نا، ئیدی بەسە». پێموت خواو مێژوو، ئەو ئەندامانەی خێزانەکەشی، کە بوونە قوربانی، هەرگیز لێی خۆش نابن، ئەگەر چیدی بهێڵێت ئەو سەردەستە میلیشیایانە دەسەڵاتییان بەسەریدا بکشێتو بەکاریبهێنن. ئەو وتوێژە زۆر بەلامەوە گرنگبوو. یارمەتییدام تێبگەم ئەم سەردەستەی میلیشیایانە چۆن دەسەڵاتو هێزی خۆیان برەوپێداوە، هەروەها لەنزیکەوە بینیم چۆن ترسو تۆقاندنیان بۆ پاوانکردنی ژنانی ستەمدیدەی وەك ئەو بەکار هێناوە.

دوو رۆژ دواتر، موجاهیدێکی پێشوی بەتەمەنی خەڵکی مەزاری شەریف، جەنگاوەرێکی کۆنی بەرگریکاری دژی سۆڤیەت بوو، هات بۆ بینینم. وتی لەوساتەی وتارەکەم دەخوێندەوە، هێندە لێم تورەبوو کورسییەکی هەڵگرتبوو ویستبووی تێم بسرەوێنێ. «ئەگەر بمتوانیایە تەواو لێت نزیکببمەوە حەتمەن ئەو کورسیەم پێدا دەکێشایت»، بەڵام دواتر کاتێك گوێبیستی چاوپێکەوتنێکی دورودرێژی رادیۆیم ببوو، بۆی دەرکەوتبوو من تەنها باس لەڕاستییەکان دەکەم.

ئەویش هەمانچەشن هـاتو داوای لێکردم، لەبەرابەر ئەو کارەیدا بیبەخشم. «پێمبڵێ چیت بۆ بکەم تا پشتیوانیت بکەم. خانەوادەیەکی گەورەم هەیە، بەکچەکان دەڵێم بچنە خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی کردنت. چیترت بۆ بکەم تا هاوکاریت بکەم؟»

لەوەڵامدا وتم، «سوپاس بۆ پشتیوانی کردنت. مادام ئێستاش لە قسەکانم گەیشتوی هێشتا زۆر درەنگ نییە، تکایە متمانە بەم سەردەستە میلیشیایانە مەکە، کاریان لەگەڵدا مەکە». لەکۆتایدا تەوقەم لەگەڵ کرد، لە ئەفغانستان تەوقەکردنی نێوان ژنو پیاو، شتێکی زۆر نامۆیە.

لەزۆر کەسی وەك هاوڕێو خانەوادەو کەسی نەناسم دەبیستەوە، باسی هەستو جۆشوخرۆشی خۆیان دەکـرد، لەو کاتەی وتەکانیان بیستبووم. هاوڕێیەکی کچم، باوکی کەسایەتییەکی گەورە بوو بەناوی ئەحمەدی، لەکامپی

ئاوارەکاندا وانەی پێوتبووم‌و لەزانکۆش وانەی بەباوکم وتبوو، وتی لەدوای وتارەکەی تۆ بۆ یەکەمجار لەژیانمدا بینیم باوکم بگریت.

لەهەموو شوێنێك، لەنێو هەژارو نەداراندا، پشتیوانییەکی ئێجگار زۆرم هەبوو. بێوەژنێك، دەستێکی نەمابوو لە لۆیا جیرگا کاری بەردەستیدەکرد، وەك دیارییەك لەچکێکی پێبەخشیم بۆ پیشاندانی دەستخۆشی‌و سوپاسگوزاری. بیرمە ئەو کاتەی ئەو دیارییەی پێبەخشیم، دەستیکرد بە گریان‌و نزای بۆ دەکردم. یەکێك لەنوێنەرەکانی پارێزگای فەرەح پێیوتم، رۆژێك دوای وتارەکەم تەکسییەکی گرتبوو، تاخۆی بگەیەنێتە دانیشتنەکانی لۆیا جیرگا لە کابول. لەڕێگەدا لەگەڵ شۆفێری تەکسییەکە کەوتبوونە باسکردنی جۆیاو وتارەکەی. کاتێك شۆفێری تەکسییەکە زانیبووی ئەو نوێنەرە خەڵکی شاری فەرەحە، پێیوتبوو: «لەبەرئەوەی خەڵکی پارێزگاکەی جۆیایت، ئەوا کرێ تەکسیت لێوەرناگرم». بەخۆڕایی گەیاندبوویە شوێنی کۆبوونەوەکە.

جارێکی تر ژنێکی نوێنەر بەناوی سورەیا پارلیکا، پێشتر ئەندامێکی کارای رژێمە کارتۆنییەکەی ژێردەستی سۆڤییەت بوو، هۆشیاری دامێ، کەوا هیچ کەسێك پشتیوانیم لێناکات‌و رەنگە بکوژرێم. لەوەڵامدا وتم، «تکایە نیگەران مەبە، من راستییەکەم وتوەو دڵنیاشم زۆرینەی گەلە ستەمدیدەکەم لەپشتم دەبن. تەنانەت ئەگەر هیچ کەس پشتیوانیم نەکات، یان ئەگەر بکوژرێم، ئەوا شەش کەسی دیکەی هاوشێوەی من هەن، چونکە شەش خوشکی ترم هەیە!»

سەری لەقاندو بەشێوەیەکی سەیر پێیوتم، «ئا، تێدەگەم! هەموو خوشکەکانت وەك تۆن؟»

منیش بەدەنگێکی توند وەڵاممدایەوە، «بزانە کە هەموو ئەوانەی لەڕابردودا شەهید بوون‌و گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی، هەردەم لەدوایانەوە کۆمەڵە دەستێکی دیکە هەبوون، تا ببنە ئاڵاهەڵگری رێبازی ئەوان‌و درێژە بە رێگەی راستی ئەوان بدەن».

لەگەڵ ئـەوەی توانیم بگەڕێمەوە بۆ کۆبوونەوەکە، بـەڵام ڕێگەیان پێنەدەدام جارێکی تر لەبەردەم هەموو ئامادەبوواندا وتار پێشکەشبکەم. جارێك لەیەکێك لەجێگرەکانی سەرۆکی کۆبوونەوەکە نزیکبوومەوەو داوای دەرفەتێکم کرد، تا قسەبکەم، بەڵام بەشێوەیەکی ناحەز وەڵامیدایەوە، «نەخێر نابێت. تۆ بارودۆخێکی نالەبارت سازکرد، لەبەرئەوە بڕۆ و دانیشە». هەرچۆنێك بوو قسەکردنیان لێ زەوتکردم.

سـەرەڕای ئەو هەڵچوونو ئاڵۆزییەی لەقسەکانمەوە کەوتنەوە، لۆیا جیرگا هاوشێوەی پێشوو بەڕێوەدەچوو. پارە تەخشانو پەخشان دەکرا. ڕۆژانە خواردنی هەمەچەشن بۆ نوێنەرەکان ئامادەدەکراو حامید کارزای بەئامادەکردنی جۆرەها خواردنو خواردنەوە، پێشوازیو میوانداری گەورەی لەهەموو نوێنەرەکان دەکرد. لەو بۆنانەدا حامید کارزای دوای هەموو کەس دەهات، وتارێکی دەداو دواتر لەکاتی خۆیدا دەڕۆشت، واتە هێند نەدەمایەوە تا وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. هەموو وەزیرەکانو دەستەو تاقمە ناکۆکە جیاوازەکانی تریش، بۆ نانخواردن دەهاتنو پێشوازی باشیان لێدەکراو لەوێ دانوستانیان دەکردو ڕێکەوتنیان ئەنجامدەدا.

ژمارەیەکی دیکەی نوێنەرە دیموکراتخوازەکان، بۆ قسەکردن دژی بەفیڕۆدانی ئەو بڕە پارەیەی لەمیوانداریی لۆیا جیرگا بەخەرج دەبرێت پەیوەندییانپێوەکردم. پرسیم بۆچی ئەم کارە دەکەن، ئەو هەموو پارەیە بۆ نوێنەرەکان خەرجدەکەن، لەکاتێکدا هەموو سوچو کۆڵانێکی ئەفغانستان سەرشارن لەخەڵکی هەژارو برسی؟ هەرکەسێك گوێی بگرتایە، ڕوونمدەکردەوە ئەوانەی وەك ئێمە لەپارێزگا دوورو هەژارەکانەوە هاتوون بۆ کابول نەهاتبوون، تەنها بۆئەوەی تێربکرێن. بەڵکو هاتوین تا کار لەسەر دەستوری تازەی ئەفغانستان بکەین. باشتر وابوو ئەو پارەیەیان لە هەتیوخانەکانو قوتابخانەکاندا خەرج بکردایە. بەردەوام هەوڵماندەدا ئەو خاڵانە باسبکەین،

وەلـێ وادیـاربـوو کەس گوێ ناگرێت. حەزمدەکرد لەیەکێك لەو خوانە گرانبەهایانەدا، دەربارەی ئەو خەرجییە زیادانە پرسیار لە کارزای بکەم، بەڵام ئەو هەمیشە وادەی لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەبوو، بۆیە کاتی ئەوە نەڕەخسا، ئەم پرسیارانەی ئاراستەبکەم.

هەندێکمان دەمانویست ئەو پرسیارە لە کارزای بکەین، کە داخۆ مەبەستی لۆیا جیرگا، تێپەڕاندنی دەستورێکە کە پێشتر لەپشتپەردەوە داڕێـژراوە. وەك نوێنەر، ژمارەیەکمان وا هەستماندەکرد بەکاردەهێنرێین بۆ ڕەوایدان بەڵگەنامەیەك کە کاریگەریمان لەسەری نەبوو. بۆ نمونە، لەپێناو پێشنیاری هەموارکردنەوەی بڕگەیەکی دەستور، لانی کەم پێویستی بەکۆکردنەوەی پەنجا واژۆی نوێنەرەکان هەبوو. پەنجاو دوو نوێنەر یاداشتێکمان واژۆکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە دژی یاسایەکی ئەو دەستورە تازەی بەفەرمی ناوی وڵاتەکەمانی نابوو (کۆماری ئیسلامی ئەفغانستان). دەمانویست گفتوگۆی ئەو پرسە بکەین، کە چۆن لەمێژووی وڵاتەکەماندا ئیسلام بەخراپی بەکارهێنراوە، بەڵام داواکـە ڕەتکرایەوەو پشتگوێخرا. ڕاستی، پێیانوتین لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی وشەی (ئیسلامی) بەو مانایە دێت، کە ئێمە مسوڵمانی ڕاستینە نەبووین.

دوای ئەوەی گەڕامەوە کۆڕبەندەکە، بەرپرسەکانی UN لەبەر مەترسی نەیاندەویست ئامادەی کۆبوونەوەی لیژنەکان بم، بەڵام ڕازیمکردن ڕێگەم پێبدەن، لەبەرئەوەی زۆر گرنگ بوو ئامادەی کۆبوونەوەکان بم.

نوێنەرەکانی لۆیا جیرگا بۆ دە لیژنەی جیاواز دابەشکران، زۆریان لەلایەن توندڕەوە ئوسڵگەراکانی وەك بورهانەدین ڕەبانیو عەبدول ڕەسول سەیفەوە سەرۆکایەتی دەکران. پێش خوێندنەوەی وتارەکەم من لە لیژنەکەی بورهانەدین ڕەبانیدا دانرابووم. هەندێك لەو نوێنەرانەی، کە دەیانزانی دیدو بۆچونی من چییە لەبارەی سەردەستە میلیشیاکان، شۆخییان دەکردو پێکەنینیان دەهات،

پیرۆزباییان لەئەندامبوونم لەلیژنەکەی رەبانیدا لێدەکردم. بەڕاستی منیش نەمدەویست لەو لیژنەیەدا ئەندام بم، کە ئەو سەرۆکایەتی دەکرد. داوام لەڕێکخەرانی UN لە لۆیا جیرگا کرد، تا لەلیژنەیەکدا دامبنێن، کە سەردەستەی میلیشیای تێدا نەبێت. دواجار لەلیژنەیەکدا دانرام و ئەندامەکانی پێشوازییان لێکردم، بەڵام دواتر دەرکەوت تەنانەت ئەو لیژنەیەش لەلایەن حاجی فاریدەوە سەرۆکایەتی دەکرا، کە لەپارتەکەی حیکمەتیاردا پێشینەیەکی خراپی هەبوو.

هەندێك کاری بەرهەمدار لەسەر دەستورەکە، لەدەرەوەی پێکهاتەی ئەو لیژنە فەرمییانەدا ئەنجامدرا. هۆڵێك هەبوو بۆ نوێنەرە ژنەکان، لەکۆتایی هەموو رۆژێکدا بۆ خواردنەوەی چاو مشتومڕ تێدا کۆدەبووینەوە. لەو شوێنەدا کارمان لەسەر بەشێکی دەستورەکە کرد، کە پەیوەندی بەمافەکانی ژنانەوە هەبوو. لەو مشتومڕەی ، کە باسی توندوتیژی دژی ژنانی دەکرد بەشداربووم ، هاوکات باسمان لەو بڕگانە کرد، کە مافەکانی ژنان تێیدا روون نەبوو. لەکۆتایدا توانیمان ئەم دەستەواژەیەی خوارەوە دابنێین‌و لەدەستوردا بچەسپێت: «هاووڵاتیانی ئەفغانستان چ ژن چ پیاو، لەبەردەم یاسادا، مـافو ئەرکی یەکسانیان هەیە». ئەوە دەستکەوتێکی گەورە بوو، بەڵام رێوشوێنی جێبەجێکردنی بۆ دانەنرابوو. لەوەش بگوزەرێت، لەدەستورە تازەکەدا هاتبوو، «لە ئەفغانستان نابێت هیچ یاسایەك هەبێت پێچەوانەی بیروباوەڕو یاسا پیرۆزەکانی ئیسلام بێت». ئەم یاسایە دەرگای بۆ ئوسوڵگەراکان کردەوە تا لەڕێی ئایینەوە پاساو بۆ نکۆڵیکردن لەپێدانی مافی یەکسان بە ژنان بهێننەوە. چەندین ساڵ بوو تاڵیبان‌و سەردەستەی میلیشیاکان ئیسلامیان بەخراپی لێکدەدایەوە و بۆ چەوساندنەوەی ژنان‌و پاساو هێنانەوە بۆ تاوانی بێشوماریان بەکاریاندەهێنا. بەم چەشنە دەرفەتێکی دی بۆ دانانی دەستورێکی عەلمانی، بەجۆرێك رێزی مافەکانی سەرجەم گروپە ئاینییەکان بگرێت لەباربرا.

ئەو دەرفەتە لەدەستچووە بەو مانایە هات، کە توێژە پەراوێزخراوەکان

ئەم کۆمەڵگەیە بەکراوەیی ماونەتەوە، لەپێناو چەوساندنەوەو جیاکاریکردن بەرامبەریان. بەنمونە، لەم چەند ساڵەی دوایدا، کەمینە بچوکەکانی هیندۆس و سیخەکان، بەردەوام و بەشێوەی سیستماتیك رووبەڕوی مامەڵەی خراپ بوونەتەوە. تاکە نوێنەری ژنی هیندۆسی لە لۆیا جیرگا-دا، ئانارکالی هۆناریار، لەلیژنەکەیدا پاڵپشتی قسەکانمی کردبوو و دژی سەردەستەی میلیشیاکان، بەوپێیەی ئەوان سەرکۆنەیان کردبووم. ئەم ژنە لەبەرئەوەی پاڵپشتی لەمن کردبوو، لەلایەن هەندێك نوێنەری ژنی ئوسوڵگەراوە، هێرشی کرابووە سەر، لێدانی خواردبوو، بەقژ رایانکێشابوو. ئەم هەڵوێستە بەرامبەر هۆناریار، تەنها لەبەرئەوە نەبوو، کە لایەنگریی منی کردبوو، بەڵکو لەلایەکەوە هۆکارەکەی ئەوەبوو، کە لە ئەفغانستان هیندۆسەکان وەك هاووڵاتی پلەدوو تەماشادەکران. دواتر دەرفەتێکم بۆ رەخسا تا چاوم پێیبکەوێت، پێموت تۆ وەك خوشکم وەهایت.

موجەددی کاتێك لە لۆیا جیرگا-دا بەنوێنەرە ژنەکانی راگەیاند، «تەنانەت خواش مافی یەکسانی پێنەداون، بەوپێیەی لەسایەی فەرمانی خوادا دوو ژن بەرامبەر یەك پیاو دانراون»، بەڕوونی لێکدانەوەی خۆی سەبارەت بە دەستور خستەڕوو.

رۆژێکیان موجەددی بەسەر لیژنەکاندا دەگەڕا، سەردانی ئەندامانی لیژنەکانی دەکرد. کاتێك بە خۆیو تیمەکەیەوە هاتە ژووری لیژنەکەی ئێمە، هەموو ئەندامەکان وەك رێزنواندن لەبەری هەستان، بەڵام من جوڵەم نەکرد. دەمویست لەجیاتی گەلەکەم رقو کینەی خۆم دەرببڕم، لەمەڕ ئەو ئوسوڵگەرێتییەی ئەو پارێزی لێدەکرد.

ماوەیەکی کەم دوای وتارەکەم لە لۆیا جیرگا، زاڵمای خەلیل زادی نێردراوی ئەمەریکا، پێموایە دەسەڵاتی راستەقینەی پشت تەختی پێشانگا دیموکراسیەکەمانە، هەموو نوێنەرە ژنەکانی بۆ کۆبوونەوە بانگهێشتکرد.

لەکۆبوونەوەکەدا هەندێك ژن سەرکۆنەی ئەو رووداوانەیان کرد، کە لە جیرگا بەسەرمدا هاتبوو، لەهەمانکاتدا هەندێکی تر لەدژی من قسەیان کرد. خەلیلزاد لەوەڵامدا وتی هەرکەسێك دەیەوێت لەو کۆبوونەوەیەدا قسە بکات پێویستە لەچوارچێوەی رێزو رەوشتی جواندا وتەکانی دەربڕێت، نابێت سوکایەتی بەیەکتر بکرێت. لەوکاتەدا ویستم وەڵامی بدەمەوە، بەڵام نوێنەرەکان رێگەیان پێنەدام قسەبکەم، لەبەرئەوەی خەمیان بوو ئەو ژنە ئوسوڵگەرایانەی لەوێ ئامادەبوون، لەدژم قوت ببنەوە. پێیانوتم دواتر دەتوانم لێدوانێك بدەمو چیم هەیە بیڵێم، بەڵام من دەمویست راستەوخۆ وەڵامیبدەمەوە، لەبەرئەوە نامەیەکم بۆ خەلیلزاد نوسیو لەرێی هاورێیەکەوە، کە لەنەتەوە یەکگرتووەکان ئیشیدەکرد بۆی ناردم. نوسیبووم:

**بەرێز خەلیلزاد، سڵاو**

ئەگەر ئەم تاوانکارانە دایکت، کچت، یاخود تەنانەت داپیرەتیان لاقە بکردایە، ئەگەر حەوت کوڕیان بکوشتیتایە، ئەمە ئەگەر بەربادکردنی سەرلەبەری سامانو بەهای ئاکاری، کەرەستەو کەلوپەلی وڵات بوەستێت، ئەوسا بە چ زمانێك لە ئاست ئەم تاوانکارو داردەستانە دەوەستایەوە، کە لەچوارچێوەی رێزو ئەدەبدا بێت؟

**مەلالای جۆیا**

لەسەرو بەندی کۆتاییهاتنی لۆیا جیرگا، لە کانونی دووەمی 2004، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەفغانستان دەستورێکی تازەو کۆمەڵێك پلانی دارێشتبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەوپەری توانای خۆم خستەگەڕ، بۆ نوێنەرایەتی کردنی گەلی فەرەح، هەرگیز دەستم لەبیروبڕواکانم هەڵنەگرت، وەلێ هێشتا هەستمدەکرد رێورەسمەکە شکستخواردو بوو. سەردەستەی میلیشیاکان

دەسەڵاتیان پیشانی جیهان دابوو، لەپشتەوە بڕیاری هەرە گرنگ سەبارەت بە دەستور، ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ راپۆرتێکی بڵاوکردەوە، تیادا هاتبوو، کە بەرپرسە ئەمریکییەکان بەنهێنی لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دیاریکراو، لەناویاندا دۆستومو سەیف، کۆبونەوەیان کردبوو، بەمەبەستی تاوتوێکردنی پشتیوانی بۆ حکومەتەکەی کـارزای لەڕەشنوسی دەستوردا. جۆن سیفتن، توێژەری چاودێری مافەکانی مرۆڤ، لەوکاتەدا چاودێری جیرگای دەکرد، رایگەیاند، «کەشوهەوای ترسو گەندەڵی لە کۆنگرەکەدا، لەگەڵ هەوڵی بەرپرسە ئەمەریکییەکانو حکومەتەکەی کارزای بۆ زامنکردنی دەنگی پێویست لەسەرکردە دووبەرەکییەکان کاریگەری لەسەر مشتومڕکردنی هەندێك لەیاساکان بەشێوەیەکی تەندروست هەبووە. تەواوی پرۆسەکە گومان دەخاتە سەر ئەو هەڵبژاردنانەی، کە بڕیاروایە لەکۆتایی ئەم ساڵ داو لێرە بەڕێوە بچێت».

لەکاتی خۆئامادەکردندا بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بۆ فەرەح، ئامادەباشیم بۆ ژیانێك کرد، کە زۆر سەخت بێت. لەوکاتەدا دوژمنی زۆر بەهێزم بۆ خۆم پەیداکردبوو، دەبوایە هەمیشە زۆر بەئاگا بم. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر پشتیوانکارم بۆخۆم کۆکردبووەوە، هەندێکیان (لیژنەی بەرگری مەلالای جۆیا)-یان دامەزراندبوو بۆ بڵاوکردنەوەو برەودان بە پەیامەکەم و کۆکردنەوەی فەند بۆ پاراستنم.

لەکۆتایی لۆیا جیرگاکە، ڕێورەسمێکی کۆتایهێنان هەبوو، راستەوخۆ لەسەر تەلەفزیۆن پەخشدەکرا، تیادا نوێنەرێکی ژنو نوێنەرێکی پیاو لەهەر پارێزگایەکدا هەڵدەبژێردرانو لەلایەن سەرۆك کارزایەوە خەڵات دەکران. من وەك نوێنەری فەرەح دەستنیشانکرابووم بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە. لەبەر ئەو راستییە نەبایە، کە ژمارەیەکی زۆری سەردەستە و میلیشیا ئامادەبووەکان گەلێ قەڵسبوون بەوەی خەڵات کرابووم، هەرگیز ئەو خەڵاتەم پەسەند

نەدەکرد. ئەوان کشومات و بێدەنگبوون، کاتێك خەڵاتەکەم وەرگرت، بەڵام نوێنەرە پێشکەوتوخوازەکان چەپڵەیان بۆ لێدام. دواتر ئەو خەڵاتەم بەخشییە منداڵێکی هەتیو، کە دایكوباوکی لەسەر دەستی ئوسوڵگەراکان کوژرابوون. راستی، خۆزگەم دەخواست منداڵێکی هەتیو، یان بێوەژنێك لە لۆیا جیرگا لەشوێنی مندا بایەو قسەی بکردایە، هەستی بەو پشتیوانیو خۆشەویستییە بکردایە، کە بۆم دەردەبڕین. ژمارەیەکی ئێجگار زۆری ژنو منداڵی ئەفغانستان لەژیانیاندا خۆشیو خۆشەویستی زۆر کەمیان بینیوە. زۆریان هەموو شتێکیان لەدەستداوە، بۆیە هەرشتێکی ئەنجامبدەم بۆ ئەوانی تەرخاندەکەم.

رۆژانــی دوای وتارەکەمو کۆتاییهاتنی لۆیا جیرگا، چەندان تەلەفونم لەسەراپای ئەفغانستان، تەنانەت ئەفغانییەکانی دەرەوەی وڵاتەوە پێگەیشت، لەپای هاتنە قسەمو دەربڕینی راستییەکان سوپاسیاندەکردم. پشتیوانی پیاوانو ژنانی نەداری وڵاتەکەم، بەتایبەت کاریگەریان لەسەرم هەبوو. کاردانەوەیان بیروباوەڕی منیان توندترو بەهێزتر کرد، لەمەڕ ئەوەی هەر خاکێك بە چەكو لەپێناو بەرژەوەندیدا بەڕێوەببرێت، دیموکراسی تێیدا تەنها تراویلکەیەو بەس، هەروەها ئەو کەڵکەڵەیان تێدا بەجۆشهێنام، کە گرنگە بە کەرەستەو دەزگای جیاجیا هۆشیاری بڵاوبکرێتەوە تا راستییەکان بگەیەنرێنە خەڵکی.

منو نەفەس دواهەمین شەوی مانەوەمان لە کابول بە ترسو دڵەڕاوکێوە بەڕێکرد. گومانو ترسی ئەوەم هەبوو کەسێك شوێنەکەمانی دۆزیبێتەوە، هەڵبەت ماڵێکی سەلامەت بوو. ئەو سەربازە ئەفغانییەی ئەو شەوە پاسیدەکرد، زۆر نامۆ رەفتاریدەکرد. بەردەوام بەدڕدۆگی تەماشای منو نەفەسی دەکرد، بۆیە ئەو شەوە نەخەوتین، بەڵام خۆشبەختانە هیچ شتێك رووینەدا.

گەشتی راستەوخۆ بۆ پارێزگاکەمان نەبوو، بڕیاربوو رۆژی دواتر سەرەتا لە کابولەوە بەفڕۆکە بفڕین بۆ هیرات، تا لەوێشەوە بەڕێگەی وشکانیدا بەرەو فەرەح بەڕێبکەوین. پێش ئەوەی سواری فڕۆکەکە ببین لایەنگرێکم لە

فەرەحەوە تەلەفونی بۆ کردم، زانیاری دروستی هەبوو، کە لەکاتی گەڕانەوەم بۆ فەرەح یەکێك لەسەردەستەی میلیشیاکان پلانی بۆکوشتنم دانابوو. هەواڵەکە لەکەسێکەوە وەرگیرابوو، کە بەنهێنی پشتیوانی من بوو، هاوکات لەسەردەستە زۆردارەکانیشەوە نزیك بوو، لەبەرئەوە زۆر بەگرنگ وەرمگرت. گوندێك هەیە بە ناوی (شیوان) لەناوچەیەك پێیدەوترێت (داریستان)، دەکەوێتە نێوان هیرات و فەرەح، بەزۆری لەژێر دەسەڵاتی تاڵیباندایە. زۆرجار لەو ناوچەیەدا خەڵك دەفرێنرێن‌و دەکوژرێن. پلانەکە ئەوە بوو لەو شوێنەدا بمکوژن، بۆ ئەوەی تاوانەکە بدەن بەسەر تاڵیباندا.

کاتێك ئەو مەترسییەم بۆ نوێنەرەکانی (بەرنامەی یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان(UNAMA) باسکرد، زۆر بەگرنگییەوە تێیانڕوانی. لێرەوە نەتەوە یەکگرتوەکانیان بەخێرایی گەشتێکی ئاسمانی تایبەتیان رێکخست، تا راستەوخۆ بمگەیەننەوە فەرەح.

سەفەری گەڕانەوەم بۆ فەرەح زۆر جیاوازبوو، لەو گەشتەی، لەماوەی کەمتر لەدوو مانگی پێشوتردا لە فەرەحەوە کردبێتم. نەتەوە یەکگرتووەکان فڕۆکەیەکی بچوکیان تەرخانکرد بۆ من‌و نەفەس‌و چەند نوێنەرێکی تری پارێزگای فەرەح. لەژیانمدا تەنها چەند جارێکی کەم بەفڕۆکە گەشتم کردبوو، بەڵام لەماوەی فڕینەکەدا نەتوشی شپرزەیی‌و پەشۆکان بووم، نەخەم‌و هەڕەشەی کوشتنم هەبوو. دوای ئەنجامدانی ئەرکەکەم بە سەرکەوتویی، بە گەڕانەوەم زۆر خۆشحاڵبووم و حەزم بەبینینەوەی کەسە خۆشەویستەکان دەکرد، هاوکات دەستکردنەوە بە کارەکانم لەخانەی بێسەرپەرشتان و نۆڕینگەکەدا بەختەوەر بووم.

چەند خولەکێك دوای هەستانی فڕۆکەکەمان، لەو ساتەی بەسەر شاخە قەشەنگەکانی دەوروبەری پایتەختدا بەرزدەبووینەوە، شاری پەرش‌وبڵاوی کابول وردە وردە بچوك‌و بچوکتر دەبوویەوە. دەمێکی تەماشای خاکی گەورە،

وشك و رووتەنی وڵاتەکەمم دەکرد، بەخەیاڵمدا هات، کە ئەو دیموکراسییەی لە لۆیا جیرگادا باسی لێوە دەکرا، هێشتا خەونێکی دوور بوو بۆ گەلی ئەفغانستان. هیچ کام لەهاوەڵە ژنە ئەفغانییەکانم، هەرگیز شۆفێری ئۆتۆمبێلی نەکردبوو، نەك لێخوڕینی فڕۆکە. ڕێژەی تەمەن هێشتا بەدەگمەن دەگاتە چلو پێنج ساڵ، گەرچی ژمارەیەکی زۆری ژنان زۆر لەو تەمەنە کەمتریش دەژین، چوون لەکاتی منداڵبووندا گیان لەدەستدەدەن. زیاد 20%ی منداڵانی تازە لەدایکبوو ناگەنە تەمەنی پێنج ساڵ. ساڵانە سەدەها ژن بۆ رزگاربوون لەدەستی مێردە توندوتیژەکانیان، لەبەر شەرمەزاربوونیان بەهۆی لاقەکردنو دەستدرێژی، خۆیان دەکوژن.

دەمزانی گەلی ستەمدیدەی ئەفغانستان، شتێکیان لەبارەی خۆیانەوە بیستبوو، لە قسەکانمەوە بۆیان دەرکەوتبوو، کە بارودۆخەکە دەبێت بگۆڕدرێت. لەماوەی ئەو گەشتەدا، بیرم لەو شتانە دەکردەوە، بەتایبەتی دەربارەی خەڵکی فەرەحو پارێزگاکەی خۆم. هەروەك ئەمان لەڕادەبەدەر مەینەتیو ناخۆشییان چەشتبوو، ئەمەش ئەرکێکی گەورەو لێپرسراوێتییەکی قورستری خستبووە ئەستۆم.

وەختێك لەفڕۆکەخانەی فەرەح نزیکبووینەوە، فڕۆکەوانەکە پیاوێکی ئارامو تەمەن ناوەندی بوو، لەناکاو دەستیکرد بەهاتوهاوارو خۆشی دەربڕین. لەپێشی فڕۆکەکەوە هاواری بۆ کردین «بڕوانن، تەماشای ئەو خەڵکە بکەن». کاتی نزمبوونەوەی فڕۆکەکەیە لەزەوی، لەگەڵ نەفەس بینیمان باسی چی دەکرد: حەشامەتی بێشوماری خەڵك لەنزیك فڕۆکەخانەکە کۆببوونەوەو چاوەڕێی گەشتنی ئێمەیان دەکرد. یەکەمجار بڕوام نەدەکرد ئەو هەموو خەڵکە بۆ بەخێرهاتنەوەمان هاتبن. بینینی ئەو هەمووە لە خەڵك رووداوێکی بێوێنە بوو، هەستوسۆز سەراپای جەستەی داپۆشیم. لەبەر خاتری خەڵکەکە، فڕۆکەوانەکە فڕەیەکی تر سوڕایەوە. کاتێك خۆمان بۆ دابەزین ئامادە دەکرد،

تێبینیمکرد تەنانەت فڕۆکەوانەکەش کە تەماشای ئەو حەشاماتەی دەکرد کۆببوونەوە، چاوانی پڕ ببوو لەگریانو بڕوای بەچاوی خۆی نەدەکرد.

لەدەورووبەری فڕۆکەکە، ژمارەیەکی زۆر خەڵك کۆببوونەوە، نەمدەتوانی بەئاسانی بەنێویاندا رێبکەم. کچان چەپکە گوڵیان بۆ هێنابووم، کۆمەڵێکی تر بە دەنگی بەرز سەلام و بەخێرهاتنەوەیان لێدەکردم. لەو دەمەی بەهێواشی بەنێو ئەو جەماوەرەدا تێدەپەڕیم، ژنان هاواریان دەکرد، «سوپاس بۆ وتنی راستییەکان». لەهەموو لایەکەوە گوێبیستی هاواری سوپاسگوزاریو قسەی شیرینو پشتیوانی دەبووم. خەڵکەکە گەلێ لافیتەیان بەرزکردبوەوە، کە وێنەی منی لەسەربوو. ژنانو کچان بەتایبەتی داوای باوەش پێداکردنو ئامێزو ماچیان لێدەکردم، ئەمانە بیرەوەرییە هەرە خۆشەکانی گەڕانەوەم بوون بۆماڵەوە.

بەدڵنیاییەوە نیعمەتی پارێزگاری فەرەح پشتیوانی لەناواخنی وتارەکەمو تێڕوانینە سیاسیەکانم نەدەکرد، بـەڵام وا خۆی دەردەخست پشتیوانی دیموکراسی بکات، بۆیە منی لەگەڵ نوێنەرە لۆکاڵییەکانی جیرگا-دا بۆ دیدارو کۆبوونەوە بانگهێشتکرد. جەنابی پارێزگار لایەنگری پارتی جەماعەتی ئیسلامی بورهانەدین رەبانی بوو، یەکێك لەو سەردەستە میلیشیایانەی لە کابول سەرزەنشتمکرد. داروودەستەکەی دوو دڵبوون لەوەی بوارم بدەن قسەبکەم، بەڵام من پێداگربووم لەسەر قسەکردن. دوای ئەوەی چەند قسەیەکم کرد، کاتی دانیشتن بۆ چا خواردنەوە، رووخساری نیعمەتی و هاوپەیمانەکانی گۆڕاو ناحەز دەردەکەوتن.

بۆ ئەو سەردانەی پارێزگار، پیاوێکی پشتیوانکارو کچەکەی یاوەرم بوون. کاتێك چایان هێناو لەپێشماندا دانرا، ئەو کچە شتێکی زۆر چاوەنەترسانەی ئەنجامدا. پێش ئەوەی کەسمان قومێك لەچاکە بخۆینەوە بەخێرایی خۆیکرد بـەژووورداو چایەکەی منی لەگەڵ چایەکەی پارێزگار گۆڕییەوە. ئەو کارە بەئاشکرا بۆ پاراستنی من بوو، لەئەگەری ژەهرخواردکردنم. پارێزگار هیچی

نەوت. ئەو کارە لای من پیشاندانی بوێریو چاوقایمی کچێکی ئەفغانی بوو. لە فەرەح بەدرێژای ئەو رۆژە، نمونەی هاوشێوەی ئەو پشتیوانکارییەم دەبینیو لەکانگای دڵی خەڵکەوە هەڵدەقوڵا. دوای ئـەوەی بارەگای پارێزگارمان بەجێهێشت، گەڕاینەوە بۆ ناو ئەو گردبوونەوە جەماوەرییەی بۆ پێشوازیکردنمان گردببوونەوەو لەدەرەوەی ئەو ئۆفیسانەی، بۆ چەند ساڵێك وەك چالاکوانی کۆمەڵایەتی کارم تێدا کردبوون رێکخرابوو. بەئاستەم خانەی بێسەرپەرشتان و بیناکانی دەورووبەریم دەبینی، بەوپێیەی لە چەند ساڵی دوایدا، ناوچەکە ببوو بەماڵو نشینگە. لەگۆڕەپانەکەدا خێمەیەکی گەورەو سەکۆیەك رێکخرابوو، جەماوەرێکی زۆریش لەسەر شەرەفی ئێمە کۆببوونەوە. مامە ئازادی خۆشەویستم، لەمانگەکانی دواتردا بەرپرسیارێتی سەلامەتی منی لەئەستۆ گرت، بەگەرمی سەلامی لێکردمو یارمەتیدام بچمە سەر سەکۆی بەردەم قەرەباڵغییەکەوە.

لەو کاتەی چاوەڕێی سەرەی قسەکردنی خۆمم دەکرد، تەماشای ژمارەیەك وتاربێژو نەختێك کاری نواندی سەر سەکۆکەم دەکردو گوێم بۆ گرتبوون. لەو بۆنەیەدا، ریشسپی هۆزەکانو خوێندکاران وتاریان پێشکەشدەکردو ژەنیارو مۆسیقارەکان گۆرانییان بۆ دەچڕیم. خەڵك بەشێوازی نەریتباوی لۆکاڵی سەمایاندەکرد. تەواوی دیمەنەکەم بەلامەوە گەلێ جوانو سەرنجڕاکێش بوو. ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکەم دەناسی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك خەڵکی نەناسیشی لێبوو. هەموویان کەسانی ئاسایی پارێزگای فەرەح بوون، ئەو کەسە هەژارو لەبیرکراوانەی پاڵنەری چالاکی سیاسیم بوونو دیاربوو پێشتر پەیامەکەی من کاریگەری لەسەر دروستکردبوون. زۆریان لەدوورەوە هاتبوون تا ئامادەی ئەو بۆنەیە بن.

بۆ بینینی دایکم و باوکم چاوم بەنێو ئەو خەڵکەدا گێڕا ، بەڵام لەهیچ شوێنێکەوە بەرچاوم نەکەوتن. هەرگیز دایکم قەرەباڵغی پێخۆش نەبوو،

پێموابوو لەماڵەوە مابێتەوە، بەڵام دڵنیابووم باوکم لەوێ بوو، تەماشای دەکردو گوێی گرتبوو.

پاشان سەرەی من هات، ماوەیەکی کەم بوو کاری سیاسیم دەستپێکردبوو، باش قسەم بۆ نەدەهات. ئەم جەماوەرە زۆر لەو کۆمەڵە ژنە زیاتر بوون، کە دوو مانگ لەوەوبەر گوێبیستی یەکەم وتاری سیاسیم بوون، بەڵام ئەمجارە لەبری ئـەوەی شپرزەییو پەشۆکاوی جـاری یەکەم بەسەرمدا زاڵ بێت، پڕ هەستو جۆشوخرۆش بووم. یادمە بیرو بۆچونەکانم گەلاڵە دەکردو هەوڵمدەدا سوپاسو پێزانین بۆ ئەو جەماوەرە دەرببڕمو لەهەمانکاتدا چەند خاڵێکی سەرەکیو گرنگ دوپاتبکەمەوە:

بەداخەوە، بەپشتیوانی بەرپرسە باڵادەستە بیانییەکان، چەندین تاوانکارو سەردەستەی میلیشیا لە لۆیا جیرگا-دا پۆستی گەورەی دەسەڵاتیان پێبەخشراوە، لەبەرئەوە خەباتو تێکۆشانمان بۆ دیموکراسی راستەقینە لە ئەفغانستان قورس و سەخت دەبێت.... پێویستە لەسەرمان بەردەوام کاربکەین بۆ لابردنی ئەم سەردەستە میلیشیایانە لەترۆپکی دەسەڵاتدا، هاوکات لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی دژی گەلەکەمان ئەنجامیانداوە، لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت....

دەمەوێت ئەوپەڕی سوپاسو پێزانینی خۆم، بۆ هەموو لایەك دەرببڕم لەبەرامبەر ئەو پشتیوانییە گەورەیەی نواندیان، پەیمان بە هەمووتان دەدەم، هەرگیز سازش لەگەڵ ئەو کەسانەدا ناکەم، کە وڵاتەکەیان کاولکردوین.

لەکاتی قسەکردنمدا هەوڵمدەدا نەگریم، بەڵام زۆر ئاستەم بوو نەگریم، لەکاتێکدا دەمبینی کەسانێك لەنێو جەماوەرەکەدا دەگریان. ئەو کاردانەوە هەستبزوێنەی گەلی فەرەح پیشانیدام چەندە رقیان لەسەردەستە میلیشیاکان بوو، چەندە بە هیوای دوارۆژێك بوون، تا بۆ دواجار ئەفغانستان ئەو بارە قورسەی لەسەر لابچێت.

دواى گردبوونەوەکە، خۆم گەیاندە بینای سەرەکی نۆڕینگەی هاموون.

پاش ئەوەی چەند هەنگاوێکم هەڵگرتو ژمارەیەك پاسەوان بە دوامکەوتن، جەماوەرەکەش بەوێنەی شارە مێرولە بەدواماندا کەوتنە جوڵەو کێشانی دروشمو هۆتاف بۆ پشتیوانی. ئەمە یەکێك بوو لەو ساتانەی پشتیوانییەکی گـەورەم بەچاوی خۆم بینی، بۆم ساخبوویەوە، کە دەسەڵاتی گەل وەك دەسەڵاتی خودا وایە. لەبەردەم نۆڕینگەکەدا، باوکم چاوەڕێی دەکردم. هەرگیز هێندە بە جۆش و خرۆشەوە نەمبینیبوو. خۆشحاڵ و دەم بەپێکەنین بوو، باوەشێکی گەرمی پێداکردم. پرسیارم لێکرد ئاخۆ لەناو جەماوەرەکەدا بوو یان نا.

لەوەڵامدا وتی، «بێگومان لەوێ بووم، لەپشت سەکۆکەوە بوومو گوێم لەهەموو شتێك بوو».

لەناو نۆڕینگەکەدا، چاوم بە دایکم و هەندێك لەخوشکەکانم کەوت، لەئامێزمگرتن. دوای رۆژێك لەپێشوازی لەلایەن ئەو خەڵکە چاکەخوازەوە، زۆر ئاسودەبووم بەوەی، وەك کچو خوشك هەواڵپرسیو بەخێرهاتنەوەم لێبکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کاتمان نەبوو قسەبکەین، چوون بەردەوام پۆلێك لەخانەوادە و کەسە بەتەمەنە گوندنشینەکانی دیکە بۆ بینینو قسەکردن لەگەڵمدا دەگەیشتنەجێ. درەنگانێکی ئەو رۆژە، هەندێك گوندنشین گەیشتنەجێ، پاڵیان بە عارەبانەیەکی شەقوشڕی دەستییەوە دەنا، کە ژنێکی زۆر بەتەمەنی تێدابوو. دوو پیاوی عەمامە بە سەری کەوالەبەر ئەو خانمە بەساڵاچوەیان هەڵگرت و لەتەنیشتمەوە لەسەر کورسیەك دایان نا. پێیانوتم ناوی نەنە زوڵەیخایە. ژنێکی جەرگ سوتاو بوو، دوو کوڕی بەناوەکانی محەمەد یوسفو محەمەد ئیسلام تیاچووبوون، یەکێکیان لەلایەن سەردەستەی میلیشیاکانەوە کوژرابوو، ئەوی تریش لەکاتی بەرەنگاربونەوەی داگیرکاری سۆڤییەتدا شەهیدکرابوو. لەژێر لەچکە رەشەکەیەوە، چاوم بەڕووخساری بڕستبڕاو، چرچ و لۆچ کەوت، بەڵام چاوەکانی گەشبوون.

بە دەنگێکی پڕ لەڕێزەوە کەوتە دوان لەگەڵم، «کچم، مەلالای، من تەمەنم وا لەسەد ساڵ زیاترەو بەرەو مردن دەڕۆم، کاتێك دەربارەی خۆت‌و وتارەکەت هەواڵیان پێدام، زانیم تۆ کەسێکی تایبەتی‌و دەبوایەیە چاوم پێتبکەوێت. ئازیزەکەم، خوا بتپارێزێت‌و بۆ ئێمەت بهێڵێت. ئێستا کە تۆم دیوە، ئیدی بێخەم دەمرم.»

دوای ئـەوەی ئەو قسانەی کرد، ئەڵقەیەکی ئاڵتونی دەرهێناو وتی دەیبەخشمە تۆ تا بیکەیتە پارەو لە کارو بەرنامەکانتدا کەڵکی لێوەربگریت، هەڵبەت ئەوە تاکە سەروەتی بوو لە دنیای رۆشن.

کاتێك پێموت ناتوانم ئەو دیارییە بەپێزو گرانبەهایەی ژیانی لێوەربگرم، پێداگری کردو بەدەنگێکی لەرزۆك‌و پڕ هەستەوە وتی، «دەبێت وەریبگریت! لەژیانمدا زۆر چەرمەسەریم بینیوە، دوا خۆزگەم ئەوەیە، ئەم خەڵاتەم لێوەربگریت».

دەستمکرد بەگریان‌و باوەشم بە پیرەژندا کرد، پێموت بەخشندەیی‌و میهرەبانیت، زۆر گەورەیان کردم. مستیلەکەم دایە دەست خاڵم تاهەڵیبگرێت. ئەو مستیلەیەو شمەکە بەبەها هاوشێوەکان، ئەوانی دواتر بەدەستم گەیشتن، هێشتا لەسندوقێکدا پاراستومن، تا لەپێناو بزوتنەوەکەدا کەڵکیان لێوەربگیرێت. پاشتر بیستم، کە نەنە زوڵەیخا دوای چەند مانگێك کۆچی دوایی کردبوو. ئەو متمانەیەی بەمنی بەخشی، بیرخەرەوەیەکی دیکەی بەرپرسیارێتییە تازەکانم بوو.

ئەو رۆژە تا درەنگانی ئێوارێ بەردەوام میوان بەلێشاو دەهاتن بۆ دیدارو گفتوگۆکردن. ئەو گوندنشینانەی بەدرێژایی رۆژ لەناوچە دوردەستەکانی پارێزگای فەرەحەوە کەوتبوونە رێ بۆ بەخێرهاتنەوەم، لەسەر چیمەنتۆی هۆڵی پرسگەی نۆڕینگەکە باروبنەیان خست، تا شەو لەوێ بمێننەوە، بەرەبەیان گفتوگۆو قسەکردنمان بەردەوام بوو، پاشان بەتانییەکم پەیداکردو لە نێویانداو

لەشوێنێکدا راکشام. ماندو و شەکەت بووم، بۆیە خەوێکی قووڵم لێکەوت.

چەند رۆژ دواتر، جارێکی تر بۆ خوانی ئێوارە لەسەر شەرەفی هەموو نوێنەرانی لۆیا جیرگا، بانگهێشتکرام بۆ بارەگای پارێزگار. هەرچەندە نەیارەکانی بانگهێشت کردبوو، نیعمەتی هەوڵیدەدا خۆی وەك دیموکراتو بەخشندە پیشانبدات، منیش لای خۆمەوە بڕیارمدا بەشداری بکەم، چونکە ژمارەیەك میوانی زۆر ئامادەدەبوون. هەموو لایەك سەراسیمەبوون لەوەی من پارێزگارم بەناوی خۆیەوە بانگدەکرد، لەکاتێکدا ئەوان هەموو بە»بەڕێز» ناویاندەهێنا. لەکاتی نانی ئێوارەدا، توانیم رووی راستەقینەی نیعمەتی لەپێشچاوی میوانەکاندا هەڵماڵم: کاتێك کەوتینە گفتوگۆ نەیدەزانی چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە وەك تۆمەت رووبەڕوم کردبوویەوە. دەمزانی بۆ ئەو ئەم کارەی من لێدانی گورزێکی کوشندە بوو.

دوای خوانەکە، دەرفەتێکم بۆ رەخسا تا چاوم بە هاوسەرو کچەکەی نیعمەتی بکەوێت، کچەکەی پشتیوانی خۆی بۆ دۆزەکەم دەربڕی. باوەشی پێداکردم، لەنزیك یەکەوە دانیشتینو کەوتینە باسو خواس، بەڵام کاتێك پارێزگار هاتە ژوورەوە خۆی لێدورخستمەوەو هەوڵیدا هەستوسۆزی خۆی لەباوکی بشارێتەوە. پاش ماوەیەك سەردانی ئۆفیسەکەی کردمو رازیبوو بەشداری لەچالاکییەکانی رۆژی جیهانی ژناندا بکات، بەوپێیەی خەریکی پلاندانانی بووین، تەنانەت پێکەوە وتارێکمان رێکخست، تا لەو رۆژەدا بیخوێنێتەوە. بەداخەوە باوکی پلانەکانی تێکداو رۆژی یادەکە لەماڵەوە بەندیکردبوو، نەیهێشت بەشدارییکات.

هەرچەند ژیانمو کارکردنم بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبوو، لەهەندێك باردا ناوم زڕابوو، بەڵام لە فەرەح کارەکانم دەستپێکردەوە. بەسەرێك ئەو هەموو خەڵکە دەهاتنە سەردانمو پشتیوانیو هاوکاری خۆیان بۆ دەردەبڕیم، یاخود داوای هاوکارییان دەکرد، بەسەرێك هەڕەشەو پەلاماری زیاتر دەکرایە سەرم.

لەوکاتەدا ببوومە راوێژکار، یاخود توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، هاوکات بەڕێوەبەری دەزگا خزمەتگوزارییەکانیش بووم. بەتایبەتی ژنان دەهاتن‌و داوای ئامۆژگارییان لێدەکردم، بابەتی تایبەتی ژیانیان بۆ باسدەکردم. دەکەوتنە گێڕانەوەی بەسەرهاتی لاقەکردن‌و مامەڵەی خراپ، یان ئەو زەبرووزەنگەکانی دەرهەقیان ئەنجامدرابوون. تا زیاتر گوێبیستی ئەو چیرۆکانە ببام، پتر بۆمدەردەکەوت کە باشترین کارێك ئەنجامدابوو، هاتنەگۆم بوو لە لۆیا جیرگا. کچان نیازی خۆیان لا دەدرکاندم، گوایە بەتەمای خۆکوشتنن، یان مەرگیان وەك تاکە رێگەی دەربازبوون لەباوکێکی خراپەکار، یان هاوسەرگیرییەکی نابەدڵ دەبینی. هەمیشە هانمدەدان هیوایان هەبێت و تێبکۆشن و کار لەگەڵ ژنانی تردا بکەن بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی. چەند جارێك توشی مشتومڕی توندبووم، لەگەڵ ئەو پیاوانەی پێیانوابوو دەبێت وەك کاڵایەك مامەڵە لەگەڵ کچان‌و ژناندا بکرێت. هەندێکجار پاساوی ئاینییان بۆ ئەو جۆرە کارانە دەهێنایەوە، یان دەیانوت ئیتر دابونەریتی ئەفغانستان بەو شێوەیەیە.

هەندێك لەژنان‌و پیاوان دەهاتنە لام بۆ ئامۆژگاریکردنیان، دەربارەی بابەتی زۆر نهێنی‌و تایبەت. لەگەڵ هەندێکیاندا من هێندە تەمەنم کەم بوو بەکچیان دەشیام، بەڵام ئەوە مایەی هیوابەخشیم بوو، کە متمانەیان پێدەکردم و رازو نیازی خۆیان لا دەدرکاندم، دەیانویست بزانن بیروبۆچونی من چییە. هەڵبەتە هەندێك لەپیاوان بە تەواوی رەتیاندەکردەوە باس لەبابەتێك بکەین پەیوەست بێت بەژنانەوە. دەیانوت گفتوگۆی ئەو بابەتانە لەگەڵ خودی سەرۆکی ئەفغانستانیش ناکەن. دەیانوت، «ئەوەی خێزانمانە، هی خۆمانە، موڵکی خۆمانە»، وەك ئەوەی کاڵایەك بێت بەدەستیانەوە. تەنانەت لەهەندێك حاڵەتدا پیاوان دەیانوت، «من کڕیومە». بەداخەوە، هێشتا هەندێك پیاوی ئەفغانی وەك مرۆڤێکی یەکسان تەماشای ژن ناکەن، ئەمەش چەندین دەرئەنجام‌و پاشهاتی بەد بەدوای خۆیدا دێنێت.

جیابوونەوەی ژنان لەمێردەکانیان زۆر قورسە، لەحاڵێکدا کێشەکان هەمووی چەوتیو لاساری پیاوەکە بێت، هێشتا خەڵك سەرزەنشتی ژن دەکەنو ئۆباڵی ئاریشەکان دەخەنە ئەستۆی ئەو. تەنانەت دەستپێکردنی مامەڵەی جیابوونەوە بۆخۆی بیرۆکراسییەکی زۆری تێدایە. سەرەتا دەبێت ژنەکە لەوەزارەتی کاروباری ژنان داوایەك تۆماربکات، پاشان لەگەڵ پیاوێکی خزمی نزیکیدا لەدادگا ئامادەبێت. کەسوکاری ژن، بەهیچ کلۆجێك بەو جیابوونەوەیە رازی نابن، ئەگەر بێتو ژنەکە داوای جیابوونەوە بکات، ئەمەش لەبەر خاتری منداڵەکانیان. ئەمە دەرئەنجامێکی سی ساڵەی شۆفینیزمی نێرینەیە، وەلێ بەوەرگرتنی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزو چەواشەکاری تێیدا، پاسادانیان دەکرد.

هیوادەخوازم نەوەی نوێ بەچەشنێك پەروەردەبکەین، کە ئەم دژبەرییە لەئاست ژناندا بگۆڕن. لەئەزمونی خۆمەوە ئەو هیوایەم بۆ دروستبووە، چوون فێری ئەوەی کردوم، کە سەرباری هەژمونی زاڵی ئوسوڵگەرایی، سەرەڕای وێناکردنی چەقبەستویی کۆمەڵگەکەمان لەمیدیای رۆژئـاوادا، زۆری پیاوە ئەفغانییەکان، سەرکردایەتی ژنیان لاپەسەندە، بەمەرجێك لەناخی دڵەوە باسی ناواخنی ئەو گیروگرفتو نەهامەتیانە بکەین، کە لە ژیانیاندا دووچاری هاتوون. چەندەها پیاو سەردانیان کردم، تا پێمبڵێن ئامادەن کار بۆ دۆزەکەم بکەن. بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەنو رەگەزم، دەیانویست لەمنەوە رێبەریو رێنمایی وەربگرن. ئەمە ئەو بڕوایەی لا دروستکردم، کە ئەگەر بێت و لە ئەفغانستان ژنانی زیاتر تێبکۆشن، خەبات بۆ مافەکانمان و دادپەروەری بکەن، ئەوا زۆرینەی پیاوە هەژارە ئەفغانییەکان وەك هاوخەبات بەلای خۆماندا رادەکێشین.

زۆرجار ئامۆژگاری قوربانیانی لاقەکراوم دەکرد. لاقەکراوان لە ئەفغانستان دووجار ژیانیان لێکراوەتە دۆزەخ: کاتێك دەستدرێژییەکە دەکرێتە سەریان، کاتێکیش لەلایەن کۆمەڵگەوە نەفرین باران دەکرێن. راگەیاندنی ئەوەی کچێك،

یان ژنێك لاقەكراوە، ئابڕووی تەواوی خێزانەكەیان دەبوو. زۆرێك وای دادەنێن قوربانیانی لاقەكراو بۆ هەمیشەیی زەرەرمەندبوونو ناتوانن هاوسەرگیریبكەن. تەنانەت هەندێك جار ئەندامانی خێزانەكە ئەو ژنە دەكوژن، كە لاقەكراوە و زۆر جاریش ژنەكە خۆی كۆتایی بەژیانی دەهێنێت. لای خۆمەوە ئامۆژگاری ئەو ژنە قوربانیانەم دەكرد بەوەی، لەڕێی داكۆكیكردنیان لەژنانی تر ئازارو تراژیدیای بەسەرهاتەكانیان پێچەوانەبكەنەوە بۆ شتێكی نەرێنی. هانمدەدان بێدەنگ نەبن، پێمدەوتن هاتنەقسەیان ئەركی سەرشانیانە. دەموت، «با دەست بخەینە نێو دەستی یەك. مافەكانی ژنان شتێك نییە ببەخشرێت، بەڵكو دەبێت بسەنرێت، پێویستە پێكەوە كارو خەباتیان بۆ بكەین».

یەكێكی تر لە بیرەوەرییەكانم سەردانی دوو كچ بوو، كاتێك هاتنەلام داوایەكی گرنگیان لێكردم. سەرەتا تەلەفونیان كرد، منیش داوایی پرسیم چۆن دەتوانم كۆمەكتان بكەم. نەیاندەویست لەتەلەفونەكەدا پێمبڵێن كێشەیان چی بوو، لەبەرئەوە داوام كرد سەردانم بكەن. پاشتر دەركەوت ئەم كچانە دەیانویست من بچمە لای باوكیان، تا رازی بكەم رێگە بەكچەكانی بدات بخوێنن. منیش رەزامەندیم پیشانداو سەردانی باوكیانم كرد، روونبویەوە باوكیان یەكێك بوو لەپشتیوانكارە گەورەكانم. گفتوگۆیەكی دورودرێژمان دەربارەی سودەكانی خوێندن بۆ كچان، گرنگی هەبوونی پێناس لەلایەن ژنانەوە، كەڵك بینین لەدەرفەتەكانی ژیان ئەنجامدا.

پێموت كاتێك تۆ پشتیوانیم لێدەكەیتو دەڵێیت دەنگی من دەنگی تۆیە، دەبێت لەیادت بێت، كە ئەگەر من خوێندەوار نەبام، چۆن دەبوومە دەنگی تۆ؟ كاتێك دەڵێیت من ئەو پەیامە دەگەیەنم كە لەدڵی تۆدایە، هۆی ئەمە ئەوەیە، كە من چومەتە قوتابخانە و كتێبم خوێندۆتەوە. لێرەوە دەبێت تۆش رێ بەكچەكانت بدەیت رۆشنبیربن، ئەوكات ئیدی وەك منیان لێدێت.

ئەم گفتوگۆیانە كاریگەرییان لەسەری درووستكرد، رازی بوو كچەكانی

بنێرێت بۆ قوتابخانە. کچەکان زۆر خۆشحاڵبوون. هێشتاش رووی خۆش‌و زەردەخەنەی سەر سیمایانم لەیادە، کاتێك رێگەیانپێدرا بڕۆنە قوتابخانە، گەلێ سوپاسیانکردم.

میوانی تر دەهاتن بۆ دیدارم و پرسیاری جیاوازیان لێدەکردم: «چۆن یارمەتیت بدەین؟»

خەڵك هەمیشە دیارییان دەهێنا، بێشك خەڵاتەکان بەپێی باری ئابوری کەسەکان جیاواز بوون. هەندێکیان بزن‌و شیرو ماستیان دەهێنا، هەندێکی تر لەباخەکانیان سەوزەو میوەیان دەهێنا، هەندێکیش کەلوپەلی ئاینییان دەهێنا تا پارێزراوبم. هەبوو جلوبەرگی دەهێنا. بەرگدروویەك جلوبەرگی بۆ هەموو پاسەوانەکانم دابینکرد. جارێکی تر کاتێك بانگێشتکرام بۆ بازاڕێکی لۆکاڵی تا وتارێك بدەم، پشتیوانکارێك رایگەیاند هەموو ئەو ژنانەی هاوەڵییان کردبووم، گرانبەهاترین پۆشاکیان لەبازاڕاکەدا وەك دیاری پێدەبەخشێت. شیعرم بەسەردا دەنـوسراو لەڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا بڵاودەکرانەوە، یان بۆخۆم دەنێردران. ژمارەیەك خەڵك 32 پارچە زەوی رووبەر جیاوازیان بەخشی، ئەمە لەکاتێکدا بەنرخترین موڵکدارییی لە ئەفغانستاندا زەوییە، بەو نیازەی بتوانم بۆ دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە بەکاریانبهێنم، بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی فەند، هێشتا هیچ بینایەکی خزمەتگوزاری لەسەر ئەو زەویانە دروستنەکراون.

هەندێکجار خەڵکی لەشوێنە دوورەکانەوە دەهاتن بۆ دیدارم. بەتایبەت شەوێکم دێتەوە یاد، کاتێك دوو ژنی هەژارو داماو هاتنە سەردانمان. دوای گەشتێکی دوورودرێـژ، ئێوارە گەیشتنە ماڵمان، منیش پێشوازیم لێکردن‌و هەندێك خواردنم بۆ ئامادەکردن. پێکەوە نانمان دەخواردو قسەمان دەکردو وەك نواندنی رێزو خۆشەویستی پێم دەوتن «دایە»، ئەوانیش بەمنیان دەوت «رۆڵەکەم»، پاشان‌و دوای نانخواردن یەکێکیان پرسی، «کەی دەتوانین مەلالای جۆیا ببینین؟»

لەوەڵامدا وتم، «بەمزوانە دەیبینن».

هەندێك لە پشتیوانکارەکانم پۆستەر و سی دییان دروستکردبوو بۆ بڵاوکردنەوەی وتەکانی لۆیا جیرگا، ئەو میوانانەش داوای پۆستەری مەلالای جۆیایان دەکرد.

منیش زەردەخەنەیەکم کردو پێموتن بەدڵنیاییەوە دەتاندەمێ، چەند پۆستەرێکم دایە دەستیان. کاتێك گەڕامەوە بۆ ژوورەکـە تەماشای وێنەی ناو پۆستەرەکەیان دەکرد، پاشان زیاتر لەنزیکەوە لێم وردبوونەوە و بڕوایان نەدەکرد ئەوە من بم.

«بۆچی نەتوت ئەوە منم، ئەی کەس نییە لێرە یارمەتیت بدات؟»

پێموتن هاوپیشەکانم ئەم ئێوارەیە چوونەتە دەرەوە، ئیدی باوەشیان پێداکردمو ماچیانکردم. چەند رۆژێك دوای گەڕانەوەم لە لۆیا جیرگا پیاوێکم بینی پێیوتم، پێشترو تا بڵاوکردنەوەی وتارەکەت لەڕادیۆدا لە فەرەح تەنها پیاو رادیۆیان هەبوو، ژنان حەزیان لەگوێگرتنی رادیۆ نەبوو.

وتی، «دوای وتارەکەت ژنەکانیشمان حەزیان لێیە گوێ بۆ رادیۆ بگرن، تا ئاگایان لەهەواڵی تۆ بێت». گازندەی کرد گوایە لەگەڵ ژنەکەیدا توشی گرفت بووە ، چونکە ئەویش دەیەوێت گوێ بۆ رادیۆ بگرێت، لەحاڵێکدا پێشتر رادیۆکە تەنها موڵکی خۆی بووە!

دانیشتوانی فەرەح لەهەموو پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوەیان خستەڕوو، کە لەحاڵی وەستانەوەمدا دژی سەر دەستەی میلیشیاکان دەبنە پاڵپشتم. جارێکیان ژمارەیەك ریش سپی سەردانیان کردم.

دوای ئەوەی سەلامم لێکردن یەکێکیان وتی، «ویستمان چاومان پێتبکەوێت، ئەو کەسەی لە کابول پێیوترا (بێباوەڕ).

تا رادەیـەك بەشپرزەییەوە چاوەڕێم دەکـرد قسەی تر بکەن. «ئێمە کەسانێکی زۆر ئایینداریـن، بەڵام ئەگەر ئەو تاوانکارانە لە کابول بە تۆ بڵێن

(بێباوەڕ)و (کۆمۆنیست) ئەوا ئێمەش (بێباوەڕ)و (کۆمۆنیست)ین.

دوژمنەکانم تەنانەت لەبەرامبەر ئەو راستییەی، کە میوانم زۆر بوو هەوڵیاندەدا قسەو قسەڵۆکم بۆ هەڵبەستن. بۆ نمونە، پڕوپاگەندەیەکیان بڵاوکردەوە، گوایە هۆکاری سەردانکردنی ئەو هەموو میوانە ئەوەیە، کە من لاقەکراوم و هاتنی ئەوان بۆ دڵدانەوەی خێزانەکەمە. هەوڵیاندەدا عەیب و لەکەداریی لاقەکردن بقۆزنەوە و ناوی منی پێ بزڕێنن، بەڵام لەو حاڵەتەدا خۆشبەختانە زۆربەی ئەو ئەفغانییانەی سەردانیان دەکردم، هاوشێوەی ئەو کۆمەڵە پیاوە ریش سپییە بوون، کە هاتنە سەردانم و بەرپەرچی گشت درۆ و دەلەسەو ناوزڕاندنەکانیان دەدایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چەند حاڵەتێکی جیاوازی مەترسیدار هەر هەبوون.

# بەشی حەوتەم
# وەرزێکی مەترسیدار

چەند مانگی دوای وتارەکەم لە لۆیا جیرگادا، مەترسیدارترین کاتی ژیانم بوو، بگرە لەو ساڵانەش پڕمەترسیتر بوون، کە لەژێر فەرمانڕەوایی تاڵیباندا وانەم دەوتەوە. لەحاڵێکدا شێوەو ناوم لەهەموو سوچو کوڵانێکی ئەفغانستاندا ناسرابوو، لەوڵاتەکەمدا کەسانێك هەبوون تەنها مەبەستیانبوو ئازارم بدەن. دوژمنەکانم کەوتبوونە پڕوپاگەندەی ئەوەی مەلالای جۆیا وڵاتی جێهێشتووەو تەنها بەخاتری وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی ئەو وتـارەی لە لۆیا جیرگادا خوێندۆتەوە. بە داخەوە لەرابردودا ئەو کەسانەی دژی سەردەستە تاوانکارەکان قسەی توندیانکردبوو، لـەدەرەوەی وڵات مافی پەنابەرێتیان وەرگرتبوو. دەمویست پیشانیبدەم، کە وڵاتم بەجێنەهێشتووەو هەرگیز لە ئەفغانستان دەست لەخەباتکردن هەڵناگرم. دەمەویست نیشانی سەردەستەی میلیشیاکان بدەم، کە لێیاننناترسم.

لەبەرئەوە کاتێك لەئازاری ساڵی 2004دا وەزیری کاروباری ژنان بانگێشتی کردم، تا ئامادەبم لەڕۆژی جیهانی ژنان (IWD) لە کابول، داواکەم پەسەندکرد. دەمزانی ژمارەیەکی زۆری راگەیاندنو بەرپرسە باڵاکان، بە حامید کارزایشەوە، لەو رۆژەداو بۆ ئەو بۆنەیە ئامادەدەبن. شایانی باسە لەدوای لۆیا جیرگا-وە، ئەمە دەبووە یەکەم دەرکەوتنم، بیرم دەکـردەوە و لەهەلێك دەگەڕام قسەی تێدابکەم، تا ئەو پەیامە تەواوبکەم، کە پێشتر بوارم پێنەدرا بیگەیەنم. لەژێر بورکاکەمو بەهاوەڵی خاڵە ئازادو پاسەوانێکی تر بەپاس بەرەو کابول بەڕێکەوتم.

کاتێك گەشتمە کابول، بەوپێیەی وەزیری کاروباری ژنان دەیزانی هەڕەشەم لەسەرە، دەستەیەك پاسەوانی بۆ دابینکردم، لەدوو ژنو دوو پیاو پێکهاتبوون. پاسەوانەکانی خۆم رێگەیان پێنەدرا بچنە شوێنی بۆنەکە، بۆنە سەرەکییەکە لەهۆڵێکی گەورەی کابولدا سازکرا، تیادا چەندین کەس کاتی وتاردانیان بۆ رێکخرابوو. لەبەد بەختی من، ئەو بەرپرسەی سەرۆکایەتی بۆنەکەی دەکرد،

ژنێك بوو پەیوەندی بە ئیسماعیل خانی پارێزگاری هیرات-ەوە هەبوو، ئەو دوژمنی من بوو. کاتێك وتم دەمەوێت وتارێك پێشکەشبکەم، بەتوندی رەتیکردەوە. وەختێکیش داوام لە حەبیبە سەرابی وەزیری کاروباری ژنان کرد، دەرفەتێکم بۆ برەخسێنێت پێیراگەیاندم، کە دەسەڵاتی کارێکی وەها نییە.

ئیتر پێموابوو دەرفەتم بۆ نارەخسێت، بەڵام کاتێك سەرۆك کارزای دەستیکرد بە وتار، کاغەزێکم بۆ نوسیو تێدا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد، چەند بەسەرهاتێکی نەبیستراو دەزانمو دەمەویت باسیبکەم، تکام لێکرد داوا لەرێکخەرانی بۆنەکە بکات بوارم پێبدەن قسەبکەم. کاغەزەکەم دایە دەست یەکێك لەرێکخەرەکانو ئەویش لەو دەمەی وتارەکەی دەدا، گەیاندیە دەستی جەنابی کارزای. بینیم کارزای تەماشای کاغەزەکەی کردو لەسەر مێزەکە داینا. کاتێك تەواو بوو، کاغەزەکەی دایە دەست ئەو کەسەی بانگی وتارخوێنەکانی دەکرد، بۆ خۆشی بۆنەکەی بەجێهێشت، بۆیە هێشتاش دڵنیانەبووم دەرفەتەکەم پێدەدرێت یان نا.

ئەو دەمەی لەجێگاکەی خۆمدا بەپەرۆشەوە چاوەڕێ بووم، ژنێك کە لەپاسەوان دەچوو هاتە لامو بەشێوەیەکی رەق و بەدەنگێکی ناساز پرسی، «تۆ مەلالای جۆیایت؟» ئەو بەزمانی (داری) قسەی دەکرد، بەشێوەزارێك، کە لە ڤالی پەنجەشیر باو بوو، ئەو شوێنەش پێگەو سەنگەری هاوپەیمانێتی باکور بوو. هەموو ئاکارو رەفتارو بێ رێزییەکەی گومانی ئەوەی بۆ دروستکردم، ئەو کاری بۆ سەردەستەی میلیشیاکان دەکرد.

کاتێك وتم «بەڵێ، من مەلالای جۆیام»، وتی لەدەرەوە میوانێك چاوەڕێت دەکات. «کەسێکە دەڵێت لە لۆیا جیرگا-دا پاسەوانت بووەو دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات. تکایە برۆ بیبینە».

پێموابوو یەکێك بێت لەو سەربازە بەڕێزانەی لەخانووە بێمەترسییەکەی UN-دا پاسەوانی دەکردین، بەڵام نەمتوانی برۆمو هێشتا چاوەڕێی دەرفەتی قسەکردن بووم.

وتم، «سوپاس بۆئەوەی کە پەیامەکەت گەیاند، وەلێ ئێستا چاوەڕێی نۆبەی قسەکردنم دەکەم». بەناشیرینی وتی، «باشە، پەیامەکەم پێگەیاندیت. کەیفی خۆتە چی دەکەیت».

چەند چرکەیەك دواتر، ناوم خوێندرایەوە بۆ چوونە سەر دوانگەکە. ئەو کاغەزەی ناردم بۆ کارزای ئیشی خۆی کردبوو. لەوکاتەی چومە سەر دوانگەکە بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەم، پاسەوانەکانم بێ ئەوەی من پێیانبڵێم چوبوون تا بزانن ئەو کەسە کێ بوو، کە دەیویست من ببینێت.

هەرچۆنێك بوو ئەو دەرفەتەم قۆستەوە بۆ تەواوکردنی ئەو وتارەی لە لۆیا جیرگا-دا نیوەو ناچڵراگیرا، بیری ئەو ژنە ئامادەبووانەم هێنایەوە، کە هەرگیز مافەکانمان وەك دیاری پێشکەش ناکرێت، بەڵکو تەنها لەڕێی هەوڵی نەپساوی خەباتی نەبڕاوەمانەوە پێیاندەگەین. هاوکات دەرفەتەکەم بەکارهێنا بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو قسە هەڵبەستراوانەی دوژمنەکانم بڵاویاندەکردەوە بۆ لەکەدارکردنو گومان خستنەسەرم، وەك ئەوەی دەیانوت قسەکردنو رەخنەگرتنم تەنها بۆ ئەوەبوو، تا لەوڵاتانی رۆژئاوا ناو پەیدابکەم و مافی پەنابەرێتیم پێبدرێت. ژیانی ئاسودەم لە تاراوگە هەرگیز بەلاوە پەسەند نەبوو، رووومکردەوە کە پێمباشە لە ئەفغانستان گیانم بسپێرم، لەبری ئەوەی دەستبەرداری ببم.

ئـامـادەبـووان بـەڕوونـی لە قسەکانم تێدەگەشتنو لـەدوای هەموو رستەیەکیشەوە دەکەوتنە چەپڵەلێدان.

کاتێکیش لەوتارەکەم تەواو بووم، دیسانەوە کەوتنەوە چەپڵەڕێزانو منیش گەڕامەوە جێگەکەی خۆم، بینیم پاسەوانەکانم چاوەڕێیان دەکردو زۆر شڵەژابوون. لەناو ئامادەبووواندا ژنان هەوڵیاندەدا بێنەلام، دەستخۆشیم لێبکەن، قسەم لەگەڵدا بکەن، بەڵام پاسەوانەکانم رێیان پێنەدەدان. دەمویست سەلام لەو ژنان بکەمو بچمە لایان، بەڵام رێگەم پێنەدەدرا. دیاربوو شتێکی خراپ

لەگۆڕێ بوو. پێش ئەوەی دابنیشم بەپاسەوانەکانم وت دەمەوێت چاوم بەو میوانە بکەوێت، کە لەدەرەوە چاوەڕێی دەکردم. پێیانوتم نابێتو پێویستە هەر ئێستا بڕۆین، بەپەلە بردیانم بۆ ژوورێکی تەنیشت هۆڵەکە، پاشان یەکێك لەژنە پاسەوانەکان پێیڕاگەیاندم چی روویدابوو. کاتێك رۆیشتبوونە دەرەوە تابزانن ئەو پیاوە کێ بوو، لێیکەوتبوونە گومانەوەو بڕیاریاندابوو بیپشکنن. کاتێك پشکنیبوویان دەمەناچەیەکیان پێگرتبوو، پاشان دەستبەجێ دەستگیریان کردبوو. ئەو ژنە پاسەوانە پێیڕاگەیاندم، کە رەنگە ئەو کەسەیان بۆ کوشتنی من ناردبێت.

دەبوایە لەو ژوورە بمێنمەوە تا بۆنەکە تەواو دەبێتو کەسی لێنامێنێت، پاشان پاسەوانەکانم ناوچەکەیان پشکنی. داوایانلێکردم بورکاکەم بپۆشم، دەوریان دام و بەرەو ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهای جامڕەش رێنوێنییان کردمو سـواری ئۆتۆمبێلەکە بـووم، ئەوانیش دەستبەجێ لەو ناوچەیە دووریـان خستمەوەو بەرەو شوێنێکی ئارام بردیانم.

سەرەڕای هەوڵەکانم، هەرگیز نەمزانی چی بەسەر ئەو پیاوەدا هات، دوای ئەوەی دەستگیرکرا، بگرە نەمزانی ناویشی چیبوو. گومانم بۆ دوو سیناریۆی گریمانکراو دەچو: ئەو بکوژە لەلایەن سەردەستەی میلیشیاکان، یان کەسێکی ترەوە نێردرابوو، دواتریش زۆر بە ئاسانی لەلایەن ئەوانەوە ئازاد کرابوو، یاخود دیمەنێکی رێکخراو بوو، بۆئەوەی بمترسێنن و واز لەقسەکردن بهێنم لەدژیان.

ئەو رووداوە مایەی شپرزەیی و دڵەڕاوکێ بوو، بەڵام لەکەمکردنەوەی گەشتەکانم بۆ کابول دەستم هەڵنەگرت. لەمانگەکانی دواتردا ناوبەناو سەردانی کابول-م دەکرد. هێشتا ئەرکێکی زۆرم لەسەرشان بوو جێبەجێیانبکەم.

لەوکاتەدا خاڵە ئـازادی ئازیزم بـەردەوام خۆی بۆ پاراستنم تەرخان دەکردو هاوڕێو خزمو کەسانی متمانەداری دادەنا بۆ پشکنینی میوانەکانم، هەرکات گەشتم بکردایە هاوەڵییان دەکردم. یەکەمجار شتێکی زۆر نامۆ بوو،

کاتێك بـەردەوام چـواردەورم بەپاسەوانی گەنج گیرابوو، بەجلی سەربازیو کڵاشینکۆفەوە، بەڵام دواتر بووە ڕۆتینی ژیانم، لەبەرئەوەی بۆ هەرشوێنێك بڕۆیشتمایە، مەترسی تازە یەخەی پێدەگرتم، هاتوچۆکردنم تا دەهات مەترسیدارتر دەبـوو، بـەڵام هەوڵمدەدا ئەو مەترسیانە زۆر کاریگەریی بەسەرمەوە دانەنێن.

لام گرنگ بوو سەردانی بەشە جیاوازەکانی ئەفغانستان بکەم، بۆئەوەی سەرەتا بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنم، پاشان پەیامی تێدا بڵاوبکەمەوە، بەم نیازە بانگێشتێکم پەسەندکرد، تا لەمزگەوتێکی گوندی زیکەن-ی زێدی لەدایکبوونم وتارێك بخوێنمەوە.

لەوکاتەی بەڕێگە پڕ پێچو پەناو چاڵو چۆڵەکاندا بۆ زیکەن بەڕێکەوتبووین، هاوڕێیەکم وتی رەنگە ئەمە یەکەمجار بێت لەمێژووی ئەفغانستاندا، کە ژنێك بانگێشتی مزگەوتێك بکرێت بۆ پێشکەشکردنی وتارێکی سیاسی. بێشك ئەو کارە ڕووداوێکی نامۆ بوو. ژمارەیەکی زۆر لەلایەنگرانم بە ئۆتۆمبێلو ماتۆڕ هاتنە قافڵەکەمانەوە و پێیانوتین ئاگایان لەئاسایشی دەوروبەرمان دەبێت، نەوەك گرفتێك بێتە ڕێمان. ئەو ڕۆژە ئەو حەشاماتە زۆرە هەنگاو بە هەنگاو بەشوێنمانەوە بوون.

کاتێك گەشتینەجێ، لەناو مزگەوتەکەدا سـەدان پیاو کۆببوونەوەو بەدیوارەکانی دەرەوەدا بڵندگۆ هەڵواسرابوو، بۆ ئەوەی لـەدەرەوە خەڵك زیاتریش گوێبگرن. لەنێو ئامادەبوواندا سەرۆك هۆز، لایەنگری دێرین، کەسانی زانخواز هەبوون، لەگەڵ ژمارەیەك لەو کەسانەی بۆ گوێگرتن هاتبوون، هەرچەندە لەگەڵ بۆچوونەکانیشم تەبانەبوون.

لەلایەن هەندێك ریشسپییەوە بەگەرمی بەخێرهاتنم لێکرا، بەتەنیشت پاسەوانەکانمەوە لەشوێنێکدا دانیشتمو چاوەڕێی نۆبەی خۆمم دەکرد. کاتێك چاوم بەنێو ئامادەبوواندا دەگێڕا، زۆر بەوریاییەوە بیرم لەچۆنییەتی پێشکەش

کردنی وتارەکەم دەکردەوە. ئەوە شەرەفێکی گەورە بوو، بەتایبەتی لەبەرئەوەی من کچێکی گەنج بووم، تەنها سێ رۆژ بوو پێمنابووە بیستو شەش ساڵییەوە. ئاماژەیەك بوو بۆئەوەی، لەپارێزگاکەمدا پشتیوانییەکی گەورەم هەبوو، هەروەها ئەو دوژمنانەی پێیاندەوتم بێباوەڕ لەهەوڵی بێمتمانەکردنم لەنێو خەڵکدا شکستیان خواردبوو. دوای ئەوەی ئیمام بەخێرهاتنی کردم، کەسێکی ریشسپی گوندەکە بەئامادەبووانی ناساندم. چومە لای مایکرۆفۆنەکەو سەلامم لەگوێگران کرد، سوپاسی ئەوانم کرد بانگێشتیان کردبووم، جارێ بەدەر لەم قسانە، هیچی ترم نەگوتبوو لەناکاو لەنێو ئامادەبوواندا دوو پیاوی تەمەن مامناوەند، کڵاوی سپیو شالوار کەمیسیان* لەبەردابوو هەستانە سەرپێو هاواریانکرد، «ئەو کچە سوکایەتی بە موجاهیدین کردووە! رێ مەدەن قسە بکات!»

ئەو دوانەو ژمارەیەکی تری ناحەزان لەنێو ئامادەبوواندا، بەردەوام هاواریان دەکردو هەوڵیاندەدا بۆنەکە تێکبدەن، دواتر کۆمەڵێك کەس توانیان بەپاڵ بیانکەنە دەرەوەی مزگەوتەکە. خۆشبەختانە، هێندەی پێنەچوو توانیم لەوتارەکەم بەردەوام بم.

باسی زۆر بابەتم کرد، وەك پێداگریکردن لەسەر دابینکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، مافی ژنانو دیموکراسی. تەنانەت باسی پێویستیمان بۆ حکومەتێکی عەلمانی کرد لە ئەفغانستان. رونمکردەوە بڕواموایە ئاین بابەتێکی تایبەتەو پەیوەندی بە سیاسەتو حکومەتەوە نییە. وتم وەك چالاکوانێکی کۆمەڵایەتیو سیاسەتمەدارێك زۆر باسی ئیسلام ناکەم. زۆرجار توندڕەوەکان ئیسلام بەکاردەهێنن، بۆ پاساوی تاوانەکانیان دژی گەل. سیاسەتمەدارەکانیش ئیسلام وەك کەرەستە بەکاردەهێنن نەوەك بێن سەرنج بخەنە سەر ئەوەی چ رێسایەك جێبەجێبکەن. گەلی ئەفغانستان، ئیسلام لەناخی دڵو لە مێشکیاندایە. ئەوان پێویستیان بەو کەسانە نییە دەسەڵاتو فەرمانڕەواییان

بەناوی ئیسلامەوە بەسەریاندا بسەپێنن، ئەوی ئەوانە ئەنامی دەدەن مایەی شەرمە بۆ خودی ئاینی ئیسلام. لەبەرئەوە، گەل لەحکومەتەکەیدا نیازی ئەو جۆرە مرۆڤانە نییەو پێویستیان بەهیچ کەسو سیاسەتمەدارێکیش نییە رێنوێنیان بکات لە بڕواداریياندا.

بۆم روونکردنەوە کە ئێمە لەباتی ئەم تێکەڵاوکردنە مەترسیدارەی ئاینو سیاسەت، پێویستمان بەحکومەتێکی عەلمانی هەیە، حکومەتێك لەئاین جیابێت هەروەك ئەمە بابەتێکی تایبەتە بەبیرو باوەڕی مرۆڤەوە. جیاواز لەوەی سەردەستەی میلیشیاکان بانگەشەی بۆ دەکەن، حکومەتی عەلمانی جێی مەترسی نییە. مەبەست لێی جیاکردنەوەی ئاینو سیاسەتە، هەڵبەتە بەڕاستی زامنو گەرەنتی مافی سەربەستیی هاووڵاتیان دەکات لەبیرو باوەڕ و ئاینیشدا.

لەو دەمەی قسەمدەکرد، تەماشای یەکێك لەهاوەڵە پاسەوانەکانم کرد. دیم بەپەشۆکاوی لەخەڵکەکە ورد دەبووەوە و دەیویست بزانێت کاردانەوەیان چی دەبێت، بەڵام پێویستی بەنیگەرانی نەبوو، چوون زۆر بەباشی گوێیان بۆ پاشماوەی وتارەکەم راگرت.

پێش ئەوەی وتارەکە پێشکەشبکەم دوودڵ بووم لەوەی داخۆ کاتی ئەوە هاتووە بەئاشکرا باسی علمانییەت بکەم یان نا، بەڵام هەرگیز نابێت ئاستی هۆشیاریی سیاسی خەڵك بەکەم دابنرێت. وێڕای ئەوپەڕی هەوڵو تەقەلای سەردەستەی میلیشیاکان، هێشتاش سیکولاریزمو دیموکراسی جەماوەری خۆیان هەیەو دەتوانن گوڕوتین بەخەڵك بدەن. پیاوەکانی ئەو مزگەوتە تێگەشتن لەوەی نابێت ئیسلام لەبەرامبەر مەرامە سیاسیەکاندا لەبەهای کەمبکرێتەوە. لەڕاستیدا زۆرێکیان ببوونە قوربانی ئەو دەستەو کۆمەڵانەی بەو ناوەوە کاریان کردبوو.

لە ئەفغانستانێکی ئازادو دیموکراتدا، لەسایەی حکومەتێکی سیکولاردا، وێنەی ئیسلام بەپارێزراوی دەمایەوەو بێشك نەدەشێوێندرا.

وتارەکەم تەواوکردو لەشوێنی خۆم دانیشتمەوە. دوای ئەوەی هەموومان هەستان بڕۆین یەکەم کەس، کە بەرەوڕووم هات، ئیمامی مزگەوتەکە بوو. پیاوێکی زۆر رووخۆشو بەڕێز بوو، پێیوتم کە هاوڕایە لەگەڵم. زۆرێك لەو رابەرە ئاینییانەی ئامادەبوون هاتنەلامو بەزمانی خۆیان پێیانڕاگەیاندم، کە ئەوانیش هاوبەشی بیروبۆچونەکانم دەکەن. تەنانەت داوایانکرد وێنەیان لەگەڵدا بگرم. هەموو ئەم شتانە پاڵنەرێکی زۆر باشبوون.

ئەو رۆژە کاتێك لەمزگەوتەکە چوومە دەرەوە، ساتی کۆبوونەوەی پشتیوانکارەکان بۆ ماڵئاوایی لێکردنمان دیمەنێکی زۆر جوان بوو. کیژۆڵە بەگوڵەوە هاتبوون، خەڵك قسەی زۆر جوانو شیرینیان دەکرد. کاتێك بەرەو ئۆتۆمبێلەکە یاوەری دەکرام، پیاوێکی بەتەمەنی بێقاچم بەدیکرد، بەرەوڕووی چووم. سەلامی لێکردمو گوڵی پێشکەشکردم. پێیوتم جەنگاوەرێکی پێشووی خەباتگێڕی موجاهیدین بـووە، هاوکات قسەکانم بەلایەوە پڕ بەپێستی خۆیان بوون. سوپاسی پشتیوانییەکەیم کردو گوێم بۆ بەسەرهاتی زیاتری گرت، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی کاربکات، بەدەست نەبوونیو دەستکورتییەوە دەینالاند، کاتێك باسی چەرمەسەرییەکانی خۆیی بۆ کردم فرمێسك لەچاوانییەوە هاتنەخوار. ئەم پیاوە لەپێناو وڵاتەکەیدا ژیانی خۆی کردبووە قوربانی، دواتر توانیمان هەندێك کۆمەکی دارایی بۆ تەرخانبکەین.

پاشان سەردانی چەند قوتابخانەیەکی کوڕانو کچانم کرد، تا قسە لەگەڵ خوێندکارانو مامۆستایان بکەم. هەمووان بەگوڕوتینەوە پشتیوانییاندەکردم، تەنانەت هەندێکیان شیعرگەلێکیان خوێندەوە، کە بە باڵای مندا وترابوون. سەردانی چەند ماڵێکم کردو بەنۆرە لەتەك پیاوانو ژنان کەوتمە دوان.

لەکۆتایی ئـەو رۆژە پڕ ماندوێتیو خۆشیو شادییەدا، لەوکاتەی ئۆتۆمبێلەکەمانو کاروانی لایەنگرەکان کەوتینەڕێ بەرەو فەرەح، هەموو لایەك بە جۆشو خرۆشەوە ماڵئاواییان لێدەکردین، بەڵام لەوکاتەی لە دەرەوەی

شارۆچکەکە و لەپردی هارۆت نزیکبووینەوە، بارودۆخەکە گۆڕا. بۆمبێکی گەورە لەپێشمانەوە تەقیەوەو زرمەو روناکییەکی بەهێزی لێوە بەرزبوویەوە، لەجێگەی خۆماندا رایتەکاندین. تەماشای ئەو تۆزو خۆڵو دوکەڵەمان دەکرد، کە لەپردەکەوە بەئاسماندا پەرشو بڵاودەبوەوەو بەسەر سەقفی ئۆتۆمبێلەکەماندا وەك نمەی باران دادەباری. شۆفێرەکەم بەخێرایی تەماشایەکی کرد تا بزانێت هەمووممان سەلامەتینو بریندار نەبووین، پاشان پێچی کردەوەو بەخێرایی بەرەو زیکەن کەوتەڕێ. لەوێ ژمارەیەکی زۆری پشتیوانکار چواردەوریان تەنینو بەڵێنیاندا پارێزگاریمان لێبکەن.

وەختێکیش گەیشتینە شوێنێکی سەلامەتو دوور لەپردە پڕ چڕەدوکەڵەکە، پەیوەندیم بەدەسەڵاتدارانی شاری فەرەحەوە کرد. کاتێك قسەم لەگەڵ یەکێك لەفەرماندە لۆکاڵییەکاندا کرد، لەمەڕ رووداوەکە، هیچ هاوکارییەکی نەنواند، لەبەرئەوەی ئەو ناحەزێکی من بوو، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەردەستەی میلیشیاکاندا هەبوو. بەپێشنیاری هەندێك لەپشتیوانکارە لۆکاڵییەکان پەیوەندیم بە عەلی ئەحمەد جەلالی وەزیری ناوخۆوە کرد لە کابول. جەلالی بەڵێنیدا خۆی پەیوەندی بەپۆلیسی فەرەحەوە بکاتو فەرمانی ناردنی ژمارەیەك پۆلیس بکات تا بەتەنگمانەوە بێن. کاتێك هێزەکان گەیشتن، گفتوگۆیەکی زۆرمان لەتەك کردن، پاشان بڕیارماندا بەڕێگەیەکی تردا بەرەو فەرەح بگەڕێینەوە. ئەو جارەیان کاروانی ئۆتۆمبێلەکامنان تەنها سەرباز یاوەری نەدەکرد، بەڵکو دەستەیەك گەنج بەسواری ماتۆڕەوە ئەملاولایان گرتبووینو لەکاتی رێکردنماندا بەدەنگی بەرز پشتیوانیو پاڵشتی خۆیان دووپاتدەکردەوە.

ئەو هەوڵەی کوشتن کە لەبەرواری 28ی نیسانی 2004دا روویدا، بەڕێکەوت نەبوو، بەڵکو بـەرواری یادی ساڵانەی کۆنترۆڵکردنی کابول بوو لەلایەن موجاهیدینەوە لەدوای رووخانی رژێمە کارتۆنییەکەی روسیا لەساڵی 1992دا. بەئاشکرا سەرکۆنەی بەرپرسە حکومییەکانم کرد، لەبەرامبەر سازدانی بۆنەو

یادی گەورە بۆ ئەو رۆژی سەرکەوتنە لەهەردو شاری فەرحو کابولدا، بەڵام ئەم کارە نمونەیەکی بێشەرمانەی دیکەی کارزای بوو بۆ دڵڕاگرتنی سەردەستەی میلیشیاکان. رۆژی راستەقینەی سەرکەوتن بۆ گەلی ئەفغانستان 15ی شوباتی 1989 بوو، ئەو رۆژەی دوا سەربازی سۆڤیەت وڵاتەکەیان بەجێهێشت.

بەدڵنیاییەوە ئەو رووداوە گۆڕانی بارودۆخی ژیانمی بەشێوەیەکی مەترسیدار زەقکردەوەو تا دەهات سەردانیکردنی بەشە جیاوازەکانی فەرەح سەختو قورستر دەبوو. لەبەرامبەردا، پشتیوانکاران خۆیان دەهاتن بۆ بارەگاکانمان لە فەرەحو لەوێ چاومان بەیەکتر دەکەوت. زۆرجار هەواڵی ناخۆشیان دەهێنا. لەهەندێك شارۆچکەدا، سەردەستەی میلیشیاو فەرماندە لۆکاڵییەکانیان کۆنترۆڵی تەواویان بەدەستەوە بوو، میلیشیاو بەندیخانەو خانەی ئەشکەنجەی تایبەت بەخۆیان هەبوو. هەواڵمان پێدەگەیشت خەڵکی بەندکرابوون، تەنها لەبەرئەوەی گومانیان هەبوو پشتیوانیان لەمن کردبێت.

ئەم کارە بەسەر هەندێك لەو کەسانەدا هاتبوو، کە لەمزگەوتەکە ئامادەبوون تا گوێ لەقسەکانم بگرن، یان ئەوانەی پشتیوانی خۆیان دەربڕیبوو. چەند هەفتەیەك دواتر، پیاوێك خۆی گەیاندە شاری فەرەح، تا باسی بەسەرهاتی باوکە بەتەمەنەکەیم بۆ بکات، باسی ئەوەی چەند رۆژ دوای سەردانەکە چی لێقەومابوو. باوکی لەگەڵ فەرماندەیەکی ئوسوڵگەرای ناوچەکەدا بوو، ئەویش لای خۆیەوە سەر بەچەند سەردەستەیەکی دیاریکراو بوو، ئەم باوکە بەڕێکەوت بیستبووی کە ئەو فەرماندە وتبووی گوایە چوونی من بۆ مزگەوتەکە «مزگەوتەکەی پیس کردووە». ئەو قسەیە گومانەکانمی بەهێزترکرد لەمەڕ ئەوەی هاوپەیمانانی ئەو سەردەستە میلیشیایانە لەپشت هەوڵی کوشتنمەوە بووبن.

کوڕی ئەو پیاوە پێیوتم تەواوی خانەوادەکەی پشتیوانی من دەکەن، لەبەرئەوە باوکی ئەو سوکایەتییەی پێ قبوڵ نەکرابوو، سەرئەنجام لەبەرچاوی ئەو فەرماندەیەدا پارێزگاری لەمن کردبوو. لەبەرابەردا لەباوکیان دابوو، پاشان

لەبەندیخانەیەکی تایبەتی ئەو ئوسوڵگەرایەدا دەستبەسەر کرابوو. کوڕەکەی دەیویست بزانێت ئاخۆ چی بکات بۆ ئازادکردنی باوکی. داوای لێکردم پەیوەندی بە کارزایو حکومەتەوە بکەم، تا دەستبەجێ کەسانی وەك ئەو فەرماندە لۆکاڵیە لەدەسەڵات بخرێن.

دوای چەند رۆژێك باوکی ئازادکرابوو، پاشان سەردانیکردم، بۆئەوەی تەواوی بەسەرهاتەکانیم بۆ بگێڕێتەوە. جەردەو رێگرەکان بڕیاریاندابوو ئازادی بکەن، لەبەرئەوەی زۆر بەتەمەن بوو، بەڵام ئاگاداریان کردبوەوە دەستهەڵگرێت لەپشتیوانیکردنم، ئەگینا کوڕە تاقانەکەی باجەکەی دەدات، پاشان ئەو پیرە مەردە لەکن من رای خۆی بۆ هەڕەشەکانیان دەربڕیو وتی: «نا دەستهەڵناگرم، لەپێناو پشتیوانی تۆدا ئامادەم ژیانی خۆمو کوڕەکەم، بگرە خێزانەکەشم بکەمە قوربانی. من بێدەنگ نابم».

وەڵاممدایەوە، «من نە لەتۆو نە لەهیچ کەسێکی دیکە باشتر نیم، لەپێناو ئێوەدا ژیانم خستوەتە بەر مەترسی. پێکەوە تێدەکۆشینو هیواخوازین پێویست نەکات، خوێنی هیچ کەسێکمان بڕژێت».

رۆژێك لەکۆتایی وەرزی بەهاردا، جەلیلی وەزیری ناوخۆ پەیوەندی پێوە کردمو وتی پلانێکی هەیە بۆ دانانی پیاوێك بەناوی یوسف بەغلانی وەك پارێزگاری فەرەح. پرسی رای من چییە. منیش پێموت هەرگیز ناوی وەها کەسێکم نەبیستوە، بۆچوونی من تێڕوانینی تاکە کەسێکەو وا پێویست دەکات ئەو بابەتە لەگەڵ خەڵکی فەرەح تاوتوێبکەم، پاشان دیدوبۆچونی ئەوانی پێڕابگەیەنمەوە. پێشنیارەکەی پەسەندکرد، منیش بەزویی هەندێك کەسی دنیادیدەم بانگکرد بۆ کۆبوونەوە. لەگەڵ ئەوەی لەهەموو سوچێکی پارێزگای فەرەحدا، بەلێزمە باران دەباری، نزیکەی سەد کەس ئامادەی کۆبونەوەکە بوون. پرسیم دیدوبۆچونیان چییە سەبارەت بە بەغلانی وەك پارێزگار، سەرم سوڕما کاتێك بینیم هەندێکیان دەیانناسیو تاوانبارێکی ناوداری جەنگ بوو بەناوی بەشیر بەغلانی، هاوکات

پشتیوانی حیکمەتیاری سەردەستەی میلیشیای هەڵهاتووش بوو. وا دیاربوو وەزارەتی ناوخۆ ناوێکی تازەیان لێنابوو بۆ ئەوەی خەڵکەکە فریوبدەن، چونکە لەهەر شوێنێك هەوڵیاندابوو داینێن، کەس بەدڵی نەببوو. ریش سپییەکان زۆر لەحکومەت پەستبوونو رەتیانکردەوە بەغلانی ببێت بەپارێزگاریان. یەکێکیان وتی، «ئەمە چ دیارییەکە کارزای بۆمان دەنێرێت؟ مەگەر ئێمە تاقیگەینو ئەو تاوانکارانە دەنێرێت لەسەرمان تاقیبکەنەوە ؟»

پەیوەندیم بە جەلالی وەزیـرەوە کردو پێمڕاگەیاند خەڵکی زۆر توڕەن لەهەڵبژاردنی ئەو تاوانکارەو رەتیانکردوەتەوە، تەنانەت کۆپیەکی ڤیدیۆی کۆبونەوەکەم بۆ نـارد. چەند رۆژێـك دواتـر ریش سپییەکانو منیش توشی سەرسوڕمان بووین، کاتێك بەشیر بەغلانی وەك پارێزگا بۆ نێردرا هیرات. ئەو دەستنیشانکردنە بووە مایەی دروستبوونی ناڕەزایی لەنێو خەڵکدا، بەڵام سودی نەبوو. ئەوەش نمونەیەکی دیکەی فەرامۆشکردنی ویستی گەل بوو لەلایەن حکومەتەوە، لەڕێی پشتیوانیکردنی تاوانکارە قێزەونەکانەوە.

پێشترو هەر لەو ساڵەدا بەوەرگرتنی خەڵاتی مەلالای مایوەند ستایشکرام، ئەو خەڵاتە سەرەتا لەلایەن دەستەیەك ئەفغانییەوە دامەزرا، کە لە ئەڵمانیا دەژیان، بەناوی یەکێتی رۆشنبیری ئەفغانییەکان لە ئەوروپا. ئەو خەڵاتەم لەبەرامبەر راوەستانم دژی سەردەستەی میلیشیاکان لە لۆیا جیرگادا پێبەخشرا. لەئابی 2004دا جارێکی تر لەژێر بورکاکەمدا سەردانی کابولم کرد، تا خەڵاتەکە ببەخشمە وەزارەتی زانیاری و رۆشنبیری، بۆئەوەی لەبەشی ئەرشیفی نەتەوەییدا دابنرێت. هەستمدەکرد ئەو خەڵاتە هی من نییە، بەڵکو هی گەلی ئەفغانستانە. کاتێك بیر لەو کارەم دەکەمەوە، بۆمدەردەکەوێت، کە رادەستکردنی ئەو خەڵاتە هەڵەیەك بوو لەدەستم چوو، چونکە رەوایدان بوو بەحکومەتێك، کە سەلماندبووی گەندەڵترین حکومەت بوو لەمێژووی وڵاتەکەمانداو نەدەکرا وەك حکومەتێکی «نیشتیمانی» لێی بڕوانرێت.

لەکۆتایی ئەو مانگەداو لەکاتێکدا هێشتا سەردانی پایتەختم دەکرد، تەلەفونێکم لەکارمەندێکی شڵەژاوی ئۆفیسەکەمەوە لەفەرەح پێگەیشت، رایگەیاند کۆمەڵێك ئوسوڵگەرا، کە هەندێکیان چەکداربوون پەلاماری خانەی بێ سەرپەرشتانییان دابـوو لەنزیك ئۆفیسەکەوە. ئەو کەسانە نەیانزانی بوو لەدەرەوەی شار بووم. چەند پاسەوانێك لەبارەگاکاندا هەبوونو خۆیان ئامادەکردبوو تا پارێزگاری خانەی بێ سەرپەرشتان بکەن، بەڵام رێنمایمکردن: «ئەگەر پێویستیکرد تەقەیان لێبکەن، تەنها بەقاچیانەوە بنێن. هیچ کەسێك نەکوژن».

هەواڵی پەلاماردانەکە لەلایەن رادیۆی BBC بەشی فارسیو رادیۆی ئازادی بەزمانی پشتو لەگەڵ زمانی داری بڵاوکرایەوە. لەڕاستیدا رادیۆی ئازادی وەك هەواڵی بەپەلە رووداوەکەی راستەوخۆ پەخشکردو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی تەلەفونیان بۆ رادیۆکە دەکرد، بۆ ئیدانەکردنی پەلامارەکە. لەلایەن رادیۆی ئازادییەوە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کراو ئەو دەرفەتەم قۆستەوە بۆ ئیدانەکردنی ئەو سەردەستە میلیشیایانە، کە دەمزانی لەپشت پەلامارەکەوە بوون. لەهەمانکاتدا بەدڵەڕاوکێوە گوێم بۆ هەواڵەکان دەگرت، لەلایەن هاوپیشەکانیشمەوە لە فەرەح لەدوا هەواڵ ئاگاداردەکرامەوە. دوکاندارو دراوسێکان بەڕاکردن بەرەو خانەی بێ سەرپەرشتان چووبوون تا بیپارێزن، هەندێکیان پەلاماردەرانیان بەردباران کردبوو. لەکۆتایشدا ئوسوڵگەراکانیان دەرپەڕاندبوو.

لەشەڕەکەدا هەندێك لەپەلاماردەرەکان بریندار ببوونو نەیانتوانیبوو هەڵبێن. هاوەڵەکانمان بە ئەمبولانسی نۆڕینگەکە هەڵیانگرتبوون تا بیانگەیەننە نەخۆشخانە. ئیدی پەلامارەرەکان گەلێ شەرمەزار ببوون، کاتێك بینیبوویان تیمەکەمان وێڕای دوژمنکاری ئەوان، بەڵام چاودێرییان کردبوونو فەرامۆشیان نەکردبوون.

پاشتر هەندێکیان بوونە لایەنگرم، سەردانی ئۆفیسەکەیان دەکردم، تا

روونیبکەنەوە هۆکاری بەشداریکردنیان لەو پەلامارەدا چی بوو. رایانگەیاند کە بەشیر بەغلانی، واتە ئەو سەردەستە ناوزڕاوەی کارزانی، وەك پارێزگاری تازەی فەرەح دەستنیشانی کردبوو، پلانی هێرشەکەی دارشتبوو. درۆی بۆ ئەو کەسانە کردبوو، پێیوتبون دەبێت پەلاماری بینا خزمەتگوزارییەکانمان بدەن، لەبەرئەوەی گوایە من سوکایەتیم بە موجاهیدینو ئیسلام کردووە. پێیوتبوون لەئۆفیسەکەمدا پارەم لەسەریەك کەڵەکە کردووە، ئەگەر بتوانن پلانەکە جێبەجێبکەن، ئەوا دەتوانن ئەو پارەیە بۆ خۆیان بەرن. دواتر هەستیانکردبوو بۆ مەرامی تایبەتی، بەکارهێنراون. پێشتریش گەلی فەرەح دژی دەستنیشانکردنی بەغلانی، وەك پارێزگار نارەزاییاندەربڕیبوو. ئەو درۆ باقوبریقانەی بەغلانیو هاوکارەکانی بڵاویانکردبووەوەو پەلاماردانی دەزگا خزمەتگوزاریانی ئێمەی لە فەرەح لێکەوتەوە، بووە هۆی ئەوەی بەغلانی زیاتر قێزەون بێت. نارەزاییەکی بەرفراوان روویداو دواجار کارزای لەرێی فشارێکی زۆرەوە لەپۆستەکەی لایدا.

دوای ئەو پەلاماردانە، ژمارەیەکی زیاتر لەهاوسێکانم خۆیان تەرخانکرد تابنە پاسەوانم. هەرکاتێك لەناوچەکەدا خەڵکی گوێیان لەتەقەیەك بوایە خۆیان دەگەیاندە لامان، بۆئەوەی دڵنیابن هیچمان بەسەر نەهاتووە.

موجاهیدەکانی پێشوو دەهاتنە لام و پشتیوانی خۆیان بۆ پاراستنم دەربڕی بە گیان و بەچەك. تەنانەت پێشنیاریان کرد چەك دژی ئەوانە هەڵگرن، کە منیان کردبووە ئامانجو ئەوانەشی ناوچەکەمانیان کردبووە شوێنی ترساندنو تۆقاندن. دەیانویست تۆڵە لەو فەرماندە توندرەوە لۆکاڵیانە بکەنەوە و پشتیوانی خۆیان بۆ دیدو بۆچونەکانم دەردەبڕی:

«داوای هەرچیەکمان لێبکەیت بۆت ئەنجامدەدەین. مەلالای، چەکمان بدەرێ، دەمانەوێت ئەم دوژمنانە لەناوبەرین».

پێموتن، بەبڕوای من چەك لەمکاتەدا رێگەچارە نییە، بەمەش ئەمە باشترین رێگە نییە بۆ بەدەستهێنانی ئاشتیو دیموکراسی، چونکە ئێمە دژی جەنگو

توندوتیژی بووین. ئێمە تەنها چەك بۆ پارێزگاری لەخۆمان هەڵدەگرین. ئەمەی دەیبینن تەنها نمونەیەك بوو لەوەی خەڵكی چەند بێزارو پەستبوون لەو بارودۆخەی تا هەنوكەش بەردەوامە. تورەن لەوەی حكومەتو كەسانی دەسەڵاتدار گوێیان بۆ نەگرتوون. بەجۆرێك ئامادەن ژیانیان بخەنە بەر مەترسی، چەك لەشان بكەن ئەگەر داوایان لێبكرێت.

بڕوامولیە لەهەر خەباتێكدا بۆ بەدیهێنانی یەكسانی، زۆر گرنگە بەشێوازێكی لۆژیكیو بەوریایی شیكاری بۆ بارودۆخی هەنووكەیی وڵات، یاخود ناوچەكە بكرێت، لەكاتێكدا بڕیار لەسەر تاكتیكو ستراتیژەكان دەرێت. بۆ نمونە بارودۆخی ساڵانی 1980كانو ئەو خەباتە چەكداریەی باوكم بەشداری تێداكرد، دژی سۆڤیەتەكان هەمان ئەو خەباتە نییە، كە ئێستا من خۆمم بۆ تەرخانكردووە. لەئەمڕۆدا هەوڵدەدەین رێگەچارەی ئاشتییانە بگرینەبەر بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك، دەربــارەی ئەو دیموكراسیە گاڵتەجاڕییەی، بەسەر ئەفغانستاندا سەپێنراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بارودۆخەكە هەر بەرەو خراپتر بڕۆشتباو لە سەربەستیو مردن بەلاوە هیچ بژاردەیەكی دیمان لەبەردەست نەبایە، دەكرد بۆ پارێزگاری وڵاتەكەمو سەربەستیو ئەو بەهایانەی لە ئەفغانستان كاری بۆ دەكەین ئەوا خۆم بۆ هەڵگرتنی چەك ئامادە، دواجار ئەمە هەمان ئەو بژاردەیەیە، شەهیدەكانی سەردەمی خەباتی باوكم خۆیان بۆ یەكلاكردەوە. پەیمانم بەگەلەكەم داوە، هەمیشە بەرگری لەئازادی وڵاتەكەم بكەم، ئەم بنەمایە بەلامەوە زۆر گرنگە. ئەوانەی بۆ ئازادی دەجەنگن، ئاشتییان خۆشدەوێت، بەڵام لەچەند سەردەمێكی مێژوودا بەدەر لەهەڵگرتنی چەك، هیچ بژاردەیەكی دی نییەو چاریش نییە، ئەوجا ئەگەر گەلێ ماتەمباری ئەو پاشهاتانەش بین كە دێنەگۆڕێ.

بۆ خۆم حەزناكەم بەچەكدار چـواردەورم بگیرێت، بەڵام لەهەمانكاتدا

پێویستەو سەربەرزم بەوەی هاوڕێو لایەنگرانم لەسەرانسەری ئەفغانستاندا ئامادەن خۆیان بخەنە مەترسیەوەو ژیانیان بکەنە قوربانی، لەپێناو زامنکردنی ئاسایشی مندا. پەیوەندییەکی هاوڕێیانەم لەگەڵ پاسەوانەکانمدا هەیە، زۆرجار گفتوگۆی گەرموگوڕ، تەنانەت شۆخیش دەکەین. تەنانەت ئەوانەی خزمیش نین، وەك کەسوکاری خۆم تەماشایان دەکەم. زۆر نیگەرانی سەلامەتیانم، خوا نەکا ئەگەر لەکاتی بەرپەرچدانەوەی پەلامارێکدا شتێکیان بەسەربێت، ئەوا زۆر نائاسودە و دەڵتەنگ دەبم.

ماوەیەکی کەم دوای پەلاماردانی دەزگا خزمەتگوزارییەکانمان‌و نیشاندانی پشتیوانییەکی گەورە لەلایەن گەلەوە، بانگهێشتنامەیەکم لەلایەن کارزایەوە پێگەشت، تا ببینێت. داواکەم پەسەندکرد، چونکە پێموابوو ئەو دیدارە دەبێتە دەرفەتێك تا رای گشتی ئەفغانییەکان دەربارەی حکومەتەکەی پێبگەیەنم. کارزای بەئاشکرا دەیوت دەیەوێت کۆتایی بەدەسەڵاتی زاڵی سەردەستەی میلیشاکان بهێنێت، تا ئەوکاتەش ئەفغانییەکان بەو هیوایەوە دەژیان، کە پابەندی هەندێك لەپەیمانەکانی بێت. دەمویست بیری بخەمەوە، خەڵك قەڵسن لە بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ زۆرینەی دوژمنە دواکەوتوە مێشکپوتەکانی ئەفغانستان. نەتەنها ئەوەی کارزای پەیوەندی بەزۆردارەکانی هاوپەیمانێتی باکورەوە هەبوو، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ هەندێك لەداردەستەکانی سۆڤیەتیش بەردەوام بوو، ئەمە سەرەڕای هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەك جەردەو رێگری پارتەکەی حیکمەتیار.

لەکاتی دیاریکراوداو بەیاوەری هاوپیشەیەکم لەڕێکخراوی OPAWC ، گەیشتمە کۆشکی سەرۆکایەتی و ئەو ژنەی یاوەری دەکردم، یەکێك بوو لەبەڕێوەبەرەکانی ئەو رێکخراوە. لەدەروازەکانی کۆشکەکەدا ژمارەیەکی زۆری پاسەوانی ئەمەریکی، بەشان‌و شەوکەوتمان بینی. هەندێکیان پرسیان ناوم چییەو ئیشمان چییە بەوێ، پاشان بۆ ژوورەوە یاوەرییان کردین. پاشتر

ژمارەیەك پاسەوانی ئاسایشی ژن جانتاكانیان پشكنین. ئەم ژنانە لەگەڵماندا بەڕێزبوون و لەڕاستیدا وتیان پشتیوانی ئەو وتانەم دەكەن، كە لەلۆیا جیرگا-دا پێشكەشمكردبوون.

پلانمان دانابوو ئەگەر بگونجێت كۆبوونەكەوە بەڤیدیۆ تۆماربكەین، یان هەر نەبێت چەند وێنەیەك بگرین، بەڵام پێیانڕاگەیاندین هەموو جۆرە ئامێرێكی تۆماركردن رێسایەكی توندی بۆ دانراوە. دوای تێپەڕبوونمان بەچەندین رێوشوێن‌و خاڵی پشكنینی ئاسایشدا، رێگەی ئۆفیسی تایبەت‌و رازاوەی سەرۆكایەتی حامید كارزایمان بینی. ئۆفیسەكە بەشێوازی ئەفغانی و نوسینگەیەكی هێلكەیی بوو. لەئۆفیسەكەدا مێزێكی گەورەو ئاڵای ئەفغانستان دانرابوو، ژمارەیەك وێنەی لەچوارچێوەگیراوی پادشاكانی پێشو هەڵواسرابوو، لەگەڵ ئەحمەد شا مەسعود، ئەو سەركردە تاوانكارەی هاوپەیمانێتی باكور، كە ماوەیەك بەر لە11ی سێپتێمبەر كوژراو ناوی لێنرابوو «پاڵەوانی نەتەوەیی» هەڵواسرابوو. ئەمە بیرخەرەوەیەك بوو، كە سەرەڕای رووی خۆشی كارزای‌و هەڵسوكەوتی جوانی، كەسانێكی دەهێنایە پێشچاو، كە مێشكێكی تەسك‌و بیرێكی توندوتیژیان هەبوو.

كاتێك چوومە ژوور، سەرۆك كارزای لەكورسیەكەی هەستاو بەگەرمی بەخێرهاتنی كردم. تەوقەی لەگەڵ كردم‌و دەستەكەی تری خستە سەر شانم‌و بەڕێزەوە داوای لێكردم دابنیشم. زۆر بەڕێز بوو، بەڵام پێموایە دەیویست سەرنجم بەلای خۆیدا رابكێشێت، بەو هیوایەی دەستهەڵگرم لەو رەخنە توندانەی لەحكومەتەكەیم دەگرت.

دوو بەرپرسی تریش ئامادەبوون، لەگەڵ خزمەتكارێك، كە چای بۆ هێنایین. لەبەرامبەر كارزای دانیشتبووم‌و یەكەم شت كە وتم ئەمە بوو، «سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی بۆت رەخساندوم بۆ باسكردنی گیرو گرفتەكانی گەلەكەمان. زۆر شت هەیە پێتبڵێم». نەمدەویست كاتێكی زۆر بە فەرمیات و قسەو باسی كورتەوە بەسەربەرم.

کارزای وەڵامیدایەوە، «بەڵێ، گوێبیستی وتارەکەت بووم، لە لۆیا جیرگا. وامەزانە لەپەیامەکەت تێنەگەیشتوم». ئەمە شێوازی دەربڕینی پشتیوانکردنی بوو، بەڵام بەکرداریکردنی ئەو پشتیوانییە ئاستەم دەبوو.

زۆربەی کاتەکە بەقسەکردنی من رۆیشت، چونکە زۆر شتم هەبوو بۆ وتن. کۆبوونەوەکە کەمتر لەکاژێرێکی خایاند، لەو بڕوایەدام دوو لەسەر سێی کاتەکە من قسەمکرد. باسی رقو کینەی ژنانی ئەفغانستانم کرد، ئاماژەم بۆ باری نالەبارو قەتیسبونو بەشخوراویان کرد، هەروەك ژنان رووبەڕوی دەبوونەوە. کارزای بەتاسەوە گوێی گرتبوو، تەنانەت فرمێسکم بینی بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، کاتێك باسی هەندێك رووداوی تۆقێنەری وەك لاقەکردنو فڕاندنو کوشتنم بۆ کرد، ئەم کارانە بەردەوام لەوڵاتەکەماندا روویاندەدا.

هاتمدا بەرێگریکردن لەدەستنیشانکردنیان بۆ پۆستە حکومیە گرنگەکان، دەسەڵاتی سەردەستەی میلیشیاکان لاوازبکات. پێموت خەڵکی پێیدەڵێن ئەو کەسێکی سەرراستی لێدەرنەچوو، پێموت، «لەداهاتوودا مێژوو لە ئێستاشدا گەل دەپرسێت بۆچی سازشت بۆ سەردەستەی میلیشیاکان کردووە؟»

لەوەڵامدا وتی، «چۆن، لەچیدا سازشمکردووە؟»

«بۆ نمونە، تۆ ئوسوڵگەرایەکت بۆ ناردین تا ببێت بەپارێزگاری فەرەح». پێمراگەیاند ئەو بەشیر بەغلانییەی وەك پارێزگاری تازە لەجێی عەبدول حەی نیعمەتی بۆی ناردبووین، لەویش خراپتر بوو. چەند بەڵگەنامەیەکم دایە دەستی، کە دەربارەی گەندەڵییەکانی بەغلانی کۆمکردبوونەوە، پێموت هاووڵاتیانی فەرەح ناڕەزاییان دژی دەستنیشانکردنی ئەو کەسە دەبڕیوە. خوازیارن بزانن، کە ئاخۆ بەغلانی بۆ کوشتنی من نێردرابوو، یان هۆکارەکەی چی بوو.

پاشان کەیسێکی دیکەم بۆ باسکرد. «دەزانی، دوێنێ شەو لەماڵی یەکێك لەلایەنگرەکانم بووم، ژنێکی بەتەمەن باسی ئەو کاتەی بۆ کردم، کە بەڤیدیۆ

دیویەتی لەکاتی پێدانی پۆستی وەزیردا مەدالیات لەملی ئیسماعیل خان کردووە. کاتێك ئەو ژنە ئەو دیمەنەی بینیوە، ئیدی چ هیوایەکی بەتۆ نەماوەو وتویەتی، 'کەواتە جیاوازی چییە لەنێوان ئەم ئوسوڵگەرایانەو حامید کارزایدا؟«

لەوەڵامدا وتی لەلایەن یونس قانونی وەزیری پەروەردەوە خرابووە وەها دۆخێکەوە، بەوپێیەی لەوکاتەدا بانگی کردبووە سەر سەکۆکە، تا مەدالیا لەملی خان بکات.

کارزای پێیوتم، کە هاوڕایە لەگەڵ زۆربەی ئەو شتانەی پێمڕاگەیاند، بەڵام خۆی بەدوورگرت لەپێدانی هەر بەڵێنێك. لەڕاستیدا ئەو هەستەم بۆ دروستبوو، کە هەرچیم پێوت لەناخیدا هاوڕابوو لەگەڵم. ئێستا گومانم دەکەم، کە هۆکاری ڕێپێدانم تا زۆربەی کاتەکە من قسەبکەم بەشێکی لەبەرئەوە بووبێت، کە وەڵامی بۆ پرسیارەکانم پێنەبوو، یاخود چارەسەری راستەقینەی بۆ گرفتەکان نەبوو، یانیش نیازی هەنگاونانی چاکسازی لە ئارادا نەبوو. لەگەڵ تەواوبوونی کاتەکە، سەرۆك هەستایە سەرپێ و زۆر بەڕێز بوو. کورسیەکەمی راکێشایە دواوە و تا لای دەرگاکە هاوەڵیکردم.

دواهەمین شت بەسەرۆکم وت، «ڕێزو سڵاوم هەیە بۆ خێزانەکەت، تکایە پێیبڵێ دەبێت ساڵی ئایندە ئامادەی بۆنەکانی رۆژی جیهانی ژنان بێت. بۆچی ئەمساڵ بەشداری نەکرد؟» وەڵامیدایەوە، «بۆچی خۆت ئەمەی پێناڵێیت؟ لەڕاستیدا ئەو لایەنگرێکی بەهێزی تۆیە».

«هاوسەرەکەت لەکوێیە؟»

«لەئێستادا نەخۆشەو لە فەرەنسا نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدارەوە، لەبەرئەوە دەبێت وادەیەك بۆ رۆژێکی تر دابنێیت تا چاوت پێبکەوێت».

وتم، «لەدوو رۆژی داهاتودا دەبێت بگەڕێمەوە بۆ فەرەح، لەبەرئەوە زۆر باش دەبوو، ئەگەر پێش ئەو کاتە چاوم پێبکەوتایە».

وادەی بۆ دانـام، کە رۆژی دواتـرو لەهەمانکاتدا چاوم بەخێزانەکەی بکەوێت، پاشان بەڕێزەوە بەڕێیکردم.

لەو دەمـەی لەگەڵ هاوپیشەکەمدا لەئۆفیسەکەی کـارزای دەچوینە دەرەوە، محەمەد قاسم فەهیمی سەردەستەی میلیشیا بەڕێوەبوو بێتەژوورەوە. لەوکاتەدا فەهیم دەسەڵاتدارترین کەس بوو لەنێو فەرماندەکانی هاوپەیمانێتی باکوردا، بۆئەوەی چاوترسێنم بکات بەئاشکرا مۆڕەی لێدەکردم، منیش لەو دەمەی بەلایدا تێپەڕین نێوچاوانم لێگرژ کردەوە.

وەك رێکخرا، رۆژی دواتـر گەڕامەوە بۆ بینینی خێزانەکەی کـارزای. ئەمجارەیان لایەنگرێکی تر هاوەڵیکردم. دوای ئەوەی بەهەمان رێوشوێنی ئەمنیدا تێپەڕیم، رێنوێنی کرام بۆ ژورێکی دانیشتنی گەورە، بەدیوارەکەوە وێنەی لەچوارچێوەگیراوی کارزایو خێزانەکەی هەڵواسرابوو.

زینەت کارزای، هاوسەری سەرۆك بەگەرمی پێشوازی لێکردم. داوایکرد لەتەکیدا دابنیشم، پاشان ئاماژەی بۆ گۆڤارێك کرد، کە وێنەی منی لەسەر بوو.

«دەبینی، من لایەنگری تۆم».

لەڕاستیدا ئەو گۆڤارەی لەسەر مێزەکەی دانابوو، لەلایەن کەسێکی بیرتەسکی ئوسڵگەراوە بڵاوکرابوویەوە، وێنەی منی تێدا دانابوو، تەنها بۆ ئەوەی تیراژی زیاتری لێبفرۆشێت.

ئەم دیدارە کەمتر لەدوو کاژێری خایاند. ژمارەیەك تاوانی سەردەستەی میلیشیاکانو بەتایبەتیش پێشینەی هەندێك لەئوسوڵگەراکانی فەرەحم بەدورودرێژی بۆ خاتوو زینەت باسکرد. چەند بەڵگەنامەیەکم لەگەڵ خۆم بردبوو، دامە دەستیو هانمدا بیانگەیەنێتە دەست هاوسەرەکەی.

حەزیدەکرد پێشخانی خوێندنم بزانێت، لەگەڵ چۆنییەتی خۆئامادەکردنم بۆ وتاردان لە لۆیا جیرگا. لای خۆمەوە لێمپرسی بۆچی وەك پزیشك کارناکات،

لەحاڵێکدا بـوارو پیشەکەی بـوو. وتی لەبەر مەترسی فڕاندن کارکردن لەنەخۆشخانەدا بۆ ئەو زۆر مەترسیدارە.

هەروەها باسی ڕۆڵی ژنانم کرد لەئەفغانستان، لەگەڵ ڕۆڵی ژنی سەرۆك کۆمار. پێموت ئەگەر هێندە نەخۆشبایە، کە نەتوانێت بەپێ بڕوات، ئەوا دەبوایە بۆ ڕۆژی جیهانی ژنان بەکورسی نەخۆش بهاتبا. بۆچونەکەمی لاپەسەند بوو، وتی لەداهاتودا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات ئامادەی ئەو جۆرە بۆنەو مەراسیمانە بێت. باسی ئەو ڕاستییەی کرد لەکاتی سەردانەکەی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە فەرەنسا، خانمی یەکەمی ئەو وڵاتە پێیوتبوو دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەبواری مافەکانی ژناندا.

تەنانەت خاتو زینەت باسی ئەوەی کرد، کە ئارەزو دەکات گروپێکی تایبەت دابمەزرێنێت بۆ کارکردن لەسەر ئەم بابەتانە. پێموت ئەگەر مەبەستێتیو ئەو گروپە تەنها ڕەمزی نەبێت، ئەوا ڕەنگە منیش لەهەوڵەکانیدا یارمەتیبدەم. پێش ئەوەی خاتو زینەت بەجێبهێڵم پێموت چاوەڕێیدەکەم تا ئاگادارم بکاتەوە چ کاتێك دەستبکەین بەکارکردن لەسەر دامەزراندنی ئەو گروپەی ژنان. وتی وەختێك باری تەندروستیم باشبوویەوە دەستپێدەکاین. تا ئەم ساتە هیچ شتێکم لەو خاتونە نەبیستۆتەوە دەربارەی ئەو گروپە.

گومان لـەوەدا نییە حامید کـارزای یەك لـەدوای یەك سازشی لەگەڵ سەردەستەی میلیشیاکان دەکرد، دواتر خوازیاربووم بزانم ئەنجامی باشی فرمێسکەکانی سەرۆك چی بوو، ئەگەر هەنگاوی پێویستی نەگرتایەتە بەر یاخود پێی نەگیرایەتە بەر، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەفغانستان؟ وا بەخەیاڵمدا هات فرمێسکەکانی کارزای تەنها فرمێسکی تیمساحی بوون. دەبێت بڵێم، کە بەلای کارزایەوە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی کۆشکی سپی

گرنگتر بوون لەدابینکردنی خوشگوزەرانی بۆ گەلی ئەفغان.

لەتشرینی یەکەمی ساڵی 2004دا، کارزای لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا دەرچوو. ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەنگیان دا بە کارزای، لەبەرئەوەی هیچ نەبێت ئەو تاوانکاری جەنگ نەبوو، لەڕابردوودا دەستی بەخوێنی گەل سوور نەببوو، پاشان زۆرینەی کاندیدەکانی تر سەردەستەی میلیشیا بوون، بۆیە خەڵك کارزاییان پێباشتر بوو، بێگومان کارزای دەسەڵاتدارترین کەسی ئەفغانستان نەبوو. پیاوێکە لەکۆشکی سەرۆکایەتی لە کابول دانراوە، بەڵام بۆ مانەوەی لەو پۆستەدا، پشتی بە ئەمریکییەکان، هاوپەیمانەکانیو سەردەستە دەسەڵاتدارەکانی وڵات بەستبوو. سەرەڕای ئەوەش، ئەوە هێزەکانی فەهیمو فەرماندەکانی هاوپەیمانێتی باکور بوون، بەهاوکاری هێزە تایبەتەکانی ئەمەریکا دەستیان بەسەر کابولدا گرت، ئەو کاتەی تاڵیبان لەساڵی 2001دا لەپایتەخت هەڵهاتن، نەك کارزای. کارزای بەردەوام رێکەوتنی نوێی لەگەڵ سەردەستەی میلیشیاکاندا دەبەست. زۆرجار ئەمە وەك هاوپەیمانێتی لەگەڵ «ئۆپۆزسیۆن»دا، لەدژی کارزای رادەگەیەنرا. باوکم لای خۆیەوە هەمیشە بێئومێد بوو لەو هەواڵانەی، دەربارەی ئەو جۆرە گۆڕانکاری و بەرەوپێشچونانە دەهاتنەئاراوە.

دەیوت، «ناتوانیت بڕوا، یاخود متمانە بەم شتانە بکەیت. وەك شەڕکردنی نێوان ژنو مێرد وایە». بەواتایەکی تر، هەرچەند لەنێوانیاندا دەمەقاڵێ هەبوو، بەڵام هێشتا حکومەتەکەی کارزای ژێردەستەی سەردەستەی میلیشیاکان بوو.

پێشتر ئەفغانستان فەرمانڕەوای کارتۆنی هەبووە، داردەستی بەریتانیو رووسەکان بووە. بەداخەوە سەرۆك کارزای بەتەنها بۆ خۆی بووەتە داردەست. لەوکاتەدا ئەو پیاوەی زۆرێك پێیانوابوو کۆنترۆڵی بەدەست بوو، زۆر جار

بەگاڵتەوە وەك «سەرۆكی راستەقینەی» ئەفغانستان ئاماژەی بۆ دەكرا، ئۆفیسەكانی لەتەنیشت كۆشكی كۆمارییەوە بوو. رێكەوت بانگێشتكرام بۆ كۆبوونەوە لەگەڵی، ئەو كەسە زاڵمای خەلیلزاد بوو.

زاڵـمای خەلیلزاد پێشتر لە بۆن دەسەڵاتی هەبوو، ئەو كاتەی وەك باڵیۆزی ئەمەریكا لە ئەفغانستان كاریدەكرد، یارمەتی رێكخستنی لۆیا جیرگا قێزەونەكانی دەدا. لە كارزای زیاتر پارێزگاری لێدەكرا. ئەو رۆژەی چاوم پێیكەوت، پێش ئەوەی بچمە نێو ئۆفیسەكانی باڵیۆزخانەی ئەمەریكاوە، چەندین خاڵی پشكنین هەبوو، دەبوو لێیانەوە تێبپەڕم، زۆر بەچڕوپڕی لەلایەن هێزی مارێنزەوە پاسەوانی دەكران.

ئۆفیسەكەی باڵیۆز بەوێنەی نمایشی خەلیلزاد لەگەڵ جۆرج بۆشو دیك چینی جێگری رازێنرابووەوە. لەڕاستیدا تەماشای هەر شوێنێكت بكردایە، وێنەیەكی دیكەی بـۆشو ئاڵایەكی ئەمەریكا دانـرابـوو. لەبەرخۆمەوە بیرمەكردەوە، هیچ نەبێت نایشارێتەوە پشتیوانی كێ دەكات یان كار بۆ كێ دەكات، هیچ لێڵو ناڕوونییەك لەپۆستەكانیشیدا نەبوو. زۆركەس لە ئەفغانستان خەلیلزادیان بەئەندازیاری بەلاڕێدابردنی سیاسەتی ئەمەریكا لە ئەفغانستان دادەنا، من دەمویست هۆكاری پشتیوانیكردنی لەسەردەستەی میلیشیاكان لەخۆیەوە ببیستم. پێموت ئەمەریكا بەپشتیوانیكردنی ئوسوڵگەرا ئیسلامیەكان لە ئەفغانستان هەمان هەڵەی رابردو دووبارەدەكاتەوە، ئەو هەڵە مێژووییەی پێشتر كارەساتی 11ی سێپتێمبەری لێكەوتەوە. پێمڕاگەیاند گەلی ئەفغانستان هەرگیز لەولایەتە یەكگرتووەكان نابورێت، لەپای پشتیوانی لەو پیاوە دڕندانە. جەختم لەوەش كردەوە تێڕوانییەكانی گەل بەرامبەر ئەو سەختتریش دەبێت، چونكە ئەو لە ئەفغانستان لەدایكببوو.

پاش گۆڕینەوەی چەند بیروڕایەك لەگەڵ باڵیۆزدا، بۆمدەرکەوت حەزی بەبیستنی پەیامەکەم، یاخود کارکردن لەسەری نەبوو.

پاش ئەو هەرایەی وتەکانم لە لۆیا جیرگا سازیانکرد، خەلیلزادی باڵیۆز بەڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکانی وتبوو، ڕەخنەگرتنی ئاشکرای من دەرخەری پرۆسەیەکی دیموکراسی خـوازراوە، کە لە ئەفغانستاندا ڕەگ دادەکوتێت، هەرچەندە باسی ڕاستو دروستی وتارەکەمی نەکردبوو، کە ئەو دیموکراسیە روکەشە ئەمەریکا دەیەوێت دایبمەزرێنێت، چ جای ئەو مەترسیانەی بەهۆی وتەکانمەوە بەسەرمدا هاتبوون. ئەو گومانم لا دروستبوو، کە مەرامی ئەم دیدارە ئەوەیە، تا باڵیۆز بەمیدیاکان رابگەیەنێت، لەگەڵ مەلالای جۆیادا کۆبۆتەوە. هەستمدەکرد ئەو دانیشتنە هاوشێوەی کۆبوونەوەکەم لەگەڵ کارزایدا، تەنها بەفیڕۆدانی کات بووبێتو هیچی تر.

دوای ئەوەی لەساڵی 2005دا پۆستەکەی لە ئەفغانستانی بەجێهێشت، خەلیلزاد بووە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و پاشان باڵیۆزی ئەمەریکا لەنەتەوە یەکگرتووەکان.

لەو چەند مانگەی دوای گەڕانەوەم لە لۆیا جیرگا، هێشتا خۆم بەکارمەندی بواری کۆمەڵایەتی دادەنا. هەتیوخانەکە، نۆڕینگەی هاموون، هەموو ئەو شتانەی ڕێکخراوی OPAWC هەوڵیدابوو بۆ دامەزراندنیان، بەلامەوە زۆر گرنگ بوون. لەو دەمەی لە کابول بووم، سەردانی ژمارەیەك ڕێکخراوی لۆکاڵیو نێودەوڵەتیم کرد، لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی ئوستورالیا، ژاپۆن، ئەڵمانیاو وڵاتانی تر کۆبوومەوە، بۆ ئەوەی فەند بۆ هەتیوخانەکەو ئەو پرۆژانەی هیواخواز بووم دایانبمەزرێنم دەستەبەر بکەم. زۆربەی داواکانم ڕەتکرانەوە، ئەو بەڵێنانەشی پێیاندام، هەرگیز جێبەجێنەکران.

پەستتر لەجاران لە ئاست ئەدای حکومەت گەڕامەوە بۆ فەرەح، بەڵام ئەمجارە پتر سوربووم لەبەگژداچونەوەی دەسەڵاتی زاڵی سەردەستەی میلیشیاکان. هەستمدەکرد پێویستە هەموو رێگەیەك بگرمەبەر بۆ سەرکۆنەکردنو ناوزەنکردنی سەردەستەی میلیشیاکان، ئەگەرچی ئەمە مانای چونە ناو کایەی سیاسی بوو لەوڵاتێکدا، کە دیموکراسی بێسەروبەر، گاڵتەجاڕەو پەرلەمانیش بێشەیەکە بۆ دزو بکوژان.

# بەشی هەشتەم
# ئاهەنگی هاوسەرگیریو هەڵبژاردن

یەکەم هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەفغانستان لەماوەی سی‌وسێ ساڵی رابردودا، لە 18ی ئەیلولی ساڵی 200-5دا رێکخرا. بووە یەکەمجار کە ژنان رێگەیان پێبدرێت خۆیان بۆ پەرلەمان بپاڵێون. زۆر کەس دەیانویست خۆم بپاڵێوم، منیش پرسیم بە باوکم کرد تا بزانم لە بارەیەوە رای چییە.

وەڵامێکی سادەی دامـەوە و وتی، «بڕیار لای خۆتە». باوکم ئەوەی فێرکردبووین، پێویستە هەموو کەسێك‌و بە تایبەتی ژن شوناسی خۆی هەبێت، سەربەست بێت لەبڕیاردان و پلانەکانی خۆیدا.

بۆ ماوەیەکی زۆر بەقووڵی بیرم لەو بابەتە کردەوە. کورسیەکی پەرلەمان دەبووە پێگەیەك بۆ راگەیاندنی نیگەرانییەکانم لەمەڕ توندوتیژی، هەژاری و مافەکانی ژنان بە گوێی ژمارەیەکی زیاتری خەڵك، نەتەنها لە ئەفغانستان، بەڵکو لەتەواوی جیهاندا، هەروەها مێزگردێکی بۆ سازدەکردم تا گەندەڵی سەردەستەی میلیشیاکان ئاشکرا بکەم و لەپای ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ، داوای دادگاییکردنیان پێشکەشبکەم. دەمزانی پەرلەمانیش هاوشێوەی لۆیا جیرگا، سەرشار دەبێت بە سەردەستەی میلیشاکان‌و بڕیکارەکانیان. نیگەرانی کاری ساختەکردن بووم لەهەڵبژاردنەکانی رابردوودا، گومانم هەبوو لەوەی ئەو هەڵبژاردنەش دادپەروەرانە و دیموکراسییانە بەڕێوەبچێت. دەمزانی کامپینەکەم مەترسیدار دەبێت، چونکە پڕدەبێت لەبەگژداچونەوە.

دواجار بڕیارمدا بچمە ژێرباری مەترسیەکانەوە. هەستمدەکرد بەتایبەتی لەبەرابەر گەلی فەرەحدا لێپرسراوێتیم لەئەستۆدایە، لەبەرئەوەی بێئەندازە پشتیوانی خۆیان بۆ دووپاتدەکردمەوە. دەمزانی تەنانەت ئەگەریش هەڵبژێردرێم لەگەڵ کەمینەیەکی بچوکدا خۆم دەبینمەوە، بۆیە چاوەڕێی تێپەڕاندنی هیچ یاسایەك نەبووم سود بە گەلەکەم بگەیەنێت، بەڵام هیواداربووم بەئامادەگیم لەناو پەرلەماندا بتوانم «دیموکراسی» ئەفغانی بخەمەڕوو، هاوکات سەرەنج

لەو گاڵتەجاڕییە بدەم، کە دەبوو بێتەگۆڕێ، هەروەها هیچ نەبێت دەمتوانی هەوڵی بە دەستهێنانی فەندی زیاتر بکەم بۆ پڕۆژە گرنگەکانی، وەك خانەی بێسەرپەرشتان، لەبەرئەوە بڕیارمدا خۆم لەپرۆسەکە تاقیبکەمەوە.

دەبوایەیە ئامادەکارییەکی باش بۆ کامپینەکەم بکەم، بەڵام پێش ئەوەی دەستپێبکەم، ساتەوەختێکی گرنگی ژیانی تایبەتیم هاتە پێشەوە، کە زۆر شادی بەخشبوو، ئەویش ئاهەنگی هاوسەرگیریم بوو.

کاتێك منداڵ بووم، بڕیارمدابوو تا خوێندن تەواو نەکەم، هاوسەرگیری نەکەم، پاشانیش بۆ چەند ساڵێك وەك مامۆستاو چالاکوانی کۆمەڵایەتی سەرقاڵی کارکردن بووم. ئەگەرچی پتر لەنیوەی کچانی ئەفغانی پێش تەمەنی 16 ساڵی هاوسەرگیری دەکەن، بەڵام دایكو باوکم دەیانزانی من بۆ ئەو کارە ئامادە نەبووم، لەبەرئەوە زۆریان لێ نەدەکردم. زۆر کچم بینیبوو بەزۆر هاوسەرگیری پێشەوەختیان کردبوو، وەلێ من خۆشبەخت بووم بەوەی باوکم وەك باوکەکانی تر نەبوو، ڕێزی ژنی لابوو.

لە ئەفغانستان پرسی هاوسەرگیری تەواوی خێزان دەگرێتەوە، تەنانەت بەخزمانیشەوە. بەشێوەیەکی نەریتی ژنێکی ماڵی کەسی داواکار دەچێتە ماڵی کچەو باسو خواسی هاوسەرگیری دەهێنێتە پێشەوە. چەند ساڵێك بوو خێزانی جۆراوجۆر دەهاتنە داخوازیم، بەڵام دایكو باوکم ڕەتیاندەکردنەوە. داوام لە دایكو باوکم کردبوو، بەهیچ شێوەیەك باسی ئەو داخوازیانەم بۆ نەکەن، لەبەرئەوەی هەندێکیان هاوڕێمان بوون، تەنانەت دایكو باوکی خوێندکارەکانم هاتبوونە داوام، منیش هەستم بەنائاسودەیی دەکرد، ئەگەر بمزانیایە داواکارەکانم کێن.

یادەوەرییەکم هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی تازە گواستبوومانەوە بۆ هیرات، لەسەردەمی ڕژێمی تاڵیباندا.

جیاواز لە فەرەح، لە هیرات نەریت وایە، کاتێك ژنانی خانەوادەی کوڕە

دەچنە داخوازی کچێك، داوا لەو کچە دەکەن ئاویان بۆ بهێنێت، پاشان خێزانی کچەکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتێکی دەزانن چییان دەوێت. کچەکە لەگەڵیان دادانیشێت، دایكو باوکەکەش داواکەیان پەسەنددەکەن، یان رەتیدەکەنەوە، یانیش داوایان لێدەکەن کاتێکیان پێبدەن تا بیرێکی لێبکەنەوە، بەڵام لەو جارەدا کاتێك هەندێك ژن هاتنو داوایان لێکردم ئاویان بۆ بهێنم یەکسەر چوم ئاوم بۆ هێنانو لەژوورەکەدا لەتەنیشتیانەوە دانیشتم. وەختێك دایکم هاتە ژوورەوە بەسەر ئاماژەی بۆ کردم ژوورەکە بەجێبهێڵم. دواتر هەموویان پێمپێدەکەنین، چونکە من ئەو نەریتەم نەدەزانیو ژنەکان وا تێگەیشتبوون بەهاوسەرگیرییەکە رازیبووم.

چەند ساڵێکی دواتـر، دواجـار بڕیارمدا هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێك لەتەمەنی خۆمدا بکەم، چەندین ساڵ بوو خێزانەکەی هاوڕێی دایكوباوکم بوون. ناتوانم ناوی ئەو کوڕەتان پێبڵێم، لەبەرئەوەی ئەویشو خێزانەکەشی دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم، کە زۆربەی ژیانی وەك پەنابەر لە ئێران بەسەربردبوو، لەودەمەی من لە پاکستان بووم. یەکەمجار لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لەساڵی 2004دا چاومان بەیەك کەوت، ئەوکات لەزانکۆی کابول خوێندکار بوو. دەمزانی دایکی (باوکی دەمێك بوو کۆچی دوایی کردبوو)، لەلای دایكو باوکم داخوازی کردبووم، بەڵام دایكوباوکم دەیانزانی نابەدڵ بووم هاوسەرگیری بکەم، بەهۆی خۆتەرخانکردنم بۆ کاری کۆمەڵایەتیو سیاسی.

دواترو هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ هاوسەری دوارۆژم لە فەرەح، پێکەوە دانیشتین بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی یەکتر، بێگومان شتێکی زۆر نائاساییە کچ و کوڕ پێکەوە باسی چۆنییەتی هاوسەرگیرییان بکەن. دەمزانی هەمان هەڵوێستی منی هەبوو بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کارکردن بۆ ژنان و هەموو ئەفغانییەکان، بەڵام دەمویست دڵنیاببمەوە، کە تێبگات ژیانمان پێکەوە سەخت دەبێتو لەهاوسەرگیرییە نەریتباوەکان جیاواز دەبێت.

پێموت، «دەزانی ژیانم چۆنە، رەنگە لەهەر کاتێکدا بکوژرێم. ئەگەر هاوسەرگیریمان ئەنجامدا، رێدەدەیت پابەندبونم بەکاری سیاسیەوەو کاری لەبەرترینم بێت؟»

لەوەڵامدا وتی، «بەڵێ مەلالای، بێگومان. لەژیانت تێدەگەم. من لەتۆ باشترنیم. هەرچییەکت بەسەر بێت، ئامادەم خۆم لەقەرەی هەمان مەترسی بدەم».

وتم «موبارەك بێت!» وشەیەکە بۆ ئەو پەڕی خۆشی بەکاردێت لەزمانی فارسیداو بەواتای «پیرۆزە» دێت. ئێمەی ئەفغانی لەکاتی یادی لەدایکبوون‌و هاوسەرگیری‌و رۆژە پشووەکانی وەك جەژن‌و سەری ساڵ‌و بۆنە خۆشەکان، پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەین، ئـەوەش رێگەیەکە بۆ گۆڕینەوەی حەزو خۆزگەکانمان بۆ دوارۆژ. هەمیشە کاتێك دایك‌وباوکی کچ داخوازی ماڵی کوڕە پەسەنددەکەن دەڵێن «پیرۆزە»، بەڵام لەو هاوسەرگیریەدا دەبوایەیە خۆم وابڵێم.

دوای ئەو گفتوگۆیە بە باوکمم وت، ئێستا دەتوانێت قسە لەگەڵ داواکارەکەم بکات. وەك نواندنی رێز بۆ دایك‌وباوکم ئەو پرۆسە نەریتباوەی مابوو ئەنجاممدا، بۆ تەواوکردنی مارەبڕین‌و هاوسەرگیریی. هەموو ئەندامانی خێزانەکەم بەو هاوسەرگیرییە دڵخۆشبوون، بڕیارماندا ئاهەنگێکی مارەبڕینی سادەو کورتخایەن سازبکەین. دەزگیرانەکەم رۆشت بۆ پارێزگای فەرەح، بۆئەوەی دایکی بهێنێت بۆ ئاهەنگەکە، بەڵام لەو کاتەی ئەو لەوێ نەبوو، پێمراگەیەنرا رۆژی دواتر لە کابول کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی دەبەسترێت، من پێشتر بڕیارمدابوو تێیدا بەشداربم ، لەبەرئەوە دەبوایە دەستبەجێ بڕۆشتمایە. پێموابوو دەکرا ئاهەنگی مارەبڕینەکە بەبێ منیش ئەنجامبدرێت، سەرەنجام کاغەزێکم بۆ دەزگیرانەکەم نوسی‌و تێدا پیرۆزبایی مارەبڕینەکەم لێکرد، داوای لێبوردنیشم لێکرد لەوەی کە ناتوانم ئامادەی بۆنەکە بم. بورکایەکی شینم

پۆشی‌و لەگەڵ دوو پشتیوانکاری تر بەئۆتۆمبێل بەرەو کابول بەڕێکەوتین. کاتێك ئەو گەڕابووەوەو کاغەزەکەی بۆ دایکی خوێندبووەوە، دایکی دەستی کردبوو بەگریان، چونکە نەیدەتوانی من ببینێت. هەر لەسەرەتادا بۆی دەرکەوتبوو کە من بوکێکی کۆنباو نابم.

پێش هەموو شتێك تەمەنم بیست‌و شەش ساڵ بوو، ئەمەش زۆر لەسەروو تەمەنی هاوسەرگیرییەوەیە لە ئەفغانستان. لەگەڵ ئەوەی هیوادرابووم ئاهەنگەکە ببێتە رۆژێکی زۆر تایبەت بۆ خێزانەکانمان، بەڵام هیچ زیادە خەرجییەکم نەدەویست. لە ئەفغانستان دابونەریت وایە دەبێت ماڵی زاوا زێڕو زیوی گرانبەها بۆ بوکەکەیان بکڕن. نەمانهێشت ماڵی هاوسەرەکەم هیچ شتێك بکڕن. پێیانخۆش نەبوو، بەڵام ئێمە پێداگریمان کرد، نابێت پارە لەشتی زیادەو گرانبەهادا خەرجبکەن.

شتی مادی بەلامەوە گرنگ نییە . هەمیشە هانی کچان دەدەم، پارەی زۆر لە جلوبەرگ‌و زێڕو زیودا خەرجنەکەن. زۆرجار لە ئەفغانستان روودەدات خێزانە کەمدەرامەتەکان کاتێك هاوسەر بۆ کوڕەکانیان دەهێنن تووشی قەرزێکی زۆر دەبن. جیاواز لەدابونەریتی پاکستان‌و هیندستان، لە ئەفغانستان دەبێت خانەوادەی زاوا پارەی هاوسەرگیرییەکە بدەن. لەوانەیە تێچوونی ئێجگار زۆر بێت، ئەو جوتیارەی ساڵی 300 دۆلاری دەستدەکەوێت، رەنگە لەهاوسەرگیرییەکدا دووهەزار دۆلار خەرج بکات، بەکڕینی دیاری گرانبەها بۆ خانەوادەی بوکەکە. لە کابول، رەنگە خێزانێکی ئاست ناوەند، نزیکەی 15 هەزار دۆلار، یان زیاتریش خەرجبکات. هەندێك جار لەو ناوچانەی رووەکی خەشخاشی تێدا دەچێنرێت، جوتیارە هەژارەکان ناچاردەکرێن دەست لەکچەکانیان هەڵگرن‌و لەبەرامبەر پێدانەوەی قەرزی قاچاخچیانی مادە هۆشبەرەکان. ئەو کچانەی لەبەرامبەر ئەو قەرزانەدا دەدرێن، تیایاندایە تەمەنی تەنها دە ساڵە. ویستم بەهاوسەرگیرییەکەم ئەوە پیشانبدەم کە کچان کاڵا نین تا بفرۆشرێن، زێڕو زیوو پۆشاکی گرانبەها

خۆشبەختی بۆ مرۆڤ مەیسەرناکەن. ئەوەی خۆشبەختی بەرجەستە دەکات خوێندنە، پێویستە پارەو پول لەم بوارەدا خەرجبکرێت.

بڕیارماندا 10ی مارسی 2005، ئاهەنگی گواستنەوە بێت. رۆژێك پێش ئەوە گردبوونەوەیەکی گەورە بۆ بۆنەی رۆژی جیهانی ژنان رێکخرابوو (هەرچەندە رۆژی جیهانی ژنان 8ی مارسە، بەڵام بەهۆی باران بارینەوە بۆنەکە دواخرابوو بۆ 9ی مارس). رێکخەرانی بۆنەکە لەپێش بینای هەتیوخانەکەمان خێمەیەکی گەورەو هەندێك کورسیو چەند بڵندگۆیەکیان دانابوو. لەهەموو لایەکەوە خەڵکی روویاندەکردە فەرەح بۆ بەشداریکردنو گوێگرتن بۆ وتارەکانو تەماشاکردنی چالاکییەکانی وتنی سرودی نیشتیمانپەروەریو خوێندنەوەی شیعرو نمایشکردنی درامایەك لەسەر سەکۆکە، بۆ خستنەڕووی توندوتیژی دژی ژنان. وەك میوانو وتاربێژی سەرەکی بانگهێشتکرابوومو رێزم لێنرابوو. لایەنگرەکانم داوایان لەڕێکخەرانی ئەو بۆنەیە کرد، ئەگەر بکرێت رۆژی دواتر خێمەکە لانەبەن، بۆ ئەوەی بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەمان بەکاریبهێنین، ئەوانیش بەخۆشحاڵیەوە رەزامەندییان پیشاندا. لەدوا ساتی بەرنامەی بۆنەکەدا، یەکێك لەڕێکخەران ئاگادارییەکی تایبەتی راگەیاند: سبەینێ مەلالای جۆیا ئاهەنگی هاوسەرگیری دەگێڕێت، هاتن بۆ هەموانە. ئەوە کارێکی باش بوو بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە، چونکە کارتی بانگێشتنامەمان چاپ نەکردبوو. بەهۆی بەکارهێنانی ئەو خێمەیەوە، خەرجیەکی ترمان بۆ گەڕایەوە، ئەو بڕە پارەیەش دەکرا بۆ پرۆژەکانی رێکخراوی (OPAWC) بەکاربهێنین.

رۆژی دواترو لەو کاتەی خۆمان بۆ گێڕانی ئاهەنگەکە ئامادەدەکرد، دەستەی پاسەوانەکانم هێڵێکی پارێزگاریان بەدەوری خێمەکەدا دانا. سەدان کەس بە دراوسێ، خێزانەکەم، خوێندکارانی پێشوم، هاوڕێیانو ژمارەیەکیش لەگوندە دوورەدەستەکانەوە هاتن، بۆ پیرۆزباییکردن لەهاوسەرگیریەکەمان. پاسەوانەکانم دەبوو رێوشوێنی ئاسایشی توند بگرنەبەر بۆ رێگریکردن

لەدوژمنەکانم، لەقۆستنەوەی ئـەو بۆنەیە بۆ پـەلامـاردانـم. لەڕاستیدا یادەوەرییەکی ناخۆشی ئەو رۆژە ئەوە بوو، کە خەڵکی نەیاندەتوانی راستەوخۆ دیارییەکانیانم بدەنە دەست، لەپێشدا دەبوو بپشکنرێن بۆ بۆمبو تەقەمەنی.

لەگەڵ ئـەوەی دەستکەوتنی گوڵی سروشتی لە فـەرەح ئاستەم بوو، بەتایبەت لەکۆتایی زستاندا، بەڵام بەهەر رێگەیەك بێت کەمێك لەمیوانەکانم توانیبوویان چەپکە گولێ تەڕو تازەم بۆ بهێنن. زۆرێکی دیکە گولێ قەشەنگی دەستکردیان هێنابوو. لەبەر هۆکاری ئەمنی دەبوایەیە پاسەوانەکانم هەموو دیارییەکان بگەڕێن، نەوەك تەقەمەنییان تیادابێت. هەموان ئەوەمان لەیادە راجیڤ گاندی سەرۆك وەزیرانی هیندستان، بەهۆی خۆکوژێکەوە کوژرا، کە تاجەگوڵینەی پڕ لەتەقەمەنی پێشکەشکرد. زۆر دڵتەنگ بووم گوڵەکانم بەدەست نەدەگەشت، بەڵام هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو. لەکۆتایدا خەرمانێك گوڵی رەنگاوڕەنگمان کۆکردەوە، لەبەرئەوە رامانگەیاند کێ گوڵی پێویست بوو بۆ هەر بۆنەیەك، دەتوانێ هەندێك گوڵ بۆخۆی ببات. منداڵی بچوك رایانکردو وتیان «گوڵی بەلاش!» بۆ چەند رۆژێك ژنو منداڵ دەهاتنو گوڵیان دەبرد، تەنانەت هەندێکیان نوکتەیان دەکرد، کە دوکانێکی گوڵفرۆشی بکەمەوە، تا پارە پەیدابکەم لەجیاتی ئەوەی بیانبەخشم!، بەڵام من حەزمدەکرد هەموو لایەك لەو خۆشیو شادییەدا بەشداربن.

هەندێك لەو میوانانەی ئامادەی ئاهەنگی گواستنەوەم بوون، دیاری زۆر گرانبەهای زێڕو زیوو شتە بەنرخی تریان هێنابوو، کە من پێمخۆش نەبوو. بڕیارماندا ئەو دیارییانە ببەخشینە رێکخراوی (OPAWC) وەك یارمەتییەکی دارایی بۆ نۆڕینگەی هاموون، هەروەها بەهۆی نەپۆشینی عەزی درەوشاوەی بوکێنیو سەرپۆشی گرانبەهاو خشڵو زێـڕەوە نەریتێکی دیکەم شکاند. هەرچەندە خانەوادەی هاوسەرەکەم دەیانویست ئەو شتانەم بۆ بکڕن، بەڵام من رەتمکردەوەو پێموتن، «پێویست ناکات، سوپاس». تەنانەت سەریانسوڕمابوو

لەوەی کە جلوبەرگی تازەشم بۆ ئاهەنگی گواستنەوەکەم نەکڕیبوو. دەستێك جلی سادەی شینی کاڵی ستایلی ئەفغانیم لەبەرکردبوو. ئەمەش هەندێك لەمیوانەکانی تاساندبوو. دوو پیاو لەهاوسەرەکەم نزیکببوونەوەو لێیان پرسیبوو، «بوك لەکوێیە؟» منیش لەبەردەمیاندا دانیشتبووم. دواتر هەموو لایەك بەو رووداوە کەوتنە قاقای پێکەنین.

لەبری ئامادەکردنی نان، گۆشت، برنج و چەند جۆر خواردنی تر، کە شتێکی باوە، ئێمە تەنها شەربەت و کێکمان پێشکەش بەئامادەبووان کرد. لەگەڵ ئەو هەموو سادەکارییەدا، هەموو لایەك کاتێکی خۆشیان بەسەردەبرد. دوو تیپی ناوداری گۆرانیبێژی ئاهەنگ لە فەرەح (یەکێکیان ژن بوو، ئەوی دیکەشیان پیاو بوو)، هاتن بۆ ئاهەنگەکەم و بەبێ بەرامبەر بۆنەکەیان رازاندەوە، وەك ئاماژەیەك بۆ پیشاندانی پشتیوانیان لە کارەکانم.

پلانێکم دانا وتارێك بدەمو تێیدا بۆ هەموو لایەکی روونبکەمەوە، بۆچی ئاهەنگێکی هێندە سادەمان سازکردووە، بەڵام دایکم رازی نەبوو، وتی ئەمە لەگەڵ دابونەریتی ئەفغانستاندا یەکناگرێتەوە. وتی هەموو شتەکانی ئاهەنگەکە بەحەز و خۆزگەی من بووە، لەبەرئەوە دەبوایە گوێی بۆ بگرمو لەو لایەنەوە لەنەریت لانەدەم: ناکرێت بووك لەئاهەنگی گواستنەوەی خۆیدا وتار پێشکەشبکات!

داواکـەی دایکم پەسەندکرد، بەڵام چەند تێبینیو سەرنجێکم نوسیو گەیاندمە دەستی یاریدەدەرەکانم لەنۆڕینگەکەدا، تا بۆ میوانەکانی بخوێننەوە. ئەو نوسینە ئاماژەی بۆ ئەنجامدانی نمونەیەك دەکرد، کە دەشێت ئاهەنگێکی خۆش بگێڕیت بە بێ ئەوەی پارەیەکی زۆر بەفیڕۆ بدەیت و توشی قەرزاری ببیت. بۆ چەند مانگێك ئاهەنگەکە ببووە باسی گەرموگوڕی نێو ماڵەکانو دامودەزگاکان لە فەرەح، هەندێك کەس وەك مۆدێلی تێکشکاندنی دابونەریتە زەرەرمەندەکان لێیاندەڕوانی.

دوای ئاهەنگی گواستنەوە، کاتمان بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی نەبوو. رۆژانە دەیان کەس سەردانیان دەکـردم، بەڵام هاوسەرەکەم تا ماوەیەك لە فەرەح لەگەڵمدا مایەوە و لەزۆربەی دیدارەکانمدا لەگەڵ خەڵك ئامادە دەبوو. بەختەوەرم، کە هاوسەرگیریم لەگەڵ پیاوێکی هێندە میهرەبان و تێگەیشتودا ئەنجامدا. خۆیو خانەوادەکەشی بەردەوام پشتیوانیم دەکەن، بێدەربەست لەوەی کارێکی سەختە. ناتوانین بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ یەکتردا بین. کاتێك دەچمە کابول، دەبێت بەردەوامی لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵی لایەنگرەکانم هاتوچۆ بکەم، تا دوژمنەکانم دەستیان پێمنەگات. هاوسەرەکەم ناتوانێت هاوسەرگیرییەکەمان بە هاوپیشەکانی ، تەنانەت هەندێك لەهاوڕێکانیشی بڵێت. هەندێکجار بەگوێی خۆی بیستبووی خەڵکی رەخنەیان لێگرتبووم، بەڵام لەبەر سەلامەتی خۆی، منیش پێویستە خۆی رابگرێت و بەشێوەیەك وەڵامنەداتەوە کە خەڵکی گومانی لێبکەن، کە هاوسەرگیری لەگەڵ مەلالای جۆیادا کردووە.

لەبەر ئاستی بەرزی کاری سیاسیم، (OPAWC) رووبـەڕوی چەندین گیرو گرفت دەبــووەوە. رێکخراوەکە وەك رێکخراوێکی ناحکومی جۆیا ئاماژەی بۆ دەکرا، لەبەرئەوە زۆربەی کۆمەك بەخشەکان رەتیانکردەوە، چیتر پارە بۆ پرۆژەکان دابینبکەن. دەزگای هەواڵگری ئەفغانستان هەڵیاندەکوتایە سەر ئۆفیسو ماڵی کارمەندەکانی، بەوپێیەی ئەو دەزگایە هێشتا لەدەست هاوپەیمانێتی باکوردایە. چەندجارێك کارمەندەکان لەلایەن ئەو دەزگایەوە دەستبەسەر کراون و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە، داوایان لێکراوە دەربارەی جۆیا زانیارییان پێبدەن. دەیانویست ناوی هاوکارەکانی جۆیا بزانن و بزانن بۆچی وازناهێنێت لەڕەخنگرتنی سەردەستەی میلیشیاکانو حکومەت. ئەم هەراسانکردنە رۆژانە درێژەی هەیە.

بە داخــەوە ماوەیەکی کـەم پێش هەڵمەتی هـەڵـبـژاردن، دەبوایە هەتیوخانەکە لە فەرەح دابخەین. بەشێوەیەکی سەرەکی پشتمان بە هاوکاری

چەند بەخشەرێکی ئەفغانیو کۆمەکی دەرەوە بەستبوو، بەڵام چیدی ئەو کۆمەکانە بەشی بەڕێوەبردنی هەتیوخانەکەی نەدەکرد. ئەو ڕۆژە بۆ من و هەموو هاوپیشەکانیشم ئێجگار ناخۆش بوو. ماڵئاوایی کردن لەو منداڵانە گەلێ دژوار بوو. زۆریان گەڕانەوە نێو خێزانەکانیان، هەرچەند هێند کەمدەرامەت بوون، کە نەیاندەتوانی منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن.

یەکێك لەهیواکانم بۆ بوونە ئەندام پەرلەمان، پەیداکردنی فەند بوو بۆ ئەو پڕۆژانەی زۆر پێویست بوون، وەك ئەو هەتیوخانەیە. پارێزگا دوورەدەستەکانی وەك فەرەح کاری بۆ نەدەکراو هەمیشە فەرامۆشکراو بوون. لەڕاستیدا بە هۆی دەسەلاتی زاڵی سەردەستەی میلیشیاکان و گەندەڵی بەربڵاو لەحکومەتدا، پڕۆژە خزمەتگوزارییە کەمەکانی وەك هەتیوخانەکەی ئێمە، هەرگیز کۆمەکی پێنەدەگەشت. زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، مەرج دادەنێن بۆ ئەو بڕە پارەیەی دەیبەخشن، ئەویش بۆ کۆنترۆڵکردنی لایەنی وەرگرە، کۆمەکی ئەو پڕۆژانەش ناکەن، کە لەلایەن ڕەخنەگرانی سەردەستەی میلیشیاکان، حکومەتی ئەفغانستان و داگیرکەری بێگانەوە بەڕێوەدەبرێن.

گەلێ پارتی سیاسی لە ئەفغانستان بوونیان هەیە، بەڵام من لایەنگری هیچیان نیم. هەمیشە هەوڵمداوە لەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بمێنمەوە، چونکە لەو بڕوایەدام، کە هەڵگرتنی پێناسی ئەندامێتی هێندەی ئەو بیرو بۆچوونانە بەئەرزش نین، کە لە دڵو مێشکماندا هەڵمانگرتوون. وەك کەسێکی سەربەخۆ، بڕواموایە بەباشترین شێوە توانیومە نوێنەرایەتی هەموو گەلی ئەفغانی بکەم و دەنگییان بگەیەنم، بەڵام بە بێ پشتیوانی پارتی سیاسیش دەبوایە هەڵمەتی بانگەشەم لەبناغەوە بونیادبنێم.

هەرچەند زۆرێـك لەکاندیدەکان پارەیەکی بێشوماریان لەهەڵمەتی بانگەشەدا خەرجکرد، من هیچ پارەیەکم خەرج نەکرد، زۆربەی بانگەشە بۆ من لەلایەن لایەنگرە خۆبەخشەکانەوە بەڕێوەدەبرا.

لەبەرئەوەی هەڕەشەی کوشتنم لەسەر بوو، هاوزەمان توندوتیژی لەپارێزگاکەدا لەپێش هەڵبژاردن هەڵکشانی بەخۆوە دیبوو، ئامادەبوونم لەزۆربەی هەڵمەتەکانی بانگەشەکردندا مایەی مەترسی بوو. نەمدەتوانی بۆ هیچ شوێنێکی دەرەوەی فەرەح بڕۆم، زۆربەی کات دەبوایە لەپشت دیوارە خشتەکانی ئۆفیسەکانمان بمێنمەوە، ئەمەش بەلامەوە بەوێنەی ئەشکەنجەدان بەئازار بوو.

لەماوەی کامپینەکەدا خەڵکی بەلێشاو دەهاتنە ئۆفیسەکەمو پرسیاریان دەکرد، پشتیوانی خۆیان دەردەبڕی. زۆرێك لەڕیش سپییەکان پێیانرادەگەیاندم، کە تەواوی گوندەکەیان دەنگمپێدەدەن. هەندێك لەلایەنگرانم لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییاندا، یان لەکۆبوونەوەکاندا وتارەکانی منیان بەڤیدیۆ بۆ ئامادەبووان نمایشدەکرد، بەوپێیەی لەبەر هۆکاری ئەمنی نەمدەتوانی سەردانی ئەو شوێنانە بکەم. لەشاری فەرەح هەندێك لایەنگر بانگهێشتیان دەکردم بۆ ئاهەنگ و بۆنەکانیان تا وتار پێشکەشبکەم. دوکاندارێك خەڵکی کۆکردبووەوەو بۆ کردنەوەی دوکانەکەی بانگهێشتی کردم، تا لەوێ وتارێك پێشکەش بکەم.

بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانم لەسەر کاسێت، لێدوانی کورتم تۆماردەکرد، زۆرێك لەخۆبەخشەکانیش ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە بۆ گەیاندنی ئەو کاسێتانە بە هەموو بەشەکانی پارێزگای فەرەح، پاشان لەگوندە دوور دەستەکاندا خەڵکیان کۆدەکردەوەو کاسێتەکانیان بۆ لێدەدان تا گوێبیستی پەیامەکەم بن. کەمێك لەلایەنگرەکان راستەوخۆ لەسەر تەلەفونەکانیان پەیامیان لێوەردەگرتمو تۆماریاندەکرد، پاشان لەناوچەکانی خۆیاندا بانگەشەیان بۆ دەکرد. هەندێك لەو خۆبەخشانە لێدانیان خواردبوو کاتێك ناحەزان زانیبوویان بانگەشە بۆ من دەکەن.

ژمارەیەکی زۆری ئەو پەیامبەرانە لەژێر تەمەنی 18 ساڵیەوە بوون، پێیاندەوتم تاکە ئاواتیان ئەوەیە تەمەنیان بۆ دەنگدان بشیایە تا خۆیان

دەنگیان بۆ بدابام. منداڵانو نەوجەوانان لایەنی پشتیوانکاری بەجۆشو خرۆشی من بوون. زۆرێکیان هەوڵیاندەدا دایكوباوکیان رازیبکەن لەجیاتی کاندیدە ئوسوڵگەراکان لایەنگری من بکەن. کچێك بۆی گێڕامەوە باوکی پشتیوانی لەکاندیدێکی ئوسوڵگەرا دەکرد، بەجۆرێك وێنەی ئەو پیاوەی بەدەوری ماڵەکەیاندا هەڵواسیبوو، بەڵام کچەکە بەشانازییەوە گێڕایەوە، کە وێنەکەی لێکردبوویەوەو پۆستەری منی لە شوێنیدا داکوتیبوو. لە ئەفغانستان وتەیەکمان هەیە دەڵێت، راستی لە منداڵ بپرسە.

هەوادارانی هەرە بەگوڕو تینم توێژی گەنجانن، جا لەوڵاتەکەی خۆم بێت، یاخود لەو شوێنانەی ئەفغانییە پەرتەوازەکانی تێدا دەبینم. رەنگە ئەمە راستتر بێت بۆ ئەو ئەفغانییانەی لـەدەرەوەی وڵاتن، ئەمەش هێمایەکی ئەرێنییە. ئەگەر ئەفغانستان وەك وڵاتێکی سەربەخۆو دیموکرات خەریك بێت بکەوێتە سەرپێی خۆی، ئەوا پێویستی بەبەشداری زۆرێك لەوانەیە، کە لەئێستادا لەڕۆژئاوا گوزەران دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەگەڕانەوەی ئەو چوار ملیۆن پەنابەرە ئەفغانییە هەیە، کە هێشتا لە ئێران، پاکستانو وڵاتانی تری دراوسێ دەژینو زۆرینەشیان کەسانی گەنجی خوێن گەرمن. لەم دواییانەدا پاکستان بەزۆرەملێی هەندێك کامپی پەنابەرە ئەفغانییەکانی داخست، بەڵام زۆرێکیان شوێنێکی سەلامەتیان نییە، تا بۆی بگەڕێنەوەو تێیدا نیشتەجێبن. زۆرێکیان پێیان باشە بچنە کابول، لەبەرئەوەی باری ئەمنی کەمێك باشترە. لەمڕۆدا ئەوەش یەکێکە لەهۆکارەکانی تەقینەوەی رێژەی دانیشتوان، هەروەك بەهۆی ئاوارەی ناوخۆوە ئێجگار روو لە قەرەباڵغیو زیاد بوونە.

لەبەر کەمبوونەوەی تەمەنی ژیان لەلایەك، کوژرانی هەموو ئەوانەی لەجەنگەکاندا بوونە قوربانی لەلایەکی تر، لەنێو دانیشتوانی ئەفغانستاندا رێژەی گەنج بەبەرزترین ئاست تۆمارکراوە لەچاو جیهاندا، هەروەها لەبەر بارودۆخی تراژیدی وڵاتەکەمان، گەنجانی ئەفغانستان زۆر لە باسوخواسی

سیاسەتەوە گلاون. بێگومان ئەمە بۆ خوشك‌و برا گەنجەکانیشم دروستە. جارێکیان برا هەشت ساڵەکەم لەماڵی پاسەوانەکانم بوو، تێبینی ئەوەی کردبوو یەکێك لەپاسەوانەکان کڵاوێکی لەسەرکردبوو، کە وێنەی ئەحمەد شا مەسعودی پێوەبوو، یەکێك بوو لەو تاوانکارانەی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا زیان‌و زەرەرێکی زۆری بەوڵاتەکەمان گەیاند.

برا بچوکەکەم لێی پرسیبوو، «بۆچی کڵاوی ئەو تاوانکارە لەسەر دەکەیت؟ ئەگەر مالالای ئەوە ببینێت، زۆر توڕە دەبێت!»

لەڕاستیدا ئەو پاسەوانەم گوێی پێنەدابوو چی لەسەر کڵاوەکەی کێشرابوو، هەر پێیخۆش بوو لەسەری بکات. کاتێك براکەم ئەو قسەیەی پێوتبوو، پاسەوانەکە وێنەکەی بەمقەسەت لێکردبوەوە، ئێستاش برادەرەکانی لەسەر ئەو کارە گاڵتەی پێدەکەن. حەزدەکەن بەبیریبهێننەوە، کە چۆن منداڵێك پێیوتووە ئەو کڵاوەی لەسەریکردووە، هەڵاوێری ئاراستەی کاری سیاسییەتی.

زۆرێك لەو منداڵانەی دەیانناسم زۆر بەشوێن سیاسەتەوەن. بیرمە جارێکیان لەماڵی لایەنگرێکم بووم، تەماشای تەلەفزیۆنمان دەکرد، کوڕێکی بچوکی خاوەن ماڵەکە درکی بەوەکرد کە لەڕاپۆرتێکدا قسەکانم کورتکرابوونەوەو بەشێکی گرنگی پەیامەکەم لابرابوو. هەرکات خەڵك نەختێك هۆشیاربوون، ئیدی دەتوانن راستی لەدرۆ جیابکەنەوە. هیوادارم هەڵبژاردنم وەك ئەندام پەرلەمانێك، گەنج‌و ژنێکی قسەلەڕوو، کەمێك یارمەتیدەر بووبێت بۆ هاندان‌و گوڕوتین بەخشین بە نەوەی داهاتوو.

جارێك لەگەڵ چەند هاوڕێیەك بووم، لەکوڕە بچوکەکەمیان پرسی، کاتێك گەورە بوو حەز دەکات ببێت بەچی. یەکسەر وەڵامیدایەوەو وتی، «سەرۆکی ئەمەریکا».

دایکی لێی پرسی، «بۆچی سەرۆکی ئەمەریکا؟»

«لەبەرئەوەی ئەو کاتە مەلالای جۆیا لەجێی خۆم دادەنێم و دەیکەمە

سـەرۆك، بۆ ئەوەی هەموو شتێك لە ئەمەریكا چارەسەر بكات، هەركات ئەمەریكا چارەسەركرا، بێگومان ئەفغانستانیش دۆخی باش دەبێت».

منداڵانیش ئەو خەیاڵو لێكدانەوە روونو ئاشكرایانەیان هەیە. هێشتاش زۆرێك لەو منداڵانە دەبینم، كە لە هەتیوخانەكە بوون. هەركات بۆمكرا سەردانی فەرەح بكەم، هەمیشە ئـەوانو خێزانەكانیان یەكەم كەسن، كە سەردانم دەكەن. كچێك هەیە بەناوی رەحیمە، خاوەن پێداویستی تایبەتە و ناتوانێت بڕوات و بە باشی قاچ ناگرێت، بەم هۆیەوە لەژیانیدا زۆر بەدەست مامەڵەی نایەكسانەوە ئازاری چەشتووە. ئەو پێیوتم خۆشترین كاتی ژیانی ئەو ساڵانە بوون، كە لەهەتیوخانەكەدا لەگەڵ ئێمەو منداڵەكانی دیكە بەسەری بردبوو، چوون هەموویان بەیەكسانی مامەڵەیان لەگەڵ دەكرا. كاتێك دەچمە فـەرەح، هەمیشە هەوڵدەدەم سەردانی بكەمو دیـاری بۆ ببەم، وەختێك پێكەوەین چێژ لەو كاتە دەبەم. منداڵانی هەتیوخانەكە خۆشییەكی زۆریان پێبەخشیم، بەڵام هەندێكجاریش چەند بیرەوەرییەكی ناخۆشو خەفەتبارم هەن لەمێشكو دڵماندا ماون و سەرهەڵدەدەنەوە. ئەو شتانەی بۆی دەگرین، هەرگیز لەبیرمان ناچنەوە، بەڵام ئەو شتانەی بۆی پێدەكەنین، زۆر بەخێرایی لەیادیاندەكەین.

كاتێك منداڵبووم چاونەترسی منداڵە فەلەستینییەكان گوڕوتینیان پێدەبەخشیم، كە لەبەرامبەر داگیركردنی خاكەكەیاندا بەرگرییان دەكرد. بەباوكم دەوت دەمەوێت وەك ئەو منداڵانەم لێبێت، كە بەدەستی بەتاڵ دژی سەرباز و تانك لەپێناو نیشتیمانەكەیاندا دەجەنگن. ئێستا لەو بڕوایەدام ئەمڕۆ لەئەفغانستان هەموو نەوەكانمان نەبەردانە خەبات بۆ وڵاتەكەیان دەكەن.

منداڵ راستو چەوت لەیەكترجیادەكاتەوە، ئارامیان لێدەبڕێت، ئەگەر ببینن خێزانەكەیان لەئازارو ناڕەحەتیدان. شتێكی ئاساییە منداڵان بیانەوێت بەگژ دوژمنانی ئەفغانستاندا بچنەوە، ئەو دوژمنانەی رێگریمان لێدەكەن

لەبەدەستهێنانی دیموکراسی راستەقینەو مافی چارەی خۆنوسیندا. ئەو ئەفغانیانەی لەتەمەنی منداڵو گەنجترن، تەنها مانای جەنگ دەزانن. هەرگیز لەژیانماندا خۆشیو ئاشتیمان نەبینیوە، بەڵام هێشتا سورین لەپێناو دوارۆژێکی باشتردا خەبات بکەین.

بەداخەوە هەندێك لەنەوەکانی پێشوو بێزاربوونو دەستیان لەگریمانەی گۆڕانکاری راستەقینە هەڵگرتووە، یاخود پێمدەڵێن هەستیان بۆ پەیامەکانم دەجوڵێت، سەرباری ئەم قسانە، هەوڵیشدەدەن رازیمبکەن رەخنەکانم کەمبکەمەوە.

هەندێکجار وەك منداڵێك قسەم لەگەڵ دەکەن: «کچەکەم، تێدەگەی چی دەڵێیت، بەڵام باشتر دەبوو ئەگەر هێندە راشکاوانە قسەت نەکردایە».

بەردەوام دەڵێن، کە تەنها خەمی سەلامەتی منیانە: «لەبەر خاتری خۆت، پێویستە بەنەرمی پەیامەکانت بگەیەنیت».

بێگومان من نامەوێت ئەو کارەبکەم. من دەنگدانەوەی هەستی ئەو لایەنگرانەم، کە رقیان لەسەردەستەی میلیشیاکانە. زۆرێکیان پێیانراگەیاندوم تەنانەت ئەگەر ئاگر لەو کەسانەش بەربدەیت، خۆڵەمێشەکەیان خاکی وڵاتەکەمان پیسدەکەن.

ئەو جۆرە پشتیوانییەی لەخەڵکی ئاسایی فەرەح دەمبینی بۆ بەشداریکردنی ژنان لەپرۆسەی سیاسیدا، شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو. پیاوانو ژنانیش ئەم دروشمەیان بڵاودەکردەوە «ئیتر کاتی ژنانە»، لەبەرئەوەی بۆیان دەرکەوتبوو ئەوپیاوانەی دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، هیچ شتێکی باشیان پێشکەش بەگەل نەکردبوو، هەروەها زۆرێك لەپیاوانیش پشتیوانی خۆیان بۆ یەکسانی دەردەبڕی. پیاوێك پێیوتم «دەمەوێت کڵاوەکەم لەسەری تۆ بکەم و منیش لەچکەکەی تۆ لەسەر بکەم». دەیویست بڵێت دروست نییە هەمیشە بەچاوێکی کەمتر لەژنان بڕوانرێت. ئەو پشتیوانیو لایەنگریەی لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا لەمن

کرا ساغی کردەوە، کە نایەکسانی نێوان ژنو پیاو بەشێکی هەمیشەیی نییە لەکولتوری ئەفغانستانو دەشێت ئەو ڕەهەندانە بۆ باری باشتر بگۆڕدرێن.

بێگومان ژنان ئەوپەڕی لایەنگری لەخۆبوردوو بوون بەرامبەرم، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ باسم لەدژواری، چەرمەسەری و تێکۆشانیان دەکرد. لەهەندێك حاڵەتدا تەنانەت کچانو ژنانی ئوسوڵگەراکانیش پشتیوانیان دەکردم، بەڵام زۆر بەدەگمەن دەیانوێرا بەئاشکرا پاڵپشتیم بکەن.

دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم، کە زۆربەی ڕابەرە ئایینییەکان لەفەرەح پشتیوانییان کردم. لەکاتی هەڵمەتەکەدا ژمارەیەك ئیمام سەردانیان کردم تا پێمڕابگەیەنن لەمزگەوتەکانیاندا هانی خەڵکی دەدەن، تا دەنگم پێبدەن، بێگومان مەلای چەند مزگەوتێکیش پڕوپاگەندەیان دژی من بڵاودەکردەوە.

دوژمنەکانم هەموو ڕێوشوێنێکیان گرتەبەر بۆ بەرپێگرتنی هەڵبژاردنم، بڵاوکراوەیان دابەشدەکردو منیان بە»لەشفرۆش، دژەئیسلامیو کۆمۆنیست» ناوزەد دەکرد. لەهەموویان خراپتر نامیلکەیەك بڵاوکرابووەوە وێنەی منی تێدا دانرابوو بە بێ سەرپۆشەکەم: بەشێوەیەکی نادروست ئاماژەی بۆ ئەوە دابوو، کە لەناو لۆیا جیرگادا گیرابێت. لەژێریەوە قسەیەکی زۆر ناشیرین نوسرابوو: «لە لۆیا جیرگادا لەچکەکەی دانا، لەپەرلەمان پانتۆڵەکەشی دادەکەنێت».

جارێکیان ئەو تیمەی پارێزگارییان لەئاسایشی من دەکرد، توانیان لەگوندێکی نزیکدا بۆنەیەکم بۆ ڕێکبخەن. هەمیشە دەبوو خۆم لەبورکایەکی شین بپێچایەو لەنێوان پاسەوانە پڕچەکەکاندا، سواری ئۆتۆمبێل ببومایە بۆ سەردانیکردنی ئەو شوێنانە. جارێکیان ستافێکی فیلم و دەرهێنەرێکی دانیمارکی بەشوێنمەوە بوون، بەرنامەیەکی دۆکیومێنتاریان بەرهەمدەهێنا دەربارەی لایەنە گرنگو مێژووییەکانی ژیانم بەرەو پەرلەمان. لەپێشدا ژنانی ئەم گوندە ڕاڕاو پەشۆکاو بوون، بەڵام بەباشی لەپەیامەکەم تێدەگەشتنو سەریان بۆ دەلەقاندم، کاتێك

پێمدەوتن بۆچی خۆم بۆ پەرلەمان هەڵبژاردووە: «بڕیارمداوە خۆم کاندید بکەم بۆ ئاشکراکردنی دوژمنانی ئەفغانستان، دوژمنانی دیموکراسی ئەو دوژمنانەی، کە ناخوازن ئاشتی بەرقەرار بێت....»

کاتێك فیلمە دۆکیومێنتارییەکە بەرهەم هات، بەرهەمهێنەری فیلمەکە ئێڤا مولاڤ، ناوی لێنا (دوژمنانی دڵخۆشی) . سەربەرزییەکی گەورە بوو ببمە بابەتی فیلمێك، کە پێموایە هەندێك لایەنو تێگەیشتنی ناوازەی لەبارەی نەهامەتی گەلی ئەفغانستان دەخستە بەردەست. لەگەڵ وێنەگرتن راهاتبووم، بەڵام شتێکی نامۆ بوو، کە بۆ هەموو شوێنێك بەدوامەوە بوون، تەنانەت لەماڵەوەش وێنەیان دەگرتم. کاتێك لەحەوشەکەدا بەدەست جلەکانم دەشتو شەوان لەبەر رووناکی چرا، کتێبم دەخوێندەوە. دواجار لەگەڵیان راهاتم، تەنانەت جاری واهەبوو بیرم دەچووەوە ئەوان لەوێنو وێنەم دەگرن.

تەنانەت لەکاتی هەڵمەتەکانی بانگەشەکردندا بەردەوام ژمارەیەکی زۆر میوانم دەهاتو داوای ئامۆژگاریان لێدەکرم، هەڵبەتە زۆرجار دەربارەی بابەتی تایبەتی بوو. ئەو دەستەیە لەوێ بوون بۆ وێنەگرتنی چیرۆکی کچێك بەناوی رەهەڵا (رەهەڵایەکی تر) کە زۆر غەمگین بوو، لەبەرئەوەی لەگەڕەکەکەیاندا پیاوێکی بەتەمەنی دەسەڵاتدار دەیویست بیکات بەژنی خۆی. هەرکات رەهەڵاو هاوڕێکانی یان خوشكو براکانی بەلای ئەو پیاوەدا تێدەپەڕین، زۆر وشەی ناخۆشی پێدەوتن و تانەو توانجی لەکچەکە دەدا، بەوەی چۆن دەیکاتە ژنی خۆی. رەهەڵا کچێکی خوێندەوار بوو، نەیدەویست مێرد بەقاچاخچییەکی ماددەی هۆشبەرو نەخوێندەوار بکات.

چاوم بەو پیاوە کەوتو هەوڵمدا رازی بکەم واز لەو کچە بهێنێت. لەسەرو ئەوەشەوە ئەو زیاد لەژنێکی تری هەبوو، پێموت دەبێت ئەو راستییەی لەیاد بێت، کە ئیسلام مافی بەژنانیش بەخشیوە، بەڵام زۆر کەللەشەق بوو، دەیوت

دەبێت هەر بیخوازێت، ئەگینا لەکەسایەتی کەمدەبێتەوە و غوروری دەشکێت. سەرەڕای ئەوەش باسی لەوە دەکرد، کە «کولتوری ئەفغانستان» مافی دەداتێ ئەو کچە بۆ خۆی ببات، هەرچەندە کچەکە نەشخوازێت مێردی پێبکات. نەمتوانی رازی بکەم. دەیوت ئەگەر بێت و بەزۆریش بیبات، ئەوا هیچ بەلایەوە گرنگ نییە، ئەگەر کچەکە خۆی بسوتێنێت، ئامادەیە قەرەبوەکەی بدات.

دواتـر تاکە مامی رەهـەڵا هەوڵیدا دەستی یارمەتی بۆ کچەکە درێژ بکاتو لەگەڵ ئەو پیاوەدا قسەبکات، بەڵام لەبەرامبەر هەوڵەکانیدا مامەکەی لەناوبرا، پاشان بەناچاری رەهەڵاو پاشماوەی خێزانەکەی هەڵهاتن بۆ ئێران بۆ دەربازبوون لەدەستی ئەو بکوژەی دەیویست بیکاتە ژنی خۆی. لە ئەفغانستان چەندین هاوشێوەی رەهەڵا بوونیان هەیەو رووبەڕوی هاوسەرگیری بەزۆرو بێخۆشەویستی دەبنەوە.

هەندێکجار ئەو فیلمسازانە وێنەی وەهایان دەگرت، کە تەماشاکردنیان مایەی ئازارێکی بێکۆتا بوو.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن، فشاری کامپینەکە لەسەر رووم دەردەکەوت. جارێك هاوڕێیەکی نزیك سەردانیکردم لەبارەگاکەدا تا هاوکاری پێشکەشبکەم هێندە دڵم پڕبوو، کە رووم لێوەردەگێڕا بۆ شاردنەوەی فرمێسکەکانم. لەگەڵ ئـەوەی بـاش نییە خاڵی لاوازیـم بۆ دوژمنەکان ئاشکرابکەم، بەڵام منیش مرۆڤمو هەستم هەیە. ئەستەمە هەموو کاتێك خۆڕاگرو بەهێزبیت. هاوشێوەی هەموو کەسێك، منیش هەست بەماندوێتی دەکەمو هەندێکجاریش دەترسم. گرنگترین شت ئەوەیە سـەرەڕای بوونی تەنگو چەڵەمە، لەهەوڵدان نەوەستیت.

لــەوەش بـگـوزەرێـت چرکەساتی زۆر خـۆشو بـزوێـنـەر، لـەمـاوەی کامپینکردنەکەدا روویاندا. ژنێکی زۆر بەتەمەنی موجاهیدینی پێشو، ئەو کاتە

مینی دەچاند بۆ تەقاندنەوەی کاروانە سەربازییەکانی سۆڤیەت، دوو ڕۆژ بەپێ ڕێیکردبوو تا چاوی بەمن بکەوێت. دەربارەی من زۆر شتی بیستبوو، دەیویست پێمبڵێت، کە «من بەشێوازێکی ڕێکوپێکی ئیسلامیانە ڕەفتاردەکەمو بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکەم». ئەم ژنە بەتەمەنە لەڕۆژی هەڵبژاردندا گەڕابوەوە شاری فەرەحو پێکەوە رۆیشتین بۆ بنکەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان.

بەدرێژایی ڕێگاکە دەبوایە بەلای سەربازە ئەمەریکیەکان تێپەڕین، کە لەسەر ئۆتۆمبێلە سەربازییە زرێپۆشەکان لە حاڵەتی ئامادەبوایەشیدابوون، تفەنگ و چەکە قورسەکانیان لەسەرڕێ بوون. ژنانو پیاوان دەچوونە ژووری جیاوە و چەك دەپشکنران نەوەك چەکیان پێبێت. هێزەکانی (ISAF) چاوەڕێی ڕوودانی توندوتیژی بوون لەلایەن تاڵیبانەوە، بەوپێیەی سوێندیان خواردبوو هەڵبژاردنەکان تێکبدەن.

کاغەزی دەنگدان پەڕەیەکی گەورە بوو، ناوی 47 کاندیدی لەسەر ریزکرابوو. تەنها سیانمان ژن بووین، لەبەرئەوەی هێشتا زۆرێك لەخەڵکی ناتوانن بخوێننەوە، هەر کاندیدێك هێمایەکی پێدرابوو، بۆئەوەی پێی بناسرێنەوە. هێماکەی من خانوویەك بوو. پەنجەی دۆشاومژەمان لەمەرەکەبێکی مۆر هەڵدەکێشا وەك ئاماژەیەك بۆ دەنگدانمان، پاشان دەنگەکەمان دەداو کاغەزەکەمان دەکردە ناو سندوقێکی پلاستیکیی گەورەوە.

ئەو ژنە بەتەمەنە لەگەڵمدا بوو هاواری بۆ خەڵکەکە کردو وتی هیواو ئومێدێکی زۆری هەیە، بەڵام لەڕووخساریدا ساڵانێکی پڕ مەراق و ئاماژەیەی ترس دەبینرا.

بڕواموابوو کە دەنگێکی باش بەدەستدەهێنم، هەرچەند دوژمنەکانم کەوتبوونە خۆ بۆ قۆرخکردنو تۆقاندنو بەگشتی تێکدانی پرۆسەی

دەنگدانەکە. لە فەرەح چەند راپۆرتێك بڵاوکرانەوە لەسەر گەندەڵی و فرتوفێڵ لەڕۆژی دەنگداندا. بۆ نمونە دەوترا پیاوێکی نابینا ویستویەتی دەنگ بۆ من بدات، بەڵام فریودرابوو بەوەی، کاندیدێکی هەڵەیان بۆ هەڵبژاردبوو.

دوای سێ هەفتە دەنگەکان جیاکرانەوەو لەڕێی رادیۆیەکی مەودا کورتەوە، لەبارەگاکەم گوێبیستی راگەیاندنی ئەنجامەکان بووین. کورسیەکی پەرلەمانم بۆخۆم مسۆگەرکردبوو. لەپارێزگای فەرەحدا پلەی دووەمم هێنا، لەڕووی زۆرترین رێژەی بەدەستهێنانی دەنگەوە. دەبوومە گەنجترین ئەندام پەرلەمان‌و یەکێك لەو 249 ئەندامە یاسادانەرانەی، کە 28% یان ژن بوون.

لایەنگرەکانم لەخۆشیدا دەستیانکرد بەهات‌و هاوارو باوەشیان پێدادەکردم، ماچیاندەکردم، بۆ پیرۆزبایی نوقڵ‌و چوکلێتیان بەسەردا هەڵدەدام. ئەو شەوەی ئەنجامەکان راگەیەنرا، خەڵکی گوندی زیکەنی زێدی خۆم‌و ناوچەی ئەناردارای دەوروبەری ئاهەنگێکی گەورەیان سازکرد، بەشایی، هەڵپەڕکێ‌و یارییە ئاگرینەکان بۆنەکەیان رازانــدەوە. بێتاقەت بووم بەوەی لەبەر باری ئاسایش، نەمتوانی ئامادەی ئەو ئاهەنگە بم، بەڵام بە ڤیدیۆ وێنەیەیەکی جوانی ئاهەنگەکەیان گرتبوو، پاشتر کۆپیەکیان بۆ ناردم. زۆر خۆشحاڵ بووم، بە تەماشاکردنی ڤیدیۆکە. ئەمە سەرکەوتنێکی باشبوو بۆ گەلەکەم، هاوکات لێپراساراوێتییەکی گەورەش کەوتە سەر شانی من.

بە بڕوای من هۆکاری چوونم بۆ پەرلەمان روونە لەبەرئەوەیە، کە هێزی گەل وەك هێزی خودا وایــە، هەروەها پەیامی راستی هەمیشە هەڵگری دەنگێکی بەهێزە. پارێزگاکەم تێکڕا پێنج نوێنەری بۆ پەرلەمان نارد بە من‌و موحەمەد نەعیم فەرەحیەوە، کە گوایە زۆرترین رێژەی دەنگی بەدەستهێنابوو. چەند کارمەندێکی هەڵبژاردنەکە لایەنگرم بوون، دەربارەی دوایین پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان ئاگاداریاندەکردمەوە. پێیانڕاگەیاندم هەتا

دواڕۆژی جیاکردنەوەی دەنگەکان لەهەموو کاندیدەکانی تر دەنگی زیاترم بەدەستهێنابوو، ئەوانیش خۆشحاڵ بوون، بەڵام لەدواهەمین رۆژدا پێیانوتم، نەیانزانی چی روویدابوو، بەڵام لەناکاو راگەیەنرا، کە نەعیم فەرەحی زۆرترین رێژەی دەنگدانی بەدەستهێناوە. ئەو کاربەدەستێکی فەرمی بوو، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆو موڵکدارێکی گەورەدا کاریدەکرد. ئێستا ئەندامێکی بەرچاوی بەرەی نیشتیمانییە، ئەمیش لای خۆیەوە هێزێکی هاوپەیمانییە و سەرکردە جیهادییە ئوسوڵگەراکانو هەندێك داردەستی پێشووی سۆڤیەت، پێکیانهێناوە.

لەڕۆژانی دوای هەڵبژاردندا بۆم دەرکەوت لە فەرەح هەندێك ژن رووبەڕوی کۆسپو تەگەرە ببونەوە، دەبوایە بۆ هاتنەدەرەوە لەماڵەکانیان و دەنگدانیان بە من، بە سەر چەند بەربەستێکدا زاڵ بن. چەند رۆژێك دوای هەڵبژاردن ژنێکی تەمەن مامناوەند سەردانی کردم. وتی کاتێك بە مێردەکەی وتوە بەنیازە دەنگ بۆ من بدات، رێگری لێکردبوو، هەروەها فەرمانی پێکردبوو، بەهیچ شێوەیەك دەنگ نەدات، بەڵام ئەو ژنە وتی، «بەدزییەوە رۆشتمە دەرەوەو دەنگم بۆ دایت.»

پاشان قۆڵی هەڵکردو بینیم هەموو قۆڵی زۆر بەخراپی سورو شین ببووەوە. «بەگریانەوە وتی، «کاتێك زانی دەنگم داوە لێیدام، بەڵام من خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم، کە توانیم پشتیوانیت بکەم».

بەلای منەوە ئەمە نمونەیەکی بزوێنەر و گوڕوتین بەخشە بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە ژنان چەندە بەپەرۆشن بۆ گێڕانی رۆڵێکی کارا لەکۆمەڵگەدا. هیچکات ئەوەم لەیاد ناچێت، کە شەهید مینای دامەزرێنەری (RAWA) دەیوت: «ژنانی ئەفغانی وەك شێری نوستوو وان، هەرکات لەهەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ئەفغانیدا بەخەبەر هاتن، رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن».

هەندێك لەلایەنگرە پیاوەکانیش لەبەرامبەر پشتیوانیکردمدا باجی

خراپپیاندا، زیاتر لەو ژنەی پیاوەکەی لێیدابوو. کوڕێکی گەنج بەناوی ئیبراهیم، تەمەنی تەنها 18 ساڵ بوو، لەسەرانسەری فەرەحدا زۆر بە چالاکیو کاریگەرانە بانگەشەی بۆ دەکردم. گەنجێکی بلیمەتو جەربەزە بوو. ماوەیەکی کەم دوای هەڵبژاردنەکە فڕێنراو کوژرا. لاشەکەی سوتێنرابوو، پێش ئەوەی بکوژرێت زۆر بەخراپیش دەستدرێژی کرابووە سەر. لەسەر تەرمەکەی چاوەکانی هەڵکۆڵدرا بوون، وادیاربوو بکوژەکانی وەك جۆرێکی ئەشکەنجەدان چاوەکانیان دەرهێنابوو. کاتێك گوێبیستی هەواڵی مردنو شێوازی دڕندانەی کوشتنی بووم، بەکوڵ بۆی گریام.

لەگەڵ ئەوەی ترسی سەلامەتیو ئەمنیم هەبوو، سوربووم لەسەر ئەوەی سەردانی خێزانەکەی بکەم لەگوندەکەی خۆیان، بۆئەوەی خەمو پەژارەی خۆمیان پێڕابگەیەنم. خێزانەکە داڕوخابوون، چونکە ئیبراهیم تاکە کوڕیان بوو. تەواوی ئاواییەکە غەمباربوون، ئێجگار ئەم کوڕە گەنجەیان خۆشدەویست. هەندێك کەس لەخێزانەکەی باسیان لەتۆڵەکردنەوە دەکرد، بەڵام ئەنجامدانی ئەو کارە ئەستەم بوو. دایکی خەفەتباری ئەم کوڕە، هێشتا نەهاتبووەوە سەرخۆو هەر لەماتەمینیدابوو.

دوای ئەوەی بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرام، جارێکی دی دەبوایە جانتاکەم بپێچمەوەو ماڵو خێزانەکەم بەجێبهێڵم. پێشتر دوژمنەکانم هەوڵی کوشتنیان دابووم، پروپاگەندەی قێزەونیان لەدژم بڵاوکردبووەوە، منیش لەسەروبەندی ئەوەدابووم، راستەوخۆ بگەڕێمەوە ناویان و جارێکی دی ناوزەندیانبکەم. لەهەمان ئەو هۆڵەدا دادەنیشتمو کارمدەکرد، کە ژمارەیەکی زۆری سەردەستە میلیشیا بەدناوەکانی وڵات تێیدا دادەنیشتنو کاریاندەکرد.

دەمزانی حکومەتە ئەفغانییە دەستکیسەکەی ئەمەریکا و داردەستەکانی، رەنگە سود لە پەرلەمانتاریم وەربگرن بۆ ئەوەی پیشانی جیهانی بدەن، کە

دیموکراسی راستەقینە لە ئەفغانستان هاتوەتەگۆڕێ، لەبەرئەوەی کەسێکی ڕەخنەگری داگیرکاری و سەردەستەی میلیشیاکان هەڵبژێردرابوو. چەند ئەفغانییەك هەبوون ڕەخنەیان لێدەگرتم لەبەرامبەر چوونە ناو پەرلەمانێك، کە گەندەڵەو پڕە لە بە ئەندامانی سەردەستەی میلیشیاکان.

منیش پەندێکی ئەفغانیم بۆ هێنانەوەکە، دەڵێت، «چۆن دەتوانیت بەچکە پڵنگ بگریت، بەبێ ئەوەی نەچیتە بێشەی پڵنگانەوە؟»

ئامادەبووم بچمە بێشەکەوە، بۆئەوەی لەماڵی خۆیاندا راویان بکەم.

# بەشی نۆیەم
# خانەی سەردەستەی میلیشیاکان

لەکانونی یەکەمی ساڵی 2005، لەکەشێکی سەرماو سۆڵەی زستاندا، بەبۆنەی کردنەوەی خولی نوێی پەرلەمان، ئەندام پەرلەمانە تازە هەڵبژێردراوەکان، سواری پاس کرانو بەناو شەقامەکانی کابولدا گواسترانەوە. پێش ئەوەی لەپاسەکەدا دابنیشم، یەکێك لەهاوەڵە ئەندام پەرلەمانەکان توانجێکی لێدام، بەپێکەنینەوە وتی، «لە ئێستاوە منیش دەستدەکەم بەکێشە نانەوە». ویستم بەتوندی وەڵامیبدەمەوە، بەڵام هەندێکەسی تریش خۆیان خزاندە بابەتەکەوە، سەرزەنشتیان دەکردم بەوەی زۆر قسەلەڕوو بووم، ئەمە لەکاتێکدا هێشتا یەك وشەشم نەوتبوو. دواتر وتم، «واتە ئەگەر لەم وڵاتەدا قسەی راست بکەیت، ئەوا ئاژاوە دروستدەکەیت!»

لە جامەکەوە تەماشای ئەو پیاوانەم دەکرد، کە بەدرێژایی شەقامەکە ریزیان بەستبوو، هەندێکیان ئاڵای ئەفغانستانیان بەرزکردبوەوە، لەڕەنگەکانی سەوز، سور و رەش پێکدێت. دیاربوو هەندێکیان پەست بوون، چونکە بەزۆر هێنرابوونە سەر شەقامەکان، ئیشو کاری ئەو رۆژەیان لەکیس چووبوو. هەندێکی تریان خۆشحاڵو ئومێدەوار بوون، بەوەی رەنگە ببینە خاوەن حکومەتێك، کە بەدەم پێداویستییەکانی خەڵکەوە بچێت، وەلێ من گەشبین نەبووم.

ئەو کاتەی چوومە ناو هۆڵی تازە نۆژەنکراوەی پەرلەمانەوە، بەزۆری هەمان ئەو دەموچاوانەم دەبینی، کە لەڕابردوی پڕ ئێش و دژواری ئەفغانستاندا دەسەڵاتداربوون. زۆرێك لەسەردەستەی میلیشیاکان، جارێکی تر پرۆسەکەیان بەلای خۆیاندا شکاندبوەوە و بەزەبری هێز خۆیان خزاندبووە پەرلەمان. سەرباری ئەوەی وەها دانرابوو، کە سەرکردەی میلیشیاو جەنگاوەرەکان، مافیان نەبێت خۆ بپاڵێون، بەڵام راپۆرتێکی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ دەریخست، کە 60%ی ئەو پەرلەمانتارە تازانە، سەرکردەی میلیشیا، یان هاوپەیمانەکانیان بوون. زۆرێك لەم کەسانە بەزەبرو هەڕەشەی چەك، یان بەدۆلاری ئەمەریکی

کورسییەکانی پەرلەمانیان بۆخۆیان مسۆگەر کردبوو، هـەروەك بەفەردە پارەیان هەبوو، لەبەرئەوەی سەرکردەکانی هاوپەیمانێتی باکور لەبەرامبەر پشتیوانیکردنی جەنگی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان لەلایەن (CIA)-یەوە، بەنەخت پارەیان پێدەدرا. هەواڵمان دەبیست، کە هەندێك لەسەردەستەی میلیشیاکان کەمپینی بانگەشەکردنیان بۆکاندیدە لایەنگرەکانیان سازکردبوو، هەروەها دەنگ دەنگدەرانیان بۆ کڕیبوون.

تەنانەت حزبی ئیسلامی، یان پارتی گوڵبەدین، یاخود بڵێین پارتەکەی گوڵبەدین حیکمەتیار، لەلایەن ئەمەریکاوە خراوەتە لیستی تیرۆریستە هەرە داواکراوەکانەوە، ڕێگەی پێدرا سی‌وچوار ئەندام پەرلەمانی هەبێت. هەرچەند سەرکردەی پارتەکانی ئێستا دەیانەوێت بڵێن، کە چیتر لەژێر دەسەڵاتی حیکمەتیاری ریش ڕەشەوە نین، بەڵام زۆربەی خەڵکی لەو بڕوایەدان، هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان پارتە کۆنەکەو ئەم پارتە تازەیەدا، تەنانەت هەمان ئاڵای سەوزی باڵی پارتە کۆنەکەی حیکمەتیاریان هەڵکردووە. سەرکردە سەرەکییەکانی وەك عەبدول هادی ئەرغاندەوەل، عەتاڵا لۆدین (سەرۆکی کۆمسیۆنی دادوەریـی پەرلەمان)، خالید فاروقی، محەمەد سدیق عەزیز (ڕاوێژکاری کارزای)و چەندی تر هەمان ئەو کەسانەبوون، کە بۆ چەندین ساڵ هاوپەیمانی حیکمەتیاریان دەکرد. لەڕابردوودا ئەم ئوسوڵگەرایانەو بەتایبەتیش حیکمەتیار ڕایاندەگەیاند، کە هەڵبژاردنی دیموکراتی نائیسلامیەو دیاری بێباوەڕانە. ئەوان سەرۆك ڕژێمی ئاینی‌و فاشیستین‌و هیچکات باوەڕیان بەدیموکراسی نەبوە، بەڵام ئێستا لەسایەی ئەمەریکادا هەموویان وەك ڕستێك دیموکراتخواز مامەڵە دەکەن، کە ئەم سیستمە لە ئەزەلەوە بۆیان مابێتەوە، تەنانەت هەندێکیان باسی علمانییەت دەکەن! ئێمە دەزانین چەندین ساڵە دانوستانی پشت پەردە لە ئارادایە بۆ هێنانە ناوەوەی ئەوان‌و سەرکردەکانی تاڵیبانیش بۆ ناو حکومەتی ئەفغانستان. لەڕاستیدا پێش ئـەوەش چەند

فەرماندەیەکی تاڵیبان لەنێو ئەندامانی پەرلەماندا هەبوون.

لەبەرئەوەی پەرلەمانتارەکان بەپێی ئەلفوبێی ناوەکانیان لەهۆڵی پەرلەمان جێگایان بۆ دادەنـرێـت، بەڕێکەوت لەکورسییەکی پێش کۆتا ریزدا جێگەیەکەم بەرکەوت، کە زۆر دووربوو لەنێوەندی کارەکانەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت لەچەند مانگی داهاتوودا توانیم کارێکی وەها بکەم دەنگم ببیسترێت. بەدبەختانە، چەند ئوسوڵگەرایەکی دژو ناحەز چواردەوریان گرتبووم‌و دەبوایە بەردەوام بەسەر عەمامەکەی سەری عەبدول ڕەسول سەیفی سەرکردەی میلیشیادا بڕوانیایە، چونکە لەڕیزی پێشەوەمدا دانیشتبوو.

چەند پیاوماقوڵێك ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی پەرلەمان بـوون، دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، کە وڵاتی چەواشەکرد بەتێوەگلاندنی لە جەنگ‌و ڕێگەدان بەئەشکەنجەدانی زیندانیان، لەڕیزی پێشەوە لەنزیك هەندێك سەردەستەی میلیشیا ئوسوڵگەراکان دانیشتبوو، بەتەنیشت ئەو سەرکردانەوە، کە پێشتر پاڵپشت‌و هاندەری زۆرێك لە جیهادکاران بوون، لەوکاتەی لەگەڵ ئەمەریکادا لەشەڕدابوون. شتێکی ناکۆك نەبوو، کە دەبوو دیك چینی لەنێو تاوانکارانی جەنگدا بووایە. بڕواموایە هەمویان دەبێت لەبەرامبەر تاوانەکانیاندا دادگاییبکرێن.

سەرۆك کارزای، وتاری کردنەوەی پەرلەمانی پێشکەشکرد. لەوتارەکەیدا زۆر بەهەست‌و سۆز بوو، بەجۆرێك کاتێك باسی نەهامەتی‌و چەرمەسەرییەکانی وڵاتی دەکرد، چاوەکانی فرمێسکیان دەباراند. کاتێك رایگەیاند کە «ئەفغانستانی ئازیز لە تۆزو سوتوی جەنگ هەستاوەتەوەو بوژاوەتەوە» قوڕگی هەنسکی گریان گرتی.

چەند گرتەیەکی کەمی وتارەکەی کارزای لەپێش کۆتایی فیلمی (دوژمنانی دڵخۆشی)، دانراوە. لەگەڵ ئەوەی ئەو بەرهەمە دۆکیومێنتارییە زۆر بەلامەوە نایاب بوو، سەربەرز بووم کە بەشداریم تێداکرد، بەڵام پێم باشبوو بەو وتانەی کارزای کۆتایی پێنەهاتایە، چون ئەشێت تێگەیشتنێکی هەڵەی گواستبێتەوە بۆ

بینەرانی فیلمەکە، بەوەی پاش هەڵبژاردنەکان هەموو شتێك لەوڵاتەکەماندا بەرەو باشی گۆڕاوە.

مەخابن ئەمڕۆ دەبێت بڵێم، کە فرمێسکەکانی کـارزای لەپەرلەمان هاوشێوەی ئەو فرمێسکانە بوون، کە لە کۆبوونەوەی یەکەمجارماندا رشتی، فرمێسکی تیمساحی بوون و بەس، وتارەکەشی رووکەشێکی جوانی بێ ناوەڕۆك بوو بۆ فریودانی خەڵك. کاتێك باسی نەهامەتی گەلی ئەفغانستانی دەکرد، زۆر بریندار بوومو گەلێ پەستبووم. خۆزگەم دەخواست بمتوانیایە هەستم و بەڕوویدا هاواربکەم، دەستەکانی خۆت بەخوێنی خەڵکی بێتاوانی ئەفغانستان سورن، لەبەرئەوەی چەندین تاوانکارو سەردەستەی میلیشیات لەپۆستی باڵای دەسەڵاتدا داناوە. وەلێ ئەم قسانەی بوونە هۆی رشتنی فرمێسکی راستینە لەچاوی ئەفغانیانەوە.

تەنانەت یەکێك لەجێگرەکانی کـارزای، بـەنـاوی کەریم خەلیلی، سەردەستەیەکی بەدناوی پارێزگای بامیان بوو، ئەوی تریش برای مەسعود-ی سەردەستەی میلیشیا بوو. کەریم خورام-ی سەر بەپارتەکەی حیکمەتیار وەك وەزیری رۆشنبیری، زانیاری، گەشتوگوزارو کاروباری گەنجان دانرا، ئەم پۆستە درا بەپیاوێك، کە دوژمنی میدیای ئازادو ژنان بوو. جارێکیان رێگەی نەدا فۆتۆگرافەرێکی ژن وێنەی بگرێتو وتی پێیخۆش نییە ژن وێنەی بگرێت.

کارزای، تەنانەت عەبدول رەشید دۆستومی کردە سوپاسالاری ئەفغانستان. هێزە میلیشیاکانی دۆستوم لەپارێزگای جوزجان، یەکێکە لەگەورەترین هێزە تایبەتەکان لەوڵاتدا، تاوانی بێشوماریان دەرهەق بەگەلی ئەفغانی ئەنجامداوە، هەر لە لاقەکردنەوە بگرە تا بەکوشتنی هەزاران کەس دەگات. کەچی ناوبراو و هاوشێوەکانی دەسەڵاتێکی گەورەیان هەیە لە ئەفغانستاندا. دۆستوم تەلەفزیۆنی خۆی هەیە بەناوی ئاینە تی ڤی (Aiena TV). ، سی ئای ئەی ملیۆنەها دۆلاری بەخشیە دۆستومو سەردەستە میلیشیاکانی تر وەك بەشێك لە

«ستراتیژیەتی سەرکردایەتیکردنیان» لەداگیرکردنی وڵاتەکەماندا.

ئامانجی ئەو شێوازەی کارزای خەڵکی پێهەڵدەبژارد بۆ یاسادانان، تێپەڕاندنی کارنامەی سەردەستەی میلیشیاکان بوو. دوو خانە هەیە لەپەرلەماندا: خانەی خواروو یان (وەلەسی جیرگا)، 249 ئەندامی هەڵبژێردراوی هەبوو، لەگەڵ خانەی سەروو (خانەی سەرگەوران) یان مەشرانۆ جیرگا، 102 ئەندامی هەبوو، سەرلەبەریان سەرەك هۆزو کاربەدەستی سیاسی بوون. کارزای دەسەڵاتەی هەبوو 34 ئەندامی خانەی سەروو دەستنیشانبکات، زۆریان سەردەستەی میلیشیای پێشووبوون، لەنمونەیان موجەددی کە سەرۆکایەتی لۆیا جیرگای دەکرد، هەروەها سەرکردەی توندوتیژی هاوپەیمانێتی باکور فەهیم، تەنانەت هەندێك بریکاری گوڵبەدین حیکمەتیاری هاوپەیمانی تاڵیبانیش. ئارسالا رەحمانی، وەزیر بوو لەڕژێمەکەی تاڵیباندا، لەنێو ئەو کەسانەدا بوو کە لەلایەن کارزایەوە بۆ خانەی سەروو دەستنیشانکران.

لەکاتی پێشکەشکردنی یەکەم وتەمدا لەپەرلەمان مایکرۆفۆنەکە بڕدرا، ئەم حاڵەتە بووە دیاردەو دواتر لەگەڵی راهاتم. لەگەڵ دەستپێکردنو بەڕێوەچوونی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، هەموو پەرلەمانتارەکان بەسەرە خۆیان دەناساندو چەند تێبینیو سەرنجێکی سەرەتاییان دەدا. زۆرێکیان بەمجۆرە وتەکانیان دەستپێدەکرد: «پیرۆزبایی خۆم ئاڕاستەی سەرۆك و ئەو نوێنەرە بەڕێزانە دەکەم وا لێرە کۆبوونەتەوە ...»

تەماشایەکی هاوپیشە «بەڕێزەکانم» کردو هەستمکرد، پێویست بەو چەشنە قسانە ناکات. لەڕیزی پێشەوەمدا لە سەیف زیاتر کەسی دیکەم نەدەبینی دانیشتبێت. ژوورەکە پڕبوو لەو کەسانەی، بەلای منەوە لەتاوانبارێك بەولاوە هیچی تر نەبوون. کاتێك سەرەی قسەکردنی من هات، پیرۆزبایم لەکەس نەکرد. بەمچەشنە دەستم پێکرد، «پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی گەلی ئەفغانستان دەکەم ....». لەوەدابوو بێمە سەر ریزکردنی نیگەرانییە

جۆراوجۆرەکانم لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەو پێکهێنانی پەرلەمان، لەنەکاو دەنگم بڕدرا. چەند ئەندام پەرلەمانێك دەستیانکرد بە هاتوهاوارو سەرزەنشتکردنم، کەمێکی پێچوو تا بارودۆخەکە هێمن بووەوە و ئارامی باڵی کێشایەوە بەسەر هۆڵەکەدا. ڕێگەم پێنەدرا دەست بەقسەکانم بکەمەوە، لەماوەی دوو ساڵی کارکردنم لەم دەستە هەڵبژێردراوەدا، کاتێك نەبوو قسەبکەم و مایکرۆفۆنەکەم نەبڕدرێت.

لەڕۆژئاوا وتەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت: «ئەگەر دەنگدان شتێکی بگۆڕیایە، ئەوا ئەویشیان بە نایاسایی دەکرد». دوو ساڵی ئەزموونو کارکردنم لەپەرلەمانی ئەفغانستان، ئەم پێشبینییە ناخۆشەی لەچەند فۆرمی جیاجیادا بۆ بەرجەستە کردمەوە. لەسەرەتای دەستبەکاربوونمەوە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان مشتومڕەکانی منی پشتڕاستکردەوە، پاساوی ئەوەی دەهێنایەوە، کە ئێمە دیموکراسییەکی نیوەناچڵیشمان نییە، چ جای دیموکراسی ڕاستینە و بێخەوش. ئەوەی ئێمە هەمانبوو دەشێت وەك «نمایشێکی» دیموکراسی باسی لێبکرێت، کە سود و قازانجی بۆ حکومەتی ئەمەریکا هەبوو.

هەندێك لەدوژمنەکانم هەوڵیاندەدا سەرکەوتنم، لەهەڵبژاردندا لەدژی خۆم بەکاربهێنن. ناحەزانە دەیانپرسی، «بۆچی جۆیا دەڵێت دیموکراسیمان نییە، لەکاتێکدا خۆی هەڵبژێردراوە؟» بێگومان وەك ڕونمکردەوە، سەروبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەبوایە من، بەسەر چەندین کۆسپو تەگەرەو فڕوفێڵی نەیارەکانمدا سەربکەوم. کاندیدە دیموکراتخوازەکانی تر، هێندە بەخت یاوەریان نەبوو. هەندێکجار پرسیار ئەوە نییە کێ دەنگ دەدات، بەڵکە گرفت ئەوەیە کێ دەنگەکان دەژمێرێت.

چ وڵاتێکی دیموکرات پێشبڕکێی لەنێوان سەرکردەی میلیشاکاندا بەخۆوە بینیوە، بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان؟ ئەمەی دەیڵێم دەقاودەق ئاوێنەی ئەو ڕاستیەیە، کە لە ئەفغانستاندا لە گۆڕێ بوو.

جێی باسە، هەندێك ئەندام پەرلەمانی دیموکراتخوازیش خۆیان بۆ ئەو پۆستە پاڵاوت، بەڵام بەداخەوە دواجار کێبڕکێکە لەنێوان دوو کەسدا مایەوە: جەنابی قانونی، یەکێك بوو لەسەرکردە گەورەکانی هاوپەیمانێتی باکور لەگەڵ عەبدول رەسول سەیف-ی سەرکردەی میلیشیای بەدناو، یەکەم کەس بوو لە لۆیا جیرگادا لێم هەڵبەزیەوەو سەرزەنشتی کردم. لەحکومەتە ئینتیقالیەکەی دوای جەنگدا، قانونی وەزیری پەروەردە بوو، هاوکات هاوپەیمانێکی نزیکی فەهیم بوو، کە لەهەڵبژرادنی سەرۆکایەتی ساڵی 200-4دا رکابەری کارزای بوو. قانونی لەپشت ریشی جوان کورتکراوەو جلوبەرگی مۆدێرنەوە مێشکی دواکەوتووی شاردبووەوە، لەکاتێکدا سەیف بەڕیشی درێژو عەمامە سپیەکەیەوە بە ئوسوڵگەرایەکی توندڕەو دەچوو. بەگوێرەی راپۆرتێکی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی لەسەر پەرلەمانی ئەفغانستان «سەیف رابەرێکی داهێنەری جیهادی جیهانی بوو، کامپەکانی مەشقکردنی لەپاکستان بەڕێوەدەبردو وەك موگناتیس وابوو، بۆ راکێشانی میلیشیا مسوڵمانەکان لەهەموو وڵاتێکەوە. ئێستاش لەتوانایدابوو لەخۆکەوێت بۆ سەرکردایەتی دیموکراسیەکی تازە بەپاڵپشتی رۆژئاوا، گەرچی هەنگاوێك بوو، پێچەوانەی جەنگی دژە تیرۆر دەکەوتەوە.

لەسەروبەندی چوونە نێو پەرلەماندا، فشارێکی زۆرم کرایە سەر، بۆ پشتیوانیکردنی ئامانجو مەرامەکانی قانونیو تاجیکییەکان. بەجۆرێك هەندێك ئوسوڵگەرا منەتی ئەوەیان دەکرد، کە پشتیوانیان لەمن کردبوو، بەوپێیەی گوایە من تاجیکیم. منیش پێموتن، «کێ پێیوتون من تاجیکیم؟ جێگەی شەرمەزارییە بۆ من بەوجۆرە پشتگیرییانە دڵخۆش بم». هەرکات کەسێك لێی پرسیبم سەر بە چ هۆزێکم، لەوەڵامدا هەمیشە وتومە من هاووڵاتییەکی ئەفغانیم. پێدەچێت سەردەستەی میلیشیاکان وا بیریانکردبێتەوە من کەسێکی بیرتەسكو هیچ نەبیستم لەبەرامبەر هۆزەکانی تردا، گەرنا بۆچی بەو چەشنە مامەڵیان دەکردو

ڕێگەی جیاجیان دەگرتەبەر، تا بەلای خۆیاندا رامبکێشن، بەڵام من بەهیچ شێوەیەك ئەو کارەم لا پەسەند نەبوو. ئەو ئوسوڵگەرایانەی لەنێو خەڵکدا جێیان نابێتەوە هەمیشە هەوڵدەدەن لایەنی نەتەوەیی‌و نەژادی بوروژێنن، تا بتوانن بۆ بەرژەوەندی سیاسی خۆیان کەڵکی لێببینن.

نیعمەتوڵا جەلیل-ی ژنبرای قانونی، بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی ئەو کاتەو باوکی تەلەفونیان بۆ کردم، تا دەنگ بۆ قانونی بدەم بۆ بوونە سەرۆك پەرلەمان. وتی ئەویش وەك من تاجیکیەو لەحاڵێکدا ئەو سەرنەکەوێت ئەوا سەیف بەڕیشێکی درێـژەوە سەرۆك پەرلەمانی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. پێموتن، «لای من هیچ جیاوازییەك لەنێوان سەیف‌و قانونیدا وجودی نییە. تەن‌و جەستەیان جیاواز، بەڵام لەڕووی مێشك‌و بیرکردنەوەوە لەیەك دەچن. ئەگەر داوای لێبوردن لەگەلەکەمان بکەن‌و تاوانی پارتە خراپەکارەکانیان ئاشکرابکەن، ئەگەر خەڵك بیروبۆچونی گۆڕی دەربارەی ئەوان، ئەوکات منیش دەشێت بگۆڕێم. هەڵوێستی من تەبا دەبێت لەتەك هەڵوێستی خەڵك. بە قانونی رابگەیەنن لەنێوان من‌و ئەو و سەرانی تردا، رستێك رووباری خوێنیی هاووڵاتیانی بێتاوان هەیە، بەتایبەتیش خوێنی ئاڵی ژنان‌و منداڵان».

دەیانویست پێمبڵێن من هەڵەم‌و قانونی چیتر ئەو مرۆڤەی پێشتر نییە، بەڵام هەوڵە نەرمونیانەکانیشیان چ کارێکی تێنەکردم. دواجارو وادەی دەنگدان بڕیارمدا لەنێوان قانونی‌و سەیفدا بژاردەم نەبێت. کاتێك لێیان پرسیم چۆن دەتوانم بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە گرنگە بکەم، وتم «ئەگەر هەڵبژاردن لەنێوان ئەو دوانەدا بێت، ئەوا ناتوانیت هیچ کامیان هەڵبژێریت». پەندێکی ئەفغانی هەیە دەڵێت: سەگە زەردەکەش برای سەگە سورەکەیە.

قانونی بەجیاوازییەکی کەم پرۆسەکەی بۆ خۆی بردەوە.

کاتێك لەئاکامی نـاڕەزای چوومە دەرەوەی بینای پەرلەمان، چەند رۆژنامەنوسێك لێم کۆبونەوەو پرسیان بۆچی هۆڵەکەم جێهێشتوەو دەنگ

نــادەم. منیش وتم نامەوێت دەنــگ بۆ سەردەستەی میلیشیاکان بدەم، لەحاڵێکدا پیاوەکانیان چەندین تاوانی جۆر بەجۆریان ئەنجامداوە. «پێویستە سەرەتا لەپای ئەو کارە قێزەونانەی لەڕابردودا پارتەکانیان ئەنجامیانداوە، داوای لێبوردن لەگەلەکەمان بکەن، پاشتر رووبەڕوی داداگا بکرێنەوە، نەوەك لەپەرلەمان هەڵبژێردرێنو ژیانێکی خۆش مەیسەر بکەن ....» وەك هەمیشە، رۆژنامەنوسەکان بەشە گرنگ و سەرەکی وتەکانیان لابردبوو، بەڵام ئەو شەوە لەکەناڵە لۆکاڵیەکاندا هەندێك لەو قسانەم پەخشکران، هاوکات کاردانەوەی قانونیشیان دابەزاند، ئەو قسەکانمی رەتدەکردەوەو بێشەرمانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، کە ئەندامانی پەرلەمان مێژوویەکی پڕ شکۆیان هەبووە.

سوپاسی بێپایانم بۆ رۆژنامەنوسە ئەفغانییەکان هەیە، بەوپێیەی لەبەرامبەرم زۆر میهرەبان بوونو بەسەختی پشتگیرییان لێکردوم. هەرچەند دەشیانوت، کە ناتوانن زۆر شتم بۆ بکەن، لەبەرئەوەی بەرپرسانی کۆنترۆڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن لەبندەست لایەنێکی سیاسینو چاودێری ئەو راپۆرتانە دەکەن، کە لەسەر من بڵاوی دەکەنەوە. زۆرجار رۆژنامەنوسان چاوپێکەوتنی تایبەتیان لەگەڵ ئەنجامدەدامو گفتیان دەدامێ، بەتەواوی بڵاویبکەنەوە، بەڵام دواتر کەناڵی تەلەفزیۆن سانسۆری دەکرد. جارێك رۆژنامەنوسێکی چاونەترس چاوپێکەوتنەکەی لەسەر یوتیوب بڵاوکردەوە، بۆئەوەی هیچ نەبێت ئەوانەی دەیانتوانی ئەنتەرنێت بەکاربهێنن تەماشاییبکەن. راگەیاندکارێکی تر پێیوتم تەنها لەبەرئەوەی بژێوی منداڵەکانی پەیدابکات کار بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دەکات، ئەگینا زۆر هەست بەشەرمەزاری دەکات لەناوەندێکدا کاربکات، کە خزمەت بەپێداویستییەکانی گەلی ئەفغانی ناکات.

رۆژەکانم لەپەرلەمان هەمیشە پڕ ناڕەحەتیو تەنهایی بوون، چونکە بەردەوام هێرشم دەکرایە سەرو سوکایەتیم پێدەکرا، کەسێکیش نەبوو بخوازێت باس لەکرۆکی ئەو گرفتانە بکات، کە یەخەی وڵاتەکەمانی گرتبوو. هەستم بە

پاڵنەرێکی بەهێز دەکرد، تا لەپێناو گەلەکەمدا بێمە دەنگ، بەڵام هەرگیز دەرفەتێکم پێنەبەخشرا. هەندێکجار لەناڕەزایەتیدا کارتە سورەکەی سەر مێزەکەم بەرزدەکردەوە، یاخود بەبێزاری دەڕۆشتمە دەرەوە.

ئەوەی ئارامی پێدەبەخشیم، ڕۆیشتنەوەم بوو بۆ ماڵەوە لەشەواندا، خانوویەکی بچوکی کرێم هەبوو، دوو میل لەپەرلەمانەوە دوور بوو، لەگەڵ چەند ئەندامێکی خێزانەکەمو پاسەوانەکانم تێیدا دەژیام. هەرکات پەرلەمانم بەجێدەهێشتو زۆر ماندوو بووم، بەبینینی پاسەوانەکانم دەگەشامەوەو لەگەڵیان دەکەوتمە پێکەنینو گاڵتەو شۆخی. بەردەوام دەیانپرسی ئەو ڕۆژە چی ڕوویدا. باسی ئەوەمان دەکرد چۆن یاساکان لەبەرژەوەندی سەردەستەی میلیشیاکان دادەنـرانو بێزاری خۆم دەردەبـڕی لـەوەی، کە نەمدەتوانی قسەبکەم، ڕێدەکەوت هێند بێتاقەتو قەڵس دەبووم، کاتێك دەگەڕامەوە ماڵەوەو بیرمدەکردەوە گەلەکەم لەسای یاساگەلێکدا دەژی، کە پیاوکوژ و دوژمنەکانی دایاندەڕشتن، بێچارە دەستم دەکرد بەگریان.

شەوانە لەهەموو پنتەکانی ئەفغانستانەوە پەیوەندیم پێوەدەکراو پشتیوانی خۆیان بۆ دەردەبڕیم، هەواڵی ناوچەکانیان پێدەدام، بەتایبەت لە تاوانی سەردەستەکان ئاگاداریان دەکردمەوە. ئەم زانیارییانەم بەکاردەهێنا بۆ هەڵماڵینی ڕووی ڕاستینەی ئەو کەسانەی لەپەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵکیان دەکـرد. ئەو ڕۆژانـەی لـەدەرەوەی پەرلەمانو لەڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆم دەبوو، دەیان لایەنگری ژنو پیاو پەیوەندیان دەکرد. ئەم پەیوەندییانە بەردەوام وەریان بەرزدەکردمەوەو ئارامییان پێدەبەخشیم، هەرچەند لەناو پەرلەماندا هەستم بەتەنهایی دەکرد، بەڵام دەمزانی لەپشت دیوارەکا نییە وە زۆر کەسی هەژارو ستەمدیدە هەن لەگەڵ مندان.

یەکێك لەئاستەنگە گەورەکانم وەك پەرلەمانتار، چوون بوو بۆ سەر کار بەسەلامەتی. کاتێك بەشێوەیەکی فەرمی بوومە نوێنەرێکی هەڵبژێردراو،

حکومەتەکەی کارزای، دەبوایەیە موچەی پاسەوانەکانم دابینبکات. چەند ئەندام پەرلەمانێك پێش ئەوەی دەستبەکار بن کوژران، لەبەرئەوە دابینکردنی ئاسایش زۆر گرنگ بوو. هەموو ئەندام پەرلەمانێك بەبێ لەبەرچاوگرتنی پۆستەکانیان دوو پاسەوانیان بۆ دابینکرا، بەڵام کەسانی وەك قانونیو سەیفو موحەقیق بەدەیان پاسەوانیان هەبوو، کاتی رۆشتنو گەڕانەوەیان بۆ پەرلەمان بەئۆتۆمبێلی گوللەنەبڕو گرانبەها شەقامەکانی کابولیان تەیدەکرد. جارێكو لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لە کابول، موحەقیق کەشخەیەتی بەسێ لەئۆتۆمبێلە گرانبەها گوللەنەبڕەکانییەوە دەکرد. خەڵك گاڵتەیان پێدەکردو دەیانوت سەردەمێك گوێدرێژیش نەبوو سواری بێت، کەچی لەپڕ بووە خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلە گرانبەهایە. لەو بەرنامە تایبەتەدا خوانێکی شاهانەی بۆ راگەیاندکارەکە سازکرد باسیکرد، کە ئەو ژەمە موچەی مانگێکی مامۆستایەکی تێچووە.

لەپای ئەو هەڕەشانەی لەسەرم بوون، هەمیشە لە کابول نزیکەی شەش پاسەوانو لەشاری فەرەحیش شەشی دیکەم هەیە. هیچ کام لەم پاسەوانە پیاوانە حکومەت موچەیان ناداتێ، بەسەرەو ناوبەناو پاسەوانیم دەکەن. لەپایتەخت هەموو رۆژێك ئەم پیاوانە بەرپرس بوون، لەبردنو هێنانم بۆ پەرلەمان بەسەلامەتی. ئەو ئۆتۆمبێلەی لەوێ لایەنگرەکانم بۆیان دابینکردبووم، باش نەبوو. مۆدێل کۆن بوو، شێوەیەکی جوانی نەبوو. زۆرجار دەیکوڵاند، بەتایبەتی لەمانگەکانی هاویندا. کاتێك دەیکوڵاند دەبوایە شۆفێرەکەم رایبگرێت، لەئۆتۆمبێلەکەی دابەزێتو مەکینەکەی ساردبکاتەوە. وەستانی بەو شێوەیەو لەو شوێنە کراوانەدا دەیکردینە ئامانجێکی ئاسان، بۆیە هەم بۆ من هەم بۆ پاسەوانەکانیشم، ساتێکی ئێجگار ترسێنەر بوو.

هەندێکجاری تر لەبەر هۆکاری دیکە، دەبوایە بەناچاری بوەستین. جارێك لەکاتی لێخوڕیندا بەرەو کابول زۆر پێویستم بەتوالێت بوو. بێچارە داوام

لەشۆفێرەکە کرد لەقەراخ جادەکەو لەبەردەم خانویەکی ئاسایدا بوەستێت. چومە پێشەوەو لەدەرگاکەم دا، هیوام خواست خاوەن ماڵە ناحەزێکی توندوتیژ نەبێت. پیاوێك دەرگاکەی کردەوەو دوای چەند چرکەیەك رووی گەشایەوە. کەمێك سەریسوڕما، بەڵام بەبینینم دڵخۆش بوو: «مەلالای جۆیا! من لایەنگرێکی بەهێزی تۆم! تۆ بۆ لێرەو لەبەردەم ماڵەکەمدا وەستاویت؟» منیش بۆم روونکردەوە، کە لەڕاستیدا پێویستم بەتوالێت هەیە، پاشان کەمێك کاتمان پێکەوە بەسەربرد، چونکە ئەو پیاوە سوربوو لەسەر ئەوەی بمێنمەوە و خانەوادەکەی ببینم.

لەناو بیناکانی پەرلەماندا تاڕادەیەك هەستم بەسەلامەتی دەکرد لە هێرش‌و پەلامار، بەڵام نەمدەزانی داخۆ کەس پلانی لەدژم هەیە یان نا، بۆیە دەبوایە زۆر هۆشیار بم. ئەندام پەرلەمانێکی ژنی بەتەمەن‌و پشتیوانکارم بەناوی گوڵهار بۆ هەر شوێنێك بڕۆشتایەم لەناو پەرلەمان بەدوامەوە بوو، خەمی بوو شتێکم لێبقەومێت. ژنێکی ئاسایی بوو پاش ئەوەی هاوسەرەکەی، کە چالاکوانێکی بەڕێزو دیموکراتخواز بوو لەلایەن ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانەوە رفێنراو کوژرا، بۆ نوێنەرایەتی پارێزگای کۆنار هەڵبژێردرا. گوڵهار لەپەرلەماندا وەك دایك وابوو بۆ من.

لەڕاستیدا زۆربەی کارمەندانی پەرلەمان پشتیوانیان لێدەکردم‌و هەمیشە ئامادەبوون بۆ پاراستنم. بۆ نمونە هەر ئەندام پەرلەمانێك لەئۆفیسی سەرەکی خۆیدا، بۆکسێکی هەبوو بۆ ئەو نامانەی بۆی دەهات. جارێکیان لەکاتی چوونم بۆ ئۆفیس سکرتێرێك بردمیە لاوە و پێیڕاگەیاندم، کە تەواوی نامەکانم لەلایەن بەرپرسە حکومییەکانەوە کراونەتەوە و خوێندراونەتەوە. پاشتر هاوڕێ و لایەنگرانم ئاگادارکردەوە تا نامە بۆ ئەدرەسەکەم لەپەرلەمان رەوانە نەکەن.

هەندێك ئەندام پەرلەمان بەرگرییان لێدەکردم، کە بەو ئەندازەیە لێبوردە مشت‌ومڕم دەکرد. یەکێك لەوانە دکتۆر رەمەزان بەشاردۆست بوو. لەوتارێکیدا

منی بە گالیلۆ بەراورد کردبوو، ئەو زانایەی سەردەمی خۆی چەوسێنرایەوە لەپای ئەوەی رایگەیاند، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە نەك بەپێچەوانەوە. بەشاردۆست ئاماژەی بۆ ئەوە دابوو، کە ئێستا هەموو کەس دەزانێت گالیلۆ راست بوو.

بەشاردۆست ئەندامێکی سەربەخۆیە، سەر بەسەردەستەی میلیشیاو لایەنەکانیان نییە، ئەویش بایکۆتی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی کرد. لەیەکەم حکومەتی ئینتیقالیی کارزای-دا ئەو وەزیری پلاندانان بوو، بەڵام لەبەر ئەو هەموو گەندەڵیەی لەحکومەتدا لەگۆڕێ بوو، دەستی لەکارکێشابوویەوە. ویستبووی زۆربەی رێکخراوە ناحکومییەکان لەوڵاتدا دابخات، سەرجەمیان دوو هەزار رێکخراو بوون، لەبەرئەوەی پێیوابوو لەبەرژەوەندی هاووڵاتیانی ئاسایی کارناکەن. رایگەیاند بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2009 رکابەری کارزای دەکات.

رۆژێك لەکۆتایی دانیشتنێکی پەرلەماندا، لەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمانێکدا راوەستابووم، کاتێك موحەمەد موحەقیقی سەردەستەی میلیشیاو ئەندامی پارتی وەحدەت هاتە لام. پاش سڵاوکردن پێیوتم، کاژێر چوار پێکەوە لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا مێزگردێك دەبەستین.

وتم، «بەڵێ دەزانم، بەڵام لەیادت بێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەبێت».

وتی، «مەبەستت چییە؟»

وتم، «پێویستە وەڵامی پرسیارەکانی خەڵك بدەیتەوە، بەتایبەت ئەو تاوانانەی پارتەکەت لەجەنگی ناوخۆدا ئەنجامیانداوەو تا ئەمڕۆش لەسەریان بەردەوامە».

قسەکەی پێبڕیمو بەتوڕەییەوە وتی هەموو کەس دەزانێت، کە من کۆمۆنیست بوومو سەر بەرێکخراوی (RAWA) بووم. منیش پێموت، «تکایە وەرە بۆ چاوپێکەوتنەکە، پاشان دەبینین خەڵکی پرسیاری چی دەکەن. من

وەڵامی پرسیارەکانیان دەدەمەوە، دەبێت تۆش وەڵامت هەبێت. خەڵك دەزانن من کێم‌و تۆ کێیت».

بەتوڕەییەوە پەرلەمانی بەجێهێشت. کاژێر 4 نەهات بۆ دیمانەکە، لەبری خۆی نوێنەرێکی ناردبوو. ئەو راگەیاندکارەی دیمانەکەی لەگەڵ سازدەکرین بەگاڵتەوە وتی، «جۆیا گیان وادیارە موحەقەقی-ت توشی نەخۆشی کردووە، چونکە پێیڕاگەیاندم، کە بە هۆی نەخۆشییەوە ناتوانێت ئامادەی دیمانەکە بێت!»

بیرەوەرییەکی خۆشی دیکەی ناو پەرلەمان، دەربارەی ئاژەڵێکە. لەو دەمەی ئەندامانی پەرلەمان خۆیان بۆ دانیشتنەکە ئامادەدەکرد، مشکێك رایکردە ژوورەوە. هەمووان تەماشای مشکەکەمان دەکرد لەژێر مێزی هەندێك ئەندام پەرلەمانەکاندا راکەڕاکی بوو، دواجار توانی لەژوورەکە بچێتە دەرەوەو دەربازی ببێت. بەوانەی دەوروپشتی خۆم وت، «تەنانەت مشکیش لەدەست ئەم تاوانکارانە هەڵدێت!»

زۆری ئەو کاروبارانەی من لە وەلەسی جیرگادا (پەرلەمان) دەمبینی، زیاتر کارەساتبار بوو، تا گاڵتەجاڕ بێت، چونکە ژمارەیەك لەئەندام پەرلەمانەکان نەخوێندەوار بوون. مەگەر ئەوان چوبوونە پەرلەمان لەپای ئەوەی فەرماندەبوون، یاخود هاوپەیمانی سەردەستەی میلیشیا دەسەڵاتدارەکان. بیرمە فەرماندەیەکی ئوسوڵگەرا لەپێشمەوە دانیشتبوو، رۆژنامەیەکی لەبەردەمیدا ئاوەڵا کردبوو گوایە دەیخوێنێتەوە، وەلێ رۆژنامەکە سەرەوخوار بووا!

سەردەستەکان بەردەوام بوون لەکەڵك وەرگرتن لە ئیسلام، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ خۆیان. جارێکیان لەسەر ئەم بابەتە لەپەرلەمان بەرەوڕوویان بوومەوە. لەکاتی پرسیارکردن‌و وەڵامدانەوەدا پرسیارێکم لێکردن، کە پیاوێکی بەتەمەن بۆی ناردبووم: «بۆچی لەوتارەکانتاندا چەندینجار سوێند دەخۆن بەقورئانی پیرۆز، کە ئێوە مسوڵمان‌و موجاهیدن؟» رووندەکردەوە، کە خەڵك لەدەست ئەم

تەرزەی قسەکردنتان بێزارو بێحەوسەڵەن، لەبەرئەوەی لەڕابردوودا ژمارەیەك سیاسەتمەدار ئایینەکەیان بەکارهێناوە بۆ خۆبێبەری کردن لەتاوانەکانیان.

بێگومان ئەم پرسیارە لەلایەن هەندێك ئەندام پەرلەمانەوە کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە دەیانزانی مەبەستم ئەوانە. دوایان لەسەرۆکی پەرلەمان کرد لەداهاتودا دەرفەتم نەداتێت پرسیاربکەم، لەبەرئەوەی من «وشەی ناشیرینو بریندارکەرم بەکاردەهێنا». منیش لەوەڵامدا وتم، ئەگەر ئێوە موجاهیدی راستەقینە بوونایە، نەدەبوایە قسەکانی منتان پێناخۆش بێت.

لەسەردەمی پەرلەمانتاریمدا، زۆرجار لەلایەن ئەندامانی ترەوە رووبەڕوی سوکایەتی پێکردنو هەڕەشە دەبوومەوە. سەیف کە لەپێش منەوە دادەنیشت جارێك ئاوڕی دایەوەو پێیوتم، «دەمت داخە! ئەگینا بۆ هەتا هەتایە خەفەت دەکەم».

منیش سەیری ناوچاویم کردو وتم، «ئێرە (پاغمان) نییە، بۆیە ئاگات لەخۆت بێت چی دەڵێت». پاغمان ناوچەیەکە لەنزیك کابول، سەیفو پیاوەکانی دەستیان بەسەردا گرتووە. لەکۆنەوە شوێنێك بووە، کە ژمارەیەکی زۆر سەرمایەداری ئەفغانی تێیدا ژیاونو زۆری دەستەبژێرەکان لەوێ ڤێلایان هەبوو. ئەمڕۆ لە پاغمان ئەم پیاوە دیکتاتۆرە زەویو زاری خەڵکی بۆخۆی زەوتکردوە، بەندیخانەی تایبەتی خۆی هەیەو میلیشیاکانی بەئارەزوی خۆیان دانیشتوانی ناوچەکە چاوترسێن دەکەن. چەند جارێك خەڵکی پاغمان لەدژی ئەو جۆرە مامەڵەکردنانە نارەزاییان دەربڕیووە و کار بەوە گەیشتووە، کە تەنانەت وێنەی سەیف-یان سوتاندووە، بەڵام لەلایەن پۆلیسەوە نارەزاییو خۆپیشاندانەکانیان کپکراوەتەوەو بگرە دوو خۆپیشاندەریش کوژراون.

بەهیچ کەسێك نەترسێنرانم، وەك بەڵێنم دابوو پۆستی پەرلەمانتاریم بەکارهێنا بۆ خستنەڕووی خراپ بەکار هێنانی دەسەڵات و گەندەڵی، ئەوجا لەهەر شوێنێك بەدیمبکردایە. ژمارەیەك خەڵکی پاغمان لەکابول لەگەڵم

کۆبوونەوە، چەندین بەڵگەنامەیان رادەستکردم، سەبارەت بەمامەڵە خراپەکانی سەیفو داگیرکردنی زەویەکانیان. داوایـان لێکردم ئەو بابەتە لەپەرلەمان بخەمە بەرباس. کاتێك لەهۆڵی پەرلەماندا هیچ دەرفەتێکم پێنەدرا قسەبکەم، بڕیارمدا بەڵگەنامەکان بخەمە بەردەستی لیژنەی سکاڵای پەرلەمانو داوای لێکۆڵینەوەیان لێبکەم. کاتێك چوومە لای لیژنەکە بینیم زۆربەی لیژنەکە پیاوی بێزراوبوون، گاڵتەیان دەهات بەو بابەتەی بۆم باسکردن. یەکێکیان خەیال محەمەد حوسانی بوو، سەردەستەی میلیشیاو هاوپەیمانی نزیکی سەیف بوو. هۆشیاری دامێ و وتی، «ئاگاداربە؛ تۆ خۆت لەقەرەی کۆمەڵە گیروگرفتێکی زۆر گەورە دەدەیت»، بێگومان دوای ئەوەی سکاڵاکەم تۆمارکرد، هیچ شتێك روونەدا.

هەروەها لەپەرلەمان پرسیارێکم وروژاند، کە لەڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکرابووە باسی ئەوەی دەکرد، ئەو دەمەی قانونی وەزیری پەروەردە بووە لەحکومەتەکەی کارزایدا 30 ملیۆن دۆلاری لەبودجەی وەزارەتی پەروەردە دزیبوو، لەبەرئەوە جارێکی تر داوای تێهەڵچوونەوەو لێکۆڵینەوەی فەرمیم کرد، بەڵام هیچ شتێك نەکرا.

مایسی ساڵی 2006 لەنۆبەی قسەکردنمدا لەپەرلەمان، سەرکۆنەی ساڵیادی 28ی نیسانم کرد وەك رۆژی سەرکەوتن بۆ گەلی ئەفغانستان، هەروەها جیاوازی نێوان موجاهیدی راستینەو موجاهیدی تاوانکارم خستەڕوو، بەوپێیەی چەشنی دووەمیان زۆریان لەپەرلەمان دانرابوون.

هەندێك باس لەوە دەکەن، کە پێویستە هەڵەکانی رابردو لەیادبکرێن، بەڵام من بڕواموایە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان هەڵەو تاواندا هەیە. مەگەر کوشتنی زیاد لە 65 هەزار کابولی لەجەنگی ناوخۆدا تەنها هەڵەیەك بوو؟ گرتنەبەری رێگەی لاقەکردن وەك چەکێکی جەنگ، کوشتنو کەلەپاچەکردن وەك چۆن میلیشیاکان مەمکی ژنیان دەبڕییەوە، تەنها هەڵەیەك بوو بەس؟

ئەمانە بەهیچ شێوەیەك هەڵە نەبوون، لەبەر ئەم هۆیە من وشەی موجاهیدی تاوانكار بەكاردەهێنم. خەڵك باش دەزانن ئەم پیاوانە گاڵتەیان بە بەهاكانی جیهاد دەكرد، بۆیە دەبێت لەبەرامبەر تاوانەكانیان سزا بدرێن.

قانونی سەرۆكی پەرلەمان وتەكانی پێبڕیم، پاشان ئەندام پەرلەمانەكانی ورووژانـــد بـــەوەی لەڕاستیدا من لە گـەورەیـی موجاهیدینی راستینەم كەمكردۆتەوە، پاشان فەرماندەیەكی جیهادكاری پێشوو بەناوی عەلەم خان ئازادی، خەڵكی باكوری ئەفغانستان زۆر رقییان لێیبوو، پێیاندەوت «عەلەمە ڕەش» هەڵبەزیەوەو رایگەیاند، كە لەو هۆڵەدا نامێنێتەوە، لەحاڵێكدا سوكایەتی بە موجاهیدین بكرێت.

دەستبەجێ پەرلەمان پشێوی و هاتوهاواری تێكەوت. نەیارێكی هاربوو، داود كالاكانی سەردەستەی میلیشیای پێشوو هەستایە سەرپێ و هاواریكرد، «بڕوخێ RAWA! لێرە بیانبەنە دەرەوە! بڕوخێ كۆمۆنیزم!» ئەندامەكانی تریش هەستانە سەرپێ‌و هەڕەشەیان دەكرد، كە هۆڵەكە بەجێبهێڵن ئەگەر من نەڕۆمە دەرێ، بەڵام رەتمكردەوە تەنها لەبەر وتنی راستییەكان. بەزۆر لەپەرلەمان بكرێمە دەرەوە، ئەندام پەرلەمانێك بەرەو رووم هات‌و پێیوتم، دەبێت داوای لێبوردن بكەم. وەڵامێكی سادەم دایەوە، «لەچی؟» پاشان هەندێكی تر هاتنە لام‌و لە دەورم كۆبوونەوە. دەبوایە خۆم بخەمە ژێر مێزەكەمەوە، لەبەرئەوەی بەر بوتڵە ئاویان دام‌و پێڵاویش بەسەرمدا گیڤەی دەكرد.

چەند ئەندام پەرلەمانێك، وەك گوڵهار، بەشاردۆست، فازڵ رەحمان سەماكانی، عوبەیدوڵا هەڵاڵی‌و هەندێكی دیكەش بۆ پاراستنم خۆیان گەیاندە لام‌و چواردەوریان گرتم. هەموو سەردەستەكانی میلیشیا: سەیف، رەببانی، خالید فاروقی (سەرۆكی فراكسیۆنی پارتەكەی حیكمەتیار)و ئەوانی تر هەستانە سەرپێ‌و هانی ئەندامەكانیان دەدا هۆڵەكە چۆڵبكەن. گوڵهار بەهەموو هێزی

خۆی پاڵی بەیەکێك لەسەردەستەکانەوە نا، کە دەیویست دەستی بمگاتێو کەوت بەئەرزدا. پیاوێکی پارتەکەی سەیف بەناوی نیاز موحەمەد ئەمیری هاواری دەکرد، «ئەم لەشفرۆشە ببەنە دەرەوە!» کامێرامانێك رووماڵی گرژیو ئاڵۆزییەکەی بۆ تەلەفزیۆنێکی ناوخۆیی دەکرد، لەمکاتەدا زللەیەکی بەدەستی حوسانی خوارد، پێیوت بۆچی وێنەی ئەندام پەرلەمانەکان دەگرێت، لەکاتێکدا قسەی زۆر ناشیرین دەکەن. ئەو رەفتارە نارەزاییەکی زۆری لەناو میدیای ئەفغانستاندا لێکەوتەوە.

کارمەندانی ئاسایشی ژن، لەپەرلەماندا کاریاندەکرد، هاتن چواردەوریان گرتم و ئەو کۆمەڵە پەرلەمانتارانە تورەیان لێ دوورخستمەوە. لەبەر سەلامەتی خۆم دەبوایە لە هۆڵەکە بمێنمەوە، هەتا هەموو ئەندامانی تر برۆنە دەرێ.

پاش دواکەوتنی بۆ چەند کاژێرێك، دانیشتنی پەرلەمان دەستیپێکردەوە. یەك لەدوای یەك، سەردەستەی میلیشیاکان و ئەندام پەرلەمانە هاوپشتیوانەکانیان وەك قازی نازر ئەحمەد، یەکێکە لەپیاوەکانی ئیسماعیل خان، لەدژی من قسەیان دەکرد. لەوتارێکی دورودرێژدا، سەیف گەرایەوە بۆ ئایەتەکانی قورئان بۆئەوەی قسەکانم وەك «دژە ئیسلام» لەقەڵەمبدات. لەبری هەموو سەردەستەی میلیشیاکانی تریش، ئەوەی راگەیاند پێویستە «هێڵێکی سور» هەبێت تا لەپەرلەمان هیچ شتێك دژی ئیسلامو جیهاد باسنەکرێت، بێگومان من تەنها رەخنەم لەتاوانکارەکان گرت، نەك ئەو موجاهیدە راستەقینانەی لەپێناو سەربەخۆیی وڵات، یاخود ئیسلامدا، کە ئایینی گەلەکەمە جەنگاون. ئەوی سەردەستەی میلیشیاکانی بێتاقەت کرد ئەوە بوو، کە بەردەوام پێداگریم دەکرد، کە پێویستە ئەو سەرکردانە لەپای تاوانەکانیان دادگایی بکرێن، بەمیدیاکانم راگەیاند: «داردەستە روسیەکان، موجاهیدین، یاخود تاڵیبان: ئەوانەی دەستیان هەبووە لەکوشتنی هاووڵاتیان پێویستە دادگایی بکرێن».

بەیانی دواتر گەڕامەوە نێو پەرلەمان، لەسەر ئەو دەرگایانەی بەرەو هۆڵی پەرلەمان دەڕۆشتن، کەسێك وتەیەکی بەناوبانگی نوسەر و روناکبیری فەرەنسی (ڤۆڵتێر)ی لەسەر کاغەز نوسیبوو، بەتێپ بەدەرگاکانەوە هەڵیواسیبوو: «هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەی دەیڵێیت، بەڵام تا مردن تێدەکۆشم تا مافی ئەوەت هەبێت چی دەخوازیت ئەوە بڵێیت».

دواتر کچێك هاتەلام، کە لەئۆفیسی پرسگەکان کاریدەکرد، پێیوتم کاری ئەو بووە. داوای لێکردم کارەکەی نهێنی بێت لەنێوانماندا، لەبەرئەوەی لەبەرامبەر پشتگیریکردنی بەوشێوەیە پێدەچێت لەکارەکەی دوربخرێتەوە.

دوای ئەوەی چوومە هۆڵی پەرلەمان، گوێم لێبوو هەندێك لەسەردەستەی میلیشیاکان پێکەنینیان بەڕووداوەکەی رۆژی پێشوو دەهات. داود کالکانی بەدەنگێکی بەرز قسەی بۆ هاوەڵانی دەکرد، تا من گوێم لێبێت، «چەند جارێك پێشنیارمان کرد لەبوتڵی شوشەدا ئاومان بۆ بهێنن، بەڵام بەگوێیان نەکردین. ئەگەر بوتڵەکان شوشە بونایە دوێنێ رۆژێکی زۆر خۆش دەبوو!» هەموویان دەستیانکرد بەقاقای پێکەنین.

بەرامبەر دوژمنەکانم وەك پۆڵا وابووم. ئەوان هەڕەشەو تۆقاندنیان گرتەبەر، بەڵام سەرینەگرت، لەبەرئەوە کەوتنە هەڵمەتی شکاندنی کەسایەتیم. زۆرجار پلانەکانیان ئاشکرابوونو لایەنگرەکانم شەرمەزارو سەرکۆنەیان دەکردن.

ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی لەپەرلەمان هێرشم بکرێتەسەر، پیاوێك بەناوی نەجیبوڵا هاتە ئۆفیسەکەم لە فەرەح، بەهاوکارەکانمی وتبوو دەیەوێت هاوکاری پرۆژەی نۆڕینگەی هاموون بکات. لەوکاتەدا من بەکاری پەرلەمانتاری لە کابول بووم. نەجیبوڵا رایگەیاندبوو، کە نوێنەری رێکخراوێکی ناحکومی ئەڵمانییەو دەیەوێت بڕێك پارەی زۆر ببەخشێتە نۆڕینگەکە، بەڵام یەکەمجار پێویست بوو رەزامەندی کارمەندانی نۆڕینگەکە وەربگرێت.

رایگەیاندبوو پلانی هەیە سەردانی هیرات بکاتو بەمەبەستی هاریکاری پرۆژەکانی تر، چاوی بەبەرپرسانی رێکخراوی (OPAWC) بکەوێت. هەندێك کارمەندی نۆڕینگەکە گومانیان لەم پیاوە کردبوو، لەبەرئەوە ژیرانە تەواوی قسەیان بەڤیدیۆ تۆمارکردبوو. لەسەر رێنمایی لیژنەی بەرگریم، تۆماری هەموو سەردانکەرەکانی نۆڕینگەی هاموونمان دەکرد، بەتایبەتیش ئەوانەی دەیانویست چاویان بەمن بکەوێت، یاخود پێشنیازی پرۆژەیەکیان هەبوایە. لایەنگرەکانم لەبەر چەند هۆیەك پێیان باشبوو، کە هەموو میوانەکان بەڤیدیۆ وێنەبگیرێن، لەبەرئەوەی ئەگەر لەڕووداوێکدا کوژرام، بەڵگەیەکی ڤیدیۆیی تاوانەکە لەبەردەستدەبێت.

دوو رۆژ دواتر نەجیبوڵا لە هیرات دەستگیرکرا، لایەنگرەکانم هاوکاری هێزە پەیوەندیدارە ناوخۆییەکانیان کردبوو بۆ ناسینەوەی، گومانیش لەوەدا نەما، کە ناوبراو بەشێك بوو لەو پیلانگێڕییە سیاسیەی لەپێناو بێمتمانەکردنی مندا کاری دەکـرد. پۆلیسی ناوخۆ ئەو تاوانبارەیان رادەستی دەزگای هەواڵگری ئەفغانستان کرد، لەوێ دانی بەوەدا نا، کە نزیکەی دوو هەزار دۆلاری لەلایەن پەرلەمانەوە وەرگرتبوو تا ئیمزای کارمەندەکانم کۆبکاتەوە بۆ دروستکردنی بەڵگەیەکی چەواشەکاری لەمەڕ ئەوەی لەگەڵ ئەمریکادا دژی ئیسلام کارمکردبێت. دەزگای هەواڵگری ئاشکرایکرد نەجیبوڵا لەلایەن تاڵیبانەوە نێردرابوو، تا دژی من کاری سیخوڕی بکات، بەڵام لایەنگرەکانم لەو بڕوایەدان لەلایەن کەسێکەوە بەکرێگیراوە کە سەر بەهاوپەیمانێتی باکورو حکومەت بێت. هەرگیز نەمزانی چی بەسەر ئەو پیاوەو کەیسەکەیدا هات، لەبەرئەوەی دەزگای سیخوڕیی ئەو پرسەی بەنهێنی هێشتەوە، بەڵام زیاتر لەوە دەچێت ئازاد کرابێت، چونکە لەپەرلەمان پشتیوانی کەسانی دەستڕۆیشتووی هەبوو. چەند مانگێك دواتـر پشتیوانکارێکی نهێنیم،

لەدەزگای هەواڵگری ئەفغانستان کاریدەکرد، کۆپیەکی ئەو دانپیانانەی نەجیبوڵای بۆ هێنام، کە لەلایەن خۆیەوە ئیمزا کرابوو، مۆری دەزگای هەواڵگری لەسەربوو، ئەمەش گومانەکانمی لەو کەسە پشتڕاستکردەوە.

چەند پلانێکی دیکەی لەم چەشنەو کاتێك هەوڵیاندەدا متمانەی خۆمو کارەکەم لەناو خەڵکدا نەهێڵن لەلایەن هاوپەیمانانمەوە ئاشکراکران، وتەیەکمان هەیە دەڵێت دیوارەکان مشکییان تێدایە، مشکیش گوێی هەیە. هەندێکجار تەنانەت لەنێو ئەوکەسانەی کاریان بۆ ئوسوڵگەراکان، یان بەرپرسە حکومییەکان دەکرد، کەسانێك هەبوون بە پەنهانی پشتیوانیان دەکردم، بێگومان ئەم پشتیوانکارە پەنهانانە هۆکارێکی دیکەن بۆ مانەوەم بەزیندویی. لەحاڵەتێکدا یەکێك لەم کەسانەی بۆ کوشتنم دانرابوو، بەڵام پلانەکەی بۆ ئاشکرا کردین.

ئەو خانووەی لە کابول زۆربەی کاتم تێدا بەسەردەبرد، دوو قاتێکی بچوك بوو بەتەنیشت شوێنێکەوە بوو کاری بیناسازی تێدا دەکرا. ژوورەکەم پەنجەرەیەکی تێدابوو بەسەر ئەو شوێنەدا دەیڕوانی، پێمانوابوو ژورێکی سەلامەت بێت. رۆژێك پیاوێك پاسەوانەکانمی ئاگادارکردبوەوە، نەهێڵن بچمە ئەو ژوورە. وتبووی ئەو یەکێکە لەو سێ کەسەی بۆ چاودێریکردنی مـەلالای جۆیا لەو بینایەدا دانــراون، کە لەقۆناغی دروستکردندا بوو. وتبووی چەکێکی بێدەنگیان پێیەو فەرمانیان پێکراوە هەرکات چومە ئەو ژوورەوە بمکوژن. ئەم هەواڵدەرە رایگەیاند تەواوی رۆژی پێشوو چاوەڕێیان کردبوو، بەڵام خۆشبەختانە تەنها جارێك لەئێوارەدا چوبوومە ئەو ژوورەوە. وتبووی ئەستەم بووە بتوانن تەقە بکەن، لەبەرئەوە فەرمانیان پێکرابوو بمخەنە ژێر چاودێریەوە، بەڵام ئەو شەوە ئامانجێکی باشیان بۆ پێکانی سەرم بۆ هەڵنەکەوتبوو. دەمانزانی راستدەکات، چونکە قسەکانی تەواو

بوون و لەو شەوەدا تەنها یەکجار چومە ئەو ژوورە. بەداخەوە ناوی ئەو کەسەی ئاشکرا نەکردبوو، کە فەرمانی کوشتنەکەی دەرکردبوو، بەڵام ئێمە ئاگادارکردنەوەکەیمان بەڕاستی وەرگرت و خێرا گواستمانەوە بۆ خانویەکی تر. لەهەمان ئەو کاتانەی ئەم پلانانە لەدژم جێبەجێ دەکران، حکومەت ئەو موچەیەی بڕی، کە بۆ دابینکردنی ئاسایشم دابینکرابوو. هەرچەند من ئەندام پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو بووم‌و بەئاشکرا لەلایەن ئەندامانی ترەوە لەپەرلەمان هەڕەشەم لێدەکرا، کەچی حکومەت ئەو بڕە پارەیەی بڕی، کە بۆ دابینکردنی ئاسایشم تەرخانکرابوو، لەبەرئەوە دەبوایەیە هەموو کاتێك هۆشیارو بەئاگا بم.

لەئاکامی ئەو هەمووە نەهامەتی‌و چەرمەسەرییە کە ژنانی ئەفغانستان چەشتبوویان، مرۆڤ وەها بیریدەکردەوە، کە ژنە پەرلەمانتارەکان سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچونیان پشتی یەکتر دەگرن، یاخود هەر نەبێت وەك خوشك مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، بەڵام مەخابن وەها رەوشێك وجودی نەبوو. هەندێك ئەندام پەرلەمانی ئوسوڵگەرای ژن، هاوشێوەی هاوتا نێرینەکانیان مێشك تەسك‌و نالەباربوون. لەبەرئەوەی 25%ی کورسیەکان بۆ ژن دانرابوون، هەندێك لەلایەن سەردەستەی میلیشیاکانەوە کاندیدکرابوون تا ئەو رێژەیە بەلایەنگرانی خۆیان پڕبکەنەوە. بەتایبەت لەو ناوچانەی سەردەستەی میلیشیاکان دەسەڵاتی تەواویان هەبوو، هیچ ژنێك بوێری نەبوو خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان کاندیدبکات.

لەلایەن هەندێك ئەندام پەرلەمانی ژنەوە هەڕەشەی زارەکیم لێدەکرا. جارێکیان دوای دەربڕینی چەند تێبینی‌و سەرنجێك، کە دەنگە دەنگ‌و هەرای لێکەوتەوە، ژنێکی ئوسوڵگەرای توندڕەو، راستەوخۆ لەپشتمەوە دادەنیشت، سەری بۆ شۆڕکردمەوەو وتی، «کارێکت پێدەکەم هیچ پیاوێك

نەتوانێت ئەو کارەت پێبکات». لەوەڵامدا وتم، «بەداخم بۆت، بڕوامایە تۆش قوربانییەکی دەستی ئەم ئوسوڵگەرایانە بیت». راستە: لەو بڕوایەدام ئەو ژنانەی وەك توتی بیروبۆچونی توندوتیژو دژەژن دەڵێنەوە، خۆشیان قوربانی ئەو سیستمەن.

رۆژێك ژنە ئەندام پەرلەمانێکی ئوسوڵگەرای سەر بەپارێزگای تەخار، سەنگەرێکی سەردەستەی میلیشیاکانە لەباکوری ئەفغانستان، لەو دەمەی بـەرەوژووری دەستشۆر دەڕۆشتم شوێنمکەوت. پێیوتم دەیەوێت لەوێ شتێکی زۆر نهێنیم پێبڵێت. ژووری دەستشۆر زۆر دوور بوو لەهۆڵی سەرەکی پەرلەمانەوەو لەسوچێکی لاگیری بیناکەدا بوو.

پێموت، «ئێرە شوێنێکی بێدەنگە، دەتوانیت لێرە پێمبڵێت. کەس گوێی لێمان نابێت». جارێکی تر جەختی لەوە کردەوە، کە بچینە ژووری دەستشۆر تا لەوێ نهێنییەکەم پێبڵێت.

هەرچەند چەند سوچێکی لەبارم پیشاندا تا لەسەرخۆ قسە بکەین و بزانم نهێنییەکە چییە، بەڵام ئەو هەر پێداگری کردو وتی، «نا، دەبێت لەشوێنێکی پەنهانتر قسەت بۆ بکەم».

پێموت، «ئەم پەنایە چ کێشەیەکی تێدایە تا قسەکەت بکەیت؟ هیچ کەس لەم ناوە نییە تا گوێی لێبێت».

تێبینمکرد پەشۆکا بوو، چاوەکانی ترسناك بوون. بەشڵەژاوییەوە وتی، «مەترسە، متمانەم پێناکەیت؟»

دەمزانی ئەو ئوسوڵگەرایەکی توندڕەو بـوو، بێگومان متمانەشم پێنەدەکرد. هەستێکی بەهێزم بۆ دروست ببوو کە شتێك هەیە. بۆچی ئەو شوێنانەی بەدڵ نەبوو، هەروەها سوربوو لەسەر ئەوەی بچینە ژووری دەستشۆر؟ لەبەرئەوە شوێنی نەکەوتم. پێموت کاتم نییە لەگەڵیدا بڕۆمە

ئەو شوێنە، لەبەرئەوەی پرسێکی گرنگ لە ئانو ساتی قسە لەسەرکردندا بوو لەپەرلەمان، پاشان گەڕامە دواوەو بەجێمهێشت. لەڕاستیدا زۆر پێویست بوو بچمە توالێت، بەڵام لەبەر ئەو حاڵەتە دەبوایە نەچم. زۆر دڵنیانیم، بەڵام پێموایە ئەو، یان کەسێکی تر پلانێکیان هەبوو ئازارم پێبگەیەنن.

دوای ئەوەی بەپاسەوانەکانم وت ئەوانیش لەسەر ئەو بۆچونە بوون، کە پێدەچوو ئەوە پلانێکی مەترسیدار بووبێت، پێیانوتم جارێکی تر نەچمە ژووری دەستشۆرەکانی پەرلەمان، چونکە لەهۆڵەکەوە زۆر دوور بوون. زۆر لەوەوپێشیش ئاگاداریان کردبوومەوە بەهیچ شێوەیەك لەئاوی ئەو بوتڵانە نەخۆمەوە، کە لەسەر مێزەکەم دادەنران لەناو پەرلەماندا، چونکە جێگەی هەموو ئەندامەکان دیاریکرابوو، ئەگەر هەبوو کەسێك ژەهر بکاتە ئاوەکەمەوە. جارێك نوقڵێکی کۆکەم لەئەندام پەرلەمانێکی هاوەڵم وەرگرت، دوای ئەوەی بەرێکەوت لای پاسەوانەکانم باسمکرد، ئاگاداریان کردمەوە جارێکی تر نابێت هیچ شتێکی لەو بابەتە بخۆم. هەرگیز ئەوەم بەخەیاڵدا نەهاتبوو، کەسێك بیەوێت بەدەنکە نوقڵێکی کۆکە بمکوژێت. تەنانەت لەیەکەم مانگی دانیشتنەکاندا، نەمدەتوانی ئەو خواردنە بەلەزەتو نایابانە بخۆم کە بۆ ئەندام پەرلەمانەکان ئامادەدەکران. یەك، لەبەرئەوەی بوو دژی ئامادەکردنی ئەو خواردنانە بووم، لەکاتێکدا نەتەوەکەم خەریك بوو لەبرسا دەمرد. دوو، لەبەرئەوەی کە دەشیا بە هۆی ئەو خواردنانەوە دەرمانخوارد بکرێم. رەمەزان بەشاردۆستیش ئەندامێکی تر بوو، کە لەو خواردنە رازاوانەی نەدەخوارد.

لەبەرئەوەی چەندین ساڵ بوو ئەفغانستان بێ پەرلەمان بوو، چەندین بابەتو گیروگرفتی کەڵەکەبوو بەردەست بـوون بۆ تاوتوێکردن. بۆ هێنانەکایەی دیموکراسییەکی راستەقینە پێش هەموو شتێك دەبوایە هەموو

یاسا بنچینەییەکان دابنرێن‌و کاریانپێبکرێت، لەوانە تاوانکارانی جەنگ نەبنە ئەندام پەرلەمان، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو تاوانکارانە لەبەرژەوەندی خۆیان یاسایان دەردەکرد.

بۆ نمونە دەستەی مافی مـرۆڤ مشتومڕی دیاریکردنی تەمەنێکی یاساییان دەکرد، تا هاوسەرگیری‌و یاسای تاوان بیانگرێتەوە، ئەویش تەمەنی هەژدە ساڵی بوو، بەڵام لایەنە ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان، دواجار لەسەر ئەوە رێکەوتن تەمەنی شانزە ساڵی بکەنە تەمەنێکی یاسایی، سەرەڕای ناڕەزایی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، کە پێیانوابوو ئەو تەمەنە زۆر بچوکە.

لەژمارەیەك دانیشتندا پەرلەمانتارەکان، باس‌وخواسی زیادکردنی موچەو ئیمتیازاتەکانیان دەکرد. دوای هەندێك تاوتوێکردن بۆ ریککەوتن لەسەر بابەتەکە لەگەڵ حکومەتدا بەپەنهانی، موچەی پەرلەمانتارەکان لە 1100 (هەزارو سەد) دۆلارەوە زیادکرا بۆ 2000 (دوو هەزار) دۆلارو بۆ سەرۆکی پەرلەمانیش کرایە دوو هێندەی ئەو بڕە، لەگەڵ زیادکردنی چەند دەرماڵەیەکی دیکەش. ئەندام پەرلەمانەکان پاسپۆرتی دیبلۆماسییان پێبەخشراو حکومەتیش کرێ خانو، موچەی شۆفێر، پارەی تەلەفۆن‌و چەند کرێیەکی دیکەشی بۆ دابینکردن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتاران مشتومڕی ئەوەیان بوو، ئەو ماف‌و ئیمتیازانە کەمن، هەرچەند زۆرێکیان بەئەندازەیەك دەوڵەمەندبوون، کە بەهیچ کلوجێك پێویستیان بەو پارەیە نەبوو. ئەم پرۆسەیە لەسەروبەندی ئەو کاتەدا بوو، کە هەموو مامۆستایانی کابول مانیانگرتبوو، لەبەرئەوەی موچەی مانگانەیان، ئەوپەڕی دەگەشتە 60 دۆلار، چەند مانگێك بوو لەلایەن حکومەتەوە نەدرابوو. لەبەرامبەر داوای فەرمانبەران بۆ زیادکردنی موچەکانیان، پەرلەمان دوای چەند گفتوگۆکردنێك بڕیاری زیادکردنی بڕی 14 دۆلاری بۆ موچەی

مانگانەیان دا. لە ئەفغانستان 14 دۆلار بەئەستەم بەشی کڕینی فەردە ئاردێکی 25 کیلۆیی دەکات. ئەمە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بوو، تا گەلی ئەفغانی تێبگەن، کە بێ دوودڵی پەرلەمان لەبەرژەوەندی کەمدەرامەتاندا نەبوو.

جارێك لەوکاتەی ئەندام پەرلەمانێك لەدژی من قسەیدەکرد، پێشنیاریکرد لەو ئیمتیازانەی پەرلەمان بێبەش بکرێم، لەبەر «سوکایەتیکردنم» بەو دامەزراوەیە. دوژمنەکان پێیانوابوو ئەمجۆرە فشارە رەنگە بۆ بێدەنگکردنم سودی هەبێت. دوژمنەکان هێشتاش لەوە تێنەدەگەشتن، کە من لەپێناو ئەو ئیمتیازانەدا نەچووبوومە پەرلەمان، بەڵکو ئامادەبووم خوێنم بۆ گەلەکەم بڕێژم‌و ماف‌و ئیمتیازی ئەوان لەپێش هەموو شتێك بێت‌و خۆم دواهەمین کەس بم لەڕووی خزمەتەوە.

ئەو سەردەستە میلیشیایانەی پەرلەمانیان کۆنترۆڵکردبوو، بێباك بوون بەرامبەر هەر داوایەکی دەستەو گروپێکی کۆمەڵگە، چ بگات بە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ. لەسەرەتای ساڵی 2007دا بەدەرکردنی ئەو یاسایەی پێیدەوترا «رەشنوسی یاسای ئاشتەوایی»، بێڕێزی خۆیان بۆ دادگا پیشاندا. ئەم یاسایە داوای داخستن‌و بەخشینی لەهەموو ئەو تاوانانەی جەنگدەکرد، کە لەسێ دەیەی رابردوی شەڕوشۆڕدا ئەنجامدرابوون. لەڕاستیدا تاوانکارەکان یاسایەکیان داڕشتبوو، کە مافی پارێزراوی بەرامبەر یاسا پێدەبەخشین. پشتیوانکارانی ئەو یاسایە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ئەو یاسایە دەبێتە هەوێنی «ئاشتەوایی نیشتمانی»و یەکێتی نیشتمانی دەپارێزێت. ئەم پڕۆژە یاسایە هەر زوو دوای لەسێدارەدانی سەدام حسێن لە عێراق پێشکەشکرا، بەوپێیەی تاوانکارە ئەفغانییەکانی توشی شۆك کرد.

بۆیان دەرکەوت هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەس نییە تا بیانپارێزن.

بەردەوامبووم لەپێداگری لەسەر ئەوەی، نابێت هیچ تاوانبارێکی جەنگ لەدادگاییکردن ببەخشرێت. گەلی ئەفغانستان دەربارەی ئەم بابەتە زۆر توندبوون. جارێك پیاوێك لەئۆفیسی کابول سەردانی کردمو بەشێوەیەکی توند وتی، «مەلالای، بۆچی باسی دادگایی کردنی ئەم پیاوانە دەکەیت؟ هیچ دادگایەك ناتوانێت بەڕەوایی دادگایان بکات. دەبێت بسوتێنرێن، بەڵام ئەوکاتیش بەهۆی تاوانەکانیانەوە خۆڵەمێشەکەیان ئاوی روبارەکان پیسدەکات».

لـەوەڵامـدا وتم ئێمەی ئەفغانی لەسایەی فەرمانڕەوایی ئەواندا، چەرمەسەری زۆرمـان چەشتووە، پێویستە ئەم پیاوانە رووبـەڕوی دادگا ناوخۆیيو نێودەوڵەتیەکان بکرێنەوە. نامانەوێت بەشێوەیەکی توندوتیژ بەرپەچی ئەم پیاوە سەرسەختانە بدەینەوە. ئەی نابێت ژیانی ئەفغانییەکان هاوشێوەی ژیانی قوربانییەکانی دەستی پینۆشێت، سوهارتۆ، هیتلەرو تاوانکارەکانی دیکەی مێژوو بەرز رابگیرێن؟ مەگەر خوێنی ئەم تاوانکارە ئەفغانیانە سورتر نییە لەخوێنی ئەو بکوژو دیکتاتۆرانەی تر.

ئەگەر دواجـار سەرکردەی میلیشیاو تاوانکارە باڵاکان، بەرپرسیارێتی کارەکانی رابردویان خرایە ئەستۆ، ئەوا کاریگەریی لەسەر تەواوی وڵات دەبێت، چیدی فەرماندەکانیانو ئەوانی دیش هێند بێباکانە بەردەوام نابن لەتاوانکردن دژی گەلی ئەفغانستان. بەرپرسیارێتی تاوانەکانی جەنگ، ئامانجو بنەمایەکی سەرەکییە، ئەگەر وڵاتەکەمان بیەوێت بەرەوپێش بچێت، دەبێت لەشوێنێکدا سنوری خۆمان بکێشین، بەڵام سەردەستەی میلیشیاکان سور بوون لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك رووبەڕوی دادگا نەکرێنەوە.

بێگومان بەتوندی دژی ئەم یاسای لێبوردنە گشتییە، وەستامەوە. بۆ

وەڵامدانەوەی ئەوانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، ئەوە تاکە ڕێگەیە بۆ یەکێتی ئەفغانستان، رامگەیاند یەکێتی نیشتمانی هەرگیز بەلێخۆشبوونی ناپاکەکانی نیشتمان بەدەست نایەت.

سەرەتای بەهاری 2007 یاساکە دەرکـرا، تێیدا هاتبوو، «پێویستە جیهادییەکان بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و لەبەرامبەر هەرجۆرە بێڕێزییەکدا بەرگرییان لێبکرێت». لەبەرامبەردا بەیاننامەیەکم دەرکردو سەرزەنشتی پرۆژەیاساکەم کرد. «ئەو یاسایە ناڕەوایەو دژی ویستی گەلە. ئەو تاوانکارانە دەبێت دادگایی بکرێن. لەڕاستیدا لە مێشكو دڵی خەڵکدا دادگایی کراونو پێویستە بەفەرمیش دادگایی بکرێن».

سەردەستەی میلیشیان کاردانەوەیەکی پڕکینەیان نواندو هەندێکیان دەیانوت، «دەبێت ئەو ناپاکە بەتوندی سزا بدرێت». یەکێك لەڕەخنەگرە سەرسەختەکانم نیاز محەمەد ئەمیری بوو، ئەو پیاوەی لە سەیفەوە نزیك بوو و لەپشتمەوە دادەنیشت، عەمامەیەکی خۆڵەمێشی لەسەردەکردو دەم بەجوێن بوو. بەردەوام هەڕەشەو سوکایەتی پێدەکردم، پێیدەوتم لەشفرۆش.

بۆ پیشاندانی دەسـەڵاتـیـان، زۆرێـك لەسەردەستەی میلیشیاکانو داردەستەکانی پێشوی سۆڤیەت بە سەرکردایەتی ڕەببانی هاوپەیمانێتیەکیان لەکابول پێکهێنا، بەناوی «بەرەی نیشتمانی». ئەم دەستەیە هاوکارەکانی پێشوی سۆڤیەتیشی لەخۆگرتبوو، نورولحەق عولومیو ژەنەراڵێکی دکتۆر نەجیبوڵا، کە دوای ڕووخانی رژێمە کارتۆنییەکە چووە ڕێزی سەردەستەی میلیشیاکانەوە. کۆبوونەوەیەکی گەورەیان لە کابول ڕێکخست، پارەیەکی زۆریان خەرجکرد بۆ هێنانی پیاوەکانیان لەپارێزگا دوورەکانەوە تا دەسەڵاتی خۆیان نمایش بکەنو زۆر لە حامید کارزای بکەن یاسای لێبوردن ئیمزا بکات، بەوپێیەی لەلایەن پەرلەمانەوە دەرکرابوو. هەزاران پیاوی بەردەستییان بەنێو شەقامەکانی کابولدا

ڕێپێوانیان کردو هاواریان دەکرد، «بڕوخێ مافەکانی مرۆڤ»، «مەرگ بۆ مەلالای جۆیا». خۆشحاڵ بووم، کە لەلایەن ئەو هێزە توندوتیژو دژەژنانەوە بە«دوژمنی ژمارە یەك» دانرابووم.

نزیکەی هەموو سەردەستەی ملیشیا باڵاکان بە ڕەببانی، فەهیم، موحەقیق، دۆستوم، خەلیلی، چاکاری، قانونی، سەیفو چەندینی تر لەگردبونەوەکەدا ئامادەبوونو وتاریان پێشکەشکرد، بەگەورەترین نمایشی دەسەڵاتیان دانرا لە کابول. یەکێك لەو ئەندام پەرلەمانە ژنانەی لەو ڕۆژەدا وتاریدا شەکیلا هاشمی بوو، ئەویش وتارەکەی بەم دروشمانە کۆتایی پێهێنا، «بڕوخێ مافەکانی مرۆڤ»، «بڕوخێ مەلالای جۆیا». دواتر لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا نکۆڵیکرد لەو کۆبونەوەیەدا سەرکۆنەی منی کردبێت، هەرچەند ئەو کەناڵە گرتەیەکی پیشاندا، کە ئەو هوتافانەی دەکێشا! سەردەستەی میلیشیاکان هیوایان خواستبوو گوڕوتین بخەنە بەر سەدهەزار کەس، بۆ پشتگیریکردن لەلێبوردنەکەیان. سەرەڕای ئەو هەموو پارەی لەهەوڵەکانیاندا خەرجیان کرد، توانییان تەنها بیست هەزار کەس کۆبکەنەوە. لەچاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکاندا هەندێك لەبەشداربووەکان دەیانوت لەلایەن فەرماندە جیهادییەکانەوە لەپارێزگاکانی ترەوە هێنرابوون بۆ کابول. تەنانەت زۆرێکیان نەیاندەزانی بۆچی هێنرابوون بۆ ئەو شوێنە.

سەردەستەی میلیشیاکان لە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ توڕەبوون، لەبەرامبەر راپۆرتێکی ساڵی 2005 لەسەر ئەو ڕووداوەی بەناونیشانی «دەستە بەخوێن سورەکان: زەبرو زەنگەکانی رابردوی کابول و نەریتی حەسانەی ئەفغانستان» بڵاوی کردبوویەوە. لەڕیزبەندییەکەدا ناوی سەیف، دۆستوم، ڕەببانی، فەهیم و چەندین کەسی تر هاتبوو، کە پێویست

بوو بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، لەبەرامبەر ئەو کارەساتانەی لە جەنگی ناوخۆدا روویاندابوو، هەروەها دۆکیومێنتەکە باسی رۆڵی مەسعودی کردبوو، کە لەمساڵانەی دوایدا بووەتە بابەتێکی قەدەغەکراو. کۆتایی دۆکیومێنتەکە بەمشێوەیە بوو، «ئەحمەد شا مەسعود لەزۆرێك لەو دەستدرێژیانەدا دەستی هەیە، کە لەم راپۆرتەدا تۆمارکراون». ئەو رێکخراوە داوای لەحکومەتەکەی کارزای کردبوو، دەستبەجێ بەرنامەیەك بۆ ئاشتیو ئاشتەوایی نیشتمانیو دادپەروەری گەڵاڵە بکات.

لەشوێنەکانی تری ئەفغانستان و لە دەرەوەی وڵاتیش، پرۆژەیاسای ئاشتەوایی نیشتمانی کەوتە ژێر رەخنەیەکی زۆرەوە و فشارخرایە سەر کارزای، چەند هەموارکردنێکی بچوك بکات. دواجار قوربانییەکان مافی ئەوەیان هەبوو سکاڵا دژی هەرتاوانبارێك تۆماربکەن، بەڵام بەدواداچونی مەحاڵ بوو، چونکە ئەگەر یاسایەك نەبێت و سەردەستەی میلیشیاکانیش لە پۆستی باڵای دادگاکاندا بن، کێ دەوێرێت لە دژیان داوا تۆماربکات؟ لەنەبوونی ئەوجۆرە سکاڵایانەدا حکومەتیش لێی قەدەغەبوو، تاوانکارەکانی جەنگ بەدادگا بگەیەنێت. کاریگەری یاساکە وەك خۆی مایەوە، چون وەك کارتی دەرچونی سەردەستەی میلیشیاکان، تاڵیبان و داردەستەکانی پێشوی سۆڤیەت لەبەندیخانە و بە بێ هیچ شتێك وەهابوو.

لە مێژووماندا هەمیشە ئـەوە بەتۆمارکراوی دەمێنێتەوە، کە ئەم سەردەستە میلیشیایانە بەخوێنی بێتاوانەکان دەستییان سورە.

دوژمنەکانم بەردەوام بەدوای رێگەی نوێدا دەگەڕێن بۆ بێدەنگکردنم، خودی پەرلەمانیش لەوەدا بوو، ببێتە ژینگەیەکی پڕمەترسی و دوژمنکارانە بۆم. دانیشتن لەنێو ئەو هەموو تاوانکارە، کە خۆیان بەدیموکراتخواز

پیشاندەدا وەك ئەشكەنجەدان وابـوو، بەڵام پەیمانمدابوو لەو شوێنەدا كاربكەم بۆ ئاشكراكردنی دوژمنەكانی گەلی ئەفغانستان.

دەركەوت ناحەزەكانم چیتر بەبڕینی مایكرۆفۆنەكەم دڵیان ئاو ناخواتەوە. لەوكاتەی تاوانكارەكان لە لایەك سەرقاڵی داڕشتنی پلان بوون بۆ لێخۆشبوونی خۆیان، لەلایەكی ترەوە خەریكی پیلانگێڕی بوون بۆ تاوانباركردنم ، پاشان هەوڵی دەركردنم لە پەرلەمان بووە پلان.

# بەشی دەیەم
# دەرکردن

خەڵك بەخێرایی تێگەیشتن لەوەی پەرلەمانی ئەفغانستان، ڕێچکەیەکی زۆر هەڵەی گرتۆتەبەر. ماوەیەك پێشتر پیاوێك لەسەر شەقامەکانی بازاڕدا لەلایەن پەیامنێری کەناڵێکی ناوخۆوەوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرابوو، وتبووی پەرلەمان لای ئەو وەك ناوبازاڕ وایـە، چونکە زۆر بێ سەروبەرە. دوای ئەوەی راپۆرتەکە بڵاوکرایەوە، زۆرێك لە ئەندام پەرلەمانەکان لە دانیشتنێکی پەرلەماندا، نارەزاییان بەرامبەر ئەو توانجە دەربڕی. کاتێك نۆبەی من هات رامگەیاند ئەگەر ئێمە بەمشێوەیە بڕۆین و هیچ شتێك بەئەنجام نەگەیەنین، ئەوا ئەمڕۆ دەشێت پێیبلێین بازاڕ، بەڵام سبەی بە باخچەی ئاژەڵان ناوی دەبەن. وەك پیشەی خۆیان، ئەندام پەرلەمانەکان لەتوڕەییدا کەوتنە کوتانی مێزەکانیان و سەرۆکی پەرلەمانیش مایکرۆفۆنەکەی بڕیم.

نیسانی 2007، بە گەشتێك سەردانی ئەمەریکام کرد و چاوپێکەوتنێکی یەك کاژێریم لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئاریانا ئەنجامدا کە بارەگاکەی لە ئەمەریکایەو لە ئەفغانستانیش لەڕێی سەتەلایتەوە وەردەگیرێت. وەك هەمیشە، وشەی زۆر جەرگبڕم دژی سەردەستەی میلیشیاکان بەکارهێنا، ئەمجارەیان پێشبینی خۆم بۆ پەرلەمانی ئەفغانستان دوپاتکردەوە، بەوەی ئەگەر لەسەر ئەو رەوتەی بەردەوام بێت، ئەوا هەرزوو خەڵکی پێیدەڵێن باخچەی ئاژەڵان، یان تەویلە. لەماوەی ئەو دیمانە راستەوخۆیەدا، ژمارەیەکی زۆر لەبینەران پەیوەندییانکرد و پشتیوانی خۆیان بۆ دووپاتکردمەوە، لەبەرئەوەی بەرنامەکە لەئەفغانستانیش دەبینرا، سەردەستەی میلیشیاکانی زۆر قەڵسکردبوو.

کاتێك گـەڕامـەوە بۆ ئەفغانستان، تەلەفزیۆنی تۆلۆ لە کابول، بە تایبەتی لایەنێك خاوەنییەتی، داوای چاوپێکەوتنێکی تایبەتیان لێکردم. لەچاوپێکەوتنەکەدا پێشکەشکار لێیپرسیم بۆچی وشەی باخچەی ئاژەڵان، یان تەویلە-م لەدیمانەکەی پێشودا بەکارهێنابوو، منیش تەواوی مەبەستی خۆم

بۆ ڕوونکردەوە. ڕامگەیاند دوو جۆری جیاواز نوێنەر لەپەرلەماندا ئامادەییان هەیە. هەندێك لەئەندامەکان نوێنەری ڕاستینەی گەلن، هەندێکی تریش تاوانکار، سەردەستەی میلیشیان، تیر و توانجەکانم تەنها بە ئاڕاستەی گروپی دووەمە. تەنانەت ناوی هەندێك لەو تاوانکارەشم هێنا، کە باسمدەکردن.

کاتێك لە 8ی مایسی 2007دا تەلەفزیۆنی تۆلۆ چاوپێکەوتنە 30 خولەکیەکەی پەخشکرد، هەرچی پەیوەست بوو بابەتی باخچەی ئاژەڵان، دەستکاری تەواوی پرسیار و وەڵامەکانیان کردبوو.

16ی مایسی 2007 لەبەرنامەیەکی دیکەی تەلەفزیۆنی تۆلۆدا، بە ناوی زەنگی مەترسی، پێشکەشکارەکە باسی لەو بەشە دەستکاریکراوانەی چاوپێکەوتنەکەم کرد، چەند وتەیەکی ناخۆش‌و بریندارکەری دەربارەی من کرد. بەشێکی بچوکی چاوپێکەوتنەکەی پێشویان پەخشکرد تێیدا وتبوم، «سەبارەت بەم گروپەی دووەمی نوێنەرانی پەرلەمان کە تاوانکارن، تەنانەت باخچەی ئاژەڵان‌و تەویلەش بۆ ئەوان بەس نییە، چونکە لەتەویلەدا مانگامان هەیە، کە سودی خۆی هەیەو شیر دەدات، گوێدرێژ باری لێ باردەکرێت، سەگیش بەوەفاترین ئاژەڵە، بەڵام ئەوان ئەژدیهان». ئەوان بە دەستی ئەنقەست یەکەم بەشی لێدوانەکەیان لابردبوو. وەك ئەوەیان لێکردبوو کە ڕەخنە لەتەواوی پەرلەمان بگرم. بەرنامەکە بە سوکایەتی پێکردنم لە زاری گەلی ئەفغانییەوە کۆتایی پێهات، لە هەمانکاتدا گوڕوتینی دەدایە دوژمنەکانم لەپەرلەمان تا لەدژم بوەستنەوە. یەکێك لەڕەخنەگرەکان وتی، «لەڕاستیدا بەراوردکردنی پەرلەمان بەتەویلە، یان باخچەی ئاژەڵان، سوکایەتی پێکردنی تەواوی گەلە، لەبەرئەوەی پەرلەمان خانەی گەلەو چاو، زمان و نوێنەرانی گەلی تێدایە».

20ی مایسی 2007، هەندێك ئەندام پەرلەمانی وەلەسی جیرگا، لەدانیشتنێکی ئاساییدا بابەتی «باخچەی ئاژەڵ»یان هێنایە پێشێ. ئەندام پەرلەمانێکی ژن بەناوی قەدریە یەزدانپەرەست، بەرگریکارێکی سۆڤیەتی پێشو

بوو، ئێستاش ئەندامی بەرەی نیشتمانی ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان بوو، وتارێکی دوروودرێژی خوێندەوە لەسەر ئەو بابەتەو سەرزەنشتی کردم. کارتە سورەکەم بەرزکردەوەو داوامکرد کاتم پێبەخشرێت، تا بەرگری لەخۆم بکەم، بەڵام وێڕای ئەوەی زۆری رەخنەگرەکان دەرفەتی قسەکردنیان پێدرا، بە هیچ شێوەیەك کاتیان پێنەدام، پاشان سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند سبەینێ درێژە بەباتەکە دەدەن و کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا.

لەبارودۆخی ئەو رۆژە و قسەی توندی ئەندام پەرلەمانە سەردەستەکانەوە بۆم دەرکـەوت، هەمووان بەتاسەوە بـوون دەرمبکەن. هاوکات ئەندام پەرلەمانە هاوسۆزەکانم، پەیوەندییان پێوەکردمو ئاگاداریانکردم تا رۆژی دواتر نەچمە پەرلەمان، بەوپێیەی پلانێك هەبوو بۆ لێدانم. گوڵهار تەلەفونی کردو پێیڕاگەیاندم، کە گوێی لێبووە ئەندام پەرلەمانێك وتویەتی گوایە من بە هۆی کردەی خۆکوژییەوە لەناودەبرێم، بۆیە باشتر وابوو نەچمە پەرلەمان. دەمزانی ئەگەر بشچمە پەرلەمان، هەرگیز رێگەم پێنادرێت بدوێم، لەبەرئەوە خستنە مەترسی هەموو لایەك هیچ بەهایەکی نەبوو. لە 21ی مایسدا لەبری ئامادەبوونم لەپەرلەمان لەسەروبەندی راگەیاندنی هەڵپەساردنی کارەکانم لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە، خەریکی رێکخستنی گۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بووم لە کابول.

دانیشتنی ئەو رۆژەی پەرلەمان، راستەوخۆ لە تەلەفزیۆنو رادیـۆوە پەخشدەکرا. ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ تەلەفزیۆنی تۆلۆدا ئەنجاممدابوو، چەند جارێك لەپەرلەمان لێدرایەوە. قانونی ئەندامەکانی دژی من جۆشدەداو یەك لـەدوای یەك، هانیدەدان پەنجەی تاوانم بۆدرێژبکەن. موحەقیقی سەردەستەی میلیشیا رایگەیاند من ناپاکیم کردوەو دەبێت لەدادگا سزا بدرێم. چەند ئەندام پەرلەمانێك هەوڵی نێوەندگیرییان دەداو رایانگەیاند لەبری ئەوەی لەکاربخرێم پێویستە ئاگادارکردنەوەیەکم بۆ دەربکرێت، بەڵام دواجار

قانونی رایگەیاند، کە من لەبەر «سوکایەتی پێکردنی دامەزراوەی پەرلەمان» دەبێت لەکارەکەم دووربخرێمەوە. قانونی پێشنیارەکەی خستە دەنگدانەوە و هەر ئەندام پەرلەمانێك جۆرە کارتێکیان بەرزکردەوە، رەنگی سەوز بۆ بەڵێو سور بۆ نەخێر. هەرچەندە ژمارەیەکی فەرمی نەبوو، بەڵام زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگیاندا لەکارەکانی ئەو پێنج ساڵەی مابووم رابگیرێم. بە هیچ شێوەیەك دەرفەتم پێنەدرا بەرگری لەخۆم بکەم. قانونی ئەوەشی راگەیاند، کە کەیسەکەمی داوەتە دادگا و پێشنیازی کرد لەچوونە دەرەوەی وڵات رێگریم لێبکرێت.

لە تەلەفزیۆن تەماشای بەڕێوەچونی پرۆسەکەم دەکرد، هەندێك لەئەندام پەرلەمانە هاوبیروڕاکان لەپەرلەمانەوە بە تەلەفۆن لە دواپێشهاتەکان ئاگاداریان کردمەوە. ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنوسان لەبەردەم ئەو خانووەدا کۆببوونەوە، کە زۆری کاتم لەگەڵ پاسەوانەکاندا تێدا بەسەردەبرد، بۆئەوەی گوێبیستی کاردانەوەکان بن، کاتێك هەڵپەساردنم وەك هەواڵێکی بەپەلە لە تەلەفزیۆن و رادیۆکان راگەیەنرا، کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەم دەستپێکرد. رامگەیاند هەڵپەساردنم پیلانێکی سیاسییە دژی من، هەرچی وتەکانیشمە لەلایەن تەلەفزیۆنی تۆلۆوە دەستکاری کراون. راستی و دروستی ئەو بابەتەم خستەڕوو، کە بۆچی من ئەوانە لەئاژەڵیش خراپتر وەسفدەکەم. سوێندم خوارد هەڵپەساردنم رێگری لەخەباتکردنم ناکات، ئەو کارەش تەنها دوانگەیەکی گەورەترم پێدەخشێت، تا قسەی لێ بکەم. رامگەیاند لەهەر دادگایەك بێت ئامادەم بەرگری لەوتەکانم بکەم.

هەواڵی هەڵپەساردنەکەم بەخێرایی بڵاوبوەوە و لەلایەن راگەیاندنەکانەوە چەندین بانگێشتی چاوپێکەوتنم پێگەیشت. ئەو رۆژە پێشکەشکارێك، بەرنامەیەکی رادیۆیی بەڕێوەدەبرد، بانگێشتی سازدانی مێزگردێکی بۆ ناردم دەربارەی دەرکردنم لەپەرلەمان لەگەڵ سەرکردەی پارتێکی سیاسی لیبراڵ و

ئەندام پەرلەمانێکی ژن بەناوی سابرینا ساقیب، هاوپەیمانێکی نزیکی قانونی بوو. لەچاوپێکەوتنەکەدا سابرینا وتی پەرلەمان هاوشێوەی مزگەوتە، بۆیە ئەگەر کەسێك بەمزگەوت بڵێت باخچەی ئاژەڵان، ئەوا سوکایەتی بەمسوڵمانانی ئەفغانستان دەکات!

لەوەڵامدا وتم، «ئەگەر پەرلەمان هاوشێوەی مزگەوت بێت، ئیمام و خەڵکەکەی بزانن هەندێك تاوانکار و بکوژ لە مزگەوتەکەدان بە تایبەتی ئەوانەی ئیسلام بۆ مەرامە پیسەکانیان بەخراپی بەکاردەهێنن، دەبێت لەچرکەیەکدا لێیان بدرێت و بەشەق بکرێنە دەرەوە. خەڵك نابێت بهێڵن بەبوونی ئەو تاوانکارانە مزگەوتەکەیان گڵاوبکرێت. لە ئەمڕۆدا ئەم تاوانکارانە بەداگیرکردنی زۆرینەی کورسییەکان، پەرلەمانیان پیسکردووە».

کاتێك چاوپێکەوتنەکە تەواوبوو، ئەو کارمەندانەی لەستۆدیۆکەدا بوون هاتنەلام و پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕیم، رەخنەیان لەو پەرلەمانتارەی تر گرت و پێیانوت دەبوایە پاڵپشتی جۆیای بکردایە، لەبەرئەوەی ئەو راستی دەڵێت.

ئەو پەرلەمانتارە لەوەڵامدا رایگەیاند ئەگەر پشتیوانی جۆیای بکردایە، وەك خۆکوشتنێك وادەبوو، پۆستەکەشی لەدەستدەدا. منیش پێموت، «دەی باشە خۆ تا هەتایە لەسەر ئەو کورسییە نامێنیت، بیر لەبەکارهێنانی ئەو کورسییە بکەرەوە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی بێدەرەتان، بەتایبەت چینی ژنان». پاشان پێشکەشکارەکانو کارمەندە تەکنیکیەکانی ستۆدیۆکە کەوتنە مشتومڕ لەگەڵی و بەرگرییان لەمن کرد. پێش ئەوەی قسەکانمان تەواوبکەین پاسەوانەکانم لەبیناکە بردیانمە دەرەوە. دوژمنەکانم وروژابــوون و تیمی پاسەوانەکانم وایان پێباش بوو بۆ ماوەیەك لەبەرچاو نەمێنم. لەدڵەڕاوکێی ئەوەدا بووین، دوژمنەکانم هەوڵی دەستگیرکردنی منو چەککردنی پاسەوانەکانم بدەن، چونکە ماف و ئیمتیازی پەرلەمانتاریم نەمابوو. ئەو شەوە چەند ماڵێکمان کرد، بۆ چەند هەفتەیەك بەردەوام ئەم شوێن و ئەو شوێنمان دەکرد، بەڵام لەگەڵ

زۆرێك لەلایەنگرەکانم لە ئەفغانستان و دەرەوەی وڵات لەپەیوەندیدا بووم، هەروەك ناڕەزاییەکان دژی دەرکردنم لەهەڵکشاندا بوو.

شێوازی مامەڵە لەگەڵ کردنم لەپەرلەماندا، تەنها نادەستوری نەبوو، بەڵکو هێرشیش بوو بۆ سەر خودی دیموکراسی. لەیەکەم رۆژی کەنارخستنمەوە ژمارەیەك لەپسپۆرانی یاسا لە ئەفغانستان، تەنانەت هەندێك پەرلەمانتاری دژە سەردەستەی میلیشیاکان بە ئاشکرا رایانگەیاند، دوورخستنەوەی ئەندام پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو بۆ تەواوی ماوەی کاری پەرلەمانتارییەکەی بەتەواوی پێچەوانەی یاسایە. ئەو یاسایەش وەك پاساوێك بۆ کەنارخستنم بەکارهێنرا، بەپێی مادەی 70ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بوو، قەدەغەیە ئەندام پەرلەمان رەخنە لەیەکتر بگرن. چەند هەفتەیەك پێش کەنارخستنم و لەوەدەمەی پەرلەمان خەریکی دانانی ئەو یاسایە بوو، ئەندام پەرلەمانێك پێیوتم ئاگام لەخۆ بێت، چونکە ئەو مادەیە بە دەستی ئەنقەست لەو یاسایەدا دانراوە، تا دژی من بەکاریبهێنن، بەڵام لەکاتی لەکارخستنمدا هێشتا ئەم یاسایە گفتوگۆی لەسەر دەکراو پەسەندنەکرابوو، بێگومان هیچ کام لەو ئەندام پەرلەمانانەی بە ئاشکرا لەپەرلەماندا هاواریان دەکرد من کۆمۆنیست و لەشفرۆشم، دەبێت لاقە بکرێم و بکوژرێم، هەرگیز لەژێر ئەم بەناو یاسایەدا سزانەدران، بەڵام سەرکردەکانی پەرلەمان گوێیان بۆ ئەم قسانە نەدەگرت. من دەرکرام.

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، بەیاننامەی توندیان دەرکرد بۆ پارێزگاری لێکردنم. براد ئادەمز، بەڕێوەبەری بەشی ئاسیای ئەو رێکخراوە رایگەیاند، «مەلالای جۆیا بەرگریکارێکی دڵسۆزی مافەکانی مرۆڤە، دەنگێکی بەهێزی ژنە ئەفغانییەکانە، نەدەبوایە لەپەرلەمان لەکارلابدرێت ..... وتەکانی جۆیا شایەنی ئەو سزایە نییە، بێگومان شایەنی گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایش نییە».

دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەی بەرگریکارەوە داوایەك بڵاوکرایەوە، بەرپرسە

حکومییە باڵاکان بە حامید کارزایشەوە لەڕێی ئیمەیڵەوە کەوتنە بەر ڕەخنەی ئەفغانییەکان لەدەرەوە و ناوەوەی وڵات، هەروەها پشتیوانکارە بیانییەکانیشم لەدژی کەنارخستنم هاتنەدەنگ. خەڵکی لە ئەفغانستان و چەندین وڵاتی تر چوونە سەر شەقامەکان بۆ پشتیوانی لێکردنم. لە فەرەح، سەدان ژن گردبوونەوە و ڕێپێوانیان کرد بۆ گێڕانەوەم بۆ سەر کارەکەم. سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای فەرەح ڕایگەیاند لەکارخستنم «سوکایەتییەك» بوو بەو هەزارەها خەڵکەی دەنگیان پێدابووم.

هەروەها لە کابول و شارو شارۆچکەکانی دیکەی وڵات، گردبونەوەی ناڕەزایی دەستی پێکردبوو. لەناوچەی پولی خومری لە باکوری پارێزگای بەغلان، ژنان و پیاوان بۆ پشتگیری کردنم ڕێپێوانیان ئەنجامدەدا. لە پارێزگاکانی هیرات و کۆنار هێزەکانی پۆلیس ڕێگرییان لەخەڵك کردبوو، بەشێوەیەکی هێمنانە ناڕەزایی دژی کەنارخستنم دەرببڕن، پاساوی ئەوەیان هێنابووەوە، کە مەبەستییان پاراستنی خۆپیشاندەرانە لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر توندوتیژییەك. دەستەیەك لەخوێندکارانی زانکۆی بەڵخ، بەیاننامەیەکی بەهێزیان دەرکرد بۆ پشتیوانیکردنم و لەڕاگەیاندنە ئەفغانییەکاندا دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. ژمارەیەکی زۆری نوسەرە ئەفغانییەکان لەناوەوە و دەرەوەی ئەفغانستان بۆ پشتیوانیکردنم وتار و بابەتیان دەنوسی.

ئەوانەی بەئاشکرا بۆ پشتیوانیکردم ناڕەزایی و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، مەترسییەکی گەورەیان خستەسەر سەلامەتی ژیانیان. بە بڕوای من ڕاپەڕینیان دژی لەکارخستنم لەڕاستیدا ڕاپەڕین بوو بۆ مافەکانی خۆیان و بەدیهێنانی دیموکراسی ڕاستینە. ڕاستی پاش گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە لەلایەن ژنانەوە، کە بەدەستی بەتاڵ ناڕەزاییان دەردەبڕی، بەڵگەیەك بوو بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە ئێمە تەنها قوربانی نین، ژنانیش دەسەڵاتیان هەیە گۆڕانکاری لە ژیان و وڵاتەکەشیاندا بکەن.

له جەلال ئاباد ژنانو پیاوان پێکەوە ڕێپێوانیان کرد بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان، یاداشتێکیان ئاڕاستەکردن و تێدا داوایان کرد بگەڕێمەوە سەرکارەکەم. ئەو خۆپیشاندەرانە لافیتەیان بەدەستەوە گرتبوو، دروشمیان دەوتەوە و ژنانی بورکاپۆشیان لەنێودا بوو، ڕۆڵی پێشەنگیان دەگێڕا. ژنێکی خۆپیشاندەر بەناوی شابانە وتی، «جۆیا تەنها نوێنەری خەڵکی فەرەح نییە، ئەو نوێنەری تەواوی ژنانە لەسەراپای وڵاتدا».

ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکان سنورە نێودەوڵەتیەکانیشی تێپەڕاند. لە 21ی حوزەیرانی ساڵی 2007، مانگێك دوای هەڵپەساردنم ناڕەزایی و گردبوونەوە لەشارەکانی ڕۆمـا، نیویۆرك، بەرشەلۆنە، میلان، ڤانکۆڤەر و مێڵبۆرن، بەڕێوەچوون. حەوت ئەندام پەرلەمانی ئیسپانیا، کە نوێنەرایەتی حەوت پارتی جیاوازیان دەکرد، بەیاننامەیەکیان ئیمزاکردبوو، تێیدا سەرکۆنەی هەڵپەساردنی منیانکردبوو لەپەرلەمان. هەشت ئەندام پەرلەمانی ئەڵمانیا نامەیەکیان ئاڕاستەی حکومەتی ئەفغانستان کرد، کە چوار داواکاری لەخۆ گرتبوو:

1- حکومەتی کارزای و بە تایبەت سەرۆك ڕوونکردنەوە بدات لەسەر هۆکاری دەرکردنی مەلالای جۆیا.

2- ئاسایش و سەلامەتی جەستەیی، دەرونی و پراکتیزەکردنی چالاکییە سیاسیەکانی بە ئازادی دەستەبەر بکرێت.

3- دەنگی جۆیاو چالاکوانەکانی مافی مرۆڤ، کە ڕاشکاوانە قسەدەکەن، گوێیان بۆ بگیرێتو هەموو کارێکی تۆقێنەرانە دژی ژنان لێکۆڵینەوەی لێبکرێت و ڕێوشێنی توندی بۆ بگیرێتەبەر.

4- سنوردارکردنی هاتوچۆی جۆیا هەڵبگیرێت و بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، بەجۆرێك لەگەڵ هەڵبژاردنە دیموکراتەکاندا یەکبگرێتەوە.

دەستبەجێ دوای لەکارخستنم، بەشێوەیەکی فەرمی داوایەکی ناڕەزایم

پێشکەش بەدادگای باڵای ئەفغانستان کرد، بەڵام بەدەم داواکەمەوە نەچوون. دۆزینەوەی پارێزەرێکی چاونەترس بۆ نوێنەرایەتیکردنی کەیسەکەم کارێکی ئەستەم بوو، بەڵام دواجار توانیم بەپارەیەکی کەم پارێزەرێکی گەنج بگرم. سکاڵایەکم دژی هەڵپەساردنم تۆمارکرد، بەڵام چەند مانگێك تێپەڕی، بێئەوەی هیچ وەڵامێکم لەدادگاوە پێبگات. دەزانم سەردەستەی میلیشیاکان دەسەڵاتیان بەسەر ئەم دەزگا باڵا یاساییەی ئەفغانستاندا هەیە، بەجۆرێك بەردەوام لەهەوڵدان بۆ درێژکردنەوەی پرۆسەی تێهەڵچونەوە لەکەیسەکەم، تا وەرزی پەرلەمانتاریم کۆتایی دێت. ئەوان چیتر نایانەوێت پەرلەمان وەك دوانگەیەك بەکاربهێنم بۆ باسکردنی چەوساندنەوە، مەینەتی و کوێرەوەری گەلەکەمان.

یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی (IPU)، رێکخراوێکە بارەگاکەی لەجنێڤە و 154 وڵاتی سەربەخۆ تێیدا ئەندامن، لەبەیاننامەیەکدا سێ بڕیاریان لەپێناو مندا دەرکرد، داوایان لە حکومەتی ئەفغانستان کرد، بەپەلە داوای گەڕانەوەم بۆ سەر کارەکەم چارەسەربکات و نیگەرانی خۆیان بۆ سەلامەتیم دەربڕی. سکرتێری گشتی ئەو رێکخراوە قسەی لەگەڵ نوێنەری هەمیشەیی لەنەتەوە یەکگرتوەکان کرد لە جنێڤ. ئەو نوێنەرە هاوڕابوو لەسەر ئەوەی هەڵپەساردنی مەلالای جۆیا نایاساییە، بەڵام رایگەیاندبوو ئەوە بابەتێکە تەواو پەیوەندی بە دەسەڵاتی پەرلەمانەوە هەیە، کە لەبەر جیاوازی دەسەڵاتەکانیان حکومەت نەیدەتوانی دەستبخاتە ئەو پرسەوە، هەروەها سکرتێری رێکخراوەکە قسەی لەگەڵ شاندی ئەفغانستان کرد، کە لەلایەن میروەیس یاسینی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی دەکرا. شاندەکە رایانگەیاندبوو هیچ گومانێکیان لەوە نییە، کە دەبێت دەستبەجێ دەسەڵاتی یاسایم بۆ بگێڕدرێتەوە و لەگەڵ گەڕانەوەشیان بۆ ئەفغانستان بابەتەکە دەخەنە سەر مێزی گفتوگۆ، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ رێوشوێنێك نەگیرایە بەر، (IPU) بارودۆخەکەی بە «زۆر بێزارکەر» لە قەڵەمدا.

گوڵ پادشا مەجیدی، سەرۆکی کۆمسیۆنی ئیمتیازەکان و بەرگری لەپەرلەمانی ئەفغانستان لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ تۆڕی هەواڵی پاژوکی ئەفغانی رایگەیاند، بڕیاری وەلەسی جیرگا بۆ کەنارخستنی مەلالای جۆیا لە پەیڕەوی ناوخۆدا نییە. رایگەیاند بە پێی بنچینەی ئەرکەکانی وەلسی جیرگا، ئەگەر ئەندام پەرلەمانێك بۆ جارێك هەڵە بکات ئەوا سێ هەلی پێدەبەخشرێت، ئەگەر هەر دوبارەی بکاتەوە، ئەوا دەبێت سەرۆکی پەرلەمان دەریبکات، ئەگەر ئەندامەکە پابەند نەبوو، ئەوا دەبێت لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پەرلەمانەوە ببرێتەدەرەوە. بە گوێرەی وتەکانی مەجیدی وەلەسی جیرگا، بەم پرۆسەیەدا نەڕۆشت و دەستبەجێ لەپۆستەکەم دووریانخستمەوە، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە لەکاتی دەرکردنمدا، هیچ دەرفەتێکم پێنەبەخشراوە، تا بەرگری لەخۆ بکەم.

ژمارەیەك رۆشنبیر و چالاکوانانی دادی کۆمەڵایەتی وڵاتانی ناتۆ نامەیەکیان ئیمزاکرد بۆ پشتیوانیکردنی کەیسی گەڕانەوەم بۆ سەر پیشەکەم، ئەمەش بەشێکی بەیاننامەکەیە:

«ئێمە وەك چالاکوانو نوسەرانی ئەو وڵاتانەی، کە حکومەتەکانمان لە ئەفغانستان لەشەڕدایەو هاوکاری رژێمی حامید کارزای دەکەن، بەپێویستی دەزانین پشتیوانی خۆمان بۆ مەلالای جۆیا دەرببڕین. بڕوامانوایە ئەو وڵاتانەی لە ناتۆدا ئەندامن، بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لەئەستۆیە بۆ پاراستنی سەلامەتی مەلالای جۆیا، لەبەرئەوەی حکومەتێکیان دروست و جێگیر کرد، کە بۆتە مایەی دەرکردنی ئەندام لەپەرلەماندا. جیهان چاودێری دۆخی مەلالای جۆیا دەکات، پشتیوانییەکی گەورەی هەیە لەنێو هەموو ئەوانەی کار بۆ دیموکراسییەکی بێگەرد و مافەکانی ژنان دەکەن لە ئەفغانستان».

داواکارییەك (stopwar.ca)ەوە بۆ گێڕانەوەم بۆ سەر کارەکەم لەلایەن بەرزکرایەوە، لەلایەن نوام چۆمسکیو نوامی کلێین-ی نوسەرو جاك لەیتۆن-ی پەرلەمانتارو سەرکردەی پارتێکی کەنەدیو چەندین کەسی ترەوە، واژۆی لەسەرکرا.

هەموو ئەم پشتیوانیو لایەنگیریانەی خەڵك لەوڵاتانی دیکەوە لای من ماناو بایەخی تەواوی هەیە، دەزانین لەخەباتکردنمان بۆ مافە ڕەواکانمان تەنها نین، بەڵام بەداخەوە هیچ شتێك نەیتوانی بیرو بۆچونی حکومەتی ئەفغانستان بگۆڕێت. زۆربەی سەرکردەی وڵاتانی ناتۆ، هیچ کات بەئاشکرا وتەیەکیان لەسەر کەیسەکەم نەداوە، هەرچەند دەڵێن هێزە سەربازییەکانیان لە ئەفغانستان، یارمەتی بنیاتنانی دیموکراسی دەدەن.

لەم دواییانەدا هەندێك ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ کابول لەگەڵم کۆبونەوە و پێیانراگەیاندم بابەتی هەڵپەساردنەکەمیان لەگەڵ شاندی پەرلەمانی ئەفغانستان تاوتوێکردووە، بەڵام پێیانوترابوو ئەوە بابەتێکی ناوخۆیی پەرلەمانی ئەفغانستانە، نابێت هیچ لایەنێکی تر دەستبخاتە بابەتەکە. ئەوروپیەکان لەوەڵامدا پێیانڕاگەیاندبوون هەرکات پێویستیان بە پارە و سەرباز بێت، داوای یارمەتی لەوڵاتانی تر دەکەن، بەڵام کاتێك سەرنجیان بۆ کارێکی نایاسایی لەوڵاتەکەیاندا رادەکێشرێت، پێیدەڵێن بابەتی ناوخۆییە.

چەندین کەس، تەنانەت هەندێك لەهاوەڵە پەرلەمانتارەکانم هاتونە لام، تا بەپەنهانی پێمبڵێن پشتیوانیم لێدەکەن، بەڵام ناتوانن بەئاشکرا هیچ شتێکی ئەوتۆم بۆ ئەنجامبدەن. ئەمجۆرە لە پشتیوانی زۆر بێماناو بێبەهایە. لەبەر ئەو هۆکارەیە، من چەندین جار دوپاتیدەکەمەوە، کە بێدەنگی کەسانی باش لەئەنجامدانی کاری خراپە گەلێ بەزیانترە. سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکەم، کە ڕاستییەکە دەزانن و کڕ لێی دانیشتون.

جارێکی تر هەندێك کەس پێشنیاری ئەوەیان کرد، کە ئەگەر داوای لێبوردن بکەم، ئەوا کێشەکانم چارەسەر دەبن. نورزیا ئەتمار، پەرلەمانتارێکی ژنە بەپەیمانگای شەڕ و ئاشتی ڕاگەیاند، «جۆیا سوکایەتی بەپەرلەمان کردووە، ئەگەر بەڕاستی دەیەوێت خزمەتی گەلی ئەفغانستان بکات و ببێتە

نوێنەری گەل، ئەوا ئێمە ڕێز لە خۆی و بۆچونەکانیشی دەگرین. ئەگەر داوای لێبوردن بکات، ئەوا دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر کارەکەی».

من هەرگیز لەهەمبەر وتنی ڕاستییەکان داوای لێبوردن ناکەم، تەنانەت لەو قسەیەشم پەشیمان نیم، کە ڕامگەیاند هەندێك پەرلەمانتار هەن بەشێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەن وەك ئەوەیە لەباخچەی ئاژەڵان، یاخود تەویلەدا بن. ئەگەر یەکێك شایەنی داوای لێبوردن بێت، ئەوا ئاژەڵانن! وەك بەڕاگەیاندکارەکەشم وت، «ئەگەر ئاژەڵ زمانی قسەکردنی هەبایە، ئەوا لەدادگا سکاڵایان لەسەر تۆماردەکردم، بەوەی لەگەڵ ئەوجۆرە پەرلەمانتارانەدا بەراوردمکردون». ئەوە شتێکە زۆرێك لەلایەنگرانیشم پێیانڕاگەیاندوم. دەڵێن تەنانەت ئاژەڵی دڕندەی برسیش تێر دەبێت، بەڵام ئەوانە نا. دیارە هەندێك لەتاوانکارانی ناو پەرلەمان حەز و ئارەزویەکی بێکۆتایان هەیە بۆ تاڵکردنی ژیانی خەڵك، دیاریشە هەرگیز لە کوشتن، تاڵانی و ڕاوڕووت تێرنابن.

لەپێناو پاشەڕۆژی ئەفغانستاندا، چیتر ڕەخنەگرتن بەڕێزەوە و بەزمانێکی نەرمونیان شوێن ناگرێت و کاریگەری نییە. تاکە سەلامەتی ڕاستینە بۆ هەموو کەسانی دیموکراتخواز لەوڵاتەکەماندا، تەنها بەهاتنەدەنگی هەموومان مەیسەر دەبێت. پێویستە هەموان ورە و هەڵمەتی شێرانە پیشانبدەین. وا هەستدەکەم ئەم کارە لەنمایشی پشتیوانی سەرنجڕاکێشی کۆتایی فیلمی سپارتاکۆس بچێت، کاتێك سەرکردەی سوپای کۆیلەکان هەڵدەستێتو خۆی رادەستی مەرگ دەکات. پێش ئەوەی لەناویاندا هەڵبستێت و بەپێوە ببینرێت هەڤاڵەکانی بەرزدەبنەوە و پێکەوە دەڵێن، «من سپارتاکۆسم!»

لەهەر پلەو پۆستێکدا بین، پێویستە بێینە قسە و بێدەنگی هەڵنەبژێرین. ئەگەر ئەم کارە بکەین، بەفۆرمێکی دیموکراتو یەکگرتوو بین، کایە چیدی کار و کردەوەمان هێندە بەهێزو پتەو دەبن، کە سەرکردەی میلیشیاکان بۆیان نەلوێت لەکاری فاشییانەیان بەردەوامبن. لەگەڵ ئەوەی لە ئێستا خەڵکی

گەندەڵ لەچەندین پۆستی سەرەکیدان، هەوڵو تێکۆشان، سەختو مەترسیدارە. تەنانەت ئەگەر لەسەرەتادا چەند پریشکێکی کەمی رووناکیش دروستبکەین، دواجار دەتوانین هەندێك رووناکیمان دەستبکەوێت. وەك شاعیری ئەڵمانی (برێخت) دەڵێت، «ئەوانەی هەوڵدەدەنو تێدەکۆشن زۆرجار شکستدێنن، بەڵام ئەوانەی هەوڵو تێکۆشانیان نییە، خۆیان لەخۆیاندا شکستخواردون».

لەگەڵ ئەو کەسانە هاوڕانیم، کە دەڵێن لە وتەو لێدوانەکانمدا دەرهەق بە سەردەستەی میلیشیاکان، دەبێت کەمێك نەرمو شیرین گوفتار بم. دەشێت ئەمە ئامۆژگارییەکی باش بێت بۆ کەسێك، کە لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتدا خەباتدەکات، بەڵام بۆ ئەفغانستان چ کەڵکێکی نییە. منیش لە ئەفغانستان خەون بە کۆمەڵگەیەکەوە دەبینم تێیدا پێویست نەکات هێند توندم بم، بەڵکو بتوانم رەخنەکانم وەك چەپکە گوڵ پێشکەش بەنەیارەکانم بکەم، بەڵام لەئێستادا ئێمە زۆر دوورین لە وەها کۆمەڵگەیەکی دادپـەروەرەوە. چۆن دەتوانین لەگەڵ تاوانکاراندا دیپلۆمات بین، لەکاتێکدا لەمانای دیپلۆماسی تێناگەن؟ رێککەوتن و سازشی سیاسی رەنگە بژاردەیەکی باش بێت، لەگەڵ ئەو نەیارانەی بڕوایان بە بەهاکانی دیموکراسی هەیە، بەڵام ئەوانەی تەنها زمانی چەك دەزانن، هەموو چەشنێکی سازش لایان نیشانەی لاوازییە. سازشکردن لەگەڵیان پتر شەڕانگێزو توندوتیژیان دەکات. یەکێك لەو هۆکارانەی وای لەئوسوڵگەرا توندڕەوە ئەفغانییەکان کردووە، هێند بێشەرم بن ئەوەیە، کە ئەو خەڵکانەی بە خۆیان دەڵێن «رۆشنبیر» هەمیشە لەگەڵیاندا لەسازشدان. لەوڵاتێکی وەك ئەفغانستاندا، ئەو کەسانەی سازش لەگەڵ ئەو دڕندانەدا دەکەن، هاوبەشن و دەچنە ژێرباری بەرپرسیارێتی تاوانەکانیانەوە.

بەداخەوە هەزاران کەسی تریش هەن، کە بەخۆیان دەڵێن رۆشنبیر و پێشکەوتوخواز، رێگەی سازشکردن دەگرنەبەر، لەگەڵ سەردەستەی میلیشیاو ئەوانەدا، کە ئەفغانستان داگیردەکەن، بەڵام خەڵك ئەو کەسانە بە نوێنەری

راستەقینەی خۆیان دانانێن. کۆمەڵێك لەو سیاسەتمەدارە سازشکارانە، بریتین لە رەنگین دادفار سپانتا، وەزیری دەرەوە، محەمەد هانیف ئەتمار، وەزیری ناوخۆ، ئەشرەف خانی ئەحمەد زای، وەزیری پلاندانانی پێشوو، هەڵبەت ئێستا پاڵێوراوی سەرۆکایەتییە، عەزام دادفار، وەزیری خوێندنی باڵا، ئەنوەر عەهادی، وەزیری دارایی پێشوو لەگەڵ چەندین کەسی تر، کە شانبەشانی سەردەستەی میلیشیاکان کاریانکردووە بۆ دامەزراندنی ئەم حکومەتە گەندەڵەی سەرشارە بە ماددەی هۆشبەر لە ئەفغانستان. لای گەلی ئەفغانستان هەندێك لەو کەسانە هاوشێوەی سەردەستەی میلیشیاکانن، سەیفو قانونی لەپێناو دەستگرتن بەکورسیەکانیانەوە بـەردەوام ئامادەی سازشن لەگەڵیاندا. ئەو رۆژەی لەپەیامەکانمدا نەرمی بنوێنم، یان پەیوەندی بەوانەوە بکەم، کە لەگەڵ ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان سازشدەکەن، دەبێتە رۆژی لەدەستدانی هەرچی بەهاو رێزێکی هەمە بەرامبەر گەلی ئەفغانستان، دەبێتە رۆژی مەرگم لەکایەی سیاسیمدا.

جارێك رۆژنامەنوسێکی بەناوبانگی ئیتاڵی لێیپرسیم، بۆچی بەشێوەیەکی دیپلۆمات زیاتر لەدوژمنەکانم نزیك نابمەوە، تا مەترسییەکانی سەر ژیانم کەمتربکەمەوە؟

لەوەڵامدا وتم، «بـوارم دەدەیتێ وەڵامـی پرسیارەکەت بە پرسیارێك بدەمەوە؟»

وتی، «بەڵێ، بێگومان».

پرسیم، «ئێوە سازشتان لەگەڵ فاشیستێکی وەك موسۆلینی کرد لەوڵاتەکەتاندا؟»

وەڵامەکەی بریتی بوو لە «نەخێر».

«دەی بۆ داوام لێدەکەیت سازش لەگەڵ مۆسۆلینییەکانی ئەفغانستان بکەم، لەحاڵێکدا کە زۆریش گرگنو دەبەنگن؟» پێموت ئەو رۆژەی سازش

لەگەڵ دوژمنەکانم بکەم، ڕەنگە چیتر لەمەترسیدا نەبم، بەڵام لەلایەن گەلی ئەفغانستانەوە وەك ناپاکێك تەماشادەکرێم، بۆ من ئەوان دەسەڵاتی ڕاستینەی وڵاتن. بەبێ ئەوان من هیچ نیم.

ئەو پشتیوانییەی دۆزەکەم بۆخۆی کۆکردبووەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، نابێت لە ئەفغانستان ڕێوشوێن هەر هەمان ڕێوشوێن بن‌و گۆڕانکارییان بەسەردا نەیەت. لەهەموو کوچەو کۆڵانێکی ئەفغانستاندا، گەلی ستەمدیدەی ئەفغانستان پشتیوانیم لێدەکەن، وەك نوێنەرێکی ڕاستینەی خۆیان لێمدەڕوانن، ئەمە بۆ من سەرچاوەی گوڕوتینە و مایەی سەربەرزییە. بێشومار خەڵك لەپارێزگا دوورەدەستەکانەوە دێن بۆ کابول بۆ سەردانکردنم، لای من گیروگرفتەکانیان هەڵدەڕێژن، دەمکەنە هاوبەشی هەستەکانیان، پشتیوانییان بۆ دۆزە هاوبەشەکەمان دووپاتدەکەنەوە.

گەلێ سەربەرزم بەو پشتیوانییەی لێمدەکرێت لە کۆمەڵگەیەکدا ژنان وەك هاووڵاتی پلە دوو لێیاندەڕوانرێت، ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانیش شەو و ڕۆژ رادەگەیەنن «ژن دەبێت یان لەماڵەوە، یان لەگۆڕدا بێت». من وەك ژنێك لەکاتێکدا بەڕووی دەسەڵاتدارین کەسانی وڵاتەکەمدا دەچمەوە، کە تەنها بەزمانی چەك قسەدەکەن، دەنگی منیش دەنگیداوەتەوە و لەلایەن زۆرینەی گەلەکەمەوە پێشوازی لێکراوە.

وەك ئاماژەم پێکرد، کارمەندانی پەرلەمان زۆر هاوسۆزن بەرامبەر خۆم‌و دۆزەکەم، تەنانەت دوای هەڵپەساردنیشم هەندێکیان هەر پەیوەندییان پێمەوە مابوو. جار هەبوو تەلەفونیان دەکرد، تا باسی ئەو شتانەم بۆ بکەن، کە لەوێ ڕوویاندەدا. پاش ماوەیەك لەهەڵپەساردنم کارمەندێك پەیوەندی پێوەکردم و پێیوتم، قانونی فەرمانی بەهەموو پاسەوانەکان کردووە نەهێڵن جۆیا بچێتە پەرلەمان. فەرمانی بەهەموو کارمەندی ئۆفیسەکان کردبوو، هیچ کارێك ئەنجام نەدەن پەیوەندی بە جۆیاوە هەبێت، وەك نوسین و گەیاندنی نامە.

ئەو کەسە پێیوتم رۆژێك کاتێك قانونی لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکاندا لەژورێکی کۆنفرانسدا لەکۆبونەوەدا بوو، کەسێك خۆی کردبوو بەژووردا و وتبووی «جۆیا خۆی کردووە بە پەرلەماندا!» هەموو ئەو کەسانەی ئامادەی کۆبونەوەکە بوون پەشۆکابوون و هەستابوون تا رێگەی هاتنەژوورەوەم لێبگرن، ئەوە زەنگێکی هەڵە بوو، چونکە من لەوێ نەبووم. هاورێکەم وتی ئەو دیمەنەی زۆر بەلاوە خۆش بووە، کە بینیبووی چەند شپرزە و پەشۆکاون.

وتی، «ئەو هەموو سەردەستە میلیشیایە لەناوەکەشت دەترسن، ئەوجا مەپرسە چەندە زەندەقییان لەخۆت چووە».

ئازادی رادەربڕین پایەیەکی سەرەکی دیموکراسییە، بەڵام لە ئەفغانستان بوونی نییە. لەو دەمەی من لەپەرلەمان دەکرامە دەرەوە چەندین کەسی دیکە فرێدەدرانە بەندیخانە لەپای پراکتیزەکردنی مافی قسەکردنیان.

تشرینی یەکەمی ساڵی 2007 خوێندکارێکی رۆژنامەنوسی تەمەن بیستوسێ ساڵ، بەناوی سەعید پەروێز کامبەکش خەڵکی مەزاری شەریف، دەستگیرکراو سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. بابەتێکی دابەزاندبوو و لەناو هاورێکانی زانکۆیدا بڵاویکردبوەوە. بە «کوفرکردن» تۆمەتبارکرا، چوون بابەتەکە دژواریی مافەکانی ژنانی لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا پیشاندەدا.

کاتێك رووبەڕوی سزای مەرگ کرایەوە، لەرۆژنامەی (Independent)دا بابەتێکم بڵاوکردەوە:

«بەتوندی ئیدانەی ئەم کارە نادیموکراتیانەی دەسەڵاتداران دەکەم، دژی سەعید پەروێز کامبەکش گرتوویانەتە بەر. ئەم کارە نەشیاوە گەندەڵی حکومەت پیشاندەدات، دەیسەلمێنێت، کە لەریشەوە نادیموکراسیەو بڕوای بە مافەکانی ژنان نییە، ئەوپەڕی توانای خستۆتەگەڕ بۆ بەرپێگرتنی ئازادی رادەربڕین. ئەگەر سەعید بۆ ئەم «تاوانە»ی بکوژرێت، ئەوا سبەینێ کەسانێکی تریش بەو تۆمەتە دەکوژرێن. ئەو دۆخە ناهەموارەی رووبەڕوی راگەیاندن

بووەتەوە ئاماژەیەکی روونی ئاستی سستی ئازادی و دیموکراتی لەسەراپای وڵاتدا دەخاتە پێشچاو.

لێرەوە داوا لە شانشینی یەکگرتوو، وڵاتە دیموکراتەکانی تری جیهان دەکەم، بەرگری لە سەعید بکەن، ئەو پێویستە دەستبەجێ ئازاد بکرێت. کوڕێکی بێتاوانە و ژیانی لەمەترسییەکی گەورەدایە».

دوای کەمپینێکی گەورەی نێودەوڵەتی، سزای لەسێدارەدانی سەعید کەمکرایەوە بۆ 23 ساڵ زیندانیکردن. سەرەڕای ئەو بڕیارە، ئاشکرایە مانەوەی لەبەندیخانەدا هاوشێوەی دەستگیرکردنی یەکەمجاری ئەوپەڕی ناڕەوایە. یەعقوب ئیبراهیمی براشی رۆژنامەنوسێکی ناسراوی دیموکراتخوازە، لەسەر تاوان و کارە دڕندانەکانی سەردەستەی میلیشیاکان بابەتی بڵاوکردوەتەوە، من پێموایە کردنە ئامانجی سەعید لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ بێدەنگکردنی ئەو برایەی بوو.

ئەم کەیسە نمونەیەکی روون و ئاشکرامان پێدەدات و بەرچاومان روونەکاتەوە، کە جیاکردنەوەی ئایین، حکومەت و سیستمی داد لەیەکتر، کارێکی پێویست و هەنوکەییە. ئەوی ئاماژەم پێکرد، نمونەی بەکارهێنانی ئایینە بۆ سنوردارکردنی ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەوانی. مسوڵمانی راستینە پێویستیان بەسەرکردەی سیاسی نییە رێنوێنی بکات بۆ ئیسلام. پارتە دیموکراتەکانی ئەفغانستان، چاونەترسییەکی بێوێنەیان پیشانداوە بۆ پشتیوانیکردنی سەعید، بەوەی سەرەڕای هەڕەشە، کاری خۆتەقاندنەوە و سەرکوتکردن بێترس چەندین گردبوونەوەیان بۆ بەرگریکردنی ئەنجامداوە. حوزەیرانی ساڵی 2008، لە پانزە پارێزگادا خۆپیشاندان ئەنجامدرا بۆ ئازادکردنی سەعید. سەرباری هەبوونی مەترسی بەردەوامی کردەوەی خۆکوژی پارتی سۆڵیدارێتی ئەفغانستان بۆ پشتیوانی سەعید خۆپیشاندانی لەپارێزگاکانی کابول و جەلال ئاباد رێکخست.

که سەعید لەبەندیخانە بوو، نامەیەکم بۆ نوسی، تێدا هیوای تەمەنێکی درێژ و زوو ئازادبوونم بۆ خواست. ئەگەر کاتێك هات و ئەو ئازادبوو، هیواخوازم ناوی زڕاوی بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان بەکاربهێنێت و نمونەیەکی جوان بدات بەدەستەوە. هەرچەند سزای سێدارەی بەسەردا جێبەجێ نەکراوە، بەڵام سەعید لەژێر بارێکی گراندایە. بە پێی راپۆرتێکی پزیشکی، کاتی دەستبەسەری سەعید ئەشکەنجە درابوو. سەرەتای ساڵی 2009 سزای بیست ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا.

سەرەڕای ئەو بانگەشانەی دەڵێن «ئـازادی کاری راگەیاندن» یەکێکە لەگەورەترین دەستکەوتەکانی هاوکاری وڵاتانی رۆژئـاوا، وەلێ هێشتاش بارودۆخی رۆژنامەوانە ئەفغانی و بیانییەکان تادێ بەرەو خراپی دەڕوات. هێرشکردنە سەر پەیامنێران لەژێر هەردوو دەسەڵاتی تاڵیبان و سەردەستەی میلیشیاکانی حکومەتدا، بەردەوامەو ئامادەیی هەبووە. وەك پێشتر باسمکرد، زەکییە زاکـی چالاکوانی مافەکانی ژنـان و پەیامنێر لە ماڵەکەی خۆیدا بەدەستڕێژی گوللە کوژرا.

نیسانی 2007، رۆژنامەنوسێکی ئەفغانی بە ناوی (ئەجمال نەقشبەندی)، لەلایەن تاڵیبانەوە لەسێدارەدرا. ناوبراو رێنیشاندەری پەیامنێری ئیتاڵی دانیاڵ ماسترۆگیاکۆمۆ بوو. حکومەتی ئەفغانی پێنج فەرماندەی مەترسیداری تاڵیبانی ئازادکرد لەبەرامبەر ئازادکردنی دانیاڵدا، بەڵام هیچ شتێکی بۆ ئەجماڵو شۆفێرەکەیان بەناوی سەعید ئاغا نەکرد، دواتریش هەردوکیان لەلایەن تاڵیبانەوە ملیان پەڕێنرا. ئەجمال شەش مانگ پێش ئەم رووداوە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنابوو.

لەو ماوەیەدا ئاشکرا بوو حکومەتی ئیتاڵیا دوو ملیۆن یۆرۆی بەتاڵیبان دابوو، لەبەرامبەر ئازادکردنی وێنەگرێکی ئیتالی بەناوی گابریل تۆریسلۆ، بەوپێیەی تشرینی یەکەمی ساڵی 2006 رفێنرابوو. ئەم بابەتە نارەزاییو

مشتومڕێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا لە ئەفغانستان، لەسەر ئەوەی بۆچی ژیانی ئەفغانییەکان، هیچ بەهایەکی لای حکومەت نییە ، لەکاتێکدا بیانییەکان بەهەر نرخێك بێت ئازاد دەکرێن. چاوم بە دایك، باوك، هاوسەر و ئەندامانی تری خێزانەکەی ئەجمال کەوت، ئێجگار لەحکومەت توڕەو دەهری بوون. داوایان لێکردم ئەو پرسە بگرمە ئەستۆ و بەجیهان رابگەیەنم، کە بکوژی کوڕە تاقانە خۆشەویستەکەیان حامید کارزای و دادفار سپانتای وەزیری دەرەوە بوون، چونکە لەبەرامبەر داواکارییەکانی تالیباندا بۆ ئازادکردنی کوڕەکەیان ملیان نەدا.

تەنانەت لەناو پەرلەمانیشدا لانی کەم چوارجار رۆژنامەنوسان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لێیان دراوە. ئابی 2007، دوای ئەوەی وێنەی هەندێك پەرلەمانتاریان پەخشکرد، کە لەکاتی کاردا لەسەر مێزەکانیان خەویان لێکەوتبوو، کارمەندانی تەلەفزیۆنی تۆلۆ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە هێرشیان کرایەسەر. ئەو ساڵە بەخوێناویترین ساڵ ناونرا بۆ رۆژنامەنوسان لە ئەفغانستاندا.

ژنانو رەخنەگرانی حکومەت بوونەتە ئامانج. نیلوفەر حەبیبی، ئەو کچەی لەتەلەفزیۆنی هیرات دەردەکەوێت درایە بەر چەقۆ، لەبەرئەوەی هەڕەشەی لێکرابوو، جارێکی تر لەتەلەفزیۆن خۆی دەرنەخات. شەیما رەزایی پێشکەشکار لەتەلەفزیۆنی تۆلۆ، لەلایەن ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانەوە سەبارەت بەو بەرنامە «نائیسلامییەی» پێشکەشیدەکرد ئاگادارکرایەوە. ئەم خانمە لەتەمەنی بیستوچوار ساڵیو لەشوقەکەی خۆیدا بەکوژراوی دۆزرایەوە. (1)ی حوزەیرانی 2007، شەکیبا سەنگا ئاماج، بێژەری تەلەفزیۆنی شەمشادی سەربەخۆ لە کابول کوژرا. تەموزی 2008، محەمەد ناسر فەیز، بەرنامەیەکی سیاسی هەبوو لەتەلەفزیۆنی ئاریانا، لەنیوەی پەخشەکەیدا بەرنامەکەی پێبڕدراو لەپای رەخنەگرتن لەئەندامانی کابینەی حکومەت، لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەفغانستانەوە دەستگیرکرا.

سەبارەت بە من و بەتایبەتیش دوای لەکارخستنم کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆکان پتر، نابەدڵ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدەدام، یان راپۆرتیان لەسەر کەیسەکەم دەکرد، چونکە لە سەرکوتکردنو چەوساندنەوە دەترسان. دەرکردنم لەپەرلەمان بەس نەبوو. دوژمنەکانم کاریاندەکرد تا لەڕاگەیاندنەکانیش دوورم بخەنەوە. وەك چۆن لەپەرلەمان حەزیان بەبیستنی دەنگم نەدەکرد، حەزیان نەدەکرد لەسەر تەلەفزیۆنیش ببینن. لەڕاستیدا جارێك بانگێشتکرام بۆ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، بەمەبەستی مشتومڕکردن لەگەڵ جەبار شێلگاری هاوپەیمانی سەیف، بەڵام وادیاربوو کەس بە شێلگاری نەوتبوو لەگەڵ کێدا مشتومڕ دەکات. لەناوەڕاستی بەرنامەکەدا وتی، ئەگەر بمزانیایە بەرامبەر مەلالای جۆیا دادەنیشم، نەدەهاتم بۆ بەرنامەکە. پێشکەشکارەکە پێیوتم زەحمەتێکی زۆری کێشابوو تا یەکێك لە سەردەستەی میلیشیاکان بەردەست بکەوێت و بێتە بەرنامەکە و بەرامبەرم دانیشێت. سەرەتا بە سەیف-یان وتبوو، ئەویش پەسەندیکردبوو، پاشتر یەکێك لەپیاوەکانی پەیوەندی پێوەکردبوونەوە گوایە ناتوانێت. دواتر پەیوەندییان بە موحەقیقەوە کردبوو، ئەویش پەسەندیکردبوو، بەڵام بەچەند کاژێرێك پێش بەرنامەکە پەیوەندی پێوەکردبوونەوەو وتبووی تەندروستی باش نییە (جارێکی تر نەخۆشم خستبووەوە!) لەبەرئەوە کاتێك پەیوەندییان بە شێلگارییەوە کردبوو، پێیاننەوتبوو رووبەڕوی جۆیا دەبێتەوە. کاتێك هاتە ستۆدیۆکە و چاوی بەمن کەوت حەپەسا، بەڵام تازە بۆ پاشەکشەکردن درەنگ بوو.

ژمارەیەکی زۆری ئەو رۆژنامە و گۆڤارە پێشکەوتووانەی بەشێوەیەکی ئەرێنی سەرەتای وتەکانی منیان لە لۆیا جێرگا-دا رومالٚدەکرد بەناچاری داخران، ئەوجا لەبەر سانسۆر خستنە سەر بێت، یان دابین نەکردنی فەند بۆیان. بارودۆخی ناهەمواری راگەیاندن لە ئەفغانستان تەنها نمونەیەکی ئەو نەخۆشیە کوشندەیەیە، کە لەئەمڕۆدا هەموو کەسێکی وڵاتەکەمانی

توشکردووە. بەداخەوە، لەرۆژئاواش راگەیاندن کێشەیە، لەبەرئەوەی بەدەگمەن وێنەیەکی راستینەو روونی تراژیدیا هەمەلایەنەکەی ئەفغانستان، یان ناوچە پڕ ململانێکانی تر دەخەنەڕوو. نمونەی بەرچاویش ئەوەیە، کە هاوولاتیانی قوربانی دەست بۆردومانەکانی ئەمریکا و ناتۆن دەگمەن لەلایەن راگەیاندنەکانی سەر بە حکومەتەکانی رۆژئاواوە راپۆرتیان لەسەر ئامادەدەکرێت.

بەوەدا کە زۆری کۆمپانیاکانی راگەیاندن بەو بەرژەوەندیە بازرگانیانە بەڕێوەدەچن، کە قازانج بە حکومەتی ولاتەکانیان دەگەیەنن، ئاساییە سەرنج بخەنە سەر هەواڵە خۆشەکانی ئەفغانستان، هەرچەند لەولاتە داگیرکراوەکەماندا ساڵ دێت و دەڕوات هەواڵی خۆش تادێت کەم و کەمتر دەبێتەوە. راستییەکان خۆیان لەهەواڵی زۆر ناخۆشدا دەبیننەوە، بەڵام پێویستە راستییەکان بوترێن. لەماوەی گەشتەکانمدا بۆ ولاتانی رۆژئاواو دوای بیستنی وتارەکانم زۆرێك لەخەڵك دەهاتنەلام، تا پێمبڵێن ئەو شتانەی لەبارەی بارودۆخی ئەفغانستانەوە رامگەیاندبوون لای ئەوان تازەبوون. راگەیاندنەکان ئەم راستیانە ناخەنەڕوو، بەڵکو تەنها لەسەر چۆنییەتی باش بەرەوپێشچوونی کارەکان راپۆرت دەدەن.

خۆشبەختانە لەجیهاندا کەسانێك هەن، ئاگاداری نەهامەتییە راستەقینەکانی گەلی ئەفغانن و پشتیوانیان بۆ پەیامەکەم پیشانداوە. تەنانەت پێش هەڵبژاردنم، پاشان هەڵپەساردنم لەپەرلەمان دەرفەتی ئەوەم هەبوو، بڕۆمە دەرەوەی ولات و چیرۆکی خۆم بەگوێی جیهاندا بدەم. هاوپشتیوانی نێودەوڵەتی زۆر رۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە بۆ بەرزکردنەوەی دەنگمو بڵاوکردنەوەی پەیامی تراژیدیای ئەفغانستان بە سوچو پنتەکانی زەویدا.

لە ئەفغانستاندا راگەیاندن تەنها کاتێك «ئازادە»، کە رەخنە لەسەردەستەی میلیشیاو بەرپرسەکان نەگرێت. ناوهێنانی هەر میلیشیایەك گیروگرفت، تەنانەت هەڕەشەی مەرگیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. زۆری رۆژنامەنوسەکان لەپێناو مانەوەیان لەژیاندا، دەبێت سانسۆر بخەنە سەر خۆیان. بە نمونە ئەگەر

شتێك دەربارەی ئەحمەد شا مەسعود بنوسیت، یان باسی تاوانو ئاڵوێرە بازرگانییەكانی بكەیت، ئەوا رۆژی دواتر لەلایەن سەردەستە میلیشیاكانی هاوپەیمانێتی باكورەوە ئەشكەنجە دەدرێیت هەڵبەت ئەگەر نەكوژرێیت. هەرچەند لەژێر داگیركاری ئەمەریكادا ئەو سەردەستانە راهێنانیان پێكراوە لەسەر چۆنییەتی قسەكردن لەسەر دیموكراسی، مافەكانی ژنان و لێدوانی رێكوپێك، بەڵام بڕوایان بەهیچ كام لەم دەستەواژە، چەمكانە نییەو هەر كات بەرەوڕووی نەیارەكانیان ببنەوە تەنها زمانی چەك دەزانن. هەندێك وەزیری حكومەت تەلەفزیۆنی، تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ بڵاوكردنەوەی پڕوپاگەندە لەمەڕ خۆیان.

وەك پێشتر رامگەیاند، رەشید دۆستوم كەناڵێكی تایبەت بەخۆی هەیە بەناوی ئاریانا تی ڤی، لە ئەفغانستان پەخشدەكرێت، هەروەها لەڕێی مانگێكی دەستكردی توركییەوە لەناوچەكەدا پەخشدەبێت. ئەسیف موحسینی كەناڵێكی سەتەلایتی هەیە بەناوی تەمەدون. موحەقیق كەناڵێكی تەلەفزیۆنی هەیە بەناوی فەردا، دەنگۆی ئەوە هەیە قانونی لە كەناڵی تەلەفزیۆنی نورین، رەببانی و تەلەفزیۆنی نوریشدا هاوبەش بێت.

لەبەر هەبوونی ئەم بارودۆخە مەترسیدارە لە ئەفغانستان ژمارەیەكی زۆر لەڕۆژنامەنوسانی بیانی دەیانپرسی، بۆچی من داوای مافی پەنابەرێتی لەوڵاتێكی تر ناكەم، من بە هیچ شێوەیەك وڵات بەجێناهێڵم، لەكاتێكدا هەموو گەلی داماوی ئەفغانستان، كە خۆشمدەوێن، لەمەترسی و هەژاریدا دەژین. من هیچم لەوان زیاتر نییە، تا بەدوای شوێنێكی باشترو سەلامەتتردا بگەڕێم، ئەوانیش لەكورەی دۆزەخدا جێبهێڵم. هێشتا من لە كابول دادەنیشم، ئێرە شوێنێكە تێیدا بەردەوام دەبم لەخەباتكردن بۆ كورسییە یاساییەكەم لەپەرلەماندا.

هەندێك كەس هاتونە لام، تا هانمبدەن پارتێكی سیاسی تازە دروستبكەم.

ئەگەر هەرکات دڵنیابوین دروستکردنی پارتێکی تازە یارمەتی کۆکردنەوەو یەکگرتنی ئەفغانییە پێشکەوتوخوازەکان دەکاتو بەهێزترمان دەکات، ئەوا دەبێت دامەزراندنی ئەو پارتە لەبەرچاو بگرین. کەسانی تر پێشنیار دەکەن خۆم بۆ سەرۆکایەتی بپاڵێوم. لەبەرامبەر ئەم داوایەی خەڵکدا پێیدەزانم، بەڵام ئەوان دەزانن من زۆر تەمەنم کەمەو لەڕاستیشدا بەهیچ شێوەیەك پلانم دانەناوە ببمە سیاسەتمەدار. هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەفغانستاندا، بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، وەك گاڵتەیەك وایە. لەپێشبڕکێکانی وەلەسی جێرگادا، سەرەڕای ساختەکاریو رێککەوتنی ژێربەژێرو پێشوەخت، هەندێك کەسی دیموکراتخواز دەتوانن دەرفەتی بردنەوە بەدەستبهێنن، گەرنا هەموو کەسێك گومانی لەدروستی رەوایی دەکرد. بەداخەوە تا ئەم ساتەی مێژووش کەسانێك دەبنە سەرۆك، کە لەلایەن حکومەتی ئەمەریکا و ئەو مافیایانەی لە ئەفغانستان دەسەڵاتیان هەیە هەڵدەبژێردرێن و پەسەنددەکرێن. گۆڕینی ئەم بارودۆخە، پێویستی بە چەندین ساڵی کارکردن هەیە، هەڵبەت لەلایەن هەموو ئەو کەسانەی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدان.

لەم هەوڵ و تێکۆشانە نێودەوڵەتییانەدا، رێزێکی گەورەم لێنراوە، بەوپێیەی کۆمیتەیەکی بەرگری بۆ پشتیوانی کردمو گرێدانم بە میدیاکانو جیهانی دەرەوەوە هەیە. ئەو کۆمیتەیە بریتییە لەو ئەفغانیانەی لە دەرەوەو ناوەوەی وڵاتدا دەژین، زۆریان نەوەی گەنجی سەردەمی جەنگن. ئەوان نوێنەرایەتی هیچ دەستەیەکی خێڵەکیو هیچ پارتێکی سیاسی ناکەن، بەڵکو کەسانی سەربەخۆنو پێکەوە یەکیان گرتووە بۆ پشتیوانیکردنم، لەبەرئەوەی ناوی خۆیان نانوسن لەکاتی ئاڵوێرکردنی نامەدا لەدەرەوەی ئەفغانستان، هەندێکجار خەڵك پێیانوایە هەموویان ژنن. بۆ نمونە هاوڕێیانمان لە ئیتالیا بۆ یان دەنوسین، «خوشکانی ئازیز....». دوای ئەوە ئەندامانی کۆمیتەی بەرگری

داوایـان لێکردم بەو هاوڕێیانە رابگەیەنم ژن‌و پیاو پێکەوە کارەکانی ئەو کۆمیتەیە بەڕێوەدەبەن.

کۆمیتەی بەرگری پێکهاتووە لەو ژن و پیاوانەی لـەدوای لۆیا جێرگا پەیوەندییان پێوەکردم، بۆیان روونکردمەوە ئـەوان لـەڕووی سیاسییەوە سەربەخۆن، دەیانەوێت هەوڵ و تێکۆشانەکانم بەجیهانی دەرەوە ببەستنەوە. داوایـان لێکردم ماڵپەڕێکم بۆ دروستبکەن و دوای ئەوەی زانیاری زیاترم لەبارەیانەوە دەستخست، داواکـەم پەسەندکرد. کۆمیتەی بەرگری بەدڵ‌و بەگیان کاردەکەن و پشتیوانییان بێهاوتایە، نرخێکی زۆری هەیە لەلام. کاتێك لە ئەفغانستان بم، لەهەواڵە گرنگەکان ئاگادارم دەکەنەوە. هەواڵی راگەیاندنە نێودەوڵەتییەکانم پێڕادەگەیەنن، هەندێکجار کۆمەڵێك بابەتم بۆ ئامادە، چاپدەکەن و بۆم دەنێرن تا بیانخوێنمەوە. بەڕۆژو شەو وەڵامی ئیمەیڵەکانم دەدەنەوە. ئەو کارەیان زۆر یارمەتیدەرە، چونکە لە ئەفغانستان بەشێوەیەکی بەردەوام هێڵی ئینتەرنێتم نییە.

کاتێك پرسیاری کۆمیتەی بەرگریم لێدەکرێت، زۆرجار هیچم پێ نییە بیڵێم، ناتوانم سوپاسگوزاری و پێزانینی خۆمیان وەك پێویست بۆ بخەمەڕوو. وەك سیاسەتمەدارێکی سەربەخۆ و چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی بێلایەن، لە ئەستۆگرتنی ئەم هەوڵ و تێکۆشانە بە تەنها کارێکی مەحاڵ دەبوو. ئامۆژگاری زۆر ژیرانەیان کردوم، وەك پێشنیاری تۆمارکردنی ناوی ئەوانەی لە فەرەح سەردانم دەکەن. بۆ نمونە ئەم کارەش بووە مایەی رێگرتن لە ئەنجامدانی پیلانێك لەلایەن پیاوێکەوە بەناوی نەجیبوڵا.

کاتێك پێویستم بەوەرگێڕانی وتار و چاوپێکەوتنەکانم بێت، کۆمیتەی بەرگری زۆر یارمەتیدەرە. کاتێکیش سوپاسیان دەکەم دەڵێن، «جۆیا، ئێمە ئەم کارە بۆ تۆ ناکەین، بەڵکو بۆ گەلی ئەفغانستانی دەکەین».

ئێستاش خۆم بەبەختەوەر دەزانم، کۆمیتەی بەرگری لەو چەشنەم لەچەند

وڵاتێکی دیکەش هەیە، وەك ئەمەریکاو ئەڵمانیا، سەرەڕای بوونی چەند تۆڕێکی پشتیوانکاری نافەرمی لەچەندین وڵاتی تردا. پێموایە دانانی ناوی من لەم کۆمیتانەدا لەڕاستیدا تەنها هێماییە، چونکە ئێمە هەموومان پێکەوە کار بۆ دوارِۆژێکی باشتر بۆ ئەفغانستان دەکەین. من تەنها یەکێکم لەنێو ئەو هەموو کەسانەی، ئامادەن ژیانی خۆیان بەختبکەن بۆ درەوشانەوەی روناکی سەربەستی لەوڵاتە هەژارەکەماندا. چەندین پرسی بە بەها لە ئەفغانستان هەن، چەندین مەلالای لەنێو گەلەکەماندا ئامادەن.

لەگەڵ ئەوەی چیتر ناتوانم لە پەرلەمان بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری دەنگم بەرزبکەمەوە، بەڵام دوژمنەکانم بەرێکەوت دیارییەکیان پێبەخشیوم. ئێستا پەیامەکەم زیاتر لەجاران گەرمو گوڕترەو دۆزی گەلەکەشم لەهەموو جیهاندا دەنگیداوەتەوە.

# بەشی یانزەیەم
# تێڕوانین لە هەندەرانەوە

**هاوڕێی ڕاستەقینە کەسێکە،**
**لەکاتی مەینەتباری و بێپەناییدا، دەستی هاوڕێکەی دەگرێت.**

لەماوەی ئەو شانزە مانگەی لەهەوڵ و تێکۆشاندا بووم تا لەپەرلەمان دەنگم ببیسترێت، فیلمی دۆکیومێنتاری «دوژمنانی بەختەوەری» لەدەرهێنانی ئیڤا مولڤاد، دەربـــارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنم بـــەردەوام خەڵاتی بەدەستدەهێنا، یەکێك لەخەڵاتە گەورەکانی ڤیستیڤاڵی فیلمی سەندانس و خەڵاتی سلڤەر وۆڵف-ی لەڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی دۆکیومێنتاری ئەمستردامدا بردەوە. لەگەڵ ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بەلای خۆیدا، فیلمەکە بووە مایەی زیاتر دەرکەوتنم و ئاشنابوونم بەخەڵك لەجیهاندا. حوزەیرانی 2007 و چەند هەفتەیەك دوای هەڵپەساردنم لەپەرلەمان، بۆ کاتی پەخشکردنی فیلمەکە لەڤیستیڤاڵی فیلم لەلایەن ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەشاری نیویۆرك، لەگەڵ ڤیستیڤاڵی سلڤەردۆکس لە ماری لاند بانگێشتکرام. هەندێك کەس وادەبینن ئەم فیلمە سەرچاوەیەکی باشی داهات بووبێت بۆم، وەلێ دەمەوێت ئەوە ڕوونبکەمەوە کە کۆمپانیای بەرهەمهێنەر تەنها بڕێکی کەم پارەی پێبەخشیوم، بەڵام گەلێ خۆشحاڵم کە توانیومە بڵاوبوونەوەی ئەو فیلمە بەکاربهێنم بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی دەرکردنی نایاسایم لە پەرلەمان لەلایەك، لەگەڵ جاڕدانو سەرنج خستنەسەر نەهامەتی گەلی ئەفغانستان لەلایەکی تر. من بەر لەوەی ببمە پەرلەمانتاریش پەیامی خۆم لە دەرەوە بڵاودەکردەوە، لە ئێستاشدا هاندەری زیاترم هەیە.

یەکەم دەرفەتی گەشتکردنم بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەپێناو گەیاندنی چیرۆکی گەلە ستەمدیدەکەم ساڵی 2002 بوو، لەوکاتەی بەڕێوەبەری ناوچەیی ڕێکخراوی (OPAWC) بـووم. دوای دامەزراندنی نۆڕینگەی هامونو هەتیوخانەکەش، لەلایەن گروپەکانی مافەکانی ژنانەوە لە ئەڵمانیا بانگێشتکرام

بۆ پێشکەشکردنی وتار. لەوکاتەدا تەمەنم تەنها بیست‌وچوار ساڵ بوو، لەبەرئەوە ئەو بانگێشتکردنە شەرەفێکی گەورە بوو. خانەخوێ ئەڵمانییەکانمان زنجیرەیەك چالاکیان لە هەفتەیەکدا بۆ رێکخستین، هەر جارە و پەنجا بۆ سەد کەس ئامادە دەبوون و تێیاندا بینەری ئەو تاوانانە دەبووین، کە لەلایەن رژێمی تاڵیبانەوە دەرهەق بەژنان ئەنجامدرابوون.

گەشتەکەم لە ئەفغانستانەوە لەگەڵ دەستەیەك ژن دەستپێکرد، بەسەرهاتی ژیانیان کۆمەڵێك تراژیدیا بوو، کە لەسەر دەستی رژێمە تاوانکارە یەك لەدوای یەکەکانی وڵاتەکەمانەوە بەسەریان هاتبوو. بۆ نمونە، ژنێکی گەنجمان لەگەڵ بوو لە کەمینەی (هەزارە) بوو. ماوەی سێ مانگ بوو هاوسەرگیری کردبوو، کاتێك لەکانونی دووەمی 2001دا تاڵیبان دابوویان بەسەر گوندەکەیاندا و سەدان کەسیان لێکوشتبوون، بەهاوسەرەکەی ئەویشەوە. کاتێکیش چەند پیاوی ریش سپی هاتبوون دانوستانیان لەگەڵ بکەن، بەشێوەیەکی دڕندانە کوشتبوونیان.

ژنێکی بە تەمەنی دیکەمان لەگەڵ بوو، حەوت کوڕی لەدەستدابوو، هەندێکیان لەلایەن رژێمە کارتۆنییەکەی سۆڤیەتەوە کوژرابوون، هەندێکی تریشیان لەلایەن ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانەوە لەناوبرابوون. دووان لەکوڕەکانی تەمەنیان پانزە و سیانزە ساڵ بوو، کاتێك لەلایەن نۆکەرەکانی حزبی ئیسلامی گوڵبەدین حیکمەتیارەوە لە پیشاوەر رفێنرابوون و لەبەندیخانە تایبەتەکەی ئەو پارتەدا لە شامشاتو کوژرابوون. لەم کامپەدا حیکمەتیار و پیاوەکانی میلیشیای سەربەخۆیان هەبوو، هاوکات لەلایەن دەزگای هەواڵگری پاکستانیشەوە، پشتیوانی تەواو دەکران.

باشم لەیادە کاتێك باسی بارودۆخی ژیانی ئەفغانستانمان دەکرد، هەندێك لەئامادەبووە ئەڵمانییەکان گریان. هەر لەو کۆنفرانسەدا چاوم بەژنێکی رووس کەوت، هاتە لامان و پێیڕاگەیاندین، کە هەست بەشەرمەزاری دەکات لەپای ئەوەی وڵاتەکەی بەو ئەندازەیە گیروگرفتی لە ئەفغانستان هێناوەتە کایەوە.

ئەو کارەی زۆر کاریگەر بوو بەلامەوە. لەیەکەم گەشتی دەرەوەی وڵاتدا تێگەشتم، کە مرۆڤایەتی لەئاستە گەردونییەکەیدا هەموو ئەو کەسانە پێکەوە گرێدەدات، کە کار بۆ باشترکرنی دنیا دەکەن. ئەم رۆژئاواییانەش بەوێنەی ئێمەی ئەفغانی مرۆڤن. هەمووان لە گۆشت و ئێسك پێکهاتووین، دەژین و دەمرین، هەموو خەون و خۆزگەمان بۆ خێزان و هاوڕێکانمان لە ئەنگێزەدایە. رۆژئاوا و ئەفغانییەکانیش ژن و نەوەی گەنجی وەهایان تێدایە، کە شتی باشتریان دەوێت، وێڕای جیاوازی بارودۆخی رۆژانەمان، بەڵام ئەم هاوبەشیانە پێکەوە دەمانبەستنەوە.

لەوکاتەی بەجەستە لەئەڵمانیا بووم، بە مێشك‌و خەیاڵ هەر لە ئەفغانستان بـووم. دەمبینی ئەڵمانییەکان لەنازو نیعمەتی کارەباو ئـاو، لەهەمووی گرنگتر ئاسایشدا دەژین. بیرم دەکردەوە چۆن وڵاتەکەم لەو خزمەتگوزارییە سەرەتاییانەی ژیان بێبەشبوون و تەنها بۆ مانەوە لەژیاندا بەسەلامەتی هەموو رۆژێکمان بەزەحمەت بەڕێدەکرد.

پێش ئەم گەشتە هیچ شتێکم دەربارەی ئەڵمانیا یان «وڵاتانی رۆژئاوا» نەدەزانی. تێڕوانینم بۆ ئەو وڵاتانە تەنها لە تەماشاکردنی فیلمەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو. تەنانەت ئەو رۆژنامەنوسە رۆژئاواییانەی لە ئەفغانستان چاوم پێیانکەوتبوو، وەك رۆژئاوایی خۆیان نەدەگۆڕی، لەبەرئەوە لە ئەڵمانیا بۆ یەکەمجار رووی راستی رۆژئاوام بینی.

لەو وڵاتەدا دەرفەتی خوێندن و تەندروستی دابینکرابوو، یاساکانی پاراستنی ژنان جێبەجێدەکران، هەڵبەتە لەوێش هێشتا ژنان قوربانی دەستی توندوتیژی و مامەڵەی خراپ بوون. بەردەوام بیرمدەکردەوە، کەی بێت ئەم شتانە لە ئەفغانستان بەدەستبهێنین؟ چەندە کاتی دەوێت؟ ئەم دەستکەوتانە کاتێك بەدیدێن، کە حکومەتی گەل دەسەڵات بگرێتە دەست، نەك ئەو دوژمنانەی ئەفغانستان، کە لەئێستادا فەرمانڕەوای وڵاتن.

لەماوەی شەش ساڵی دواتــردا، توانیم سەردانی چوار کیشوەر بکەم، ئەوروپا، ئاسیا، ئوسترالیا و ئەمەریکای باکور. بەدەنگەوەهاتنی وتارەکانم هیوایان پێدەخشیم، تێدەگەشتم لەهەموو وڵاتەکاندا کەسانی ئازادیخواز هەن. لەمیانی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕادا گەلێ شت فێربووم، پشتیوانی نێودەوڵەتی زۆر گوڕوتینیان پێبەخشیم. لەو بڕوایەدام ئەم گەشتانە بایەخێکی گەورەیان هەبێت، چونکە زۆر گرنگە کەسانی بیانی بزانن کولتوری ئێمە لە ئەفغانستان چییەو چۆنە. هیواخوازم وتارەکانم رۆڵێکیان گێڕابێت بۆ ڕەواندنەوەی ئەو وێنا خراپانەی لەسەر کولتوری ئەفغانستان لەسای ئوسوڵگەراکانی وڵاتو دەسەڵاتدارە بیانییەکانەوە بڵاوکرابوونەوە، بەتایبەتی ئەو وێنە چەوتانەی دەربارەی ژنانی ئەفغانی دەیانکێشان. مەبەستمە بڵێم ئێمە تەنها قوربانییەکی بێدەسەڵات نین، بەڵکو لەتواناماندایە لەپێناو مافەکانماندا راپەڕین.

زۆری لەبیانییەکان سەریان سوڕدەما، کاتێك دەمـوت 68 ژن ئەندام پەرلەمانن، واتە 28%ی کورسییەکانیان پێکدەهێنا، لەڕاستیدا ئەو ڕێژەیە لەزۆرێك لەوڵاتانی رۆژئـاوا زیاتربوو. لەیاسادا جێگیربوو، کە پشکی ژنان دەبێت لە 25% کەمتر نەبێت. بەداخەوە ژمارەیەکی زۆری ئەم کورسیانە لەلایەن ئەو ژنانەوە داگیرکراون، کە سەر بەپارتی ئوسوڵگەراو توندڕەون، باڵی سەردەستەی میلیشیاکانن و داکۆکی لەڕێساگەلی دژ بەژنان دەکەن. بەزۆرێك لە گوێگرە بێهیواکانی دەرەوەم رادەگەیاند، کە لەڕاستیدا ئەو پشکەی ژنان لەلایەن سەردەستەی میلیشیاکانەوە بەخراپی مامەڵەی پێوەکراوەو ئەو ژنە سەربەخۆیانە دەتۆقێنن، کە دەیانەوێت ئەو پۆستانە وەربگرن، دەخوازن لەبری ئەوان و چڵکاوخۆرەکانیان خۆیان هەڵبژێردرێن. لەبەر ئەم هۆکارە هەندێك لەئەندام پەرلەمانە ژنەکان لەنێو سەرسەختترین نوێنەرانی دژە ژندان، ئەمەش دەریدەخات، کە بیرو بنەماکان لەجێندەر گرنگترن.

رۆژێك لە رێکخراوەکانی ژنان لەدەرەوە میوانداریيان کردم، بەڵام گەشتەکانم

بۆ وڵاتە جیاوازەکان لەلایەن گروپی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ، بزوتنەوەکانی دژی جەنگ، پارتە سیاسیە پێشکەوتووخوازەکانەوە سپۆنسەر دەکران. هەموو ئەو پەیامانەی لە بابەت پشتیوانی پێمگەیشتوون، گەلێ لەلام بە بایەخن، تا بە وڵاتەکەمی بگەیەنم. لەمیانی ئەم گەشتانەدا، گەلی ئەفغانی پشتیوانی ماددی و مەعنەوییان پێڕاگەیەنراوە بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون و رۆشنبیری، بەوپێیەی لەکۆبوونەوەکاندا زۆرجار لەڕێی بەخشینی میهرەبانانەوە، پارە دەکرایە سندوقێکی سادەی پارەبەخشین. ئەمە کتومت ئەو دەستی یارمەتیەیە، کە ئێمە پێویستمانە لەو گەلانەی سەر بە ناتۆ و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوان، ئەویش خۆی لە پشتیوانی راستگۆیانەو قازانجنەویستانەدا دەبینێتەوە، شایانی باسە ئێمە هەرگیز کۆمەکی لەم چەشنەمان لەو حکومەتە زلهێزانەوە پێنەگەیشتووە، کە چەندین ساڵە وڵاتەکەمانیان داگیرکردوە و دەست لەکاروباری ئەفغانستان وەردەدەن. کاتێك خەڵکی پێکەوە کار بۆ هەمان بیرۆکە دەکەن، دەسەڵاتیان وەك دەسەڵاتی خوا وایە و هیچ هێزێك ناکارێت بەری پێبگیرێت.

دوژمنانم لەڕێی بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە، وتنی ئەوەی گەشتەکانم بۆ دەرەوە تەنها بۆ بەسەربردنی کاتی خۆش و پشودانە، هەوڵدەدەن لەناو خەڵکدا متمانەم نەهێڵن. ئەمجۆرە کەسانە قەرەی راستییەکان ناکەون، بەڵکو ئاوێنەیەکیان بەدەستەوە گرتوە، تەنها ئەو شتانە پیشاندەدات، کە لەمێشکیاندا چەسپیوە و لەپێش هەموو شتێکەوە دایانناوە. لەڕاستیدا خەرجی گەشتەکانم زۆرجار لەلایەن ئەو گروپانەوە لەئەستۆدەگیرێت، کە سەرچاوەیەکی دارایی سنورداریان هەیە، واتە بەسپۆنسەری چالاکوانە لەخۆبوردە دڵسۆزەکانەوە رێکدەخرێن و کارئاسانییان بۆ دەکرێت. لەهەندێك حاڵەتدا ئەگەر کۆمەڵێك بیانەوێت بۆ خوانێکی گرانبەها بانگێشتم بکەن، یاخود شتێکم بۆ بکڕن، داوایان لێدەکەم ئەو کارە نەکەن و پێیاندەڵێم باشترە ئەو پارەیە هەڵبگرن و بیبەخشنە ئەو پرۆژانەی سود بە گەلی ئەفغانی دەگەیەنن.

کاتێك لـەدەرەوەی وڵات وتار دەدەم، باس لەهەموو نەهامەتییەکانی گەل دەکەم، لەهەموو سوچ و کۆڵانێکی وڵاتەکەمدا. هەندێك لەو هاوکارییە داراییانەی لەدەرەوە کۆکراونەتەوە بۆ زامنکردنی سەلامەتیم لە ئەفغانستان بەکاردێت، چونکە حکومەتەکەی کارزای پارەی پاسەوانەکانمی بڕی، بەڵام زۆربەی کۆمەکەکان لەپرۆژە زۆر پێویستەکانی وەك نۆڕینگەی هاموون-دا بەکاردێن. هەرچەندە دوای ئەوەی بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرام، دەبوایەیە لە (OPAWC) دەست لەکارەکەم بکێشمەوە، بەڵام تا ئێستاش ئەوەی لەدەستم بێت بۆ هاوکاریکردنی پرۆژەکانیان بۆیان ئەنجامدەدەم. دەکرێت کەمێك پارەش سودی خۆی هەبێت، بەتایبەتی ئەگەر نەگاتە دەستە ناپاکەکانی هەندێك بەرپرسە حکومیەکان، سەردەستەی میلیشیاکان ، تەنانەت بەرپرسی رێکخراوە ناحکومییە لۆکاڵی و بیانییەکانیش.

ئەمەش گرفتێکە ئێمە پێیدەڵێین «سەردەستەی رێکخراوە ناحکومییەکان»، هاوتایە لەگەڵ هەمان ئەو گرفتانەی سەردەستەی میلیشیاکان و بازرگانانی مـاددەی هۆشبەر دوچـاری گەلەکەمانی دەکـەن. لەمڕۆدا، «یارمەتییە» بیانییەکان لەگیرفانی بەرپرسە گەندەڵەکاندا حەپەلوش دەکرێت، لەڕاستیشدا بۆ ئەو پرۆگرامانە بەکاردێن، کە رەوایەتی بە جەنگی ناتۆدەدەن. گەلەکەمان دەربارەی ئەم یارمەتییانە تەنها ئەوەندەیان لەدەستدێت بڵێن، دارخورماکەم پیشان مەدە، خورماکەم پیشانبدە. لەم ساڵانەی دواییدا تەنها میوەی تاڵ بەرهەمهێنراوە.

زۆربەی حکومەتەکان بودجەی زەبەلاح دەبەخشنە ئەو رێکخراوە ناحکومی و گروپە سیاسیانەی لەژێر فەرمانی ئەواندان و کار بۆ پلانە ستراتیژییەکانیان دەکەن. لەڕاستیدا بەپێدانی ئەو کۆمەکە داراییانە، دەیانەوێت ئەفغانییەکان بۆ خۆیان بکڕن و بیانکەنە داردەستی خۆیان. ئەو وڵاتانەش تەنها ئەمەریکا و وڵاتە رۆژئاواییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانی رژێمە

دڕندەکەی ئێرانیش پارەیەکی بێشومار بۆ چلکاوخۆرەکانیان لە ئەفغانستان خەرجدەکەن. لەڕێی ئەو پارەیەوە، ئێران دەیەوێت ئەو جۆرە ئیسلامەی خۆی دەیەوێت لەگەڵ بیروباوەڕی هاوشێوەی تاڵیبان هەناردەی ئەفغانستان بکات.

لە ئەفغانستان پەندێکی ترمان هەیە دەڵێت، خوا بکات کابول بێ ئاڵتون بێت، نەك بێ بەفر. ئەم وتەیە ئاماژە بۆ گرنگی ئاوی خواردنەوە، ئاوی کێڵگە و دانەوێڵە دەکات، بەڵام لە ئێستادا زۆرێك لە ئەفغانییەکان ئەم وتەیە دەڵێن، خوا بکات ئەفغانستان بێ دەستگیرۆییە «یارمەتییە» دەرەکی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بێت، نەك بەفر. ئەمڕۆ لەهەر کون و قوژبنێکی ئەفغانستاندا، ڕێکخراوێکی ناحکومی هەیە، بەڵام زۆربەیان گەندەڵن. بەناوی ئاوەدانکردنەوەوە پارە وەردەگرن، کەچی دەیخەنە تەنکەی باخەڵیانەوە. بەگوێرەی دەزگای چاودێری دەستپاکی ئەفغانستان، لەو وڵاتەدا هەندێك لەکارمەندانی USAID مانگانە بڕی 22 هەزار دۆلاری ئەمەریکی وەردەگرن، ئەمەش 367 جار لەموچەی مامۆستایەکی ئەفغانی زیاترە. ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری هاوکارییە داراییەکانی وڵاتانی کۆمەك بەخش لەڕێی پێدانی موچە بە ڕاوێژکار، بەڵێندەر و کەسەکانیانەوە دەگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتیانی خۆیان. زۆرێك لەم راوێژکارانە ساڵانە بڕی 250 هەزار دۆلار بۆخۆیان پەیدادەکەن، ئەمەش 200 جار زیاترە لە موچەی ساڵانەی فەرمانبەرێکی ئەفغانی.

خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم بەوەی تەنها بڕێکی کەم پارەم لەکەسانی ئاسایی‌و ئاشتیخوازی وڵاتانی دیکەوە پێگەشتووە. هەر سەنتێکی ئەم پشتیوانیانە، بەهایەکی گەورەی لەلام هەیەو شایەنی سوپاس‌و پێزانینە.

بۆ نموونە نیسانی ساڵی 2008 لیژنە بەرگریکارەکەم رایانگەیاند، کە ئەو بڕە پارەیەی لەمیانی گەشتەکانم بۆ وڵاتانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئەمەریکا کۆدەکرایەوە، لەپرۆژەی خزمەتگوزاری گشتی تازەدا لە فەرەح بەکاردێت. لەگەڵ ریش سپی هۆزەکان راوێژمانکردو بڕیاردرا پارەکە لەدروستکردنی شوێنێکی چاوەڕوانی

بەکاربهێنرێت لە (نەخۆشخانەی سڤیل)، لەشاری فەرەح. ژمارەیەکی زۆر خەڵکی نەدار ڕێگایەکی ئێجگار زۆر دەبڕن، تا چارەسەری پزیشکیان بۆ بکرێت، زۆرجار نەخۆشەکان دەبێت لەژێر کەپری نەخۆشخانەکەدا شەو بەسەرببەن. پێمنەکرا لەڕێوڕەسمی دەستپێکی پرۆژەکەدا ئامادەبم، لەبەرئەوە یەکێك لەلایەنگرەکانم لەدانانی بەردی بناغەی پرۆژەکەدا نوێنەرایەتی کردم. لەڕابردودا بۆ راپەڕاندنی کارەکانمان لەنۆڕینگەی هاموون لەدەرەوەی وڵات پارە کۆدەکرایەوە.

لەچەند بارێکی تردا ئەو کۆمەکە داراییانەی لەمیانەی گەشتەکانمدا کۆدەکرانەوە، لەپرۆژەی گرنگی دیکەو لەبەشەکانی تری ئەفغانستان بەکاردەهات. بۆ نمونە دابینکردنی خۆراك‌و پێداویستییە بنچینەییەکان بۆ هەندێك لەو ئاوارانەی لەناوەوەو دەرەوەی کابولدا دەژیان. نمونەیەکی تر بریتی بوو لەچاککردنەوەی ئارامگەی گۆرانی بێژێکی خۆشەویستی گەلی ئەفغانی بە ناوی مامۆستا ئەوالمیر، کە بەهەژاری و نەداری لە 24ی نیسانی ساڵی 1982دا کۆچی دوایی کرد، هەروەها مەزارگەی گۆرانیبێژێکی فۆلکلۆری ئەفغانیشمان بەناوی مامۆستا دوراری لۆگاری نۆژەندکردەوە. ناوبراو گۆرانیبێژێکی پەشتونی زۆر بەناوبانگی ئەفغانستان بوو، بەداخەوە 21ی حوزەیرانی ساڵی 1981 لەگەڵ نزیکەی دوو سەد کەسی تردا بە هۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سۆڤیەتەوە کوژرا. گۆڕەکەی دەکەوێتە پارێزگای لۆگار، دراوسێی پارێزگای کابولە. هەندێك لەلایەنگرانم نارد، تا گۆڕەکەی تازە بکەنەوە، کۆتایی ساڵی 2007 لەلایەن کۆمەڵێك گۆرانیبێژی یەکێتی هونەرمەندانی ئەفغانستانەوە مەزارگە نۆژەندکراوەکە کرایەوە.

لەگەشتەکانمدا بۆ دەرەوە لەزۆر زانکۆ وتارم پێشکەشکردووە، هەندێکیان بێبەرامبەر دەرفەتی خوێندیان پێشکەش کردووم تا برەو بەخوێندنەکەم بدەم. هەمیشە ئەو چاکانەم لەبەرچاوە و سوپاسیان دەکەم، بەڵام دەبێت ئەو ئۆفەرە دڵسۆزانەیان رەتبکەمەوە. سەرەڕای گرنگی خوێندنی باڵاو حەزو خۆشەویستیم بۆ خوێندن‌و فێربوون، لەئێستادا لـەدەرەوە کاتی خوێندنم نییەو ناتوانم

خەبات‌و تێکۆشانم دژی دوژمنانی گەلەکەم بکەمە قوربانی خوێندن.

لەسەردانەکانمەوە بۆ دەرەوەی وڵات بۆمدەرکەوتووە، ئەفغانییەکان میوانێکی هەمیشە بانگهێشتکراوی کۆنفرانسەکانی جیهانن. بەم هۆیەوە هەندێکجار لەسەر مێزی گفتوگۆ لەتەك هەمان ئەو نەیارو ناحەزانەدا خۆم دەبینمەوە، کە لە ئەفغانستان مشتومڕم لەگەڵ کردوون.

ساڵی 2006 بانگهێشتکرام بۆ کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی لەسەر دواڕۆژی ئەفغانستان لە ئیسپانیا. ئەو کەسانەی یاوەریم دەکردن دۆست نەبوون، چونکە بۆ ئەو کۆنفراسە بەشێك بووم لەشاندی گەورەی ئەفغانی‌و تێدا وەزیرە باڵاکانی حکومەتیش ئامادەبوون. کاتێك چاوم بەیەکێك لەڕێکخەرەکانی کۆنفرانسەکە کەوت، ژنێکی ئیسپانی بوو، پێیڕاگەیاندم حکومەتی ئەفغانستان نابەدڵ بوو لەوەی ئیسپانیا ڤیزای ئەو گەشتەم پێبدات، بەڵام رێکخەرانی کۆنفرانسەکە مکوڕبوون لەسەر ئەوەی من یەکێك لەوتارخوێنەکانی کۆنفرانسەکە بم.

ئەو رۆژەی گەشتینە مەدرید، خوانێك بۆ نوێنەرانی کۆنفراسەکە ئامادەکرا. بێئەوەی هیچ کامیان لایەنگرم بن، لەسەر مێزێکی بازنەیی لەگەڵ ژمارەیەك کاربەدەست و وەزیری حکومەتی ئەفغانستاندا دانیشتم. لەنێویاندا عەبدوڵا عەبدوڵا هەبوو، لەوکاتەدا وەزیـری دەرەوە بـوو، هەروەها یەکێك بوو لەدەسەڵاتدارترین کەسایەتی هاوپەیمانێتی باکور. کاتێك دوام، باسی ئەو بارە ناهەموارەم کرد لەپەرلەمان بەسەرم هاتبوو، پێش ئەوەی دەربکرێم. باسی ئەو هەڕەشە و پەلامار و سوکایەتیانەم کرد، کە لێمکرابوون و سەرکۆنەی دەسەڵاتی زاڵی سەردەستەی میلیشیاکانم کرد لەحکومەتدا.

عەبدوڵا عەبدوڵا لەوکاتەدا نانی دەخوارد و قسەکانی پێبڕیم، وتی، «ئەوە هیچ شتێکی تر نییە باسیبکەیت؟» دیاربوو توڕەبوو.

منیش بـەردەوام بووم، «بۆچی خۆتان توڕە دەکەن؟ لەبەرئەوەیە، کە پەردە لەسەر رووی براکانت هەڵدەماڵم؟ مەگەر لاقەکردنیان وەك چەك

بەکارنەدەهێنا؟ مەگەر لە جەنگی ناوخۆدا 65 هەزار کەسیان نەکوشت و وڵاتیان کاول نەکرد؟»

حەنیف ئەتمەر، ئەوکات وەزیری پەروەردە بوو، هەوڵیدا بابەتەکە بگۆڕێت: «مەلالای، تکایە رابردوو لەیاد بکە، هێندە توند مەبە». وەزیرەکانی تریش هانیاندام بەو شێوەیە قسەنەکەم. «تکایە با ئێستا نانەکەمان بخۆین‌و دواتر گفتوگۆی ئەمە بکەین. مەلالای، تووڕە مەبە».

پێموتن من تووڕەنیم، تەنها ویستم بەردەوام باسی راستییەکان بکەم، لەدەروەی پەرلەمانیش، هەرگیز رێگەم پێنەدەدرا تێبینی و سەرنجەکانم تەواو بکەم. بە ئەتمەرم وت، «چۆن بتوانین رابردو لەیادبکەین؟ ئەگەر دایکتیان لاقە بکردایە لەبیری خۆتت دەبردەوە؟ ئەو دایکانەی کچەکانیان بەخاك سپارد، دەبێت لەیادی بکەن و ئیدی بیری خۆیانی بەرنەوە؟»

ئەتمەر هیچ وەڵامێکی پێنەبوو. لەئێستادا وەزیری ناوخۆیە، لەبەرئەوە ئەویش یەکێکە لەو کەسانەی هاوشانی سەردەستەی میلیشیاکان کاردەکات.

عەبدوڵا عەبدوڵا لەلای خۆیەوە دەستیکردەوە بەنانخواردن، بەڵام دیاربوو زۆر تووڕە بوو.

دوای ئەم گفتوگۆیانە وەزیرێکی دیکەی ئەفغانی ئاگاداری کردمەوە لەکۆنفرانسەکەدا ئاگام لەخۆم بێت، نەهێڵم هیچ کەس بزانێت ژمارەی ژوورەکەم چەندە. تەماشاکە: ئەمە ئەندامێکی حکومەتە ئەفغانییەکە بوو، کەچی هاتبوو لەبەرامبەر گەلەکەی خۆیدا هۆشیاری دەدامێ. منیش بەم وەزیرەم وت، خەم لەسەلامەتی من نەخوات، لەکاتێکدا لە ئیسپانیاین.

وتم، «لێرە نامکوژن. لەیادت بێت لێرە ماسکی دیموکراسی دەپۆشن، ئەوانە داردەستن و نایانەوێت ئەو هەموو پارەیە لەدەست بدەن، کە لێرە دەستیان دەکەوێت. لە ئەفغانستان دەمکوژن نەك لێرە و لەبەرچاوی گەورەی بیانییەکانیاندا».

ئەو رۆژەی سەرەی وتاری من بوو، لەسەر مێزی دانیشتن لەتەنیشت عەبدوڵا عەبدوڵاوە بووم. کاتێك دەستم بەقسەکردن کرد، هەستاو لێم دورکەوتەوە. هێشتا زۆر تورەبوو لێم.

دواتر ئەمەر رایگەیاند، کە ئەگەر بێت و وڵاتانی کۆمەك بەخش ئەو بەڵێنانە نەبەنەسەر، کە بەرامبەر ئەفغانستان دابویان، ئەوا بەرپرسیاردەبم لەو وتارەی پێشکەشمکرد، لەو رەخنانەی لەسەردەستەی میلیشیاکانم گرت، لەدەرخستنی گەندەڵییەکانی حکومەت. ئەم وەزیرە ئەفغانیانە لەدەرەوە، تەنها نمایشی دیموکراسیان دەکرد، حاشایان لەئەنجامدانی هەر تاوانێك دەکرد، کە بەرامبەر گەلی ئەفغانی ئەنجامدرابێت. منیش لە لای خۆمەوە تەنها راستییەکانم دەوت.

لەدوای ئەو کۆنفرانسە لەرێی چالاکوانانی دادپـەروەری کۆمەڵایەتیو ئاشتیەوە دەرفتێکی دیکەم بۆ رەخسا، تا سەردانی ئیسپانیا بکەمەوە، لەلایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە پشتیوانی گەرمم لێکرا. لەمیانی یەکێك لە سەردانەکاندا حکومەت دەستەیەك پاسەوانی چەکداری بۆ دابینکردم. من داوام نەکردبوو، بەڵام رێکخەرانی سەردانەکەم بەگرنگیان زانیبوو، داوا لەحکومەت بکەن ئەو هۆشیارییە پێشوەختە لەبەرچاوبگرێت.

کۆتایی ساڵی 2006 ئامادەی کۆنفرانسێکی دیکە بووم، چەند مشتومڕێکی توندم لەگەڵ برادەرە ئەفغانییەکان ئەنجامدا. ئەم کۆبوونەیە لە هۆڵەندا ئەنجامدراو زیاد لە 200 رۆشنبیرو کەسانی ئەکادیمیو سیاسەتمەداری تێدا کۆببووەوە بۆ تاوتوێکردنی دوارۆژی ئەفغانستان. لەیەکێك لەدانیشتنەکاندا مشتومڕم لەگەڵ دکتۆر خەلیلوڵا هاشمیان، دکتۆر رۆستار تاراکیو حەبیب مایەرو ناسیۆنالیزمە پەشتونییەکان ئەنجامدا، پاساویان بۆ پشتیوانی کردنی تاڵیبان دەهێنایەوە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە نوێنەری «بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی»یە. راشکاوانە پێموتن، کە سەرسامم بەوەی پاش ئەزموونی چەندین ساڵ ژیان لە رۆژئاوا، کەچی بەبایەخەوە لەو هێزە سیاسیانە دەڕوانن، کە

دەیانەوێت بەهاو دیاردە دواکەوتوەکان بۆ وڵاتەکەمان بگێڕنەوە. باسی ئەوەم لەگەڵ کردن، باشتروایە پشتوانی لەوانە بکەن، کە کار بۆ یەکخستنی نەتەوە جۆراوجۆرە ئەفغانییەکان دەکەنو دژی دوژمنەکانمانن. لای خۆیەوە هاشمیان شانازی بەوەوە دەکرد، چاوە کوێرەکەی مەلا عومەری مێشك پوتی سەرکردەی تاڵیبانی ماچکردبوو. پێموت ئەگەر بەڕاستی بێت، ئەوا دەمولێوی بەماچکردنی ئەو تاوانکارە پیسکردووە. ئەم قسەیە حەوسەڵەی نەهێشت و لەژوورەکە رۆیشتە دەرەوە. زۆربەی ئەو ئەفغانیانەی ئامادەبوون دەستخۆشیان لێکردم لەوەی چیم بەو بەناو رۆشنبیرانە دەوت، کاتێك بەرگرییان لە تاڵیبان دەکرد.

نەمتوانیوە هەموو بانگهێشتەکان، بۆ سەردانی وڵاتانی دەرەوە پەسەندبکەم. ساڵی 2006، زۆر سەربەرز بووم بەوەرگرتنی خەڵاتی گوانژوی کۆریای باشور بۆ مافەکانی مرۆڤ. ئەو خەڵاتە لەلایەن دامەزراوەی (18ی مایسەوە) لەساڵیادی راپەڕینەکەی گوانژو-ی ساڵی 1980دا بەخشرایە من. خەڵکێکی زۆری کۆری لەو راپەڕینە گەورەداو لەپێناوی دیموکراسی گیانیان لەدەستدا، بەڵام خەڵکی گوانژو جۆشوخرۆشی کەسانی ناوچەکانی تری کۆریای باشوریاندا، تا خەبات بۆ دیموکراسی بکەن، کە لەو کاتەدا دیکتاتۆریەتی سەربازیی فەرمانڕەوایی دەکرد. لەم سەردەمەدا بڕوام وایە هێشتا پێویستمان بەکەسانی زیاتری هاوشێوەی خەڵکی گوانژو هەیە. نەمتوانی ئامادەی رێوڕەسمی خەڵاتەکەبم، چونکە دەبوایە لەشوێنێکی دیکەبم، لەبەرئەوە یەکێك لەهاوڕێکانم رۆیشت و لەبری من خەڵاتەکەی وەرگرت. پەیامێکی ڤیدیۆیم نارد و لەبۆنەکەدا پیشاندرا:

«ئەم خەڵاتە مانایەکی زۆر تایبەتی بەلامەوە هەیە، دەمبەستێتەوە بەلاپەڕەیەکی مێژووی درەوشاوەی گەلی کۆریاوە بۆ سەربەستی، دیموکراسی و دادپەروەری، هەروەها گرێمدەدات بە راپەڕینی 18ی مایسی گوانژو، کە هەمیشە سەرچاوەی بەخشینی گوڕوتین و وزەیە پێم. بە پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتە هانمدەدەن هاوشێوەی گەلی ئازادیخوازی کۆریا لە گوانژو، بەگیانی

بوێرو نەپساوەوە دژی دوژمنانی مرۆڤایەتی لەوڵاتە چارە رەشەکەمدا بجەنگم. ئەم خەڵاتە دەمبەستێتەوە بەگیانی قوربانیانی 18ی مایسەوە، ئەوان جەربەزانە دژی دوژمنە تاوانکارەکان جەنگان تا دیموکراسی بنیادبنێن.

هەنوکە ئەفغانستان لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادا خاکێکی پڕ تراژیدیایە. ئێمەش پێویستمان بە 18ی مایسە لە وڵاتەکەماندا، گەلی بێوێنەی کۆریا نمونەیەکی درەوشاوەن بۆ ئەوانەی، تامەزرۆی دیموکراسی و ئازادی راستینەن».

لەهەموو گەشتەکانمدا تەنها لەچەند بۆنەیەکی کەمدا، وەزیرە باڵاکانی حکومەتی وڵاتانی رۆژئاوا، ئامادەی وتارەکانم بوون. زۆربەی کات بەرپرسە حکومییەکان، هیچ تێبینیو سەرنجێکیان بۆ رەخنەکانم نەبووە، لەبارەی کارو سیاسەتی وڵاتەکانیان لە ئەفغانستاندا. هەستدەکەم کەمێك لەو دیدارو کۆبونەوانەی ئەنجاممداون، تەنها بەفیڕۆدانی کات بووە. هەندێك لەوەزیرەکان بەرێزەوە گوێیان بۆ گرتوم، تەنانەت ئامادەیی یارمەتیدانیشیان تێدابووە، بەڵام هیچ کات هیوام بەمجۆرە گفتوگۆیانە نەبووە. جارێك چاوم بە ماسیمۆ دالیما وەزیری حکومەتی ئیتالیا کەوت، لەماوەی چەند خولەکێکدا بۆمدەرکەوت، هیچ هەنگاوێك نانێت بۆ هاوکاریکردنی گەلی ئەفغانستان. ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەنوسان لەدەرەوە چاوەڕێیان دەکرد و پرسیاری چۆنییەتی بەڕێوەچونی کۆبونەوەکەیان لێکردم. وەڵامی منیش کورتو پوخت بوو «بێ ئومێدم». هەموویان وەڵامەکەیان بەدڵ بوو، رۆژی دواتر لەیەکێك لەرۆژنامە ئیتالیەکان بەسەردێڕێکی گەورە نوسرابوو «جۆیا بێ ئومێد دەبێت، دوای ئەوەی چاوی بە دالیما دەکەوێت».

هاوڕێیانم لە ئیتاڵیا زۆر بۆنەیان بۆ رێکخستوم، تێیاندا رەگەزنامەی فەخری و خەڵاتم لەچەند ئاستێکی حکومیو رێکخراوە NGOکانی ئەو وڵاتەوە پێبەخشرا. ئەمەش ئاماژەیەکی روونی زۆرێك لەپشتیوانکارە دڵسۆزە ئەفغانییەکان بوو لە ئیتاڵیا، بەڵام پێموایە گۆڕینی دیدو بۆچونی وەزیرەکانی

هاوشێوەی دالیما ئێجگار مەحاڵەو ئەوکارە بێشك بەمن ناکرێت، چونکە وادیارە ئاڕاستەی سیاسیان بەرامبەر ئەفغانستان لەحکومەتەکەی واشنتۆن دی-سی-ەوە وەردەگرن.

سەرەڕای رەخنە توندەکانم لەحکومەتی ئەمەریکا، لەچەند بۆنەیەکدا توانیومە سەردانی ولایەتە یەکگرتوەکان بکەم و چاوم بەچەند کەسێکی ئاشتیخواز بکەویت. سوپاسی ئەرك‌و ماندوبونی هاوڕێیانم سۆنالی کۆڵهەتکار، جەیمس ئینگالس، بریانا لۆری و چالاکوانەکانی دیکەش دەکەم، بە هۆی ئەوانەوە توانیم لەساڵی 2006 گەشتێکی وتارخوێندنەوە بەنێو ولایەتەکاندا بکەم و سەردانی چەندین شار بکەم، لەو کاتەوە چەند جارێکی دی سەردانم کردوەتەوە. بۆ نمونە ئـازاری 2008 لە لۆس ئەنجلوس وتارێکم پێشکەش بەگردبونەوەیەکی چەند هەزار کەسی چالاکوانی دژە جەنگ کرد.

لەماوەی گەشتەکاندا بۆ ولایەتە یەکگرتووەکان چاوم بەهەندێك سەرباز کـەوت، سەر بە «سەربازانی پێشووی دژە جەنگ لە عێراق» *(IVAW) بوون، کاریگەری پرۆگرامی(Winter Soldier program for Vietnam *(War veterans یان لەسەر بوو بۆ دامەزراندنی (Winter Soldier: Iraq & Afghanistan). ئەمە دەرفەتێك بوو بۆ ئەو سەربازە دێرینانەی، کە لەو داگیرکارییانەدا خزمەتیان کردبوو بۆ پێدانی هەژمارێکی ورد لەمەڕ ئەوەی لەڕاستیدا چی روودەدات. هەندێك لە گەواهیدانەکانیانم بینی ئێجگار ترسناکن، ئازایەتیان بەرز دەنرخێنم لەهەڵماڵینی ئەو تاوانانەی لەلایەن ئەمەریکاوە لە عێراق و ئەفغانستان ئەنجامدراون.

کێلی دۆتێری، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری (IVAW) رایگەیاند، «بڕوامان وایە تاکە رێگە بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو جەنگە ئەوەیە، گەلی ئەمەریکی بەڕاستی تێبگەن لەوەی بە ناوی ئەوانەوە چیمان ئەنجامداوە».

دڵنیام زۆرینەی ئەو سەربازە ئەمەریکی و هاوپەیمانانەی لە عێراق و

ئەفغانستان جێگیرکراون سەر بە چینی بەشخوراوی کۆمەڵگەکەیانن. لەپێناو پەیداکردنی بژێوی ژیان چونەتە ئەو وڵاتانە، یاخود لەلایەن حکومەتەوە فریودراون بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی ساختەکارانە. ئەوانیش بەهەمانشێوە قوربانی سیاسەتە هەڵەکانی حکومەتەکەیانن، کاتێکیش لەگۆڕەپانی جەنگدا دەکوژرێن، حکومەتەکەیان بکوژی راستینەی ئەوانە. بەرزبوونەوەی رێژەی خۆکوشتنو توشبوون بە فشاری دەرونی لەنێو ئەم سەربازانەدا نیشانیدەدات، کە چەند بێزارن لەو دۆخەی وا بە زۆر خراونەتە نێو جەنگی بەناو تیرۆرەوە.

هەستدەکەم جیاواز لەحکومەتی ئەمەریکا، هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە زلهێزە میهرەبان و بەخشندەن، سۆزێکی زۆریان بۆ ژنانی ئەفغانی هەیە. دەربڕینی پشتیوانیو هاوکارییان گەلێ سەرسامی کردوم، هەرکات راستییان بۆ دەرکەوت، ئیدی دەیانەوێت یارمەتی خۆیان پێشکەش بکەن. لە بۆستن چیرۆکی دوو ژنی بێوێنەم بۆدەرکەوت: سوسان رێتیك و پاتی کویگلی، لەهێرشە تیرۆریستییەکەی 11ی سێپتێمبەردا هاوسەرەکانیان لەدەستدابوو. ئەم بێوەژنانە ژیانی خۆیان تەرخانکردووە بۆ هاوکاریکردنی ئەو بێوەژنانەی لەجەنگی ئەفغانستاندا هاوسەرەکانیان لەدەستدابوو. ئەمە نمونەیەکی بێهاوتای بەرجەستەکردنی گیانی هاوکاریی مرۆڤایەتییە، لای خۆمەوە بەو کارەیان زۆر کاریگەرم.

هەروەها لە ئەمەریکا بۆ دەرکەوت، کە راگەیاندن رۆڵێکی زۆر نەرێنی دەگێڕێت، خەڵك بێئاگا دەکەن لەو رووداوانەی لەبەشەکانی دیکەی جیهاندا رودەدەن، بە تایبەت لە ئەفغانستان. بۆم روونبوویەوە، کە ئەو راستیو دروستیانەی باسمدەکردن لای ئامادەبووان تازەبوون، هاوکات ئەوان دەربارەی زۆرێك لەڕوداوەکان وێنەیەکی تەواو جیاوازی ئەفغانستانیان خرابووە پێشدەم. پێمڕاگەیاندن کە بۆ گەیشتن بە راستییەکان پێویستە راگەیاندنە گشتییەکان قسەی بریقەداری سەرکردەکانیان تێبپەڕێنن.

زۆیا، وتەبێژی ڕێکخراوی (RAWA)، بەهەمانشێوە لەسەرانسەری جیهاندا ڕاستییەکان لەسەر ئەفغانستان بە گوێی بیسەرانیدا دەدا. لە نیویۆرك سیتی لەدەرفەتێکدا چاوم بە زۆیا کەوت، دواتر جارێکی دی لەمەراسیمێکدا لە ئیتالیا یەکترمان بینییەوە. تێڕوانینێکی گەورەم بۆ زۆیا هەبوو. زۆر دیدو بۆچونی هاوبەشمان هەیە، چەند بیرۆکەیەکی باشی پێدام بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خوێندن لەفەرەح. زۆیا هاوشێوەی زۆرێك لەنوێنەرەکانی (RAWA) ، خانمێکی گەنجە. هەمووان ناوی خوازراویان هەیە، تەنانەت ئەو کاتانەشی لەدەرەوەی وڵاتن خۆیان لەوێنەگرتن بەدووردەگرن، لەپێناو پاراستنی سەلامەتییان لە ئەفغانستانو پاکستان. ئەو ڕاستییەی وای لە (RAWA) کردووە، هێشتا وا پێویست بکات وەك ڕێکخراوێکی ژێرزەمینی کاربکات، بێشك نیشانەیەکی ئاشکرای ئەوەیە، کە دیموکراسی ڕاستینە هێشتا لە ئەفغانستان سەریهەڵنەداوە، هەرچەندە تاکە ئامانجی ڕێکخراوەکە باشترکردنی مافەکانی ژنان و بەشداریکردنیانە لەکۆمەڵگەدا.

لەمانگەکانی دوای تراژیدیای 11ی سێپتێمبەردا جیهان بە (RAWA) ئاشنابوو، کاتێك ئەندامەکانی بەپەنهانی ڤیدیۆی ئەو لەسێدارەدانانەیان گرتبوو، کە لەیاریگای غازی کابول ئەنجامدرابوونو لەمیدیا نێودەوڵەتیەکانیدا بەبەردەوامی لێدەدرانەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ کارەکانی (RAWA) بەدەگمەن لەدەرەوە قسەیان لەبارەوە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامییان نمونەیەکی باشە بۆ خەڵکی شوێنەکانی دی. ئەمەش سەلمێنەری ئەو وتەیە، کە دەڵێت ناتوانیت بیرۆکە بکوژیت، لەبەرئەوەی لەکارکردن نەوەستاون، تەنانەت دوای ئەوەی خاتوو مینای دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە لەساڵی 1987دا کوژرا.

هەموو یادەوەرییەکانم لەمەڕ ولایەتە یەکگرتووەکان ئەرێنی نین. لەگەشتی ساڵی 2006دا کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ خاتوو شارلۆت پۆنتیسەلی ئەنجامدا، ناوبراو ڕێکخەری باڵای پرسی نێودەوڵەتی ژنانە لەوەزارەتی دەرەوەدا. وەختێك پێمنایە ئۆفیسەکەی، یەکەم شت هاتە بەرچاوم وێنەیەکی ئەحمەد شا مەسعودو عەبدوڵا

عەبدوڵا بوو بەدیوارەکەوە، لەبەرئەوە سەرسام نەبووم بەوەی گفتوگۆکانمان چۆن دەچێتە پێش. ئەو دەمەی هەوڵمدەدا باسی ئەو نەهامەتیانە بکەم، کە بە هۆی داگیرکاری ئەمەریکاوە وڵاتەکەمانی کاولکردبوو، پۆنتیسەلی بەردەوام قسەکانی پێدەبڕیم، پاکانەی بۆ کردەوەکانی حکومەتەکەی دەکرد. تکام لێکرد ڕێگەم بدات قسەکانم تەواوبکەم: «ئێرە پەرلەمانی ئەفغانستان نییە ، ئەگەر دەڵێیت لێرە دیموکراسیتان هەیە، هیچ نەبێت ڕێگەم پێبدە قسەکانم تەواوبکەم»، بەڵام ئەو بەردەوام قسەکانی پێدەبڕیم، تەنانەت وتی ئەگەر ئەو دایکە ئەمەریکیانەی کوڕەکانیان لە ئەفغانستان لەدەستداوە، بزانن چی دەڵێیت، ئەوا هەرگیز لێت خۆش نابن. لەبەرانبەردا منیش وێنەی دایکی سەربازێکی دژە جەنگم پیشاندا، کە خۆم بینیبوم، بۆم ڕونکردەوە، کە بە گوزەری زەمەن گەلی ئەمەریکا لەوە تێدەگات حکومەتەکەیان فریوداون.

وتم، «هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت ڕاستی بشارێتەوە».

دوای ئەو کۆبوونەوە ناسازە هەندێك لەپشتیوانکارە ئەمریکیەکانم بەگاڵتەوە دەیانوت، کە بە هۆی ڕەخنەکانمەوە پۆنتیسەلی شەو خەوی لێناکەوێت. لەڕاستیدا سەرم سوڕنەما، کە کۆبوونەوەکە بەمشێوەیە کۆتایی پێهات، دەی دەبێت چاوەڕێی چیتر لەبەرپرسێکی باڵای ئەو ئیدارەیە بکەین؟

خۆشبەختانە لەزۆرینەی ئەو کۆبوونەوە گشتیانەی لە ئەمەریکا ئەنجاممدان، پەیامەکەم بەشێوەیەك پێشوازی لێکرا کە تەواو پێچەوانەی پێشوازیلێکردنی وەزارەتـی دەرەوە بوو. جارێك سەردەستەی میلیشیاکان توانیان لە فریمۆنتی کالیفۆرنیا خۆیان بگەیەننە بۆنەیەك و تێکی بدەن. کاتێك لەکۆڕبەندێکدا قسەمدەکرد، لایەنگرەکانی پارتی جەماعەتی ئیسلامی ڕەببانی ئوسوڵگەرا کۆڕەکەیان تێکدا. وەختێك دەستمکرد بەوتەکانم، هەستانە سەرپێ و لەدژی من دروشمیان دەوتەوە، لافیتەیان بەرزکردەوە تێیدا نوسرابوو «بڕوخێ جۆیا»، «جۆیا بەکرێگیراوێکی ISI یە!».

لایەنگرەکانم کەوتنەخۆ و پێیانوابوو مانەوەم لەو شوێنەدا زۆر مەترسیدارە، داوایانکرد بمبەنە دەرەوە، بەڵام من رەتمکردەوە. لەبری ئەوە داوام لەکەسە ناڕازییەکان کرد، لافەیتەکانیان لەڕیزی دواوە بهێنە پێشەوە بۆ سەر سەکۆکە.

پێموتن، «لەهەڕەشەکانتان ناترسم، هەروەك لە گەورەکانتان ناترسم، کە لە ئەفغانستان چەك بەدەستن و دەیانەوێت لەوێ بێدەنگم بکەن».

لەگەڵ دەستکردنەوەم بە وتەکانم زۆری ئامادەبووان خۆشحاڵ بوون و چەپڵەیان بۆ لێدام. کەسێك پەیوەندی بە پۆلیسەوە کرد، لەوکاتەی یەکێك لەئوسوڵگەراکان هاتە سەر سەکۆکە و دەیویست بێتە سەر مایکرۆفۆنەکە دوو پۆلیس گەیشتنەجێ. دوای ئەوەی مەراسیمەکە کۆتایی هات، رێکخەرانی مەراسیمەکەو هەندێك لەلایەنگرانم باوەشیان پێداکردمو پێیانوتم ئێستا لەو مەترسی، ئاستەنگ و تەگەرانە تێگەیشتین کە لەهەوڵ و تێکۆشانەکانمدا رووبەڕوم بوونەتەوە.

رۆژی دواتر ماڵپەڕە هاودەمەکانی سەردەستەی میلیشیاکان، تەنانەت ماڵپەڕی پەیامی موجاهیدیش، کە ئۆرگانی سەرەکی جەماعەتی ئیسلامیە لە کابول، چەند وتارێکیان لەدژم بڵاوکردەوە، درۆی بێبنەمایان بۆ هەڵبەستبووم، نوسیبوویان گوایە لەوکاتەی «موجاهیدەکان» هێرشیان کردوتە سەرم، من هەڵهاتووم. دواتر هەندێك لەو ئەفغانیانەی لەو روداوەدا ئامادەبوون چەند وتارێکیان نوسی بۆ بەدرۆخستنەوەیان.

شتێکی سەیر نییە ئەوانەی پەیوەندییان بە گروپە ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان، یان ئەفغانییەکانی ترەوە هەیە لەکاتی بەستنی کۆبونەوەکاندا لەڕۆژئاوا دژم بوەستنەوە و بەرهەڵستی بانگەشەکانم بکەن، دەربارەی رەوشی نالەباری کاروباری ئەفغانستان. ئەوان مشتومڕی ئەوە دەکەن، کە جەنگ زۆر شتی باشکردوە، منیش زۆر رەخنەگرانە مامەڵە دەکەم. کاتێك گوێبیستی ئەم قسانە دەبم پێیاندەڵێم، «باشە ئەگەر هەموو شتێك لە ئەفغانستان زۆر باشە بۆچی لەگەڵ مندا ناگەڕێنەوە؟» لێ ئەوان هیچکات وەڵامێکیان پێ نییە.

مانگی تشرینی یەکەمی 2007، بانگێشتکرام بۆ کۆنفرانسێك لە واشنتۆن دی سی، لەلایەن سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتییەوە رێکخرابوو. پێموابوو کۆڕبەندێکی گەورە دەبێت بۆ دەبڕینی دیدو بۆچونەکانم، بەڵام کاتێك گەیشتمەجێ، پێمڕاگەیەنرا لەهیچ بابەتێکدا ناوی من لەنێو قسەکەراندا دانەنراوە. کۆنفرانسەکە سەرشاربوو بە چاودێرو کەسانی شیکەرەوە، پتر لەبەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا قسەیان دەکـرد، پێموایە لەبەرئەوە بانگێشتکرابووم، کە بڵێن ئەندام پەرلەمانێکی ژنی ئەفغانیش لەو کۆنفرانسە بەشدارە. کاتێك لەکۆنفرانسەکەدا قسەم لەگەڵ خەڵك دەکرد، کەس تێنەدەگەیشت بۆچی من بانگێشتکرابوومو کاتی قسەکردنم بۆ دانەنرابوو. لەم کۆبونەوەیەدا هەرچۆنێك بێت توانیم رێگەیەك بدۆزمەوە تا پەیامەکەم ببیسترێت. لەماوەی گفتوگۆکاندا لەمایکرۆفۆنی ناو ئامادەبووانەوە، بۆماوەی پێنج خولەك قسەمکرد. وتاربێژی ناو دەستەی سەر سەکۆکە، سەر بە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بوو، رایگەیاند کاتی ئەوەی نییە، باس لەو خاڵانە بکات خستمە پێش چاویان. دوای ئەو کارەم، رێکخەرانی کۆنفراسەکە لەگەڵمدا سارد بوون و لەو دەمەی لەوێ مامەوە هیچ چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ راگەیاندنەکان بۆ رێکنەخستم، بەڵام دواتر هەندێك لەبەشداربووەکان هاتنەلام و پێیانوتم سەرنجو بۆچونەکانیان زۆر بەدڵ بووەو دەبوایەیە من یەکێك بام لەقسەکەرە سەرەکیەکانی نێو کۆنفرانسەکە.

بەڵام ئەمجۆرە بەسەرهاتە شتێکی جیابوو، سەبارەت بە ئەزمونەکانی ترم لەو وڵاتانەدا نازانم بە چ زمانێك سوپاسی خۆم دەربڕم و چۆن گوزارشت لە پشتیوانی گەرموگوڕیان بکەم. بڕواموایە گرنگ نییە لە چ بەشێکی جیهاندا خۆمان دەدۆزینـەوە، چونکە گەر بیروڕامان هاوبەش بێت و لەخەباتی بەردەوامدابین بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، ئەوا بەشێوەیەکی بەهێز پێکەوە گرێ دەدرێینەوە.

بەداخەوە، هەندێك لەو وڵاتانەی گەلەکەیان زۆر میهرەبان مامەڵەیان دەکردم، داڵدەی ئەو پیاوانەیان داوە، کە بە بڕوای من دوژمنی سەرسەختی گەلی ئەفغانستانن.

لەمیانەی گەشتەکەمدا بۆ ولایەتە یەکگرتووەکان لەساڵی 2006دا، لەزانکۆی یەیڵ (Yale) وتارێکم پێشکەشکرد، ئاماژەم بۆ نمونەیەکی بەرچاوی دوڕوویی ئەمەریکا کرد لە «جەنگی دژە تیرۆردا». کاتی خۆی سەید رەحمەتوڵا هاشمی، وتەبێژێکی باڵای تاڵیبان و نوێنەری وەزارەتی دەرەوە بوو. هەرچۆنێکبێت دوای 11ی سێپتێمبەر هەلێکی تایبەتی خوێندنی لەزانکۆی یەیڵ پێبەخشرا. لەکاتی قسەکردنمدا رامگەیاند، کە ئەوە کارێکی قێزەونە و سوکایەتی کردنێکی لەیادنەچوە، کە هاشمی لەو زانکۆ بەناوبانگ و پلەبەرزەدا دەخوێنێت. وێنەیەکیم بەڕیشەوە بەرزکردەوە وەك تاڵیبان و لەگەڵ وێنەیەکی تری بێڕیشی وەك خوێندکارێکی یەیڵو پرسیارێکم کرد، «ئایا ئەمە دیموکراسییە؟» ئەگەر جەنگەکە دەربارەی «بەگژداچونەوەی تیرۆریزمە بۆچی ئەم هاشمیە لەدورگەی گوانتانامۆ نییە؟» هەڵبەتە دەشێت هەمان پرسیار لەبارەی ژمارەیەك ئەندام پەرلەمانی ئەفغانستانیشەوە بکەین.

کەسانی ئەفغانی وەها لەوڵاتانی دەرەوەدا دەژین، کە من لەو بڕوایەدام چێژو خۆشی لەمیوانداریێتی ئەو وڵاتە بیانیانە وەرناگرن، بۆ نمونە ژمارەیەکی زۆر داردەستی سۆڤیەتی پێشوو، کە رۆڵێکی سەرەکییان لەکوشتنی هاووڵاتیانی ئەفغانیدا هەبوو، بەسەربەستی لەنێوان وڵاتە ئەوروپیەکان، ئەمەریکاو کەنەداو شوێنەکانی تریشدا هاتوچۆ دەکەن. بۆ نمونە غوڵام دەستەگیر پانجشیری، ئەندامێکی سەرەکی پارتێکی دروستکراوی سۆڤیەت بوو لە ئەفغانستان بەناوی (PDPA)، لەئێستادا لە واشنتۆن دەژیو بابەتی پشتگیری لە سەردەستەی میلیشیاکان بۆ ماڵپەڕی توندڕەوەکان دەنوسێت.

لەماڵپەڕە ئوسوڵگەراو توندڕەوەکاندا بەدەیان بابەت بەرچاودەکەون، کە

دژی من نوسراون و تێیاندا پەنجەی تاوانم بۆ درێژکراوە، وەك بەکرێگیراوێکی بێگانە ئاماژەم بۆ کراوە. هەندێك لەبانگەشەکانیان زۆر بێمانان، دەیانوت لە 14ی شوباتدا بۆیە دەچمە دەرەوەی وڵات، چونکە رۆژی ڤالانتاینە و گوایە دەمەوێت لەو رۆژەدا لەگەڵ کەسانی تردا ئاوێزان بم، تەنانەت لەماڵپەڕەکەیاندا وێنەیەکی ساختەی منیان لەگەڵ پیاوێکدا بڵاودەکردەوە.

کاتێك لە فینلەندا بووم لایەنگرەکانم وادەیەکیان لەگەڵ ئەندام پەرلەمانە پێشکەوتوخوازەکانی ئەو وڵاتە بۆ رێکخستم. خانمە پەرلەمانتارێکی ئەوروپی فینلەندا لەکۆبونەوەکەدا ناوی پارتەکەمی لێپرسیم. منیش پێموت پارتەکەم ناوی نییە، بەڵام پارتێکی بەهێزەو ئەندامەکانی خەڵکی بێدەرەتانو پێپەتیو برسی وڵاتەکەمن، بە واتایەکی دی ئەوان کەسانی ئاسایی ئەفغانستانن. باسی ئەوەشمکرد ئەوان دڵسۆزترین کەسی منو هەرگیز دەستبەردارم نەبوون. ئەمڕۆ کە دەژیمو هەناسە دەدەم لەبەر پشتیوانی ئەم پارتە بەهێزەیە، کە لەئێستادا دەسەڵاتی بەدەست نییە.

لە شوباتی ساڵی 2008دا توانیم جارێکی تر سەردانی ئەڵمانیا بکەم،بە مەبەستی وەرگرتنی خەڵاتی نێودەوڵەتی فیلمی مافی مرۆڤ لەلایەن سینەمای ئاشتییەوە لەڤیستیڤاڵی فیلمی بەرلیندا، لەبەرامبەر ئەو رۆڵەی لەفیلمی دیکۆمێنتاری (دوژمنانی بەختەوەری)دا بینیم. ئەفغانییەکی خرۆشاو پێیوتم وای پێباشە بەبورکاوە بچمە سەر سەکۆکە و پێش ئەوەی دەست بەقسەکردن بکەم، بورکاکەم دابنێم، بەڵام من پێمباش بوو هێندە لەبەرچاو دەرنەکەوم. هەروەها نەمدەویست لەڕۆژئاوادا ئەو بۆچونە زاڵببێت، کە بورکا گەورەترین یان تاکە کێشەیە ژنان روبەڕووی دەبنەوە. بابەتی بورکا بەپلەی دووەم دێت لەچاو نەبوونی ئاسایش و سیستمێکی دادپەروەر، کە ژنان لە لاقەکردن بپارێزێت لەلایەك و نەبوونی دامەزراندن، خۆراك و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لەلایەکی دیکەوە.

لە ڤیستیڤاڵەکەدا چەند دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت، تا بە کورتی قسە لەگەڵ ئەم کەسانەدا بکەم: ئەکتەری فەرەنسی کاسرین دێنیوڤ، گاری کاسپارۆڤ سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی روسیو پاڵەوانی پێشوی جیهانیی شەترەنج (1-9852000)، واریس دیری نمایشکارێکی جلوبەرگی سۆماڵیو باڵیۆزی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆب گێلدۆف چالاکوانی سیاسی، ئەکتەرو ژەنیاری ئیرلەندی، هەروەها چەندینی تر. جارێکی تر هەستمکرد، گرنگە ئەو کاتەی لەبەردەستم بوو لەدوانگەکە بەکاربیهێنم بۆ گەیاندنی پەیامێکی رەخنەئامێز لەبارەی رەوشی راستەقینەی ئەفغانستانەوە. ئەمەش بەشێکە لەو وتارەی پێشکەش بەئامادەبووانم کرد لە بەرلین.

«هەرچەند دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەم هەموو رێگایەکیان گرتەبەر، تا رێگریم لێبکەن ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەدا کۆببمەوە، بەڵام من لێرەمو ئێستا ئەم خەڵاتە لەبری ژنانی ستەمدیدەی ئەفغانستان وەردەگرم مرۆڤگەلێك، کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵنەکەوتووە خۆیان بێنەگۆ، گەرچی ئەوان قارەمانن و بۆ مافەکانی خۆیان دەجەنگن. ئێوە ئەم خەڵاتە دەبەخشنە کچی وڵاتێك، کە ماوەی حەوت ساڵ لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانییەوە بەناوی هێنانی دیموکراسی، ئاشتی و مافەکانی مرۆڤەوە بۆردومانکراوە، بەڵام ئەمڕۆ کە لەساڵی 200-1داین ئێمە زۆر لەم بەهاو پێداویستییە مرۆییە گرنگانەوە دورین.

ئەم خەڵاتە پێشکەشی گەلە فریودراوەکەم دەکەم، هەروەك بەهیچ شێوەیەك سەربەستیان نییە.... دەمەوێت بە هەموو بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤی رابگەیەنم، کە ئەفغانستانی داگیرکراوی بندەستی ئەمەریکا، هێشتا دۆزەخێکی کلێپەدارە و مەیدانی گاڵتەجاڕیی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤە. بەوپەڕی داخەوە ئەمڕۆ سەرسەختترین دوژمنانی ئەم بەهایانە رێسادانەری وڵاتەکەمن».

هەروەها رونمکردەوە، کە ئەم خەڵاتەو سەرجەم خەڵاتەکانی دیکەش

جۆشوخرۆشم زیاتر دەکەن، بۆئەوەی بەردەوام بم لەگەیاندنی وتەکانم، تا تاوانکارانی جەنگی ئەفغانستان دادگایی دەکرێنو دیموکراسییەکی عەلمانی دادەمەزرێت. لەڕاستیدا هەموو ئەو ڕێزلێنانەی بەمن گەیشتووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی عەودالّی ئازادی و ئاشتین لە ئەفغانستانی خوێناویماندا. وەك پێشتر باسمکرد، خۆزگەی من ئەوەیە، هەموو ئەو گرنگیو بایەخەی لەم بۆنانەدا ئاڕاستەم کراوە، بەهەمانشێوە ئاڕاستەی منداڵە بێباوك و بێوەژنە داماوەکانی وڵاتەکەشم بکرێت.

تشرینی یەکەمی 2008، بۆ یەکەمینجار سەردانی شانشینی یەکگرتوم کرد، بۆ وەرگرتنی خەڵاتی پۆلیتکۆڤسکیا، لەلایەن گروپی «گەیشتن بە هەموو ژنانی جەنگ»-ەوە دابەشدەکرا.

وەرگرتنی ئەم خەڵاتە شەرەفێکی گەورە بوو، لەبەرئەوەی دەمبەستێتەوە بەیادەوەری ژنێکی بێوێنەوە، کە ژیانی خۆی کردە قوربانی بۆ گەیاندنی ڕاستییەکان، هەوڵو تێکۆشانی بۆ دادپــەروەری و یەکسانی نەپساوەبوو. پۆلیتکۆڤسکیا ڕۆژنامەنوسێکی روسی بوو، دوای ئەوەی کتێبێکی بڵاوکردەوە لەسەر شەڕی شیشان، لەسەردەمی سەرۆکایەتی ڤلادیمر پۆتیندا لەبۆسەیەکدا کوژرا. دوا بەرهەمی کتێبەکانی بریتین لە: بیرەوەری روسییەك، دوا هەژماری ژیانی ڕۆژنامەنوسێك، گەندەڵی، مەرگ لەسای روسیای پۆتیندا، ئەمەی دواییان پاش مەرگی نوسەر بڵاوکرایەوە. ئەو ژنێك بوو پیشەکەی بۆ شەرمەزارکردنی ئەو زوڵمو زۆرانە بەکارهێنا، کە لە جەنگی روسیادا دژی شیشان رویاندابوو، لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەی توندی لەگەندەڵیەکانی حکومەت دەگرت. کۆڵنەدەریی، قارەمانێتی و خۆتەرخانکردنی ئەم نوسەرە بۆ دادپــەروەری گوڕوتینم پێدەبەخشێت.

دوای وەرگرتنی ئەم خەڵاتە لە لەندەن، شەش خانمی وەرگری خەڵاتی نۆبڵ، پێکهاتبوون لە شیرین ئابادی، جۆدی ویلیامس، وانگاری ماتای، ریگۆبێرتا

مێنشو توم، بێتی ویلیامسو مەیرێد ماگوێر پێکەوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە: «سوپاسی پێدانی ئەم خەڵاتە دەکەینو داوای گەڕانەوەی جۆیا دەکەین بۆ ناو پەرلەمانی نیشتمانی ئەفغانستان.... هاوشێوەی ئۆنگ سان سوکی خوشکمان، جۆیاش نمونەیەکی جوانە بۆ ژنانی هەموو شوێنێك، کە لەهەوڵو تێکۆشاندان تا دادپەروەری و یەکسانی زیاتر لەجیهاندا بەدی بهێنن».

گوێی کەڕی حکومەتی ئەفغانستان نە دەنگی ئەم ژنە تایبەتانە نە سەدای هەموو ئەوانی تریشی نەبیستووە. لەهەمانکاتدا حکومەتەکەی کارزای لەنزیکەوە سەرنجی خستبووە سەر ئەو پەیامانەی لەمیانەی گەشتەکانمدا بۆ دەرەوەی وڵات بەجیهانم رادەگەیاندن.

مانگی ئابی 2008، نوێنەرانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی رۆژئاوای ئەفغانستان لە کابول کۆبوونەوە بۆ بەستنی سیمینارێك دەربارەی پرسی ئاسایشو پرسەکانی ژنان. ئەو سیمینارە کۆبوونەوەیەکی گرنگ بوو، کارزای ئامادەی سیمینارەکە بوو.

یەکێك لە وتەبێژەکان بەڵقیس رۆشان، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای فەرەح بوو. پێش ئەوەی قسەبکات، پێیوتم غوڵام جێلانی پۆپاڵ، بەڕێوەبەری گشتی (بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی ئیدارەی لۆکاڵی ئەفغانستان) داوای لێکردوە وتاری توندوتیژ و رەق نەدات. سیبغەتوڵا سانجار سەرۆکی کاروباری کۆشکی سەرۆکایەتی کارزای داوای لێکردوە کۆپیەکی وتارەکەی بداتە دەست، تا دڵنیابێت لەوەی ناڕەزایی لێناکەوێتەوە. ئەویش پێیوتبوون نیگەران نەبن، بەشێوەی نوسراو وتارەکەی پێنییە، بەڵکو بەبێ خوێندنەوە قسە دەکاتو لەوتارەکەشدا توند ناڕوات.

سەرەڕای ئەم فشارانە، رۆشان ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ سەرکۆنەکردنی بێدەنگیی کارزای، دەربارەی دەرکردنم لەپەرلەمان. بەسەرۆکی وت، «گەلی فەرەح پێیانوایە لەو کاتەوەی مەلالای جۆیا رەخنەی لەتۆو حکومەتەکەت گرتووە تۆ وەك

مەسەلەیەکی تایبەت بەخۆت مامەڵەت لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردوە». ئەم وتانە کارزای پەستکرد، ئەویش لای خۆیەوە زۆری سیمینارەکەی لەسەر لەکارخستنی مەلالای جۆیا بەسەربرد، گەرچی دەبوایەیە لەسەر کێشەی ئاسایشی پارێزگاکانی رۆژئاوا بێت. وتی، «جۆیا دەناسم، ئەو کچێکی زۆر نەبەردە. لە لۆیا جێرگادا پشتگیری قسەکانیم کرد، هەرگیز دژی هیچ کام لەچالاکییەکانی نەبووم، تەنانەت هیچ شتێکم نەوت کاتێك سەرزەنشتی کەسایەتییە گەورەکانی وەك ئیسماعیل خانی کرد». چاوی خستەسەر خان، کە لەسیمینارەکەدا ئامادە بوو.

وتی، «خان، مەگەر وا نییە؟ چەند جار سوکایەتی پێکردویت؟ پەرلەمان بەدەنگی شەش ملیۆن کەس دروستبوو، لەگەڵ ئەوەشدا سوکایەتی بەپەرلەمان کرد. چاوپۆشی لەمە ناکرێت، بەڵام کاتێك دەڕوات بۆ وڵاتانی دەرەوەو دەڵێت نابێت هاوکاری حکومەتی ئەفغانستان بکەن، ئەمە بەو مانایە دێت، کە نابێت هاوکاری گەلی ئەفغانستان بکەن. ئەمە جێگەی قبوڵ نییەو لەبەر ئەم هۆکارەش، چیتر پشتگیری لە جۆیا ناکەم».

لەقسەکانی بــەردەوام بوو، «ئەگەر ئاوها بەناشیرینی سەبارەت بە ئیسماعیل خان قسەبکات، ئەوا دەتوانێت تەنانەت لەڕووی خۆمدا هەمان شتیش دەربــارەی من بکات. بەلامەوە گرنگ نییە، ئەگەر وەك بابەتێکی ناوخۆیی باس لەم کێشانە بکرێت، بەڵام دەبێت لەچوارچێوەی ئەفغانستاندا چارەسەر بکرێن و نابێت جۆیا سنور تێپەڕێنێت و لەگەشتەکانی بۆ دەرەوەی وڵات باس لەم پرسانە بکات».

دواتر وتی، «ئەگەر جۆیا داوای لێبوردن لەنوێنەرانی گەل بکات و دەستی ئیسماعیل خان ماچ بکات،ئەوا دواتر منیش دەشێت لێی خۆشبم».

رۆشان وەڵامیدایەوە، «ئەگەر مەسەلەکە داوای لێخۆشبوون بێت ئەوا پێویستە ئیسماعیل خانو ئەوانی تر داوای لێخۆشبون لەگەلی ئەفغانستان بکەن! جۆیا تەنها راستیەکان دەخاتەڕوو».

کارزای پرسی، «کاتێك بە پەرلەمان دەڵێت تەویلە، ئەی بۆچی هەوڵدەدات بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان؟ داوای لێبوردن کردن قورسییەکەی لەچیدایە؟»

ڕۆشان وەڵامیدایەوە، «پەرلەمان چەندین جار مامەڵەی خراپی بەرامبەر مەلالای کردوە، بەڵام هیچ کەسێك بۆ بەرگری لێکردنی هیچ شتێکی نەوتوە و ئەوانیش سزا نـەدراون. کاتێك ئەو یەکجار سوکایەتی بە پەرلەمان کرد، لەکارەکەی دوورخرایەوە. تۆش وەك سەرۆك بێدەنگ مایتەوە».

لەکۆتایدا کـارزای بەڕووداچونەوەکانی ڕەوشانی پشتگوێخست و پێشنیاریکرد، گفتوگۆکان بەردەوام بن و جۆیاش ئامادە بێت.

ڕۆشان وەڵامیدایەوە، «جۆیا ئامادەیە بەرگری لەوتەکانی خۆی بکات، بەڵام داوای لێبوردن ناکات».

دواتـر هەندێك لەنوێنەرەکان، دەیانوت کـارزای سیمینارەکەی کردە مێزگردێك دەربارەی مەلالای جۆیا، بەڵام هیچ وەڵامێکیشی پێنەبوو بۆ هیچ کام لەکێشە راستەقینەکانی ئەفغانستان. لەبری ئەوە ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ ڕاکێشانی سەردەستەی میلیشیاکان بەلای خۆیداو دڵخۆشکردنی ئەو تاوانکارانەی لەدەسەڵاتدابوون بەهۆی سەرزەنشتکردنمەوە.

وەڵامی من بۆ سەرۆك کارزای سادەو ساکارە: لەو بڕوایەدا نیم حکومەتە گەندەڵەکەی ئێستای ئەفغانستان، نوێنەرایەتی گەل بکات، لەبەرئەوە من سوکایەتی بەئەوان ناکەم، کاتێك ڕەخنە لەوەزیرەکانی کارزای، یان پەرلەمانێك دەگرم، کە پڕە لەسەردەستەی میلیشیاو نۆکەرەکانیان. گەلی فەرەح منیان نارد بۆ ئەو سیمینارە بۆ پەردە لادان لەسەر تاوانەکانی حکومەتی ئەفغانستان، دەی منیش ئەرکی سەرشانمە ئەم کارە بەجێبهێنم، تەنانەت ئەو کاتەی حکومەت هەوڵی بێدەنگ کردنیشم بدات.

ئامانجەکانم لەدەرەوەی وڵات، هەمان ئەو ئامانجانەن، کە لە ئەفغانستان هەمن، ئەوانیش یەکگرتنی گەلە بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی بەهێز بۆ

تێکشکاندنی دەسەڵاتی زاڵی سەردەستەی میلیشیاکانو تاڵیبان، هەروەها کۆتاییهێنان بەداگیرکاری وڵاتەکەمان. ئاواتی من ئەوەیە ئەم پشتیوانییە نێودەوڵەتییە هێزو یەکێتی دروستبکات و هەرکاتێك گەلیش بەئاگاهاتەوە وەك رەشەبایەك هەڵبکات و راستییەکان بهێنێتەوە مەیدان. یەك دەنگ یاخود چەند دەنگێکی پەراوێزخراو هیچ شتێکی پێناکرێت، بەڵام کاتێك دەنگەکانمانو هەوڵو تێکۆشانەکانمان یەکخران، ئیدی بەهیچ شێوەیەك تێك ناشکێین.

ئەم جوڵەو بزوتنەوەیەی ئێمە دەیبزوێنین، پێویستە لەخەباتی هەموو کونجێکی جیهانەوە بێت: دەنگی بەرەنگاربونەوە و کۆڵنەدانمان لە ئەفغانستان، ناڵەی ئازاری بەسوێی منداڵانی فەلەستین، ئەو فرمێسکانەی بۆ دیموکراسی لە بۆرما دەڕژێن و نکۆڵییان لێدەکرێت، خوێندکارە گەنجە ئازادیخوازەکانی ئێران، خەباتی ژنانو پیاوان لە تورکیا کە چیرۆکی ئازایەتیو نەبەردیم لێوە بیستون لەکاتی ئەشکەنجەدانو کوشتنیان لەزیندانەکانی تورکیادا، خەبات و تێکۆشانەکان لە ڤەنزوێلا، چیلی، کوبا، بۆلیڤیاو بزوتنەوە پێشکەوتوخوازەکانی نەتەوەکانی تری ئەمەریکا، هەوڵوخەباتی گەلی ئەفەریقیا بۆ کۆمەڵگەیەکی ئـازادو دادپـەروەر. ئـازار، نەهامەتی و دوژمنەکانمان هەمانشتن، بۆیە بەختەوەریشمان هەر هەمانشت دەبێت.

# بەشی دوانزە
# مەلێکی تەنها باڵ

دایکانو کچانی ئەفغانستان لەماڵەکانی خۆیاندا دەستبەسەر بوون.....
ئەوان ئەمڕۆ چیتر ئازادن.
سەرۆك جۆرج بوش، وتار لەمەڕ بارودۆخی ولایەتە یەکگرتوەکان*، 2002

حوزەیرانی ساڵی 2008، لـۆرا بـۆش وەك خانمی یەکەمی ولایەتە یەکگرتووەکان سێهەمینو دواهەمین گەشتی بۆ ئەفغانستان ئەنجامدا. وەك هەمیشە سەردانەکەی کورت بوو، پاسەوانی توندوتۆڵ دەوریـان تەنیبوو، ئاکامەکەشی فەرامۆشکردنی تەواوی راستیو دروستی گوزەرانو ژیان بوو لە ئەفغانستاندا.

لۆرا لەوتارەکانیدا بۆ راگەیاندنە ئەمریکییەکان، بەرگری لە حامید کارزای کرد، پێداگری کرد لەوەی کە کارزای سەرۆکێکی «جەماوەریی»-ە. رایگەیاند، «لەڕاستیدا کارێکی رەوا نییە لەپای زۆری ئەو شتانەی، کە رەنگەو رەنگیش نییە هەڵەی ئەو بووبن، لۆمە بکرێت. دوای بوونی بە سەرۆك، کارزای هاتە ناو رەوشی وڵاتێکەوە، کە بە تەواوی خاپور ببوو».

لەماوەی سەردانە نۆ کاتژمێرییەکەیدا، خاتو لۆرا بەهێلیکۆپتەر سەردانی شوێنە کاولبووەکانی شاری بامیانی پێکرا، لەوێ تاڵیبان دوو پەیکەری زەبەلاحی دێرینی بودایان تەقاندبووەوە، لەبەرئەوەی «نائیسلامی» بوون.

لەمیانی لێوردبونەوەوە و هەڵسەنگاندنی شوێنە وێرانبووەکاندا، خاتو لۆرا رایگەیاند، «ئێستا لەهەموو کاتێك گرنگترە تاکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوام هاوکاری ئەفغانستان بکات، بەتایبەتیش ئەمەریکا برەو بە هاوکاری کردنی ئەفغانستان بدات، لەبەرئەوەی نامانەوێت وەك ئەوکاتەی لێبێت، کە پەیکەرەکانی بودا روخێنران».

بێگومان لۆرا بۆش لەوە تێنەدەگەیشت، لەڕاستیدا بارودۆخی ئەفغانستان لەوکاتە خراپتر بـوو، کە تاڵیبان ئەو پەیکەرانەی تەقاندەوە، هەڵبەتە

«پشتیوانی» تایبەتی ئەمەریکاش، یەکێکبوو لەهۆکارەکانی سەرگەردانبوونمان. هاوشێوەی زۆرێك لەکەسایەتیە گەورەکانی رۆژئاوا، لۆرا بۆشیش درکی بەوە نەکرد، کاولکاری ناو وڵاتەکەمان تەنها بەهۆی تاڵیبانەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی دەستێوەردانی چەندین ساڵەی وڵاتانی دەرەکیەوە بوو. تاڵیبان بە تەنها کێشە سەرەکیەکە نییە، چوون لەوکاتەوەی ئەمەریکا، پاکستان، ئێران چەك و پارەیان بۆ گروپە تیرۆریستە ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان و سەردەستەی میلیشیاکان هەڵڕشتوە، نەخۆشی، گەندەڵی، توندوتیژیو دەرەبەگایەتی بەشێوەیەکی سەرەکی یەخەی بەوڵاتەکەمان گرتووە. لەجیاتی ئەوەی کارزای ئەم تاوانکارانە لەکۆڵ ئەفغانستان بکاتەوە، هاتووە ئامێزی بۆ گرتوونەتەوە. کارزای دەڵێت بۆ مافەکانی ژنان تێدەکۆشێت، بەناو یەکێکە لەداواکارییە سەرەکیەکانی لۆرا، بەڵام بۆ سەرۆکی دادگای باڵا پشتگیری لەئوسوڵگەرایەکی توندڕەوی سەرسەختدەکات، کە زۆرینەی یاساو رێسا چەوسێنەرەکانی دژ بەژنانی لە تاڵیبانەوە وەرگرتووە.

لەبەر ئەم هۆکارە ئەفغانستان وەك باڵندەیەکی یەك باڵ ماتەوە، باڵەکەی تری، کە ژنانن هەڵپاچراوە. هەتا ژێردەستەیی ژنان بەردەوام بێت، کۆمەڵگەکەمان ناتوانێت بکەوێتە سەرڕێی خۆیو بەروەپێش هەنگاو بنێت. لە ئەفغانستان تەنها ژنان مافیان زەوتنەکراوە، بەڵکە بەشێوەیەکی ناکۆك و بێبەزەییانە پرسی ژنان بەکارهێنراوە بۆ پاکانەکردن و ئەنجامدانی داگیرکاریی دڕندانەی وڵاتەکەمان.

چەند هەفتەیەك دوای داگیرکارییەکەی ئەمریکا لەساڵی 2001دا، لۆرا بوش وتارێکی فەرمی رادیۆیی لە کۆشکی سپییەوە بڵاوکردەوە، «هیواخوازم هاووڵاتیە ئەمریکیەکان بێنە ریزی خێزانەکەمانەوە لەکارکردن بۆ دڵنیابوون لەزامنکردنی بەهاو گرنگی، دەرفەتەکان بۆ هەموو ژنـان و منداڵانی ئەفغانستان». نیگەرانییەکانی خانمی یەکەم بۆ ژنە ئەفغانییەکان جیاوازی و تێگەیشتنی

زیاتری پیشاندەدا، لەچاو قسە لوسو کاڵو کرچەکانی هاوسەرەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسۆزیەکانی ئەو خاتونە بێمانا دەرچوون و زیاتر خۆڵکردنە چاوی جیهان بوو، ئەڵبەتە لە سۆنگەی ئەو کار و کردەوە دڕندانەی پاساویان بۆ دەهێنانەوە. هاوشێوەی درۆکانی ئیدارەی بوش دەربارەی هەبوونی «چەکی کۆکوژ» لە عێراق بۆ رەوایدان بە پەلاماردانو داگیرکردنی ئەو وڵاتە، پرسی «ئازادکردنی ژنانیش» بۆ لیستی هۆکارەکانی ولایەتە یەکگرتوەکان زیادکرا، بە مەبەستی هێرشکردنە سەر ئەفغانستان و رەگداکوتین تێیدا.

ساڵی 2005 خاتو لۆرا سەردانێکی شەش کاژێری بۆ ئەفغانستان ئەنجامدا، هێند مایەوە، کە رایبگەیەنێت گوایە بەپێشکەوتنەکانمان فرە خۆشحاڵە. لەپەیمانگایەکی پێگەیاندنی مامۆستایان لە کابول هاوسەرە ناحاڵیەکەی سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاند، «زوڵم و زۆرداری بەدیموکراسیەکی نوێ جێگەی گیراوەتەوە و دەسەڵاتی ئازادیش لەسەرانسەری ئەفغانستاندا سەقامگیر بووە».

دەکرێت بڵێین تا رادەیەك راستی دەکرد. «ئازادی لەدەسەڵاتدا» ئەوکات و ئێستاش بۆ سەردەستەی میلیشیاکان، بازرگانانی ماددەی هۆشبەر و تاڵیبان هەبوو، وەلێ بۆ بەکاربردنی مەرامی نەگریس، بۆ تاڵکردنی ژیانی خەڵکی و بەتایبەتیش ژنان بەکاردەبرا. ژنان «ئازادن» لەژێر بورکاکەیاندا لەشەقامەکاندا سواڵ بکەن، «ئازادن» پەنا بۆ لەشفرۆشی ببەن، لەپێناو پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەیان، «ئازادن» منداڵەکانیان بفرۆشن لەجیاتی ئەوەی بە بەرچاوی خۆیانەوە ببینن چۆن لەبرسا دەمرن، «ئـازادن» خۆیان بسوتێنن وەك تاکە رێگایەك بۆ دەربازکردن لەشەرمەزاری، دەستکورتی و نائومێدی.

لەماوەی سەردانەکەیدا بە ئۆتۆمبێل بۆ کابول، خاتو لۆراو بەرپرسە ئەمەریکیەکانی تر لەگەڵ گروپێکی بەناو نوێنەرانی ژنانی پێشکەوتوخواز لە ئەفغانستان کۆبوونەوە. لەڕاستیدا هەرکات بەرپرسانی رۆژئاوا بەسەرۆك بۆشو لۆرای هاوسەریشەوە، کورتە سەردانێکی وڵاتەکەمیان بکردایە، بەزۆری

لەگەڵ گروپێك لە ژنانی پشتیوانی حکومەت کۆدەبوونەوە وەك، ماسودە جەلال، فەوزی کۆفی، نورزیا ئەتمەر، حوسن بانو غەزانفەر، شەمیم جەواد، سیما سامر، قادریە یەزدانپەرست، ئەزیتا رەفعەت، سورەییا پارلیکا، فاتیمە گەیلانی، سدیق باڵخیو شەریفە زورماتی. لەو بڕوایەدام ئەم ژنانە نوێنەرایەتی ژنانی ئەفغانستان ناکەن، نایانەوێت خۆیان لەقوڵایی کێشەکانی ژنان بدەن. نایانەوێت لەپشت ناوچە پاسەوانداراەکانیانەوە بەئاشکرا هەستنە سەرپێ بۆ بەرگریکردن لەو ژنانەی بوونەتە قوربانی دەستی توندوتیژیو زۆرداری، نماینده‌ی ئەو ژنانە نین، کە لە ئەفغانستانی راستەقینەدا هیچ مافێکیان  نییە ، بەڵام کاتێك ئەم نمایشکارانە رێگەیان پێدەدرێت، لەبری هەموو ژنانی ئەفغانی قسەبکەنو وەك هێمای «پێشکەوتن»-مان پیشاندەدەرێن، ئیدی خۆیان دەبنە بەشێك لەکێشەکە.

رۆژنامەنوسە رۆژئاواییەکان بەدەگمەن ئاڵەنگاری ئەو چیرۆکانە دەبنەوە، کە بۆیان دەگێڕدرێتەوە. لەبەر تەمەڵی و کاری نابەجێی راگەیاندنە گشتیەکان، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی توانیویانە درێژە بە چەواشەکاری بدەن و وەها پیشانبدەن، کە ئەفغانستان وڵاتێکە حوکمڕانی تێدا ناکرێت و چەوساندنەوەی ژنان لەکولتوری ئەفغانستاندا ریشەی داکوتیوە. بە هەڵەدابردنەکە ئاماژەیە بۆ دڕندەیی تاڵیبان، بەڵام ئەمە تەنها گوزارشتێکی توندە لەمەڕ کێشەیەك، کە پێشتر لەگۆڕێ بووە. هاوکات رێخۆشکردنە بۆئەوەی، کە تەنها داگیرکاری بێگانە ئەفغانستان لەخودی خۆی دەپارێزێت.

دەمەوێت بزانن، کە ئەمە درۆیەکی شاخدارە. ئێمە وڵاتێکی دەستەوسان نین. توانیومانە کاروباری خۆمان رێکبخەین، دەی مافەکانی ژنانیش هەمیشە لەبارێکی هێندە ناهەمواردا نەبووە. ئەمە سەرەنجامی سیاسەتی زلهێزەکانە بۆ هاوکاریکردنو پشتگیریکردنی لایەنە هەرە توندوتیژەکانی ئەفغانستان، کە مافەکانی ژنانی بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە و بەم ئاکامەی گەیاندووە.

یەکەم فەرمانڕەوای مۆدێرنی ئەفغانستان شا ئامەنوڵا خان بوو، ساڵی 1919 سەربەخۆیی لە بەریتانیا سەندەوە، فەرمانڕەوایەکی ئازادیخوازو دیموکراتخواز بوو. بڕوای وابوو گەلانی پەشتوو، هیندوز، ئوزبەك، هەزارە و خەڵکانی تری خێڵە جیاوازەکان پێکەوە هاونیشتمانی ئەفغانین. ئەو یەکێتی نیشتمانی بەهێزکرد، لەبەرئەوە جیاکاری رەگەزپەرستی، زمان و ئایین بوونی نەبوو، هەروەها دەستورێکی مۆدێرنی دارِشت و تیادا مافی یەکسان و ئازادییەکانی تاکەکەسی بەرجەستە کردبوو.

شاژنە سورەییاش رۆڵێکی کاریگەری دەگێڕا لەبەرامبەر ئەو یاساو رێسایانەی هاوسەرەکەی بۆ ژنانی دادەنا. ئەو شاژنە بەجلوبەرگی مۆدێرنەوە و بە بێ سەرپۆش سەردانی وڵاتانی ئەوروپای دەکرد بۆ کاری ژنان. ساڵی 1920، وەك شاژنی ئەفغانستان یەکەمین وتاری گشتی دا، تێدا باسی لایەنە سودبەخشەکانی مافەکانی ژنانی کرد، پاشان ژمارەیەکی زۆر لەژنان بەخۆبەخشی هاوکارییان کرد بۆ دامەزراندنی ژمارەیەك رێکخراو لەبەرژەوەندی ژنان.

یەکەم گۆڤاری ژنان لەوڵاتەکەمان بە ناوی (ئیرشادولنەسوان) لە 17ی ئازاری ساڵی 1921دا بڵاوکرایەوە. کارگەکان کرێکاری ژنیان وەرگرت. یەکەمین نەخۆشخانەی ژنان لە کابول دروستکراو بۆ یەکەمین جاریش ژنان لەساڵی 1928دا وەك نوێنەر لە لۆیا جێرگادا دەستبەکاربوون. لەو جێرگایەدا ئامەنوڵا خان پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی فرەژنیو هاوسەرگیری بەزۆری کرد. تەمەنی 18 ساڵ وەك تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری جێگیرکرا. شا دەستیکرد بەدروستکردنی رێگاوبان، کارگە، هێڵی شەمەندەفەر، هەروەها کتێبخانە، شانۆ و سینەماشی بنیادنا. کرێکاریی بێ موچە، کرێکاریی بەزۆر و کۆیلەیەتی هەڵوەشێنرانەوە.

لەسەردەمی ئامەنوڵا خاندا، خوێندن بۆ هەموو ئەفغانییەکان بووە ئیلزامی. یەکەمین قوتابخانەی ژنان لەساڵی 1924دا دروستکرا. دەستەیەك لەکچان بۆ

خوێندنی باڵا نێردرانە وڵاتی تورکیا، بە بێ ئەوەی پێویست بکات حیجاب، یان جلوبەرگی ئیسلامی بپۆشن، یاخود یاوەرێکی خزمی نێرینە و مەحرەمیان لەگەڵدا بێت. دواتریش سەدەها کچ بۆ خوێندن چوونە وڵاتانی دەرەوە، وەك ئەڵمانیا، روسیا و فەرەنسا.

بەداخەوە هەندێك لەچاکسازییەکانی شا زۆر بەخێرایی سنوریان بەزاند. بۆ نمونە رایگەیاند هیچ پیاوێکی ئەفغانی بۆی نییە بە بێ لەسەرکردنی کڵاوێکی مۆدیرن و پانتۆڵ بچێتە دەرەوە، ئەگەر سەرپێچیشیان بکردایە، ئەوا سزا دەدران. بۆ ژنانیش هەمان رێوشوێن دەگیرایەبەر، ئەگەر بەبورکاوە بچونایەتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پشوی ئایینی لەرۆژی هەینییەوە گۆڕی بۆ رۆژی یەك شەممە. ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان وره وریان تێکەوتو دوژمنانی ئامەنوڵاخانیش ئەو کارەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆستەوە.

هێشتا بەریتانیا بەلەدەستدانی ئەو وڵاتە ژێردەستەیەی تورەییەکەی دانەمرکابووەوە، لـەوەش دەترسا وڵاتێکی سەربەخۆو مۆدێرن لەتەنیشت هندستاندا دروستبێت، کە هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بوو. بەمشێوەیە تۆڕێکی داردەستی خۆیان لەنێو زانا ئایینیە کۆنەپەرستەکانو ئەریستۆکراتە رکابەرەکاندا لە ئەفغانستان پێکهێنا. لەرێی ئەو کەسانەوە بەریتانیا بە بێدەنگی تۆوی دوبەرەکی، ئاژاوەی دژی ئامەنوڵا خان و چاکسازیەکانی چاند، لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەفغانییەکان نەخوێندەوار بوون و بیروباوەڕی ئایینی کاریگەری توندی بەسەریانەوە هەبوو، بەریتانییەکان سەرکەوتن و شای وڵاتیش پشتیوانی گەلی لەدەستدا. شا، دەربەدەری وڵات بوو، هەروەها لەساڵی 1929دا زۆریلێکرا تا دەست لەتەختی پاشایەتی هەڵبگرێت.

هەموو ئەو ئەفغانیانەی بڕوایان بە دیموکراسیو فەرمانڕەوایی دەستوری هەیە، ئەو سەردەمەی چاکسازی بەخۆشیەوە یاددەکەنەوە، لەبەر ئەمەش بوو کاتێك لەکانونی یەکەمی ساڵی 2008دا حامید کارزای، کە بەڕێکەوت

مەدالیایەکی ئامەنوڵای پێشکەشی جۆرج بۆش کرد، لەکاتی دوا سەردانیدا بۆ ئەفغانستان، وەك روشکاندێکی گەورە لەسەری وەستا. رۆژی لەوەوپێشیش رۆژنامەنوسێکی عێراقی بەتێگرتنی تاکە پێڵاوەکەی خواحافیزی لە بۆش کرد، ئەمەیان شەرەفێکی زۆر گونجاوتر بوو بۆی!

لەمێژووی ئەفغانستاندا لەسەرکارلابردنی ئامەنوڵا خان، بەکارەسات دادەنرێت. دەستبەجێ دوای ئەوەی دەربەدەری وڵات کرا، پیاوێکی بەدەسەڵات بەناوی حەبیبوڵا کەڵکانی بووە ئەمیری وڵات. پیاوێکی بیرتەسکی نەزان بوو، بەریتانیا پشتی گرتبوو. یەکەمین کاری فەرمی داخستنی هەموو قوتابخانەکان بوو. تەنها دوای چەند مانگێك موحەمەد نادرشا، کە پەشتونییەکی ئەریستۆکرات بوو، بەیارمەتی بەریتانیاو لە هندستانەوە بەسەر هێزەکانی کەڵکانیدا سەرکەوت. نادرشا توانی کەڵکانی لەخشتە بەرێت بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی ئاشتی، پاشانیش لەسێدارەی دا. نادر شای دڕندە دەستبەجێ دەستیکرد بەهەڵوەشاندنەوەی زۆربەی چاکسازییەکانی ئامەنوڵا، تەنانەت ئەو کچانەی گێڕایەوە، کە بۆ خوێندنی باڵا چوبوونە تورکیا، دواتریش بۆیان نەبوو لەماڵەکانی خۆیان بچنە دەرەوە. لەساڵی 1933دا نادرشا کوژرا، زاهیر شای کوڕی شوێنەکەی گرتەوە، بەجۆرێك کە لەکاتی لەسەرکردنی تاجی شاهانەدا تەمەنی تەنها 19 ساڵ بوو.

شا زاهیر لەزۆربەی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا رۆڵێکی هێمایی دەگێڕا، هەر بەناو شا بوو. مامەکانی کە دەسەڵاتی راستەقینەیان بەدەستبوو، بۆ ماوەی سێ دەیەی داهاتوو سەرۆکایەتی لەناوبردنی سیاسەتمەدارە نەیارەکانیانی دەکرد. لەو سەردەمەدا ئەو نەتەوانەی پەشتون نەبوون دەچەوسێنرانەوە، بەڵام دەستورخوازەکان بەردەوامبوون لەخەبات دژی دەسەڵاتی سەرکوتکاری شاهانەو دواجار فشاریان بۆ حکومەت هێنا، هەندێك چاکسازی پەسەند بکات تا نەبێتە هۆی شۆڕشی ئاشکرای گەل. لەناوەڕاستی سەدەی بیستدا شا زاهیر دەستیکرد

بە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی و پەیڕەوکردنی دیموکراسیەکی سنوردار، ئەمەش تەنها بۆ قایلکردنی گەلو کۆتاییهێنان بە بزاڤە نیشتمانییەکان بوو. زاهیر زیاد لە 500 زیندانی سیاسی ئازاد کردو چاکسازی دیکەشی ئەنجامدا. خوێندکارانی زانکۆ رێگەیان پێدرا کۆمەڵە دروست بکەن، پارتە سیاسیەکانیش، کە لەساڵانی پێشودا کارو چالاکیەکانیان قەدەغە بوو، هەندێك ئازادیان پێدرا، خۆیان رێکبخەنەوە. سەرەڕای ئەوەش حکومەت بەرهەڵستییە زۆرەکانی پێ قبوڵ نەبوو، لەبەرئەوە هەندێك کەس پەلبەست، زیندانی کرانو پاشانیش کوژران.

لەماوەی ئەم ساڵانەی پڕ لەگۆڕانکاریدا، هەرچۆنێکبێت مافەکانی ژنان وردە وردە گەڕایەوە دۆخی جارانی. لەساڵانی 1950کاندا لە ئەفغانستان ژنان هاندەدران لەزۆربەی پیشەکاندا کاربکەن. بۆ کۆتایی ئەو دەیەیە دەستیانکرد بەئەنجامدانی خۆپیشاندانو داواکردنی مافەکانیان. حکومەت چەند یاسایەکی دەرکرد بۆ قەدەغەکردنی لەبەرکردنی بورکاو رێگەخۆشکردن بۆ لەبەرکردنی تەنورەو کراسی قۆڵکورت. لەپەیوەست بەمەوە رۆژنامەی نیۆرك تایمز راپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەسەر بارودۆخی ژنانی ئەفغانی نیوسەدە لەوەوبەرو لەسەردێڕی بابەتەکەدا هاتبوو، کە لەتشرینی دووەمی ساڵی 1959دا «ژنانی ئەفغانی پەچەکانیان لادەبەن». «پاش چەند سەدەیەك پەراوێزخستن، جیهانێکی نوێی ئازادی، روحانیو شێوازی جلوبەرگ بۆ ژنانی ئەم گەلە مسوڵمانە ئاوەڵاکراوە».

ئەو ئازادیانەی ژنان بەدەستیانهێنا بەرهەمی داگیرکاری رۆژئاوا نەبوو، بەڵکو لەئاکامی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگاکەمان، پرۆسەی سیاسی و خەباتی هێزە دیموکراتخوازەکانی ئەفغانستان هاتنەکایەوە، بەوپێیەی لەپێناو بیروباوەڕیاندا ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە. ئەوەی بۆ ژنان دروستە لەئەفغانستان لەتەواوی مێژودا دروستبووە. نوسەری گەورەی هندی، ئاروندهاتی رۆی، لەوتارێکدا ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کرد، کە چەند ساڵێك لەوەوبەر لە ولایەتە یەکگرتوەکان پێشکەشی کرد:

«دەرکەوتووە تەواوی ئامانجی جەنگەکە بۆ روخاندنی رژێمی تاڵیبان‌و رزگارکردنی ژنانی ئەفغانە لەبورکاکانیان. داوامان لێدەکرێت بڕوا بەوە بکەین، مارینزە ئەمەریکیەکان بەڕاستی بەجێگەیاندنی ئەرکێکی فێمینیستانەیان لەئەستۆیە، (ئەگەر وایـە مەگەر ئەرکی دواتریان سعودیە دەبێت، کە هاوپەیمانێکی سەربازیی ئەمەریکایە؟) بەم شێوەیە بیری لێبکەنەوە: لە هندستان چەند رەفتارێکی ناپەسەندی کۆمەڵایەتی دژی هاووڵاتیانی چینە نزمەکان، دژی مەسیحیەکان، دژی مسوڵمانان، دژی ژنان پەیڕە و دەکرێت. پاکستان و بەنگلادیش رێوشوێنی خراپتر دەگرنەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان‌و ژنان. ئایا دەبێت بۆردومان بکرێن؟ ئایا دەبێت دەلهی‌و ئیسلام ئابادو دەکا وێران بکرێن؟ دەکرێت کوێرباوەڕی لە هندستان بۆردومان بکرێت؟ داخۆ دەتوانین رێگەکەمان بۆردومان بکەین تا دەگەینە بەهەشتێکی فێمینیست؟ ئایا لەئەمەریکا بەوشێوەیە ژنان دەنگ بەدەستدەهێنن؟ یاخود کۆیلایەتی چۆن کۆتایی پێهات؟ ئایا دەتوانین قەرەبووی رەشەکوژی ئەو ملیۆنەها ئەمەریکییە رەسەنانە بە هۆی بۆردومانکردنی (سانتا فێی گەورە شاری نیو مەکسیکۆوە بکەینەوە، کە بەسەر لاشەکانیانەوە ولایەتە یەکگرتوەکان دامەزرێنرا.»

لەگەڵ ئەوەی زاهیر شا هەوڵیدا فەرمانڕەواییەکی شاهانەی دەستوریی دابمەزرێنێت، بەڵام خەڵکی بڕوایان پێ نەماو رێگەی شەقامەکانیان بۆ خۆپیشاندان گرتەبەر. ساڵی 1973 کاتێك زاهیر شا بۆ چارەسەری پزیشکی لـەدەرەوەی وڵات بوو، داود خانی ئامۆزای، هاوپەیمانی سۆڤیەت بوو، دەسەڵاتەکەی رووخـانـدو جێگەکەی گرتەوە. «سـەردەمـی دەستور» لە ئەفغانستان کۆتایی هات و بەدەوڵەتێکی بەناو کۆماری جێگەی پێگیرایەوەو لەساڵی 1979شدا داگیرکەرە سۆڤیەتییەکان دەستییان بەسەر وڵاتدا گرت.

ژنانی ئەفغانستان لەڕێی ئەنجامدانی خۆپیشاندانێك لە کابول، یەکەم

کەس بوون دژی رژێمە کارتۆنییەکەی سۆڤیەت بەرگرییان کرد. پۆلیس بەتوندی وەڵامی خۆپیشاندانەکەی دایەوەو ژنانی وەك ناهید ساهید، وەجیهە، لەجێی خۆیاندا کوژران. لەو سەردەمەدا بوو، رێکخراوی (RAWA) «کۆمەڵەی شۆڕشی ژنانی ئەفغانستان» لەلایەن خاتو میناو چەند ژنە رۆشنبیرێکی تری کابولەوە دامەزرێنرا.

لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابـردودا، ئەو توندڕەوانەی لەئێستادا ئەوپەڕی دەسەڵاتیان هەیە، بۆ سەپاندنی یاساو رێسکانی دژ بە ژنان، هاوکات بەهەڵە لێکدانەوە بۆ ئیسلام دەکەن، تا پاساو بۆ بەدکارییەکانیان بهێننەوە، ئەوکات کەسگەلێکی پەراوێزخراو بوون. بۆ نمونە لەو سەردەمەدا هێزەکانی گوڵبەدین حیکمەتیاری دواکەوتووی سەرکردەی میلیشیا تەواو متمانەی خۆیان لەدەستدابوو بەوە ناسرابوون، کە هێرشیان دەکـردە سەر ئەو خوێندکارە کچانەی لە زانکۆی کابول دەیانخوێند و لەچکیان نەکردبوو، بەچەشنێك یەکێك لەپەلامارەکانیان تێزاب پێداکردن بوو. ئەو وڵاتانەی ئەم هێزانەیان پڕچەك کرد، لەهەشتاکاندا بریتی بوون لەئەمەریکا، پاکستان، ئێران، لەو کاتەدا حیکمەتیار یەکێك بوو لەپیاوە هەرە پەسەندەکانیان‌و لەڕێی پڕچەك کردنی هێزەکانییەوە بووە مایەی بەرەڵابوونی فاشیزمی ئایینی‌و بۆ ماوەی سێ دەیەی رابردو وەك تاعونێك بەرۆکی بە ئەفغانستان گرتووە.

تێگەیشتن لەو رۆڵە بەزەبرەی ویلایەتە یەکگرتوەکان گێڕاویەتی لەچاندنی تۆوی توندوتیژی و چەسپاندنی بیری ئوسوڵگەرایی توندڕە و لەنەوە گەنجەکانی ئەفغانستاندا، ئاسان نییە. لەساڵانی هەشتاکاندا حکومەتی ئەمەریکا دەستیکرد بەخەرجکردنی زیاد لە 50 ملیۆن دۆلار بۆ بڵاوکردنەوەی چەندین پەرتوك لەزانکۆی نابراسکا، کە هانی دروستکردنی ئەجێندای میلیشیایی و توندڕەویی دەدا. لەبابەتێکی رۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا لەئازاری ساڵی 2002دا، وەك «سکانداڵی* پەرتوکە جیهادییەکانی قوتابخانە» ناوی پەرتوکەکان هێنرابوو،

ئاماژە بە ئەوە کرابوو، کە «پڕن لە باس‌و خواسی جیهاد»و وێنەی شەڕو شۆڕ. فێری منداڵانی دەکرد بەبەکارهێنانی وێنەکانی «تانك‌و موشەك‌و مین» فێری ژماردن بن.

کتێبەکان گەیەنرانە ئەفغانستانی داگیرکراوی سۆڤیەت بۆ خۆشکردنی گڕی جیهاد دژی سۆڤیەتەکان، بەڵام بەگوێرەی ئەو رۆژنامەیە ئەو پرۆگرامانە، بوونە کرۆکی بابەتەکانی سیستمی خوێندن لەقوتابخانەکانی ئەفغانستاندا بەجۆرێك، کە دوای دەرپەڕاندنی سۆڤیەتیش هێشتا ئەو بابەتانە دەخوێنران. «تەنانەت تاڵیبان ئەو کتێبانەی ئەمەریکایان بەکاردەهێنا، بەڵام ئەو بزوتنەوە رادیکاڵە دەموچاوی مرۆڤەکانی ناو کتێبەکەی رەشکردبووەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاماژە ئوسوڵگەڕا توندەکانی ناویدا یەکبگرێتەوە». دوای ئەوەی تاڵیبانیش وەدەرنرا هێشتا (USAID) ئەو جۆرە پەرتوکانەی رەوانەی ئەفغانستان دەکردو تا ئێستاش ئوسوڵگەراکان بۆ فێرکردنی جۆرێکی توندڕەوی ئیسلام بەکاریاندەهێنن.

ئەم گروپە ئوسوڵگەرایانە ناوداریتی‌و پشتیوانیان بۆ خۆیان پەیداکردو وەك رامگەیاند بەشێکی لەبەر داگیرکاری دڕندانەو تاوانکارانەی وڵاتەکەمان بوو لەلایەن زلهێزێکەوە، کە بانگەشەی «زامنکردنی مافەکانی ژنان»ی دەدا لە ئەفغانستاندا. هەموو نەتەوەکانی کۆمەڵگەی ئەفغانی دژی داگیرکاری سۆڤیەت جەنگان‌و بەرەنگاری گەلیش مایەی سەربەزی و کارێکی پڕبایەخ بوو. بەداخەوە هەندێك لەلایەنەکانی موجاهیدین، ئەو موجاهیدینە تاوانکارانەی باسم لێوەکردون زەبرو زەنگ‌و چەکەکانیان کردە رووی گەلی ئەفغانی‌و بەتایبەت ژنان. هەندێك لەم گروپانە چەندین قوتابخانەی کچانیان سوتاند، هاوشێوەی سوتاندنی ئەو قوتابخانانەی لەم ساڵانەی دوایدا تاڵیبان کرد نییە خۆڵەمێش.

گرنگە ئەوەمان لەیادبێت کاتێك لەساڵی 1996دا بۆ یەکەمجار تاڵیبان بەئاسانی دەسەڵاتی گرتە دەست زۆرێك لە ئەفغانییەکان لەپێشدا پێشوازییان لەو ئەزمونە نوێیە کرد، لەبەرئەوەی هیچ نەبێت کۆتاییهێنا بەو رەشەکوژییەی

شەڕی ناوخۆ، کە لەساڵی 19-921996ی خایاندو تەنها لە کابولدا بووە مایەی کوشتنی هەشتا هەزار کەس. تەنانەت بورهانەدین رەببانی بەناو سەرۆك بەتاڵیبانی دەوت «فریشتەکانی ئاشتی»و ئەحمەد شا مەسعودیش، کە دواتر بووە وەزیری بەرگری کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی تاڵیبان کردو پێیڕاگەیاندن کە هاوبەشی دیدو بۆچونەکانیان دەکەن.

لەڕۆژئاوا ئەم زانیارییە ئاشکرا نییە، بەڵام بەنەزیر بوتۆ، لەوکاتەدا سەرۆك وەزیرانی پاکستان بوو، رۆڵێکی کارای گێڕا لەکۆمەککردنی تاڵیبانو تەواو دەستگرتنیان بەسەر ئەفغانستاندا. لەڕاستیدا زۆرێك لە ئەفغانییەکان بە بوتۆیان دەوت «دایکی تاڵیبان». ئامانجی ئەو خانمە قۆرخکردنی رێڕەوە بازرگانییەکان بوو بەناو ئەفغانستاندا، لەوکاتەی کاریگەریی هندستان لەوڵاتدا لەلاوازبووندا بوو. جارێکی دی ئەفغانستان بووە سەربازێکی یاری شەترەنجی ناوچەکە، لەحاڵێکدا هیچ رێگەیەك بۆ بردنەوەمان نەبوو.

ئەو دەمەی بوتۆ سەرۆك وەزیـران بوو من هەرزەکار بووم، لەکامپی پەنابەراندا لە پاکستان گەورە دەبووم. تەمەنم زۆر بچوك بوو باش لەسیاسەت تێنەدەگەیشتم، بەڵام بیرمە دڵخۆش بووم و زۆر شادبووم ژنێك دەسەڵاتێکی ئاوها گەورەی هەبوو، بێگومان لەوە تێدەگەم بیرو بۆچون و کەسایەتی گرنگە نەك رەگەز، بەڵام پێموایە بینینی ژنان لەپۆستی سەرکردایەتیدا هیوا بەکچان دەبەخشێت. دەزانم ملیۆنەها پاکستانی بەنیازی دەنگدان بوون بە بەنەزیر بوتۆ، کاتێك لەساڵی 2007دا لەتاراوگە گەڕایەوە. سەرەڕای ئەو گەندەڵیانەی لەسەردەمی دەسەڵاتی رابردویدا هەیبوو، بەڵام خۆکاندیدکرنی ئەمجارەی هیوابەخش بوو بۆ کۆتاییهێنانی فەرمانڕەوایی سەربازی، بەدیهێنانی دیموکراسی و سیکولاریزم.

کوشتنی بوتۆ کارێکی تیرۆریستی بوو، بێگومان منیش ئیدانەی دەکەم. ئەم قسەیەم بەڕاستە، هەرچەند لەڕووی سیاسیشەوە لەزۆر شتدا ناکۆك بووم

لەگەڵی. هیچ ناکۆکیەکی سیاسی نابێت لەڕێی ئەم جۆرە توندوتیژیانەوە چارەسەربکرێت، هەرگیز کوشتنم لاپەسەند نییە، تەنانەت بەرامبەر خراپترین دوژمنی ئەفغانستانیش. پێویستە دیموکراسی (دیموکراسی راستەقینە)و دادگاکان بڕیار لەچارەنوسی سەرکردە سیاسیەکان بدەن. سەرەڕای ئەو رق و کینەی هەمانە بەرامبەر کوشتنی بوتۆ، پێویستە دان بەوەدابنێم، کە زۆرێك لە ئەفغانییە پێشکەوتوخوازەکان بە باشی ئەو رۆڵەی بوتۆیان لەبیرە، کە لەوێرانکردنی وڵاتەکەمان و زیادکردنی تاڵیبانە بیرتەسکەکاندا.

نکۆڵیکردن لەمافەکانی ژنان لەلایەن تاڵیبان لەلایەك و سەپاندنی پۆشینی بورکا لەلایەکەی تر، لای هەموو کەسێك کارێکی ئاشکرایە. ئەم راستیانە زۆر بەباشی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بڵاوبووەوە، بەتایبەت دوای 11ی سێپتێمبەرو لەساتەوەختی ئەو جەنگەی لەساڵی 2001دا بەرپابوو، لەبەرئەوەی تاڵیبان گەلێ سەرکوتکەر بوو، زۆرێك لە گەلەکەمان، تەنانەت ئەوانەش کە ئێجگار رقیان لەهەبوونی هێزی بێگانە بوو لەخاکی ئەفغانستاندا هیواخوازبوون ئەم پەلاماردانەی ئەمەریکا دەرفەتێك بێت بۆ هێنانەکایەی دیموکراسی. خۆزگەیان وابوو ویلایەتە یەکگرتوەکان لەهەڵەکانی رابردویەوە وانەیەکی باشی وەرگرتبێت. هەندێك کەس وتەکانی لۆرا بۆشیان پێڕاست بوو، کاتێك رایگەیاند مەبەستی هاتنی ئەمەریکا بۆ گێڕانەوەی مافەکانی ژنان بوو، یاخود یەکسەر باوەڕیان بەقسەکانی کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کرد، کاتێك لەتشرینی دووەمی 2001دا رایگەیاند، «مافەکانی ژنان لە ئەفغانستان هیچ دانوستانێکی لەسەر ناکرێت». رەنگە کۆڵن پاوڵ مەبەستی ئەوە بووبێت، کە مافەکانی ژنان قسەی لەسەر ناکرێت. هەر لەیەکەم رۆژەوە روون و ئاشکرابوو، کە ئەمەریکا سازشی لەسەر مافەکانی ژنانی ئەفغانستان کردبوو، بەوەی هاوکاری ژمارەیەك لەدوژمنە هەرە سەرسەختەکانی ژنانی دەکرد، کە لەوەوپێش وڵاتەکەمان کاری لەو شێوەی بەخۆیەوە نەبینیبوو.

گرنگە لەیادمان بێت، کە تاڵیبان هەرگیز تاکە هێز نەبووە لە ئەفغانستاندا ژنانی چەوساندبێتەوە. لەڕاستیدا ژمارەیەك لەو یاسایانەی دژی ژنان بوون لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا جێبەجێکرانو پاشان وەك خۆیان مانەوەو تاڵیبانیش کاری پێدەکردن. بۆ نموونە «وەزارەتی پەرەپێدانی رەوشتی جوانو رێگری لەخوڕەوشتی خراپ»، کە لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا پێکهێنرا، لەژێر دەسەڵاتی تاڵیباندا بووە وەزارەتێکی ناوزڕاو. لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەم یاسایانە هێشتا کاریانپێدەکرێت، ژمارەیەکی زیاتری ئەو سەردەستە میلیشیایانەی ئەم سنوردارکردنە توندەیان دانا هێشتا کاربەدەستن لەو حکومەتەی ئێستادا کە ناتۆ پشتیوانی لێدەکات.

ئەو تاوانانەی سەردەستەی میلیشیاکان لەساڵانی 1990ەکاندا ئەنجامیاندا، زۆر باش لەکتێبی «ئەفغانستانی خوێناویدا»تۆمارکراون، کە لەلایەن سۆنالی کۆلهاتکار و جەیمس ئینگاڵس-ەوە نوسراوە و هەردوکیشیان لایەنگرێکی بەهێزی منن و لە ئەمەریکاش کار بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی دەکەن بۆ ژنانی ئەفغانستان. لەکتێبەکەیاندا ئاماژە بۆ بێباکی حکومەتی ئەمەریکا دەکەن لەدانانی رێساکانیان، هەروەك زیاتر هانی توندڕەوەکان دەدات: «ئەگەر کاتێك هەبێت بە ئەفغانستان بوترێت دەوڵەتێکی شکستخواردو، ئەوا باشترین کات ساڵانی 19-921996ە، کاتێك چاوەکانی ئەمەریکا نەیدەبینی چەکەکانیان بیناو دامەزراوەکانی ئەو وڵاتەی کاولکردبوو، خەڵکیش داوایان دەکرد دەوڵەتی ئەفغانستان بمێنێتەوەو لەناونەبرێت». ئەگەر ئەمڕۆ ئەفغانستان وەك دەوڵەتێك لەشکستدا بێت، لەبەرئەوەیە ئەو سەردەستەی میلیشیایانەی پێشتر شکستیان بەوڵاتەکەمان هێنا جارێکی تر دەسەڵاتیان پێدرایەوە، وێڕای ئەوەی گەلەکەمان پەستو بێزارن لەدەستیان.

هەمان ئەو سەردەستەی میلیشیایانە تەنها پەرلەمانو ژمارەیەکی زۆری پۆستەکانی کابینەکەی کارزایان کۆنترۆڵ نەکردوە، بەڵکو سیستمی دادوەریش

بەڕێوەدەبەن. بۆ نموونە لەساڵی 2003و لە لۆیا جێرگادا عەبدول سەیفو سەردەستەکانی تر دەسەڵاتی خۆیان کردە فشارێك بۆ دانانی ئوسوڵگەرایەکی توندڕەو بەناوی فازڵ هادی شینواری بۆ پۆستی سەرۆکی دادگای باڵاو عەبدول مالیك کاماویش کرایە جێگری. لەڕاستیدا ئەو نۆ دادوەرەی دادگای باڵا لەنۆ مەلای بیرتەسك پێکدێت.

بەگوێرەی کتێبی «لەڕێکوپێکییەوە بۆ بێسەروبەری» ئەحمەد رەشیدی رۆژنامەنوسی پاکستانی، شینواری لەلایەن سەیف-ەوە کۆنترۆڵ کرابوو. باڵیۆزە ئەوروپیەکان بەنهێنییەوە پێیانرادەگەیاندم، کە خەلیلزادی نوێنەری ئەمەریکا رێککەوتنێکی لەگەڵ سەیف-دا بەستبوو بەوەی دواتر دەسەڵاتی ئەوەی دەدرێتێ خۆی دادوەرەکانی دادگای باڵا دەستنیشان بکات ئەگەر بێتو لەسەر چەند لایەنێکی تر رەزامەندی پیشانبدات. لە لۆیا جێرگای ساڵی 2003دا سەیف بەدەسەڵاتێکی گەورەترەوە دەرکەوت. بەلای ئەمەریکیەکانەوە ئەو ئوسوڵگەرایەکی توندڕەوە، بەڵام ئەو ئوسوڵگەرایەکی توندڕەوی ئێمەیە». لە لۆیا جێرگادا شینواری، سەیفو ئوسوڵگەراکانی تریش پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێت لەدەستوری تازەدا ناوی وڵاتەکە بنێن کۆماری ئیسلامی ئەفغانستان و لەدادگاکانیشدا ئیسلامیان بەخراپی بەکاردەهێنا بۆ نکۆڵیکردن لەمافەکانی مرۆڤ و ژنان.

شینواری پۆستەکەی بۆ سەپاندنی هەڵوێستە توندڕەوەکانی بەسەر گەلدا، بەکاردەهێنا. وێستگەیەکی تەلەفزیۆنی داخست بەتۆمەتی ئەوەی بەرنامەی بێڕەوشتی پێشکەشکردبوو. بە پەیامنێرێکی رادیۆی گەلی ئەمەریکای راگەیاند سەرپەڕاندن رێگەیەکی شەرعیە بۆ سزادانی کەسێك، کە یاساکانی ئیسلام پەیڕەو ناکات. لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی «کریستیان ساینس مۆنیتەر» لەساڵی 2006دا، شینواری ئاشکرایکرد، کە نابێت ژنان لەدادگای باڵادا هەبن. «نابێت ژن بکرێتە دادوەر بەسەر وڵاتەوەو ناتوانێت لەسەر ئەم کورسییە دادوەری بکات. ئەگەر ژنێك ببێتە دادوەری باڵا چی روودەدات کاتێك مانگی

جارێك توشی سوڕی مانگانه دەبێت و ناتوانێت بچێته مزگەوت؟ هەروەها بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام ژن ناتوانێت فەرمانی لەسێدارەدان دەربکات». بابەتی ئەو رۆژنامەیە ئاماژەی بەوەش دابوو، کە شینواری تەنها سەرۆکی ئەنجومەنی زانایانی ئیسلامی ئەفغانستان نەبوو، بەڵکو ئەندامێکی هەمیشەی گروپە میلیشیاکەی سەیف-یش بوو بەناوی ئیتیحادی ئیسلامی-یەوە.

ساڵی 2006 کارزای هەوڵیدا شینواری بۆ پۆستەکەی دەستنیشان بکاتەوە، بەڵام لەنمایشێکی سەربەخۆی دەگمەندا پەرلەمان رێگری لێکرد، بەوەی شیاوی ئەو پۆستە نەبوو. ئێستاش یەکێك لەڕاوێژکارە یاساییەکانی پێشوی کارزای بەناوی عەبدولسەلام عەزیمی سەرۆکی دادگای باڵایە. عەزیمی خەڵکی فەرەحە، پەیوەندییەکی لەمێژینەی لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە، لەڕاستیشدا لە پیشاوەر سەرۆکی پرۆگرامی خوێندنی سپۆنسەرکراوی USAID بوو، ئەو رێکخراوەی پەرتوکی ئابڕوبەری بۆ هاندانی جیهاد بڵاودەکردەوە. لەو دەمەوەی عەزیمی بووەتە سەرۆکی دادگای باڵا، هیچ گۆڕانکارییەك لەو دادگایەدا نەکراوە، هەروەك هێشتا لەلایەن مەلاکانەوە قۆرخکراوە.

سەرەڕای کۆچی دوایی شینواری، بەڵام کاریگەرییەکی نەپساوی لەسەر سیستمی دادوەری جێهێشتووە، چونکه ئەو ئـەوەی زامنکرد، کە زۆرێك لەدادوەرەکان ئوسوڵگەرای توندڕەو بن، لەبەرئەوە دادگاکان بەشێوەیەکی سیستماتیکی رێگرییان دەکرد لاقەکەران لەبەرامبەر تاوانەکانیان سزایەکی شیاو بدرێن. هێشتا پیاوان حەسانەی ئەوەیان هەیە مامەڵەی نادروست لەگەڵ ژنەکانی خۆیانو ژنانو کچانی دیکەش بکەن، تەنانەت بشیانکوژن. لەڕاستیدا یاسا تەنها وەك ئامرازێك بۆ سنوردارکردنی مافەکانی ژنان بەکار دەبرێت. تا ئێستاش فەرماندەکانی هاوپەیمانێتی باکور، سەردەستەی میلیشیاکانیان ژنانو کچان دەڕفێننو دەکوژن، لەناوچەکانی خۆیاندا بەشێوەیەکی داپڵۆسێنەر حوکمڕانی دەکەن.

بەشی دادوەری حکومەتەکەی کارزای لەوەی باسکرا، باشتر نییە. بژاردەی ئەو بۆ پۆستی داواکـاری گشتی عەبدول جەبار ساداتە، دەی ئەویش سەر بەپارتەکەی حیکمەتیار بوو.

بۆ خستنەڕووی ئاستی دادپەروەری لە ئەفغانستان ئەوەتان لەیاد بێت، کە رۆژنامەنوس سەید پەروێز کامبەکش تەنها لەبەر دابەزاندنی بابەتێك، کە لەلایەن دادگاوە بەنائیسلامی لەقەڵەمدرابوو، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراو دواتر کەمکرایەوە بۆ 20 ساڵ زیندانیکردن، لەکاتێکدا سزایەکی سوکتر بۆ ئەسەدوڵا سەرواری بەرپرسی پۆلیسی نهێنی پێشو دەرکرا، سزای 17 ساڵ زیندانی، لەبەرامبەر ئەشکەنجەدانو کوشتنی هەزارەها نەیاری سیاسی لەکۆتایی 1970کاندا. کامبەکش، کە ئازاری هیچ کەسێکی نەدابوو، هێشتا لەزینداندا ژیان بەسەر دەبات، ئەمە لەکاتێکدایە سەرۆك کارزای فەرمانی ئازادکردنی بۆ سێ پیاو دەرکرد، کە سزاکەیان 17 ساڵ زیندانی بوو، بەرامبەر لاقەکردنی ژنێك و کوشتنی بەهەر سێکیان.

وادیارە دەستەی یاسادانانیش لەدادگاکان باشتر نابن، بۆ سەقامگیرکردنی ئاستێکی بەرزتری دادپـەروەری. ئەیلولی 2008 وەلەسی جێرگا رەشنوسی یاسایەکی گەڵاڵە کرد، ئەگەر پەسەندبکرێت ئەوا فیلمی ناپەسەندی رەوشتی، سەمای ژنـانو مۆسیقای دەنگ بەرز لەئاهەنگەکاندا قەدەغەدەکرێت. بەگوێرەی ئەو یاسا پێشنیارکراوە ئەو کەسانەی لەپشت بۆنەکانی سەما پرۆفێشناڵەکانەوەن، ئەوانەشی ئەو بەرنامانە رێکدەخەن بۆ ماوەی یەك ساڵ بەند دەکرێن. ئوتێلەکانیش بۆیان نابێت رێگە بە ژنو پیاوی خێزانە جیاوازەکان بدەن پێکەوە بمێننەوە. رێکخەرانی چالاکییە وەرزشیەکان بەبەشداربووە کچو کوڕەکانیشەوە سزادەدرێن. ئەو پرۆژە یاسا تازەیە پۆشینی جلوبەرگی کورتو تەسکیش یاساغدەکات. هەروەها پێشنیاری چەند سزایەکی جۆراوجۆر دەکات، لەبەرامبەر کارو کردەوەی ئەو کەسانەی دەبنە هۆی دواکەوتنی هاوسەرگیری،

لەکاتێکدا کچان مافی ئەوەیان پێدراوە کێشمەکێشەکان بەلایەکدا بخەن، یاساکە سەرکۆنەی هاوسەرگیری بەزۆریشی دەکرد.

شتێکی تر دەربارەی ئەفغانستان کە لەڕاستییەوە دورە ئەوەیە، کچان و ژنان ئازادن لەچوونە قوتابخانە. راستە لە کابولو چەند شارێکی دیکەش، لەئێستادا دەتوانن بچنە قوتابخانەو چەند ئیشێکی دیاریکراویش بەردەستە بۆ ژنان، بەڵام کەمینەیەکی خواپێداو لەم بارودۆخەدان. رەوشی قوتابخانەکانی دەرەوەی کابول وێرانەو لەزۆرێك لەناوچە دورەدەستەکاندا نە مامۆستا هەیە نە بیناکەیەکی وەهاش هەیە، بکرێتە ئەم بەناو قوتابخانانەیە. لەزۆرێك لەگوندە دورەدەستەکاندا، کچان لەسەر زەوی دادەنیشنو وانەکانیان دەخوێنن.

لەکاتی دواهەمین سەردانی لۆرا بۆش-دا بۆ ئەفغانستان هاشوهوشی ئەوەی دەکرد، کە شەش ملیۆن منداڵ لەقوتابخانە دەخوێنن، ئەمە ژمارەیەکە بەردەوام وەك دەستکەوتێکی گەورەی ئەفغانستانو وەك تەپڵ لێدەدرێتەوە. وەلێ بەگوێرەی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێشتا زیاد لە پێنج ملیۆن منداڵ ناچنە، بەر هیچ جۆرە خوێندنێك. لەسەرەتای کانونی یەکەمی 200-8دا بەدواداچونێکی کۆمسیۆنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی ئەفغانستان (AIHRC) ئەوەی خستەڕوو، کە تەنها 5%ی کچانو 11%ی کوڕان لەخوێندنەکەیاندا تا پۆلی دوانزەیەم درێژە بەخوێندن دەدەن.

بەگوێرەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو شەهیدانو کەمئەندامان، زیاد لەشەش ملیۆن منداڵ رووبەڕوی گیروگرفتی وەك قاچاخچێتی پێوەکردن، رفاندن، کارپێکردنو نەچوونە خوێندن بوونەتەوە. بەهۆی دەستکورتی سەختەوە ژمارەیەکی زۆری منداڵان لەناچاریدا دەست لەقوتابخانە هەڵدەگرنو پەنا بۆ کارکردنێکی قورس دەبەن، بۆ یارمەتیدانی دایكو باوکیان لەپەیداکردنی بژێوی بۆ خێزانەکەیان. لەلێکۆڵینەوەیەکی (AIHRC)دا هاتووە، کە 60%ی ئەو خێزانانەی بەدواداچونەکەیان بۆ کراوە، نیوەی منداڵەکانیان سەرقاڵی کارکردن بوون.

رادیکا کۆماراسوامی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پرسی منداڵانو ململانێ چەکدارییەکان رایگەیاند، «پێموانییە منداڵی هیچ وڵاتێك لەجیهاندا، هێندەی منداڵانی ئەفغانستان نارەحەتی بچێژن. لەهەموو کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ منداڵان کاتێکی زۆری پێدەچێت، تا زەردەخەنەیەك بخەینە سەر لێویان، ئەمەش لای من نیشانیدەدات لەدڵەکانی ئەواندا هیچ جۆرە خۆشییەك ئامادەیی نییە».

لەم ساڵانەی دواییدا رفاندنو توندوتیژی سێکسی بەرامبەر منداڵان، بووەتە دەردێکی کوشندە. زۆربـەی ئەو حاڵەتانەش لەپارێزگای تەکهار روویانداوە، کە سەنگەرێکی سەردەستەی میلیشیاکانە. ساڵی 2007، کەسێك بەناوی حەلیم، باوکی دوو منداڵی تەمەن شەش ساڵو حەوت ساڵ لە کابوڵ سەردانی کردم، چیرۆکێکی دژواری ئەو دوو منداڵەی بۆ گێڕامەوە. ئەو پێشتر بەئاشکرا فەرماندە لۆکاڵییەکانی لە تەکهار بەتاوانکار لەقەڵەمدابوو. ئەم باوکە دڵسوتاوە باسی چۆنییەتی رفاندنی منداڵەکانی کرد، لەلایەن چەکدارەکانی ئەو تاوانبارانەوە، بۆئەوەی ناوبراو بێدەنگ بکەن. منداڵەکانی بەشێوەیەکی دڕاندانە کوژرابوونو لاشەکەشیان خرابووە گوێنییەوەو فڕێدرابوونە ناو روبارەوەو لەلایەن گوندنشینەکانی ئەو ناوچەیەوە دۆزرابوونەوە. ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە لەئەنجامی ئەو نارەزاییە گەورانەوە سەریهەڵداوە، کە گەلی تەکهار دژی سەردەستەی میلیشیاکان دەریدەبڕن، بەڵام حکومەتی ناوەندی هیچ رێوشوێنێکی نەگرتووەتە بەر، بۆ کۆنترۆڵکردنی کارە دژ بەیاساکانی ئەو تاوانکارانە. حەلیم وتی چاوی بەسەرۆك کارزای کەوتوەو چیرۆکی رووداوەکەی پێڕاگەیاندووە، «وێنەی کوڕەکانم پیشانداو ئەویش گریا، بەڵام پێیوتم لەبیر خۆمی ببەمەوە». وتی، «حەلیم تۆ هێشتا گەنجیت با منداڵی دیکەتان ببێت».

تا دێت چونە قوتابخانە بۆ کچان زیاتر مەترسیدار دەبێت، بەردەوام هێرش دەکرێتە سەر مامۆستایانو خوێندکاران. لەتشرینی دووەمی ساڵی 2008دا لە

قەندەهارو لەوکاتەی 8 کچ بەرەو قوتابخانە بەڕێکەوتبوون، لەلایەن پیاوێك بەسواری ماتۆڕەوە تێزابیان پێداکرا. ڕووداوی لەم چەشنە چەندبارە دەبێتەوەو چوونی کچانیش بۆ قوتابخانە لەداکشاندایە. زۆر مایەی دڵخۆشی بوو کاتێك بینیمان یەکێك لەکچەکان، کە زۆر بەخراپی بریندار ببوو بەپەیامنێرانی ڕاگەیاند لەوجۆرە کردەوانە ناترسێتو سور دەبێت لەسەر ئـەوەی، خوێندنەکەی تەواوبکات، ئەگەر بێت و ژیانیشی لەو ڕێگەیەدا دابنێت.

دوای چەند ساڵ وانەوتنەوە لەپۆلی نهێنی و لەسەردەمی تاڵیباندا، کە دەبینم هێشتا کچانو ژنان لەچوونە بەر خوێندن ترسیان هەیە زۆر ئازارم دەدات.

تەنها چوونە قوتابخانە بۆ کچانو ژنان مەترسیدار نییە، بەڵکو لەزۆرێك لەناوچەکانی وڵاتدا ژنان، ناتوانن بەبێ یاوەریکردنی نێرینەیەك، یان مەحرەمێك ماڵەکانیشیان بەجێبهێڵن، ژنان تەنانەت لە کابوڵی پایتەختیش بەردەوام بورکا دەپۆشن. هەرچۆنێك تەماشای بکەیت، ژنان هەمان ئەو ڕەوشە دەژین، کە لەژێر سای تاڵیباندا دەیانگوزەراند. لەچەند لایەکەوە بارودۆخەکە خراپتریشە، هەڵبەت سەرباری بەرزبوونەوەی ئاستی خۆکوشتن، ڕفاندنو حەسانەی ڕەها بۆ تاوانکاران لەحاڵەتەکانی لاقەکردندا.

ئامارەکان مـرۆڤ سەراسیمە دەکـەن: لەئەنجامی بەدواداچونێکدا لەلایەن دەزگای )پەرەپێدانی فەند بۆ ژنان(ی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان (UNIFEM)، دەرکەوت 80%ی ژنانی ئەفغانی لەکاتێك لەکاتەکانی ژیانیاندا توشی توندوتیژی دەبنەوە. زۆربەی ئەم مامەڵە خراپانەش لەماڵەکانیاندا بەرامبەریان دەکرێت. توێژینەوەکان لەوڵاتەکەماندا دەریانخستووە 60% بۆ 80%ی هاوسەرگیرییەکان بەزۆرنو کچان وەك کاڵا مامەڵەیان پێدەکرێت و دەفرۆشرێن. لەجیهاندا ژنانی وڵاتەکەی من لەبەرزترین ئاستی خەمۆکیدا دەژین لەچاو وڵاتانی دیکە.

بەگوێرەی ڕێکخراوی (فەندی گشتی) سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان (UNFPA)، 25%ی ژنانی ئەفغانی ڕووبەڕوی توندوتیژی سێکسی دەبنەوە. چەند نمونەیەك بەس دەبێت بۆ لەکاکڵ و توێکڵدانی ئەو مامەڵە دڕندانەی ئەمڕۆ، بەرامبەر بەژنان دەکرێت. ئەمانە چەند چیرۆکێکی دڵتەزێنن، بەڵام ڕاستەقینەن و زۆر بەداخیشەوە، تەنها مشتێکن لەخەرواری دیرۆکی چەوساندنەوەی ژنان.

مایسی 2007، لەپارێزگای تەکهار کچێکی تەمەن 8 ساڵ بەناوی بیبی فاتمە، لەلایەن چەند پیاوێکەوە رفێنراو لاقەکرا، پاشان کوژرا. لەم ڕووداوە قێزەونە ناوازەیەدا لایەنی دەسەڵات بە پەلە کەوتەخۆی و پێنج کەس دەستگیرکران. ئەم ڕووداوە لەکەناڵی ئاریانا تیڤیدا ڕاپۆرتی لەسەر دراو هەواڵەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی تا لەماڵپەڕی (RAWA)دا بڵاوبکرێتەوە، هەروەك زۆربەی حاڵەتە تۆقێنەرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانی دۆکیومێنت کردووە.

لە قەزای گوڵران-ی سەر بەپارێزگای هیرات فاتیمەی 22 ساڵ بەچەندین شوێنی بڕاوییەوە خۆی گەیاندە نەخۆشخانە. فاتیمە باسی لەوە کرد، مێردەکەی چەند پەلامارێکی یەك لەدوای یەکی کردبووە سەری، ئەمە سەرەڕای کوشتنی کۆرپەکەی. قژی بەسەری فاتیمەوە نەهێشتبوو، پاشانیش ئاوی کوڵاوی پێداکردبوو. فاتیمە تاکە کەس نییە بووبێتە قوربانی دەستی مێردەکەی. لە هیرات ژنێك بەناوی نەفیسە ڕاگەیاند، مێردە ئاڵودەبووەکەی لوتی شکاندووە و بە چەقۆش گوێی بڕیوە.

بەشیر چەهابی، یەکێکە لەسەر دەستەی میلیشیاکانی تەکهار، دەستنیشانکرا بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری پارێزگای ساری پول لەباکور. لەو کاتەوە دەنگوباسی لاقەکردنی کچان بەکۆمەڵ لەو پارێزگایەدا بەربڵاوە. لەم دۆخانەدا تەنها ژمارەیەکی کەمی قوربانییەکان وێراویانە دەنگیان بەرزبکەنەوە و بەئاشکرا باسیبکەن، چونکە وادانراوە لاقەکردن مایەی شەمەزاری‌و سەرشۆڕیە بۆ خێزان، بەڵام کچێکی تەمەن 14 ساڵ بەناوی بەشیرە لەگەڵ باوکیدا بڕیاریاندا

ئەوەی لەناخیاندایە هەڵیبڕێژن. لەوکاتەی بەشیرە دەڕۆیشت بۆ وەرگرتنی پێداویستیو خۆراك لەناوەندێکی دابەشکردنی کۆمەکدا، بەکۆمەڵ دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر. یەکێك لەتۆمەتبارەکان کوڕی ئەندام پەرلەمانێکە. ئەم ئەندام پەرلەمانە دەستی وەردایە بابەتەکە، تا کوڕەکەی بەدوربگرێت لەدادگایی کردنی راستەقینە لەهەمبەر تاوانەکەیدا. لەوکاتەی لەپەرلەمان دەرکراوم داوای بەدادگایی گەیاندنی تاوانکارانی جەنگ دەکەم، ئەفسوس ئەندام پەرلەمانەکانی تر دەسەڵاتیان بەکاردەهێنن، تا هاوڕێو خێزانەکانیان بەدوربن لەچونە بەردەم دادگا، بۆ ئەو تاوانانەی دژی ژنان ئەنجامی دەدەن.

لە کابول چاوم بە بەشیرە و باوکی کەوت، بە ئامادەبوونی رۆژنامەنوسی بەریتانی گلین سترۆنگ، کە دواتـر دۆکیومێنتارییەکی کورتی دەربـارەی بەسەرهاتەکە بەرهەمهێنا. دوای لاقەکردنەکە، بەشیرە بەئەندازەیەك پەرێشان ببوو، کە هەوڵیدابوو بەخۆسوتاندن ژیانی خۆی کۆتایی پێبهێنێت. ئەو کاتەی بەشیرەم بینی هێشتا شوێنی سوتاویەکەی پێوە دیاربوو. کاتێك دەستیم گرت و بەرامبەر خۆم دامنا، وەختێ گوێم بۆ چیرۆکە جەرگبڕەکەی دەگرت، چرچولۆچی نیگەرانی دەموچاوی جوان و ناسکیان داپۆشیبوو. کاتێك خۆی و باوکی باسی چۆ نییە تی پەلامارەکە، ترس و تۆقینی دوای رووداوەکەیان دەکرد، ئەو کەسانەی لەوێ بوون دەستیانکردە گریان. باوکی وتی لاقەکەرانی کچەکەی هەوڵیانداوە بەرتیلی بدەنێ، تا دەست لەداواکەی هەڵبگرێت، بەڵام کاتێك رەتیکردبووەوە هێند خراپ لێیاندابوو دوو هەفتە لەنەخۆشخانە کەوتبوو. سەرەڕای سکاڵاکانی ئەو باوکە، دەسەڵاتداران و دادگاکان گوێیان کەڕکردبوو لەبەرانبەر داوای بەجێگەیاندنی دادپەروەریدا.

کاتێك گلین لە بەشیرەی پرسی بۆچی هاتووە بۆ لای من، بەدەم کوڵی گریانەوە وتی: «لەبەرئەوەی ئەو راستی دەڵێت». ئەم کچە سیاچارەو باوکی کەسی دیکەیان بەخەیاڵدا نەدەهات پشتیانبگرێت.

لەبەرئەوەی بەشیرەو باوکی لەڕەچەڵەکدا دەچوونەوە سەر هەزارەکان هیواخواز بوون موحەمەد موحەقیق هاوکارییان بکات، ئەو دەسەڵاتدارترین سەردەستەی هەزارەیە لە ئەفغانستان. ئەو باوکە هیوادار بوو ئەم ئەندام پەرلەمانە رەخنە لەفەرماندەکەی دۆستوم بگرێت لەبەرامبەر پەردەپۆشکردنی تاوانی کوڕەکەی، بەڵام کاتێك گەیشتە خانووە کەشخەکەی موحەقیق لە کابول، کە لەگەڵ سێ ژنەکەیدا دەژیا، داوای بینیی موحەقیقی کرد، سکرتێرەکەی دەستینا بەڕوویەوە. کاتێك باوکی بەشیرە ماڵەکەی موحەقیقی بەجێهێشت دڵی پڕبوو لە رقو کینە.

دواتر پێیراگەیاندم ئەو کارە بەس بوو، تا سروشتی راستەقینەی ئەو کەسانەی بۆ دەربکەوێت. هەموو سەردەستەی میلیشیاکان وەك یەکن، گرنگ نییە سەر بە چ نەتەوەو نەژادێکن. باوکی بەشیرە گڕی لێدەبووەوە کاتێك دەیبینی چ کەسێك نەبوو گوێ لە هاوارەکانی ئەو بۆ دادپـەروەری بگرێت، تەنانەت لەدیمانەی تەلەفزیۆنێکی لۆکاڵیدا رایگەیاند، ئەگەر بێتو دادپەروەری لەکەیسی کچەکەی جێبەجێنەکرێت ئەوا خۆی دەتەقێنێتەوەو بەدەستی خۆی تۆڵەدەکاتەوە.

شەش مانگ دوای پەلاماردانەکەی بەشیرەو لەو دەمەی هێشتا کەیسەکەی لەمیدیا ئەفغانییەکاندا قسەو باسی لەسەردەکرا، دوو کچی دیکە بەناوەکانی ئەنیساو سامیا، لەلایەن سەردەستەی میلیشیاکانو لەهەمان پارێزگای ساری پولدا بەکۆمەڵ دەستدرێژی سێکسیان کرایەسەر. بەشیرە بەچاوی پڕگریانەوە پێیوتم، ئەگەر حکومەت سزای لاقەکەرانی ئەویان بدایە، ئەوا ئەو پیاوانەی ئەو دوو کچە بێتاوانەی تریان لاقەکرد، وایان بەخەیاڵدا نەدەهات، کە سوك و سانا بۆی دەردەچن.

دوای چەند مانگێك توانیم دەستم بگات بە خێزانی ئەنیساو لەماڵی لایەنگرێکمدا لە کابول چاوم پێکەوت. نەیتوانی تەواوی بەسەرهاتەکەم پێبڵێت.

هێند تاسابوو لەسەرەتای بینینەکەماندا دایە قوڵپەی گریان. بۆم دەرکەوت دایکی لەبەرچاوی ئەودا لاقەکرابوو، پاشانیش پێنج پیاو ئەنیسایان لاقە کردبوو.

ئەم کچە ئازارچێژانە هاتنەلام تا خەمو ناسۆری خۆیانم بۆ دەرببڕن، بەڵام لەبەرئەوەی من لەمافەکانی پەرلەمانتارێتیم بێبەشکراوم، هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆم نییە، تا هاوکارییەکیان بکەم، بەدەر لەوەی گوێیان بۆ بگرمو بەجیهانی رابگەیەنم چی لەوڵاتەکەماندا دەگوزەرێت. گوێگرتن بۆ بەسەرهاتەکانیان زۆر ئازاری دەدام، بەڵام بەدیتنیان کامەران بووم، تا پێکەوە گفتوگۆی ناسۆرەکانیان بکەینو هەوڵبدەم هیوایەکیان پێ ببەخشم. دوای ئەوەی ئەو کارە قێزەونەیان بەسەرهاتبوو، هەردوکمان وازیـان لەقوتابخانە هێنابوو، منیش هەوڵمدا بیانگێڕمەوە بۆ خوێندن.

جێگەی داخە هەم یاساو هەم دابونەریتیش لەحاڵەتەکانی لاقەکردندا دژی مافەکانی ژنانن. زۆرجار ژنێك کە لاقە دەکرێت، وەك کەسێکی لەکەدار تەماشادەکرێت، چیدی ناتوانێت هاوسەرگیری بکات. هەندێك جار خودی ئەندامانی خێزانەکانیان دەستیان دەچێتە کوشتنی کچەکەیان، تا ئەو شەرمو لەکەدارییە لەسەر خۆیان نەهێڵن.

بەداخەوە هەزارەها بەشیراو ئەنیسا لە ئەفغانستان بوونیان هەیە. زۆری ئەو ژنانەی لاقە دەکرێن، یاخود بەزۆر بەمێرد دەدرێن، هەموو هیواو خۆزگەیان لەدەستدەدەن. لەم ساڵانەی دواییدا بەسەدەها ژن خۆیان کوشتووە بۆخۆ دەربازکردن لەپەیوەندی دەستدرێژکاری، زۆربەشیان لەڕێگەی خۆسوتاندنەوە کۆتاییان بەژیانیان هێناوە.

لەپارێزگای لەغمان، پوتکانای تەمەن 25 ساڵ لەبەردەم خانەیەکی دادی لۆکاڵیدا ئاگری بەردایە جەستەی خۆی، وەك ناڕەزاییەك دژی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەسەر ژناندا دێتو دژی ئەو سیستمە زۆردارییەی ئەمڕۆ لە ئەفغانستاندا سەروەرە. دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت، ژمارەی دروست رەنگە

زۆر زیاتریش بێت، بەڵام تا ناوەڕاستی ساڵی 2007 دووسەدو پەنجا رووداوی خۆکوشتن تۆمارکرابوو، هەڵبەتە ئەمە جێگەی تێڕامانە. هەواڵە مرۆییەکانی IRIN ئەم کەیسانەیان تۆمارکردوە، بەڵام بەداخم، کە ئەم کەیسانە لەمیدیاکانی رۆژئـاوادا زۆر بایەخیان پێنەدراوە. ئەم دیاردە قێزەونانە ئاکامی شکستی تەواوی دادگاکانو سیستمی یاساییە لە ئەفغانستاندا. پیاوان دەتوانن بە ئاسانی دەست لەژنەکانیان هەڵبگرن، کەچی زۆر ئەستەمە ژنێك بەشێوەیەکی یاسایی جیابوونەوەی خۆی وەربگرێت.

سامیە کچێکی تەمەن 18 ساڵ بوو، لەقەزای فەرخاری سەر بەپارێزگای تەکهار دەژیا. کاتێك بەزۆر بەمێرد درا بە پیاوێکی تەمەن 60 ساڵ، کە ژنی تریشی هەبوو، بەداری حەوشەی ماڵەکەی خۆیاندا ملی بەپەتێکدا کردو خۆی خنکاند. هەر لە تەکهار کچێکی تەمەن 22 ساڵ بەناوی بیبی گوڵ لەتەویلەی ماڵی خۆیاندا بەنزینی بەسەرتاپای لەشی خۆیدا کرد، خۆی سوتاندو گیانی لەدەستدا. ئەمانیش قوربانییەکی دیکەی توندوتیژی خێزانی بوون.

زۆر نمونەم لەیادە کاتێك کچانو ژنان دەهاتنە لام و کوڵوکۆی خۆیان بۆ هەڵدەڕشتم، منیش هەوڵمدەدا دڵیان بدەمەوە و هاوکارییان بکەم، هانیانبدەم پەنا بۆ خۆکوشتن نەبەن، بەڵکو هەوڵبدەن ببنە بەشێك لەو خەباتو تێکۆشانە بە کۆمەڵەی لەهەوڵی بەدەستهێنانی دادپەروەریدان بۆ ژنانی ئەفغانستان. رادەی کلۆڵیو داماوی ژنانی ئەفغانی لەبەدواداچونێکی (UNIFEM)دا دەرکەوتبوو، کە %65ی ئەو 50 هەزار بێوەژنەی لە کابول دەژین یەکلاببوونەوە بەوەی تاکە رێگە بۆ رزگاربوون لەژیانی کولەمەرگیو مەینەتەکانیان تەنها خۆکوشتنە.

رێژەی بێوەژنان لە ئەفغانستان دەگاتە 1.5 ملیۆن، زۆرینە لەهەژارییەکی بێئەندازەدا دەژین. تەنانەت هەندێکیان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان پەنایان بۆ لەشفرۆشی بردوە. هەرچەند لەشفرۆشی شتێکی تازە نییە لە وڵاتەکەمانداو

لەسەردەمی رژێمی تاڵیبانیشدا بوونی هەبوو، بەڵام لەئێستادا زۆر بەرفراوانترە. بەگوێرەی رۆژنامەی (South China Morning Post): «گروپەکانی مافەکانی ژنانی ئەفغانی بڕوایانوایە ژمارەی سۆزانییەکان لەوڵاتدا لەچاو ساڵانی پێشو لەهەڵکشاندایە ، لەبەرئەوەی وڵات گەیشتووەتە ئاستێکی سەختی باری دارایی و بێسەروبەری یاسایی، بەجۆرێك هەرگیز لەوەوپێش وێنەی نەبووە».

سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژی، گەندەڵی و هەژاریەی لەوڵاتدا هەیە، هێشتا سەرکردەکانی رۆژئاوا پێداگری لەوە دەکەن ئەفغانستانی ئێستا زۆر باشترە لەسەردەمی پێش داگیرکردنی. ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی دۆناڵد رامسفێڵد لێپرسراوی پنتاگۆن لەپۆستەکەیدا نەما، خۆی بەرۆڵەکەیەوە هەڵدەکێشا لەبەڕێوەبردنی جەنگی سەر وڵاتەکەمدا: «ئێستا لە ئەفغانستان 25 ملیۆن کەس ئازاد و سەربەستن. سەرۆکی خۆیان هەیە، پەرلەمانی خۆیان هەیە. بە گشتی شتەکان زۆر باشتر بوون».

لە ئەفغانستان وتەیەك هەیە دەڵێت: هەموو ئێش و ئازارێك دەڕوات، بەڵام ئێشو ئازاری برسێتی لەبیرناچێتەوە. بەگوێری رێکخراوی خۆراكو کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان (FAO)، 70%ی ئەفغانییەکان، کە دەکاتە هەژدە ملیۆن کەس رۆژانە بەکەمتر لە دوو دۆلار ژیانیان دەگوزەرێنن و بەدەست نەبوونییەکی سەختی خۆراکەوە دەناڵێنن. لەگەڵ هاتنی زستانی 200-82009دا دەنگوباسی برسێتییەکی بێڕادەو بەرفراوان بڵاوبووەوە.

لەساڵانی دوای داگیرکارییەکەی ئەمریکادا، ئەفغانستانیش وەك ئەو وڵاتانەی لەپێشکەوتندان دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی بەجیهانیبوونی بەرکەوتوە. پشتبەستن بە سەربەخۆبوونو بـازاڕی ئـازادی نەپشکنراو کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردوەتە سەر کەسانی دەستکورت، جیاوازی، کەلێنی نێوان هەژاران و زەنگینی زیاتر کردووە. ئێوە دەزانن، لەگەڵ زیادبونی نرخی خۆراکە بنچینەییەکان لەجیهاندا، ئەوا کەسانی هەژاری ناوچەکانی وەك

ئەفغانستان زۆرترین دژواری دەچێژن. ژنانو منداڵانیش لەهەمووان زیاتر دەناڵێنن بەدەست نەدارییەوە.

له هیرات دەنگوباسی ئەوە بڵاوبووەوە، کە ژنێك لەبێچارەییدا کۆرپەکەی بە 10 دۆلار فرۆشتبوو. دایکانو بەتایبەتیش بێوەژنان بەناچاری دەبێت بڕیارێکی زۆر سەخت بدەن تا منداڵەکانیان لەهەتیوخانەدا دابنێننو لەوەش خراپتر منداڵەکانیان بفرۆشن، تا بتوانن بژێوی خۆیانو منداڵەکانی تریان دابینبکەن.

زستانی ساڵی 2007، زیاد لەهەزار کەس بەهۆی سەرماوسۆڵە، هەژاری و شوێنی نیشتەجێبوونی نەشیاوەوە مـردن. لەگەڵ سەختی هــەژاری و نەبوونی شوێن و پێداویستی تەندروستی، نەخۆشیەکانی وەك سیل لە هەڵکشاندایەو بووەتە مایەی مردنی چەندەها کەس. بە دەگمەن کارەبا هەیە، خزمەتگوزارییەکان پشتیان پێنابەسترێت، ژمارەیەکی زۆری خەڵك سوتەمەنیان نییە بۆ گەرمکردنی ماڵو بۆ چێشتلێنان. زیاتر لە 37 هەزار منداڵ تەنها لەشەقامەکانی کابولدا کار و سواڵ دەکەن، %80یان کوڕن و لەکۆی ئەوانیش %36یان تەمەنیان 810- ساڵە. بەگوێرەی بەدواداچونێکی رێکخراوی نێودەوڵەتی هاندیکاپ، لە ئەفغانستان لانی کەم 200 هەزار منداڵ کەمئەندامی هەمیشەییان هەیە، وەك نەتوانایی جەستەیی، تێکچونی هەست یانیش نەخۆشی دەروونی.

ئامارەکان رێژەی بێکارییان بە %60 خەمڵاندوە، بەڵام لەڕاستیدا رەنگە ئەو رێژەیە خۆی بدات لە %90. لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەك ژن لە کابولو چەند شارێکی دی، دەتوانن بچنە بەر خوێندنو کاربکەن، بەڵام ژیانی ژنانی ناوچە گوندنشینەکان هەرگیز پێشتر بەو شێوەیە خراپ نەبوو. رێژەی مردنی منداڵی ساواو دایکان لەبەرزترین ئاستدایە لە جیهان. لەهەر 28 خولەکێکدا ژنێکی ئەفغانی بەسەر منداڵبوونەوە دەمرێت. لەجیهاندا پارێزگای بەدخشان لەبەرزترین ئاستدایە بۆ رێژەی مردنی دایکان لەکاتی منداڵبونیاندا، لەکۆی 100

هەزار 6500 دایك لەکاتی منداڵبوندا گیان لەدەستدەدەن، ئەمەش بەراورد بە ولایەتە یەکگرتوەکان 123 جار زیاترە.

ئەگەر ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی ئازادکردنی ژنانی ئەفغانستانیان بەڕاست بوایە، ئەوا پارێزگاری و پشتیوانی سەردەستەی میلیشیاکان و ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانیان نەدەکرد، چوون ئەوان بوونەتە مایەی ئەو هەموو دەردیسەری، خەم و پەژارەیەی بۆ ژنان هاتوونە ئارا. لەوەش گرنگتر، ناتوانرێت لەدەرەوەی وڵاتەوە مافەکانی ژنان بەئێمە ببەخشرێت یان بەزەبری چەك بسەپێنرێت. یەکسانی ئەو بەهایەیە، کە پێویستە و دەبێت لەڕێی خەبات و تێکۆشانی ژنان و پیاوانی ئەفغانییەوە بەدەست بهێنرێت. ڕاستی ئەوەیە بەکارهێنانی دەستەواژەی مافەکانی ژنان پاڵنەرێکی ڕاستەقینە نەبوو، بەڵکو تەنها بیانویەك بوو بۆ هەڵایسانی جەنگ. ئەو بارودۆخەی منی تێدام خۆی لەخۆیدا نمونەیەکە بۆ نەهامەتیو کوێرەوەری بەردەوامی ژنانی ئەفغانی. ئەو هەموو پشتیوانییەی دۆزەکەم لەخۆی کۆکردوەتەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نابێت بۆ هەمیشە شتەکان لە ئەفغانستان وەك خۆیان بمێننەوە. لەهەموو سوچو کوڵانێکی وڵاتەکەمدا، گەلی چەوساوەی ئەفغانستان پشتیوانیو پێشوازیم لێدەکەن. ئەوی ئەوان وەك دەنگی خۆیان لەمن دەڕوانن، بووەتە سەرچاوەیەك بۆ هاندانو مایەی سەربەرزیمە. ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەپارێزگە دورەدەستەکانەوە دێنە لام بۆ کابولو هەستو کێشەکانی خۆیانم بۆ باسدەکەن، پشتیوانی خۆشیان بۆ دۆزە هاوبەشەکەمان دەردەبڕن.

تێکۆشان بۆ مافەکانی ژنان لەوڵاتێکی تەوقدراو و دواکەوتوی وەك ئەفغانستاندا خۆخستنە بەر مەترسیەکی گەورەو ڕووبەڕوبوونەوەی چەندین بەگژداچونەوە و ئاستەنگە. وەك ئەوە وایە هەوڵبدەیت بەپێچەوانەی تەوژمێکی بەهێزی ئاوەوە مەلە بکەیت، بەڵام ئەم خەباتە مایەی شانازییە. خەونی من ئەوەیە ڕۆژێك بێت ژنێکی دیموکراتخواز دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی

ئەفغانستان بگرێتە دەست. لەئێستادا بەتیشك خستنە سەر دۆخی راستەقینەی مافەکانی ژنان لە ئەفغانستاندا دەتوانین، تەنانەت بەدژە ژنە مێشکپوتەکان بڵێین کاتێك ژنان پێکەوە بکەونە کردار توانای گۆڕینی جیهانیان هەیە.

بۆ هەر کوێیەك گەشتم کردبێت، چالاکوانی زۆر باشم بینیوە کار بۆ مافەکانی ژنان دەکەن. لای من زۆر گرنگە، کە ئەو ژنانەی لەوڵاتی خۆیاندا گەلێ توشی کێشمەکێش دەبنەوە، کەچی کاتیش تەرخاندەکەن بۆ پشتیوانی کردنی ژنانی ئەفغانستان. ئەم پشتیوانکارییە نمونەیەکی زیندوە بۆئەوەی، کە ئەگەر بێت و یەکێکمان ئازاد نەبێت، ئەوا کەسمان ئازاد نین.

# بەشی سیانزە
# ئەو جەنگەی کۆتایی نایەت

3ی تشرینی دووەمـی ساڵی 2008، واتـە رۆژێـك پێش هەڵبژاردنە سەرۆكایەتیەكەی ولایەتە یەكگرتوەكان، فڕۆكەیەكی جەنگی ئەمەریكی موشەكێكی ئاراستەی گوندی ویش باغتو كرد لەنزیك قەندەهار. وا چاوەڕواندەكرا جەنگاوەرانی تاڵیبان بپێكێت، بەڵام بەر ئاهەنگێكی هاوسەرگیری كەوت، كە عەبدولجەلیل بۆ خوشكەزاكەی سازكردبوو. لەو دوانیوەڕۆیەدا 37 هاووڵاتی گیانیان لەدەستدا، 23 كەسیان منداڵ بوو. بوكەكەش لەبەرئەوەی پارچەی بەركەوتبوو لەنەخۆشخانە خەوێنرا.

بەپێی راپۆرتی چاودێری مافەكانی مرۆڤ، قوربانییە مەدەنیەكان بەهۆی هێرشەكانی ئەمەریكاو هێزەكانی ناتۆ لەساڵی 2006ەوە بۆ 2007 نزیكەی سێ هێندە زیادیكردوە. لەڕاپۆرتێكی نەتەوە یەكگرتوەكاندا هاتووە، لەساڵی 2008دا دوو هەزار هاووڵاتی مەدەنی لەململانێكانی ئەفغانستاندا كوژراون، لەچاو قوربانیانی ساڵی پێشودا بە 40% زیادیكردوە.

لەم ساتەوەختەدا تاڵیبان و سەردەستە میلیشیا ئوسوڵگەراكان 70%ی ئەفغانستانیان كۆنترۆڵكردەوەو بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەریش لەهەموو سەردەمێك ئاستی بەرزترە. رەوشی ئەمنی لەهەموو شوێنێك خراپتر بووە، دەبینین جارێكی تر هیوا كاڵو كرچەكانمان بۆ ئاشتیو دیموكراسییەكی راستەقینە بەرەو نەمان دەچن. سەرەڕای بوونی چەندین هێز لەزیاد لە 40 وڵاتەوە لە ئەفغانستاندا، بەڵام تاڵیبانو ئەلقاعیدە رۆژ بەڕۆژ لەبەهێزبووندان. لەسەرەتای ساڵی 2009دا، حامید كارزای، مەلا عومەری سەركردەی تاڵیبانی دڵنیاكردەوە لەوەی ئەگەر بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ حكومەتدا بێتە پێشەوە، ئەوا ئاسایشی ژیانی بۆ زامن دەكرێت. وەڵامی مەلا عومەر سادەو ساكار بوو: «سوپاست دەكەین، پێویستمان بەئاسایشی تۆ نییە، ئێمە لە ئەفغانستان ئەوپەڕی هەست بەئاسایش دەكەین».

لەئێستادا بـاراك ئۆباما جێگەی سـەرۆك جـۆرج بۆشی گرتوەتەوە،

ئەمیش پێدەچێت شوێنکەوتەی هەمان ئەو سیاسەتە شکستخواردوانە بێت، تەنانەت دەشێت بەرفراوانتریشیان بکات، وێڕای ئەوەی ئەو دەرئەنجامە تێکشکێنەرانەشیان لێکەوتۆتەوە. ئۆباما بەڵێنی ناردنی 30 هەزار سەربازی دیکەیدا بۆ ئەفغانستان، ئێمەش چاوەڕێی بوونە قوربانی زیاتری هاووڵاتیانمان کرد، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی رقو کینەو ناڕەزایی گەل دژی ئەو داگیرکارییە دڕندانە.

لە 30 ساڵی رابردودا هەموو جۆرە زەبروزەنگێك لە ئەفغانستان بەناوی سۆشیالیزم، ئایین، سەربەستی، دیموکراسیو ئازادکردنەوە ئەنجامدراون. لەئێستاشدا ئەم کردەوانە بەجەنگی بەناو دژە تیرۆرەوە پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە.

لەجیهاندا جۆرەها شێوازی تیرۆر هەیە. پێشتر دەربارەی تیرۆری دژی ژنانو تیرۆری هەژاری لەوڵاتەکەمدا شتم نوسیوە، بەڵام ئەوانەی هەواڵو دەنگوباس لەمیدیا ناسەربەخۆکانەوە وەردەگرن، رەنگە درك بەوە نەکەن هێرشی هاوپەیمانەکان بۆ سەر ئامانجەکانی ئەلقاعیدە و تاڵیبان، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی کوشتنو کەلەپاچەکردنو تۆقاندنی ئەفغانییە بێتاوانەکانیش. هەموو رۆژێکی ژیانمان لەترسی جەنگێکی بێکۆتادا دەگوزەرێنین.

مەرگ زۆر بەئاسانی و بەچەندین شێوازی جیاواز لە ئەفغانستانی «رزگارکراو»دا، یەخەمان پێدەگرێت. هەروەك پێشتر نوسیومە، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی بێئەندازە ئەفغانی بەهۆی ئەو سیستمەی بەردەوام نکۆڵی لەمافەکانی ژنان دەکات، گیانیان لەدەستداوە. دوای ئەوەش چەندەها کەسی بێتاوان لەتەقینەوە خۆکوژییەکانی تاڵیبان و ئەوانی تردا کوژراون. ئەمەش تیرۆرێکە دژی گەلی ئەفغانستان، هەڕەشەیەکە دەبێت 24 کاژێر لەخەیاڵتدا بێت و خۆتی لەگەڵ رابهێنیت. هەرکات لەماڵ دەچینە دەرەوە بۆ قوتابخانە، بۆ بازاڕ، یاخود بۆ خۆپیشاندانێك نازانین دەگەڕێینەوە یان نا. لە 8ی تەموزی ساڵی 2008دا تەقینەوەیەکی خۆکوژی گەورە لە کابول نزیکەی 200 کەسی کوشت.

منداڵێکی دوو ساڵ دەزانم، کە دایکی لەدەستداو ماڵێکی دیکەش 5 ئەندامی خێزانەکەیان لەو تەقینەوەیەدا تیاچوون.

جۆری تیرۆری دیکەش هەیە، کە لەئاسمانەوە دادەبوایەرێت. لەساڵی 2007و 2008دا ئەمریکا زۆر زیاتر لەعێراق بۆمبی بەسەر ئەفغانستاندا خستەخوارەوە. ئەو موشەکەی لە ویش باغتو ئاهەنگێکی هاوسەرگیری کردە ئامانج، نموونەیەکە بۆ چەندین رەشەکوژی لەو شێوەیە. بۆ نموونە لە 6ی تەموزی ساڵی 2008دا هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆردومانی ئاهەنگێکی هاوسەرگیرییان لەپارێزگای نەنگرهار کردو تیایدا بەبوکەکەوە 27 کەس بوونە قوربانی. لەڕووداوێکی جەرگبڕی تردا 27 کەسی مەدەنی بە هۆی هێرشێکی ئاسمانییەوە لەگوندی دورەدەستی نورستان تیاچوون. لەهەردوو ئەم حاڵەتەدا بەرپرسە سەربازییە ئەمەریکیەکان رەتیانکردەوە، تەنانەت داوای لێبوردنیش بکەن. لەحاڵەتی یەکەمیاندا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد تەنها «میلیشیایان» کوشتووە، لەکاتێکدا لەڕاستیدا ئامادەبووانی ئاهەنگەکەیان کوشت.

لەئەیلولی ساڵی 2008دا لەبۆردومانی هێزەکانی ئەمەریکادا بۆ سەر قەزای شینادای سەر بەپارێزگای هیرات، بەدەیان هاووڵاتی کوژران، لەسەرەتادا بەرپرسە ئەمەریکیەکان نکۆڵیان لەڕەشەکوژیەکە کردو دوای چەند مانگێکیش لەدواخستنی وردەکاری رووداوەکە ژمارەی کوژراوەکانیان بە 30 کەس دانا، بەڵام سەرچاوەکانی ناوخۆ رایانگەیاند نزیکەی 90 هاووڵاتی تیاچوبوون، ئەم ژمارەیەش لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پشتڕاستکرایەوە و لەڕاپۆرتەکەدا هاتبوو کە 60 کەسیان منداڵ بوون. کاتێکیش لەشاری ئەزیزئاباد سەدان کەس دژی ئەو بۆردومانە خۆپیشاندانیان کرد، لەلایەن هێزەکانی سوپای نیشتمانی ئەفغانستانەوە تەقەیان بەسەردا کرا.

بەپێی زانیارییەکانی پرۆفیسۆر مارك هیرۆڵد لەزانکۆی نیو هامپشەر، لەسەرەتای داگیرکردنی ئەفغانستانەوە تێکڕاو لانی کەم حەوت هەزار هاووڵاتی

لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاو ناتۆوە کوژراون. لەلێکۆڵینەوەیەکی گرنگدا دکتۆر هێرۆڵد کۆی گشتی هاووڵاتییە قوربا نییە کانی دۆکیومێنت کردووە، لەتشرینی یەکەمی ساڵی 2008دا بڵاوکرایەوە بەناونیشانی «زێدی مەرگ، وردەکاری بۆردومانەکانی ئەمەریکا و سەنگی ژیانی کەسێکی ئەفغانی». بەگوێرەی هێرۆڵد، کە بێگومان خەمڵاندنەکەی ژمارەیەکی کەمترە، «لەبەرئەوەی ئەو هەزارەها کەسەی تێدا دانەنابوو، کە دواتر بە هۆی هێرشەکانی ئەمەریکاو ناتۆوە مردن، ئەوانەی لەو ڕووداوانەدا مردوون، کە باسیان لێوە نەکرا، واتە ئەوانەی بەهۆی نەبوونی پێداویستیە گرنگەکانەوە لەکامپی ئاوارەکاندا گیانیان لەدەستداو هتد». ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆرینەی ئەو قوربانییە ئەفغانیانەی، کە لەهێرشەکانی بەناو «پشتیوانی نزیکی ئاسمانی» (CAS) کوژرانو لەلایەن هێزە زەمینییەکانی ناتۆوە داواکرابوون. ژمارەی بۆردومانەکانی (CAS) بەشێوەیەکی بەرچاو بەم ڕێژەیە زیادیکردوە، «لەساڵی 2005دا لە 176 کەسەوە بۆ 1.770 کەس لە 2006داو 2.929 لە 2007دا».

هێرۆڵد کاریگەرییە پێشبینیکراوەکانی ئەم بۆردومانانە بۆ سەر ئەفغانستان لەچەند دێڕێکدا کورتدەکاتەوەو دەڵێت، «لەڕاستیدا هێزەکانی ناتۆو ئەمەریکا لەبری هێزە زەمینییەکانیان پشت بەهێزی ئاسمانی دەبەستن، بەم هۆیەشەوە ڕێژەیەکی زۆری هاووڵاتیان دەبنە قوربانیو لەبەرامبەردا هاووڵاتیان پەنا بۆ بەرگریو بەرەنگاربوونەوە دەبەن. ئەمەش لە ئەفغانستان گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو تێدا کولتوری تۆڵەسەندنەوە لەمێژە بەشوێن ئەمریکیەکانەوەیە. هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا و ناتۆ دۆست دەکەنە دوژمن».

ئێسپیتگوڵ، کوڕێکی خەڵکی گوندی کارۆچە، هەر پێنج ئەندامی خێزانەکەی لەنێو ئەو 35 هاووڵاتییەدا بوون، کە بە هۆی بۆردومانی هێزەکانی ئەمەریکاوە لەپارێزگای لاغمان لەناوەڕاستی کانونی دووەمی 2009دا کوژران، بەپەیامنێری ئەلجەزیرەی ڕاگەیاند، «داوا لە حامید کارزای دەکەم ئەمەریکیەکان لە

ئەفغانستان بکاتە دەرەوە، ئەگینا خۆم بۆمبڕێژ دەکەمو خۆم دەتەقێنمەوە. من خزمەتی حکومەتم دەکرد، ئەوەی ئەوان بەرامبەر من ئەنجامیاندا ناڕەوا بوو. نامانەوێت ئەمەریکیەکان پردو رێگاوبانمان بۆ دروستبکەن، تەنها دەمانەوێت وڵاتەکەمان بەجێبهێڵن».

هێرۆڵد وەك هاودەمێکی ئاشتی، لەسەر ئینتەرنێت (پرۆژەی یادەوەری قوربانیانی ئەفغانی) دامەزراندوە، تێدا ناوی قوربانییە ئەفغانییەکانی بەهۆی جەنگەوە ریزکردوە. ئاشتەواییەکی درێژخایەن نایاتە ئاراوە، ئەگەر ژیانی ئەفغانییەکان هێندەی ژیانی سەربازە رۆژئاواییەکان بەهای بۆ دانەنرێت. مەرگی هەر کەسێك تراژیدیایەکە، بەڵام زۆربەی جار قوربانییە ئەفغانییەکانی دەستی ئەم جەنگە لەمیدیاکاندا تەنها بە «زیان پێگەیاندنی مەدەنی» ناوزەد دەکرێن، چونکە «بەهەڵە» دەکوژرێن. لەوکاتەی بەگەشتێك لە ولایەتە یەکگرتوەکان بووم چاوم بە مارك هێرۆڵد کەوتو ئەو دەرفەتەم بۆ رەخسا لەناخی دڵەوەو لەجیاتی گەلی ئەفغانی سوپاسی لێبکەم لەبەرامبەر ئەو کارە بێهاوتایەی ئەنجامی دابوو بۆ دۆکیومێنتکردنو بەنەمری هێشتنەوەی ئەو هاووڵاتییە بێتاوانانەی بە هۆی هێرشەکانی ئەمەریکاو ناتۆوە لەحەوت ساڵی رابردودا کوژرابوون.

هاوکات لەگەڵ ئەو تیرۆرو تۆقاندنەی لەئاسمانەوە دادەبارێت، لەسەر زەویش تیرۆر هەیە. کێڵگەو قەراغ جادەکانی ئەفغانستان هێشتا لێوان لێون لەو مینە نەتەقاوانەی لەسەردەمی داگیرکاریی سۆڤیەتدا چێنران، هاوشێوەی ئەو مینەی قاچێکی باوکمی پەڕاند. لە ئەفغانستان 10 ملیۆن کێڵگەی مین هەیە، ئەمەش وایکردوە بەیەکەم وڵاتی مینڕێژکراو دابنرێت لەجیهاندا کە زۆرترین ژمارەی مینی تێدابێت. ئەم جەنگەی دوایش چەند پێکهاتەیەکی دیکەی بۆ ئەم زەمینە کوشندەیە زیادکردوە لەجۆری بۆمبی هێشوویی‌و پاشماوەی یۆرانیۆمی بەتاڵکراوە*.

ئەو بۆمبە هێشووییە دژە کەسیانەی لەداگیرکارییەکەدا لەدژی تاڵیبان بەکارهێنران، کاتێك بەنەتەقاوەیی لەشەقامەکانو کێڵگەکاندا دەکەون لەیارییەکی بچوکی زەرد دەچن. چەندین منداڵ بەو هۆیەوە دەستو قاچو چاویان لەدەستداوە، لەبەرئەوە لەساڵی 2002دا خاچی سور هۆشیارییدایە منداڵانی ئەفغانی یاری بەو تەقەمەنیانە نەکەن. لەئایاری ساڵی 2008دا زیاد لە 100 وڵات گەیشتنە رێککەوتنێك بۆ قەدەغەکردنی بۆمبی هێشویی، بەڵام نەتەوە یەکگرتوەکان تا ئەم کاتەش ئیمزاکردنی ئەو رێککەوتنامەیە رەتدەکاتەوە. ئەگەر بەردەوام بن لەبەکارهێنانی ئەم بۆمبە بێبەزەییە کوشندانە، ئەوا ئەم کارەیان لەئەنجامدانی تاوانی جەنگ کەمتر نییە.

مەترسیەکی شـــاراوەی تر لەتیشکە نەبینراوەکانی پارچەی قـاوغو قاوانی یۆرانیۆمە بەتاڵکراوەکاندایە. یۆرانیۆمی بەتاڵکراوە زۆر ژەهراویە، کانزایەکی ئێجگار زۆر پەستێنراوەو لەبۆمبی «سەنگەر هەڵتەکێن»و موشەکە بەربەستبڕەکانی ئەمەریکاو ناتۆدا بەکاردەهێنرێن. بەکارهێنانی چەکەکانی یۆرانیۆمی بەتاڵکراوە تەنها زیانی بەمنداڵان نەگەیاندوە، بەڵکو بووەتە مایەی پیسکردنو ژەهراویکردنی رووەکەکانو لەناوبردنی ئاژەڵانی وڵاتە دەستکورت و وێرانەکەمان. ژمارەیەکی زۆری پسپۆڕانی تەندروستی لەئەفغانستانو چاودێرە نێودەوڵەتیەکانیش تێبینی زیادبوونی رێژەی شێواوییان لەمنداڵی تازە لەدایکبوودا کردوە، شایانی باسە ئەوە ئەنجامی کاریگەری راستەوخۆی ئەو هەزارەها بۆمبانەیە کە بەسەر ئەفغانستاندا فڕێدراونەتە خوارەوە.

باشە کەی ئەم توندوتیژیانە کۆتاییان دێت. چەند هاووڵاتی، بوكو زاوا، ژنو منداڵی تر دەبێت بکوژرێن؟ حوزەیرانی 2007 باڵیۆزی تازەی شانشینی یەکگرتو لە ئەفغانستان رایگەیاند، «ئەم پرۆسەیە پێشبڕکێیەکی راکردنی کورتی 3 ساڵە نییە، بەڵکو ماراسۆنێکی 30 ساڵەیە، دەبێت لێکدانەوە و بیرکردنەوەمان بۆ دەیان ساڵ هەبێت». تاکە هۆکاری درێژەکێشانی ئەم جەنگە

بۆ دەیان ساڵ ڕەنگە ئەوە بێت، کە مەبەستی سەرەکی ولایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دامەزراندنی بنکەی هەمیشەیی بێت بۆ خزمەتکردنی مەرامە ستراتیژییەکانیان. بەلای گەلی ئێمەوە، نەتوانینی ولایەتە یەکگرتووەکان بەو هەموو هێزە سەربازیی، تەکنەلۆژیاو دەسەڵاتەوە بۆ ڕوخاندنی ئەم گروپە دواکەوتووە بچوکانە، وەك گاڵتەجاڕییەك وایە. ئەم جەنگە لەیاری مشكو پشیلە دەچێت، تا پاساوی مانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان بەدەستەوە بێت.

لەڕاستیدا ئەم جەنگی بەناو دژە تیرۆرە، ڕێسایەکی ئەوپەڕی فریودەرە. تەواوی جیهان ئەمەی بینی کاتێك جۆرج بۆش و هاوکارەکانی درۆی شاخدارییان هەڵدەبەست بۆ پاساوهێنانەوەی پەلاماردانی عێراق، بەڵام مەبەستیان دەستگرتن بوو بەسەر سەروەتو سامانی عێراقدا، ئەویش لە سامانی نەوتدا خۆی دەبینییەوە. جەنگەکە سەدان هەزار کوژراوی عێراقی لێکەوتەوەو ملیۆنەها کەسیشی ئاوارەو دەربەدەر کرد. لەسەرو ئەوانەشەوە هەموو کەسێك دەزانێت ئەو جەنگە بووە مایەی بەهێزکردنی کاریگەری هەرێمیی ڕژێمی ئاینزای ئێران، لەکاتێکدا سەرکردەکانی ئەوانیش، هەمان دیدوبۆچونی تاڵیبانیان هەیە. لەوەش بترازێت ولایەتە یەکگرتووەکان، زەمینەیەکی بەپیتی دیکەی سازاندوە بۆ تیرۆریستان.

تیۆری پشت «جەنگی سەر تیرۆر» ئەوەیە ئەمەریکا بەدور دەکات لەوجۆرە تیرۆریستانەی هێرشە دڵتەزێنەکانی 11ی سێپتێمبەریان ئەنجامدا، بەڵام ئەوەی ڕوودەدات ئەوە ناگەیەنێت.

لەگەڵ کەمبوونەوەی ئاسایشی ناو دانیشتوانی ئەفغانیو عێراقی لەم ساڵانەی دوایدا، ئاسایشی جیهانی ڕۆژئاواش تا دێت کەمترو کەمتر دەبێتەوە، لەبەر ئەم جۆرە سیاسەتکردنە. تا دێت ژمارەیەکی زیاتری ئەفغانییەکان بێهیوا دەبن لەوەی هێزە بیانییەکان هیچ سودێکیان پێبگەیەنن. لەحوزەیرانی ساڵی 2008دا ڕاپرسییەك لەلایەن «ئەنجومەنی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایشو

گەشەپێدان» ئەنجامدراو تێدا دەرکـەوت، لەکۆی 10 کەسی ئەفغانی 6 کەسیان داوای رۆیشتنی هێزەکانیان دەکرد. راپرسییەکە بەناونیشانی، «عێراق: دڵە تورەکانو مێشکە تورەکان» هەمان دەرئەنجامی دەرخستبوو دەربارەی «جەنگی سەر تیرۆر» لە سۆماڵو هەردو وڵاتی عێراقو ئەفغانستان. ئەم راپرسییە رەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لەدیدوبۆچوندا دەربارەی هێزە بیانییەکان لەساڵانی رابردوداو شکستی سیاسەتی ئەمەریکاش دەردەخات بۆ «بردنەوەی دڵەکانو مێشکەکان».

دروست نییە بوترێت جەنگی عێراق «جەنگێکی خراپە»و ئەفغانستانیش «جەنگێکی باشە» وەك هەندێك کەس ئەم بابەتە دەوروژێنن. ئەم جەنگە کە بەسەرکردایەتی ئەمەریکایە، ئەفغانستانی لەناو تاوەکەوە دەرهێناوە بۆ سەر ئاگرەکە. جارێکی تر ئەمەریکا وڵاتەکەم بەکاردەهێنێت بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی. دەیانەوێت بۆ هەتا هەتایە لە ئەفغانستان بمێننەوە تا بنکە سەربازیەکانیان بهێڵنەوە و بەردەوام ئامادەگییان لەناوچەکەدا هەبێت. ناوجەرگەی ئاسیا ناوچەیەکی ستراتیژی زۆر گرنگە و ئەمەریکاش دەیەوێت بوونێکی سەربازی هەمیشەیی هەبێت لەناوچەکەدا تا بەتایبەتی دەسەڵاتی وڵاتی چین کەمبکاتەوە. ئەو زلهێزە وەك بەشێك لەیارییەکی گەورەی شەترەنج وڵاتەکەمانی داگیرکردووەو بۆ مەرامی خۆی بەکاریدەهێنێت. پێیان باشە رەوشەکە بەناجێگیری بمێنێتەوە تا بتوانن بۆ کاتێکی دیارینەکراو بمێننەوە.

هەروەها ناوجەرگەی ئاسیا لە سامانی نەوت و غازی سروشتیدا، ئێجگار دەوڵەمەندە. یەکێك لەو هۆکارانەی لەپشت مانەوەی ناتۆوەیە لە ئەفغانستاندا، بۆ زامنکردنی ئەوەیە رۆژئاوا زیاتر دەستی بەم سەروەتو سامانانە بگات. بۆ نمونە لەم دواییەدا راگەیەندرا بۆرییەکی گواستنەوە لەدەریای کاسپیانەوە بەناو تورکمانستان، ئەفغانستان، پاشانیش بەناو پاکستان و هندستاندا رادەکێشرێت. رۆژئاوا نایەوێت ئەم سامانانە بەناو ئێران، یاخود روسیادا بڕوات.

ئەفغانستان چەندین جۆری تری سامانی سروشتی دەستلێنەدراوی هەیە. بۆ نمونە لەرۆژهەڵاتی ئەفغانستاندا توێژاڵی بێشوماری مسو کانزاکانی تر هەن. لەباکوردا غازی سروشتیو ئاسن هەیە. لەم دواییەدا وڵاتی چین بایی بلیۆنەها دۆلاری گرێبەست ئەنجامدا بۆ دەرهێنانی مس لەوڵاتەکەماندا کە بە 88 بلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت. بەهۆی ئەو حکومەتەی لەئێستادا دەسەڵاتی بەدەستە، کە گەندەڵترین حکومەتە لەمێژووی ئەفغانستاندا، ئەم سامانانە بەتاڵان دەبرێنو پارەکەشی دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە. ئەگەر بمانتوانیایە بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی حکومەتێکی دیموکراتی راستەقینە پێکبهێنین، ئەوا کانگای ئەم وزەو سامانانە بۆ سودی هەموو گەلی ئەفغانی دەهێنرایە بەرهەم. ئەگەر سیستمەکە گەندەڵکار نەبوایەو بمانتوانیایە کۆنترۆڵی سامانەکانمان بکەین، ئەوا وڵاتەکەمان دەیتوانی لەسەر هەردوو پێی خۆی رابوەستێت. ئەو بارودۆخە کارەساتبارەی ئەمڕۆ لە ئافریکادا هەیە پیشانیدەدات، کە وڵات چی بەسەر دێت کاتێك سەروەتو سامانەکەی لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە بەتاڵان دەبرێت. بۆ نمونە کۆماری سیرالیۆن لە ئافریکا گەورەترین یەدەگی ئەڵماسی هەیە لەجیهاندا، بەڵام یەکێکە لەهەژارترین وڵاتی جیهان.

گەلانی زۆرێـك لەوڵاتانی دیکەش بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانەوە چەرمەسەرییان چەشتوە، ئەمریکاش تاکە حکومەت نییە، کە پاساوی کارو کردەوەی شەڕانگێزی گرتبێتەبەر دژی وڵاتانی تر بەبیانوی «بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم». زمانو تاکتیکی «جەنگی دژە تیرۆر» لەسەرانسەری جیهاندا لەلایەن حکومەتە سەرکوتکارەکانەوە بەکارهێنراوە وەك پاساوێك بۆ سیاسەتە دەستدرێژکارەکانیان و گرتنەبەری رێوشوێنی توند بەرامبەر ئازادییە مەدەنییەکان. وڵاتی چین ئەو تاکتیکەی بەکارهێنا بۆ رەوایەتیدان بەکردەوەکانی لە تبتو گرتنەبەری رێوشوێنە توندەکان دژی نەتەوە کەمینەکان

لەپارێزگا دورەدەستەکانیدا، هەروەها ئەو کاولکارییەی روسیا بەسەر گەلی شیشانی هێنا بەپاساوی جەنگی دژە تیرۆر هەمان پرۆسە بوو. ساڵی 2006 ئیسرائیل بۆردومانی لوبنانی کردو زیاتر لەهەزار هاووڵاتی کوشت، هەروەها ئەو داگیرکاری‌و رەشەکوژییە دەیان ساڵەی ئیسرائیل بەرامبەر فەلەستینییەکان لەئێستادا بەناوی «بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم»ەوە ئەنجام دەدرێت.

لەم سەردەمەدا «جەنگی دژە تیرۆر» وەك پاساوێك بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵایسانی جەنگ‌و داگیرکاری. لەڕابردوشدا ژمارەیەکی زۆر لەحکومەتە دیموکراتەکان روخێنران‌و دیکاتۆریەت لەژێر ناوی «بەرەنگاربونەوەی شیوعیەت»جێگەی گرتنەوە، بەڵام ئەمڕۆ بەزمانی «بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم» ئەو کارە جێبەجێدەکرێت. ئەیلولی ساڵی 1973 (CIA) بەناوی «بەرەنگاربونەوەی شیوعیەت» حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی سەلڤادۆر ئالندەی وڵاتی شیلی روخاندو لەبەرامبەردا ئویوستۆ پینۆشێت-ی دیکاتۆری فاشی لەجێگەی دانا. لەژێر فەرمانی کۆشکی سپی، ئویوستۆ پینۆشێت کوژراو بەدەیان هەزار خەڵکی دیموکراتخوازو خوێندکاری بێتاوان رەشبگیرکران‌و ئەشکەنجەدران‌و کوژران، لەئێستاشدا ئەو رۆژە وەك 11ی سێپتێمبەری یەکەم یاد دەکرێتەوە.

لەفیلمی دۆکیومێنتاری «جەنگی سەر دیموکراسی» کە لەلایەن دەرهێنەری فیلم‌و رۆژنامەنوس جۆن فیلگەرەوە بەرهەمهێنراوە، چاوەکانمان بەڕووی چەند زەبروزەنگێکی دیکەی وڵاتانی جیهان دەکاتەوە، کە لەلایەن ولایەتە یەکگرتوەکانەوە رێوشوێنی بۆ دانراوەو پاڵپشتی لێکراوە.

رووداوەکانی دیکەی ئەم دواییانەی جیهان دەیسەلمێنن، کە «هەناردەکردنی دیموکراسی» تەنها کەڵەکچێتییە لەپشت سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا. ساڵی 2002 ئیدارەکەی جۆرج بۆش پاڵپشتی لەکودەتایەکی شکستخوارد و کرد، دژی حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی ڤەنزوێلا. ساڵی 2004 فەرەنسا (لەتەك

ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا) حکومەتی دیموکراتی وڵاتی هایتی روخاند. لەهەمانکاتدا هەندێك لەهاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمەریکا بەدەر لەدیموکرات هەموو شتێکی دیکەن. بۆ نمونە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دو پایەی سەرەکی بۆ دەسەڵاتی ئەمەریکا لەناوچەکەدا، بریتین لەحکومەتی دیکتاتۆری میسرو رژێمی پاشایەتی ئوسوڵگەرای سعودیە. کاتێك شیکاری ئەم مەسەلەیە دەکەین، نابێت سەرمان بسوڕمێت، کە دەبینین ولایەتە یەکگرتووەکان پاڵپشتی کەسە دژە دیموکراتیەکان لەپۆستەکانی دەسەڵاتدا دەکات لە ئەفغانستاندا.

پۆشینی دەمامکی دیموکراسی لەلایەن تاوانکارانی جەنگەوەو دانیشتنیان لەپەرلەمانی وڵاتەکەماندا ئێجگار خراپە، چونکە سەربەستن بۆ دەرکردنی پرۆژەیاسای لێبوردنی گشتی بۆ زامنکردنی ئەوەی، هەرگیز نەبرێنە پێش دادگا لەبەرامبەر تاوانەکانی رابردویان، بەڵام ئەوی زیاتر وەك کارێکی قێزەون دەکەوێتەوە ئەوەیە، کە بە هۆی بێدەنگی حکومەتەکانی رۆژئاواوە تاوانکارەکان توانیویانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی حەسانە بۆ خۆیان مسۆگەربکەن. دەبوایە زۆر لەمەوبەر هەموویان بۆدادگایی کردنیان لە «دادگای جیهان»، راپێچی هاگ بکرانایە. لەجیهانێکی دادپەروەرانەدا ئەو تاوانکارانە تەواوی ژیانیان لەودیو دیواری بەندیخانەکانەوە بەسەردەبرد. لەوڵاتانی تردا راپێچکردنی تاوانکاران بۆ بەردەم دادگا بابەتێکی گرنگە، بەڵام لە ئەفغانستاندا بابەتێکی سەرەکییە. ئەگەر لەکۆتاییەکەیدا ئەم کەسانە یاسایان بەسەردا جێبەجێبکرێت، ئەوا هەموو شتێك روو لەباشی دەکات. خەڵکی وڵاتەکەمان دەربارەی ئەم بابەتە هێندە توندن، بەئاستێك کە نایانەوێت تاوانکارەکان تەنها بەسزای یاسایی خۆیان بگەن، بەڵکو دەیانەوێت ئێسقانەکانیشیان وردوخاش بکرێن. گەل دەیەوێت ئەم کەسانە، تەنانەت لەدوای کوشتنیشیان باجی تاوانەکانیان بدەن.

دەزانم لەهەندێك بەشی دیکەی جیهاندا بە ولایەتە یەکگرتووەکانیشەوە هەوڵو کۆشش لەئارادایە بۆ خستنەپاڵی تاوانی جەنگ دژی جۆرج بۆشو دیك

چینیو ئەندامە سەرەکیەکانی دیکەی ئەو ئیدارەیە. لەکۆتاییدا هیواخوازم گەلی ئەمریکی، بتوانن سەرکردەکانیان بخەنە ژێر باری بەرپرسیارێتیەوە.

لە ئەفغانستانو لە «جەنگی دژە تیرۆر»دا، ولایەتە یەکگرتوەکان چەند کەسێکی نابەرچاویان خستوەتە زیندانەوە، کە تەنها بۆ فریودانی خەڵکییە. پێویستە کەسە گەورەکانو سەری مارەکان بکەنە ئامانجو لەهەموشیان لەپێشتر بن لادنو جۆرج بۆش.

هەنوکە هێزەکانی ناتۆ و ئەمەریکا دەڵێن مانەوەیان لە ئەفغانستان بۆ راوەدونانی بن لادنو سەرهەڵدانەوەی تاڵیبانە، رەنگە گەڕانو پشکنینەکانیشیان لە کابوڵەوە دەستپێبکەن. وەك وتومە، ئەم حکومەتە نوێیەی ئەفغانستان تەنها کۆپیەکی تاڵیبان نییە، بەڵکو هەندێك کەسایەتی بەرچاوی رژێمەکەی پێشو جارێکی تر بەکارهێنراونەتەوە، لەپاکەت نراونەتەوە و لەئێستاشدا دەسەڵاتییان بەدەستە.

هەموو ئەمانە نیشانیدەدەن، کە ئەمەریکا کەمتر گرنگیداوە بەتێکشکاندنی تاڵیبان وەك لەگەشەپێدانی «تاڵیبانەکەمان، تاڵیبانە باشەکە» یاخود هەر ئوسوڵگەرایەکی «باش»ی دیکە، کە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن.

ئازاری 2008، راگەیاندنەکانی ئەفغانستان دەنگوباسێکیان بڵاوکردەوە و لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆشەوە پشتڕاستکرایەوە، کە هێلیکۆپتەرەکانی ناتۆ لەناوچەی ئارغەندابی سەر بەپارێزگای زابول سێ کۆنتێنەری گەورەی پڕ خۆراك، چەك و تەقەمەنییان بۆ فەرماندەیەکی تاڵیبان فڕێدابووە خوارەوە. ناتۆ رایگەیاند ئەو کارە بەهەڵە بوو، بەڵام لەنێو گەلی ئەفغانیدا، چەندین پرسیاری ورووژاند دەربارەی ئەگەری بوونی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ تاڵیباندا. خەڵکی فەرەحیش پەیوەندی هاوشێوەیان لەنێوان فەرماندەکانی تاڵیبانو تیمەکانی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەیی ئەمەریکادا بەدیکردبوو.

لەڕاستیدا لەکانونی یەکەمی ساڵی 2008دا، بەرپرسە باڵاکانی ئەمەریکا، پێشنیاری ئەوەیان کرد، کە کاتی دانوستان لەگەڵ تاڵیباندا هاتووە.

لەکۆڕبەندێکی «دامــەزراوەی کەلەپور» کە لەدەستەیەك بیرمەندی تازە پارێزکار پێکدێت، جەنەراڵ دەیڤد پاتریۆس، ئێستا بەرپرسی ئۆپراسیۆنەکانی ئەمەریکایە لە ئەفغانستان رایگەیاند، «ئەگەر کەسانێك هەبن خوازیاری ئاشتەوایی بن (لەگەڵ حکومەتدا)، ئەوا ئەوکارە دەبێتە هەنگاوێکی ئەرێنی لەهەندێك لەو ناوچانەی، کە بەڕاستی بارودۆخیان لەداتەپین دایە. گرنگترین لایەن دڵنیابوونە لەوەی هەرچیەك بەئەنجام بگەیەنرێت، بە هەماهەنگی تەواو دەکرێت لەگەڵ پشتیوانی تەواو بۆ حکومەتی ئەفغانستان».

بە گوێرەی ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز، پێشتر شا عەبدوڵڵای سعودیە میوانداری کۆبوونەوەیەکی کردبوو بۆ نوێنەرانی تاڵیبانو حکومەتی ئەفغانستان، «بوژاندنەوەی پێشبی نییە کان دەربارەی گفتوگۆیەکی رێتێچو».

لای من ناچێتە مێشکەوە، کە ئەوتاوانکارو ژنکوژانە بەبەشێك بۆ «دامرکاندنەوەی» «ململانێی ناو ئەفغانستان» دابنرێن، لەگەڵ ئەوەدا ڕاشکاوانە دەڵێم، کە مەحاڵە جیاوازی نێوان ئەوانە بکرێت بەخۆیان دەڵێن تاڵیبان، لەگەڵ ئەوانەی لەمڕۆدا لە کابوڵ هەموو دەسەڵاتێکیان بەدەستە. دەسەڵاتدارانی کابوڵ وەك کەسانی دیموکرات خۆیان نمایشدەکەن، ئەویش تەنها بۆ شاردنەوەی ئەو دیدو بۆچونانەی تەرزی بیرکردنەوەی تاڵیبانە، لەبەر ئەوانیش دوای زیاتر لەهەشت ساڵ دەستێوەردانی ئەمەریکاو ناتۆ، مافەکانی ژنان لە ئەفغانستان زامن نەکراون، نە دادپــەروەری و نە دیموکراسیشمان بەدەستنەهێناوە. وا دەردەکەوێت حکومەتی ئەمەریکا بیەوێت هەموو دەستەو تاقمە تاوانکارەکانی ئەفغانستان بەوردی ملکەچی فەرمانەکانی بکەنو بەپێی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بجوڵێنەوە، دەستە ئوسوڵگەراکانی هاوپەیمانێتی باکوریش سەلماندویانە، کە ئامادەن بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەفغانستان بکەنە قوربانی پارە، حەز و ئارەزویان بۆ دەسەڵات.

لەمڕۆدا سەراپای حکومەتەکەی کارزای بەبێ وەرگرتنی کۆمەکی دارایی

له ولایەتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانەکانی ناتوانێت بەڕێوەبچێت. بۆ نمونە لەئێستادا سوپای نیشتمانی ئەفغانی سوپایەکی نیشتمانی  نییە . سوپایەکی خۆبەخشیش  نییە ، سەربازەکانی موچەیان پێدەدرێتو بەداخەوە زۆربەی هێزەکان لەلایەن سەردەستەی میلیشیاو فەرماندە جۆراوجۆرەکانی هاوپەیمانێتی باکورەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

بێگومان لەڕەوشێکی لەم چەشنەدا وڵاتەکەمان ناتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، بەڵکو دەبێت هەر پشت بەهێزە بیانییەکان ببەستێت، ئەمەش سیاسەتی حکومەتی ئەمەریکایە، کە وڵاتەکەمانی بەم دەردە بردوە. ئەگەر هەلومەرجەکە بەمشێوەیە بەردەوامی هەبێت، لەو بڕوایەدام هێزە دەرەکییەکان، دەتوانن لەسەر ئاستی نەتەوە وڵاتەکەمان بەرەو دابەشکردن ببەن. لەم ساڵانەی دواییدا توانیویانە لەکۆمەڵگەی ئەفغانیدا جیاوازییە ئایینیو رەچەڵەکییەکان قووڵتربکەنەوەو ململانێیەکیان دروستکردوە کە نەك تەنها کارەساتێکە بۆ وڵاتەکەمان، بەڵکو هەڕەشەیەکە بۆ تێکدانی سەقامگیری تەواوی هەرێمەکە. لەئێستادا هەندێك سیاسەتمەدار بەتایبەتی لەتیف پێدرام وەك چارەسەرێك بۆ بەڕێوەبردنی ئەفغانستان باسی فیدراڵیزم دەکەن، بەڵام لەوڵاتێکی پڕ شەڕوشۆڕی وەك ئەفغانستاندا فیدراڵیزم لە کەرتو پەرتکردنی وڵات بەولاوە، هیچ دەرەنجامێکی دیکەی نابێت، بەچەشنێك کە تێدا سەردەستەی میلیشیاکان فەرمانڕەوایی پارچە بەش بەشبووەکانی وڵاتی تێدادەکەن. ئەوەش زۆر ئازاربەخشە کاتێك دەبینین لەدەروەی ئەفغانستان، پێدرام چەند خەڵاتێکی مافەکانی مرۆڤی پێبەخشراوە لەبەرابەر ئایدۆلۆژیا مەترسیدارەکەی. وەك هاووڵاتی ئەفغانی پێویستە لەسەرمان دژی پارچە پارچەکردنی یەکێتی نیشتمانەکەمان بوەستینەوە. نامانەوێت ئەفغانستانمان لەدەستبدەین.

لەهەمانکاتدا باس لەوە دەکرێت لەساڵی 2001ەوە، 15 بلیۆن دۆلار

هەڵڕژاوەتە ناو ئەفغانستانەوە بۆهاوکاری راستەوخۆ و رێکخراوە ناحکومیە ساختەکارەکان. لەجیاتی یارمەتیدانمان پێی، ئەم بلیۆنەها دۆلارە بەدەر لە گەندەڵیو خەمو خەفەت بەولاوە هیچی تری لێسەوز نەبووە.

راپۆرتی گەندەڵی نێودەوڵەتی ساڵی 2008، لەلایەن رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیەوە بڵاوکرایەوە، لەلیستێکی 180 وڵاتیدا ئەفغانستانی بە 172 هەمین وڵاتی گەندەڵ پلەبەندکردوە. لەکۆی 10 خاڵ ئەفغانستان 1.8 خاڵی پێبەخشراوە، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو راستیەیە، کە رێژەی گەندەڵی لەسەردەمی دوای تاڵیباندا زیاتر پەرەیسەندوە. بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتوەکان، «هەموو ساڵێك لە ئەفغانستان 100-250 ملیۆن دۆلار لەبەرتیل پێداندا دەخورێت، ئەمەش دەکاتە نیوەی بودجەی وڵات لەساڵی 2006دا».

بەگوێرەی بابەتێکی رۆژنامەی سەندەی تەلگراف لە 29ی کانونی دووەمی ساڵی 2007دا، «کاربەدەستانی بەرگری لە ولایەتە یەکگرتوەکانو بەریتانیا وایان خەمڵاندوە، زیاتر لەنیوەی ئەو هاوکارییانەی پێشکەش بە ئەفغانستان دەکرێت، ناگاتە دەست خەڵکی شیاو. بەرپرسێکی پنتاگۆن رایگەیاند هەزارەها ئۆتۆمبێلو بارهەڵگر دابینکراوە، تا لەلایەن پۆلیسی ئەفغانستانەوە بەکاربهێنرێن، بەڵام فرۆشراون».

دەردی گەندەڵیو کەلێنی سەرکردایەتیکردن لە کابوڵ یەکیانگرتوەو ئەفغانستانیان کردوەتە زەویەکی بەپیت بۆ بازرگانیکردن بەمادده سڕکەرەکانەوە. هەڵکەوتی ئەفغانستان وەهایە توانای کشتوکاڵکردنی هەیە بۆ دابینکردنی خۆراکی هاووڵاتیەکانی، بەڵام زۆرینەی زەوییە کشتوکاڵیەکان بەڕووەکی خەشخاش چێنراون، ئەویش لەبەرئەوەی رووەکێکە بەنەخت دەفرۆشرێتو هەناردە دەکرێت. (فەندی سکەی نێودەوڵەتی) دەڵێت لەساڵی 2001ەوە رێژەی بەرهەمهێنانی ئەپیوم بەڕێژەی زیاتر لەسەدا چوار هەزار بەرزبوەتەوە. لەم سەردەمەدا لەکۆی گشتی دابینکردنی ئەپیوم (ئەو مادده خاوەی هیرۆینی

لێدروست دەکرێت) بەڕێژەی 93% ئەفغانستان بەرهەمیدەهێنێت، لەساڵی 2008دا تێکڕا بە 8.200 تەن خەملێنراوە. گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی ئەپیوم، بووەتە مایەی دەوڵەندکردنی بازرگانانی ئەو ماددەیەو سەردەستەی میلیشیاکان، بەڵام ژیانی کەسانی ئاسایی ئەفغانی دژوارتر بووە. کاتێك جوتیارێك نەتوانێت بەرهەمی ئەو رووەکە سڕکەرانەی هەبێت، ئەوا لەبەرامبەر دانەوەی ئەوقەرزەی پێیانداوە ناچارەدکرێن کچەکانیان وەك هاوسەرگیری بفرۆشن بەسەردەستەی میلیشیاو ئەو سەرگەورانەی مامەڵە بەو ماددەیەوە دەکەن، جێی باسە ئەو کچانە بە (بوکی ئەپیوم) ناسراون. کچانیش وەك رووەکێکی دیکەی ماددەی سڕکەر بەنەخت مامەڵەیان پێوەدەکرێت. تەشەنەسەندنی ماددەی هۆشبەر لەوڵاتدا، ئەفغانییەکانی زیاتر توشی کێشەی ئاڵودەبوون کردوەتەوە. لەئێستاشدا ئەو تاڵیبانەی رۆژێك لەڕۆژان بەشێوەیەکی فەرمی بەرهەمێنانی رووەکی تلیاکی قەدەغەکردو بەنائیسلامی لەقەڵەمدا، سود لە بازرگانی کردنی ئەپیون وەردەگرێت. تەنها لەساڵی 2008دا ئەو پارەیەی دەستیانکەوت لەو رووەکەی جاران قەدەغەیانکردبوو بە 500 ملیۆن دۆلار مەزەندەکرا، هەڵبەتە ئەم سەرمایە لەیارمەتیدانی چالاکییە تیرۆریستیەکان و هێرشە دوژمنکارەکانیاندا بەکاردەهێنن. جارێکی تر سیاسەتە خۆپەرستەکانی حکومەتی ئەمەریکا خۆیانداوە بەسەر بابەتەکەدا.

ئەپیوم خەڵاتی جەنگی ساردە بۆ ئەفغانستان. هاوکات لەگەڵ پشتیوانیکردنی موجاهیدین لەسەردەمی وەستانەوە دژی روسەکان، دەزگای (CIA) دەستیکرد بەبرەوپێدانی چاندنی رووەکی خاشخاش لەناوچەی سنورییەکانی ئەفغانستانو پاکستان. دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە، کە لەساڵی 1981دا سەرۆك ریگان بەرنامەیەکی نهێنی پەسەندکرد بۆ لاوازکردنی شەڕکردنی سەربازە سۆڤیەتیەکان لە ئەفغانستان لەڕێی ئاڵودەکردنیان بەمادده هۆشبەرە نایاساییەکانەوە. دەنگوباسی ئەوە هەیە کارمەندانی (CIA) بەشێوەیەکی

راستەوخۆ بەشداربوون لەبازرگانیکردن بەماددەی هیرۆینەوە و چەندەها بەڵگە هەیە، کە (CIA) هاوکاری ئەو موجاهیدینە یاخیبووانەی کردووە، کە بازرگانییان بەماددەی هۆشبەرەوە کردوەو لەبەرامبەر ناردنی چەك و تەقەمەنی بۆیان، ئەوانیش هەر بەهەمان رێگەدا، ئەپیومیان بۆ ناردون. دەوترێت گوڵەبدین حیکەمتیار، یەکێکە لەگەورەترین بازرگانانی ماددەی هۆشبەر لەناوچەکەدا، ئەو تۆڕە بەکاردەهێنێت کە پێشتر (CIA) بۆ بازرگانیکردن بەو ماددانەوە دایبنابوو بۆ فەندکردنی ئەو یاخیبوونەی ئێستا لەئارادایە. ساڵی 2006، پەرویز موشەرەف سەرۆکی ئەوکاتی پاکستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، حیکمەتیار دەسەڵاتو ئەو پارەیەی لەماددەی هۆشبەرەوە دەستیدەکەوت، بەکاریدەهێنا بۆ پاراستنی ئوسامە بن لادنی دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا.

لەوەش بگوزەرێت لەم ساڵانەی دواییدا، ئەفغانستان بووەتە بەرهەمهێنەرێکی سەرەکی حەشیش. حکومەت بەشانازییەوە رایگەیاندووە کە هەندێك پارێزگا هەن ئەو جۆرە رووەکەی تلیاکیان تێدا نییە، بەڵام هەرگیز باس لەو راستییە ناکەن، کە بەرهەمهێنەرەکان بایانداوەتە سەر رووەکێك، کە ماریهوانەو حەشیشی لێدەردەهێنرێت. بۆ نمونە سەردەستەی میلیشیای پێشوو، ئوستاز عەتا موحەمەد، پارێزگاری پارێزگای بەلخ ستایشکرا بەرامبەر نەهێشتنی رووەکەکانی ئەپیوم و بەڵێنی خەڵاتی چەندین ملیۆن دۆلاری پێدرا بەناوی برەوپێدانی گەشەپێدان، بەڵام زۆر بەنهێنی شاردرایەوە، کە لەئێستادا بەلخ برێکی ئێجگار زۆر لەڕووەکێکی دیکەی نایاسایی بەرهەمدەهێنێت، واتە ماریهوانە.

هێزی یاریدەدەری ئاسایشی نێودەوڵەتی ناتۆ، هیچ باکێکی نەبووە بەرامبەر مەسەلەی مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستانو دەڵێت ئەوە ئەرکی حکومەتی ئەفغانستانە بچێت بەدەم ئەو کێشەیەوە. هێزەکانی بەریتانیا، کە لەپارێزگای هێڵماند جێگیربوونو ئەو پارێزگایەش دوو لەسەر سێی رووەکی ئەپیومی وڵات

بەرهەمدەهێنێت، لەڕێی پەیامی رادیۆییەوە جوتیاران دڵنیادەکاتەوە کە ئەوان بەهیچ شێوەیەك دەست بۆ کێڵگەکانیان نابەن.

مایکڵ چۆسودۆڤسکی لەسەنتەری توێژینەوەی جیهانگیری سەر بەڕێکخراوێکی کەنەدی دەڵێت، «لەجیهاندا لەدوای بازرگانی نەوتو چەكو تەقەمەنی، بازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکانەوە، بەگەورەترین کاڵای پەیداکردنی پارە دادەنرێت. *(TMF) مەزەندەی داهاتی نایاسایی ماددەی هۆشبەری لەجیهاندا لەنێوان 590 بلیۆن بۆ 1.5 ترلیۆن کردووە لەساڵێکدا، کە دەکاتە 25%- ی *(GDP) لەجیهاندا. ئەو بازرگانییە لە ئەفغانستان پشکێکی گەورەی ئاڵوێری ساڵانەی جیهانی لەمادده سڕکەرەکان بەردەکەوێت و نەتەوە یەکگرتوەکان بە 400-500 بلیۆن دۆلار مەزەندەی کردووە»، بەڵام ئەم ژمارەی دواییان دەریدەخات، کە بە تەنها جوتیارە ئەفغانییەکان ساڵی یەك بلیۆن دۆلاریان لەبەرهەمهێنانی رووەکی خەشخاشەوە دەستدەکەوێت. بە گوێرەی چوسودۆڤسکی، «داهاتی ئەم ماددە قاچاخە پڕ قازانجە بلیۆنەها دۆلارییە لەبانکەکانی رۆژئاوادا مۆڵ دەکرێن. نزیکەی سەرجەمی داهاتەکە دەچێتە سەر بەرژەوەندیی هاوبەشی سەرمایەدارە تاوانکارەکانی دەرەوەی ئەفغانستان».

ئیدارەکەی حکومەتی کارزای پڕە لەو سەردەستە میلیشیایانەی خەریکی بازرگانیکردنن، بەماددەی هۆشبەرەوە. هیلاری کلینتۆنی وەزیـری تازەی وەزارەتی دەرەوە، لەکاتی وتارەکەیدا سەبارەت بە ئەفغانستان وتی، «وڵاتی سڕکەرە»و حکومەت «بێدەسەڵاتەو توانایەکی سنورداری هەیەو بەدەست گەندەڵییەکی لەڕادەبەدەرەوە دەناڵێنێت».

وەك ئەوەی ئەم خراپەکارییانە بەس نەبێت، لەکانونی دووەمی ساڵی 2007دا کارزای، عیزەتوڵا وەسیفی وەك لێپرسراوی دژە گەندەڵی ئەفغانستان دەستنیشانکرد. کێشەی هەڵبژاردنی وەسیفی لەلایەن سەرۆکەوە چییە؟ وەسیفی تۆمەتبارێکی مامەڵەکاری ماددەی هۆشبەرە، نزیکەی چوار دانە

ساڵی لەزیندانی ولایەتی نیڤادا بەسەربرد، دوای ئەوەی بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ فرۆشتنی هیرۆین بەئەفسەرێکی پۆلیسی نهێنی دەستگیرکرا. ئەویش هاوڕێیەکی دێرینی خانەوادەی کارزای بوو، پێشتر پارێزگاری فەرەح بوو، بەڵام دوای ئەوەی خەڵکی ناڕەزاییان لەدژی دەربڕی لەپۆستەکەی لابرا. ئێمەی ئەفغانی وتەیەکمان هەیە دەڵێت، «کارزای کەروێشکێکی دانا تا ئاگای لەگێزەرەکە بێت!».

کاتێك پیاوێك تۆمەتی ماددەی هۆشبەری درابێتە پاڵ و لێپرسراوی دژەگەندەڵی وڵات بێت، ئەوا دەبێت هیچ زیادەڕەوییەك لەوتەکانمدا نەبێت، کە دەڵێم ئێستا ئەفغانستان گەندەڵترین وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان.

گەلی ئەفغانستان زۆر جوان دەبینێت سەردەستەی میلیشیاکان لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاو هێزە بیانییەکانی تـرەوە پشتیوانییان لێدەکرێت و دەپارێزرێن. ئەگەر بێت و پاڵپشتی ئەمەریکاو ناتۆیان نەبێت، تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش ناتوانن بەردەوامی بەئەجێندا فاشیستەکانیان بدەن.

هـەروەك لەوتارەکانیشدا لـەدەرەوە دوبـارەم کـردوەتـەوە، لەئێستادا کارەساتبارانە گەلی ئەفغانی لەنێوان بەرداشی دو دوژمندایە، ئەوانیش تیرۆریستە دژە ئەمەریکیەکانی وەك تاڵیبانن، لەلایەك لەگەڵ ئەو تیرۆریستانەی هاوپشتیوانی ئەمەریکان و لەگەڵ هاوپەیمانێتی باکوردا دەسەڵاتیان گرتۆتەوە دەست. ئەمەش دەرەنجامێك نییە خۆی لێ بەدوربگیرێت. دۆناڵد رامسفێڵدی وەزیری بەرگری پێشوی ئەمەریکا، کە زۆر شانازی دەکات بەوەی لە ئەفغانستان بەدەستیهێناوە، بڕیاریدا پەیڕەوی «ستراتیژی سەردەستەی میلیشیاکان» بکات بە پارەپێدان و چەکپێدانی توندڕەوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرێمە جۆراوجۆرەکانی وڵات بەهاوپەیمانی لەگەڵ ولایەتە یەکگرتوەکاندا.

تەنانەت سیناتۆر جۆزێف بایدن، لەئێستادا جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە، پێشبینی ڕوودانی بێمانایی ئەم ماوەیەی کردبوو. وتەکانی لەکتێبی (Decent

into Chaos)ی ڕەشید-دا بەمشێوەیە بڵاوکرابووەوە: «ئەمەریکا جێگەی تاڵیبانی بەسەردەستەی میلیشیاکان گرتووەتەوە. هێشتا سەردەستەی میلیشیاکان لەسەر موچەی ئەمەریکان، بەڵام ئەم کارە نەبووەتە هۆی دواییهێنانی توندوتیژی. ئەمەریکا تەنها لەوەدا شکستی نەخواردوە، کە دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێت، بەڵکو خەریکین دەیانکەینە بەشی هەرە گرنگی ستراتیژییەکانمان».

ئەو دەستکەوتە گەورە چاوەڕواننەکراوەی سەردەستەی میلیشیاکان لەبازرگانیکردن بەماددە هۆشبەرەکان، بەرتیل، دزی، فزی و پارە هەڵڕشتنی ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە دەیچننەوە، لەبواری هێزو سوپای تایبەتی زەبەلاحدا بەکاریدەهێنن. میلیشیاکانی ئەم سەردەستانە رووکاری «ئاسایشی گرێبەستی تایبەت»یان دراوەتێ. فەرماندەکانیان بەزۆری ئەو کەسە جەنگاوەرانەن، کە پێویستە لەچەك داماڵرێن. وەك بڵاوکرابووەوە لەتشرینی یەکەمی ساڵی 2008دا زیاتر لە 20 هەزار ئەفغانی داوای مۆڵەتی چەك هەڵگرتنیان بۆ ئەم «کۆمپانیای دابینکردنی ئاسایش»ە کردبوو. سەردەستەی میلیشیاکان ئەم هێزانە بەکاردەهێنن بۆ ترساندنی دوژمنەکانیانو تۆقاندنی هاووڵاتیانی مەدەنی ئەفغانی.

بەگوێرەی تۆڕی هەواڵی پاژوك ئەفگان، بەڕێوەبەری گشتی لێکۆڵینەی تـاوان عەلی شا پاکشیاول لەگەواهیدانی پێش کۆمسیۆنێکی پەرلەماندا رایگەیاندووە، کە جاشە بەکرێگیراوەکانو کارمەندە ناوخۆییەکانی دەزگاکانی ئاسایش لەچالاکییە تاوانکارییەکاندا بەشدارن. وتویەتی ئەو کۆمپانیایانە خاوەنی 11 هەزار چەکداری جۆراو جۆرن، 700 بارەگاو لقییان لەناوجەرگەی پایتەختدا هەیە. «زۆربەی کۆمپانیان ڕێگەمان پێنادەن چاودێری کارەکانیان بکەین».

جۆرەها فەرماندەی سەر بەهاوپەیمانێتی باکور، هەندێك لەم کۆمپانیایانە بەڕێوەدەبەن. پاسەوانەکانیان بەتاڵان کردنو تاوانەکانی تر تۆمەتبارن، بەڵام

هیچ ڕێوشوێنێك بەرامبەریان نەگیراوەتە بەر. ئەوان هێند دەسەڵاتدارن کە دەستەیەکیان هەڵیکوتایە سەر جەبار سابتی داواکاری گشتیو لێشیاندا، بەڵام هیچ لایەك نەیتوانی دەستگیریان بکاتو لەبەرامبەر ئەو کارەیاندا سزایان بدات.

لەم رژێمەی ئێستای ئەفغانستاندا کەسایەتیەکانی هاوپەیمانێتی باکور دەستیان خستوەتە دەستی داردەستەکانی پێشوی روسیا، وەك وەزیری پێشوی ناوخۆ موحەمەد کوڵەبزۆی، پاشاگەراکانی وەك موستەفا زاهیر (کوڕەزای زاهیر شا) لەگەڵ هەندێك کەسانی بەناو رۆشنبیر، کە زۆرینەی ژیانیان لەدەرەوەی وڵات بەسەر بردوە، تەنانەت خاوەنی رەگەزنامەیەکی دیکەشنو لەوپەڕی خۆشیدا دەژین، لەکاتێکدا تەواوی وڵات لەهەژاریدا دەتلێنەوە.

گەڕەکی شیرپور لە کابول بووەتە هێمای گەندەڵیو پێگەی دەسەڵاتی ئەو سەردەستە میلیشیاو بەرپرسە حکومیانەی، کەس ناوێرێت پێیانبڵێت «بەری چاوتان کلی پێوەیە». تا ساڵی 2003، شیرپور زەمینەیەکی سەربازی بوو، ئەویش کاتێك کرایە مۆڵگەی وەزیرە کۆنەکان، فەرماندەکانی پێشوی میلیشیاکان، وەزیرەکان (هەموو وەزیرەکان بەدەر لەوەزیرەکانی کابینەی چوار، کە زەویەکانیان بەنرخێکی رەمزی پێفرۆشرا) لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی حکومەت. لەهەڵمەتێکدا بەسەرۆکایەتی بەرپرسی پۆلیسی ئەوکاتی کابول، باسیر سەلانگی، خانوی ماڵە هەژارەکان شۆفڵیان لێدرا تا دەستەبژێرەکان بتوانن کۆشك و تەلارەکانیانی تێدا دروستبکەن. تەنانەت ئەمەریکا هەوڵیدا بێتە بابەتەکەوە بۆ بەرپێگرتنی ئەم کردەوانە، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو.

بەگوێرەی بابەتێکی رۆژنـامـەی(Chicago Tribune) لە 16ی ئازاری 2008دا، «خانوەکانی گەڕەکە قەشەنگەکەی شیرپور خەیاڵێکی منداڵانەی پایە ئاوێنەڕێژەکانو کاشیە رەنگاوڕەنگەکانی وەك پەلکەزێڕینە، پەنجەرە سەوزەکان، تاقە سەرنجڕاکێشەکان و دەروازە بەرزەکانە، هەروەها ئەمانە

بەڵگەیەکن لەسەر ئەوەی، چ کارێکی نالەبار بەسەر ئەفغانستاندا هاتووە، کە زیاد لە حەوت ساڵ تێپەڕیوە بەسەر راوەدونانی تاڵیبان لە پێگەی دەسەڵاتەوە بۆ شاخەکان». ئەفغانییەکان لەجیاتی ئەوەی بەو گەڕەکە قەشەنگەی کابوڵ بڵێن شیرپور، کە بە مانای «بەچکە شێر» دێت، ئێستا پێیدەڵێن «شیرچور»، کە بە مانای «تاڵانکراو لەلایەن شێرەکانەوە» دێت. ئەوانەی بەئینگلیزی قسەدەکەن بەو ستایلی تەلارسازییە دەڵێن «تەلاری-سڕکەر».

شیرپور تاکە ناوچە نییە، کە لەلایەن سەردەستەی میلیشیاکانەوە دەستی بەسەردا گیرابێت. زەوتکردنی زەوی بووەتە کێشەیەکی گەورە و نیشانەیەکی دیکەی گەندەڵی لە ئەفغانستاندا. وەزیری گەشەپێدانی شارنشینی ئەفغانستان دەڵێت، زەوتکردنی نایاساییانەی زەوی و زار لەلایەن کەسە دەسەڵاتدارەکانەوە لەڕۆژێکدا دەگاتە نزیکەی یەك میل چوارگۆشە. بەم شوێنە دەستبەسەرگیراوانەی گوت «زەوی مافیاکان».

ئەم وشانە لەکاتێکدا دەنوسم، کە سەرەتای ساڵی 2009یـە، تازەکی باراك ئۆباما پۆستی سەرۆکایەتی وەرگرتووە. ئەگەر هەیە ئەو بەچاوێکی توندترەوانەوە بڕوانێتە ئەو گەندەڵستانو خوێنڕشتنو ناسەقامگیریەی بەهۆی سیاسەتەکانی ئەمەریکاوە لە ئەفغانستان هاتونەتە گۆڕێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئاماژە سەرەتاییەکان مایەی نیگەرانین.

ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بکەین بۆ ئەو بەڵێنانەی ئۆباما لەماوەی کامپینەکەیدا رایگەیاند، لەگەڵ چەند مانگێك دوای هەڵبژاردنو بوونی بە سەرۆك رەنگە ئەوەبێت، کە یەکسەر گەلی ئەفغانی بڵێن ئۆباما زۆر لە بۆش خراپترە. وادەردەکەوێت خۆی و راوێژکارەکانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکەی هیچ وانەیەکیان لەحەوت ساڵی رابردو وەرنەگرتبێت، ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکەن تەنها وڵاتەکە بەرەو جەنگێکی بەرفراوانترو کاولکارییەکی زیاتر دەبوایەت.

لەکاتی کامپین و سەردانەکەی ئۆباما بۆ بەرلین، کاندی کرەولی لەکەناڵی (CNN) لێپرسی، ئایا لەو بڕوایەدایە لەو حەوت ساڵو نیوەی رابـردودا، شتێك هەیە وا پێویست بکات ئەمەریکا پۆزشی بۆ بهێنێتەوە، کە بە هۆی سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتەکەیەوە رویدابێت. ئۆباما وەڵامیدایەوە، «نەخێر، بڕوام بەپۆزشهێنانەوەی ئەمەریکا نییە. وەك وتم پێموایە جەنگی عێراق هەڵە بوو....».

دەرکـەوت وەڵامـی ئۆباماش دەنگدانەوەی هەمان وەڵامـی زبیگنیو برزەزینسکی بوو، کە راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆك جیمی کارتەر بوو، ئەو پیاوەی داڕێژەری ئەو سیاسەتانە بوو، کە ئەفغانستانی بەم رەوشە کاولکارییەی ئەمڕۆ گەیاند. چەند ساڵێك لەمەوبەر کاتێك برزەزینسکی پرسیاری ئەوەی لێکرا ئایا پەشیمان نییە لە پشتیوانیکردنی ئوسوڵگەرا توندڕەوە ئیسلامیەکان بەپێدانی چەكو رێنوێنی کردنیان وەك بەشێك لەسیاسەتەکانی ئەمەریکا دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان. لەوەڵامدا وتی، «کام لەمانە گرنگترین شتە لەمێژووی جیهاندا؟ تاڵیبان یاخود رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت؟ هەندێك بابەتی مسوڵمانان، یاخود ئازادکردنی ناوجەرگەی ئەوروپا و کۆتایی جەنگی سارد؟»

لەحکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئەمەریکادا، سوپا، ناوچە، ئابوری و بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی خۆیان لەپێش هەموو شتێکی دیکەوە داناوە، ئامادەشن ملیۆنەها ئەفغانی بکەنە قوربانی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان. وتە جوانەکانیان دەربارەی «مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری، ئازادی، سەربەستیو دیموکراسی»و بابەتەکانی دیکە لەدرۆ بەولاوە هیچی تر نییە. هیچ بەهایەك بۆ گیانی ئەفغانییەکان دانانێن. لەمەشدا وادەردەکەوێت، هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەفەرمانڕەواکانی پێشوی وڵاتەکەی.

لەجیاتی قسەکردن لەسەر بردنەدەرەوەی سەربازەکانی وڵاتەکەی لە ئەفغانستان، ئیدارەکەی ئۆباما باسی زیادکردنی 30 هەزار سەربازی دیکە

دەکات لەساڵی 2009دا. بەوەش تێکڕای ژمارەی سەربازە بیانییەکان دەگاتە نزیکەی 70 هەزار سەرباز، ئەمە بەدەر لەو سەربازانەی ئەفغانستان، کە پێیان دەوترێت گرێبەستە تایبەتەکان. لەساڵانی هەشتاکاندا، یەکێتی سۆڤیەت ژمارەیەکی زیاتری سەربازی لە ئەفغانستاندا هەبوو، لەوانەیە سەرکردەکانی ناتۆش، سەرنج بەقسەکانی هەندێك لەپێشینە رووسیەکانیان بدەن.

لیوا باریس گرۆمۆڤ، فەرماندەیی هێزەکانی سۆڤیەتی، لەکاتی کشانەوەیاندا لەساڵی 1989دا رایگەیاند، «لەو بڕوایەدابووم و بڕواشم وایە ئەو جەنگە هەڵەیەکی سیاسی زۆر گەورەی یەکێتی سۆڤیەت بوو لەوکاتەداو لەزۆر رووشەوە جێگەی خۆی ناگرێتەوە». بێگومان تەنها هەڵە نەبوو، بەڵکو تاوانێك بوو، کە بووە مایەی ئاوارەبوون و شەهیدبوونی ملیۆنەها هاووڵاتی وڵاتەکەم. ویلایەتە یەکگرتوەکان تاکە زلهێز نییە، کە پێی باش نییە داوای لێبوردن بۆ کردەوەکانی لە ئەفغانستان بکات.

یان ئەوەتە ئۆباما نایەوێت بزانێت، یاخود هیچ ئاگای لەگیروگرفتە سەرەکییەکانی ئەفغانستان نییە و بەم هۆیەشەوە لەسەر سیاسەتە هەڵەکانی ئیدارەکانی پێشوی حکومەتی ئەمەریکا بەردەوام دەبێت. تەنانەت هەوڵیشی نەدا بۆ لەسەرکارلادانی رۆبەرت گەیتسی وەزیری بەرگری، کە لەپشت شکستهێنانی جەنگی ئەمەریکا بوو بۆ سەر عێراق و ئەفغانستان. ئەگەر ئۆباما بیەوێت هەر کارێکی ئەرێنی لە ئەفغانستان بەئەنجامبگەیەنێت، یاخود ئەگەر نیگەرانی نەهامەتیەکانی گەلی ئەفغانی بێت، ئەوا پێویستە لەپێش هەموو شتێکەوە بەتوندی رەخنە لەهەڵەکانی رابردوی حکومەتی ئەمەریکا بگرێت. پێویستە سەرزەنشتی ئەوە بکات، چۆن ویلایەتە یەکگرتوەکان بووە مایەی گۆڕینی ئەفغانستان بۆ مۆڵگەیەکی سەلامەتی تیرۆریستە ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان و ئێستاش یارمەتی برەوپێدانی رژێمێکی گەندەڵ و دەسەڵاتدارێکی مافیای ماددە هۆشبەرەکان دەدات.

ئەگەربێت‌و دەرفەتێکم بۆ هەڵبکەوێت چاوم بە سەرۆك ئۆباما بکەوێت، هەوڵدەدەم ئەم خاڵانەی پێڕابگەیەنم‌و زۆر بەڕاشکاوانە پێیبڵێم، کە حکومەتی ئەمەریکا ئەوپەڕی ناپاکی لەگەڵ گەلی ئەفغانیدا کردوە. تکای لێدەکەم ئەم شێوازی سیاسەتکردنە رابگرێت‌و کۆتایی بەتاوانە بەردەوامەکانی سەر گەلە ستەمدیدەکەم بهێنێت.

رۆژ لەدوای رۆژ گەلی ئەفغانی بەهۆی هێزە بیانییەکان و «ستراتیژی سەردەستەی میلیشیای» ئەمەریکاوە زیاتر پەست و تورە دەبن. بەداخەوە چەند هەفتەیەك دوای دەستبەکاربوونی ئۆباما، هێشتا هیچ ئاماژەیەك نییە نیشانی بدات ئۆباما لەسەرچاوەی گیروگرفتەکانی ئەفغانستان تێگەیشتبێت. یەکێك لە کارە بەراییە فەرمیەکانی رێگەپێدانی هێرشێکی ئاسمانی بوو بۆ سەر ناوچەیەکی هۆزنشینی پاکستان. بۆردومانی سنورەکانی نێوان ئەفغانستان‌و پاکستان تەنها رق‌و کینەی خەڵکی زیاتر دەکات بەرامبەر ولایەتە یەکگرتوەکان‌و هیچ سودێکیشی نابێت بۆ گۆڕینی بارودۆخی ئەفغانستان.

دەبێت بڵێم لەم هەڵبژاردنەی دوایی ئەمەریکادا زۆر گوێم بەڕەچەڵەکی سەرۆك نەدەدا. هەردوو پاڵێوراوەکە لەسیاسەتی دەرەوەدا هەمان پەیامیان هەبوو، بەتایبەتی سەبارەت بە ئەفغانستان. ئەگەر تەماشایەکی مێژوو بکەین، بۆ چەندین دەیەیە سیاسەتەکانی حکومەتەکانی ئەمەریکا بەنەگۆڕی ماوەتەوە. هەڵایسانی جەنگ سیاسەتی هەریەك لەسەرۆکەکان بووە. پشتیوانیکردنی ئیسرائیل‌و چەوساندنەوەی فەلەستینییەکان سیاسەتی هەموو سەرۆکەکان بووە. تەنانەت ئۆباما لەمیانەی کامپینەکەیدا لەوەش زیاتر تێپەڕی‌و رایگەیاند، «ئاسایشی ئیسرائیل زۆر گەورەو پیرۆزەو بوار بۆ قسە لەسەرکردنی نییە... هەر رێککەوتنێك لەگەڵ گەلی فەلەستینیدا بکرێت، پێویستە شوناسی ئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی جولەکە بپارێزێت‌و سنورەکانیشی پڕ ئاسایش‌و دانپێدانراو پارێزراو بێت. قودس هەر بەپایتەخی ئیسرائیل دەمێنێتەوەو ناشبێت دابەشبکرێت....

با هیچ گومانێك نەبێت كە: هەمیشە هێرشی سەربازیی لەئامادەبوایەشیدا دادەنێم بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتمانو ئیسرائیلی هاوپەیمانمان».

دەستوەردانە كاروباری ئەو وڵاتانەی حكومەتەكانیان دژی بەرژەوەندییەكانی ئەمەریكا دەجوڵێنەوە سیاسەتی هەموو سەرۆكێكی ئەمەریكایە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی میلیتاریزمو ئیمپریاڵیزم پۆستێكی زاڵی لەجیهاندا بەخشیوەتە ولایەتە یەكگرتوەكانو بەبێ جەنگیش ئیمپراتۆریەتەكەی هیچ داهاتویەكی نابێت. لەڕاستیدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا داڕێژراوەو كاری سەرۆكیش جێبەجێكردنییەتی. بڕوامەوایە هەركات هاووڵاتیانی ئەمریكاو وڵاتەكانی تر لەلێپرساوێتیەكانیان تێگەیشتن، ئەوا تەنها خۆیان دەتوانن ئەم بارودۆخە بگۆڕن. لەناخی دڵمدا ئەوپەڕی بڕوام وایە هاووڵاتیانی ئاسایی دەتوانن ئەم راستییە تاڵە بگۆڕن.

تكایە لەوە تێبگەن بەم شێوەیەیە، كە چۆن سەرۆكە تازەكەی ئەمەریكا لەگەلی ئەفغانی دەڕوانێت. دەزانم هەڵبژاردنی ئۆباما بەهایەكی هێمایی بەرچاوی هەیە لەلایەنی خەباتكردنی ئەفەریقیە- ئەمەریكیەكان بۆ مافی یەكسان، كە یەكێكە لەو خەباتانەی بەرز دەینرخێنم و رێزم بۆی هەیە، بەڵام ئەوەی بەلای جیهانەوە گرنگە، لەوەدا خۆی نابینێتەوە سەرۆك سپی، یان رەش پێست بێت، بەڵكو بیرو كردەوەكانی گرنگە. لای ئێمە ئەگەر بێتو ئۆباما بەردەوام لەسەر ئەو رەوتە بڕوات كە هەڵیبژاردوە ئەویش دەبێتە هێمایەك بۆ سیاسەتێكی نادادپەروەری جەنگو دەسەڵات زاڵیی.

پێویستە سەركردایەتی نوێی ئەمەریكا لەشكستەكانی سیاسەتی پێشوی وڵاتەكەی ئەزمون وەربگرێت. تەنانەت ژمارەیەكی زۆری بەرپرسی سەربازیو هەواڵگری ولایەتە یەكگرتوەكانو شانشینی یەكگرتو، دان بەوەدا دەنێن، جەنگی ئەفغانستان بەئاقارێكی زۆر خراپدا دەڕوات. وتەكانی فەرماندەی سەربازی باڵای بەریتانیا لە ئەفغانستان عەمید مارك كارلیتۆن سمس لەڕاگەیاندنە

جیهانییەکاندا دەنگی دایەوە، کاتێك رایگەیاند ناتوانرێت سەرکەوتن لەجەنگی ئەفغانستاندا بەدەستبهێنرێت، وتیشی نابێت خەڵکی چاوەڕێی «سەرکەوتنێکی سەربازی» تەواوبن. لەسەرەتای 2008دا، میشێڵ مککۆنێڵ بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی ئەمەریکا بە (کۆمیتەی خزمەتگوزارییە چەکدارەکانی ئەنجومەنی پیران)ی راگەیاند، لە %70ی ئەفغانستان بێ یاساو رێسایە. حکومەتی ئەفغانی تەنها کۆنترۆڵی %30ی ئەفغانستانیان بەدەستەوەیەو لەو شوێنانەشی تاڵیبان‌و سەردەستەی میلیشیا ناوخۆییەکان دەسەڵاتیان بەدەست بێت کار بەیاسا ناکرێت.

لەئێستادا ئەو ئاکامە خراپانەی سوڕخواردنی توندوتیژی، کە بەهۆی جەنگ‌و داگیرکاری سەر ئەفغانستانەوە هاتونەتە گۆڕێ هێند بەرچاوبوون، تەنانەت میدیاکانی رۆژئاواش دەستیانکردوە بەڕاپۆرتدان لەسەر رەوشەکە. ساڵی 2007، کەسایەتییەکی رۆژنامەی نیۆرك تیامز بەتاسەوە نوسیویەتی «چۆن جەنگێکی باشی ئەفغانستان بەرەو خراپی رۆیشت». لەوکاتەوەی ئۆباما بەسەرۆك هەڵبژێردراوە، هەمان بابەت بووەتە مانشێتی سەرەکی چیرۆکەکان دەربارەی گەندەڵی بەربڵاوی ناوەخۆی ئەفغانستان. تەنها چەند رۆژێك دوای ئەوەی ئۆباما چووە ئۆفیسی سەرۆکایەتییەوە لەسەردێڕی لاپەڕەی سەرەکی رۆژنامەیەکدا نوسرابوو «جەنگی ئۆباما: ترسان لەپێوەبوونی تەڵەیەکی تری ئەفغانستان». دەنگوباسی ئەوە هەبوو، پێدەچێت ئیدارەکەی ئۆباما فشار بخاتە سەر کارزای بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی توند بەرامبەر گەندەڵی‌و بازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکانەوە، تەنانەت پێدەچێت چیتر ئەمەریکا پشتیوانی خودی کارزای نەکات.

خشتەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان بۆ ساڵی 2009 دەستنیشانکراو لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەو وادەیەدا کارزای بەئاشکرا دەستیکرد بەڕەخنەگرتن لەستراتیژیەکانی رۆژئـاوا لە ئەفغانستان‌و تۆمەتباری کـردن بـەوەی

لەجێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان بۆ گەلی ئەفغانی شکستیان هێنابوو، بەڵام هەموو کەسێك دەیوت، ئەم گۆڕینی لێدوانانە تەنها بەشێکە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنو خەمی راستەقینەی بۆ گەلی خێرلەخۆنەدیوی ئەفغانستان تێدا نییە. تەنانەت کەسانی وەك عەلی ئەحمەد جەلالی وەزیری ناوخۆی پێشوی حکومەتەکەی کارزایو ئەشرەف غانی ئەحمەدزای وەزیری دارایی پێشو، رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لەدامەزراندنی ئیدارە گەندەڵەکەی کـارزای، بوونە رەخنەگری رژێمەکەی کارزای. وەك نیشتمانپەروەر خۆیان دەنواندو دەیانویست گەلی ئەفغانی لەخشتەبەرنو لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا دەربچن، بەڵام زۆربەی ئەفغانییەکان پێکەنینیان پێیان دەهاتو دەیانوت رەنگە ببنە سەربازی دەستی ئەمریکا لەگەمەی شەترنجی ئەفغانستاندا.

لە 30 ساڵی رابــردودا هەرچیمان هەبوو لەدەستماندا، پێموایە تاکە لایەنی ئەرێنی بەدەستمان هێنابێت، هۆشیاری سیاسی گەلەکەمان بووە. لەم سەردەمەدا، لەژێر سێبەری چەك، گەندەڵترینو ناپەسەندترین حکومەتی جیهاندا ژیان دەگوزەرێنین. خەباتی بنیاتنانی دیموکراسیەکی راستەقینە لە ئەفغانستاندا چەندین دەیەی پێویستە.

پێناچێت لەژیاندا بمێنم تا کۆتاییەکەی ببینم، بەڵام باوەڕم وایە لەنێو گەنجانی وڵاتەکەماندا زۆرێك هەن، کە ئەو هەوڵو تێکۆشانە دەگرنەدەست. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئازاییو جەربەزەیی گەنجانی ئەفغانستان تا ئەو کارە تەواو بکەن، کە ئێمە دەستمان پێکرد. ئەمە خەباتی نەوەکانە، بەڵام ئەو گەشبینییەم هەیە، کە هەردەم مارتن لوسەر کینگ ئاماژەی بۆ دەکرد، «هێڵی چەماوەی مێژوو دورودرێژە، بەڵام بەرەوڕووی دادپەروەری دەچەمێتەوە».

لەگەشتەکانمدا بۆ ئەمریکاو وڵاتەکانی تر بۆمدەرکەوتوە، کە چەندەها کەس هەن پێداگری لەسەر گۆڕینی دیدوبۆچونی ئۆباما دەکەن، تا کار بۆ ئاشتی بکات. ئەو گەنجانەی بینیومن هیوای گەورەم پێدەبەخشن بەوەی

نەوەکانی داهاتوو لەتوانایاندا دەبێت خۆشی لەجیهانێك ببینن، کە «جەنگی دژە تیرۆر» بووبێتە بیرەوەرییەکی لەمێژینە، یان بەسەرهاتێکی ورياکەرەوە لەپەرتوکە مێژووییەکاندا.

ئەگەر سیاسەتی ئێستای ئەفغانستان لەشکستدابێت، چ بژاردەیەکی تر لەبەردەستدایە؟ سەرەڕای ئەو هەموو تراژیدیایانەی لەم دەیەیانەی دواییدا بەسەر وڵاتەکەماندا هاتوون، لەو بڕوایەدام ئەگەر گەلی ئەفغانی دەرفەتیان پێببەخشرێت ئەوا توانای دارشتنی رێبازی ئاشتیو سەربەخۆییان دەبێت.

# بەشی چواردە
# ئەو رێگا دورودرێژەی لەپێشمانە

بابەتێکی گرنگ لەمیانەی گەشتەکانمدا بۆمدەرکەوت ئەوەیە، کە بێشومار خەڵك لە هەموو نەتەوەکانەوە، چ ژن چ پیاوی میهرەبان هەرکات راستیەکانیان بۆ بەیان دەبێت، دەکەونە کارو دەیانەوێت یارمەتی ئەفغانستان بدەن. هیوادارم خوێندنەوەی چەرمەسەریەکانی ئەفغانستان پاڵنەرتان بووبێت، بۆئەوەی بتوانن دەستی یارمەتی بۆ گەلەکەمان درێژبکەن.

لەبەشەکانی پێشودا هەوڵمدا هەندێك لەو درۆ و دەلەسانەی دەربارەی ئەفغانستان دەوترێن ئاشکرا بکەم. هاوکات هەستدەکەم ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەك لەسیاسەتدا ئێجگار پێویستە. لەبەرئەوە هەندێك لەو شتانە دەخەمە بەرچاو کە وڵاتانی دەرەوە دەتوانن ئەنجامیبدەن، تا بەڕاستی یارمەتی ئەفغانستانیان پێبدرێت. پێویستە ئەو حکومەتە دەرەکیانەی خۆیان گلاندووە لە وڵاتەکەمانەوە لەلایەن گەلەکانیانەوە فشاریان بخرێتەسەر، تا هەندێك لەم پێوەرانە پەیڕەو بکەن، هەڵبەت ئەگەر وەك هاوڕێیەکی راستەقینەی ئەفغانستان کاردەکەن.

### کۆتایی بەجەنگەکە بهێنن

یەکەم شتێك پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەئەنجامی بگەیەنێت، رەتکردنەوەی ئەو جەنگەیە، کە بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا بەرۆکی گرتووین. هاووڵاتیانی ئوستورالیا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، فەرەنسا، شانشینی یەکگرتو، هۆڵەندا، کەنەداو ئەووڵاتانەی هێزی سەربازییان لەخاکەکەماندا هەیە، رۆڵێکی گرنگیان بە ئەستۆدایە. پێویستە بوترێت لەم ساتەدا ئەفغانییەکان جیاوازی ناکەن لەنێوان سەربازە ئەمەریکیەکانو سەربازەکانی ئەواندا، وەك هێزێکی داگیرکەر لێیاندەڕوانن نەك رزگارکەر، یاخود ئاشتی پارێز. دەبێت ئەم وڵاتانە نەبەردانە بەسەربەخۆیی کاری خۆیان بکەن نەوەك لەژێر کاریگەری سیاسەتی هەنوکەیی حکومەتی ئەمەریکادابن. کوێرانە شوێنکەوتنی ئەمەریکا، لەبەرژەوەندی هیچ

وڵاتێکدا نییە، پاشان ئەگەر گەلە بچوکەکان ئاراستەی کارکردنیان لە ئەفغانستان بگۆڕن، ئەوا پەیامێکی گەورە بۆ ئەو زلهێزە دەنێرن.

ئەمە بەمانای ئیدانەکردنێکی بەهێزی تاکتیکی هێرشەکانی شەو، ئەشکەنجەدانو بۆردومانە ئاسمانییەکان دێت، کە لەهەموو لایەکەوە زیادبوونی توندوتیژی لێدەکەوێتەوە. ئەم هەڵوەستەیە سیاسەتی تازەی حکومەتی ئەمەریکاش دەگرێتەوە، کە دەیەوێت بەهێرشە ئاسمانییەکانی لەپاکستان جەنگەکە بەرفراوانتر بکات. کاریگەری ئەم بۆردومانانەم لە ئەفغانستان خستوەتەڕوو، هەروەها بردنی جەنگەکە بۆ سەر سنور تەنها دەبێتە مایەی زیادکردنی ناسەقامگیری پاکستان و لەدەستدانی زیاتری ژیانی هاووڵاتیانی بێتاوان. دوو ساڵ لەوەوبەر لیوا ئەندرو لێسلی کەنەدی رایگەیاند، «هەرکات لەوڵاتانی دەرەوە کەسێکی تـوڕە دەکوژیت، ئـەوا 15 کەسی دیکەی هاوشێوەی ئەو دروستدەکەیتەوە، کە بەشوێنتدا دەگەڕێن». تەنانەت بەلێکدانەوەی سەرکردە سەربازیەکانیش سیاسەتی پیادەکردنی هێرشی ئاسمانی خۆتێکشکێنەرە و ئاکامی پێچەوانەی لێوەبەر دێت.

جەنگی ئەفغانستان بووەتە مایەی تیرۆر، هەرچەند ئەو ئامانجەی داڕێژراوە وەستانەوەیە دژی تیرۆریزم. سودمەندە هەرە گەورەکانی ئەو ململانێیە گروپە توندڕەوەکان بوون، هەروەك ئەوان مامەڵەی ناڕەوای دژی ناتۆیان بۆ خۆیان قۆستۆتەوە. لەبری تێکشکاندنی هێزەکانی ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان، بۆردومان و داگیرکردنی ئەفغانستان گیروگرفتەکانی زیاتر کردوە لەلایەك، هاوزەمان لایەنگرانی ئەوانیشی بەرەو هەڵکشان بردووە. هاوشێوەی ساڵانی 1980کان، داگیرکردنی ئەمجارەی ئەفغانستان بووەتە مەیدانی رووبەڕوبوونەوەی ئەو (بەناو) جەنگاوەرە دەرەکییانەی، کە لەم ساڵانەی دواییدا، جارێکی تر رژاونەتەوە ناو وڵاتەکەمان. بە وتەی رۆژنامەنوسی بەریتانی رۆبێرت فیسك، «لەئێستادا جەنگاوەران لە کشمیر، ئوزبەکستان، شیشان و تەنانەت تورکیاشەوە

دێینە نێو ریزەکانی تاڵیبانەوە. لەئێستادا بڕوا وایە زیاد لە300 جەنگاوەری تورکی لەئەفغانستان بن، لەکاتێکدا زۆربەیان خاوەن ناسنامەی ئەوروپین».
هەر لەئێستادا هەندێك ئەفغانی داخ لەدڵیش، دوای لەدەستدانی خزمو کەسیان لەهێرشە ئاسمانییەکاندا پەیوەندی بەتاڵیبانەوە دەکەن، لەبەرئەوەی وەك رێگەی تۆڵەسەندنەوە تەماشای دەکەن.

ئێستا ئەمەریکا کەمتر مەیلی بەلای شوێنکەوتنی «جەنگی دژە تیرۆر»ەوەیە لە عێراق، چون سەرنجی خستۆتە سەر ئەفغانستان، بەڵام چۆن دەتوانیت دژی «تیرۆر» بوەستیتەوە؟ کێ مایەی تیرۆرە؟ ئەوە خۆ کەسێك یان وڵاتێك نییە، بەڵکە پتر هەستو سۆزی بەگوڕوتینە. ئەمەریکا بەتاڵیبان دەڵێت تیرۆریست، بەڵام بەسەردەستەی میلیشیاکان ناڵێت تیرۆریست، لەکاتێکدا کەسانی بێتاوان لاقەدەکەنو دەیانکوژن بۆ سەپاندنی ویستەکانیان بەسەریاندا. ئەی مەگەر هێرشی شەوانەی هێزە تایبەتەکانی ئەمەریکا بۆ سەر گوندە ئەفغانییەکان، کردەی تیرۆر نییە؟ مەبەست لەم هەڵکوتانە بەزەبرانە بۆ سەرماڵەکان دەستگیرکردنی لایەنگرە هاوسۆزەکانی ئەلقاعیدە و تاڵیبانە، بەڵام زۆرجار سەربازەکان هاووڵاتیانی بێتاوان دەکوژن. جارێکی تر دەرئەنجامەکەی تۆقاندن و تووڕەکردنی دانیشتوانە، لێرەوە ئەوانیش ئیدی عەوداڵی تۆڵەسەندنەوە دەبن.
بۆ نەهێشتنی تیرۆریزمو ئوسوڵگەرێتی بەهەموو شێوازەکانییەوە، خوێندن و پەروەردە چەکێکی زۆر کاریگەرترە بگیرێتەبەر نەوەك جەنگێکی بێکۆتاو سەرئەنجام.

سەرۆك ئۆباما بەجێبەجێکردنی ستراتیژی چونەدەرەوەی لە ئەفغانستان دانایی خۆی دەنوێنێت، نەوەك بە شوێنکەوتنی سیاسەتێك، کە دەبێتە مایەی زیادبوونی تیرۆریستو رق لێبوونەوەی زیاتر لە ئەمەریکا، ئەمە لەکاتێکدا کوێرەوەریو کاولکردنی زیاتریش بۆ وڵاتەکەم دەهێنێت.

**هاوکاری مرۆیی راستەقینە بنێرن**

بەتەنها ئەمەریکیەکان رۆژی 100 ملیۆن دۆلار لە ئەفغانستاندا بۆ جەنگ خەرجدەکەن، لەکاتێکدا کۆی گشتی یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات رۆژی 7 ملیۆن دۆلارەو بەس. زۆری ئەو یارمەتییە دەخرێتە دەستە گەندەڵەکانو هەرگیز ناگاتە ئەوانەی پێویستیان پێیە. ئەفغانستان پێویستی بە کۆمەکی مرۆیی راستینە لەگەڵ هاوکاری بۆ ئاوەدانکردنەوە. ئۆفیسی بودجەی گۆنگرێس دەڵێت، لە دە ساڵی داهاتودا ئەمەریکا بڕی 2.4 ترلیۆن دۆلار بۆ «جەنگی دژە تیرۆر» تەرخاندەکات. ئەگەربێتو لەبری ئەوە ئەم بڕە پارەیە بەڕێکوپێکیو دەستپاکانە خەرجبکەن، ئەوا نەك عێراقو ئەفغانستان دەکرێنە بەهەشتی سەرزەمین، بەڵکو دەتوانرێت لە جیهاندا هەژاریی پێ بنەبڕبکرێت. وەك دیارە، بڕێکی زۆری پارەی باجی خەڵکی ئەمەریکا دەخرێتە جەنگێکی زیانبەخشەوە، لەحاڵێکدا خەرجیی پێویست بۆ بواری کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە فەرامۆشکراوە. لەشارە زەنگینەکانی رۆژئاوادا خەڵکی دەستکورتو بێلانەم بینیوە. بێلانەکانیش مرۆڤن، تێناگەم بۆچی حکومەتەکانیان دەتوانن کولەمەرگی ئەوان پشتگوێ بخەن. ئەو پارەیەی بۆ سارێژکردنی زامەکانی ئەوان پێویستە هەرگیز بەدەستیان ناگات، هاوشێوەی ئەو پارەی دەڕژرێنرێتە ئەفغانستانەوە و هیچ ناگاتە دەستی ئەوانەی بێئەندازە نیازیان پێیەتی.

حوزەیرانی 2008، وڵاتە کۆمەکبەخشە بیانییەکان کۆبوونەوەی لوتکەیان لە پاریس بەست بۆ تاوتوێکردنی هاوکاریکردنی ئەفغانستان. بەداخەوە جارێکی تر شکستیانخوارد، لە بەهەند گرتنی تکاو داواکارییەکان، وەك براد ئادەمز، بەڕێوەبەری چاودێری مافەکانی مرۆڤی ئاسیا دەڵێت:

«کۆنفرانسەکەی پاریس لەکاتێکدا دەبەسترێت، کە حکومەتەکەی ئەفغانستان بەهۆی خراپەکاری، گەندەڵیو نەبوونی ئاسایشەوە شیانی پەسەندکردن نییە. ئەگەر کۆمەکبەخشەکان زیاتر ببەخشنو پێویستی چاکسازی

سیستمەکە فەرامۆشبکەن بۆ گەلاڵەکردنی یاسایەك لەسەر بەگژداچونەوەی سەردەستەی میلیشیاکانو چارەسەرکردنی حەسانە، ئەوا ئەگەری زۆر هەیە رەوشی ئەفغانستان بەرەو خراپتریش بڕوات».

حکومەتی ئەفغانستان «پلانێکی کەمکردنەوەی هەژاری» پێشکەش بەم کۆبوونەوەیە کرد بۆ گەلاڵەکردنی وەرگرتنی لانی کەم 15 ملیۆن دۆلار لەفەندی بەخشین، بەڵام تەنانەت بانکی نێودەوڵەتیش ئەو داواکارییەی بە «رەشنوسێکی زۆر کواڵێتی خراپ» ناوهێنا. بەئاماژەکردنێکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەو گەندەڵیەی لە ئەفغانستاندا هەموو شوێنێکی داپۆشیوە، چاودێرێکی رۆژئاوایی بەتوانجەوە ئەو پلانەی بە «پڕتێچوترین پلانی کەمکردنەوەی هەژاری لەجیهاندا» ناوبرد. لەم کۆبوونەوەیەی پاریسدا بەڵێنی بەخشینی 21 بلیۆن دۆلاری تر درا، بەڵام زۆر راپۆرت باسیان لەکەمی گەیاندنی فەندەکە، یان خراپ تەرخانکردنی پارەکە کردووە.

وەك پێشتریش نوسیومە، زۆربەی جار رێکخراوە ناحکومییە گەندەڵەکانی رۆژئــاوا، لەجیاتی چارەسەر بوونەتە گیروگرفت بۆ وڵاتەکەمان. خراپ بەکارهێنانی پارەی کۆمەك لە ئەفغانستان بەڕاستی تاوانە، لەبەرئەوەی پێداویستیە هەنوکەییەکان هێشتا دابیننەکراون. بۆ نمونە دوای 30 ساڵ لەجەنگ، وڵاتەکەمان ئێجگار پێویستی بەبوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری هەیە. تاکە پرۆژەی «ئاوەدانکردنەوە»، کە جێبەجێکرابێت، دروستکردنی چەند رێگەیەکی خێرایە، هەڵبەت ئەوانیش بەشێوازی ستاندارد دروست نەکراون. لەهەمانکاتدا وەگەڕخستن لەبەرهەمهێنانی کارەباو کشتوکاڵدا زۆر خراپو کەم بووە، ئەو پرۆژانەی بۆ دروستکردنی بەنداو و ئاودێری دانرابوون، ئێجگار فەندەکەیان کەمبووە. ژێرخانی ئابوری ئەفغانستان تەنها کلیل نییە بۆ بەرەوپێش چونمان وەك گەلێکی مۆدێرن، بەڵکو ملیۆنەها هەلی کار بۆ ئەفغانییە بێکارەکان دەستەبەردەکات، هەروەك زۆرێکیان لەناچاریدا بۆ گەڕان

بەدوای کاردا وڵاتەکەیان بەجێدەهێڵن. ئەفغانستان هێشتا وڵاتێکی کشتوکاڵیە، بەڵام فەرامۆشکردنی ئەم کەرتە وای لەملیۆنەها کەس کردوە پەنا بۆ چاندنی رووەکی مادده هۆشبەرەکان ببەن، یان لەبرسا رووبەڕوی مردن ببنەوە.

پێویستە هەوڵێکی تازە بگیرێتەبەر تا زامنی ئەوە بکات ئەو کۆمەکە داراییەی دەدرێتە ئەفغانستان ناچێتە گیرفانی ئەوانەوە، کە هیرۆین هەناردە دەکەنو لەشەقامەکانی لەندەنو نیۆرك‌و تۆکیۆدا دەفرۆشرێن. هەموو کەسێکی رۆژئاوای پێویستە بیر لەو راستیە بکاتەوە، کە ئەو هیرۆینەی خەڵکی بەسەر شەقامی شارەکەیانەوە دەکوژێت لەخاکە بەجەنگ کاولبووەکەی ئێمەدا وەبەر هاتووە.

ئەفغانستان پێویستی بەدەستی هاوکارییە، بەجۆرێك ببێتە مایەی پاراستنی ژیانی خەڵك، نەك دەستێك کە مەرگ، یان تێکدانی ئەو رێچکانەی لێبکەوێتەوە، کە خەڵکی بۆ گوزەراندنی ژیانیان دەیانگرنە بەر. چەند پرۆژەیەکی گەورەو بچوك لەلایەن ئەفغانییە دیموکراتخوازەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، بەڵام ئەو پارەیەی لە حکومەتەکانی رۆژئاواوە دێن هەرگیز بەئەوان ناگات.

میکانیزمێکی پشتپێبەستراو بۆ چاودێریکردنو راپۆرتدان لەسەر چۆنییەتی دابەشکردنی هەموو کۆمەکە داراییەکان ئێجگار پێویستە، دەشبێت هەرکات ئاشکرابوو ئەو کۆمەکانە دزی و تاڵاندەکرێن، لێپێچینەوەی یاسایی‌و دۆسیەیان لەسەر بکرێتەوە.

### کۆتایی بەفەرمانڕەوایی سەردەستەی میلیشیاکان بهێنن

پێویستە حکومەتەکان داوابکەنو یارمەتی جێبەجێکردنی چەکداماڵینی راستەقینە، لە ئەفغانستاندا بدەن. پرۆگرامی چەکداماڵینی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە گوایە بەشێکە لەکاری (ISAF)، هەرگیز نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە، بەهیچ شێوەیەکیش بەگرنگ لەبەرچاونەگیرا. ئەمڕۆ سەردەستەی میلیشیاکانو

سەرداری مادده هۆشبەرەکان کۆنترۆڵی پانتاییەکی گەورەی ئەفغانستانیان بەدەستەوەیە، لەکاتێکدا ئەم کارە بەمشێوەیە بڕوات، ئەوا هیچ چارەسەرێکی بەکەڵك بۆ گیروگرفتەکانمان نایاتەئارا. ژمارەیەکی زۆر لەسەر دەستەی میلیشیاکان سوپاو چەکداری خۆیان هەیە، ئەمانە زۆر باشتر رێکخراونو زۆر بەتواناتریشن بەراورد بە سوپای نیشتمانی ئەفغانستان. لەبەر ئەم هۆکارەیە بەردەوام لەو ناوچانەی بەدەستیانەوەیە حەسانەیان هەیە. دوژمنەکانم لەنێو گەلی ئەفغانستاندا پێگەیەکی راستەقینەی کەمیان هەیە، ئەمەش ئەوپەڕی خاڵی لاوازییانە. ئەو رۆژەی لەچەك دادەماڵرێن رۆژی بەدیهێنانی دادپەروەری دەبێت بۆ ئەو خەڵکەی سەردەمانێکە بوونەتە قوربانی کردەوە دڕندانەکانی ئەوان.

سەردەستەی میلیشیاکانو ئەو ئوسوڵگەرێتیە توندڕەوە ئیسلامیانەی هەن وەك شێرپەنجە وان لەلاشەی گەلی ئەفغانیدا، مەڵامەتی ئامادەگییان وڵاتانی دراوسێو هێزە دەرەکیەکانن. پێویستە ئەو شێرپەنجەیە لەگیانی ئەفغانستان بهێنرێتە دەر، تا رزگاری ببێتو بەخۆشی بژیت. ئەگەر بێتو ئەم سەردەستە میلیشیاو خراپەکارانە وەك بەشێك لەحکومەت بـەردەوام بن لەتۆقاندنی خەڵکی بەمیلیشیا تایبەتەکانیان، ئەوا هیچ چارەسەرێك بۆ قەیرانی ئەفغانستان چێنابێتو ناگاتە مەقسەد.

لەبری پشتگیری کردنو پارێزگاریکردنی ئەم سەردەستە میلیشیایانەو گوێپێنەدانی چەکدارییان بەو رادە زۆرە، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای دادگایی کردنیان بکات لەبەرامبەر ئەنجامدانی چەندین تاوانی جەنگ. پێویستە سەردەستەی میلیشیا سەرەکییەکان لەپێشچاوی گەلی ئەفغانیدا بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنرێنو لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێتو حوکمی شایانی خۆیان بەسەردا بسەپێنرێت. بەچەشنێك، کە ئەو تاوانکارانەش بگرێتەوە وا لەئێستادا لەوڵاتانی دەرەوەو رۆژئاوا کاتێکی خۆش بەسەردەبەن، پێویستە حەسانەکانیان دوایی پێبهێنرێت.

**هەموو سەربازە بیانییەکان بکشێننەوە**

دواجار بەخێرایی دەبێت هەموو سەربازەکان، ئەفغانستان بەجێبهێڵن. مەبەستم لەکشانەوەی سەربازەکانی ئەمەریکاو ناتۆو نەهێشتنی ئەو هەزارەها سەربازە تایبەتەیە (جاشو بەکرێگیراو)، کە لەوڵاتەکەماندا کاردەکەن. لەجیاتی گەلی ئازادیخوازی وڵاتەکەم پرسەو سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئەو خانەوادانە دەکەم، کە کەسانی ئازیزیان لەوڵاتەکەمدا لەدەستداوە. ئێمەی ئەفغانی و ئەمەریکی، بەهاتنە دەنگمان پێکەوە، دەتوانین رێگری بکەین لەتیاچونی ژیانی کەسانی دیکەی بێتاوان. لەگەشتەکانمدا بۆ ولایەتە یەکگرتوەکان زۆر کاریگەربوومو هەستم جوڵاوە بەو چالاکوانە ئاشتیخوازانەی دروشمی «بەناوی ئێمەوە نا»-یان دژی سیاسەتە تێکشێنەرو شەڕخوازەکانی حکومەتەکەیان بەرزکردبووەوە.

هەندێك خەڵك دەڵێن هەرکات ئەم سەربازانە بکشێنەوە، شەڕی ناوخۆ بەرپادەبێت. زۆرجار ئەم پێشبی نییە لەلایەن ئەو کەسانەوە دەوروژێنرێت، کە قەیرانی مرۆیی‌و ململانێی توندوتیژی هەنووکەیی ئەفغانستان چ بایەخێکی ئەوتۆی نییە بەلایانەوە. تا هێزە بیانییەکان زیاتر لە ئەفغانستان بمێننەوەو بەردەوام بن لەو کردەوانەی لەئێستادا پیادەی دەکەن، ئاکامی ئەمە هیچی لەشەڕی ناوخۆی گریمانەیی داهاتوو کەمتر نابێت بۆ گەلی ئەفغانی. گومان لەوەدا نییە ئەو شەڕە ناوخۆییە جەرگبڕەی لەدوای پاشەکشەی سۆڤیەت هاتەئاراوە، هەرگیز نابێتە پاساو بۆ ئەو کاولکاریی‌و کوشتارەی بەهۆی داگیرکاریی دە ساڵەی سۆڤیەتەوە کەوتەوە.

بەڵام مەترسی روودانی شەڕی ناوخۆ تاڕادەیەك لەجێی خۆیدایە، لەبەرئەوە گرنگە لەگەڵ کشانەوەی ئەو سەربازانە چەند رێوشوێنێك بگیرێنەبەر. لەگەڵ ئەوپەڕی پێویستی چەکداماڵینی سەردەستەی میلیشیاکانو چەکدارەکانیان پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە کەسو پارتە دیموکراتخوازەکان

بکاتو بەهێزیان بکات، بەوپێیەی ئەوان لەتوانایاندایە بەرەنگاریی دەسەڵاتی توندوڕەو ببنەوەو دیموکراسی راستینە بۆ وڵاتەکەمان فەراهەمبکەن. تەنها لەڕێی خستنی دەسەڵاتی گروپەکانی لەبابەت سەردەستەی میلیشیاو ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانەوە، دەتوانین بەڕاستی بەر بە بەتاڵیبانکردنی زیاتری ئەفغانستان بگرین.

پێویستە نەتەوە یەکگرتوەکان کاربکات بۆ زامنکردنی ئەوەی وڵاتەکانی چین، ئێران، هندستان، پاکستان، ئوزبەکستان، تورکیا و روسیا دەستهەڵبگرن لە دەستوەردانو خۆبردنە پێشەوەیان لەڕێی ناردنو فرۆشتنی چەکو تەقەمەنی بەسەردەستەی میلیشیاکان. هەردوو وڵاتی روسیاو چین بەتایبەت لەگەڵ ئەمریکادا، کێبڕکێیانە بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزەی هەموو هەرێمەکە. هەموو ئەم وڵاتانە خۆیان لە ئەفغانستان هەڵقورتاندوە و پاکستان و ئێرانیش بەتایبەتی رۆڵێکی بەدکارانە دەگێڕن، لەڕێی پشتیوانیکردنی هێزە ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانیانەوە. ئەگەر ئەمجۆرە دەستێوەردانانە کەمبکرێنەوە، ئەوا دەرفەتی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆش کەمدەبێتەوە.

دەشزانین حکومەتی ئەمەریکا نایەوێت ئەو رێوشوێنانەی باسمکردن جێبەجێبکرێن. ئەگەربێتو ئەفغانییەکان بتوانن خۆیان بڕیار لەکێشەکانی خۆیان بدەن، ئەوا تەواوی بارودۆخەکە باش دەبێت. ئێمە لەئێستادا لەژێر «پاراستنی» هێزی چەکداری 43 دەوڵەتداین، بەڵام هێشتا لە ناوجەرگەی جەنگو کاری دڕندانەو هەژاریو تاوانکاریدا دەژین.

ئەگەر ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی ناتۆ وڵات بەجێبهێڵن، ئەوا سەردەستەی میلیشیاکانیش دەسەڵاتیان نامێنێت، چونکە لەنێو گەلەکەماندا هیچ پێگەیەکیان نییە. لەگەڵ پاشەکشەی هێزە بیانییەکان، هیچ نەبێت سەربەخۆیی خۆمان دەبێت. لەمڕۆدا نە ئازادیو سەربەستیمان هەیە نە دادپەروەریو ئاسیش. پێویستە هەموو ئەفغانییەکان کار بۆ یەکێتی نیشتمانی بکەنو رێگەنەدەن

لایەنە توندڕەوەکانی گروپە نەژادییە جۆراوجۆرەکان دابەشبونی تایەفی هەڵگیرسێنن. پێویستە بەرگری لەهەر جۆرە هەوڵێکی کەرتوپەرتکردنو بەش بەشکردنی وڵاتەکەمان بکەین.

رای گشتی هاووڵاتیانی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆدا سەبارەت بەجەنگەکە ئێجگار گۆڕاوە. سەردەمانێك لەزۆربەی وڵاتاندا جەنگی سەر ئەفغانستان پەسەندبوو بەو شێوەیەی، کە جەنگی عێراق ناپەسەند بوو، بەڵام لەگەڵ کوژرانی زیاتری سەربازەکانی ناتۆو ئەفغانییەکانو بەدینەهێنانی هیچ بەرەوپێشچونێك، ژمارەیەکی زیاتری گەلان گومانیان سەبارەت بەجەنگەکە بۆ دروست بوو. ناخۆشە ببینیت زۆرێك لەحکومەتەکانی ئەم وڵاتە بەناو دیموکراتانە خواستو حەزی هاووڵاتیەکانیان فەرامۆش دەکەن، بەوپێیەی هاووڵاتیانی مەدەنی خوازیاری ئاشتەوایین.

بۆ نمونە، سەرەتای تشرینی دووەمـی ساڵی 2008 کەناڵی (BBC) ڕاپرسیەکی هاکەزایی لەشانشینی یەکگرتودا ئەنجامدا، تێدا دەرکەوت 68%ی دەنگدەران داوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیان کردبوو لەماوەی ساڵێکدا، تەنها 24%یان داوای مانەوەی سوپای بەریتانیان لە ئەفغانستان کردبوو. زیاتر لە 100 سەربازی بەریتانی لەسەر خاکەکەمان خوێنیان ڕژاوەو گیانیان لەدەستداوە. هیوادارم حکومەتی لەندەن ڕەچاوی رای گشتی هاووڵاتیەکانی بکات، هەروەك دەزانین ئەم هەڵوێستە لەپێناو ئاشتەواییدایە. 15ی شوباتی 2003 گەورەترین خۆپیشاندان لەمێژووی شانشینی یەکگرتودا ئەنجامدرا، زیاد لە یەك ملیۆن کەس بەشدارییان تێداکرد، بەناو شەقامەکانی لەندەندا ڕێپێوانیان کرد بۆ ڕاگرتنی جەنگی سەر عێراق. بەریتانیا بەچونەپاڵ جۆرج بۆش لەوجەنگەدا هەڵەیەکی کوشندەی کرد. لەم دواییانەدا ئەندامانی پەرلەمان: جێریمی کۆربینو جۆرج گالۆوەی و هاووڵاتیانی ناوداری دیکە نامەیەکی گشتی توندیان، سەبارەت بەجەنگەکەی «تر» بڵاوکردەوە:

«حەوت ساڵ دوای بەناو ئازادکردنی ئەفغانستان لەئێستادا بەڵگەی راستو دروست بەردەستە، کە داگیرکاریی ناتۆ بووەتە کارەسات. کۆی گشتی مەرگی هاووڵاتیان لەهەڵکشاندایە. لەداگیرکارییەکەی ساڵی 2001ەوە ئاستی توندوتیژی لەئێستادا لەهەموو کات زیاترە. نەتەوە یەکگرتوەکان راپۆرتی ئەوەی داوە، کە بە هۆی داگیرکاریەکەوە تێکڕای رێژەی تەمەن دابەزیوە بۆ 43 ساڵو لە کۆی پێنج منداڵ یەك منداڵ پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی پێنج ساڵی دەمرێت. لەئێستادا ئەفغانستان لەبەرنامەی گەشەپێدانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لەخوارەوەی ریزبەندیەکەدا بەپلەی چـوارەم دێـت. بەگوێرەی راپـۆرتـی «گروپی چەتری رێکخراوە ناحکومیەکانی ئەفغانستان» (ACBAR)، هەڵکشانی توندوتیژیەکان قەیرانی ئاوارەیی بـەدوای خۆیدا هێناوەو گەیاندنی یارمەتی بۆ زۆری بەشەکانی وڵات ئەستەم کردووە. رێکخراوە (NGO)-کان هۆشیاری دەدەن کە مەترسیەکی گەورەو راستینە لەئارادایە، دەڵێن لەزستانی داهاتوودا، هەزارەها ئەفغانی ئەشێت لەبرسا بمرن».

تشرینی دووەمـی ساڵی 2003 هاووڵاتیانی بەریتانی لەیادەوەری حەوتەمین ساڵیادی جەنگی ئەفغانستاندا گردبونەوەیەکیان سازکرد. تەنانەت سەربازەکانیش عەوداڵی زانینی ئـەوەن لەئەفغانستان چی دەکەن، لەپێناوی کێدا شەڕدەکەن. پیاوێك بەجلوبەرگی سەربازییەوە بەپەیامنێرێکی (دەیلی مەیڵی) بەریتانی راگەیاند، «ئەمە شەڕی ئێمە نییە ، تەنها پشتگرتنی بۆش بوو لەلایەن بلێرەوە».

کەنەدا یەکێك بوو لەو وڵاتانەی سەربازی بۆ ئەفغانستان ناردو بۆ عێراقی نەنارد. لەدوو ساڵی رابردودا 2.500 سەربازی کەنەدی لەپارێزگای

قەندەهار جێگیرکراون‌و دەجەنگن، ئەوێ توندوتیژیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. زیاد لە 100 سەربازی کەنەدی لەئەفغانستان کوژراون، لەم ساڵانەی دوایشدا بەرهەڵستکارانی ئەو جەنگە زیادیکردووە. ریك هیلەر، سەرۆك ئەرکانی بەرگری پێشووی کەنەدا ئاشکرای کرد، تێگەیشتنی ئەو دەربارەی هاوکاریکردنی سەربازیی بۆ ئەفغانستان سەبارەت بەئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان نەبوو: «ئێمە خزمەتگوزاری گشتی کەنەدی نین.... پیشەی ئێمە توانینی کوشتنی خەڵکە».

حکومەتی کەنەدا رایگەیاند، کە لەکۆتایی ساڵی 201-1دا پاشەکشە بەسەربازەکانی دەکات. سەرەڕای ئەوەی چەندین راپرسی دەریخستووە زۆرینەی هاووڵاتیانی کەنەدی پشتیوانی لەم جەنگە ناکەن، بەڵام حکومەتە کۆنزێرڤاتیڤ و لیبراڵەکان چەندجارێك ئەوکارە سەربازییەیان درێژکردوەتەوە.

هاوشێوەی کەنەدا ژمارەیەك لەوڵاتانی ئەورووپیش رەتیانکردەوە، بەشداری لەجەنگی عێراقدا بکەن، بەڵام لەجەنگی ئەفغانستاندا بەشێکن لەهێزەکانی ناتۆ. هێزە سەربازییە ئەڵمانییەکان لەباکوری ئەفغانستان بنکەو بارەگایان داناوە و لەساڵی 2008دا پەرلەمانی ئەو وڵاتە دەنگی بەناردنی 1000 سەربازی دیکەدا، بەمەش کۆی گشتی هێزە ئەڵمانییەکان دەبێتە 4.500 سەرباز، بەڵام گەلی ئەڵمانی لەگەڵ ئەم جۆرە بڕیارە تەبا نین. لەڕاپرسیەکی ئەم دواییەی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی بازاڕگەری فۆرسا-دا هاتووە، 80%ی ئەڵمانییەکان پێیان باشە هەر داوایەکی ئەمەریکا بۆ ناردنی سەربازی زیاتر بۆ مەیدانەکانی چەنگ رەتبکرێتەوە. ئەنگێلا مێرکڵ، راوێژکاری ئەڵمانیا رایگەیاند، کە ئەم پەیامەی بەسەرۆك ئۆباما گەیاندووە. لەم دواییانەدا چالاکوانانی ئاشتی خۆپیشاندانی گەورەیان بۆ پیشاندانی

ئەو بەرهەڵستیکردنە ئەنجامدا. لەئەیلولی ساڵی 2008دا هەزارەها کەس لە بەرلین‌و شارە گەورەکانی تر ڕێپێوانیان ئەنجامدا.

فەرەنساش هاوشێوەی ئەڵمانیا لەگەڵ جەنگدا نەبوو بۆ سەر عێراق، لێرەوە داگیرکردنی ئەفغانستان کەمتر برەوی پێدەدرێت. لەئێستادا فەرەنسا 2.700 سەربازی لە ئەفغانستان هەیەو بەفەرمانی نیکۆلاس سارکۆزی هاوپەیمانی ئەمەریکا ئەو ژمارەیە بۆ 3000 بەرزدەکرێتەوە. تا ڕووداوەکەی ساڵی 2008، لەبۆسەیەکی هێزەکانی تاڵیباندا 10 پەڕەشوتەوانی سەربازیی دەستەبژێر کوژران، فەرەنسا زۆر زیانی پێنەگەیشتبوو. لە ئەیلولی ساڵی 2008دا ئەندام پەرلەمانەکانی فەرەنسا بە 343 دەنگ بەرامبەر 210 دەنگ بڕیاریاندا سەربازەکانیان لە ئەفغانستان بهێڵنەوە، بەڵام بۆ یەکەمینجار زۆرینەی ئەندامانی پارتی سۆسیالیست دژی جەنگەکە وەستانەوە. هاووڵاتیانی فەرەنساش دژی بەشداریکردنی وڵاتەکەیان بوونەتەوە، بەهۆی هاوبەشیکردنی لەکارەکانی ناتۆدا. ڕاپرسییەك دەریخستوە، کە 55%ی هاووڵاتیان دژی جێگیرکردنی سەربازەکانیانن لە ئەفغانستان. سیاسەتمەداری ئۆپۆزسیۆنی پێشکەوتوو، ئۆلیڤیەر بێسانشینۆت بەسیاسەتی ئەفغانستان دەڵێت «جەنگێکی پیس»و دەڵێت «تا هێزە سەربازییە داگیرکارەکان لە ئەفغانستان ئامادەگییان هەبێت ئەوا تاڵیبان زەمینەیەکی باشیان بۆ بەرەوپێشچون مسۆگەرە». دوای کوژرانی دە سەرباز، بێرنارد کۆشنەری وەزیری دەرەوە، یەکێکە لەدامەزرێنەرانی گروپی مرۆیی (پزیشکانی بێسنور)، وتی: «بێگومان دەبێت چاوەڕێی مەرگی زیاتر بکەین»، بەڵام گەلی فەرەنسی نابێت هەروا بەئاسانی ئەم کردەوانە پەسەند بکات‌و بەفەرامۆشی بسپێرێت.

هۆڵەنداش وڵاتێکی دیکەی ئەوروپیە، بەچڕوپڕی خۆی خزاندوەتە

ئەفغانستانەوەو گەلەکەشی لەسەر ئەو بابەتە بەخراپی دابەشبوون. هۆڵەندا لەساڵی 2006ەوە 1.600 سەربازی لەپارێزگای ئوروزگان هەیە. حکومەتی ئەو وڵاتە بەناتۆی ڕاگەیاندوە کە لەتەمموزی 2010دا هێزەکانی دەکشێنێتەوە وڵاتەکەی.

دەنگوباسی ئەوە هەیە حکومەتی ئیسپانیا، 800 سەربازی لەپارێزگای بادغیس هەیە، خەریکی دانـانـی وادەیـەکـە بۆ پاشەکشەپێکردنی سەربازەکانی. جۆسێ زاپاتیرۆی سـەرۆك وەزیـران ڕایگەیاندووە، کە ژمارەی سەربازە ئیسپانییەکان زیاد ناکات. لەپێشدا ئیسپانیا بەشداری لەجەنگی عێراقدا کرد، بەڵام دوای هەڵبژاردنی حکومەتی تازە پاشەکشەی بەهێزەکانی کرد. ئەیلولی ساڵی 2008 دیپلۆماتی باڵای ئیسپانی فرانشێسك ڤێندرێڵ، نێردراوی پێشوی یەکێتی ئەوروپا بوو لە کابول، ڕەخنەی لەبەهێزکردنی هاوپەیمانێتی باکور گرت بـەوەی، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنفراسی (بۆن) لەساڵی 2001دا، واتە ئەو دەمەی تازە تاڵیبان ڕوخێنرابوو. هەروەها ڤێندرێڵ دانی بەوەشدانا، کە لەساڵی 200-1ەوە بارودوخی وڵات هیچ کات بەقەدەر ئێستا خراپ نەبووە: «لەساڵی 2002دا، ئێمە لەلایەن ئەفغانییەکانەوە وەك ڕزگارکەر پێشوازیمان لێدەکرا. کەچی ئێستا وەك شەیتانێك تەماشادەکرێین».

ئیتالیاش وڵاتێکی ترە، کە سەربازگەلێکی زۆری لەئەفغانستان هەیە، 2.500 سەربازی ئەو وڵاتە لەپارێزگاکانی کابول‌و هیرات جێگیرکراون. دوای ئەوەی لەسەرەتادا پشتیوانی لەجەنگی عێراق دەکرد، وەلێ دواترحکومەتی ئیتاڵی دانی بەوەدا نا، کە جەنگەکە هەڵە بووە و سەرەنجامیش پاشەکشەی بەهێزەکانی کرد.

ئوسترالیا ئەو وڵاتەیە، کە لە ناتۆدا نییە، بەڵام نزیکەی 1000 سەربازی

لەپارێزگای ئوروزگان جێگیرکردوە، ئەمەش زۆرترین ڕێژەیە لەچاو ئەو وڵاتانەی لە ناتۆدا نین و لەئەفغانستان بوونیان هەیە. کێڤن رود، سەرۆك وەزیرانی ئوسترالیا سەر بەپارتی کرێکاران رایگەیاند، کە هیچ پلانێکیان بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانیان یاخود پاشەکشەپێکردنی سەربازەکانیان نییە. چاوەڕێ دەکرێت ئۆباما داوا لە ئوسترالیا بکات تا ئەو ژمارە زیاد بکەن، بەڵام جارێکی تر زۆرینەی گەل لەگەڵ ئەو داوایەدا نین. لەڕاپرسیەکی ساڵی 2008دا کە بۆ (پەیمانگای لەوی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی) ئەنجامدرا دەرکـەوت 56%ی ئوستورالیەکان خوازیاری کۆتایی پێهێنانی ئەرکی وڵاتەکەیان بوون لە ئەفغانستان.

دڵنیام ئەگەر وڵاتە بێگانەکان واز لەخۆهەڵقورتان لە ئەفغانستان بهێننو لـەداگـیـرکـاری بـەدووربـیـن، ئـەوا هێزێکی دیـمـوکـراتو پێشکەوتوخوازی بەهێز سەرهەڵدەدات. هیوام هەیە ئەمڕۆ لەبەشەکانی تری جیهان، وەك ئەمەریکای لاتین، حکومەتو بزوتنەوەی وەها هەن، کە گۆڕانکاری پێشکەوتوخوازانە دەهێننەئاراوەو بە سەربەخۆیی و بەدور لەبەرژەوەندییەکانی حکومەتی ولایەتە یەکگرتوەکان کاردەکەن.

دەبینین ئەم گۆڕانکارییە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە لەوڵاتانی وەك بۆلیڤیا، ئیکوادۆرو ڤەنزوێلادا لەمیاندان. ئەم وڵاتانە بەشێوەیەکی بەرچاو پێکەوە کاردەکەنو کار بۆ یارمەتیدانو بەهێزکردنی چینە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵگاکانیان دەکـەن. وڵاتانی ئەمەریکای لاتین شوێن سیاسەتەکانی ولایەتە یەکگرتوەکان ناکەون. زیاتر پێکەوە ئاڵوێری بازرگانی دەکەن، کولتورو ئابورییان لەزاڵبونی دەسەڵاتی بێگانە پاراستووە، هەروەها گەلەکانیان فێری نوسینو خوێندنەوە دەکەن، بەوپێیەی بەبێ خوێندەوارییەکی سەرەتایی هەڵکەوتنی دیموکراسی زۆر ئەستەمە.

ئەفغانییە پێشکەوتوخوازەکان زۆر حەز بەفێربونی ئەزمونی گەلانی وەك ئەم وڵاتانە دەکەن، هەروەك بۆ یەکسانیو سەربەخۆیی راستینە تێدەکۆشن.

دەبێت ئەوەش بڵێم، کە سەرکردەی ئەم وڵاتانە پێویستە وریابن، لەگەڵ هەندێك لەو هاوپەیمانێتیەی بەستویانە. کاتێك هۆگۆ شاڤێزی سەرۆکی ڤەنزوێلا چاوی بەهاوتا ئێرا نییەکەی، مەحمود ئەحمەدی نەژاد کەوت وەك «شۆڕشگێڕ» ئاماژەی بۆکردو لەئامێزی گرت. پێموایە ئەمە یەکێکە لەهەڵە هەرە گەورەکانی شاڤێز، هەڵەیەك کە هەندێکجار لەلایەن گروپەکانی دژەجەنگ لەڕۆژئاواشدا دەکرێت، گوایە وەك «دژە ئیمپریالیستێك» لەڕژێمە دواکەوتوەکەی ئێران دەڕوانن. کارەکەی شاڤێز پەیامێکی خراپ بۆ ژنانو گەلی ئێرانی دەنێرێت، چون ئەوان لەخەباتو تێکۆشاندان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان دژی ئەم حکومەتە سەرکوتکارو دژەژنە. حکومەتی ئوسوڵگەراو توندڕەوی ئێران ڕۆڵێکی ئێجگار نەرێنی لە ئەفغانستان گێڕاوە، پشتیوانی سەردەستەکانی وەك ئیسماعیل خانو خەلیلیو موحەقیقو چەندین کەسی تری کردوە، ئەمە لەکاتێکدا کار بۆ ناسەقامگیری وڵاتەکە دەکات لەڕێی هەڵگیرسانی ململانێی ئایینیو تایەفەگەری.

لەم چەند ساڵەی رابردودا هەموو هەوڵێك گیراوەتەبەر بۆ بەرپێگرتنی سەرهەڵدانی هێزی سیاسی پێشکەوتوخواز لەوڵاتەکەمدا. کۆمەکە داراییەکان بلۆك کراونو هیچ هەوڵێکیش بەرچاونەگیراوە بۆ کەنارخستنی ئەم گروپانە. هیچ پارتێکی سیاسی، یان رێکخراوێکی رەخنەگری حکومەتو سەردەستەی میلیشیاکان ناتوانن لە ئەفغانستان بەئاشکرا کاربکەن. کپکردنی دەنگی منو دەرکردنم لەپەرلەمان یەکێکە لەنیشانەکانی ئەم نەخۆشییە گەورەیە.

هـیـوادارم ئێستا شتێك لەو گیروگرفتانە تێگەیشتبن کە بەرۆکی ئەفغانستانیان گرتووە، رەنگە پرسیارێکتان بەبیردابێت، کە زۆرجار لەلایەن گوێگرەکانمەوە لەوڵاتانی دەرەوە ئاراستەم کـراوە: وەك خودی خۆمو هاووڵاتیەکی بەخەم بۆ باشکردنی ئەم بارودۆخە چیم لەدەست دێت؟

ئێمەی ئەفغانی، پێویستمان بەهاوکاریو پشتیوانی ئێوەیە بۆ تێکشکاندنی کۆتوپێوەندەی کۆیلەیەتی لە نیشتمانەکەماندا. یەکەم شتو لەهەموشیان گرنگتر، بەئاگابوونە لەڕووداوە راستەقینەکانی ئەمڕۆی ئەفغانستان.

دەوترێت لەکاتی جەنگدا، «راستیی» یەکەمین قوربانییە. حکومەتەکان کاتێك دەتوانن یاسای زۆردارانە پەیڕەوبکەن، کە گەلەکەیان هەر نابیناو کەڕ بنو ئاگایان لەڕاستیەکان نەبێت. ئێوەش دەتوانن دەستی هاوکاری درێژبکەن بۆ شکاندنی ئەو پروپاگەندەی بێدەنگیەی لەئەمڕۆدا لەلایەن میدیای گشتییەوە جێبەجێدەکرێت. گوێ بۆ (فۆکس نیوز) مەگرن، بەڵکو گوێ بۆ راگەیاندنە راستگۆکان بگرن. سەرچاوەیەکی نایابی راپۆرتو هەواڵە هەمەچەشنەکان دەربـارەی رەوشی راستەقینەی ئەفغانستان ماڵپەڕی (RAWA)یە بەم ناونیشانە (www.rawa.org/temp/runews). لەسەر هێڵی ئینتەرنێت بەدوای سەرچاوەی باشی هەواڵی جەنگەکەدا بگەڕێن. ئەگەر رۆژنامە لۆکاڵیو نیشتمانییەکانی لای ئێوە رومالێکی تێروتەسەلی جەنگەکەو رەوشی راستەقینەی ئەفغانستان ناکەن، ئەوا نامە بنوسن بۆ سەرنوسەرو پێشنیازی دابەزاندنی بابەتی پەیوەستداریان بۆ بکەن. ئەگەر باش لەرەوشی ئەفغانستان ئاگادارن ئەوا هەرچیەك دەزانن بە هاوڕێو خێزانەکانتان رابگەیەنن، ئەوجا بەهەر رێگەیەك بێت گرفت نییە: ئیمەیڵ، فەیسبووك، کۆڕی گفتوگۆ یاخود بلۆگەکانتان.

هاوبەشی لەگەڵ ئەو گروپانەدا بکەن، کە بەڕاستگۆیی کار بۆ پشتیوانی ژنان‌و پیاوانی ئەفغانستان دەکەن، بەهاوکاریی دارایشەوە. کاتێك گەندەڵی نەبێت، دەتوانیت پارە ببەخشیتە پرۆژەیەکی راستینە، پارە ئەگەر کەمیش بێت، رێگەیەکی دورودرێژ دەبڕێت. کەسانی پێشکەوتوخوازی ئەفغانی کار لەپرۆژە مرۆییەکاندا دەکەن‌و پارەی پێویستیان لێبڕاوە. ئەوە تەنها هەتیوخانەکەمان نییە لەشاری فەرەح، کە لەم ساڵانەی دواییدا بەناچاری داخرا. لەخۆت بکەوە و هاوکاری ئەو گروپانە بکە، کە پارە بۆ ئەو رێکخراوانەی ئەفغانستان کۆدەکەنەوەو بەسەرە کار بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی خەڵکی دەکەن. بەخشینەکانتان لەلایەن ژن‌و منداڵە دەست کورتەکانی سەرتاسەری ئەفغانستانەوە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرێت.

لەهەموو ئەفغانستاندا کەلێ پێویستمان بە قوتابخانەو پارەیە بۆ موچەو راهێنانی مامۆستایان. دەزانم گەنجانی دەرەوەی وڵات، ئەوانەی لەچونە بەرخوێندن سود وەردەگرن زۆر بەتاسەوەن یارمەتی گۆڕینی ئەم رەوشە بدەن. قوتابخانەکان دەیانتوانی پرۆژەی کۆکردنەوەی کۆمەك ئەنجامبدەن و لەپرۆسەکەشدا قوتابیەکانی دەیانتوانی رەوشی راستەقینەی ئەفغانستان فێربن.

هەروەها دەبێت بڵێم هەندێك لەو ئەفغانیانەی لەڕۆژئاوا دەژین، دەوڵەمەندن‌و ژیانێکی زۆر خۆش دگوزەرێنن. پێویستە هەوڵبدەن نەختێ سادە بژین و لەپرۆسەی بنیاتنانەوەی ئەفغانستاندا بەشداری بکەن. زۆر پرۆژەو رێکخراو هەن، کە بێئەندازە پێویستیان بەکۆمەکی دارایی ئەو کەسانە هەیە.

چاودێری بکەن، رەخنە بگرن، کاربکەن بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی

دەرەوەی حکومەتەکەتان. بەڕووی سەرکردە سیاسیەکانتاندا بچنەوە. نامەو ئیمەیڵ بۆ نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانت بنوسن. وادەیان لەگەڵدا دابنێن‌و خەم‌و نیگەرانییەکانی خۆتانیان بۆ باس بکەن. گەربێت‌و راستەوخۆ بچنە لای سیاسەتمەدارەکان ئەوا کاریگەرییەکی ئێجگار زۆرتر دەبێت. ئەوەیان بۆ رونبکەنەوە، کە یارمەتیدانی راستەقینە لەمەودای بۆمبەکان زۆرباشترە بۆ پەرەپێدانی ئاشتی‌و گەشەسەندن لەجیهاندا. ئەگەر وڵاتەکەت لە ناتۆدا ئەندامەو لەئەفغانستان سەربازی هەیە بەسیاسەتمەدارەکانی وڵاتەکەتان بڵێن، پێویستە دەستهەڵبگرن لەکوێرانە شوێنکەوتنی ولایەتە یەکگرتوەکان. ئەگەر گوێ نەگرن ئەوا دەتوانن پەیوەندی بەو گروپە ئاشتەوایانەوە بکەن، کە لەهەوڵی گۆڕینی ئەم سیاسەتە هەڵەو چەوتەدان.

تکایە تێبگەن، کە لای ئێمەی ئەفغانی، بینینی ئـەو خەڵکەی لەسەرانسەری جیهانەوە دەیانەوێت لەکاتی پێویستیدا بەئاشکرا پشتیوانیمان بکەن، بەهایەکی گەورەی هەیە. لەڕاستیدا ئەو خۆپیشاندانانەی لەڕۆژئاوا رێکدەخرێن لەگرنگی ئەو پەیامەی ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان کەمدەکاتەوە، کە دەڵێن خەڵکی ئەوروپاو ئەمەریکای باکور دوژمنی گەلی وڵاتە مسوڵمانەکانن. ئەو خۆپیشاندانانەی دژی جەنگی عێراق ئەنجامدران لە 15ی شوباتی 2003دا، تێیدا ملیۆنەها خەڵك لەدەیان وڵاتدا، گەورەترین خۆپیشاندانیان لەمێژووی مرۆڤایەتی دا ئەنجامدا، نەبووە مایەی نەهێشتنی روودانــی جەنگەکە، بـەڵام ئـەوەی پیشانی گەلانی وڵاتانی عـەرەب‌و ئیسلامیدا، کە چەندەها خەڵکی ئاشتیخواز هەیە، دژی جەنگی بۆش بوون بۆ سەر عێراق. ئەم رژانە بۆ سەر شەقامەکان لەپێناو ئاشتی، یاریدەدەرێك بوو تا گەلەکەمان ئاگاداری جیاوازی نێوان گەل‌و حکومەتەکانی رۆژئاوابن. هەرگیز لەگرنگی ئەو پەیامانە کەم مەکەرەوە، کە کاروکردەوەکانتان بۆ

حکومەتەکەتانو گەلی ئەفغانستانی دەنێرێت. جوڵانەوە ئاشتیخوازەکان هەڕەشەن بۆ سەر داڕێژەرانی جەنگەکانو ئوسوڵگەرا توندڕەوەکان و تیرۆریستان، لەهەمانکاتدا لە ئەفغانستان خۆپیشاندان بەئاشکرا زۆر مەترسیدارە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی هەر دەچنە سەر شەقامەکان، تا دەنگی ناڕەزاییان ببیسترێت. ئەگەر لەوڵاتێکدا دەژیت، کە بەربەستەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی گشتی هێند توند نین، گرنگە مافی دیموکراتی خۆت بەکاربهێنیت بۆ ڕێکخستنی کۆبونەوە، گردبونەوە و خۆپیشاندان. هەموو مافەکانمان لەڕێگەی خەباتکردنەوە بەدەستهاتون، دەشێت لەپای پشتگوێخستنیان هەمویان لەدەستبدەین.

لەهەر کوێیەك هەن، بەشداری لەپرۆسەی سیاسیدا بکەن، خەریکی ڕێکخستنی دادی کۆمەڵایەتی بن. کاتێك کار بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی راستینە، ئاشکراکردنی گەندەڵیو نایەکسانی دەکەن، بزانن کە هەمیشە روبەڕووی بەربەست و ئاستەنگ دەبنەوە. هەرشتێك شایەنی خەبات بۆکردن نەبێت بەدەستهێنانی ئاسانە. شاڕێگە بۆ یارمەتیدانی گەلی ئەفغانستان، تێکۆشانە لەپێناو بەدیهێنانی حکومەتێکی پێشکەوتنخوازو رەوابین لەوڵاتەکەت دا.

دەربڕینی ئەم هیواو ئاواتانەی بۆ ئێوەم باسکرد سەبارەت بەدواڕۆژی ئەفغانستان، ژیانی تەنگەتاو کردومو بەهۆیەوە لەپەرلەمان فڕێدراومەتە دەرەوە. بەردەوامبوونیش لەسەر دەربڕینی ئەم بیرو بنەمایانە، رەنگە ببێتە مایەی کوشتنم، بەڵام هەر بڕوام بەهاتنەکایەی دواڕۆژێکی باش هەیە.

دەزانم بەهاوکاری و بەشداریکردنتان دەتوانرێت چەرمەسەری گەلی ئەفغانی بەکۆتا بگەیەنرێت. خەونی من بینینی ئەفغانستانێکە تێدا ژنان وەك مرۆڤ لێیان بڕوانرێت، رۆژێکیش بێت ژنێك بتوانێت

جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرێتەدەست، ئەفغانستان وڵاتێك بێت، هیچ جۆرە سەردەستەی میلیشیاو تاڵیبانو تیرۆریستێکی تێدا نەمێنێت، وڵاتێکمان هەبێت تێدا لەبڕیاردانی دواڕۆژی خۆمان ئازادبین.

لەسەرو هەموویەوە خەونی من دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی بەهێزو پێشکەوتووە لە ئەفغانستاندا، بەجۆرێك کە بەگژ ئوسوڵگەرا توندڕەوەکاندا بچێتەوە، بۆ ئازادیو یەکسانی تێبکۆشێت، ئەم داگیرکارییە بێگانەیە لەوڵات وەدەربنێتو بەدیموکراسییەکی راستینە جێگەی بگرێتەوە.

رێگەیەکی دورودرێژ لەپێش ئەفغانستانە، بەڵام دەزانم بەیارمەتی ئێوە گەلەکەمان لەتوانایدایە بەو رێگەیەدا رێبکات و رەوتی خۆی بەرەو ئاسۆی ئاشتی، خۆشگوزەرانیو یەکسانی خۆشبکات.

# دوا وته

ساڵێك لەدوای بڵاوكردنەوەی ئەم كتێبە، دەبێت بۆ یەكەمجار بەداخەوە ئەوە ڕابگەیەنم، كە ئەفغانستان لەهەموو كات زیاتر كەوتۆتە ژێر تاریكایی داگیركاریی سەربازییەوە.

پێنج ساڵ لەمەوبەرو بۆ یەكەمینجار لەپەرلەمانی ئەفغانستاندا، هەڵبژێردرام. ئێستا وڵات لەئامادەكاریدایە بۆ هەڵبژاردنێكی دیكە، بەڵام من ئەمجارەیان بڕیاری بەشدارینەكردنم داوە. لەنێو گێژاوی جەنگو ڕژێمێكی كارتۆنی گەندەڵ و كارە دڕندانەكانی تاڵیبان و دەربڕینی نارەزایی، لێكەوتە توندوتیژییەكانی ڕۆژانە، لەئێستادا هەر هیوایەكی هەمبووبێت، لە بەرامبەر بەكارهێنانی سندوقەكانی دەنگدان بۆبەدیهێنانی گۆڕانكاری لەئەفغانستاندا لەبار چووە.

بڕیارێكی گران بوو لەپەرلەماندا بۆ شوێنی دروستی خۆم تێنەكۆشم، وەختێك لەلایەن ئەو مافیایانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، ئێستاش بەردەوام دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتەكەمدا هەیە. وێڕای ئەوەی یەكەمجار لەلایەن خەڵكی فەرەحەوە هەڵبژێردرام، وەلێ لەچەند پارێزگایەكی دیكەی ئەفغانستانەوە داواكاریم پێگەشت تا نوێنەرایەتی هەژارو ستەملێكراوان بكەم. هەریەك لەو بانگهێشتو داواكارییانەی پێمدەگەشتن بەلامەوە زۆر بەمانابوونو ڕەتكردنەوەیان ئازاری دەدام. گەر ئەفغانییەكان بناسیت ئەوا دەزانیت، كە لەكولتوری ئێمەدا ڕەتكردنەوەی داواكاری هاوڕێ ئیشێكی قورسو گرانە.

ئەزموونی خۆمو ئامۆژگاری خێزانەكەمو كەسانی خۆشەویست رازییانكردم بەوەی، پێویستە بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بكەم. پاش ئەو هەموو بەربەستەی بۆ هەڵبژاردنم هاتنە سەرڕێم، ناحەزەكانم مایكرۆفۆنەكەیان دەبڕیم، هەڕەشەی كوشتنیان لێدەكردمو نایاساییانە لەكورسییەكەم لایان بردم.

لە ئەفغانستان ‹‹هەڵبژاردنەكان›› چیتر هیچ كەسێك لەخشتە نابەن. لەساڵی 2009 دا هەموو جیهان ئەوەیان بینی، كە هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی

ئەفغانستان تەنها بریتی بوو لەفێڵو ساختەکاری. سەرەڕای بوونی بەڵگەی بێشومار لەسەر پڕکردنەوەی کارتەکانی دەنگدانو پێشێلکارییەکانی تر لەیەکەم خولی دەنگداندا، حامید کارزای توانی خۆی دەربازبکات لەدووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان کاتێك عەبدوڵا عەبدوڵای ڕکابەری کشایەوە. لەنێوان ئەو دوانەدا هیچ بژاردەیەکی دروستبوونی نەبوو، هەردوکیان دوژمنی گەلنو هەردوکیشیان لەلایەن سەردەستەی میلیشیای دەسەڵاتدارو بێبەزەییەوە پشتگیری دەکرێن. لەڕاستیدا پێشتر عەبدوڵا وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی کارزای بوو. ئێستا عەبدوڵا نوێنەرایەتی دەستەیەك لەسەردەستەی میلیشیاکان دەکات، هێندەی لەهەوڵی بەدیهێنانی دەسەڵاتی زیاترن بۆ خودی خۆیان ئەوەندە بەخەمی دابینکردنو چاککردنی گوزەرانی ئەفغانییە ئاساییەکانەوە نین. تاکە ئومێدێك لەم هەڵبژاردنانە چاوەڕێی دەکرا، کورتانێکی نوێ بوو بۆ هەمان گوێدرێژ، بەڵام دەرکەوت لەگەڵ هەمان کورتانو هەمان گوێدرێژدا گیرۆدەبووینەوە.

فێڵو تەڵەکەبازییەکانی ئەم هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییە هێندە دیارو ناشرین بوون، بوونە مایەی شەرمەزارکردنی لایەنگرە بەهێزەکانی کارزای لەوڵاتانی ڕۆژئـاوادا. بەکارهێنانی هەمان فێڵو تەڵەکەبازییە ناشرینەکانی پێشوو شکستیان بە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە هێنا. دەنگدانی پەرلەمانیش یەکێکی تر بوو لەو گاڵتەجاڕییەی بەرامبەر گەلی ئەفغانی ئەنجامدرا، چونکە ئەمە دەستنیشانکردن بوو نەك هەڵبژاردن. نمونەی یەکێك لەو فڕوفێڵە گەورەو ساختەکارییە زۆرو بەرچاوەی کارتەکانی دەنگدان بوو، ڕاپۆرتە هەواڵێکی ناوچەیەکی پارێزگای پاکتیکا ئاماژەی بەوە دابوو دەنگدەران لەسەرو ٦٠٠% ەوە بووە. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیۆرك تایمز لەسەر دەنگی ساختە ئاماژەی بۆ ئەوە دابوو «دەنگەکانی ئەفغانستان بەلێشاوو بڕی زۆرو زەوەند دەبینرێن».

دیسانو جارێکی دی لیستی کاندیدکراوەکان ئەو کەسانەی لەخۆگرتبوو کە تاوانبارکرابوون بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، تاوانەکانی جەنگو دڕندەیی

بەرامبەر بە خەڵکی ئەفغانستان. سەرەڕای ئەوەی پێچەوانەی دەستوور بوو، بەڵام هیچ یەك لەم کەسانە ڕێگرییان لێنەکرا بۆ خۆپاڵاوتنیان بۆ پەرلەمان.

هەندێك لەم سەرکردانەی جەنگ، کە خۆیان پاڵاوتبوو بۆ هەڵبژاردنەکان پێشتر هیچ پلەوپایەیەکی فەرمیان نەبوو، ئەمان میلیشیاکانیان بەکاردەهێنا بۆ ترساندنو هەڕەشەکردن لەو کەسانەی لەدژیان دەوەستانەوە.

چەندین لایەن هەوڵو تەقەلایان بوو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لەم هەڵبژاردنە پەرلەمانیانەدا: کارزایو پیاوەکانی، سەردەستەی میلیشیاو ئوسەڵگەرا توندڕەوەکان، ئەوانەی لەلایەن عەبدوڵا عەبدوڵاوە سەرۆکایەتی دەکران، هەروەها چەند کەسانێکی مافیای ئەفغانستان پارەیەکی بێشوماریان، لەپێناو هەڵبژاردنی کاندیدە ژنو پیاوەکانی خۆیاندا خەرجکرد. دوبارە لەم هەڵبژاردنەشدا فرتو فێڵێکی زۆر دەکرێتو گومان لەوەدا هەیە، کە هیچ کاندیدکراوێکی راستینەی سەربەخۆ بتوانێت بگاتە بەدەستهێنانی هیچ پلەو پایەیەك.

ئەم راستییە تاڵە وایکرد زۆرینەی ئەفغانییەکان دەنگ نەدەن، نەبوونی ئاسایش لەچەندین هەرێمدا وادەکات دانیشتوانەکەیان نەتوانن بگەنە بنکەکانی دەنگدان. ئێستا ئەفغانییەکان بەجوانی دەبینن دیموکراسی لەوڵاتێکی داگیرکراودا بەدینایەت، کە یەکەمینو دواهەمین بڕیار لەڕێی پارەو چەکەوە بێت.

ئـەوەی لەئەفغانستان نـاوی لێنراوە دیموکراسی، جگە لەشێواندنو چەواشەکاری هیچی دی نییە. ئەم مانگە گاڵتەجاڕیی ئەم هەڵبژاردنەم بەدیکرد، لەکاتی رۆتینی ئاسایی خۆمدا، کە هاتوچۆکردنمە لەجێگەیەکی سەلامەتەوە بۆ جێگەیەکی دیکە لەکابول، بەنهێنیو بەپێی کاتو هەبوونی ئاسایش لەگەڵ زۆرێك لەلایەنگرو شوێنکەوتوانم کۆبونەوە دەکەم. لەکاتێکدا دادپەروەری لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بەدینایەت، خەڵکی دەبێت رێگە چارەی دیکەو جیاواز بدۆزنەوە بۆ سەندنی مافەکانیان.

لەڕاستیدا هەرگیز حەزی بوون بە سیاسەتمەدارم نەبووە، بەهەرحاڵ بەمجۆرە ناچار نەدەبووم لەنزیك سەردەستەی میلیشیاو مافیای مادده هۆشبەرەکانی ئەفغانستاندا دەردەســەری بچێژم. بەلای منەوە پەرلەمان سەکۆیەك بوو بۆ بەرزکردنەوەی ناڵەو هاواری گەلە چەوساوەکەم، بەڵام ئێستا شوێنێکی گەورەترو فراوانترم هەیە تا لەپێناو دیموکراتیو بەدیهێنانی دادپەروەریدا بجەنگێم، هەرگیز بۆ تەنها خولەکێکیش کۆڵنەدەم.

لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر کەس هیوایان بە گۆڕانێکی ڕاستینە هەبوو، کاتێك لە ساڵی 2008دا لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنی باراك ئۆبامادا بوون. ڕاستی هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم ئۆباما هیچ جیاوازییەکی هەبێت بەراورد بە جۆرج بۆش لەپەیوەست بە ئەفغانستانەوە.

هەندێك جار لەسەردانەکانمدا بۆ ئەمریکا راشکاوانە بیروڕاکانم سەبارەت بە ئۆباما تەنانەت دەبوونە مایەی سەرسوڕمانی ئەو کەسانەش، کە پشتگیری پەیامەکەمیان لەدژی جەنگ دەکرد. جارێك لەماڵی یەکێك لە پشتیوانەکانم، شەوان لێیدەمامەوە دەبوایە لەو جێگەیە بخەوم، کە بۆ میوان دانرابوو ئەویش راستەوخۆ لەژێر وێنەیەکی لەچوارچێوەگیراوی ئۆبامادا بوو. خاوەن ماڵ هاوڕێیەکی میهرەبانی خۆم بوو، دەیوت کەوا سەرۆك بەڕاستی کەسێکی باشە، بەڵام لەلایەن جەنەراڵەکانو سیستمی سیاسی ولایەتە یەکگرتووەکانەوە سنوری بۆ دانراوە. لەگەڵ ئەوەشدا نوستن لەژێر وێنەکە نارەحەت بوو، چونکە دڵنیابووم لەوەی ئۆباماش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بۆش نییە، ئەویش تەنها یاریزانی سیستمێکە، کە پارێزگاری لەبەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەکات. هەندێك لەپاڵپشتەکانم ناچاریانکردم لەکتێبەکەمدا زمانی زبر لەدژی ئۆباما بەکارنەهێنم و چاوەڕوانی کردارەکانی پاش گرتنەدەستی دەسەڵاتی بم.

راستییە تاڵەکە ئەوەیە، کە دەرکەوت سیاسەتەکانی ئۆباما لەجەنگدا زۆر لەوە خراپتر بوو، کە پێشبینیم کردبوو. هەڵمەتەکەی لەسەر بنەمای پەیمانی

هیواو گۆڕانکاری بەڕێوە دەبرد، بەڵام ناپاکی بەرامبەر بە هیوای ئەفغانییەکان کراو تاکە گۆڕانکاریش خراپتربوونی بارودۆخەکە بوو. لەپاش دووساڵ سەرۆکایەتی، ژمارەی هێزە داگیرکەرەکانی ولایەتە یەکگرتووەکان لەئەفغانستان دوو هێند زیادکراون، سەرەڕای پەیمانی کشاندنەوەی هێزەکان لەساڵی 2011 دا بەڵام ڕوونو ئاشکرایە کە بەم زوانە وڵاتەکەمان جێناهێڵن.

مایەی شەرمەزارییە، کە زۆربەی ڕاستییەکانی ئەفغانستان لەلایەن زۆرینەی میدیاکانی رۆژئاواوە بە بیانووی پشتگیری لە››جەنگە باشەکە‹‹ شاردراونەتەوە. ڕەنگە ئەگەر هاووڵاتییە ئەمریکییەکان زانیاری باشتریان سەبارەت بە وڵاتەکەم هەبایە، ئەوکات ئۆباما نەیدەوێرا هێزی زیاتر رەوانە بکاتو پارەی باجی وڵاتەکەی لەجەنگێکدا خەرج بکات، کە نەهامەتییەکانی گەلەکەمان زیاتر دەکاتو هەرێمەکەش بەرەو ململانێیەکی قوڵتر راپێچ دەکات.

لەوەتەی ئۆباما سەرۆکایەتی گرتۆتە دەست ئەفغانستان توشی رۆژی رەشتر هاتووە. زیادبوونی ژمارەی هێزەکان بووەتەهۆی زیادبوونی رێژەی گیان لەدەستدانی هاووڵاتیانی مەدەنی. کوشندەترین رووداوەکان لەسەراپای ئەم جەنگەدا لەماوەی سەرکردایەتی ئۆبامادا ئەنجامدراون.

بۆ نمونە لە ٥ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٩ دا زیاتر لە١٥٠ هاووڵاتی مەدەنی بوونە قوربانی بۆمبارانکردنێکی هێزەکانی ناتۆ لەقەزای بالا بالوك، دەکەوێتە پارێزگای فەرەحی شوێنی گەورەبوونمەوە. دەسەڵاتدارانی سەربازیی ئەمەریکا هەوڵی کەمکرنەوەی ژمارەی کوژاوەکانیاندا، بۆیە گوندنشینەکان دەبوایە هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان. چەند رۆژێك دوای بۆمبارانکردنەکە بۆ یارمەتیدانی هەوڵەکانیان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیم لەکابول سازدا. ژمارەیەکی کەمی راگەیاندنەکان ئامادەبوون، ئەویش لەبەرئەوەی فشارێکی زۆر لەسەر ئەو رۆژنامەوانانە هەیە، کە سەبارەت بە لێدوانەکانی من دەنوسنو راپۆرت ئامادە دەکەن. بەڕوونکردنەوەی رووداوەکان دەستمپێکرد، کە چۆن دوو هەزار

پاوەند بۆمب منداڵو ژنو پیاوی نوستوی کردە خۆڵەمێش. پاشان پیاوێکی جەرگسوتاوم بەئامادەبووان ناساند. گێرانای، گوندنشینێکی رەنگلێبڕاو بوو، زۆر ئازایانە باسی لە لەدەستدانی 20 ئەندامی خێزانەکەی کرد. ئەم پیاوە دایك، باوك، خاڵ، پور، ئامۆزا، براو خوشکەکانی بۆ هەتاهەتا لەدەستدابوو.

لەسایتی (ویکیلیکس)دا، زیاد لە 75 هەزار بەڵگەنامەی پۆلێنکراو بۆ بەرچاوی رای گشتی بڵاوکرایەوە، ئەم دۆکومێنتانە دەیانسەلماند ئەم رووداوانە لەئەفغانستاندا بەشێوەیەکی زۆرترو بەرچاوتر هەن لەوەی ناتۆ بە فەرمی دەیانخاتەڕوو. بەڵگەکانی ویکیلیکس، بە «تۆماری جەنگی ئەفغانستان» ناسراون، ئاستی چالاکی هێزە تایبەتییەکانی ئەفغانستان ئاشکرا دەکات، کە لایەنێکی باسنەکراوی جەنگەکەیە.

لەکاتی چڕبوونەوەی جەنگ لەئەفغانستانو تەشەنەکردنی بەرەو خۆرهەڵاتو بەدرێژایی سنورەکانی پاکستان، لەهێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا چەندین کەسی تر بوونەتە قوربانی، بۆیە لای گەلەکەم ئۆباماش هەروەك بۆش کەسێکی جەنگ هەڵگیرسێنەو پەیڕەوی هەمان سیاسەتی کارەساتهێنەر دەکات، بەڵام بە ویستو سوربوونێکی زیاترەوە.

ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی لەسەرانسەری ئەفغانستاندا زیاترو زیاتر خەڵکی بڕژێنە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەدژی داگیرکاری ئەمەریکا، زۆری ئەو کەسانەشی سەرەتا لەگەڵ هاتنی هێزی سەربازی دەرەکی بوون ئێستا تێگەیشتوون و دەخـوازن دوایی پێبهێنرێت، هەروەها ئەم درێژکردنەوەیەی ماوەی جەنگ لەلایەن ئۆباماوە ژیانی چەندین سەربازی خستەوەتە مەترسییەوە، رێژەیەکی زۆر قوربانیشی لەم چەند مانگەی دواییدا لێکەوتۆتەوە. لەم قەیرانی ئابورییەدا حکومەتی ئەمەریکا بەردەوامە لە بەتاڵانبردنی سەرمایەی ئەو کەسانەی باج دەدەن، ئەویش بەخەرجی دەبوایەت لەجەنگێکدا، کە جگە لەهەبوونی سود بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەمەریکا هیچ سودێکی بۆ هاووڵاتیانی ئاسایی نییە.

لەسایەی ئیدارەکەی ئۆبامادا هەوڵی جۆراوجۆر لەدانوستانەکاندا دراوە، لەپێناو هێنانە ناوەوەی تاڵیبانی بەناو چاککراودا، بۆ نێو حکومەتەکەی کارزای. ئەمەش ئەو راستییە پشتگوێ دەخات، کە هاوشێوەی تاڵیبان ئەم رژێمەش لەلایەن توندڕەوەکانو ئوسوڵگەرا تاوانکارەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. ئەم بەناو دانوستانانە تەنها بریتین لەهەوڵی تەواوکردنی بازنەی سەرکردایەتی سەردەستەی میلیشیایی لەئەفغانستاندا. تەنانەت گوڵبەدین حیکمەتیار، تیرۆرستێکی چەپەڵو بەدناوەو بە پەلاماردانی ئافرەتان بە تێزاب لەساڵانی ١٩٧٠-کاندا ناسراوە، وەرگرتنی پلەیەکی لەحکومەتەکەی کارزای پێشکەشکرا.

ئەو بەڵگەنامە نهێنییەی CIA لەساڵی ٢٠١٠-دا لەویکیلیکس بڵاوکرایەوە، راپۆرتێکی ناوخۆیی بوو، کە هۆشداری دەدا بەوەی «رەنگە دەربەست نەهاتن بەس نەبێت» بۆئەوەی بەسەلامەتی رێگە بەوڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا بدرێت رۆڵێکی چالاکیان لەهێزە داگیرکەرەکانی ناتۆی ئەفغانستاندا هەبێت. CIA لەبارەی روودانی ئەو گیروگرفتانەی لەپێشدابوون هۆشیاریدابوو.

«ئەگەر هەندێك لەو پێشبینیانەی هاتنی هاوینێکی خوێناوی لە ئەفغانستان راست دەربچن، ئەوا حەزنەکردنی مانەوەی هێزەکانی فەرەنساو ئەڵمانیا، رەنگە ببێتە هۆی بانگەوازی ئاشکرا بۆ کشانەوەی بەپەلە. شێوازی گفتوگۆکانی پێشو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، پێدەچێت بەرزبونەوەی ئاستی قوربانی لەڕۆژئاواییەکاندا یان لەهاووڵاتییە ئەفغانییەکاندا ببێتە خاڵی وەرچەرخان.

رێگەچارە چییە؟ CIA پێشنیاری ئەوەیکرد «گەواهیدانی ئەو ئافرەتە ئەفغانیانە» بەکاربهێندرێت، کە باس لەترسی دەسەڵات گرتنەدەستی تاڵیبان دەکەن، لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ناتۆ. دیسانو جارێکی تر ژنان وەك پڕوپاگەندەو بانگەشەی جەنگ بەکاربهێنرێنەوە.

بابەتەکەی رۆژنـامـەی (تایم) لەساڵی ٢٠١٠-دا، نمونەیەکی دیاری بەکارهێنانی چەرمەسەرییەکانی ژنانی ئەفغانی دەخاتەڕوو بۆ برەوپێدانی

جەنگەکە. لەڕاپۆرتەکەدا وێنەی ژنە لاوێکی شێوێندراو بەناوی (بیبی ئایشە) ، بڵاوکرابووەوە. ئەم ژنە لەلایەن مێردە بەدکارەکەیەوە، وەك دەوترا جەنگاوەرێکی تاڵیبان بوو دەموچاوی شێوێندرا بوو، لوتو گوێیەکانی بڕدرابوونەوە. سەردێڕی بابەتەکە لەتەنیشت وێنەکەی ئایشە بەمشێوەیە بوو، ‹‹چی روودەدات گەر ئێمە ئەفغانستان جێبهێڵین››. ئەوەی ئاماژەی پێنەکرابوو ئەوەبوو ئەوکارە دزێو و دڕندانەیە لەکاتێکدا رویدابوو، کە ئەفغانستان لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەکانی ئەمەریکاوە دەستی بەسەردا گیرابوو.

راستییەکەی ئەوەیە، کە ساڵ لەدوای ساڵ ئەم تاوانانە لەدژی ژنان لەزیادبووندان، ئەمەش بەشێکی هۆکارەکەی ئەوەیە سەردەستەی میلیشیاکانو ئوسوڵگەرا توندڕەوەکانی هەموو لایەنەکان، بڕوایان وایە بۆ هێرشکردنە سەر ئافرەتان حەسانەیان هەیە. چەندین رووداوی وەك لاقەکردنی بەکۆمەڵ، بەردەبوایەران، فەلاقەکردنی ئاشکرا، بەکارهێنانی تێزاب و چەندەها تاوانی دیکەی دژ بە ژنان روویان داوە و لایەنی ئەنجامدەریش بە بێ سزاو پاك بۆی دەرچوون. هەروەك  باسمکرد، ئەم تاوانانە بەردەوامییان دەبێت، چونکە ئایدیۆلۆژیای دژ بەژنان کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دادوەری ئەفغانستانی کردوە. لەدوای نزیکەی دە ساڵ، داگیرکاریی سەربازیی هیچ ئاسۆیەکی گەشی بۆ مافەکانی ژنان لە ئەفغانستان بەدی نەهێناوە.

هەروەك دەزگای دەستپێشخەری سۆلیدارێتی باشوری ئاسیا، کە بنکەکەی لە ئەمەریکایە هەڵوەستەی کرد، کە «رژێمی ئەفغانستان بە سەرکردایەتی حامید کارزای چەند یاسایەکی دژ بەژنانی دەرکردووەو هێشتۆتەوە، یەکێك لەوانە ئەو یاسایە بوو، کە ئایشەی خستە نێو زیندانەوە دوای ئەوەی لەماڵە خەزورانی هەڵهاتبوو». گەر رۆژنامەی تایم بەڕاستی خەمی بارودۆخی ژنانی ئەفغانی هەبایە، دەبوو ساڵی رابردو چیرۆکێك سەبارەت بە ژنانی ئەفغانی بڵاوبکردایەتەوە کاتێك کارزای واژۆی لەسەر بەیاساکردنی لاقەکردن، کۆت و بەندکردنی ژنانی شیعە کرد، لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە.

هەروەها رۆژنامەی تایم سودی لەناوی منیش وەرگرت، بۆبرەوپێدانی کارنامەی بەردەوامبوونی جەنگی ئەمەریکا لە ئەفغانستان. ناوی منیان لەژمارەیەکی تایبەتی رۆژنامەکەو لەلیستی کاریگەرترین ١٠٠ کەسایەتی جیهاندا تۆمار کرد. هەرچەند ئەو نوسینانە سەبارەت بە ژیانی من لەلایەن خانم (ئایان هیرسی عەلی)یەوە نوسرابووەوە، ئایان کەسێکە پشتگیری لەجەنگ دەکـات بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکان. «پێویستە جۆیا ناوبانگە خراپەکەی، زیرەکی و قسەزانی خۆی بەکاربهێنایە تا هێزەکان بهینێتە ریزی خۆیەوە، لەبری ئەوەی بۆئەوە بەکاریبهێنێت تا لەوڵاتەکەی بچنە دەرەوە». ئەم نوسینانە وەك سوکایەتی وابوو بۆ گەلی ئەفغانی لەکاتێکدا لەژێرپێی داگیرکەردا ناسۆر دەچێژن، بەڵگەی زیاتریش بوون لەسەر ویستی رۆژنامەی تایم بۆ خزمەتکردنی پێداویستی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمەریکا.

لەساڵی ٢٠٠١-دا، ئەمەریکا نەهامەتی‌و مەینەتییەکانی ژنانی ئەفغانی وەك پاساوێکی رەوشتی بەکاردەهێنا بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان، ئەویش بە پڕکردنی شاشەی تەلەفزیۆن‌و لاپەڕەکانی ئینتەرنێت‌و رۆژنامەکان بە وێنەی ئەو ژنانەی، کە تەقەیان لێدەکرا یان بە بەرچاوی گشتییەوە لێیاندەدرا. ئێستا، پاش دەساڵ جارێکی تر چەوساندنەوەی ژنان وەك کەرەستەیەکی بانگەشەکردن بۆ بەدەستهینانی پشتگیری لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنن و لە هەموو کات زیاتر دەستیان بە ناپاکیکردن بەرامبەر ژنانی ئەفغانستان پیسکردوە.

سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگەیەی دەیەی رابردو، ئەو کەسانەی هێشتا پێیانوایە مافەکانی ژنان بەتەنها لەڕێگەی جەنگەوە بەدەستدێن هیچ پێزانینیان نییە، بۆ تواناکانی گەلی ئەفغانی بۆ بڕیاردان لەچارەنوسی خۆی. مێژووەکەمانتان لەبیر بێت: مافەکانی ژنان لەماوەی سی ساڵی رابـردودا بەدەست دەستێوەردانی سەربازیی دەرەکییەوە ناڵاندوێتی، ژنان‌و پیاوانی ئەفغانی نەریتێکی دوروودرێژیان هەیە لەخەباتکردن، لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانیدا.

من هەموو رۆژێك تواناو خۆڕاگری گەلی ئەفغانیم بیردەکەوێتەوە. بیر لەو هەمو هاوڕێو ئازیزانەم دەکەمەوە، کە رۆژانە لەسەر شەقامەکانی کابولو جەلال ئاباد، دەچنە ریزی خۆپیشاندەرانەوە هەرچەندە زۆربەی کات خۆپیشاندەران لەم گردبونانەوەدا دەکوژرێن و بریندارده‌کرێن، هەروەها بیر لەو خێزانانە دەکەمەوە، کەماڵەکانی خۆیانم بۆ ئاوەڵا دەکەن، لەکاتێکدا بەم کارەیان ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

لەم دواییەدا یەکێك لەپاسەوانە لاوەکانم ئەوەی وەبیرهێنامەوە، کە چۆن ئەفغانییەکان کلیلی گۆڕانکاری کۆمەڵگەکەمانیان لەدەستدایە.

فەرامەرز، لاوێکی جوانە و تەمەنی لەسەرەتای بیستەکاندایە، شانازی دەکەم بەوەی چەند ساڵێکە لەنێو دەستەی پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆمدایە. من فەرامەرزم بە خاتونێکی لاو ناساند بەناوی سامیە، هەردوکیان بەیەکتر ئاشنابوونو بڕیاریاندا هاوسەرگیری بکەن. تاکە شتی نائاسایی لەم هاوسەرگیرییەدا ئەوەیە، کە سامیە قوربانی لاقەکردنێکی دڕندانەیە لەلایەن باندێکی بەهێز لەپارێزگای ساری پول. خێزانەکەی هەموو رێوشوێنێکی دادگایان گرتەبەر، بەڵام هەوڵەکانیان بێسود بوون و پشتگوێخران. تەنانەت باوکی سامیە بۆ ماوەیەك خرایە نێو زیندانەوە و چیدی ئەم خێزانە هەستیان بە ئارامی و ئاسایش نەدەکرد لەشوێنی نیشتەجێ بوونیاندا. ناچارکران لەپارێزگاکەی خۆیان بڕۆن و بگوێزنەوە بۆ کابول و بۆ هەتاهەتایە ماڵئاوایی لەگوندەکەیان بکەن، گەرچی بۆ چەندین نەوە لانەو ماڵی ئەم خێزانە بوو.

ئەو ژنانەی وەك سامیەن و دەبنە قوربانیی دەستدرێژی، دوجار دڕندانە ناهەقییان بەرامبەر دەکرێت: جارێك لەلایەن ئەنجامدەرانی دەستدرێژییەکەوە و جارێکیش لەلایەن گشت کۆمەڵگەوە.

قوربانیانی لاقەکراو وەك کەسانێکی لەکەدار تەماشادەکرێن، کە ناتوانرێت جارێکی دی چاك بکرێنەوە و دەبنە مایەی شەرمەزاری بۆ بنەماڵەکانیان، هەندێکجاریش لەلایەن یەکێك لەخزم و کەسە نزیکەکانیانەوە دەکوژرێن.

بەڵام فەرامەرز بەشکاندنی ئەم تابۆ دڕندانەیە هۆشیاری و ئازایەتی نواند. فەرامەرز بوو بەنموونەیەکی ئازایەتیو چاونەترسیو بەهاوسەرگیری کردنیشی لەگەڵ ژنێك، کە لەلایەن باندەوە دەستدرێژی کراوەبوەسەر ناچاربوو روبەڕووی زۆربەی کەسو هاوڕێ نزیکەکانی ببێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەوکارە تابۆیەی فەرامۆشکرد ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی هاتن بۆ ستایشکردنو ڕێزلێنان لەو بڕیارە نەبەردانەی. ئەم پیاوە لەلای من وەك پاڵەوان وایە، هیوادارم زۆر زیاتر پیاوانی ئەفغانی چاو لەم نموونەیە بکەن. ئەو منداڵانەی سامیەو فەرامەرز دەیانهێننە دنیا، جا چ کوڕ یان کچ بن، لەسایەی بەهای جوانو یەکسانیدا پەروەردە دەبن، هەروەك من دەرفەتی خوێندنیان دەبێت.

لەگەشتەکانمدا بەجیهاندا بەتایبەتی سەرسام بووم بەو سەربازە لاوانەی چاوم پێیاندەکەوت، بەدەست شەڕی حکومەتەکانیانەوە بەهەلاکەت چوبوون. لە لەندەن چاوم کەوت بە جۆو گلێنتن، چەند مانگێك خرابووە زیندانەوە لەبەرئەوەی رەتیکردبووەوە لەئەفغانستان بجەنگێت.

لەخۆپیشاندانیکی گەورەی دژ بەهێزەکانی ناتۆ لەستراسبۆرگ، چاومکەوت بە یەکێك لەبەرهەڵستیکەرانی جەنگەکانی ئەمەریکا بەناوی ماسیس چیرۆکس. ماسیس وتارێکی کاریگەری ئامادەکردو بەفرمێکسەوە داوای لێبوردنی لەگەلی ئەفغانی کرد. یەکێك لەباشترین ئەزمونەکانم لەئەمەریکا چاوپێکەوتنم بوو لەگەڵ (سەربازانی پێشوی عێراقی دژی جەنگ). تەنانەت هەندێك لەم سەربازە دژە جەنگانە منیان بردە واشنتۆنی پایتەخت، تا چاوم بە هەندێك لەئەندامانی کۆنگرێس بکەوێت. هەرچەند زۆربەی ژنانو پیاوانی کۆنگرێس بە پەیامەکەی ئێمە رازی نەبوون، بەڵام ئێمە بە یەك دوو شتی کاریگەر ئەوەمان بۆ روونکردنەوە، کە لەبەرچی پێویستە ئەم جەنگە کۆتایی پێبێت.

ئەم سەربازە لاوانە بژاردەیەکی ئاکاری و پرەنسیپیان گرتۆتەبەر و بەم کارەیان لەلایەن هاوتەمەنو کۆمەڵگاکەیانەوە رووبەڕوی فشارێکی زۆر

بوونەتەوە. سەربازەکان لەسەر ئەوە راهێنراون فەرمان وەربگرنو جێبەجێی بکەن، بۆیان نییە گومانیان هەبێتو بەرامبەر بە فەرمانی جەنەراڵو فەرماندەکانیان نارەزایی دەرببڕن.

مارك پریسنەر، سەربازی دژی جەنگ، بەم دواییانە هەستەکانی زۆرێك لەم کچو کوڕە لاوانەی لەوتارێکیدا پوخت کردەوەو وتی: «هەوڵی زۆرمدا شانازی بەخزمەتی سەربازیمەوە بکەم، بەڵام تەنها هەستم بە شەرمەزاری کرد... پێمانوترا دژی تیرۆرستان دەجەنگین، بەڵام تیرۆریستی راستەقینە من بووم و تیرۆری راستەقینەش ئەم داگیرکارییەیە... ئەوان دەتوانن تا دواهەمین سەرباز بنێرنە هەرجێیەکی ئەم سەرزەمینە، بەڵام تەنها لەشوێنێك جەنگ بەرپادەبێت، کە سەربازەکان بیانەوێت بجەنگن. چینی دەسەڵاتدار، ئەو بلیۆنێرانەی سود لەئازارو ناخۆشی مرۆڤەکان وەردەگرن، ئەوانەن تەنها قەبەکردنی سامانەکانیان بەلاوە گرنگەو تەنها مەبەستیانە دەست بەسەر ئابووری جیهاندا بگرن».

ئەوە هێزی داگیرکاری دەرەکی نییە، کە بەڕاستی دەتوانێت بارودۆخی ژنانی ئەفغانی باشتر بکات، بەڵکو کەسانی وەك فەرامەرزو ئەو سەربازە دژ بە جەنگانەن، کە دەتوانن رەوشی ژنانی ئەفغانی بەرەوپێش ببەنو جیهانێکی باشتر فەراهەمبکەن. هەرکەسێك، کە هەنگاوێك بەرەوپێش دەنێت، بۆ شکاندنی نەریتێکی ستەمکارو بەربەستەکانی نەزانی وەلا دەنێت، ئەوە بەشداری لەسەربەستی راستەقینە و نەبڕاوەماندا دەکات.

بەهۆی ئەمجۆرە هەڵوێستانەی کەسانی ئاساییەوەیە وا لەتاریکترین ساتەکانی دۆخی وڵاتەکەمدا، تروسکەی گۆڕانێکی هەتاهەتایی بەدیدەکەم.

**مەلالای جۆیا**

**تشرینی یەکەمی ٢٠١٠**

## سوپاسو پێزانین

خۆم بەخۆشحاڵ دەزانـم سوپاسو پێزانینی خۆم، ئاراستەی هاوڕێو خێزانو لایەنگرانم بکەم بۆ ئەو یارمەتییە بەنرخەیان لەبەرهەمهێنانی ئەم کتێبەدا. دێریك ئۆکفی، یەکێکە لەپاڵپشەتەکانم، هاندەرم بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بەسەرهاتەکەم. دواجار بڕیارمدا هەستم بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارە، چونکە متمانەم بە دێریك هەبوو، ببێتە هاوکاری نوسینەوەکەم، لێشی دڵنیابووم نەك تەنها بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ بەسەرهاتەکەم دەکات، بەڵکو بەهەمان چاوەوە لە وڵاتەکەمو خەڵکەکەشی دەڕوانێت. پێزانینی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەو کاژێرەی بۆ ئەم پرۆژەیەی من تەرخانی کرد.

لیژنەی بەرگریکاری مەلالای جۆیا پێکهاتبوون لەکەسانێك، کە لەدەرەوەو نـاوەوەی ئەفغانستان خۆبەخشانە خۆیان تەرخانکردبوو، بە لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان، یارمەتی بێوێنەیان پێشکەشکرد.

ئەم کتێبە بەرهەمنەدەهات بە بێ هەوڵەکانی ‹‹مەیبڵ ئیلمۆر، حەکیم رەهین و نەدا رەهین، گینا ویتفیلد، سۆنالی کۆلهەتکار، جەیمس ئینگاڵس و کاسرین ئۆکفی››، ئەوان لەخۆبوردانە کات، تواناو بەهرەکانی خۆیان بۆ هاوکاریم تەرخانکرد.

هەروەها سوپاسی تایبەتیم بۆ ماریان ڤۆڵیرس هەیە بۆ پێداچونەوەی بێخەوشی لەپێش وادەی خۆیدا، هەروەها سوپاسی هیلاری مەکماهۆنو ناتاشا دانیمان دەکەم، بۆ خستنەڕووی ئەم کتێبە بۆ بەرچاوی خوێنەرێکی زۆر لەچەند وڵاتێکدا.

**کۆتایی**

**هەر دڵۆپ دڵۆپی ئاوە،**

**رووبار دروست دەکات**

ماوەیەك لەوەوبەر لەگەڵ هاوڕێیەکمدا بەئۆتۆمبێل بەناو کابوڵدا دەگەڕاین، حەزمانکرد بۆ خواردنی ئایس کرێم لابدەین. لەو دەمەوەی وەك ئاوارە لە ئێران دەژیاین، هەمیشە خواردنی ئایس کرێم خۆشترین ساردەمەنی بوو بەلامەوە، باوکیشم هەردەم کەمێك پارەی بۆ دەخستمە لاوە تا شتی خۆشی پێبکڕم.

بەبێ پاسەوانەکانم چوبوومە دەرەوەو وەك هەمیشەش بورکام لەبەردابوو بۆئەوەی لەوکاتەی لەدەرەوە بوومو بەرچاوبووم نەناسرێمەوە. کاتێك داوای ئایس کرێمەکەم کردو دانیشتین پێموابوو، هیچ کێشەیەکی تێدا نییە بۆ چەند خولەکێك سەرپۆشەکەم لادەمو چێژ لەئایس کرێمەکە وەربگرم.

یەکێك لەکڕیارەکان وتی، «تۆ مەلالای جۆیایت، وایە؟»

بەشێوەیەکی ئاسایی کاتێك خەڵکی سەلامم لێدەکەنو سۆزو پشتیوانی خۆیانم بۆ دەردەبـڕن، گوڕوتینم پێدەبەخشێت، بەڵام رەنگە زۆر جێگەی مەترسیش بێت، هەرگیز نازانیت کێ هەواڵت لێدەدات، لەبەرئەوە دەبوایەیە منو هاوڕێکەم بەپەلە ئایس کرێمەکەمان بخواردایەو ئەو شوێنەمان بەجێبهێشتایە. ئەوە بووەتە راستییەکی ژیانم، چیتر ناتوانم بەئاشکرا بچمە دەرەوە تا ساتەوەختێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێیەکمدا بەسەرببەم.

چەند راستیەکی تاڵی دیکەش هەن لەگەڵیان هەڵبکەم، وەك نەبینینی هاوسەرەکەمو خێزانەکەم بۆ ماوەیەکی دورودرێژ. بەداخەوە، لەم ساڵانەی دواییدا سەردانکردنی پارێزگای فەرەحی زێدی خۆم زۆر زەحـەت بووە، لەبەرئەوە زۆر بەدەگمەن توانیومە سەردانی ئەو کەسانە بکەم، کە لەپێناوی وڵاتە ستەمدیدەکەمدا هەڵیانبژاردم، هیواو ئومێدەکانیان بەمن سپارد، متمانەی خۆیان دایە دەست من. بـەردەوام دەبم لە هەوڵو تێکۆشانەکانم لەپێناو گەڕانەوە بۆ پەرلەمان تا لەبری ئەوان پەردەی رووی ناپاکەکان هەڵبماڵم. تا ئەم ساتەش هەڕەشەی کوشتنم لێدەکرێتو لایەنگرەکانم چەندین پلانی دیکەی لەناوبردنی منیان ئاشکراو پوچکردوەتەوە.

بەڵام من هەرگیز لەو وتەو لێدوانانەم پاشگەزنابمەوە، کە تێیاندا سەرزەنشتی ئەو ژنو پیاوە گەندەڵو توندوتیژانەم کردوە، ئەوان دەسەڵاتی خۆیان قۆستوەتەوەو بەخراپ بەکاری دەهێنن بۆ هێشتنەوەی ئەفغانستان لەژێر رکێفی خۆیاندا. لەڕاستیدا خۆم بەسەربەرز دەزانم، کە لەلایەن ئەو پیاوە دڕندانەوە سوکایەتیو هەڕەشەم لێکراوە، ئەوان وڵاتەکەمانیان بەو دەردەسەرییە بردوە. هەست بەشانازی دەکەم، کە سەرەڕای ئەوەی نە سوپای تایبەتو نە پارەو نە دەسەڵاتی جیهانیم لەپشتەوە نییە، کەچی ئەم زۆردارە دڕندانە ترسیان لێم هەیەو پلانی لەناوبردنم دادەنێن. لەڕاستیدا ئەوە من نیم ئەم پیاوانە ترسیان لێی هەیە بەڵکو ترسیان لە رقو کینەی گەلەکەمان هەیە، چوون دەزانن چ تاوانێکیان ئەنجامداوە. دەزانن، کە ناتوانن بۆ هەتا هەتایە لەدەست یاسا خۆیان بدزنەوە لەلایەك، گەلی ئەفغانیش تۆمەتەکانیانی بەسەردا ساغ نەکردونەتەوە هێشتا لەلایەکی تر.

هەموو رۆژێك بڕوای زیاترم بۆ دروست دەبێت، کە لە لۆیا جێرگای ساڵی 2003دا بەدەر لەو قسانەی کردمن هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو. کاتێك وەك چالاکوانێك ژیانم دەستپێکرد خولیایەکی سادە پاڵنەرم بوو بۆ خزمەتکردنی ئەو خەڵکە هەژارو ستەمدیدەیەی لەکامپی ئاوارەکانی پاکستان لەگەڵیاندا گەورەبووم، هەروەها پێشکەشکردنی دیاری خوێندن بە کچو ژنە ئەفغانییەکانی تریش خەونو خولیام بوو. هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات، کە دەبمە سیاسەتمەدار، بەهیچ شێوەیەکیش بیرم لەوە نەکردبوەوە، رۆژێك دێت سەرانسەری جیهان بگەڕێم بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەم. ئەو خەڵاتو رێزلێنانەی پێمبەخشراون هەستێکی لێپرسراوێتی زیاتریان بە ئەستۆ ناوم بۆ قسەکردن دەربارەی نەهامەتیو چەرمەسەرییەکانی گەلی ئەفغانی.

لەسەرو هەمووشیانەوە هیواخوازم بەسەرهاتی ژیانم گرنگیو بایەخی خوێندن نیشانبدات، بەتایبەتیش بۆ کچان. لەنێو بیرەوەرییە هەرە خۆشەکانمدا

ئەو ساتانە هەن، کە توانیبێتم دایكو باوکە ئەفغانییەکان رازی بکەم رێگە بە کچەکانیان بدەن بچنە قوتابخانە. جار هەبوو منداڵان دەهاتنەلام و داوای یارمەتیان لێدەکردم، منیش لای خۆمەوە دایك و باوکیانم رازیدەکرد تا رێگەیان بدەن بخوێنن و فێربن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەکی ئێجگار زۆری کچان ناتوانن بچنە خوێندن، جا بەهۆی هەڵوێستی خێزانەکانیان، ناسەلامەتیو بارودۆخی ئابورییان بێت، یاخود لەبەر نەبوونی بینای قوتابخانەو مامۆستا بێت.

پێویستە ئەوە روونبکەمەوە، کە تەنها چارەنوسو مێژوو ناوی منیان بەخەڵك ئاشناکردوە. لەنێو گەلەکەماندا هەزارەها مەلالای بوونی هەیە، دەشیا لەبری من ئەوان بوونایە. هەروەها ئەوەش دەزانم، کە لەجیهاندا کچانو ژنانی وەها هەن، کە خوازیانو لەتواناشیاندایە بەرگری لەمافەکانیان بکەن، بەلاشیانەوە گرنگ نییە توشی چ ئاستەنگ و گیروگرفتێك دەبنەوە.

ئەو سەدەها ژنە ئەفغانیانەی ئاگر لەجەستەی خۆیان بەردەدەن، تەنها خۆیان ناکوژن، بۆئەوەی لە کوێرەوەریەکانیان رزگاریان بێت، بەڵکو هاواری دادپەروەری دەکەن. کەیسە جەرگبڕەکانی خۆسوتاندن بۆ بەرگریکردن لەخۆو بێهیوابوونیانە، ئەم ژنانەش تەنها قوربانی نین، بەڵکو هێمای بەرخودانن، ئەوان یەکەم قۆناغی نارەزاییە گەورەکانی دژی نادادپەروەری و نایەکسانین. دەبێت چ رۆژگارێکی خۆش بێت کاتێك ئەم کچانە بخرێنە بەر خوێندنو دەرفەتی هۆشیاری سیاسیان بۆ فەراهەمبکرێت. تەنها ئەوکاتە دەتوانن کینو تورەییان بەخۆیان نەرژن و لەهۆکاری سەرەکی دەردەسەریەکانیان بکۆڵنەوە.

هەموو رۆژێك کەسانی دیموکراتخوازی ناو ئەفغانستان، سەرکەشی گەورە بەژیانیانەوە دەکەن. نزیکەی هەموو رۆژێك گردبوونەوەی نارەزایی هاووڵاتیان لەبەشە جیاوازەکانی ئەفغانستاندا سەرهەڵدەدات، بۆیە لەبەرامبەر کوشتنی هاووڵاتیان بێت لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاو ناتۆوە یان لەدژی گەندەڵیو

تاوانەکانی سەردەستەی میلیشیاو تاڵیبان بێت. ئەم ژن‌و پیاوانە گوڕوتینی ئەوەم پێدەبەخشن بەبێ ترس‌و دڵەڕاوکێ بەردەوام بم لە قسەکردن.

ئەمڕۆ ئێمەی ئەفغانی لەنێوان دوو دوژمندا گیرمانخواردوە: تاڵیبان لەلایەك، هێزەکانی ئەمریکا، ناتۆ و سەردەستەی میلیشیا بەکرێگیراوەکانیان لەلایەکەی تر. ئێمە لەو نێوانەدا تەنگەتاوکراوین‌و بەخوێن‌و گریە باجەکەی دەدەین، بەڵام بارودۆخەکە جێگەی بێهیوابوون  نییە. بڕوام بەهێزی گەل هەیەو دەزانم ملیۆنەها ژن‌و پیاو وەستاون‌و چاوەڕێ دەکەن، بەپەرۆشن رۆڵی خۆیان لەمێژودا بگێڕن. ئەفغانییەکان بەرامبەر ئەو گەندەڵی‌و توندوتیژیانەی تەوقی داون، ئارامیان لێبڕاوە و لەسەروبەندی راپەڕیندان، تا جارێکی دی هێز، دەسەڵاتیان نیشاندەن، توێنیتیان بۆ ئازادی و یەکسانی بخەنەڕوو.

لەگەڵ ئەوەی هیواکانی دواڕۆژی ئەفغانستان لەمڕۆدا جێگەی دڵخۆشی نین، بەڵام وتەکانی (مارتن لۆسەر کینگ) هیوام پێدەبەخشن، ئەو وتویەتی هیچ ستەم‌و نایەکسانییەك ناتوانێت بۆ هەتا هەتایە بەردەوام بێت: «بڕوام وایە لەکۆتاییدا راستی بێ پێچ و پەناو خۆشەویستی بێمەرج بەڕاستی بەدی دێن. لەبەرئەوەیە کرداری راست‌و دروست گەرچی لەئێستادا لەژێرەوەیە، لەزاڵبوونی بەدو خراپ بەهێزترە».

داگیرکارییە تاوانکارو زۆردارانەکەی ئەفغانستان و رژێمە کارتۆنییەکەی تاسەر ناخایەنێت. قۆرخکردن‌و بەلاڕێدا بردن‌و ناسەقامگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن زلهێزەکان‌و وڵاتە دراوسێکانەوە تاسەر درێژەی نابێت. زەوتکردنی وڵاتەکەمان لەلایەن سەردەستەی میلیشیاو تاڵیبان‌و لۆبیکارە بەناو رۆشبیرەکانیانەوە تاسەر ئیدامەی نابێت. حەسانەی تاوانکارانی جەنگ، جا لەپەرلەمان بن یاخود لەکێڵگەکانی تەکساس، تاسەر درێژە ناکێشێت. ژێردەستەیی ژنان وەك هاووڵاتی پلەدو، تاسەر ناخایەنێت. لاقەکردن، رفاندن، کوشتن‌و مامەڵەی خراپ بەرامبەر کچان‌و ژنان تاسەر نابێت. گەندەڵی، دزی‌و فزی، بازرگانی کردن بەمادده

هۆشبەرەکانو هەڵپەرستی حکومەتو ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە، هەموو ئەوانەی ڕێگری لەخزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانی وەك چاودێری تەندروستیو خوێندن دەکەن تاسەر ناخایەنێت. ترساندنو چاوسورکردنەوە لەڕۆژنامەنوسە ڕاستگۆکانو کپکردنی دەنگە ناڕازییەکان لەڕێی توندوتیژیو تۆقاندنەوە تاسەر نابێت. سەرکوتکردنی کەسو پارتە پێشکەوتوخوازو دیموکراتخوازەکان لە ئەفغانستان نابێتو ناکرێت تاسەر بخایەنێت.

بەیارمەتی کەسانی ئاشتیخواز لەجیهاندا، دەزانم ژنانو پیاوانی ئەفغانی ئامادەن ڕۆڵی خۆیان بنوێنن بۆ ڕاگرتنی ئەم سوڕی نەهامەتیەو بنیاتنانی دواڕۆژێکی باشتر. «جەنگی دژە تیرۆر» داویەتی لەدڵی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوجەرگەی ئاسیا و ڕۆژئـاوا. تەنها بزوتنەوەیەکی گـەورە و یەکگرتوی گەل دەتوانێت دوایی بەم سیاسەتە هیچ و پوچە بهێنێت. هیوادارم بە تایبەتی سەرۆك ئۆباما تێبگەیەنرێت، کە سەربازی زیاتر و بۆردومانی زیاتر و بەرفراوانکردنی جەنگەکە، چارەسەری هیچ شتێك ناکات. خۆزلکردن دروستنییە و جەنگیش ئاشتی ناهێنێتەکایەوە، ئێمە لە ئەفغانستان باش لەم بابەتە تێگەیشتوین.

خەباتکردنمان بۆ سەربەخۆیی چەند سەدەیەکە بـەردەوامـە، هەر بەردەوامیش دەبێت، لەبەرئەوەی تێکۆشانێکی ڕەواو شکۆمەندانەیە. وەك گەلی ئەفغانی پێویستە تێبکۆشین بۆ کەمکردنەوەی دابەشبوونی تایەفەگەریو پارێزگاریکردن لەیەکێتی نیشتمانی بە بەرچاوی دوژمنە هاوبەشەکانمانەوە. مێژوومان ئەوەمان فێردەکات، کە ئەگەر ناپاکی لەگەڵ گەلەکەمان بکەیت و هەوڵبدەیت بەزەبری هێزی چەکداریی وڵاتەکەمان داگیربکەیت ئەوا ڕووبــەڕوی بەرگری دەبیتەوەو شکست دەهێنیت. ئـەم وانەیە درایـە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، یەکێتی سۆڤیەتو ئەمڕۆش بەداخەوە وڵاتەکانی سەر بە ناتۆ بەقورسی ئەو وانەیە وەردەگرن.

خەباتێکی دورودرێــژ دەبێت. رووبار لەدڵۆپ دڵۆپی ئاوەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر بتوانین بۆ دادپەروەری‌و دیموکراسی یەکگرتووبین ئەوا گەلەکەمان وەك لافاوێك هەڵدەستێت و کەس ناتوانێت بەری پێبگرێت.

من گەنجم و ژیانم بەرزدەنرخێنم، نامەوێت بکوژرێم. لەمەرگ ناترسم، بەڵام لەوە دەترسم لەبەرامبەر نادادپەروەریدا بێدەنگبم. لەوە دەترسم چارەنوسی گەلەکەم بەلاوە گرنگ نەبێت، بێباکی رێچکەیەکە زۆرێك لەڕۆشنبیرە ئەفغانییەکان لەسەری دەڕۆن. پێشتر هەندێك کەس لەبەرژەوەندییەکانی گەل قسەیان دەکرد، بەڵام دەستیان لەو بیروباوەڕەیان هەڵگرتووە، لەبەرامبەر پارەو پۆستی باڵای حکومەتەکەی کارزایدا بێدەنگیان هەڵبژاردووە. من رێگە بەرزو پیرۆزەکانی ساروار جۆیا، عەبدول ڕەحمان مەحمودی، غەڵام نەبی خان چارخی، مینا، عەبدول خالق، ناهید ساهید، عەبدولڕەحمان لودین، موحەمەد والی خان داروازی‌و سەدەها کەسی وەك ئەم پاڵەوانانەی مێژووی وڵاتەکەم گرتوەتەبەر، ئەم مرۆڤانە تا دواهەناسە لەپای گەلەکەیاندابوون‌و مەرگیان لەبێدەنگبوون پێ پەسەندتر بوو.

بەو کەسانە دەڵێم، کە دەنگم بنەبڕدەکەن: هەرکات و لەهەرشوێنێك لێمبدەن من ئامادەم.

دەتوانن بمکوژن، بەڵام هەرگیز ناتوانن گیانم بکوژن.

وەك زۆرجار وتومە چەندین کەسی دیکە هەن، رێگەکەم درێژە پێبدەن. ئەفغانییەکان زۆر لەو مشتە سەردەستەی میلیشیاو تاڵیبان‌و سەرگەورانی ماددەی هۆشبەرو نۆکەرانە زیاترن. وڵاتێکم هەیە پڕیەتی لەو کەسانەی ئەوەی من دەیزانم ئەوانیش دەیزانن‌و بڕوایان بەوە هەیە، کە من بڕوام پێیەتی: ئێمەی ئەفغانی دەتوانین بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی خۆمان بەڕێوەبەرین، دەکرێت لێرەش دیموکراسی بەدیبهێنرێت، بەڵام هەرگیز ناکرێت بەزەبری چەك بسەپێنرێت، خوێنی ئەو ملیۆنەها شەهیدە ئازادیخوازە لەدەمارەکانماندا دێن‌و

دەچن، یادەوەرییەکانیان لەهەموو کوچەو کۆڵانی وڵاتەکەماندا بەزیندویی دەمێنێتەوە، ژنانی ئەفغانی لەتەواوی مێژووی پڕ سەروەری وڵاتەکەماندا لەبەرەی پێشەوەی خەباتکردندا بــوون. ئەوانیش هاوشێوەی مەلالای مایوەند ورەمان پێدەبەخشن ئاڵاکەمان بگرینەدەستو بەردەوام بین لەسەر خەباتکردن بۆ دادپەروەریو ئازادی. ئەوە مەیدانی جەنگێکە هەرگیز خۆمانی تێدا بەدەستەوە نادەین.

دوژمنەکانمان دەتوانن گوڵەکان بقرتێنن، بەڵام هیچ هێزێك ناتوانێت رێگە لەهاتنی بەهار بگرێت.

زۆر خەونو هیوام بۆ وڵاتەکەمو ژیانم هەیە. دەمەوێت کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوسەرەکەم، هاوڕێ ئازیزەکانم، دایك، باوك، خوشك، برا، خاڵ، پور، خوشکەزا و برازاکانم بەسەربەرم. دەمەوێت ئامادەی ئاهەنگی هاوسەرگیرییان بم، منداڵەکانیان لەباوەش بگرم، کە چوونە تەمەنیشەوە ئەوەی لەدەستم دێت بۆیان بکەم. دەمەوێت بۆ هەتا هەتایە لەپای گەلەکەمدابم. دەمەوێت بژیم تا بە سەربەستیو بەهێزی بیانبینم.

بەڵام ئەگەر من مردمو ئێوەش لەسەر کارەکەی من بەردەوام بوون، ئەوا لەسەر گۆڕەکەم پێشوازیتان لێدەکەم. هەندێك ئاو بکەنە سەر گۆڕەکەم و سێ جار بانگم لێبکەن، دەمەوێت دەنگتان ببیستم.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دووروودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 |ناملیکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |